هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 104

ساڵی/ 2015 بەرگی سەدو چوار

---

چاپی یەکەم/ ساڵی 2019

له بڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی(2015)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

بەرگی: 104

چاپی یەکەم: 2019

تیراژ: 250

نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن

ئینصات کردن: سروە هادی، شەرمین‌خضر، نەورۆز شێرزاد، دلێر اکرم، شوان محمد، نەهلە اسعد.

کۆڤان خسرو، مروان ابراهیم، اسکندر غریب، نشوان سلیمان، نداء جبرائیل، تارا رشاد

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:

# پێڕست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7) ی خولی چوارەمی هەڵبژاردن  چوار شەممە 2015/4/7 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی چوارەمی هەڵبژاردن  چوار شەممە 2015/4/13 ل73

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9) ی خولی چوارەمی هەڵبژاردن  چوار شەممە 2015/4/21 ل`211

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی چوارەمی هەڵبژاردن  چوار شەممە 2015/4/29 ل 315

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (11) خولی چوارەمی هەڵبژاردن  چوار شەممە 2015/4/25 ل 357

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)ی**

**چوارشەممە ڕێکەوتی 7/4/2015**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)

## چوارشەممە ڕێکەوتی 2015/4/7

کا تژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2015/4/7 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی چوارەمی, ساڵی (2015) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (7)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2015/4/7 دا بەم شێوەیە بێت:

1 گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111) ی ساڵی (1969) ی هەموار کراو بەپێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

2- خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پرۆژە بڕیارانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو:

1 پرۆژە بڕیاری ناونانی شاری ڕانیە بە پایتەختی ئازادی.

2- پرۆژە بڕیاری بەپارێزگا کردنی ئیدارەی گەرمیان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەست پێ ئەکەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (7)، ڕۆژی دانیشتن (2015/4/7)، بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی بڕگە یەکی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، ژمارە (1) ی ساڵی ( 1992 ) ی هەموار کراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (7) ی خولی بەهارە لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (11) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە، ڕێکەوتی (2015/4/7) بەرنامەی کاری دانیشتن بەم شێوەیە بێت:

1 گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111) ی ساڵی (1969) ی هەموار کراو بەپێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

2- خوێند نەوەی یە کەم بۆ ئەو پرۆژە بڕیارا نەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو:

1 پرۆژە بڕیاری ناونانی شاری ڕانیە بە پایتەختی ئازادی.

2- پرۆژە بڕیاری بەپارێزگا کردنی ئیدارەی گەرمیان.

سەرەتا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەین کە پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنێـتەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر- سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، پوخ تەی دانیـ شتنی ژ مارە (6) ی کۆبوو نەوەی ئا سایی پەر لەمان لە بەرواری (2015/4/1) بەو شێوەیە بوو:

1 دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

2- خوێند نەوەی پوخ تەی دانـ شتنی پێـ شوو، و خوێند نەوەی ناوی ئە ندامانی پەر لەمانی ئا مادە نەبوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

3- پەسند کردنی گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای سەندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان.

4- دەنگدان لەسەر متمانەدان و سوێند خواردنی بەڕێز (غازی سعید سلیمان) بۆ پۆ ستی وەز یری هەرێم لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە.

5- ئاڵوگۆڕ کردنی خاڵی چوارەمی بەرنامەی کار بۆ خاڵی سێیەم و بە پێچەوانەوە.

6- خوێندنەوەی یەکەم بۆ دوو پرۆژە بڕیار لەلایەن لیژنەی یاساییەوە.

7- پەسند کردنی دانان و ئاڵوگۆڕ کردنی هەندێ لە ئەندامانی لیژنە هەمیشییەکانی پەرلەمانی کوردستان.

8- خوێندنەوەی بیرۆکەیەك لەلایەن پەرلەمانتار سالار مەحمود سەبارەت بە ئەنجومەنی مافەکانی مرۆ ڤی نێودەوڵەتی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، داوا لە بەڕێزتان ئەکەین ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان و دانیشتنی لیژنەکانی پەرلەمان بخوێنەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر- سکرتێری پەرلەمان:**

ناوی ئامادە نەبوانی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (6) ی ئاسایی لە بەرواری (2015/4/1) مۆڵەت دراون بوون یان بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بەم شێوەیەیە:

1 ئاری محمد-مۆڵەت.

2- ئاواز حمید-مۆڵەت

3- ئێڤار ابراهیم-مۆڵەت

4- جمال عثمان-مۆڵەت

5- حسن صالح-مۆڵەت

6- خلف احمد-مۆڵەت

7- دلێر مصطفى-مۆڵەت

8- زانا عبدالرحمن-مۆڵەت

9- زۆزان صادق-مۆڵەت

10- سهراب ميكائل-مۆڵەت

11- شامۆ شێخۆ-مۆڵەت

12- صالح بەشار-مۆڵەت

13- ڤيان عباس-مۆڵەت

14- عبدالله جاسم-مۆڵەت

15- على هالۆ-مۆڵەت

16- عمر عينايەت- مۆڵەت

17- فرهاد حەمە صالح-مۆڵەت

18- فرحان جوهر- مۆڵەت

19- لينا عزريا-مۆڵەت

20- محمد صادق- مۆڵەت

21- محمود عمر- مۆڵەت

22- مدينه ايوب- مۆڵەت

23- وحيده ياقۆ- مۆڵەت

24- يراونت نيسان- مۆڵەت

25- يعقوب گورگيس- مۆڵەت

26- كمال يەڵدا- مۆڵەت

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ڕاپۆرتی بەدواداچوونی كۆبوونەوەی هەفتانەی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمانی كوردستان لە (3/31) تا (2015/4/7) بەم شێوەیە بوو:

1 لیژنەی دەستپاكی (3/31) كۆبوونەوەی ئاسایی خۆی كردووە،

1 خلف احمد-ئامادە نەبووە.

2- ادريس على- مۆڵەت بووە

3- گۆران ئازاد- مۆڵەت بووە

2- لیژنەی دارایی و كاروباری وەبەرهێنان (3/31) كۆبوونەوەی خۆی ئەنجام داوە

1 هێڤا حاجی-ئامادە نەبووە

2- مدینە ایوب- ئامادە نەبووە

3- شرین حسنی- ئامادە نەبووە

4- دڵشاد شعبان- ئامادە نەبووە

5- یروانت نیسان- ئامادە نەبووە

3- لیژنەی کاروباری شەهیدان و ئەنفال و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی (4/1) دانیشتنی ئاسایی بە ئەنجام گەیاندووە

1 محمد صادق-مۆڵەت بووە

2- باپیر کامەلا- مۆڵەت بووە

3- یعقوب گورگیس- مۆڵەت بووە

4- لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی (4/6) کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی کردووە.

1 محمد علی- ئامادە نەبووە

2- وحیدە یاقۆ- مۆڵەت بووە

3- محمود عمر- ئامادە نەبووە

4- سەردار عبدالله- ئامادە نەبووە

4- لیژنەی دارایی و کاروباری وەبەرهێنان (4/6)

1 مدینە ایوب ئامادە نەبووە

2- دڵشاد شعبان ئامادە نەبووە

3- یراونت نیسان- ئامادە نەبووە

5- لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینەگە (4/6) کۆبوونەوەی کردووە.

1 دکتۆر سلیم- مۆڵەت بووە

2- ئاواز حمید- مۆڵەت بووە

6- لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزاری ژینگەیی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار (4/6) کۆبوونەوەی کردووە، سەرجەم ئەندامانی ئامادە بوون

7- لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان (4/6) کۆبوونەوەی کردووە

صالح بەشار- مۆڵەت بووە

2- یروانت نیسان-مۆڵەت بووە

3- بەیار طاهر- مۆڵەت بووە

8- لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان (4/6) کۆبوونەوەی کردووە

1 قادر ئۆتمان- مۆڵەت بووە

2- عبدالله حاجی- مۆڵەت

3- ابو بكر هەڵەدنی- مۆڵەت بووە

4- ئاواز حمید- مۆڵەت بووە

بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو كاك باپیر نوقتەی نیزامییە؟

بەرێز باپیر كامەلا:

بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.

من مۆڵەت نەبووم، ئامادە بووم، دوایی كۆبوونەوەكەشمان هێنایە ژووری من تەواومان كرد، من نازانم بۆ مۆڵەت بووم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لە لایەن لیژنەوە ڕاپۆرت بەرز كراوەتەوە، فەرموو كاك عومەر.

**بەرێز عمر عینایەت:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزاری شارەوانی (3/29) كۆبوونەوەمان كرد، بەرێز سكرتێری ئەنجومەنی وەزیران و جێگری وەزیری شارەوانیشمان بانگهێشت كردبوو، بەلاَم نە لە ئیعلام باس كرا، نە لێرەش خوێندرایەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لەوە ئە چێ ڕا پۆرتی لیژنە كەتان نەگەیـ شتبێتە لای بەرێز سكرتێری پەر لەمان، بۆ یە نەخوێندرایەوە، بەرێزان ئێستا دەست ئەكەین بە بڕگەی یەكەم لە بەرنا مەی كاری دانیـشتنی ئەمڕۆ كە بریتییە لە (گفتوگۆ كردنی پرۆژەی هەمواری یاسای سزادانی عێرا قی ژ مارە (111) ی ساڵی (1969) ی هەموار كراو بەپێی ماددە كانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەر لەمانی كورد ستان ژ مارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو)، داوا لە لیژ نە پەیوەند یدارەكان ئە كەین كە سەرۆك و جێگری سەرۆكی لیژنەكان بێنە ئێرە بۆ ئەوەی دەست بكەین بە بڕگەی یەكەم لە بەرنا مەی كار كە بریتین لە لیژ نەكانی یاسایی، لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەت، لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی، و لیژنەی ئەوقاف و كاروباری ئاینی، فەرموون بەرێزان دەقی پرۆژە یا ساكان بخوێـنەوە كە لە لا یەن ئە ندامانی پەرلەما نەوە پێـشكەش كراوە، دوایی دەقی ڕاپۆرتی هاوبەش بخوێنەوە، بۆ ئەوەی ماددە بە ماددە بیخەیـنە گفتو گۆی ئە ندامانی پەرلەمانەوە.

**بەرێز د.بەهار محمود:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای یەكەم بۆ هەموار كردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111) ساڵی (1969)

**ماددەی یەکەم:**

**1 هەڵگرتنی ئەو ماددەیە پێویستە تەنیا لە ڕێگەی یاسای باری کەسیەتی و دادگای باری کەسیەتی ئەم بڕگەیە جێ بەجێ بکرێ.**

**ماددەی (408)**

**2- سزاکە ئاستی نزمی بۆ دابنرێ بەم شێوەیە:**

**(لا تقل عن 3 سنوات ولا تزید علی سبع سنوات من) لەبەر ئەوەی ئەو ماددەی زۆر بەی قوربانیەکان ژنن، بە تایبەتی ئەو کەسانەی خۆیان ئەسووتێنن بەهۆی ئیهانەوە، بۆیە پێویستە ئاستی نزمی سزاکە دیاری بکرێ.**

**3- ماددەی (409):**

**ئەم ماددەیە هەڵبگیرێ، لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە ئەبێتە هۆی زیاد بوونی کوشتنی ژنان بە ناوی شەرەف پارێزییەوە، بۆیە ئەتوانین ماددەکان کوشتنی بە ئەنقەست یان کوشتنی بە هەڵە جێگەی ئەو ماددەیە بگرێتەوە.**

**ماددەی (413):**

**بڕی غەرامە زیاد بکرێ بەم شێوەیە:**

**لە 500 هەزار دینار کەمتر نەبێ، و لە 3000000 سێ ملیۆن دینار زیاتر نەبێ، لەبەر ئەوەی زۆر بەی زۆری لێدانەکان بەرامبەر ژن ئەکرێ، هەر ژن لە یاسای بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی خێزانی سزای داناوە، بەڵام ئەو کەسانە ئەگرێتەوە کە لە چوارچێوەی خێزندان و لە پلەی چواردان.**

**5- ماددەی (414):**

**بڕگەیەك زیاد بکرێ بەم شێوەیە:**

**اذا نشا اعتداء اذا او مرض الی عجز، عجز مجنی علیه بصورة دائمیة تکون عقوبته السجن.**

**هۆکاری دەرچوونی ئەم یاسایە:**

**بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئارام و دوور لە توندوتیژی و جیاکاری ڕەگەزی و کەمکردنەوەی کوشتنی ژنان.**

**پرۆژە یاسای دووەم:**

**سەبارەت بە هەموار کردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111) ساڵی (1969) ی هەموار کراو:**

**ماددەی (379):**

**بڕگەی یەکی ئەو یاسایە هەموار ئەکرێت بە زیاد کردنی سێ بڕگە:**

**أ سکاڵا لەمەڕ زینا بەسەر دەچێ و مافی شارستانی نامێنێ بە مردنی هاوسەری سکاڵاکار بە مەرجێ مردنی هاوسەری سکاڵاکار لەلایەن (زوج زانی) و (عشیقه) کەیەوە نەبووبێ.**

ب دەست هەلگرتنی مێرد لە دادگایی کردنی پیاوە زیانکارەکە بە هەمان شێوە بە دەسەت هەلگرتن لە دادگایی کردنی ژنەکەی ئەژمێردرێ، تا هەمان حوکم جێ بەجێ ئەکرێ، ئەگەر ئافرەت تەنازولی کرد لە دادگایی کردنی پیاوە زیناکارەکەی.

ماددەی دووەم: ماددەی (409) ئەو یاسایە هەموار ئەکرێ بە زیاد کردنی یەك برگە بە هەمان شێوازی پیاو دەرهەق بە ئافرەت حوکم بە بارودۆخی توندکاری سزا ناکرێ ئەگەر کەسی لە ناکاو ئافرەت بوو.

ماددەی سێیەم:

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەی چوارەم:

کار بەهیچ دەق و یاسایەکی تر ناکرێ پێچەوانە بێت لەگەڵ برگەکانی ئەو یاسایە.

ماددەی پێنجەم:

ئەو یاسایە لە رۆژی بلاّو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقائعی کوردستان ئەچێتە بواری جێ بەجێ کردن.

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، راپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە هەردوو پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111) ی هەموار کراوی ساڵی (1969) .

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی و لیژنەی کاروباری کۆمەلاّیەتی و مندال و خێزان و لیژنەی داکۆکی کردن لەمافی ژنان رۆژی سێ شەممە و چوار شەممە (5 و 6) ی رەشەمێی کوردی بەرامبەر بە (2015/2/24) و (2015/2/25) ی زاینی کۆبوونەوەی ئەنجامدا بۆ تاوتوێ کردنی هەردوو پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111) ی هەموار کراوی ساڵی (1969) کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە (7) لە رۆژی چوار شەممە بەرواری (2014/10/22) رەوانەی لیژنەکان کراوە، دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردنی هەردوو پرۆژەکە لیژنەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

ناونیشانی پرۆژەکان بەو شێوەیە ئەبێت:

**هەموار کردنی جێ بەجێ کردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموار کراو**

**ماددەی (1):**

برگەی (2) لە ماددەی (377) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموار کراو وەك خۆی دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی کە لە یاسای ناوبراودا هاتووە.

**ماددەی (2):**

ماددەی (408) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموار کراو وەك خۆی دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی کە لە یاسای ناوبراودا هاتووە.

**ماددەی (3):**

ماددەی (409) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموار کراو لە کار ئەخرێت.

**ماددەی (4):**

ماددەی (413) لە یا سای سزادانی عێرا قی ژ مارە (111)ی ساڵی (1969)ی هەموار کراو وەك خۆی دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی کە لە یاسای ناو براودا هاتووە.

ماددەی (5):

ماددەی (414) لە یا سای سزادانی عێرا قی ژ مارە (111)ی ساڵی (1969)ی هەموار کراو وەك خۆی دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی کە لە یاسای ناو براودا هاتووە.

ماددەی (6):

ماددەی (379) لە یا سای سزادانی عێرا قی ژ مارە (111)ی ساڵی (1969)ی هەموار کراو وەك خۆی دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی کە لە یاسای ناو براودا هاتووە.

ماددەی (7):

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبە جێ بکات.

ماددەی (8):

ئەم یا سایە لە رۆژی بلاو کرد نەوەی لە رۆژنا مەی فەرمی (وە قائعی کورد ستان)دا جێ بە جێ دەکر ێت، هۆ یەکانی دەر چوواندن لە پێ ناو بەرجە ستە کرد نی دادگەر یدا و هێنا نە کا یەی کۆمەڵگا یەکی دوور لە تۆندۆتیژی و جیاکاری رەگەزی ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئێ ستا داوا لە بەڕێزتان دە کەم کە ماددە بە ماددە دە قی ئەو ماددە یەی کە لە پرۆژە یا سا پێشنیارەکەدا هاتووە بیخوێنرێتەوە دوایی ڕای لیژنەکان لەسەر راپۆرتی هاو بەش بیخوێنرێ تەوە بۆ ئەوەی بیخەینە گفتو گۆی ئەندامانی پەرلەمانەوە.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یە کەم بڕ گەی (2) لە ماددەی (377) هەڵگرتنی ئەم ماددە یە پێوی ستە تەنیا لەڕێ گەی یا سای باری کەسییەتی و دادگای باری کەسییەتی ئەم بڕگەیە جێبە جێ بکرێت.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئە ندامانی پەر لەمان، ئەوەی لە را پۆرتی هاو بەش دا هاتووە دە ست کاری کرد نی ناوی پرۆژە یاساکانیش بە ئاڵۆ گۆڕ کردنی موستەڵحی هەموار کراو بەو شێوەیە کە لە راپۆرتی بەردەمتاندا هاتووە کە دەبێتە هەموار کردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی (1969)ی هەموار کراو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

با ناو نیشانەكە بخەینە گفتو گۆیەوە، ئەگەر كەس قسەیەكی لەسەر نەبوو دەچینە سەر ماددەكان، كێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ناو نیشانە، هەموار كردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی (1969)ی هەموار كراو؟، كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، بەڕێز دكتۆرە (ڤالا) فەرمووو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنیا راست كردنەوەیە لە ڕووی شكڵەوە هەموار كراو دەبێت بكەوێتە دوای ژمارە و ساڵی یاساكە، واتە لە ڕووی شكڵەوە ئەوەیان راست كراوەتەوە ئەوەی هەیە لەوانەیە نەچێتە بابی موناقەشە و موناقەشە هەڵنەگرێت، چونكە شكڵ خۆتان دەزانن...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، دكتۆرە ڕێواز فەرمووو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنیا سەرنجێكی قانوونیم هەیە لەسەر عینوانەكە، یاسای سزادان یاسایەكی فیدرالییە، بەگوێرەی دەستووریش ئێمە بۆمان هەیە تەتبیقاتی یاسا فیدرالییەكان تەعدیل بكەین، كەواتە دەبێت بوترێت هەموار كردنی جێبەجێ كردنی یاسای سزادان لە كاتی هەمواری یاسای ئەحوالی شەخسیش دا هەر وا كرا، چونكە ئێمە بۆمان نییە راستەوخۆ تەعدیلیان بكەین دەبێت تەتبیقاتیان تەعدیل بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەخێرهاتنی بەشداربووان و چالاكوانانی پڕۆژەی ( كورد لاو) دەكەین كە ئێستا هاتوونەتە هۆڵی پەرلەمان، بە ناوی سەرۆكایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانەوە بەخێرهاتنیان دەكەین، كێی تر قسەی هەیە لەسەر ناو نیشانەكە؟، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەكان چییە لەسەر سەرنجی بەڕێز دكتۆرە (ڕێواز)؟، فەرمووو دكتۆرە ڤالا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشتمان بەستووە بەو هەموارانەی كە پێشتر لە لایەن خولەكانی تری پەرلەمانی كوردستان ئەنجام دراوە بۆ نموونە یاسای ژمارە (42)ی ساڵی (2004)، كە دەڵێت بڕگەی یەكی ماددەی (408) لە یاسای سزادانی ژمارە (111)ی ساڵی (1969)ی هەموار كرا و لە كوردستانی عێراق دا لە كار دەخرێ و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە، بۆیە بەم شێوەیە پێشتر ئیشارەتی پێ كراوە و بەم شێوەیە داڕێژراوە و تەعدیل كراوە، یاساكان لیژنەی یاسایی پشتی بەوە بەستووە كە پێشتر ئەنجام دراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو ئێڤار فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ڕایەی دكتۆرە (ڕێواز) پێموایە دەقیقە، ئەگەر ئیشی لەسەر بكەین باش دەبێتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، دكتۆرە ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو هەموارانەی كە كراوە پێش دەر چوونی دەستووری عێراقی بووە، بۆیە پێشنیارەكەی بەڕێز دكتۆرە (ڕێواز) بە هەند وەردەگرێتن لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، تكایە ناو نیشانەكەی دابرِێژنەوە بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، دكتۆرە ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناو نیشانی پڕۆژەكە بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە: (هەموار كردنی جێبە جێ كردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی (1969)ی هەموار كراو).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لە گەڵیەتی بەو شێوەیەی كە خوێنرایەوە؟، (64) كەس لە گەڵیەتی، كێ دژیەتی؟، كەس نییە دژی بێت؟، كەواتە پەسەند كرا، ماددەی (1) فەرموو دكتۆرە ڤاڵا.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (1)م بڕگەی (2) لە ماددەی (377) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی (1969)ی هەموار كراو وەك خۆی دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی كە لە یاسای ناو براودا هاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەقی ماددەكەش بەو شێوەیەی كە لە پڕۆژە یاسا پێشنیار كراوەكاندا هاتووە بیخوێننەوە، ئەصڵی یاساكەش ئەگەر بیخوێننەوە خراپ نییە، فەرموو دكتۆرە بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، ئەوەی كە داوا كراوە لە پڕۆژە یاساكەدا هەڵگرتنی بڕگەی (2) لە ماددەی (377) بە مو بەڕڕی ئەوەی هەڵگرتنی ئەم مادەیە پێویستە تەنیا لەڕێگەی یاسای باری كەسیەتی و دادگای باری كەسیەتی ئەم بڕگە یە جێبە جێ بكر ێت، ئەوەی كە لە ئە صڵی یاساكەدا هاتووە لە یا سای سزادانی عێرا قی ماددەی (377)، ب بوورن لەبەر ئەوەی بەس بە عەرەبی هە یە مەتنە كە بە عەرەبی دەخوێنمەوە (1)﴿یعا قب بالحبس الزوجة الزانية و من زنى بها ويفترض علم الجنائي بقيام الزوجية ما لم يثبت من جانبه انه لم يكن في مقدوره بحالة العلم بها﴾، (2)﴿يعاقب الزوجة الزانية و من زنى بها بالعقوبة الواردة في الفقرة الاولى من المادة (377)﴾، بەڕێز سەرۆكی پەر لەمان: ئە گەر ڕێگەم بدەی روون كردنەوە یەك بۆ مو بەڕیڕاتی مانەوەی ئێمەی لیژنەكە، ئێمە وامان وتووە لە راپۆرتە كە كە ئەو ماددە یە ئەو بڕگە یە بمێنێتەوە وەكو خۆی موبەڕیڕاتیشمان ئەوە بووە ئەوان لە پڕۆژەكە داوایان كردووە كە ئە مە باری كە سییەتی لە داد گای باری كەسییەتی جێبە جێ بكرێت، ئەمە سەپاندنی عقوبەیە، عقوبەش جێگاكەی قانونی عقوبا تە قانونی (ئەحوالی شەخسی) باری كەسیەتی تایبەتە بە زەواج و، تەلاق و، میرات و، وە صیە و، ئەحوالی مەفقودین و، ئەو بابەتانە، عقوبە ناكرێت لەوێدا بێت ئەمە یەك، دووەمیان: ئەم پڕۆژە یاسایانەی كە پێشكەش كراوە فەلـ سەفەكەی خز مەت كرد نی ژ نە، پارا ستنی مافی ژ نە، بەڵام بە لابرد نی ئەم بڕگە یە من پێموا یە مەصڵەحەتی ژنی تێدا نییە بەڵكو بە پێچەوانەوەیە، چونكە لە بڕگەی (1)م دا باس لە عقوبەدانی زەوجی زانییە دەكا لە بڕگەی (2)م دا دەڵێت ئە گەر هاتۆ زەوج زا نیش بێت بە نەفسی عقو بە عقو بە دەدر ێت ئەگەر ئێمە ئەمە لابدەین، كەواتە عقوبە بۆ ژن هەیە، بەڵام بۆ پیاو نییە، بۆ یە لە بەر ئەو موبەڕیڕاتا نە ئێمە داوامان كردووە كە وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

با شە، با ناوە كان بنوو سرێن دوا یی ئە نداما نی لیژ نەكانیش دە توانن روون كرد نەوەی خۆ یان بدەن، لەبەر ئەوەی ئە مە با بەتێكی خیلاف ئامێزە گفـ تو گۆی ز یاتر هە ڵدەگرێت، بۆ یە داوا دە كەین لیژ نە پەیوەندیدارەكان لە هەر ماددەیەك پێشتر روون كردنەوە بدەن بە ئە ندامانی پەر لەمان بۆ چی گەیـشتوون بەو قەناعەتە، ناوی خۆتان بنووسن بەڕێز سكرتێری پەرلەمان ناو دەنووسێت، خاتوو گەشە فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵا ئەگەر من قـسە بـكەم د یارە ئێـمە را پۆرتی هاو بەشمان نوو سیوە، بەس من تە حەفوزم هە یە لە سەر ماددەی (377) وەكو ڕای خۆم قسەی لەسەر دەكەم، دیارە من لە گەڵ ئەو ڕا یەم را ستە ئە مە ماددە یەكی عیقابییە دەبێت ئەمە لە یاسای سزادانی عێراقیدا تەنزیم بكرێت، بەڵام لەسەر مەسەلەی تەحدید كرد نی ئەو مودەیە كە پێمان باشە زەمەنەكە دیاری بكرێت حەبس لابدرێت، راستە حەبس لە قانو ندا مو حەددەدە

که چەند بۆ چەندە؟ بەڵام د یاری کرد نی ئەو مودە یەو نز یك کرد نی ئەو دوو مودە یە لە یەکتر بەو مەبەستەیە کە لە تەتبیقا تدا لە مەحاکم بەدا خەوە ئەو تەمیزە زۆر بە ئا شکرا دەکر یێت، سۆڵتەیەکی تەقدیری واسیع دراوە بە حاکم کە ئەو زەمەنە، من زۆر ڕێزم هەیە بۆ حاکمەکان کە تەمیزێکی زۆر سلبی دەکەن لە نێوان ژن و پیاودا، ئەوە تەلار خان خۆی لە مەحاکمدا ئیشی کردووە بە تایبەتی لەم بوارانەدا کە تەتبیقاتی لە مەحاکمدا ز یاتر مودەی ئەقسا کە بۆ ژن بەکار دەهێنر یێت مودە ئەدنا کە بۆ پ یاو بەکار دەهێنرێت، لەکا تێکدا کە هەردووکیان لە یەك قەزیە شدا بن، جەنابیشتان خۆ تان چوون گوێ تان لە ڕای هەندێك لە دادوەرە بەڕێزەکان بووە، بەداخەوە تەمیزێکی زۆر سلبی دەکەن لە نێوان پیاو ژ ندا وە کو بڵێی ئەو تاوانە بۆ ژن زۆر قورس بێ، بەڵام بۆ پیاو زۆر سووك بێت، کە ئێمە پێمان وایە ئەمە قانون تەنزیمی کردووە خیانەتی زەوجی، خیانەتی زەوجییە بۆ هەردوو لا، بەڵام ئەو سۆڵتە تەقدیرییە کەم بکرێتەوە بۆ حاکم ئەویش بە نزیك کردنەوەی ئەو مودەیە، بۆیە پێمان باشە کە د یاری بکر یێت لە (6) مانگ کەمتر نەبێت و لە ساڵێك زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی گە شە خان با سی دە کات تە صەور دە کەم کێ شە لە تەتبیقا تدا هەبێت، با داوا بـکەین لا یەنی پەیوەند یدار لە تەتبیقا تدا عەدا لەت بەکار بـێنن نەوەك لە ئە صڵی یا ساکە کێ شە هەبێتن، بۆ یە ئێ مە پاڵپشتی ڕای (بەهار) خان دەکەین، کەوا ئەو یاسایە ئەو عقوبەیە پێویست ناکاتن بچێت لە باری کە سیەتی باس بکرێتن، لەبەرئەوەی یاسای باری کەسیەتی یاسایەکی صرف مەدەنی یە نابـێت (عقو بە) و سزای تـێدا بێت، تەنیا ڕێکخـستن و تەنزیم کرد نی عیلا قاتی خێزا نە، بۆ یە وا با شە ئەو عقوبە یە تەنیا لە یا سای سزادان باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆرە ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کەلە پڕۆژە هەموارەکەدا هاتووە تەنیا باس لە هەڵگرتنی ئەم ماددەیە دەکات، کە پێویـستە لەڕێگای یاسای باری کەسیەتی و دادگای باری کەسیەتی ئەم بڕگە یە جێ بە جێ بکر یێت، بۆ یە باس لەوە نەکراوە تەنیا باس لە حەزف کردنی دەکات لە قانونی عقوبات بۆ ئەوەی لە قانونی ئەحوالی شەخـسی جێ بە جێ بکرێتن، بۆیە ئەو هەموارەی (گەشە) خان وتی لە پڕۆژە ئیشارەتی پێنەدراوە، ئێمەش وەکو لیژنەی یاسایی

پابەند دەبین بەو تەعدیلاتەی کە لە ناو پڕۆژەکەدا هاتووە ئەگەر هەر هەموارێکی تر لەسەر ئەو ماددە یە پێشکەش بکرێت پێویستی بە پڕۆژە یاسایەکی تر بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو کەژاڵ فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای سزادانی عێراقی جیاکاری لە سزاداندا هەیە، موراعاتی موساوات نەکراوە لە نێوان ژن و پیاودا، بۆ یە من لە گەڵ ئەوەدا مە کە ئەم بڕگە یە نەمێنێت لە یا سای عقو باتی عێرا قی لە ماددەی (377) بڕ گەی (2)م، بە تەصەوری من بە شێوەیەکی گ شتی لە یا سای بەرەنگار بوو نەوەی تۆ ندوٚ تیژی خێزا نی ئە مە موعالەجە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، ئێستا ناوەکان دەخوێنرێتەوە و، ئەو ئەندامانەی تری پەرلەمان کە قسەیان هەیە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە گفتو گۆ دەکەن لەسەر ماددەی (1)م لە هەموار کرد نی جێبەجێ کرد نی یاسای سزادانی عێراقی ((تەلار لطیف، فر ست صۆفی، شوان قەلآدزەیی، غەریب مـصطفی، شێرکۆ جودت، عمر کۆچەر، حاجی کاروان، نجیبە لطیف، مامۆستا مەروان گەلآلی، منیرە عثمان، مریم صمد، قادر ئۆ تمان، بەهار عبدالرحمن، ئۆمێد حەمە علی)).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو تەلار فەرموو،

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا حەز دەکەم لە سەر ئەو ماددە یە قـسە بـکەم، کە مو بەڕیراتێك بۆ پێشکە شکردنی ئەوەی کە باسمان کردووە پێویستە، یاسای باری کەسێتی لەوێ موعالەجەی ئەو حاڵەتەی کردووە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەو تاوانە کە دەکرێت تەنیا پەیوەندیدارە بە ژن و مێردەکەوە و هەر ئەوان مافی سکالا پێشکەش کردنیان هەیە لە داگاگای لێکۆڵینەوە، بۆیە زۆر جار هەیە بەهۆی کێشەیەکی بەسیتەوە یا خۆد خستنی تۆمەتێکەوە لە لایەن پیاوەکەوە بۆ ژنەکە یان ﴿Missed Call﴾ میـسد کۆلێر کەوە یان نامە یەك، ئەو ژ نە تووشی دەبێت بە موجەرەد بە هۆی تومار کردنی ئەو سکالایە دەبێ تە هۆی ناوزرا ندنی ژنە کە و ئیـسبات کرد نی خیا نەتی زەو جی، هەموو دەزا نین شێوازی ئیـسبات کردنە کەی قور سە و شهودی دەو یت، بۆ یە زۆر جار دەبێتە هۆکارێك بۆ جیابوو نەوەی نێوان ژن و پیاوە کە، بۆ یە داد گای باری کە سێتی ماددەی ﴿40﴾ لە

برگەی ﴿3﴾، تەئکیدی لەسەر ئەوە کردووتەوە کە ناپاکی هاوسەری یەکێکە لە هۆکارەکانی جیابوونەوە، بۆیە ئەگەر هۆکارێك هەبێت ئەو ژن و پیاوە دەتوانن پەنا بۆ دادگای باری کەسێتی بە شێوەی مەدەنیانە دوور لە توندوتیژی و ناوزڕاندن کە لە دوایی دا دەزانین ئەو ناوزڕاندنە دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان بکرێت و هەر نەتیجەکەی جیابوونەوە نییە و توندوتیژییە هەتا دەگاتە حاڵەتی کوشتنی، کە جار هەیە دەبێتە هۆی دروستکردنی تۆمەتێك بۆ ناپاکییەکە لە لایەن پیاوەکە بۆ ژنەکە، راستە سزا هەیە بۆ پیاوەکە، بەڵام راستی ئەو موبەڕیری لیژنەی یاسایی هێنایانەوە، مو بەرەرێکی لاوازە، لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی ژنان دەکرێن تەنیا ژنانە لەو یاسایە بەڵێین زەرەرمەندن نەك سوودمەند و دەبێتە هۆکاری زیاتر بوونی توندوتیژی بەرامبەر ژنان، لە لایەکی تر ئێمە پێویستە بە تایبەتی کار لەسەر ئەوە بکەین پەنا بۆ یاسا مەدەنییەکان ببەین دور لەوەی ئەو سزایانە لە یاسادا هەیە، ﴿2﴾ یاسا هەیە، یاسای توندوتیژی خێزانی هەیە و پێویستە لە یاسای باری کەسێتی ئەمە جێبکرێتەوە، سەبارەت بە پێشنیاری ﴿گەشەخان﴾ بە راستی ئەگەر هاتوو ئەو ماددەیە هەڵنەگیرا، لەگەڵ ئەوەداین پشتگیری پێشنیارەکەی ﴿گەشەخان﴾ دەکەین، ئەگەر بوویە عورفێك ئەوەی ﴿د. ڤالا﴾ باسی کرد، ئەوەی کە لەم خولەشدا چەندین یاسا یان بڕیار هەبووە پێشکەش کراوە لە چوار چێوەی پێشنیار بووە، بەڵام ئێمە خستوومانە بواری یاساییەوە، چەندین پرۆژە یاسا پێشکەش کراون دوور لە ماددەی قانونی، ئێمە هاتووین سیاغەیەکی دیکەمان بۆ دوزیتەوە بە راستی ئەمە موبەڕیرێکی لاوازە و پێویستە کار لەسەر ئەوە بکەین و ئەو یاسایانەی پەیوەندیدارە بە ژنان ئێمە هەندێك موبەڕیرات بێنین، بۆیە پێویستە کار لەسەر دانانی ﴿حد الادنى و الاعلى﴾ بکەین، راستە لە تەتبیقاتەوە هەیە، بەڵام زۆر جار بە هۆی تەتبیقاتەوە ئیجابیات و سلبیاتی تەتبیقاتەوە پەنا بۆ هەموارکردنەوەی یاساکان براوە، بۆیە عەدالەتی دادپەروەرانە هەبێت لەکاتی جێ بە جێ کردنی یاساکان زۆر زەرووورە کە دادوەرەکان ئەو ﴿ حد الادنى و الاعلى﴾ هەبێت ببێتە هۆکارێك بۆ دادپەروەری تەواو لە جێ بە جێ کردنی یاساکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دەمەوێت بیرتان بخەمەوە لە دانیشتنی پێشوو بڕیارماندا کاتی قسەکردنی ئەندامان ﴿3﴾ خولەکە، فەرموو د. فرست،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لە سەرم حساب مەکە، چونکە نوقتە نیزامە، وەکو شتێکی موتەبەع ئێمە قسە دەکەین لیژنە پەیوەندیدارەکان وەڵاممان دەدەنەوە، پێم وایە ئەمە لە هیچ شوێنێك ناکرێت با ئێمە قسە بکەین و ئەوان وەڵاممان بدەنەوە، ﴿3﴾ دەق لای من هەیە، یەکێکیان ئەسلی پرۆژەکە کە پێشکەش کراوە بۆ تەعدیل کە پشتگیری لە ﴿د. بەهار و لیژنەی یاسایی﴾ دەکەم، ئەوەی کە پێشکەشکراوە بە راستی زوڵم کردنە لە ژن، چونکە تەمیزێکی زۆر لە نێوان ژن و پیاو پێشان دەدات و بۆ ژن عقوبە هەیە و بۆ پیاو نییە، بۆیە پێم

سەیرە کە ئەمە پێشکەش کراوە، ئەوەی لەمە سەیرتر ئەوەیە لە ساڵی ﴿2001﴾ یاسای ژمارە ﴿9﴾ی یاسای لەکارخستنی بڕگەی ﴿2﴾ لە ماددەی ﴿377﴾ لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ﴿111﴾ ساڵی ﴿1969﴾، واتە ئەوەی ئێستا ئێمە لەسەری قسە دەکەین بە پێی یاسایەك لە ساڵی ﴿2009﴾ لە کار خراوە و ئێمە بێین زیندووی بکەینەوە، چونکە تەوازون لە نێوان ژن و پیاو دەپارێزیت و بۆ هەردووکی سزا هەیە، من شەوی تر گەڕام لە ﴿2001﴾ هیچ هەموارکردنەوەیەك نەکراوە و وەکو خۆی ماوەتەوە، بۆیە بە تەسەوری من ئەوەی کە دەقی ماددەی ﴿377﴾ بە هەردوو بڕگەی یەك و دوو وەك خۆی بمێنێتەوە زۆر باشترە، تەوازون لە بەینی ژن و پیاو دەپارێزرێت و بۆ هەردووکیان عقوبە هەیە لە کاتێك لەو جەریمەیەی کە تووشی دەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی؟ کاك شێرکۆ فەرموو،

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە بەڕێز ﴿د. فرست﴾ وتی هەیە و پەرلەمان خۆشی کردوویەتی بە کتێب ئەگەر حەز دەکەن بۆ لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی سەیری کەن لە ساڵی ﴿2001﴾ دەڵێت، کار کردن بەو مادەیە راگیراوە و بەڕێزان ﴿طارق جامباز و نەهلە محمد﴾ کردوویانە بە کتێب.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بینێرن بۆ لیژنەی یاسایی، بۆ ئەوەی لێرە سەیری بکەن، مامۆستا غریب فەرموو،

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، سەرنجی منیش وەکو ئەندامێك لە لیژنەی ئەوقاف کە ئەو بابەتەمان زۆر تاوتوێ کرد، کە ناکرێت ئەرکێك بە قانونێك یان مەحکەمەیەك بسپێرێت کە لە ئەساسدا ئەو مەحکەمە و قانونە بۆ ئەو بابەتە دروست نەکرا بێت، لەبەر ئەوە پێویستە لە یاسای سزادانی عێراقی ئەو بابەتە بمێنێت و پەیوەست نەکرێت بە دادگای باری کەسێتی کە ئەو دادگایە خۆی تایبەتە بە بابەتەکانی خێزان دروست کردن و هەڵوەشاندنی ئەو دەرهاوێشتانەی کە لێیدەکرێتەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. شوان فەرموو،

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر ﴿د. شوان قەڵادزەیی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشیندەی میهرەبان، دیارە ئەو هەموار کردنەوەیە پێویستە تەفاسیلی هەبوایە، چونکە زینا هەر زەوج و زەوجە نییە، ئەنواع شێوازی تری هەیە، ئینجا پێویستە لێرەش ئەو هەموارکردنەوە بە

شێوازێك بێت كە موخالەفەی نە دەستووری عێراق و نە رەشنووسی دەستووری هەرێم بێت، كە لە هەردووكیاندا هاتووە نابێت شتێك دەربچێت پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام بێت و ئەوانەی لێرە هەمووی پێچەوانەی شەریعەتە، ئەوەی كە هەمواریش دەكرێت وەكو ئەوە وایە كە تەشجیعی ئەوە بكات كە ئەو زاهیرەیە پانتاییەكەی فراوانتر ببێت و وەك خۆی بمێنێت و وەك ئەو هەموار كردنە بەسەردا بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو مریم فەرمووە،

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە قسەكەی من ﴿خاتوو تەلار﴾ كردی، پشتگیری لە قسەكانی دەكەم و هەروەها قسەكانی ﴿گەشەخان﴾ بۆ ئەوەی مودەی سزاكە تەحدید بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، د. شێركۆ فەرمووە،

**بەڕێز د. شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشیندە و میهرەبان، من قسەكانم ﴿تەلارخان و كەژاڵ خان﴾ كردیان، لەگەڵ ئەوەدام كە لە قانونی عقوباتی عێراقی نەمێنێت و لە یاسای باری كەسێتی چارەسەر كراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو منیرە فەرمووە،

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری تەواوی قسەكانی ﴿خاتوو تەلار و گەشە خان﴾ دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك قادر فەرمووە،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو مادەیە، پێم باشە تەئكید بكەین، ئەوەی من بینیبم ئەم یاسایە هەموار كراوە بە یاسای ژمارە ﴿9﴾، نەك ئیلغا كرابێت و پێم وایە یاسای باری كەسێتی باس لە نەفەقە و میرات دەكات كە ئەمە پەیوەستە بە كەسایەتی ئینسان، جەریمە پەیوەستە بە كردارەكانی ئینسان و لە یەك جیاوازە و لەگەڵ ئەوەدام لە یاسای عێراقی بمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدام پشتگیری قسەكەی ﴿گەشەخان﴾ دەكەم، موددەی سزاكەی دیاری بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو بەهار فەرموو،

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە هەر یاسایەك كە دادەڕێژین لە روانگەی واقعێكەوە دایدەڕێژین، ئێمە چەند ئەم یاسایە لە رووی واقعییەوە بۆ ئێمە و خەڵك سوودمەند دەبێت، دیارە بە پێی واقعی هەرێمی كوردستان تا ئێستا ئەو یاسایە هیندەی لە رووی واقعییەوە پیاوان لێی سوودمەند بوون، ژنان لێی سوودمەند نەبوون، بەو ئیعتیبارانەی كە جیاكاری هەیە لە رووی سزاكانەوە و لە هەرێمی كوردستان تەتبیق نەكردنی یاسا خۆی گرفتێكە و دەبێت رەچاوی ئەم خاڵە بكرێت و ئەم یاسایە لە یاسای توندوتیژی خێزانیشدا هاتووە، بۆیە ئەگەر بمێنێت و نەمێنێت ئیشكالێك دروست ناكات، ئەگەر چی لە یاسای سزادانی عقوباتی عێراقی ئەمە جێی دەبێتەوە، بەڵام لە رووی واقعییەوە جیاكاری دەكرێت و بۆ تەخفیف و تەوازونی ئەمە پشت بە یاسای توندوتیژی خێزانی ببەسترێت یان لێرە لا ببرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عمر فەرموو،

**بەڕێز عمر صالح عمر﴿ عمر كۆچەر﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەی من كرا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز حاجی كاروان فەرموو،

**بەڕێز كنعان نجم الدین ﴿حاجی كاروان﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر جیاكارییەك لە عقوباتەكان هەیە بۆ ژن یان پیاو، ئەگەر لێرە موعالەجە نەكرێت بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی شوێنێكی تر بۆ بدوزنەوە و تەنانەت قورئان ئیشارە بەوە دەدات ﴿الزانیە و الزانی فاجلدوا كل واحد منهما﴾، یەعنی تەحدیدە و هەردووكیان وەكو یەك عقوبە دەدرێن ئەگەر ئەو ﴿2﴾ ماددەیە بكرێت بە یەك و پێدەچێت ئەو ئیشكالییەتە حەل بكرێت و لە كۆتاییدا عقوبەیەكی دیاری كراو یان سزایەكی دیاری كراو لە بەردەستی حاكم دەبێت، ئەوكاتە ئەو جیاكارییە رێی لێدەگرین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو نجیبە فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، تەنیا پشتگیری لەو موبەڕیراتانەی لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ مانەوەی یاساکە وەك خۆی، چونکە لە هەڵگرتنی ئەو ماددەیە پێم وابێت ئەو نایەکسانییەی کە لێیدەترسین دێتە پێش و عقوبەکە جیاواز دەبێت بۆ ژن و پیاو، بەڵام لە مانەوەیدا بە هەمان شێوە ئەو موددەیە تەحدید بکرێت، ئەوەی کە بەڕێزسەرۆکی لیژنەی ئەوقاف دەڵێت لە تەتبیقات پێویست دەکات پێیان بوترێت دادپەروەر بن، بە راستی ئەمە لە پێ وتن و تەوسیفە نابێت، لە قانونەکە دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو سوڵتە و دەسەڵاتە ڕەها یە نەمێنێت کە جیاوازی بکرێت لە عقوبەی ژن و پیاو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو شکریە فەرموو،

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پاڵپشتی لە لیژنەی یاسایی دەکەم کە ماددەکە بمێنێتەوە، بەڵام جیاکاری رەگەزی نەمێنێت، سزاکان، لەبەر ئەوەی لە هەر شوێنێك خوای گەورە باسی سزاکانی سەر ئافرەت و پیاوی کردبێت سزاکان وەکو یەکە، وەکو یەك بن و لەهەمان کاتدا پاڵپشتی ئەو رایە دەکەم کە سزاکان دیاری کراو بێت و بە رەهایی نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا مەڕوان فەرموو،

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین ﴿ مەڕوان گەڵاڵی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله، جارێ پشتگیری لە هەموو ئەو خوشك و برایانە دەکەم کە باسی ئەوەیان کرد کە بەیانووی جۆراوجۆر ستەم لە ئافرت دەکرێت، واقعێکە کەس ناتوانێت خۆی لێ بشارێتەوە و پشتگیری لە ڕەئی ﴿کاك حاجی کاروان﴾ دەکەم کە لە شەرعدا عقوبەی پیاو و ژن وەکو یەك دیاری کراوە لەو حاڵەتە قیزەوەنانەی کە ڕوودەدەن، بۆ چارەسەرکردنی ئەمە بە رای من باشترین حاڵەت جیاکردنەوەیانە لە ڕێگای یاسای باری کەسێتی، ئەمە کۆتایی بە قەزیەکە دێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئومێد فەرموو،

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، وەك بنەڕەتێك بۆ بەرجەستەکردنی یەکسانی لە سزادان‌دا منیش پشتیوانی لە

ڕوونکردنەوەکانی ﴿د. بەهار محمود﴾ دەکەم، بەڵام بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو ماددە یە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە پشتیوانی لە رای ﴿گەشەخان﴾ دەکەم و پێویستە ئەو رایە لەبەرچاو بگیرێت، بۆ ئەوەی هیچ جیاکەرەوەیەك لە جێ بە جێ کردنی یاساکەدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی من تێگەیشتووم لە هەمواری یاسای ژمارە ﴿9﴾ی ساڵی ﴿2001﴾، ئەو هەمواره بڕگەی دووە می ئیلغا نەکردوو تەوە، بەڵکو بڕ گەی دووە می کردووە بە ماددە یەکی سەربەخۆ، نەك ئیلغای بکا تەوە، کردوویەتی بە ماددەیەکی سەربەخۆ، وا نییە؟ فەرموو د.ڤالآ.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی کە لە قانونی ژمارە (9)ی ساڵی (2001) ئیشارەتی پێکراوە لە چوار ماددە پێك دێت، لە ماددەی یەکەمیدا دەڵێ (یوقف العمل في أقليم كوردستان بالفقرة الثانية من المادة (377) من قانون العقوبات)، (المادة الثانية: يعاقب الزوج الزاني، و من زنى بها بالعقوبة الواردة في الفقرة الاولى من المادة)، (المادة الثالثة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون)، (المادة الرابعة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية)، کەواتە لێرە بۆمان روون دەبێتەوە بەڕێزان کە ئەو ماددەیە کاتێك لە ماددەی یەکەمیدا لە کار دەخرێت و باس لە فەقەرەی دووەمی ماددەی (377) دەکاتن، لە ماددەی دووەمدا تەعدیلی بۆ دەهێنێت، واتە بەدیلی بۆ دەهێنێت، بەدیلەکەش ئەوەیە کە مەنزیلی زەوجیە لە ئەسڵی یاساکەدا هاتووە، بەلآم مەنزیلی زەوجیە لە تەعدیلەکە هەڵگیراوە، ئەوەیان وەلآمی یەکەم کە یاساکە ماوە، ماددەیەکی سەربەخۆی بۆ داناوە، بۆ خاڵی دووەم و تێبینی دووەمیش ئەوانەی کە تێبینیان کرد گوایە تەنها بۆ (زوجة)یە و بۆ (زوج) نییە، لێرانە دەڵێ (يعاقب الزوج الزانى، و من زنى بها) کە مساواتیشی کردووە لە هەردوو حاڵەتدا (زوج) و (زوجة) دەگرێتەوە، هەروەها دەتوانن ئەوانەی کە لە فقهەوە شارەزاییان هەیە لە رووی لوغەوییەوە زیاتر پشتگیریمان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە د.ڤالآ باسی کرد دەق وایە، لەبەر ئەوەی دەڵێ (يعاقب الزوج الزاني) مساواتی تێدا کردووە، لە رووی زمانەوانییەوە کە دەڵێ زەوج هەم نێر دەگرێتەوە و هەم مێش دەگرێتەوە، کەواتە زەوج هەردوو لای تێدایە، مساواتە لە مابەینی ژن و پیاو، وانەبێتن تەنها لە ساڵحی پیاوبێ، بەڵکو ئافرەتیش لە مەوزوعەکەی تێدایە و هەردووکیان وەکو یەك حیسابیان بۆ کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو یەکسانییەی کە بەڕێزان باسیان لێوە دەکەن و داوا دەکەن یاسای ژمارە (9)ی ساڵی (2001) هێناویەتی، چونکە پێش ئەوە بە نیسبەت ژنەوە مەنزیلی زەوجیەی تێدابووە، بەڵام لەو تەعدیلەدا مەنزیلی زەوجیە لابراوە، کەواتە هەردوولایان وەکو یەك عقوبەکە شمووڵیان دەکات، زروفەکانیان وەکو یەکە لە هەر شوێنێکدا بێت، سەبارەت بەوەی کە حەدی ئەدنا و ئەعلا لێك نزیك بکرێتەوە وەکو ئەوەی کە (گەشە خان) گوتی، ئەوە عیلاقەی بە یاساوە نییە، عیلاقەی بە تەتبیقاتی محکەمەوە هەیە، یەعنی ئەوە سولتەی تەقدیری حاکمە کە دێت ئەوە وا لێ دەکات، ئێمە ناتوانین سوڵتەی تەقدیری حاکم تەدخولی تێدا بکەین، چونکە دەبێ حاکم سوڵتەی تەقدیری هەبێ بۆ ئەوەی بچێتە ناو تەفاسیڵی هەر دەعوایەکەوە، هەر کەیسێك ئەحداسەکانی خوێ جیایە، بۆیە دەبێ ئەو سوڵتە تەقدیریە ئەگەر خەلەلێك هەبێت ئەوە لە تەتبیقات و لە محاکمدایە، لە یاساکە ئێمە کەمیشی بکەینەوە ئەو هەر دەتوانێ ئەو سوڵتە تەقدیریەی خۆی بەکار بێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو ئێڤار فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو رەئی لیژنە پێمانباشە برِگەی دوو لە ماددەی (377) نەمێنێت، ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین کە نەمێنێت، ئەگەریش بمێنێتەوە پشتیوانی لە رائیەکەی خاتوو (گەشە دارا) دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چۆن دەبێ نەمێنێ؟ دەبێ بمێنێ خاتوو ئێڤار.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا بە پێی ماددەکانی (13، 25) هەر هەوڵدەدرێتن هەتا لە پەرلەمانی عێراقیش کاری لەسەر دەکرێت کە نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو تەلار نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطيف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو شتە، یەکێکیان بە پێی یاسای باری کەسیەتی ماددەکە هەڵگیرێت، خۆ ئێمەش دەزانین ئەو ماددەیە بەو شێوازەیە و لەویَ هەموار کراوەتەوە، یەکسەر یاسای باری کەسیەتی مافی جیابوونەوەکە دەکات، ئەو کەسەی خیانەتی زەوجیەکەی کردووە چ پیاوەکە و چ ژنەکە هیچ مافێکی نامێنێت ئەگەر ژنەکە بێت، هەروەها ئەگەر پیاوەکەش بێت دەبیَ هەموو مافەکە بدات بە ژنەکە، یەعنی ئەوە زۆر بە وازیحی دیارە، خاڵی دووەمیش ئێمە حەدی ئەدنا و ئەعلا کە داوامان کردووە کە دیاری بکرێت، زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی ئێمە بۆچی کار لەسەر ئەوە بکەین کە بمێنێتەوە لەسەر ئیجتیهادی حاکمەکە بە چ شێوازێك، دەبینین دائیمەن ئەگەر لە رێگای بەندکراوەکان ئەوانەی لە زیندانەکاندان دائیمەن عقوبەی ژنەکان زیاترە، بۆیە پێویست دەکات، چونکە ئێمەش ئەوە بزانین دائیمەن کۆمەڵگا رەئی هەیە لەسەر بیر و باوەڕی ئەو دادوەرانە، بۆیە زۆر زەرورە ئێمە لە ئێستادا حەدی ئەدنا و ئەعلاکە دیاری بکەین بۆ زیاتر دادپەروەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شیلان خان فەرموو.

**بەڕێز شیلان جعفر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ بەڕێزان هاوڕام لەگەڵ (د.بەهار و د.سیراج و د.ڤالا)، چونکە بە حەقیقەت ئێمە لە هۆیەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە، یەعنی باس لەوە دەکەین لە پێناو بەرجەستەکردنی دادگەری و هێنانەکایەی کۆمەڵگایەکی دوور لە توند و تیژی و جیاکاری رەگەزی، بۆیە ئێمە ئەگەر دەستکاری ئەم ماددەیە بکەین لەگەڵ ئەسڵی ماددەکەی خۆیدا جیاوازی بۆ بکەین، یەکەم: ئەو کاتە ئێمە ناتوانین ئەو دادگەریە کۆمەڵایەتیە بچەسپێنین و جیاوازی رەگەزی دروست دەکەین، بۆیە منیش هەمان رەئی هەڤاڵانی بەڕێزم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە یەکسانی بەدی بێت، دادگەری بەدی بێت، هەروەها ئەو جیاکاریەی کە هەیە نەبێت، ئەو خراپ بەکار هێنانە ئەگەر هەیە لە دادگاکاندا وەکو بەڕێزان باسی دەکەن نەبێت، لەبەر ئەوە با شتێکی وا دارێژین کە ئەوە بەدی بێنێت، یەعنی بۆ ئەوەی کۆتایی بەم جەدەلەش بێنین بەراستی،

شتێکی وا داڕێژین کە ئەو یەکسانی و دادگەری و باش جێبەجێکردنە بەرهەم بێنێت تەبعەن بە نەتیجە، چونکە هەدەفەکەمان ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کەنعان نجم الدين (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر قسەی (د.سراج) بڕگەی دووەم بە تەحدید باسی پیاوە، یەعنی (زوج) لەوێ بە هەردووکی نەهاتووە، چونکە دوایی ئەگەر بیخوێنیتەوە (ومن زنى بها) یەعنی تەحدیدەکە باسی پیاوە، بۆیە ئەگامان لێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من هەر ئەوەندە دەڵێم خۆی ئەم بڕگەیە لەبەر ئەوە زادەی بیری مرۆڤ دایناوە دادگەری تێیدا ڕەچاو نەکراوە، ئەگەر سەیری قورئانی پیرۆز بکەین کە باسی ئەم مەوزوعە دەکات بە چوار تەئکید دادگەری لە بەینی ژن و مێرددا بەیان کردووە، یەکەم: (الزانية و الزاني) باسی هەردووکیان دەکات، دووەم: (فاجلد كل واحد منهما)، (كل واحد) هەردووکیان، (ولا تأخذكم بهما) هەردووکیانی باس کردووە، لەبەر ئەوە بەراستی باشترین حەل ئەوەیە کە ئەوەی خوای گەورە بەیانی کردووە هەم چارەسەری خیانەتی زەوجی پێ دەکرێت، هەم ئەو کەسەی کە زانیە و ئەوەشی کە زانیەیە بەراستی ڕەدع دەبێ و زەجر دەبێت، بەڵام ئەوەی پێشوو لەبەر ئەوە زادەی بیری مرۆڤە لە ساڵی (1969) واتە (46) ساڵ لەمەو پێش ئەم بڕگەیە دانراوە خیانەتی زەوجی ئەگەر زیادی نەکردبێ کەمیشی نەکردۆتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.فرست نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوفي علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من باسی ئەوەم کرد کە لە ساڵی (2001) ئەو ماددەیە لەکار خراوە، چوومە هەموو شتەکانم هێناوە، ئەوە یاسای ژمارە (14)ی ساڵی (2002) تەنها ئەوەشی تێدایە سەیرکە چێ دەڵێت، ماددەی یەکەم: تێوەگلان لە تاوانی دەرحەق بە ئافرەتان بە بیانووی هۆکاری شەرەف بۆ مەبەستی بەکارخستنی حوکمەکانی ماددەگەلی (128، 130، 131) یاسای سزای ئەوەندە و ئەوەندە، بە هیچ شێوەیەك باسی ماددەی ژمارە (377)ی

نەكردووە، ئەوەی كە لێرە لە ساڵی (2002 ) باسكراوە، ئەوەی لەكار خراوە (128، 130، 131)ە، واتە ئەوەی ساڵی (2001) ماوە، لێرە لە ساڵی (2002) بە هیچ شێوەیەك باسی ئەوەی نەكردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی ئیشكالەكە لەوەدایە (بەڕێز د.فرست)، یاسای ژمارە (9)ی ساڵی (2001) ماددەی دووەم بریتییە لە بڕگەی دووی ماددەی (377)ی یاسای سزادان، حەز دەكەی سەیری بكە، ماددەی دوو لە یاسای ژمارە (9)ی ساڵی (2001)، ماددەی دوو بریتییە لە فەقەرەی دووی ماددەی (377) یاسای سزادانی عێراقی، بەس تەنها ئەوەی مەنزیلی زەوجیەی لێ لابراوە، كەواتە هەر ماوە، دەقی فەقەرەكە هەر ماوە و تەعدیل كراوە، فەرموو د.فرست.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە تەعدیلی ساڵی (2001) دەڵێ بڕگەی دوو لە ماددەی (377).......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزت ماددەكەت لایە، سەیری بكە، بیخوێنەوە.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، لامە هەموو شتێكم هێناوە لەبەر دەستمدایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی دووەمی سەیر بكە، ڕاست دەكەی لە ماددەی یەكەمدا دەڵێ (یوقف العمل في اقلیم كوردستان بالفقرة الثانیة من المادة (377) من قانون العقوبات العراقیة رقم (111) لسنة (1969) المعدل)، بەڵام (المادة الثانیة: یعاقب الزوج الزاني و من زنی بها بالعقوبة الواردة في الفقرة الواحده من المادة (377) من قانون العقوبات رقم (111) لسنة (1969) المعدل)، كەواتە ماوە، باشە، بە دەنگدان یەكلایی دەكەینەوە، بەس دوو ڕەئیمان پێ بڵێن، لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەوەیە كە وەكو خۆی بمێنێتەوە بەو شێوەیە، ڕەئیەكەی تریش كە داوای تەحدید دەكات، شتێكمان پێ بڵێن بۆ ئەوەی بە دەنگدان یەكلایی بكەینەوە، فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جەلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە وازیحە، دیارە هیچ ڕێگریەكی یاسایی نییە لەوەی كە ئێمە مودە دیاری بكەین، بەڵام خۆی ڕاستە دیاری كراوە زیندان (3) مانگ بۆ (5) ساڵە، سوڵتەیەكی تەقدیری زۆر هەیە لە مودە زەمەنییەكەدا بۆ حاكم كە ئەو جیاوازی تێدا دەكات، كەواتە ئێمە بە قانون، بە نەص ئەو سوڵتە تەقدیریەی ئەو دادوەرە

بەڕێزانە تۆزێك كەم بكەینەوە ئەو جیاوازیەش كەم دەبێتەوە، ئێمە نالێین عەدالەتێكی موتڵەق بەدی دێت، بەلاّم عەدالەتەكە نسبیەن زۆر باشتر دەبێ لە پێشتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، ئاخر پێشنیارت نەداینێ لەسەر هینەكە.

**بەڕێز گەشە دارا جەلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێمان باشە (3) مانگ بۆ ساڵێك بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالاْ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاْ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو عقوبەیەی كە تەحدید كراوە بە زیندان بە (3) مانگ بۆ (5) ساڵ سوڵتەی تەقدیری دراوە بە بە قازی، سوڵتەی تەقدیری دراوە بە مەحاكم، لەبەر ئەوەی مەحاكم و قازی داخیلی جوزئیات دەبن لەهەر قەزیەیەك (علی حدە)، یەعنی لەوانەیە قەزیەیەك كە دێتە پێش حاكم و تەحقیقی تێدا دەكات لە (3) مانگەكە بۆ (6) مانگ عقوبەی بدات، لەوانەیە بەشاعەتی جەریمەكە، ناشرینی و ختورەتی جەریمەكە وای لێ بكات بە (3) ساڵ یان بە (5) ساڵ ئەو جارە عقوبەی بدات، بۆیە ئەو سوڵتەی تەقدیریەی كە دراوە بە حاكم لێرانە ئەوە فەلسەفەی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی قانون داخیلی جوزئیات نابێت، بەلاّم حاكم داخیلی جوزئیاتی هەر كەیسێك و هەر قەزیەیەك بە جیا دەبێت، بۆیە تكا دەكەین وەكو ئەوەی كە لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە بدرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، لەبەر ئەوەی ئیشكالی تێدایە بۆ زیاتر دەوڵەمەندكردنی گفتوگۆكە پێش ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێ، پێمانخۆشە چەند ئەندامێكی تری پەرلەمان كە ناویان نەنووسیوە ئەوانیش قسەی خۆیان بكەن، دوایی بیر و بۆچوونە جیاوازەكان دەخەینە دەنگدانەوە، بەڕێز مامۆستا جمال مۆرتكە فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتكە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی ئەو بابەتە بەراستی ئەسڵی كێشەكان لە سەرەتای ژیانی خێزانی یان موراعات نەكردنی رەئی هەردوو رەگەز، یەكەم: ئەوەیە بە رای من پێویستە ئێمە داكۆكی لەسەر ئەوە بكەین لە دادگا لەسەر ئەساسی كێشەكان كە دروست دەبێ، یەعنی فەقەرەیەك زیاد بكرێ لە پۆلیسەوە خیلافات لە شێوازی وەكو بلێی تەحقیق كردن لە بابەتی كێشەكان بەلاڕێ لانەبرێت، یەعنی عقوبەیەك دیاری بكرێت، دووەم: كێشەی خێزانی ئێمە هەندێك لە هەڤالاْن باسیان كرد....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموَستا جمال، ئێمە بە تەحدید باسی یەك حاڵەت دەکرێ، ماددەی (377).

**بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتکە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس ئەگەر ئیشارەتێك بدەم، کێشەی ئێمە دەبینی ئێستا هەندێك حاڵەت هەیە روودەدات کە (80٪) کێشەکانی کە کێشەی خیلافاتی لە بەینی خێزان لەوەیە کە لە سەرەتاوە رەزامەند نەبووە، بۆیە بە رای من فەقەرەیەك زیاد بکرێ ئەو کچ و کوڕەی کە یەکتریان دەوێ سزایەك دابنێن بۆ ئەو خێزانەی کە.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموَستا ئەوە لێرە ناکرێت، پەیوەندی بەم ماددەیەوە نییە، تکات لێدەکەم.

**بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتکە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو: عەدالەت دیاری بکرێتن بۆ ئەوەی لە دادگا هەر سەرپێچییەك خیلافێك بە بڕیاردان عقوبەی خۆی لەگەڵ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، تەبعەن بە بڕوای من یاسا دەبێ مامەڵە لەگەڵ واقیعدا بکات، پرسیارەکە ئەوەیە تاوەکو ئێستا لەگەڵ رێز و ئیحتیرامم زۆربەی دادوەرەکانمان پیاون، پرسیارەکە ئەوەیە لە کۆمەڵگایەکدا کە بە شێوەیەك لە شێوەکان، بە چەشنێك لە چەشنەکان بیرێکی پیاوانە زاڵە حوکم دەکات و یاساکان دادەنێت، حکومڕانی دەکات، ئایا بیرکردنەوەی پیاوانە و روح دەرونی پیاوانە حوکم ناکات لەو سولتە تەقدیریەی کە بەڕێزان باسیان کرد؟ بۆیە بە بڕوای من لەبەرچاو گرتنی ئەو پێشنیارەی بەڕێزان ئێڤارخان و گەشە دارا و تەلارخان زۆر زەرورە بۆ بەرقەرارکردنی ئەو دادپەروەرییەی دەمانەوێ ، چونکە وەکو وتم دادەوەرەکانمان تاکو ئێستا زۆربەیان پیاون، ئەوانیش ئینسانن، بێگومان لە ژێر کاریگەری بیرە پیاوانەکە و ڕۆح و ژیانی پیاوانەدا هەندێك جار قەرار دەدرێ ئەو کێشانەی دروستکردووە کە ئەو بەڕێزانە باسیانکرد ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

سوپاس ، بەڕێز دکتۆر فرسەت سۆفی فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو قانونە عقوباتەی کە لەبەر دەستی ئێمەدا یە ز یاترە لە (500)ماددە یە، تە سەور دە کەم بە شی زۆری عقوبەکان چ جا ئەگەر حەپس بی ، چ ئە گەر سجن بێ بە سوڵتەی تە قدیری داوە تە قازی ، بەتای بەتی جەریمەی زینا کە مەسەلەیەکە زۆر زۆر حالاتی هەیە ، پەیوەستیشە بە هەردوو ڕەگەزەکەوە ، عقوبەکە بۆ ژنەو بۆ پیاویشە ، بۆیە بە تەسەوری من هیچ کێشەیەکی تێدا نییە ، هیچ نا داد پەروەریەکیشی تێدا نییە کە وەکو خۆی هەیە بمێنێتەوە ، بەتەسەوری من ئی شکالی تێدانی یە، ناداد پەروەری نی یە ، لە بەر ئەوەی قازی نەك لەو ماددەیەی ئەگەر وابێ دە بێ هەمووی بگۆڕین نەك لەو ماددە یە ز یاتر لە (200) ماددەی تریش سوڵتەی تەقدیری هەیە نەك هەر لە حەپس، لە سجنیش سوڵتەی تەقدیری هە یە کە دەڕوات هەتا (25) ساڵ موئەبەدیش دەڕوا ، لەبەر ئەوە بە تەسەوری من ئەوەی کە هە یە کە لە (24) سەعات تاوەکو (5) ساڵە حاڵەتێکی زۆر زۆر تەبیعیەو وەکو خۆی بمێنێ ، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

**باشە ، سوپاس ، بەڕێز کاك حاجی کاروان تکایە بە کورتی فەرموو.**

**بەڕێز کەنعان نجم الدین احمد (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەیاسای فەرەنسا تەقریبەن ئەگەر کە سێك ئەو حاڵە تە بکا نزیکەی (3000) هەزار یۆرۆی لێدە سەنرێ یەعنی عقوبەی سجن نییە کەواتە ئەوان بە یا سایەك مامە ڵە لە گەڵ ئەو حاڵە تە دە کەن ، قور ئانیش بە تەحدیدی ئەم حاڵەتەی دیاری کردووە باسی (جەڵدە) دەکا، یەعنی ئەگەر بۆ ئێ مە پێ مان عەیب بێ ئەم ئایەتە بخەینە ناو یەکێك لەم بڕگانەوە ئێمە ئەبێ پابەندبین بە شەریعەتی ئیسلامییەوە ، زۆر تەبیعی یە بۆ حاڵەتێك سێ عقوبە هەبێ ، پارەش دابندرێ ، حەپسیش دابندرێ ، ئەم ئایە تەش داب ندرێ ، من وە کو پرسیارێك لە جەنابتان و هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەکەم ئافرەتێك تووشی ئەم حاڵەتە بێ سێ ، چوار منداڵی هەیە پێنج ساڵ لە سجندابێ ئەو منداڵانە چیان لێدێ؟ ئەو ئافرە تە لە ڕووی نەف سییەوە چی لێ دێ؟ بەڵام ئەگەر ئەو عقوبەی کە خودای رب العالمین دایناوە ئەمە ڕەدعە کە دایناوە مەسەلەن باسی جە ڵد ئەکا ئەم جەڵدە (100) جەڵد، یەعنی قایشی پشتێن ، یەعنی نابێ بە قایمیش بێ (100) جەڵدی لێبدرێ بە خیلالی نیو سەعات عقوبەی تەواو ئەبێ و ئەچێتە ماڵی خۆی یان (5)ساڵ با شە لە سجن بێ ، قە سدم ئەوەیە لە ڕووی یاساییەوە ناکرێ ئێمە سێ ڕەدع دابنێین بۆ ئەو حاڵەتە؟ زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**باشە ، سوپاس ، بەڕێز کاك عمر عینایەت فەرموو.**

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من نەمویست تەداخول بکەم ، بەلأم بەڕێزان وشەی حەپس و سجنیان بۆ لێکدایەنەوە ، پێشتریش من خۆم زانیارییەکم هەبوو لەسەری مادام لە (24)کاتژمێر تاوەکو (5) ساڵ ئەکاتە حەپس بەڕای من وەکو خۆی بمێنێتەوە ماددەکە ، نابێت حاکم وا لێبکەین کە دەستی بەستراو بکەین ، حاڵەتەکان زۆر جیاوازە، بمبەخشە تۆزێك جاری وا هەیە زینا ئەکرێ لەبەر موحتاجی ، جاری وا هەیە زینا ئەکرێ لەبەر ئەوەی کەوا فشاری هاتۆتە سەر ، بەزۆرپێی کراوە ، جاری واهەیە ئیحراج دەبێ هەردوو تەرەفەکە ، لەبەرئەوە بە ڕەئی من لێی بگەڕێین حاکم کەیسەکان یەکلایی بکاتەوە لەناو دادگا ، ناکرێت هەموو حاکمێکیش بە نادادپەروەر ئێمە بدەینە قەڵەم ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، دوو ڕاکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی یەك لە دوایەك بیخەینە دەنگەوە ، قسەتان هەیە، دکتۆرە ڤالأ فەرموو، ئینجا مامۆستا دەرفەتی جەنابیشت ئەدەم.

**بەڕێز د. ڤالأ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە لیژنەی یاسایی ئیسراری لەسەر دەکا وەکو خۆی بمێنێتەوە بۆ تەحقیق کردنی دادگەرییەو بۆ ئەوەیە کە پارێزگاری لە مافی ژنان بکرێت ، ئێمە لێرە دیفاع لە مافی ژنان دەکەین لەبەر ئەوەی لە سێ مانگ حاکم دەستکراوەیە بۆ (5)ساڵ ، بەلأم ئەتۆ کە دەیکەی بە ساڵێك بۆ سێ ساڵ یان بۆ شەش مانگ لەوانەیە ئەو حاکمە تەنها بە سێ مانگ ئەو ئافرەتە عقوبە بدات ، بەلأم کە حەدی ئەدنا ئەتۆ لێرانە زیادت کرد ، کردت بە ساڵێك واتا حاکم لێرە ناتوانێ بە هیچ شێوەیەك دیراسەی حاڵەتەکان بکاتن ، بۆیە تکایە ئاگاداری ئەو خاڵە بن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حەدی ئەدنا پێموابێ زیاد نەکراوە ، مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو حەدی ئەدنایە باس ئەکرێ بەتایبەت ئەوەی وترا (3)مانگ ، ئەرێ من پێم سەیرە (3)مانگ کەسێك کە خیانەتی زەوجی کردووە ئەیبەی بەخێوی ئەکەی ، نانی باشی پێ ئەدەی دوایی ئەیگێڕیتەوە ناو موجتەمەع بۆ سەر شەرەف و ناموسی خەڵك ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوە چوار ئەندام پەرلەمان من ، کاك دکتۆر شوان ، کاك حاجی کاروان ، مامۆستا مروان باسی شەرعی خودامان کرد ، باسی ئەوەمان کرد کە ئەم مەوزوعە قەزیەیەکە خودای گەورە نوقتەی لەسەر خستۆتە سەر پیت بەجێشی نەهێشتووە بۆ پێغەمبەری خودا (ص) بە ئایەتی موحکەم ، ئەمڕۆش الحمدلله هەموومان خۆمان بە موسڵمان دەزانین

یانی پێم سەیرە هیچ کەس خۆی بەبێ بڕوا نازانێ ، هیچ کەس خۆی بەوە نازانێ بڕوای بە قورئان نەبێ ئەمەش ئایەتێکی موحکەمی قورئانە فەرموو با ئەوەی قورئانیش بخرێتە دەنگدانەوە بزانین هیچ دەنگ دەهێنێ یان نا؟....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

مامۆستا هەورامان فەلسەفەی سزادان جیاوازە ، ئەوە پەیوەندی بە فەلسەفەی سزادانەوە هەیە ، فەلسەفەی سزادان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر ، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گۆڕانکاری بەسەردا دێت ، لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی تر گۆڕانکاری بەسەر دادێت ، ئەمە زۆر ێك لە موفەکیرە ئیسلامییەکانیش باسیانکردووە ناکرێ ئەمە ئێستا بخەینە دەنگدانەوە لە پەرلەمانی کوردستان ، بەڵێ فەرموو ئێڤارخان.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکایە قسەکانی مامۆستا هەورامان لە پڕۆتۆکۆل بسڕێتەوە ، لەبەر ئەوەی بێ ڕێزییە بەرامبەر بە ژن دەکرێت بەڕاستی....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا ، نا تەنها ڕای خۆی وتووە ، ئەتوانێ ڕای خۆی بڵێ ئەویش...

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەدجار لە پڕۆتۆکۆل بیسڕەوە، قسەکە قسەی خودایە کردوومە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، ئەو دوو پێشنیارە یەکیان ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە ، ئەوەی تریان ئەوەیە کە (3)مانگ بۆ (3)ساڵ بێ وایە؟ ئەی چی گەشەخان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە لە (3) مانگ کەمتر نەبێ ، لە (2) ساڵ زیاتر نەبێ ، تەعدیلمان کرد یەعنی لە پێشا وتمان ساڵێك بەس ئێستا کردمان بە دوو ئیتر موراعاتمان بکەن ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێرەیا ڕەچاوی ئەوە بکەن هەمو عقوبەیەك تەنها بۆ ژن نییە بۆ پیاویشە کە خیانەت ئەکات لە ژنەکەی ، یەعنی مەسەلەکە ئەوە نییە بەس تەنها لێرە ژن عقوبەی بدەی ، پیاوێکیش خیانەتی کردووە لە ژنەکەی خۆی ئەبێ سزایەك وەربگرێ پیاو خیانەت نەکا لە ژنەکەی؟

**بەڕێز گەشە دارار جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هۆکاری بەر تەسك کردنەوەی سوڵەتی تەقدیری بەڕێز دادوەرەکانمان باسکرد بۆ بەڕێز ئە ندامانی پەرلەمان کە جیاکاریکراوە ، بۆیە ئەو سوڵتە تەقدیرییە تەسك بکرێتەوە ، بچووك بکرێتەوە ئەویش ئەو جیاکارییە کەمتر ئەکات لە جیاتی ئەوەی (3)ساڵ ژنەکە عقوبە بدات و (3) مانگ پیاوەکە (2)ساڵ ژنە کە عقوبە ئەدات ئەگەر ئەو جیاکاریە بکا ، بۆیە مودە زەمەنییەکە بچووك بکرێتەوە باشترە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، ئێڤارخان فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی لیژنەی ئێمەش (3)مانگ کەمتر نەبێ و لە (2)ساڵ زیاتر نەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

باشە ، کەواتە ئێستا دوو ڕا هەیە ، بەڕێز دکتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەپس، خۆی دوو حەپسمان هەیە ، حەپسی شەدیدمان هە یە ، بەسیتی شمان هە یە ، حەپ سی بە سیت لە (24)سەعاتەوە دەست پێدەکات ، بۆیە ئەتۆ لە ئێستاوە قەرارتدا دەڵێی با عقوبەی کەم کەین ، لە ئێ ستاوە قەرار تدا ئەتۆ زەر فی مو شەددت دا یە ، حەپ سی شەدیدت دای تێ ، ئە گەر (3) مانگی دابنێی حەپ سی شەدیدتدایە ، بۆ یە لێبگەڕێن حەپس لە مە سڵەحەتی ژن دا یە ، لە مە سڵەحەتی پیاوی شدایە حاڵەتە کە د یارە ، ئێ ستا ئەتۆ موتڵە قەن بڕیار تدا حاڵەتە کە زەرفێکی مو شەددە لە بەر ئەوەی کرد تە (3) مانگ ، چونکە (24) سەعتیشمان هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس خیانەی زەوجی ئایا خۆی زەرفێکی موشەدەد نییە؟ پێموابێ موناقەشەی زۆرتر هەڵناگرێ دوو ڕا مان هەیە ڕایەکی ئەوەیە کە وەکو یاسای سزادان بمێنێتەوە کە لە ڕاپۆرتە کەدا هاتووە ، ڕا کەی تر ئەوە یە کە مودەکە دیاری بکرێ ، سوڵتەی تەقدیری حاکم دیاری بکرێ کە بەڕێزان داوادەکەن لە (3)مانگ بۆ (2)ساڵ بێ ، ڕای ئەندامانی پەرلەمان خۆتان سەرپشك بکەن کە کام ڕایە ئیختیار دەکەن ، ئەگەر ڕای یەکەم دەنگی نەهێنا ڕای دووەم ئەخەینە دەنگدا نەوە ، ڕای یە کەم ئەوە یە کە لە ڕاپۆر تە هاوبە شەکەدا هاتووە دوا یی دیسان مەیکەنەوە بە قەزییەیەك لەسەرمان خۆتان یەکلابکەنەوە دەنگ بە کا مەیان دەدەن ، ڕای ڕا پۆرتی هاوبەش ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە لە یاسای سزادانی عیراقی ، وا تە سوڵتەی تە قدیری وە کو خۆی

بمێنێتەوە کە بە حەپس هاتووە (3)مانگ بۆ (5) ساڵە ، کێ لەگەڵیەتی؟ کێ لە گەڵ ڕا پۆرتی هاوبە شە؟ (35)کەس لەگەڵیەتی ، کێ دژیەتی؟ (25)کەس دژیەتی کەواتە پەسەندکرا ، بچینە سەر ماددەی دووەم.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

دووەم" ماددەی (408):

سزاکە ئاستی نزمی بۆ دابنرێ بەمشێوەیە:

(لا تقل عن (3)سنوات و لا تزيد على سبع سنوات من) لە بەر ئەوەی ئەم ماددە یە زۆر بەی قوربانی یەکان ئافرەتن بەتایبەتی ئەو کە سانەی خۆ یان دە سوتێنن بەهۆی هاندا نەوە ، بۆ یە پێویستە ئا ستی نز می سزایەکە دیاری بکرێ.

**ماددەی (408):**

(**اولاً**: يعاقب بالسجن مدة لا تزيد على سبع سنوات من حرض شخصا او ساعده باية وسيلة على الانتحار اذا ما تم الانتحار بناءاً على ذلك وتكون العقوبة الحبس اذا لم يتم الانتحار ولكن شرع فيه.

**ثانياً**: اذا كان المنتحر لم يتم الثامنة عشر من عمره او كان ناقص الادراك او الارادة عند ذلك ضرفاً مشدداً ويعاقب الجاني بعقوبة القتل عمداً او شروع فيه بحسب الاحوال اذا كان المنتحر فاقد الادراك او الارادة.

**ثالثاً**: لا عقاب على من شرع في الانتحار.

ماددەی (408) بڕگەی یەکەمی تەعدیل کراوە :

(**اولاً**: يعاقب بالسجن مدة لا تزيد على سبع سنوات من حرض شخصا او ساعده باية وسيلة على الانتحار او تسبب فيه اذا ما تم الانتحار بناءاً على ذلك وتكون العقوبة الحبس في حالة الشروع.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

ڕاپۆرتی هاوبەشیش بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڤالاً فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (2): ڕاپۆرتی هاوبەش:**

ماددەی (408) لە یا سای سزادانی عێرا قی ژ مارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموار کراو وەك خۆی دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی کە لە یاسای ناوبراودا هاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ باناوی خۆی بنووسێ ، مامۆستا هەورامان نوقتەی نیزامیت هەبوو؟

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شەریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من کە دەنگمدا ، دەنگم بۆ ئەوە دا کە دژی ئەوەی پێشووم نەك لە گەڵ ئە مەی تریشیان بم بۆ یە واز یح بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشه ، سوپاس ، بەڕێز دكتۆر فرست صۆفی فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پاڵپشتی ڕای لیژنه هاوبه شەكان ده كەم ، له بەر چی؟ چونكه بۆ ئەو تاوانا نه كاتێك كه ده ڵێ سجن یەعنی وازیحه (5)ساڵ بەسەرەوەیه واته پۆلین كراوە، ناكرێ جەریمەیەك بی نی له هەمان حاڵه تدا سجن كه له (7)ساڵ زیاتر نەبێ ، لەو كاتەشدا بینیەوە دایبەزێنین بۆ حەپس كه (3) ساڵه ، بۆیه كه دەڵێ سجن مانای ئۆتۆماتیكییەن له (5)ساڵ كەمتر نی یه ئیتر له (7) ساڵیش ز یاتر نی یه ، بۆ یه من ته سەور ده كەم ماددەكه وەكو خۆی دیاره هەمواركردنیشی بەسەر داهاتی یه ئەوەی دوا تر دكتۆره بەهاریش خوێندی یەوە وەكو خۆی بمێنێتەوە باشتره لەوەی كه ئەسڵی پڕۆژەكه پێشكەشكراوە هاتووە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، كاك بەهزاد دەروێش فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستی ئاشكرایه كو كوشتن ، خۆ كوشتن تاوانەكا مەزنه جا هەركه سەك هۆ كار بیتن چاوا خۆ د كوژیتیش یانیش پاڵدەربێتن ، لێرەدا گەلەكا پێتڤییه ڕادعێكێ ئاینی و یاسایی هەبیتن ب ڤێ چەندێ حەدی ئەدنا هەبێتن ، لبەر هەندێ رادعی ئاینی بۆ ئەو كه سه هه یه خۆ دكوژ یت ئەم دزا نین ئان حەتا ها ندەربیت یەعنی ل شەریعەتێ ئیسلامێدا هاتییه هەركەسێ كو نیڤ كەلیمەش هاوكارێ ئێكی بكات كه ئێكی بكوژ یت یەعنی نیڤ كەلیمەكه چییه با دل بێژیت بكوژە، یەعنی مەعنای تاوانباره ئه مه ناحی یه ئاینی ، ناحی یه شەرعی لێره بەحسێ یا ساینه بەڕا ستی پێتڤی یه ئه گەر ئەوە هەمواركردنێ (5) ساڵ دا نەبیت هەروه سا دمینیت كو (3)ساڵا زۆرتر نەبیت ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، كاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من بەڕێز دكتۆر فرسەت كردی و پشتگیری قسەكانی ئەكەم ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان :**

باشه ، سوپاس ، بەڕێز خاتوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطيف محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیەی ئێستا زۆربەی ژنانیش كە وەكو لە پرۆژەكە شا ئاماژە مان پێكردووە بەهۆی ئەو هاندا نەوە تووشی خۆ سووتاندن و خۆ كوشتن بوون ، بۆیە د یاری كرد نی حەدی (الاد نی و الاعلی) زۆر با شە، بەڵام بەڕاستی ئێمە كێشەكەمان لەوێدایە، زۆرجار كە ڕوون ئەكرێتەوە بە هەندێك باری تردا دەبر ێت كە دوور لە لایەنە یاسایی و پاراستنی مافی ژنانیش، كە ئێمە قسە لە سەر ئەوە دە كەین زۆر بەی زۆری كێ شەكان لە تەتبیقاتدا دیومانە، كێشەكانمان بینیوە كە تا ئێستا لە هەرێمی كورد ستاندا یەك كەس لە سەر ماددەی (408)عقوبە درا، كە ها تە مەحكە مەی تەمیز ڕا ستەوخۆ ئەو بڕ یارەش هەڵوە شێندرایەوە، یەعنی ئەو ماددەیە حەدی ئەعلاو ئەدنای بۆ دیاری بكرێت زۆر باشە، بۆ ئەوەی كێشەكان ئەوەی كە (408) ئە چێتە دادگای جینایات، بەلانی كەمەوە حاكم بتوانێت بڕیارێكی دادپەروەرانە بدات، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەكان چیە لەسەر ئەم بابەتە، دكتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە دكتۆر فرسەت و كاك عەمەر باسیان كرد، ڕێك لە شوێنی خۆیدایە، ئەوەی لە پرۆژە كەدا هاتووە داوای ئەوە دەكات ئاستی نزمی بۆ دابندرێت، بەڵام بۆ خۆی ئاستە نزمەكەی دیارە كە وتت سجن، لە پ ێنج ساڵەوە دەست پێ دەكات، بۆیە ئەو تەعدیلەی كە داوا كراوە ئەصڵەن موبەڕیڕی نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دكتۆر سراج، فەرموو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕای ئێمەش هەروەهایە، كە باسی سجن ئەكات، سجن بۆ خۆی لە پێنج ساڵەوە دەست پێ دەكات، كە لەوەوە دەستی پێكرد، خۆی حەدی ئەدنای بۆ داناوە كە پ ێنج ساڵە، ئەعلا شی بۆ دا ناوە كە حەوت ساڵە، بەڕای ئێمەش وەكو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، شیلان خان، فەرموو.

**بەڕێز شيلان جعفر علي:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش هاوڕاین لەگەڵ لیژنەی ئەوقاف و كاروباری یاسایی، كە وەك خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆرە ڤالا، فەرمووو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنە پەیوەند یدارەکان داوا کارن که مادده که وه کو ئەوەی له ڕاپۆرته کەدا هاتووه بمێنێتەوەو بخرێته دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو ئێڤار، فەرمووو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هاوڕاین کەوەك خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، باشە ئێستا دوو ڕا هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، وەکو ئەوەی که له ڕا پۆرتی هاوبەش هاتووە، ڕاکەی تریش ئەوەیە کە دەڵێت با تەحدید بکرێت لە نێوان سێ ساڵ بۆ حەوت ساڵ، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وەك خۆی بمێنێتەوە، تکایە با دەستی بڵند بکات؟، 41 کەسی لەگەڵدایە؟، کێی لەگە ڵدا نییە؟، 5 کەس دژیەتی، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا؟، بۆ ماددەی دواتر، فەرمووون.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: ماددەی (409):

ئەم ماددەیە هەڵبگیرێت لەبەر ئەوەی ئەم ماددەیە دەبێتە هۆی زیاد بوونی کوشتنی ژنان بە ناوی شەرەف پارێزییەوە، بۆیە دەتوانین لە ماددەکانی کوشتنی بە ئەنقەست یان کوشتنی بە هەڵە جێگەی ئەم مادده یه بگرێتەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر سراج، فەرمووو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەسی عەرەبیەکەش لە یاسای عقوباتی عێراقی،

**ماددة (409):**

(يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على ثلاث سنوات من فاجئة زوجته او احدى محارمه في حالة تلبسها بز نى او وجودها في فراش واحد مع شريكها فقتلهما في الحال او قتل احدهما او اعتدى عليهما او على احدهما اعتداءاً

افضى الى الموت او الى عاهة مستديمة ولايجوز استعمال حق الدفاع الشرعي ضد من يستفيد من هذا العذر ولا تطبق ضده احكام الظروف المشددة).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆرە بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دوو پرۆژەمان هەیە، یەك ڕاپۆرتمان بۆ نووسیوە، لەیەكەمیان داوای لابردنی ئەكات، لە دووەم، بەجۆرێكی تر داوای دەكات، با ئەوەش بخوێنمەوە، ماددەی(409)ی ئەم یاسایە هەموار دەكرێت بەزیاد كردنی یەك بڕگە، بەهەمان شێوازی پیاو دەرحەق بە ئافرەت، حوكم بە بارودۆخی توندكاری سزا ناكارێت، ئەگەر كەسی لەناكاو ئافرەت بوو، واتە یەكەمیان داوای یەكسانی عقوبەكە ئەكات، ئەوی تریان داوای لابردنی دەكات، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ڕوونكردنەوە بدەن بە ئەندامانی پەرلەمان، دەقی ماددەكە لە یاسای سزادان چییە؟، هەمواری یەكەم داوای چی ئەكات؟، هەمواری دووەم داوای چی ئەكات؟، ڕاپۆرتی هاوبەش چی ئەڵێت؟، ڕوونكردنەوە بدەن بۆ ئەوەی ئەندامان بەرچاو ڕوون بن لە كاتی دەنگدان، فەرموو دكتۆرە ڤالا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: ماددەی (409) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموار كراو لە هەرێمی كوردستان  عێراق، لەكار دەخرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دكتۆر سراج، فەرموو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەوزیح و بەرچاو ڕوونی بۆ ئەندامانی بەڕێز، تەبیعی ماددەی(409) باس لە نەوعێك لە نەوعەكان ڕێپێدان یان كار ئاسانی داناوە، بۆ ئەو كەسەی كە خێزانی خۆی یان ئافرەتی خۆی ئەكوژێت بە پاساوی شەرەف پارێزی، یەعنی عقوبەكەی وا داناوە كەوا لە سێ ساڵ كەمتر نەبێت لەسەرەوەی سێ ساڵیش حاكم دەستی كراوەیە كە چی ئەكات، بەڕاستی بەڕای ئێمە وەكو لیژنەی ئەوقاف سەر ئەكێشێت بۆ زیاتر ئافرەتان بە پاساوی شەرەف پارێزی بكوژرێن، بۆیە ئێمە داوا دەكەین ئەو ماددەیە لەناو یاسای سزادانی عێراقی ئیلغا بكرێت و كاری پێ نەكرێت، لەبەر ئەوەی موخالیفی یاساو شەرعە، بۆیە دەڵێین موخالفی یاسایە، چونكە لە ساڵی 2002 یاسای ژمارە (14) هاتووە ئەڵێت هەر پاساوێك بەناوی شەرەف پارێزی

ئەبێت لەكار بخرێت، چونكە دەبێتە هۆكاری زیاتر ژن كوشتن، تەبیعی ماددەی (409) موتەناقیز ئەبێت لەگەڵ ئەو بڕیارە، ئەمە لەڕووی یاساییەوە، لە ڕووی شەرعیشەوە تەبیعی هیچ دەقێكی ئاینیمان نییە بەناوی شەرەف پارێزی، كە پیاو دەستی بچێتە خوێنی ئافرەتی خۆی، بۆیە ئێمە وەكو لیژنە ئەوقاف بەهەموو شێوازێك داوا دەكەین ئەو ماددەیە لە یاسای عقوباتی عێراقی و لە هەرێمی كوردستان كاری پێ نەكرێت، كە هەم موخالیفی یاساكانی پێشووی پەرلەمانە، هەم موخالیفی دەقەكانی شەریعەت و نەسەكانی قورئانی پیرۆزە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو گەشە، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش وەكو لیژنەی كۆمەڵایەتی، لەگەڵ ئەوەداین كە بەپێی ماددەی(115، 121) ئێمە لەپەرلەمان ئەتوانین ئیقاف، ڕاگرتنی كار كردن بەو ماددەیە بكەین، چونكە وەكو ئەوەی كە جۆرێك لە شەرعیەت دانە بە كوشتن، ئێمە یاسایەكی ترمان هەیە، (قتل بدافع شریفه) ئەوە لابراوە، بەڵام لێرەدا جۆرێك لە شەرعیەتی دەدەیتێ بە تەخفیف كردنی عقوبەكە، بۆیە هەر لەگەڵ ئەو یاسایەی پێشووشدا موتەناقیزە، لەگەڵ ئەوەداین كە كار كردن بەو ماددانە ڕابگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو كەژاڵ، فەرموو.

**بەڕێز كەژاڵ هادی فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش وەكو لیژنەی داكۆكی كردن لەمافەكانی ئافرەتان، لەگەڵ ڕای ڕاپۆرتی هاوبەشین كە ئەو ماددەیە لەكار بخرێت، چونكە بووە بە پاساوێك بۆ زیاد بوونی كوشتنی ژنان، هەروەها ئەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت كە هەرێمی كوردستان، كۆمەڵێك ڕێك كەوتن نامەی نێودەوڵەتی واژوو كردووە، بەپێی ئەو ڕێككەوتننامانە نابێت پێچەوانەی كار بكات، لەگەڵ ئەوەین كە لە كار بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەندامانی پەرلەمان كێ دەیەوێت قسە بكات لەسەر ئەم ماددەیە با ناوی خۆی بنووسێت؟، فەرموو كاك فخر الدین.

**بەڕێز فخر الدین قادر عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ئەندامە بەڕێزانە ناوی خۆیان نووسیوە كە قسە لەسەر ئەم ماددەیە بكەن، ( شكریە اسماعیل، حاجی كاروان، تەلار لطیف، فرسەت سۆفی، مامۆستا مەروان، بەهار عبدالرحمن، بەهزاد دەروێش، پەروا علی، جوان

اسماعیل، شێرکۆ جەودەت، شێرکۆ حه مه ا مین، غر یب مـصطفی، د. شوان قەلآدزەیی، عـمر عینا یەت)، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو شکریە، فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئێمە دەڵێین کوشتنی ئافرەتان بە پاساوی شەرەف تاوانە، بەڵام جیاوازی لە کوشتنی بە ئەنقەست کە لەماددەی (405)ی سزادانی عێراقی هاتووە، هەر ئەگەرێك بۆ لکاندنی ماددەی (405 ) بەڕا ستی ئێ مە بە نایاسایی دەزانین، ئێمە لەم پڕۆژە یاسایە داوای یەکسانیمان کردووە، بەڕاستی من زۆر لام سەیرە یەعنی هەر شتێك کە باس دەکرێت، باسی کوشتنی ئافرەت دەکرێت، ئەی لەحاڵەتێکدا ئە گەر پێچەوانە ببێ تەوە، ئەگەر ئافرەتێك بچێتە ماڵەوە پیاوەکەی لەگەڵ ئافرەتێکی تر بیبینـ یێت، لەو حاڵە تە لەم یا سایەدا با سی ئەوەی نەکردووە، لەو حاڵەتە باسی تووندکاری یاسا بۆ ئافرەت کراوە، واتە سجنی هەتا هەتایی بۆ ئافرەت دانراوە، بۆیە من بە پێویستی دەزانم دوو بڕگە بۆ ئەو ماددەیە زیاد بکر ێت و لا نەبرێت، بڕ گەی یە کەم: ئەگەر لەحاڵەتێکدا شتەکە پێچەوانە بوو کە لەم مادده یە باس نەکرا یە، ئەوا بەم شێوازەی لێ بکر ێت، بەهەمان شێوازی پـیاو دەر حەق بە ئافرەت حوکم بە بارودۆخی توو ند کاری سزا ناکر ێت، ئە گەر کە سی لەناکاو ئافرەت بوو، واتە ئەگەر بۆ ئافرەتە کەش بە هەمان شێواز عقوبە کەی وەك پـیاو بـێت، یەعنی ئێ مە لێرەدا دادگەری سزاکە ئیسپات دەکەین، دووەم: سەبارەت بە جمهوری فوقەها، لەگەڵ ڕێزم بۆ قسەکانی دکتۆر سراج، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز لە سورەتی نوور، ئەمەی چارەسەر کردووە، بەشێوازێکی تر ئێمە ئایەتی لعانمان هەیە، بەڵام ئێمە ناکرێت لەم کات و ساتەدا باسی جێبەجی کردنی ئەو ئایەتە بکەین، بەڵام ناشکرێت، بەڕاستی لەم حاڵەتەدا وەکو قەتلی عەمد باس دەکرێت، ئیمام ابو حنیفە ڕەئیەکی زۆر جوانی هەیە سەبارەت بەم بابەتە، ئەو دەڵێت بە (شبه عمد) حساب بکرێت، سێ مەرجی داناوە، ئەگەر ئەو سێ مەرجەی تێدا بوو بە (شبه عمد) حساب بکرێت، مەرجی یەکەم: ئەگەر هاتوو بەڵگەی تەواو لەبەردەستتدا بوو، کە ئەم پـیاوە یان ئەو ئافرەتە، پیاوەکەی خۆی لەسەر مەسەلەی شەرەف کوشتووە، ئەوە سجنی هەتا هەتایی، یان لە سێدارەدانی بۆ دانەندرێت، بەڵکو بە (شبه عمد) حساب بکرێت، مەرجی دووەم: ئەگەر هاتوو کەسی کوژراو محصن نەبوو، واتە پرۆسەی هاوسەرگیری کردبوو، چونکە لە شەرعدا جـیاوازی لەنێوان کە سێکدا کراوە کە هاو سەرگیری کردبێت، یان نەیکردبێت، مەرجی سێیەم: ئەگەر ئەهلی مردووەکە ئامادە بوون بکوژەکە عەفوو بکەن، یاخود ئامادە بوون د یەی لێ وەربـگرن، لە سەردەمی ئیـمامی عو مەر( ڕەزای خوای لێ بـێت)، حا ڵەتێکی وا ڕوو یدا ئیـمامی عو مەر ئەو کە سەی نەکو شتەوە، بەڵکو ئەهلە کەی موخە یەر کرد نـیوەی ئەهلە کەی وتـ یان ئێ مە ئامادەین دیە وەربگرین، واتە خوێن وەربگرین، بۆیە ئیـمامی عو مەر دیە کەی وەر گرت و دای بەو کە سانەی کەخوێنیان وەر دەگرت، بۆیە ئێمەش بڵێین ئەگەر نیوەی ئەهلەکە کەسەکەیان عەفو کرد، ئەوە قەتلە کە بە

(شبه عمد) حساب بكرێت، چونكە ئێمە نابێت شتێك لە بیر بكەین، ئەگەر ئەو دوو هاوسەرە یەكێكیان كوژراو ئەوی تریان كرا بە سجنی موئەبەد، ئایا بۆ نموونە (5) منداڵیان هەبوو، مەسیری ئەو منداڵا نە چۆن دەبێت، ئەی نابێت حساب بۆ ئەو منداڵانە بكەین؟، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز حاجی كاروان، لێرە نییە؟، خاتوو تەلار، فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (409) هەڵگرتنەكەی ئەو مو بەڕیزە قانونیانە یە كە ئێمە پێویست نا كات باس لەیەكسانی بكەین، بڵێین با ژنانیش هەمان ئەو مافەیان هەبێت، چونكە ناكرێت ئێمە بە یاسا ئیبا حەی قەتل بكەین، بۆیە پێویستە ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت، وە زۆرترین ئەو كوشتنانەی كە بەرامبەر بە ژنان كراوە پاڵپشت بووە بەم ماددەی(409)یە بۆیە ئەگەر بێت و ماددەكە هەڵبگیرێت دەبێتە هۆیەك بۆ كەم كردنەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان تا حەدی كوشتن، هەروەها ئەو نایەكسانی و نا تەبایەیەش نامێنێت كە لە سزاكاندا هە یە بەرامبەر بە ژن و پیاو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێز دكتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پاڵپشتی هەم راپۆرتی لیژنە هاوبەشەكان هەم نەسی یەك لە پرۆژەكان، چونكە یەكێكیان داوای هەمواری كردیە دەكەم كە ئەم ماددەیە هەڵبگیرێ، بەڵام یەك روونكردنەوەی كورت پێم وایە كاتێك كە دەگەڕێنەوە بۆ ماددەی چوار سەد و پێنج (405) كە وەكو قەتلێكی عام حیسابی بۆ دەكرێت ئەوەش یا سیجنی موئەبەدە یان سیجنی موئەقەتە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە ئەو حاڵەتە نەسێكمان هەیە ماددەی سەد و بیست و هەشت (128) كە نەسێكی عامە لۆ هەموو حاڵەتەكان دەگونجێ، ئەویش ئەوەیە دەكرێ ئەگەر ئەو حاڵەتەی باس دەكرێت كەسێك جا چ ژن بچێتە سەر پیاوی خۆیدا یان پیاو بچیتەوە سەر ژنی خۆیدا وەكو حاڵەتێكی ئیستیفزاز حیساب دەكرێت، بۆیە دەكرێ لەو حاڵەتە وەكو بە ئیعزار حیساب بكرێت جا مەعفی بێت یان موخەفەف بێت، یەعنی مانای ئەوە نییە كاتێك كە ماددەی چوارسەد و نۆ (409) هەڵدەگیرێ دەگەڕێنەوە چوارسەد و پێنج (405) ئیلا سیجنی موئەقەتە یان سیجنی موئەبەدە دەكرێت، ئەوە وەكو ئیستیفزاز حیسابی لە سەری بكرێت، چونكە ماددەی سەد و بیست و هەشت (128) مایە و لەوێش باسی ئیستیفزاز كراوە، بۆیە لەوێ دەكرێ وەكو عوزرێكی مەعفی یان عوزرێكی موخەففەف مامە ڵە لە گەڵ ئەو حاڵەتە بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەروان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەروان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە راکەی برای بەڕێزم کاك دکتۆر سیراج دەکەم، چونکە پێچەوانەی هەم ئیسلام هەم پێچەوانەی دەستووری عێراقیشە، لە ئیسلامدا لە قورئاندا ئەو حاڵەتە هاتووە، بەڵام بە مولاعەنە کۆتایی دێتن بە سوێند خواردن، کەواتە لە گەڵ ئەوەدامە کە ئەو عقوبەیە نەمێنێت و دەستان خۆش بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز دکتۆر شوان قەڵادزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى (د. شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە گەڵ هەموو ئەوانەدام ئەوەی کە بەو هۆیەوە دەبێتە مایەی لەکەدار کردنی ئافرەتان وەکو بڕینی هەندێك جسمی ئەوانە ئەو پەڕی کاری نامرۆڤانەیە، بەڵام ناشکرێت بە راستی بڵێین لە کۆمەڵگەدا یەعنی ئەو شتە کە لە حەدیسدا هاتووە ((من قتل دون ماله و عرضه و وطنه فهو شهيد)) ئەمن ناڵێم لە گەڵ ئەوەدام ئینسان بە عەشوائی بەربێت و کوشتن لای ئاسان بێت، بەڵام لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بێنە بەر چاوی خۆی لە رووی ئیجتیماعییەوە شکۆمەندی هەم ئافرەت هەم پیاو دەگاتە چ ئاستێك کە بگاتە ئەو رادەیەی کە یەکێك بچێتەوە سەلام عەلێك لە ماڵەوە بکات، یەعنی بە واقیعی بیبینی ئەمە چەند شتێکی سەختە، ئایا پەرلەمانی کوردستان لەم رووەوە هیچ شتێك نەماوە کە پرۆژەیە یا سایەکی وا هەموار بکات کە دەبێتە فەوزایەکی کۆمەڵایەتی لە ناو هەموو ماڵێکدا وەکو خولی رابردووی لێ دێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رای خۆت بڵێ بەڕێز دکتۆر شوان تەعن لە رای ئەندامانی پەرلەمان و ئەو پرۆژە یاسانەی لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراون تەعنیان لێ مەدە، جەنابت رای خۆت هەیە جەنابت رای خۆت باس بکە ئەمەش مەوزوعێکی ئەساسیە، مەوزوعی کوشتن بە دافعی شەرەف یەکێکە ئێستا لە کێشەرە بنچینەکانی لە وڵاتی ئێمە هەیە، مەسەلەی توند و تیژی بەرامبەر بە ژنان ئەمەش دیسانەوە عەیبەیەکی گەورەیە لە کۆمەڵگای ئێمە قابیلی موعالجە کردنە پێویست ئەکات موعالەجە بکرێ.

**بەڕێز عمر مصطفى (د. شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس ئەوە پێویستە ئێمە لیژنەی فەتوا هەیە لە کوردستان، نابێ شتێك پێچەوانەی شەریعەت بێت با لە رێگەی شەریعەتەوە چارەسەر بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لە قانوندا هەیە پەیوەندی بە شەریعەتەوە نییە، لە قانون پێویست ئەکات موعالەجە بکرێت.

**بەڕێز عمر مصطفى (د. شوان قەلادزەیی):**

لە شەریعەتەوە ئەو شتانە نەهاتووە جەنابی مامۆستا باسی کرد، (الزانی و الزانیە والسارق و السارقە) هەمووی هاتووە وەکو یەك.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ باشە، سوپاس، خاتوو منیرە عثمان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەی ئەگەر ژنێك چوو بۆماڵەوە پیاوەکە لە گەڵ ژنێکی تر خەوتبوو ئەو کاتە ئەبێت ژنەکە چ بڕیارێك بدات؟ و ئەو کاتە ئەو ژنە ڕەد فیعلی ئەبێ چی بێت؟ بۆیە هیوادارم زۆر یەکسانیانە مامەڵە لە گەڵ ئەم دۆخەدا بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز دکتۆرە ڕێواز فائق نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا ئەکەم ئاخیری قسەی کاك شوان قەلادزەیی لە پروتۆکۆڵ بسڕێتەوە، چونکە ئەڵێت ئەمە دەبێتە فەوزا لە هەموو ماڵێکدا، یەعنی لە هەموو ماڵێکی هەرێمی کوردستاندا ئەمە هەیە؟ بە تەعن یەعنی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو بەهار عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم ئەم یاسایە تەحریز و هەندانێکی ئاشکرای تێدایە بۆ کوشتنی ژنان و هەمووش ئەو واقیعە ئەزانین بە ناوی شەرەف پارێزییەوە چ ستەمێك لە ژن ئەکرێ، دووەم بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر قەتل لە قانونی عقوباتدا هاتووە قەتلی خطأ و عەمد ئەم یاسایە هاتووە بۆ ئەوەی کە مامەڵەی لە گەڵ هیچیان ئەو عقوبە قورسەی کە بۆ خەتەئیش و عەمدیش دانراوە کە قورسترە ئەو هاتووە، تەخفیفی کردووە، هەندێك موبەریری هێناوە بۆ ئەوەی کە ئەمە قەتلی خەتەعە لە بەر ئەوەی ئەو کەسە لە حاڵەتێکی نائاساییدایە، تووڕە بووندایە موبەریری بۆ هێناوە، بەڵام هەر حاڵەتێکیان بێت ئەمە هاتووە تەخفیفی ئەو عقوبەیە کردووە بۆ پیاوان بۆیە لە گەڵ لابردنی ئەو ماددەیەم، و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك بەهزاد دەروێش فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددا سێ، ماددا چوارسەد و نەهـ (409) یا پێدڤی یە هاوسەنگییەك هەبێت ما بەینا سێ تشتان، ڕەدع بۆ کوشتنێ هەبێت ئێرەدا و هەروەسا هەمان دەمدا ڕەدع بۆ زینا کو زۆر ببیت کو وەلێ نەهێت، یەعنی ئەڤ بابە تە ببیتە دەرگە هەك دزا نین زەرەر ێن زینای چەندن ل جیهانێ خرێ مە سەلا ئا یدزێ و هەروە سا مەوزوعێ ئێرە یێ موفاجئە کە دکتۆر فرست بەحس کر و حالەتێ غەزەبێ و ئیستیفزازێ دڤێت موراعا تا ڤێ خالێ ژی بێتە کرن، ژبەر هندێ یا ئاشکرایە دەستوورێ عێراقێ ماددا دوو کو دبێژیت بەحسێ ڤان هەر سێ تشتان دکەت نابیت چ یا سایەك دەر بچیت مو خالفێ بنەماییێت مافێ مرۆڤ بن، مو خالفێ بنەماییێت دیموکراسیەتێ بن، هەروەسا مو خالفێ نەگورێت شەریعەتێ ئیسلامێ بن، ڕەش نڤیسێ دەستوورێ ماددا شەش هەر هندە، ژبەر هندێ ئەز دگەل ڤێ ڕەئییێ مە ڕاستی هاوسەنگیەگ بێتە دروست کرن هەر بێژنێ لاببەین ب ڕاستی ئەز بێژم ئەڤە دێ بیتە کێماسیەك و هەر وەکو خۆ دمینیتە ڤە وەکو یا سای سزادانا عێراقێ دا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئەمە پێچەوانەی ئایەتی قورئان و شەرعی ئیسلام نییە؟ هەر کەس بە ئارەزووی خۆی بیەوێ قانون جێبەجێ بکات عقوبە جێبەجێ بکات بە ئارەزووی خۆی بیەوێ خەڵك بکوژێ ئەمە پێچەوانە شەرعی ئیسلام نییە؟ بۆ وای لێ ئەکەن کە ئەمە پێچەوانەی شەرعی ئیسلام بێت.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەقسەدا من ئەو نەبی، ئەز دگەل هندێ نیمە، شەریعەتێ ئیسلامێ یا دیار کری سورەت نور ئا یەتا شەشێ (6) هەتا ئایەتا حەفتێ (7) من یا نڤیسیە بەس وەخت نییە بخوێنمە ڤە، یەعنی حوکمە کەی ئاشکرایە لەعانە پشتی هنگی تەفریقە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوت ئەنووسم، باشە.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

یەعنی حوکمەکەی لەعان پشتی هنگی دبیتە تەلاق بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، باشە سوپاس، خاتوو پەروا فەرموو.

**بەرێز پەروا علی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی كە ئەگوزەرێت لە كۆمەڵگای ئێمە بە داخەوە هەتا وەكو ئێستا مەسەلەی ژن كوشتن ئەوەندە بە ئاسانی باس ئەكرێ خەریكە ئەبێ بە دیاردە ئەگەر حەفتانە نەبێ مانگانە روو ئەدات، و زۆرترینی بە داخەوە زۆر جار ئەبیندرێت، یەعنی من لەو باوەڕەدام كە سزادانی ژن كوژان زۆر كەمتر بێت لە سزادانی كوشتنی ئاژەڵێك بۆ ژینگە پارێزی، یەعنی بە شێوازێك وا لێ ئەكرێت كە هیچ مافی ئازادی بۆتان دانەنرێت و بە موڵكی خۆیان بزاندرێت لە حاڵەتێكدا ئەگەر هەموو كەس ئازادە لەوەی كە چۆن هەڵسوكەوتەكە و خۆی سنووری خۆی ئەپارێزێت بۆ شێوازی هەڵسوكەوت كردن، بە بڕوای من ئەگەر گەیشتە ئەوەی كە خێزانێك بگاتە ئەوەی كە زینا رووبدات لە نێوانیاندا جیابوونەوەی باشترین شتە، یەعنی بۆ بە زۆر وەكو موڵكی خۆت یان ئەبێ بیكوژێ یان ئەبێ بكوژرێت لە لایەن خۆمەوە بێت یان لە لایەن عەشیرەتەكەمەوە بێت، و بە داخەوە زۆر جار ئەوە ئەبیندرێت كە لە لایەن زۆر یێك لە گرۆ پەكان و لە لایەن زۆرێك لە بەرێزانەوە شەرەفی ژن واتە شەرەفی عائیلە واتە شەرەفی عەشیرەت لە بەر ئەوە منی عەزیم هەمیشە ئەبێت تو بچووك كەمەوە بە كوشتن پێم وایە هیچ كاتێك، هیچ ئینسانێك ئەو مافەی پێ نادرێت كە بەرامبەرەكەی بكوژێت، ئەكرێت و جیا بكرێتەوە، لە بەر ئەوە من لە گەڵ هەڵگرتنی ئەم ماددەیەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز دكتۆرە جوان فەرموو.

**بەرێز د. جوان اسماعیل:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان رای بەرێز دكتۆر سراج و مامۆستا مەڕوان گەڵاڵی و لە گەڵ گەشە خان و تەلار خانیمە كە ئەو ماددەیە لە چوارسەد و نۆ (409) لە قانونی عقوبات بە وردی بخوێنەوە، بە راستی تەشجیعی كوشتن و توند و تیژی دەكات، لە گەڵ ئەوەدام ئەو ماددەیە هەڵبگیرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز د. شێركۆ فەرموو.

**بەرێز د. شێركۆ جودت:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە چەند خاڵێكدا ئەمەوێ عەرزی ئەوە بكەم كە مەسەلەی حوكم لە شەرعدا لە گەڵ دەقی ئایەتدا ئەبێ وریا بین، یەعنی كە ئایەتێكمان بینی گەیشتنە خزمەتی ئایەتێك حوكم شاملترە، فراوانترە، مورعاتیشی ئەكرێت، بۆیە شت نییە كە ئایەتێكمان خوێندەوە ئیتر بڵێین ئەوە كەلامی خوایە، تەواو، ئەبێ تەنفیز بكرێ ئیلا لە روانگەی موختەص نەبێ لە حوكم دەر كردن بە

ئایەتەکە بە سیرە بە سوننەتی پێغەمبەر (علیە صلاە و السلام) بەمان، بۆ نموونە خوای گەورە کە ئەفەرمووێ ((وَاللَّاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِنْ نِسَائِكُمْ فَاسْتَشْهِدُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِنْكُمْ فَإِنْ شَهِدُوا فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّىٰ يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلًا)) مەسەلەی قەتل بۆ زینا باسی لێوە نەکراوە ئینجا موبەریراتی لابردنی ئەم چوارسەد و نۆیە (409) چییە؟ ئەم ماددەیە، ئەوە باسی ئیتیجاهی موعاکس کرا، واتە ئەوە تێدا باس نەکراوە کە ئەگەر بێت و بە عەکسەوە بێ ئافرەت پیاوەکەی بینی ئەمە یەك، دوو، ماددەی چوارسەد و نۆ (409) کوشتنی ئافرەت ئاسانتر ئەکات، یەعنی موبەررێك ئەدا بەوەی کە کابرا ئەڵێت ئەیکوژم و چەند ساڵێك ئەچمە حەبسەوە تەحەمولی ئەکەم، بەڵام من ئەیکوژم بەو توورەییە و بەو ئیستیفزازیە، هەروەها لەو عوزرەی کە باس ئەکرێت مورا عاتی ئیستیفزاز و توورە بوون و هەڵچوونی پیاوەکە ئەکرێ ئەمە لە ماددەی چوارسەدو پێنجدا (405) ئەویش حەلکراوە لە بەر ئەوە لە چوارسەد و نۆدا (409) ئەم مەسەلەی ئستیفزاز زوو هاندان و تەحفیزی پیاوەکە و توورە بوونی بۆ ئەوەی کە ئەو حالەتەی بینیوە موبەرێر نییە، چونکە لە چوارسەد و پێنجدا (405) باس لە حوکمی پێنج ساڵ تا، یەعنی باس لە موەقەت ئەکات، لە ئاخیر کەلیمەدا لە چوار سەد و پێنجدا (405) ئەڵێت حوکمی موەقەت، حوکمی موەقەت یەعنی وەقتی بۆ دیاری کراوە کە ئەوە لە پێنجەوە تا بیست و پینج ساڵ (25) دیاری کراوە، بۆیە چوارسەد و نۆ (409) موبەررێکی تر بۆ لابردنی ئەمەیە کە پێویست ناکات بمێنێت، چونکە لە چوارسەد و پێنجدا (405) قەتل باس کراوە و حوکمێکی وازیحی هەیە زۆر جار ئەم تومەتە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، لە لایەن پیاوەوە دروست ئەکرێت بۆ ئافرەتی بەریئ، یەعنی چەندین جار دیرا سەمان کردووە لەم مەجا لەدا بە تایبەتی چەندین حالەت هەبووە ئافرەتە کە دەوڵەمەند بووە، میراتێکی گەورەی بە جێی هێشتووە، ئەگەر بمرێت پیاوەکە چووە تەلفیقی تومەتێکی وای بۆ کردووە بۆ ئەوەی کە میراتەکە بۆ خۆی و بۆ منداڵەکانی بمێنێتەوە، بەو عوزری سێ ساڵ حەبس بوونە، یەعنی بەو سێ ساڵ حەبس بوونە سێ ساڵی تەحەمولی کردووە، بەڵام لە پێناوی ئەوەی کە سەروەتێکی زۆری بۆ بمێنێتەوە و خۆشی وتوویەتی من دیومە کە مومارسەی زینای کردووە لە ماڵەکەم و زانیاکەریش رای کردووە، دەرچووە لە دەست عەدالەت، خاڵی ئەخیرم ئەوەیە بۆ مەبەرێری لابردنی چوارسەد و نۆ (409) لە رووی سەروەری یاساوە ئایا ئێمە ئەبێ تەشجیعی ئەوە بکەین کە خەڵك حەقی خۆی بە دەستی خۆی وەربگرێتەوە؟ ئەی کوا سەروەری یاسا؟ ئەی کوا مومارەسەی قانون؟ ئەی کوا دەوڵەتداری؟ لە بەر ئەوە پێم وایە چوارسەد و نۆ (409) لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز دکتۆر شێرکۆ حەمە امین فەرموو.

**بەرێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە هەموو ئەو رایانە ئەکەم کە لە گەڵ هەڵگرتنی ماددەکان بە تایبەتی ئەوەی کاك دکتۆر شێرکۆ جودت، لە راستیدا هەمان هەم وەکو بەرێزیان روونیان کردەوە هانی توند و تیژی ئەدات هەم ناشکرێ ئێمە بە یاسا بڵێین برۆن خەڵك بکوژن، هەمیش ناکرێت لە راستیدا کوشتن بە کوشتن چارەسەر بکرێت و حاڵەتی زیناش بە هیچ جۆرێك بە کوشتن چارەسەر ناکرێت، هەر چەندە ئەمە لە راستیدا زۆر دەگمەنیشە رەنگە ئەمەی کە باسی ئەکات هەر لە حاڵەتی دەگمەن ئەبێ لە کوردستاندا، بەڵام ئەوەی کە دکتۆر شێرکۆ جودت روونی کردووە، زۆر روون بوو، من پشتیوانی ئەوە ئەکەم نەمێنێ و پشتیوانی لەو قسەی خاتوو دکتۆر رێوازیش ئەکەم کە وتی ناکرێ وای لێك بدرێتەوە هەموو کوردستانی فەوزای تێدا یە لە گەڵ ئەوەی ئەویشم کە وتی لابرێ، و سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەرێز مامۆستا غریب مصطفی فەرموو.

**بەرێز غریب مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت منیش لە گەڵ رای هەموو ئەو بەرێزانەم کە داکۆکی لەوە ئەکەن هێشتنەوەی ماددەی چوارسەد و نۆ (409) ئەبێتە هۆی هاندانی زیاتر بۆ کوشتنی ئافرەتان بە تایبەت لە کۆمەڵگای ئێمە هەمیشە ئەو گلە و گازندانە ئەکرێ کە پیاوان بە ناحەق ئافرەتان ئەکوژن، جا فیعلەن ناحەقە کە کەسێك ئەچێت ئافرەتێك بکوژێت یان ئافرەتەکە ناچار ئەکرێت خۆی لە ترسی ئەوەی کە نەیکوژن خۆی پەنا بباتە بەر خۆ کوشتن، ئەگەر قاتیل بزانێ بە سێ ساڵ، بە پێنج ساڵ، بە حەوت ساڵ نەجاتێ ئەبێ لە سیجن ئەوە زۆر ئاسان دەستی ئەچێتە سەر خوشکی یان هاوسەری یان کچی خۆی ئەیکوژێت و دوایی وەکو بەرزەکی با نان قورتار ئەبێ ئەمە لە کاتێکدا لە هیچ قانونێکی وڵاتانی دونیا لە سەر خیانەتی زەوجی ئافرەت ناکوژرێت، لە دەقی شەریعەتیشدا وەکو ئەو بەرێزانەی تر ئاماژە یان پێکرد قەتعەن ئافرەت ناکوژرێت، یەعنی لە سەر مەسەلەی خیانەتی زەوجی، چونکە مەسەلەی موتەهەم کردنی کەسێك بە مەسەلەی زینا پێویست بە چوار شاهید ئایەتەکە روونە وەکو دکتۆر ئاماژەی بە ئایەتێکدا دکتۆر شێرکۆ ئەو ئایەتەی تریش هەر لە سورەتی نور ((وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً)) یەعنی ئەو کەسە کە نەیتوانی چوار شاهید بێنێ کە درێژایی مێژووی ئیسلامیدا ئەوەندەی من ئاگادار بم کەس نەیتوانیە حاڵەتێکی لەو جۆرە بیسەلمێنێت کە پێویست بکات چوار شاهید بێنێ، چوار شاهیدی دەست نەکەوتووە سێ شاهیدیش دەست بکەوێ خۆشی و هەر سێ شاهیدەکەشی ئەبێ سزا بخۆن، لە بەر ئەوە شتی وا هەر روو نادات، بەڵام ئەو حاڵەتەی کە پیاوێك خێزانەکەی خۆی موتەهەم بکات بە مەسەلەی زینا، ئەویش ئەبێ

دیسان ئایەتی مولاعەنە روونە كە دەبێت چوار جار خۆی سوێند بخوات لە بەر دەمی قازیدا شتەكە بیسەلێنیت.

هێشتا مافی دیفاع كردن دراوە بە ئافرەتەكە لە ئایەتەكە، دوای ئەوە (ویضری عنه عذاب ان تشهد 4 شهادات بالله انه لمن كاذبين)، ئافرەتەكەش دەتوانێت دیفاع لەخۆی بكات لەبەردەمی قازی و لە یەكتری جیا دەبنەوە تا قەریەی قیامەت ئیتر بە یە كتری حەرام دەبن ئەو ژن و مێردە، ئیتر ئەو پیاوە بۆی نییە خێزانەكەی خۆی بكوژێت، بۆیە من دەمەوێ ئەوە بڵێم هەرچی كوشتن ڕوودەدات لە كۆمەڵگای كوردەواری ئێمە، كە باوك كچی خۆی دەكوژێت، برا خوشكی خۆی دەكوژێت، پیاو هاوسەرەكەی خۆی دەكوژێت، ئەوە زاڵبوونی عورفی كۆمەلایەتی ئێمەیە كە وا دەكات پیاو ئەوە بكات، هەروەها هەر كەسێكیش پەنجەی تۆمەت بۆ ئیسلا درێژ دەكات بەڕاستی بێئاگاییتی لە دەقەكانی شەریعەت بەتایبەتی دەقەكەنی ئایەتی قورئان، ئەگینا هیچ كەسێك ناتوانێ ئەو تۆمەتە بخاتە ئەستۆی ئیسلام، كۆتای قسەكەم ئەوەیە پێویستە ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت، چونكە لە قانونی قەتلدا جێگای كراوەتەوە بەوردی، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕای من پرۆسەی هاوسەرگیری پرۆسەیەكی ئارەزوومەندانەیە، هەر كاتێك یەكێك لەو دوو كەسە خیلافی ئەو گرێبەستە جوولانەوە مافی ئەوەیان هەیە لێك جیاببنەوەو، هیچ كەسێك مافی ئەوەی نییە كەسێكی تر بكوژێت، لەبەرئەوە من پشتگیری قسەكانی خاتوو تەلار، دكتۆر سراج كاك مەڕوان و دكتۆر شێركۆ و مامۆستا مەلا غریب دەكەم و هیوادارم ئەم ماددەیە هەڵبگیرێت، هیچ كەس مافی ئەوەی نییە كەسێك بكوژێت، جگە لە خوای گەورە نەبێ، كەس مافی ئەوەی نییە كەسی تر بكوژێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو منیرە فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەكانی بەڕێز دكتۆر شێركۆ جودت دەكەم بە تەواوەتی، من دەمەوێ ئەوە ڕوون بكەمەوە بۆ هاوڕێكانم لە پەرلەمانی كوردستان هەموو ئەو پیاوانەی كە تاوانبارن بە كوشتنی ژنان، بەوەی بە تۆمەتی پاراستنی شەرەفپارێزی مامۆستا مەلا غریب زۆر بە وردی باسی ئەوەی كرد كە ئاینی ئیسلام كۆمەڵێك مەرجی داناوە، بۆئەوەی پیاوێك بیسەلێنی كە ژنەكەی فیعلەن زینای كردووە، بەڵام ئێمە بەپێی هەموو ئەو بەدواداچوونانەی ئێستا ئەو پیاوە ژن كوژانە دەبینین لەناو زیندانەكاندا هیچیان نەیانتوانیوە ئەو

خاڵەو ئەو بەندانەی کە لە ئاینی ئیسلامدا ئاماژەی پێدراوە جێبەجێ بکەن، بەلاّم بەدا خەوە رۆژ بەرۆژ کوشتنی ژنان لە زیادبووندایە، بۆیە داوا دەکەم وەکو هەموو هاوڕێکانم ئەم ماددەیە هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموّستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز حەز دەکەم هەندێك تەوزیحاتە بدەم، چونکە ئەڤ ماددەو ئەڤ قانونە نە بەس قانونێ عیراقی قانونە ئیماراتی و ئەڤە هەمی ولاّتە دا هەی، یەعنی نە بەس ئەڤێ پاساوێ بکەینە ڤێ ئیتارێ دا باﺑەت ئەڤە هاندانە و ئەڤە هاریکرنە بۆ کوشتنا ژنان دێ نەصێ خوێنم قانونا ئیماراتی مەخرەجەکێ باش بۆ دیتی و مەوزوع ئەز بخۆ دڤێ ڤەینا عەتێ دامە ڤی باﺑەتی راکەین ژی ئەڤ مەوزوعێ کوشتنا ژنان دڤێت جدی دیراسە بکەین وەك پەر لەمان، وەك دەز گەهێ حکومەتێ و موئەسەسات هەمی چارەسەر بکەین وەکی ماموّستا غریبی ئیشارەت کری و ماموّستا سیراجی مەوزوعێ ئیسلامێ نە دگەل کوشتنێ یە، ئەڤا دهێتە کرن ئەبەد مەوزوعەکێ عورفی و عەشائیری یە، تشتەکێ دیارە ئیسلام ئێك ڤێ حالەتی ژی ببینیت موعەرەزی ڤی حالەتی ببیت وەکە دکتۆر شێرکۆی مەوزوعێ ئایەتا مولاعەنا یا هەی و تەفریقە ل دویماهێکێ و پێغەمبەری (صلى الله عليه و اله وسلم) یا تەفریق کری و تەلاق یا چێکری، ئەڤە هەمی یا ئاشکرایە ئەڤ ماددە یا ئینای موشەریعە یا ئینای موشەریع یەعنی یا غافل بوویە نەزانیە ئەڤ ماددە بۆچی دانایە، نە؟، مەوزوع هوسا نینە، ئێمە یاسا دانین د ولاّتیدا بۆ بەرژەوەندیا هەر واقعەکی نە مەسەلەن بەس موجەرەد بزانین ئەڤ ماددە دێ موساعەدا کوشتنێ کەت یان نا؟، ئەڤ ماددە وەختێ هاتیە دانان ب ڤناعەتا من ئاریشەکێ چارەسەر دکەت و یا تەحدید کریە ژی و ئیماراتی پتر تەفصیل یا کریە تێدا، تەحدید کریە ئەڤ حاڵەتە رویدا ئینسانەکە دحاڵەتەکێ نەفسی و ئیستیفزادیدا تەحدید کریە زەوج ( مع زوجتی) مەسەلەن زەلامەکا دگەل ژنکا وی، ئینسان خۆ موعەرەز کەت و ئەڤ حاڵەتە ڤەتل چێبوو، دڤی حاڵەتیدا وەکی ڤەتل عەمد حیساب بیت و جارەکا دی ژی دێ هەر ڤەتلێ کەی ئەڤ مرۆڤە دێ هێتە کوشتن مەسەلەن ئیعدام کرن، چونکی ڤەتل عەمدە ئەگەر تە ئەڤ ماددە لادا تە بەس ڤەتل عەمد هێلا بتنێ مەعنا لادانا ڤی ماددەی ئەڤە پتر بۆ یاسای دزانن ژبەر هندێ ئەز دێ نەصێ قانونێ ئیماراتی خوێنم ئەڤ ئیشکالە ڤی رەنگی عیلاج کریە (يعاقب بالسجن مؤقت من فجأ بمشاهدة زوجته او ابنته او اخته) تەحدید کرینە (حالة تلبسها بجريمة زنا فقتلها فى الحالة وقتل من يزنى بها فتلهما معا ويعاقب بالحبس اذا اعتدى عليها و عليهما اعتداءا افضى الى موت او عاهة و تعاقب نفس مادة بالسجن مؤقت الزوجة التى فجأت بالمشاهدة زوجها حالة تلبسة بجريمة زناً فى مسكن الزوجية فقتله فى الحال) یەعنی حاڵەتەکێ نەفسی دەروونی دروست دبیتن (فتلت من يزنى بها او فتلهما معا وتعاقب بالحبس اذا اعتدى عليها او عليهما اعتداءاً افضى الى الموت و لا يجوز استعمال حق الدفاع الشرعى ضد من يستفيد من هذا العذر) یەعنی هەم

حاڵەتەکێ نەفسی و ئیستیفزائی دروست دبیت ژنك ژی ئیحتیماله زەلامێ خۆ بکوژیت ماڵا ویدا زینا ها تە کرن، یەعنی ئەو ئیشارەتا هاتیە کرن دڤێت تو ڤی مەزوعی ژی بەرچاڤ وەربگری حاڵەتێ زینا حا شا د گەڵ ژنکا تە، دگەڵ کچا تە، دگەڵ خویشکا تە بێتە کرن د ماڵا تەدا ئەڤە مەسەلا جینایەتێ دچیتە جونحێ یێن، قانونی پتر ژ من دزانن ژ ڤی حاڵەتی ئەگەر تو وەکی قەتل عام حیساب بکەی ئەڤ زەرەرە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو نجیبه فەرمووو.

**بەڕێز نجیبه لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا پشتگیری تەواو لە قسەکانی بەهار خان و پەروا خان و دکتۆر شێرکۆ جودت و مامۆستا غریب دەکەم، کە ئەو ماددەیە لابرێت بەڕاستی هیچ مو بەریرێك نییە بۆ کوشتن ژن بێ یان پیاو، وەك دکتۆر شێرکۆ ئاماژەی پێدا زۆرجار بە توهمە ئەوە دەکرێت، بۆیە لەگەڵ لابردنی ماددەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی کاروان فەرمووو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر بەکورتی یەعنی بە عەمەلی ئەو حاڵەتە ڕوویداوە، لە خزمەتی پێغەمبەر (ص) کە کاتێك ئەم ئایەتە دێتە خوارەوە سەعد یەکێکە لە صحابەکان دەڵێت یا رسول الله من چۆن تەحەمولی ئەوە بکەم کە پیاوێك ببینم لەگەڵ ژنی خۆمدا، یەعنی ئایەتەکەش دابەزیوە بە مەنع کردنی کوشتن دەڵێت من هەر دەیکوژم، صحابەیەکی تر دەڵێت (یارسول الله) ئەوە سەعد بە غیرەتە، پێغەمبەر (ص) دەڵێت (الله اغیر من السعد)، خوا بەغیرەتترە لە سەعد، یەعنی ئەگەر مەسەلەی کوشتن بووایە خوا شەرم لە کەس ناکات، دەی وت بیکوژن، بەڵام لێرە حاڵەتەکە دروست بوو چی بکرێت، ئێستا دروست بوو کوشتی ئێمە چی بکەین؟، حاڵەتەکە دروست بوو چی بکرێت؟ دەبێ عقوبەیەکی دیاریکراو هەبێ ئەگەر لە حاڵەتی دەبێ حاکم، دەکەوێتە سەر حاکم، حاڵەتەکە دروست بوو یان لەکاتەکەدا دروست بوو فەرقی هەیە لەکاتی شێنەییە، لەکاتی شێنەیی پیاوەکە زانی یان ئافرەتەکە زانی کە پیاوەکە وای کرد لەدوایی بیکوژێ، حوکمەکەی فەرقی هەیە لەوکاتەی حادیسەکە ڕوودەدات ئەوە دەبێ ئیختساس بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بەکورتی لیژنە پەیوەندیدارەکان ڕای خۆتان بڵێن، بەڵام تکایە بەکورتی، چونکە وا بزانم ڕایەکان وازیحە و، دەیخەینە دەنگەوە مامۆستا هەورامان قسەیەکت هەبوو؟ فەرمووو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی) :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا قسەكەم مامۆستا غریب و مامۆستایانی بەڕێز كرد یان، هەر تەئكید كردنەوە یە لە سەر ئەوەی كە بەهیچ جۆرێك بۆ پیاویش و بۆ ژنیش دروست نییە لەو حاڵەتا نە كە با سكرا، تەنا نەت قسەیەكی شی پێ بڵێت، تەنانەت زللەیەكیشی لێ بدات نەك كوشتن، شەرعی خوا ئا ئەوەیە، ئەوەی كە دەوتر ێت پێچەوانەی شەرعی خوایە كوشتن و بیكوژێ و ئەوانە، چونكە ئەوە لە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ص) ئەوە ڕوویداوە، صەحابە هاتووە فەرموویەتی ئەی پێغەمبەر (ص) من خێزانەكەم زینای كردووە، نە زللە یەكی لێ دا بوو، نە دەری كرد بوو، نە هیچ مەحاولەی كوشتنی كرد بوو، پێغەمبەر (ص) ئا یەتی مولاعە نە ها تە خوارێ، زۆر بەشێوەیەكی رێك و پێك تەلاقی موئەبەدی خستە نێوانیا نەوە، تەواو كۆ تایی، لەبەر ئەوەی ئێمەش لەگەڵ ئەوەین بە هیچ جۆرێك ئەو پاساوە دروست نییە بە هیچ جۆرێك، ئەو مادده یە لابر ێت، سەبارەت بەوەی كوشتی بە واقیع، تەبعەن تۆ ئەگەر قانونێك دادەنێی بە واقعێك ئەگەر كوشتی ئەوە قەتلەكە قەتلی عەمدە خۆ قەتلی (خطأ) نییە، ئەوكەسەی كە خێزانە كەی خۆی دەكوژ ێت، بەوەی كە بینیو یەتی زینای كردووە، قەتلی عەمدی كردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو ئێڤار فەرمووو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راپۆرتی هاوبەشی هەر چوار لیژنە لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددەیە لابدرێت و تەواو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر شت باسكرا، یەكێك لەوانە باسی هاو سەنگی كرا كەوا ئە گەر مادده كە لا ببرێتن هاو سەنگی تێدانی یە، بیل عەكس ئەو پەڕی هاو سەنگی تێدا یە ، ئە گەر ب ێتو ئەو مادده یە لابدر ێتن، ماددەی (405) شوێنی بگرێتەوە، لەبەرئەوەی ماددەی (405) زۆر بە ڕاشكاوی هیچ فەرق ناكات لەنێوان ئافرەت و پ یاو، بە هەر پا ساوێك بێ، بە پا ساوی شەرەف بێ، یاخود پا ساوی دز ین بێ، هەر پا ساوێك بێتن ماددەی (405) موعالە جە دە كات، ئی جاب نا كات ئەوە زەر فی موخە فەف لە بۆ حا ڵەتێك داب نێین كە بەڕا ستی كە جەریمەیەكی تێدایە، نە شەرع پێی ڕازیەو نە قانون پێی ڕازیە، مامۆستا باسی ئەوەی كرد ( من قـتل دون عرضە فهو شهید) نەوعەن ما پاساوی لە بۆ دیتەوە كەوا بەو فەرموودەیە ڕێگری نەكرێـتن لە بۆ كو شتن، بیلعەكس لە شەریعەت باسی ئەوەش كراوە بە لیعان چارەی كردووە هەتا لە فیقهی شافیعی، لە میذ هەجی

ئیمامی نەوەوی بە ڕاشکاوی باس دەکاتن ئەوانەی کە شارەزاییان هەیە، دەڵێت هەر کەسێ: ئەگەر هاتو خێزانی خۆی کوشت بەو شێوازە، لەبەرئەوە ئیشی ئەو نییە کوشتن بکاتن ئیشی سوڵتەی تەنفیزیە، دەبێ حاکم ئەو پیاوەش بکوژێتەوە کە ژنەکەی خۆی کوشتییە، دەبێ بیکوژێتەوە، بەلاّم ئەو پیاوە پلەی شەهیدی دەدرێتێ، لەبەرئەوەی وەکی مامۆستا باسی کرد ( من قتل دون عرضه فهو شهید) لەو بابەتە ئیمامی نەوەوی زۆر بەڕاشکاوی باسی کردیە، کەواتە لێرە ئیجاب ناکاتن ئێمە مەوزوعەکەی بورووژێنین، هەم موخالیفی قانونە، هەم موخالیفی شەرعە مەوزوعەکە کۆتایی پێ بێنێ، حەق نییە ئەو بابەتە لەو ماددەیە بمێنێ و ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی قسەیەکتان هەیە؟ نیتانە؟، لیژنەی کاروباری کۆمەلأیەتی فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ راپۆرتەکەین ئێمەش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو ڕأ هەیە، ڕایەکیان ئەوەیە کە ماددەی (409) هەڵبگیرێت بە تەواوەتی، ڕای دووەم ئەوەیە کە لە ماددەی (409) هاوسەنگی بکرێت لەنێوان پیاوو ژن، بە هەمان شێوازی پیاو دەرحەق بە ئافرەت حوکم بە بارودۆخی تو ندکاری سزا ناکرێت، ئەگەر کەسی لەناکاو ئافرەت بوو، ڕای یەکەم ڕای لیژنەی پەیوەندیدارەکانە کە راپۆرتی هاوبەشیان ئامادە کردووە کە هەڵبگیرێت، قسەیەکت هەیە خاتوو گەشە؟ فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاگرتن بە کارکردن، چونکە ئێمە توانای ئیلغا کردنمان نییە، تەعەمول لەگەڵ یاسای سزادانی عیراقی دەکەین، (ایقاف العمل) دەتوانین واتە ڕاگرتن بە کارکردن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش (ایقاف العمل)مان بەکارهێناوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی ڕاگرتن بە کارکردن بە ماددەی (409) کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو ماددەیە ڕابگیرێت؟ 56 کەس لەگەڵییەتی، کێ دژیەتی؟ 1 کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، دەڕۆینە سەرماددەی چوار، فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار:

ماددەی (413) بڕگەی یەك لە ماددەی (413)

بڕی غەرامە زیاد بکرێت بەمشێوەیە لە (500) هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (3) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، لەبەرئەوەی زۆربەی زۆری لێدانەکان بەرامبەر ژن دەکرێت، هەر چەندە یاسای بەرەنگاربوو نەوەی توندوتیژی خێزانی سزای داناوە، بەلاَم ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەچوار چێوەی خێزاندان و تا پلە چوارە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەقی ئەسڵی ماددەکە، فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (413)

(اولاً: من اعتدى عمداً على اخر بالجرح او بالضرب او بالعنف او بارتكاب اي فعل اخر مخالف للقانون فسبب له اذى او مرضا يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على سنة وبغرامة لا تزيد على مائة الف ومائتين وخمسين الف دينار وباحدى هاتين العقوبتين وتكون عقوبة الحبس مدة لا تزيد على ثلاث سنوات والغرامة التي تزيد على نفس الغرامة دينار او باحدى هاتين العقوبتين:

أ/ اذا نشأ عن الاعتداء كسر عظم.

ب/ اذا نشأ عن الاعتداء اذى او مرض اعجز المجني عليه من القيام باشغاله المعتادة مدة لا تزيد على عشرين يوماً.

ثالثاً: وتكون عقوبة الحبس اذا حدث الايذاء باستعمال سلاح ناري او الة معدة لغرض الايذاء او مادة محرقة..........)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. سراج پێویست ناکات بڕگەکانی تر بخوێنیتەوە، تەنها داوای هەموار کردنی بڕگەی یەك کراوە، کەواتە بڕگەکانی تری پێویست ناکات بخوێندرێتەوە، راپۆرتی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێ. د. ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (4): راپۆرتی هاوبەش:

ماددەی (413) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموار کراو وەك خۆی دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی کە لە یاسای ناوبراودا هاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەوە؟ بەڵێ.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ڕێگامان بدەن ڕوونکردنەوەیەکی یاسایی بدەین ، پێش ئەوەی ئە ندامانی پەر لەمان تێبینی یەکانیان بڵێن، سوپاسی بەڕێزتان دەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ڕوونکردنەوە بدەن.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕوونکردنەوە یاساییەکەمان ئەوەیە، ئێمە لە لیژنەی یاسایی کاتێك کە بڕ یاردرا ئەو ماددە یە وەکو خۆی بمێنێتەوە، واتە غەرامەکە زیاد نەکرێتن، بەربەستەکە بەربەستێکی یاسایی بوو، لەبەرئەوەی لە پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (6) ساڵی (2003) دەرچووە، ئەو یا سایە لە ماددەیی یەکەمیدا دەڵێت بڕی ئەو غەراما نەی کە دە قەکانیان لە یا سای سزادانی ژ مارەی (111)ی ساڵی (1969) هەموار کراو دا هاتووە بەوشێوەیەی خوارەوە دەبن،

یەکەم: سەرپێچییەکان لە (50) دینار کەمتر نەبێ و لە (300) دینار زیاتر نەبێ.

دووەم: کەتن واتە (الجنح) لە 301 دینار کەمتر نەبێ و لە (1500) دینار زیاتر نەبێ.

سێیەم: جینایەت لە (1051) دینار کەمتر نەبێ و لە (5000) زیاتر نەبێ.

ئەو یاسایە لە ماددەی یەکەمی دا تەحدیدی غەراماتی کردووە بۆ موخالەفە، بۆ (جنح)، بۆ (جنایات)، بۆیە هەر تە عدیلێك کە بکرێ لە قانونی عقو بات سەبارەت بە غەرامات، پێویستە یە کەم جار ئەو یا سایە تەعدیل بکرێ، واتا پرۆژە یاسا بۆ هەموارکردنی یا سای ژ مارە (6) ساڵی 2002 پێشکەش بکر ێت، ئینجا دەستکاری غەرامات بکرێ لە ناو قانونی عقوبات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددە یە با ناوی خۆی بنوو سێ؟ تا ناوە کان دەنوو سرێ، خاتوو گەشە فەرموو ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکت هەیە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

د یارە من لە گەڵ لیژ نەی هاو بەش دا ڕا پۆرتم واژوو کردووە، لە ڕووی قانونی یەوە قەنا عەتم کرد بەو موستەمسەکەی کە بەڕێز د.ڤالآ هێنای، بەڵام دوای ڕاوێژکردن بەڕاستی خەڵکانی یا سایی تر کە ڕاو ێژمان کرد وتیان مادام لە ئاستی یەکدایە ئەو دوو یاسایە، تۆ هەر نەصێك دانێیی کە پێچەوانەی ئەو یا سایە بێ

که تەحدیدی غەراماتی کردووە، ئەو ئیلغا دەکات، تۆ بە نەصێك دەتوانی موعالەجەی بکەی بڵێی کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێ کە پێچەوانەی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی (الخاص يقيد العام) لەم حاڵەتەدا، وا نییە؟ د.ڤاڵا فەرموو جەنابیشت ڕوونکردنەوە بدە.

**بەڕێز د.ڤاڵا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە یاسای ژمارە (6)دا هاتووە تەنها غەراماتە، واتا یاسایەکی خاصە، (الخاص يقيد العام)، بۆیە دەست بردن بۆی ئیللا دەبێ بە تەقدیمی پرۆژە یاسا بێ بۆ تەعدیل کردنی ئەو یاسایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس (اللاحق يلغي السابق) ئەوەش دیسانەوە قاعیدەیە، وا نییە؟ بەڕێز د.فرست صۆفی، فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر دەقە ئەصڵییەکە دوو، سێ قسە دەکەم، دەڵێن ماددەی (413) هەڵبگیرێ، وای لێ بکرێ، غەرامەی زیاد بکرێ، لەبەر ئەوەی زیاتر لە ژن دەدرێ، بەڵام ئەوەی کە لە ئەرزی واقیع دا هەیە بەڕاستی هەندێك موستەڵەح کە لە ناو پەرلەمان بەو شێوە نییە، یەعنی حەوادیس و شەڕ، ئەوەی کە ئەو ماددەیە (413) ئەصڵەن هیچ ڕەبتی بە ژنەوە نییە، مەسەلەیەکە یەعنی (الجرح و الضرب و إيذاء العمد)، بڕۆ ئیحصا بکە، ئەگەر ئەوانەی تووشی ئەو ماددانە دەبن زیاتر پیاو نەبن، لەبەر ئەوە ئەو مەسەلە تۆزێك عاتیفی نووسراوە، ئەوە یەك، دووەم،یان/ من تەصەور دەکەم کاتێ کە باسی غەرامە دەکرێ لەبەر ئەوەی لە (جنايات)، لە (جنح)، لە (مخالفات) هەمووی لەسەر ئەساسی مەنزوومەیەکە، یەعنی لەسەر ئەساسی پێوەر دیاری کراوە، ئێمە هەر لێرەوە بێین و بە کەیفی خۆمان زیاد و کەمی بکەین، من پێموایە ئیلتیزام بکەین بەوەی د. ڤاڵا خوێندییەوە، چونکە ئەوە لەسەر ئەساسی مەعاییر دیاری کراوە، دوایی لە ڕووی ڕوحی نەصەکەشەوە ئەوە گریمان کردمانە (500) هەزار، یەعنی هیچ لە مەوزووعەکە ناگۆڕێت، ئەوەی کە ئەو نەصە نەصێکی عامە، نەصێکی موجەڕەدە بۆ عامی جەریمەکە دانراوە، پەیوەندی بە هیچ شێوەیەك بە ژنەوە نییە، پەیوەندی بە ئینسانەوە هەیە، هەر ئینسانێك تووشی زەرب بێ، بە شێوەیەکی عام ئەو نەصانەی لەسەر جێبەجێ دەکرێ، وایشی لێ بکەین لە هەموو نصوصەکان ژن حیسابی بۆ بکەین، یەعنی لەبەر ئەوەی تایبەتمەندی زیاتر بدرێتێ، وەڵلاهی پیاو زیاتر تووشی ئەو جەرائیمانە دەبێ لەوەی کە ژن، بۆیە من تەصەور دەکەم وەکو خۆی کە لە ڕاپۆرتی هاوبەش هاتووە نەصەکە بمێنێتەوە ماددەی (413) باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەڕوان گەڵاڵی، فەرموو.

**بەڕێز حسين إسماعيل حسين (مەڕوان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕای د.ڤالا و د.فرست دەکەم، هەمان ڕەئیم هەیە، دەستت خۆش بێت.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز مامۆستا غريب مصطفی، د.سراج ئاگام لێتە، بەس با ئەندامانی پەرلەمان قسە بکەن، فەرمووو.

**بەڕێز غريب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وا دەبینم ئەوەی کە ئاماژەی پێ کراوە، وەکو کاك د.فرست ئاماژەی پێ کرد، ئەویش شەڕ تەنها لە گەڵ ژن دا نییە، ئەوەی کە کراوەتە بیانوو، چونکە لە حەقیقەت دا شەڕ لەگەڵ پیاویش دەکرێ لەلا یەن ژ نەوە، جار هەیە پیاویش لێی دەدرێ وەکو ژنیش لێی دەدرێ، ئەوەتا ڕێکخراویشیان درو ست کردووە، ئەوە جگە لەوەی ئەگەر عقوبەیەکی راديع هەبێت لە قانون دا، بەڕاستی دوو کەس، دوو هاووڵاتی ئە گەر لە بازاڕ ێك دا، لە عەلوەیەك دا، لە شوێنێك دا دەبێتە کێشەیان، کەس جورئەتی ئەوە ناکات پەنجە بدات لەوەی تر یان، پیاوێك گێڕایەوە و تی لە ولا تی ئ ێران دوو کەس ب بوو بە نیزاع یان، لە سەر جاددە یەك دا شەڕیان بوو، ئەویان دەیووت بەوی تریان دە ئەگەر ئازای پە نجەم لێ بدە، چونکە هەر پە نجەی بەری کەوێ توو شی کێشەی گەورە دەبێ دوایی لە قانون دا، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم کە لە ڕاپۆرتەکە هاتووە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەڵێ/ (بزن تا بزنم)، خاتوو تەلار لطيف، فەرمووو.

**بەڕێز تەلار لطيف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئامانج لە پێشکەش کردنی ئەم پرۆژە یا سایە کەمکرد نەوەی تو ند و ت یژی بوو بەرام‌بەر بە ژ نان، ئێ مە یا سای بەرەنگاربوو نەوەی توندوت یژی خێزا نمان هە یە، لە بەر ئەوەی تا پ لە چوارە، ئەو ژنا نەی توندوتیژیان لە بەرامبەر دا دەکرێ، بەدەر لەو یا سایە دێ نەوە سەر یا سا ئە صڵەکەی کە یا سای سزادانی عیراقی یە، لە ئێستا عقوبەکە زۆر زۆر کە مە، دائیمەن (413) ئارا ستەکەی بەرەو غەرا مە دەڕوات، بۆ یە ئێمە لە لیژنە پەیوەندیدارەکانیش زۆر گفتوگۆمان کرد لەسەر دانانی ئەو غەرامە یە و ز یادکردنی سزاکە، دواتر ئەوە بوو ڕەئ یەکان وا بوو ئەو یا سایە هە یە، بەڵام من ئێ ستا بەڕا ستی لە گەڵ ئەوەدام پ شتگیری قسەکانی خاتوو گە شە دە کەین بەزیادکردنی ئەو نە صە، ئێ مە دە توانین موعالەجە یەکی ئەم حاڵە تەش ب کەین، ببی نە پاڵپ شتێ بۆ چاککردنی ماددەی (413)، هەروەها کارکردن بۆ ئەوەی موعالە جەی ئەو حالەتەی یاسای توندوتیژی خێزانیش دە کەین، لە هەمان کاتیش دا دەبێ تە هۆکار ێك بۆ کەمکرد نەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك دلێر مصطفى، فەرموو.

**بەڕێز دلێر مصطفى حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ڕەفز کردنی لیژنەی یاسایی بۆ زیادکردنی بڕی غەرامە زۆر لە جێگای خۆی دا نییە، چونکە غەرامات یاسای (111)ی (1969) بۆ دەیان ساڵ پێش ئێستا نووسراوە، کە پارەی ئەو کاتە بە قیمەت بوو، ئێستا ئەوە نییە، ئەوەی د. ڤالاش یەعنی ئەگەر بە پرۆژە بڕ یارێکیش بێت، ئەوە بە شێك لە ستراتیجییەتی ڕەدع، ڕەدعی جەریمە هەوڵ بدەین هەموو ئەو غەرامانەی کە پەیوەندیدارن بە یاسای (111)ەوە، بکرێتە چوار قات، یان غەرامەکان زیاد بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو بەهار عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتە نیزامیم هەبوو پێش گفتوگۆکان، داوای ڕوونکردنەوە لە لیژنەی یاسایی دەکەم، یاسای غەرامات کە ئەو بڕانەی دیاری کردووە، ئێمە دەزانین بە پێی ڕۆژگار ئەو بڕانە کەم و زیاد دەکات، لە ئێستادا ئێمە گفتوگۆی یاسایەك دەکەین، ئەگەر پێمان کەم بێت، یان پێمان زیاد بێت لەگەڵ یاسای غەرامات چۆن ئەو هاوسەنگی یە بکەین؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ڕوونکردنەوەشیان هەیە، ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدەن، ئێستا لیژنە پەیوەندیدارەکان، بەڕێز د. سراج، فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز.

ئێمە وەکو لیژنەی ئەوقاف پاڵپشتی ڕای لیژنەی یاسایی دەکەین، بەڵام لە ڕووی مەنتیقییەوە بەڕاستی مەنتیقی نییە ئەعلا سەقفی لێدان (225000) دوو سەد و بیست و پێنج هەزار دینار بێ لە ڕۆژگارێکی وەکو ئەوڕۆ، لەبەر ئەوەی هەندێك لێدان هەیە بەڕاستی کاریگەری زۆر خەراپ لەسەر جەستەی مرۆڤ دەهێڵێتەوە، جا بۆ ژن بێ، بۆ پیاو بێ، بۆ هەر حاڵەتێکی دیاری کراو بێت، ناکرێ لێدان جاری وا هەیە یەعنی بەشێوازێکە ئینسان تووشی شێواندن دەکات، جا بۆیە ئێمە لێرە وەکو لیژنە داوا دەکەین کەوا قانونی غەرامات داوای تەعدیل بکرێت، یاخود لێرە ئەو غەرامەیە سەقفی ئەعلای زیاد بکرێت، ناکرێ هەر جۆرە لێدانێك بێ سەقفی ئەعلای (225000) دوو سەد و بیست و پێنج هەزار دینار بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز د.ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لیژنەی پەیوەند یدارەكان ئیسنادمان لە سەر خودی یاسای عقوبات نەكردووە، كە ساڵی (1969) دەرچووە، بەڵكو ئیسنادمان لەسەر یاسایەك كردووە كە لە ساڵی 2002 دا دەرچووە، بڕی غەرامەكەش كە لەو یاسایەدا هاتووە بڕێكی كەمە، ئێمە هەموو لەگەڵین، بەڵام ئێمە داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەكەین كە پرۆژە یاسایەك پێشكەش بكەن بۆ هەموار كردنەوەی ئەو یاسایە، چونكە كاتێ كە ئەو یاسایە هەموار دەكەینەوە لە ماددەی یەكەمی دا، ئەو كات زۆر بە ئاسانی دەتوانین ئەو بڕی غەراماتانەش كە لە ناو قانونی عقوبات دا هەیە و بە كەمی دەزانین زیاد بكرێت، ئەو كات ڕێگری یاساییمان نابێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر باشتر وایە لیژنەی یاسایی خۆی هەستێ بەم كارە، ئەوە باشترە، بەڕێز د.بەهار، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش دووپاتی دەكەمەوە كە ئێمە لە لیژنەی یاسایی كە لە ڕاپۆرت دا داوامان كردووە ماددەی (413) وەك خۆی بمێنێ، بە مەعنای ئەوە نییە ئێمە ئەو غەرامەیەمان پێ قبووڵە، بەڵام ئەو یاسای غەراماتە كە هاتووە دوو جار خاصە، یەكەمیان خاصە بە غەراماتەوە، دووەمیان خاصە بەو غەراماتانەی كە لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (111)ی ساڵی (1969)دا هاتووە، واتا تۆ لە یاسایەكی تر دەتوانی، لە یاسای تووندوتیژی خێزانی دەتوانی ئەوە لابدەی، بەس لێرەدا دوو جار خاصە، بۆیە نەمانتوانیوە لێی لابدەین، بەڵام وەكو (مبدأ) ئێمەش لەگەڵین، لەگەڵ تەعدیل كردنەكەداین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز د. فرست صۆفی، نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا دەقەكەم لەبەر دەست دا نییە، بەس لە ساڵی (2011) ئەو مەبلەغانە هەموو لێرە بەراورد كراوە، یەعنی هەموو گۆڕاوە، ئەو هەزار دینار و پێنج سەد دینارە نەماوە، ئێستا نەصەكەم لەبەر دەست نییە ئەگەر نا دەمخوێندەوە، هەمووی بوویتە پێنج سەد هەزار و دوو سەد و پەنجا هەزار و سەد و پەنجا هەزار، یەعنی ئەوە گۆڕاوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باش، بەڕێز كاك عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەصەکە لێرە کە هاتووە دەڵێ ( من إعتدى عمداً على آخر بالجرح أو بالضرب أو العنف أو بإرتكاب أي فعل..)، با ئێمە بێینە سەر مەبلەغەکە، نووسراوە (225000) دوو سەد و بیست و پێنج هەزار دینار لە دەقی قانونەکە، ئەو دوو سەد و بیست و پێنج هەزارە هی ئێستایە؟ پێم خۆشە لیژنەی یاسایی پێمان بڵێ ئەو دوو سەد بیست و پێنج هەزار دینارە چییە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە موعەدەلی هاتۆتە لای تۆ، ئەو کتابە بە تەعدیل کراوی هاتووە.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

بەڵێ موعەدەلە، نووسراوە موعەدەل، هی ئەمڕۆیە بەڵێ، یەعنی پارەکە زیاد کراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئەو دوو سەد بیست و پێنج هەزارە پارەی ئێستایە، کەواتە ئێستا دوو ڕا هەیە.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، کەواتە چۆن ئەوە تەعدیل کراوە لەگەڵ ئەو یاسایەی کە بەڕێز د.ڤالا دەیڵێ؟ بۆچی لێرە تەعدیل کراوە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕیارێکی تر هەیە، ئەو بڕیارە کە سوڵتەی ئیئتیلافی موەقەت (خلال فترة مابين 15 تشرين الأول 2003 و 15 كانون الثاني 2004) سەبارەت بە عوملەی عیراقی جەدید و مەعدەنی و وەرەقی دەری کردووە، لەو بڕیارەدا هاتووە کە (أستبدلت، سعر الدينار السويسري القديم يعادل (150) دينار جديد)، لێرە ئێمە ئیسنادمان لەسەر ئەو بڕیارە کردووە، کە بڕیارێکی یاسایی یە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کەواتە ئێستا دوو ڕا هەیە، ڕایەکیان ئەوەیە کە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بڕی غەرامەکان بە یاسایەکی تایبەت، بە هەموارکردنی یا سای غەرامات یا سای سزادانی عیراقی چارەسەر بکرێ، ڕای دووەمیشیان ئەوەیە کە ئەم غەرامەیە لێرەدا گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەشێوەیەك کە لە (500000) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە (3000000) سێ ملیۆن دینار زیاتر نەبێ، ڕای لیژنەی هاوبەش دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ عقوبەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە و دواتر بە

پرۆژە یاسایەکی هەموار کۆی غەرامات دەستکاری بکرێت و چاك بکرێتەوە، (40) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (4) کەس دژیەتی، کەواتە پەسند کرا، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، ماددەی (5).

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (5)

بڕگەیەك بۆ ماددەی (414) زیاد بکرێ بەم شێوەیە:

(إذا نشأ الإعتداء أذى أو مرض أدى إلى عجز المجني عليه بصورة دائمية تكون عقوبته السجن).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە بڕگەیەك زیاد دەکرێ بۆ ئەو ماددەیە، ئەصڵی ماددەکە باسی چی دەکات؟ بخوێندرێتەوە باشە.

**بەڕێز د.سراج شێخ أحمد:**

المادە (414):

اذا توفر في الاعتداء المذكور في المادتين (412، 413) احدى الحالات التالية اعد ذلك ظرفا مشدداً:

اولاً: وقوع الفعل مع سبق الاصرار.

ثانياً: وقوع الفعل من قبل عصابة مكونة من ثلاث اشخاص فأكثر اتفق على الاعتداء.

ثالثاً: اذا كان المجني عليه من اصول الجاني.

رابعاً: اذا ارتكب اعتداء ضد موظف او مكلف بخدمة عامة اثناء تأدية وظيفته او خدمته او بسبب ذلك.

خامساً: اذا ارتكب اعتداء تمهيداً لاتكارب جناية او جنحة معاقب عليها بحبس مدة لا تقل عن سنة او تسهيلا لارتكابها او تنفيذاً لها او تمكيناً لمرتكبها او شريكه على فرار او تخلص من العقاب.

داوای زیادکردنی بڕگەیەك دەکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە، ڕاپۆرتی هاوبەش؟ د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (5): ڕاپۆرتی هاوبەش:

ماددەی (414) لە یا سای سزادانی عێرا ڨی ژ مارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموار کراو وەك خۆی دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی کە لە یاسای ناوبراودا هاتووە.

ڕوونکردنەوە بدەین بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڵێ، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە ڕاپۆرتی هاوبەش ئیشارەتی پێدراوە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە ئەوەیە کە سەنەدێکی قانونیمان هەیە و ئەویشیان ئەوەیە ئەم هەموار کردنەی کە هاتووە و ئەوەی کە داوا دەکرێ هەر خۆی لە بڕگەی (2) لە ماددەی (412) داهاتووە، کە دەڵێ (وتكون العقوبة بالسجن مدة لاتزيد على (7) سنوات أو بالحبس اذا نشأة عن الفعل عاهة مستديمة دون ان يقصد الجانى احداثها) عاهەی موستەدیم واتە عەجزی مەجنا عەلیەی بە سورەی دائیمی، پاشان ماددەی (414) دێت کە تایبەتە بە بارە توندکەرەکان.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق( سەرۆکی پەرلەمان):**

د.سراج ڕوونکردنەوەی زیاترت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بیزەبت ڕەئی ئێمەش وەکو لیژنەی ئەوقاف هەمان ڕایە، ئەو ماددەی کە ئەوان داوایان کردووە لە پرۆژە یاسایەکە بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێ، ئەو بڕگەیەی کە ئەوان داوای دەکەن زیاد بکرێ تەنها لە ماددەی 412 لە بڕگەی (2) زۆر بە وازحی و ئاشکرایی هاتووە، هەر ویستم تەوزیحەك بدەم بۆ ئەندامانی بەڕێز.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق( سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە با ناوی خۆی بنووسێ؟ خاتوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطيف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا کردن بۆ زیادکردنی ئەو بڕگەیە بۆ ماددەی (414) مەبەستلێی ئەوەیە کە ببێ بە زەرفێکی موشەددەد، یەعنی ئەمەی لێرە هاتووە ئەو حاڵەتانەی کە دەبێ بە زەرفێکی موشەددەد تیایدا دیاری کراوە، ئەگینا لە ماددەی (412) لەگەڵ (413) حاڵەتەکانی جیاوازە بەس لێرە ئەمانەی ئێمە ئیزافەمان کردووە بۆ ئەمە لەبەرئەوەی دەبێ بە زەرفێکی موشەددەد، یەعنی داوا کردنەکە و مەبەستەکە لێرەدا دەبێ بێتە سەر ئەو خاڵانە و خاڵی شەشەم، بۆ ئەویش ببێتە زەرفێکی موشەددەد لە کاتێك دا کە ئەو.......... .

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق( سەرۆکی پەرلەمان):**

ئاخر ئەگەر بە ماددەیەکی تر موعالەجە کرابێ، لە شوێنێك ناوی هێنرا بێ و دوایی دەتوانرێ جارێکی تر بکرێ بە زەرفی موشەددەد؟ تەلار خان فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە دەتوانرێ وەکو زەرفێکی موشدەد ئەو حاڵەتانە، چونکە دووبارە و سێ بارە دەبێتەوە، ئەگەر لەوێدا ئیزافە بێ وەکو زەرفێکی موشەددەد باشترە، چونکە ئەو حاڵەتانەی کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە زیاتر ئەو بڕگەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە سوپاس، د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ بەڕێز لیژنەی یاساییمە لەگەڵ لیژنەی ئەوقاف د. سراج و د. ڤالا، ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەگەر بگەڕێیەوە سەر ماددەی (412) بە سەریحی ماددەی (2) ئەو کێشەیەی حەل کردووە بە عقوبەی زەرفی موشەددەدکە هەر لە خودی یاسایەکەی لە ماددەی (414) باس کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، لیژنە پەیوەندارەکان ڕوونکردنەوەی خۆتان دا، پێموابێ ئیتر پێویست ناکات ڕوونکردنەوەی زیاتر بدرێ و بیخەینە دەنگەوە، دوو ڕا هەیە، ڕایەکیان ئەوەیە کە ئەو ماددەیە، ماددەی (414) وەکو خۆی بمێنێتەوە و هیچی بۆ ئیزافە نەکرێ، ڕای دووەم ئەوەیە کە بۆی ئیزافە بکرێ، بڕگەیەکی تری بۆ ئیزافە بکرێ و بکرێ بە بڕگەی شەشەم کە ئەگەرلە ئەنجامی دەستدرێژی کردن ئازار یان نەخۆشیەك یان عەجزێکی بەردەوام دروست بوو ئەوا زەرفی موشەشدەدی بۆ حساب بکرێ، ڕای ڕاپۆرتی هاوبەش دەخەینە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، (41) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (4) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی دوای ئەوە ماددەی (6) د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (6) ماددەی (379) بڕگەی یەکی ئەم یاسایە هەموار دەکرێت بەزیادکردنی سێ بڕگە:

أ/ سکاڵا لە مەڕ زینا بە سەر دەچێ و مافی شارستانی نامێنێ بەمردنی هاوسەری سکاڵاکار بە مەرجێك مردنی هاوسەری سکاڵاکار لەلایەن زەوجی زانی و عەشیقەکەیەوە نەبووبێ.

ب/ دەست هەڵگرتنی مێرد لە دادگایی کردنی پیاوە زیناکارەکە بەهەمان شێوە بە دەستهەڵگرتن لە دادگایی کردنی ژنەکە دەژمێردرێت.

ت/ هەمان حوکم جێ بەجێ دەکرێت ئەگەر ئافرەت تەنازولی کرد لە دادگایی کردنی پیاوە زیناکارەکەی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆکی پەرلەمان):**

بەس ئەمە ئەگەر پەسەندیش بکرێ ئەبێ بکرێتە ماددەی (1) دەقی ماددەکە لە یاسای سزادانی عیراقی؟ د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (379):

اولا: تنقضي دعوى الزنى ويسقط الحق المدني بوفاة الزوج الشاكي او تنازله عن محاكمة الزوج الزاني او برضا الشاكي بالعودة الى معاشرة الزوج الزاني قبل صدور الحكم النهائي في الدعوى، ويعتبر تنازول الزوج عن محاكمة زوجته الزانية تنازلاً منه عن محاكمة من زنى بها.

ثانياً: وللزوج كذلك ان يمنع سير في تنفيذ الحكم الصادر على زوجه واذا توفى الشاكي يكون لكل من اولاده من الزوج المشكو او الوصي عليهم ان يمنع السير في تنفيذ الحكم).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆکی پەرلەمان):**

د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/6

ماددەی (379) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموار کراو وەکو خۆی دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی کە لە یاسای ناوبراودا هاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە ڕوونکردنەوە بدەن بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی دەقی ماددەکە خۆی چییە و هەموارەکە داوای چی کردووە و بۆچی داوای دەکەن وەکو خۆی بمێنێتەوە؟، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە لە هەموارەکە داوای کراوە هیچ شتێکی زیاد نییە لەوەی کە لە یاسایەکەدا هەیە، ئەوەی کە داواکراوە هەمووی لە یاسایەکەدا هەیە، مافی شارستانی نامێنێ، هەمان حوکم بەسەر ئافرەتەکە جێ بەجێ دەکرێ، هەمووی هەیە، بۆیە ئێمە داوامان کردووە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ خاتوو شکریە فەرموو.

**بەڕێز شكریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئەگەر بەوردی لەم ماددەیە وردبینەوە، كەموكورتیەكی زۆری تێدا هە یە، بۆ یە من داوای ز یاد كردنی سێ بڕگەم كردووە، لەبڕگەی یەكەم ستەمێكی زۆر لە پ یاو كراوە، لە بڕ گەی دوو لەكۆتایی دا دوو ستەم لە ئافرەت كراوە، بۆیە ئافرەت و پ یاو دوو درو ستكراوی خوای گەورەن، لە سزا و پادا شت و عەفو كردن خوای گەورە وە كو یەك بۆی دا ناون، بەڕێز سەرۆكی پەر لەمان یەعنی ئە گەر لە بە شی یە كەم وردبی نەوە، بیزە بت ڕووداوێ كی لەم شێوازە لە هەرێمی كورد ستان ڕوو یداوە، پیاو ێك سكاڵای لە سەر خێزانەكەی و دۆستەكەی تۆمار كرد، پاشان هەردووكیان گیران، پیاوەكە تۆزێك شارەزایی هەبوو، گیراوە كە، واتە تاوانبارەكە شارەزایی لە یاسا هەبوو، بیری لەوە كردەوە چۆن دەربچێت و ڕز گاری ب بێ لە بەندیخا نە، بۆیە بە پارە كەسێكی تەوسیە كرد كە پیاوی ئەو ئافرە تە ب كوژێ كە ئەو دۆ ستایەتی لە گەڵی هەبوو، وە فیعلەنیش كوشتی، ئێستا ئەم پیاوە لە جادە دە سوڕێتەوە، بەڵام م ێردی ئافرەتە كە هەم شەرەفی چوو و هەم كوژراش، بۆ یە من داوام كردووە ئەو بڕگە یە ز یاد ب كرێ، سكاڵا لە مەڕ زی نا بەسەردە چێ و مافی شارستانیەتی نامێنێ بەمردنی هاوسەری سكاڵاكەر، بەمەرجێك مردنی هاوسەری سكالاكار لەلا یەن زەو جی زیناوە، عاشقەكەوە نەبێ، ئەگەر پیاوەكە كە گیراوە دۆستەكەی دەستی لە كو شتنی نەبێ، یەعنی بە مەرج بگیرێ، یەعنی چۆن دەكرێ، خۆ ئەم حاڵەتانە هەیە و ئەمە ڕوویداوە بە واقع، لەڕاستی دا ئایا ئەمە ستەم نییە لە پیاوەكە دەكرێ! حاڵەتی دووەم و سێیەم، سەیركەن لە دوو حاڵەت ستەم لە ئافرەت دەكرێ، بزەبت حاڵەتێكی لەم شێوازە ڕوو یداوە لە هەرێمی كورد ستان، پیاو ێك كە سكاڵای لە سەر ئافرەتە كە و دۆ ستی ئافرەتەكەی تۆمار كردووە، پاشان ئەم پیاوە لەگەڵ دۆستی ئافرەتەكە سوڵحی كردووە بە پارە، یەعنی ئەو پیاوە بەربووە، بەڵام حاڵەتی تو ندكاری سزا لە سەر ئافرەتە كە هەر ماوە، بۆ یە من داوام كردووە ئە گەر پیاوەكەی عەفو كرد، مەفروزە ئافرەتەكەش بە بەر عەفوە كەی ب كەوێ، لەبەر ئەوە لە یا سایەكە وادەڵ ێت، یەعنی پێچەوانەكەی بۆ نەبێت، بۆ ئافرەتەكە هەر توندكاری سزایی لە سەر بمێ نێ، حا ڵەتێكی تر ئە گەر هاتو بیزەبت ئەمەش ڕوویداوە لە هەرێمی كوردستان، ئەگەر ئافرەتەكە سكاڵای لەسەر خیانەتی زەوجی لە پیاوە كە و لە عا شقی پیاوە كەی كرد، پا شان لە گەڵ پیاوە كەی خۆی پێكها تەوە پیاوە كەی عەفو كرد ئافرەتەكە هەر لە سجن دەمێنێتەوە و توندكاری سزای یاسایی لە سەر دەمێنێ تەوە، ئا یا ئە مە ستەم نی یە لەئافرەت؟ یەعنی لەدوو حاڵەت ستەم لە ئافرەت دەكرێ ئەگەر عەفو هەیە لە یاسادا لە هەردوو حاڵەتە كە لە بۆ پیاوەكە دەبێ و ئەی بۆ بۆ ئافرەتەكە نەبێ؟، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆكی پەرلەمان):**

خاتوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطيف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ڕا پۆرتی هاو بەش دە کەم، لەبەر ئەوەی بەڕا ستی ئینقیـتاع و تەنازول زۆر بە واز یحی لە ماددە کەدا هاتووە و تە سبیت بووە و جێـگا کراوە تەوە، پێویـست بە ئیزا فە کردن نا کات، ئەو حا ڵەتی کوشتنەش کە باسکرا ئەوە لە ماددە یەکی دیکە و بە پـێی ئیـسپات و دەلائـیل دە توانێ، شێوازی مامە ڵەی جیاوازە لەڕووی تەحقیقی و لەڕووی دادگا کانی جینایاتیـشەوە ئەوا ئەو کا تە دادوەر خۆی مامەڵە یەکی جیاوازی لەگەڵ ئەو حاڵەتە دەکات و،زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆکی پەرلەمان):**

د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ڕاپۆرتی هاوبەشم، بەڕاستی هەموارکراوەکە هیچ فەرقی نیـیە لە گەڵ دەقە کەی، هەروەکو لیژنەی هاوبەش گوتی لەگەڵیانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆکی پەرلەمان):**

لەگەڵ ئەوەی ماددەکە ناڕوونیەکی تیایە و نازانم هەندێ لەو سەرنجانەی خاتوو شکریە اسماعیل باسی کرد وەجاهەتی تیایە، وای دەبینم وەکو ڕای شەخـسی خۆم، بەڵام دەنـگدانی ئە ندامانی پەر لەمان ئەم بابە تە یەکلادەکا تەوە، دوو ڕا هە یە، ڕا یەکیان ئەوە یە کە لە ڕا پۆرتی هاو بەش دا هاتووە بەو شێوەیەی خۆی بمێنێتەوە، ڕایەکەی تریان ئەوەیە کە بۆ هەندێك زەمانات کە پێویست دەکات بۆ پـیاو و بۆ ژن دە ستکاری بـکرێ و هە ندێ تە عدیلاتی تـیا بـکرێ بەو شێوەیەی کە لە پرۆژە یا سا پێـشنیارکراوەکەدا هاتووە، ڕای هاوبەش دەخەیـنە دەنـگەوە کێ لە گەڵ ئەوە یە کە وە کو خۆی بمێنێـتەوە؟ (35) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (7) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی (7) لەڕاپۆرتی هاوبەش.

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (7) پێویستە لەسەر لایە نە پەیوەند یدارەکان حوکـمەکانی ئەم یا سایە جێـبەجێ بـکەن، لە تەبع ئەنجومەنی وەزیران هاتووە، بەڵام (پێویـستە لە سەر) لە بەر ئەوەی پەیوەند یدارە بە سولتەی قەزائیش، بۆیە پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە بەو شێوەیە خوێندرا یەوە؟ کەس نیـیە، کەوا تە کێ لەگەڵیەتی بەو شێوەیە کە خوێندرایەوە؟ (49) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ کەواتە پەسەند کرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (8) ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ماددەکە؟ کەس نییە قسەی هەبێ، کەواتە کێ لەگەڵیەتی بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە؟ (46)کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسەند کرا، هۆیەکانی دەرچواندن. د. ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچواندن لە پێناو بەرجەستەکردنی دادگەری و هێنانەکایەی کۆمەڵگا یەکی دوور لە توندوتیژی جیاکاری ڕەگەزی ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر هۆیەکانی دەرچواندن، کەس هەیە؟

کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بۆچوونی من وشەی بەرجەستە ئا لێرەدا زەعیفە، لەبەر ئەوەی ئەمە قانونە ئەبێت، یەعنی موتلەق بێت وەکو ریازیات لە جیاتی وشەی بەرجەستە بەم شێوەیە بێ یەکێك لەم دوو کەلیمەیە لە پێناو چەسپاندنی دادگەری، ئینجا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستەبەرکردن جوانتر نییە؟

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرجەستە زەعیفە، ئەگەر مەبەست چەسپاندن و جێبەجێ کردن بێ، بەڵێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەری بگرن ئەو ڕایە. کاك محمود گومانت هەیە؟ کاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

پشتیوانی لە ڕای کاك ئاری دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پشتیوانی هی لیژنەی پێشمەرگە .

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیارەكەی بەڕێز كاك ئاری دەكەین، بۆیە بەو شێوەیە دامانڕشتەوە، هۆ یەكانی دەر چواندن لە پێناو چە سپادنی داد گەری و هێنا نە كا یەی كۆمەڵگا یەكی دوور لە توندوتـیژی جیا كاری رە گەزی ئەم یاسایە دەرچوێنـرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵیەتی بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە؟ (56) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژ یەتی؟ (1) كەس دژ یەتی، كەواتە پەسەند كرا كێ لە گەڵ كۆی یا ساكەیە بەو شێوەیەی خوێندرا یەوە؟ (57) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی دژی هەموو یاساكەیە؟ ئێ خۆ هەر یەك ماددەیە، یەك ماددە دەستكاری كراوە؟ (3) كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا، پیرۆز بایی لە خەڵكی كورد ستان ئە كەین بە بۆ نەی دەر چوونی ئەم یا سایەوە، زۆر سوپاس بۆ لیژنە پەیوەندیدارەكان/ ئەتوانن بگەرێـنەوە شوێنەكانی خۆ تان تەنها لیژ نەی یا سایی لە سەر مینەسە بمێنێتەوە بۆ دەست كردن بە بڕگەی دووەم لە بەرنامەی كاری دانیشتنی ئەمڕۆمان، فەرموون.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە بریاری یەكەم: بریتیە لە پرۆژە بڕیاری ناونانی شاری رانیە بە پایتەختی ئازادی، ئەم پرۆژە بڕیارە لە شەش بڕگە پێكهاتووە، لەگەڵ هۆ یەكانی دەر چواندن لەلا یەن ژ مارەی یا سایی لە ئە ندامانی پەر لەمان پێشكەش كراوە ئە مە ناوەكانیا نە: 1. سۆران عـمر 2. مەروان گەلاڵی 3. شوكریە شێخانی 4. هەورامان گەچێنەی 5. نجیبە لطیف 6. سهام عمر 7. منیرة عثمان 8. زولفا محمود 9. محمود حاجی عمر 10. رۆزا محمود 11. عادل عزیز 12. برزۆ مجید 13. علی حەمە صالح 14. ئومێد حەمە علی 15. انور قادر 16. حـسن صالح 17. عـبدالرحمن عـلي ر ضا، داوا كارین لە بەرێزتان ئەم پرۆژە بڕ یارە ئارا ستەی لیژ نە پەیوەندیدارەكان بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یا سایە ئارا ستەی هەردوو لیژ نەی ناوخۆو یا سایی پەر لەمان و گ شت ئە ندامانی پەر لەمان دەكرێت.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە بریاری دووەم: بریتیە لە پرۆژە بڕیاری بە پارێزگار كردنی ئیدارەی گەرمیان، ئەم پرۆژە بریارە لە شەش بڕگەو هۆیەكانی دەرچواندن پێكهاتووە لە لایەن ژ مارەی یا سایی لە ئە ندامانی پەر لەمان پێ شكەش

کراوە کە ئەمە ناوەکانیانە ( 1- بێستون فائق- 2- محمود حاجی عمر، 3- برزۆ مجید، 4- ئومێد حەمە علی، 5- فائق مصطفی، 6- عبدالرحمن علی، 7- ایوب عبدالله، 8- سالار محمود، 9- شێرکۆ حەمە امین، 10- ئێڤار ابراهیم، 11- ابوکاروان، داواکارین لە بەڕێزان ئەم پرۆژە بڕیارە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە بڕیارە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی کارو باری یاسایی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت. خاتوو مریم فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، دیارە لە جەلسەکانی رابردوو، لە جەلسەی ئەمرۆشدا کۆمەڵێك پرۆژە لەسەر پرسی بە پارێزگا بوونی بەشێك لە ناوچەکان لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی کراوە، دەست خۆشیان لێدەکەین خراوەتە بەرنامەی کارەوە، بەڵام ئەمە لە کاتێدایە ئێمە بەراستی تاوەکو ئێستا لە ساڵی (1999)ەوە بریاری (4) قەزا هەیە کە بکرێت بە پارێزگا، بەڵام جگە لەوەی پارێزگای هەڵەبجە دروست کراوە ئەوکانی کە نەخراوەتە بواری جێبەجێ کردنەوە بۆیە من لێرەوە جگە لەوە، داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە تاوەکو ئێستا چەند یاداشتێك ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی کراوە، لەسەر پرسی بە پارێزگا بوونی دەڤەری ڕاپەرین، هەروەها سۆران و زاخۆ لێرەوە داوا لە بەڕێزتان و لایەنی بەرپرس کە حکومەتە یان ئەو جیهەتەی کە پەیوەستە بەو بڕیارەوە گەشتی پەرلەمان بکرێ بە تایبەتی ئەو یاداشتەی کە لەسەر پرسی بە پارێزگا بوونی رانیە، تاوەکو ئێستا ئاراستەی بەڕێزتان کراوە بخرێتە بەرنامەی کارەوە بۆ گفتووگۆ کردن، بانگهێشتی لایەنی بەرپرس بکرێت، بۆچی تاوەکو ئێستا ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکراوە، هەروەها بۆ ئەوەی بەرچاوی هاووڵاتیان روون بێت لەسەر ئەو پرسە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من ئەمەوێ روونکردنەوەیەك بدەم بە دەستان، بەڕێزان ئەو پرۆژە بریارانەی یان ئەو پرۆژە یاسایانەی کە خوێندنەوەیان بۆ کراوە تا ئێستا لە پەرلەمانەوە بۆ بە پارێزگا بوونی قەزاکانی هەرێمی کوردستان، ئاراستەی حکومەتی ئەکەین، بۆ ئەوەی حکومەت رای خۆی لەسەر بدا بە دڵنیاییەوە پەیوەندی بە سیاسەتی جێبەجێ کردنی هەموو هەرێمی کوردستانەوەیە، بۆیە پێویست ئەکات حکومەتیش رای خۆی لەسەربدا، بە تایبەتی لەم دۆخەی کە قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئیستیحداس کردنی پارێزگاکان ڕەنگە کارێکی هەروا ئاسان نەبێ، پرسی بە پاریزگا بوونی هەڵەبجەش لە راستیدا تەنها پەیوەندیدار نەبوو بە هەرێمی کوردستان، یەعنی لەسەر ئاستی عێراقیش کۆدەنگی لەسەر هەبوو، تەنانەت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش پرۆژە یاسای بۆ ئەوە پێشکەش کرابوو، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ناردیەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بۆیە یەعنی پارێزگای هەڵەبجە کە لە خولەکانی پێشووش قسەی لەسەر

کراوه، لەلا یەن حکومە تەکانی پێ شووی هەرێمی کورد ستانیش کاری لە سەر کراوه پر سێك بووه تایبەتمەندیەکی خۆی هەبووه، یەعنی پەیوەندی بە لامر کزی ئ یداری لە هەرێمی بە کۆی پارێزگا کانی تریش، لەگەڵ حکومەت تەنسیق دەکرێ بە تایبەتی لیژنەی ناوخۆ بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاگاتان لێ بێ لیژنەی ناوخۆ ئەتوانێ، لەگەڵ حکومەت ئەم پرسە تاوتوێ بکات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باش بتوانرێ ئەم مەسەلەیە دیرا سە بکرێ وە بڕیار ێك بدرێ لە خز مەتی هەموو هەرێمی کورد ستاندا بێت، هەموو قەزاکان و بە تایبەتی ئەو قەزانەشی کە داوای پارێزگای سەربەخۆ ئەکەن لە قازانجی هەموو لا یەك بێت، ئەگەر نوقتەی نیزامیەکانتان پەیوەندیدار نییە بەو بابەتە با کۆتایی پێ بێنین.

خاتوو فیروز فەرموو.

**بەرێز فیروز طە عبدالخالق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی هەروەسا پشتگیریا ئاخفتنا بەرێز مریەم خانێ دکەم بەس من دڤێت راستکرنەك بدەم بڕیارا ژمارا یازدە (11) ل (1999/9/22) بڕیارا پارێزگەهـ بوونا هەر چار باژێرێن کوردستانێ بوو، ئاکرێ و سۆران و رانیە و هەڵەبجە، نە زاخۆ بوو من دڤیا بەس راستکرنەڤە بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەرێز محمد سعید صادق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من فیروز خان کردی پشتگیری لە فیروزخان و لە خاتوو مریەم خان دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان بەم شێوەیە دانیشتنەکەمان کۆتایی پێهات، زۆر سوپاس بۆ ئێوە.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان  عێراق** | **کوردستان  عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)ی**

**چوار شەممە ڕێکەوتی 13/4/2015**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)

## چوارشەممە ڕێکەوتی 2015/4/13

کا تژمێر (11)ی پێش نـ یوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێ کەوتی 2015/4/13 پەر لەمانی کورد ستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یو سف محمد صادق سەرۆکی پەر لەمان و، بە ئا مادەبوونی بەڕێز جعفر ا براهیم ئێمینـ کی جێ گری سەرۆك و، بەڕێز فخرا لدین قادر سکرتێری پەر لەمان, دانیـ شتنی ژ مارە (8)ی خولی چوارەمی, ساڵی (2015) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژ مارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کورد ستان - عـ ێراق, دە ستەی سەرۆکایەتی پەر لەمان بڕ یاری دا دانیـ شتنی ژ مارەی (8)ی خولی گر ێدانی دووە می ساڵی یە کەم لە خولی چوارەمی هەڵ بژاردن لە کات (11)ی پێش نـ یوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2015/4/13 دا بەم شێوەیە بێت:

1 گفتوگۆ کردنی پرۆژ یاسای ئامادە کرد نی پرۆژەی دە ستووری هەرێمی کورد ستانی عـ ێراق بۆ ڕاپر سی بەپێی مادەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کورد ستان ژ مارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

2- گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پاراستنی مافەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاین و تیرە ئاینیەکان لە هەرێمی کوردستانی عـ ێراق بەپێی مادده کانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەر لەمانی کورد ستان ژ مارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کورد ستان دە ست پێ ئە کەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیـ شتنی ژ مارە (8)، ڕۆژی دانیـ شتن (2015/4/13)، بەرنا مەی کار، بەپێی حوکـ مەکانی بڕ گە یەکی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، ژمارە (1) ی ساڵی ( 1992 ) ی هەموار کراو، دە ستەی سەرۆکایەتی پەر لەمان بڕیار یدا کاتی دانیـ شتنی ژ مارە (8) ی خولی بەهارە لە خولی هەڵ بژاردنی چوارەمی پەر لەمان لە کا تژمێر (11) ی پێش نـ یوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە، ڕێ کەوتی (2015/4/13) بەرنامەی کاری دانیشتن بەم شێوەیە بێت:

1 گفتوگۆ کردنی پرۆژ یاسای ئامادە کرد نی پرۆژەی دە ستووری هەرێمی کورد ستانی عـ ێراق بۆ ڕاپر سی بەپێی مادەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کورد ستان ژ مارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

2- گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پاراستنی مافەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاین و تیرە ئاینیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

بەرێزان بەبۆنەی هاتنی ساڵڕۆژی کارەساتی مەرگباری ئەنفال و جینۆسایدکردنی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەلایەن ڕژێمی پێشوو، سبەینێ ئەو رۆژە بەدناوە ساڵڕۆژی دەستپێکردنیەتی، و لە چەند قوناغێکی جیاواز دا ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی هەرێم لە سەرجەم ناوچەکانی تێدا بوونە قوربانی، بەم بۆنەیەوە دەقیقەیەك بەبێ دەنگی ڕائەوەستین، سوپاس، بەخێراهاتنی ئەو کۆمەڵە گەنجە ئەکەین کە پێش دەستپێکردنی دانیشتنی ئەمڕۆ هاتنە بەردەم پەرلەمانی کوردستان و ئەو شانۆگەرییەیان پێشکەش کردین، هەڵبەتە داوایان لێ کردین ئەمڕۆ دانیشتنەکەمان بە پێوە ئەنجام بدەین، بەڵام داوای لێبوردن ئەکەین، ناتوانین دەنیشتن بەپێوە ئەنجام بدەین، بەخێرهاتنتان ئەکەین، داوای لێبوردنیش لە ئەندامانی پەرلەمان ئەکەین بەهۆی ئەو شانۆگەرییەوە بۆ ماوەیەکی کەم دانیشتنەکە دواکەوت، ئێستا داوا لە بەرێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەین پوختەیەك لە دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە.

**بەرێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، پوختەی دانیشتنی ژمارە (7) ی کۆبوونەوەی ئاسایی پەرلەمان لە بەرواری (2015/4/7) بەو شێوەیە بوو:

1 دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

2- خوێندنەوەی پوختەی دانشتنی پێشوو، و خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادە نەبوو و ئامادە نەبووی کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

3- گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111) ی ساڵی (1969) ی هەموار کراو.

4- خوێندنەوەی یەکەمی دوو پرۆژە بڕیار لەلایەن لیژنەی یاساییەوە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، داوا لە بەرێزتان ئەکەین ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنەوە.

**بەرێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

ناوی ئامادە نەبوانی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (7) ی ئاسایی لە بەرواری (2015/4/7) مۆڵەت دراون بوون یان بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بەم شێوەیەیە:

1 ئاواز حمید-مۆڵەت

2- بەشار مشیر-مۆڵەت

3- جودت جرجیس-مۆڵەت

4- ڕۆزا محمود-مۆڵەت

5- زانا عبدالرحمن-مۆڵەت

6- زۆزان صادق-مۆڵەت

7- زولفا محمود-مۆڵەت

8- سرود سليم-مۆڵەت

9- شوان احمد-مۆڵەت

10- گۆران ئازاد- مۆڵەت

11- عبدالرحمن على- مۆڵەت

12- عبدالله محمود-مۆڵەت

13- فرهاد حەمە صالح-مۆڵەت

14- كمال يلدا-مۆڵەت

15- لينا عزريا- مۆڵەت

16- منى نبى- مۆڵەت

17- وحيدە ياقۆ- مۆڵەت

18- يروانت نيسان- مۆڵەت

19- يعقوب گورگيس- مۆڵەت

20- مدينە ايوب مۆڵەت

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دەست ئەكەين بە بەرنامەی كار كە تەوەری يەكەمی بريتييە لە (گفتوگۆكردنی پرۆژ ياسای ئامادەكردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ڕاپرسی بەپێی ماددەكانی (72، 74، 75) لە پەيڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو.)

داوا لە ليژنەی ياسايی ئەكەين بێنە سەر مەنەسە بۆ دەست كردن بە گفتوگۆ كردن لە سەر پرۆژە ياساكە، كاك سەهراب نوقتەی نيزامييە؟

**بەڕێز سەهراب ميكائيل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ليژنا وەرزش و لاوان هەر دەستپێكێ بڕياردەر نەبوويیە.....

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەهراب ئەوە پەيوەندی بە بەرنامەی كارەوە نييە، هەر كێشەيەكتان هەيە ئەتوانن بە يادداشتێك ئاراستەی سەرۆكايەتی پەرلەمانی بكەن، سوپاس، فەرموو ئەسڵی پرۆژە ياساكە و ڕاپۆرتی خۆتان لە سەری بخوێننەوە.

**بەرێز د.بەهار محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەسڵی پرۆژە یاسای ئامادە کردنی **پرۆژە یاسای ئامادە کردنی دەستووری کوردستان □ عێراق بۆ راپرسی**

**ماددەی یەکەم:**

**بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە کە لەم یاسایەدا هاتووە:**

**هەرێم-هەرێمی کوردستان- عێراق**

**پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان □ عێراق.**

**حکومەت- حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**پرۆژە: پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان □ عێراق.**

**لیژنە: لیژنەیەکی دامەزرێنەرە بۆ ئامادە کردن و پێدا چوونەوەی پرۆژەی دەستووری کوردستان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت.**

**ماددەی دووەم:**

**1-لیژنەیەك بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پێکدێت بۆ پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستوور و ئامادە کردنی بۆ ڕاپرسی .**

**2- لیژنەکە پێکدێت لە (21) ئەندام کە دەکرێ ئەندامانی پەرلەمان بن یان لە دەرەوەی پەرلەمان بن، بە مەرجێ پسپۆڕ و شارەزا بن لەو بوارە.**

**ماددەی سێیەم:**

**3- پێویستە لیژنەکە لە ماوەی (90) ڕۆژ کارەکانی تەواو بکات.**

**ماددەی چوارەم:**

**پرۆژەی ئامادە کراو بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت.**

**ماددەی پێنجەم:**

**1 کۆی پرۆژەکە بە ڕەزامەندی لانی کەم دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان پەسند دەکرێت و دەخرێتە ڕاپرسی گشتییەوە.**

**2- سەرۆکی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕۆژێك بۆ ڕاپرسی گشتی دیاری ئەکەن.**

**3- ڕاپرسی بە ڕادەربڕین ئەبێ لەسەر ئەو پرسیارەی خوارەوە، ئا یا ڕەزامەندی لەسەر پرۆژەی دەستوورەکە؟ وەلأم بە بەڵێ یان نەخێر ئەبێت.**

**ماددەی شەشەم:** **بە مەبەستی ئاگایی هاوولأتیان پرۆژەی دەستووری پەسندکراو بە زمانەکانی پەیڕەو کراو (کوردی، عەرەبی، تورکمانی، سریانی) چاپ و بلأو دەکرێتەوە.**

ماددەی حەوتەم:

3- پرۆژەکە بە دەنگی زۆرینەی دەنگدەران بە پەسند کراو دادەنرێت.

**ماددەی هەشتەم:** ئەو مەرجانەی بۆ دەنگدەر لە دەنگدانی گشتیدا پێویستن، پێویستە لەو کەسەدا هەبێت کە بەشداری راپرسی لەسەر پرۆژەی دەستوور دەکات.

**ماددەی نۆیەم:**

لەسەر لایەنی پەیوەندیدار پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات.

**ماددەی دەیەم:**

بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم/** یاسای ژمارە (16)ی ساڵی 2008 هەڵدەوەشێتەوە.

**دووەم/** کار بە هیچ یاساو بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بلاّو دەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

لە پێناو دانانی میکانیزمی پێویست بۆ ئامادە کردنەوەی پرۆژەی دەستوورو پەسند کردنی لە راپرسییەکی سەرتاسەریدا ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس.

**بەرێز د.ڤالاّ فرید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پرۆژە یاسای ئامادە کردنی دەستووری کوردستان  عێراق بۆ راپرسی**

لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی یەك شەممە (10) ی ڕەشەمێی کوردی بەرامبەر (2015/3/1) ی زاینی کۆبوو نەوەی ئەنجا مدا بۆ تاوتوێ کرد نی پرۆژە یا سای ئا مادە کرد نی پرۆژەی دە ستووری هەرێمی کوردستانی عێراق کە لەلایەن ژ مارەی یا سایی ئە ندامانی پەرلەما نەوە پێشکەش کرا، دوای خوێند نەوەی یە کەمی لە دانیشتنی ئا سایی ژ مارە (16) لە ڕۆژی سێ شەممە بەرواری (2014/12/16) ڕەوا نەی لیژنەکەمان کراوە، دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردن لیژنە گەیشتە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

**پرۆژە یاسای ئامادە کردنی دەستووری کوردستان  عێراق بۆ راپرسی**

**ماددەی یەکەم:**

بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە كە لەم یاسایەدا هاتووە:**

**هەرێم: هەرێمی كوردستان-عێراق**

**پەرلەمان: پەرلەمانی كوردستان  عێراق.**

**پرۆژە: پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان  عێراق.**

**لیژنە: لیژنەیەكی دەستوورییە كار دەكات بۆ هێنانە كایەی سازان لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دادەنرێت.**

**ماددەی دووەم:**

**1 لیژنەكە لە (21) ئەندام پێكدێ كە بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن و دەكرێ ئەندامی پەرلەمان بن یان لە دەرەوەی پەرلەمان، بە مەرجێ پسپۆڕ یان خاوەن ئەزموون بن.**

**ماددەی سێیەم:**

**بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**1-لیژنە لە ماوەیەك كە لە (90) رۆژ لە رێكەوتی پێكهێنانیەوە كارەكانی تەواو دەكات.**

**ماددەی چوارەم:** تێبینی لەسەر نییە.

**ماددەی پێنجەم:** تێبینی لەسەر نییە.

**ماددەی شەشەم:** تێبینی لەسەر نییە.

**ماددەی حەوتەم:** تێبینی لەسەر نییە.

**ماددەی هەشتەم:** ئەو مەرجانەی بۆ دەنگدەر لە دەنگدانی گشتیدا پێویستن بەپێی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەمواركراو پێویستە لەو كەسەدا هەبێت كە بەشداری راپرسی گشتی ئەكات.

ماددەی نۆ: تێبینی نییە.

ماددەی دەیەم: تێبینی نییە.

ماددەی یازدە: تێبینی نییە.

هۆیەكانی دەركردنی ئەو یاسایە: تێبینی لەسەر نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك سالار نوقتەی نیزامییە؟**

**بەرێز سالار محمود:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەم بابەتە لە بەر ئەوەی زۆر هەڵئەگرێ، و نە فەس در ێژی زۆر هەڵئەگرێ، پێش ئەوەی بچینە سەر گفتوگۆ من تەناقوزێك لە عینوانی......**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نەهاتینە سەر گفتوگۆ، بەڕێزان مادده، بە مادده گفتوگۆ لە سەر پرۆژە یا ساكە و ڕا پۆرتی لیژ نەی یا سایی ئەكەین، لە ناو نیشانەوە دە ست پێ ئە كەین، كێ قسەی هە یە لە سەر ناونیشان با ناوی خۆی بنوو سێ، فەرموو كاك سالار نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوا ین ڕا پۆرتی لیژ نەی یا سایی كە نوو سراوە با بەت/ ڕا پۆرت سەبارەت بە پرۆژە یا سای ئا مادە كرد نی پرۆژەی دە ستووری هەرێمی كورد ستان، ناوی پرۆژە هاتووە، لە تەعریفی ماددەی یە كەمیش پرۆژە كە نووسراوە پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان، بەڵام لە ناونیشانی یاساكە پرۆژەكە لەبیر كراوە، ئە گەر لەبیر كراوە لای خۆیان ڕوونكردنەوە بدەن بۆ ئەوەی لە عینوانە كەوە دە ست نە كەین بە موناقە شە، هەم كاتێكی كەمترمان بۆ ئەمێنێتەوە، هەم تووشی ئەو ئیشكالەش نابین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وایە راستە، ئەبێ لەبیر چووبێ، پرۆژە یا سای ئا مادە كرد نی پرۆژەی دە ستووری هەرێمی كورد ستان، بۆ ڕاپرسی.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

بیر چووە بەڵێ، ئەبێ هەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بیخوێنەوە، لە ئەسڵی پرۆژەكە، دوایش لە ڕاپۆرتەكە، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بكرێ.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناونیشانی پرۆژەكە لە ئەسڵی پرۆژەكە:

**پرۆژە یاسای ئامادە كردنی دەستووری كوردستان  عێراق بۆ راپرسی**

بە هەمان شێوە لە ڕاپۆت هاتووە:

**پرۆژە یاسای ئامادە كردنی دەستووری كوردستان  عێراق بۆ راپرسی**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ ناوی خۆی ئەنوو سێ، سێ كەس پێشتر ناوی خۆ یان نوو سیووە، ( صالح فەقێ، سۆران ع مر، دكتۆر شێركۆ)، كێی تر؟

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانە ناوی خۆیان نووسیوە (قادر ئۆتمان، بەهزاد دەرویش، حاجی کاروان، فرست صوفی، شکریە اسماعیل، بێستوون فایق، غریب مصطفى)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ماوەی (3) دەقە هەریەکەتان بیرو بۆچوونی خۆی بخاتە ڕوو، فەرموو کاك صالح.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو ئەندامی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، پێشنیار ئەکەم بۆ ئەوەی ئەو حەقە بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیش بدرێ، لە بڕی وشەی هەرێمی کوردستان، وشەی کوردستان بەکار بێت، لەبەر ئەوەی لە ڕابردوو بەردەوام قسەمان لە سەر ئەوە کردووە کە ئەو ناوچانە ناوچەی کوردستانین، و بە ئەمری واقیع تا ڕادەی ئێستا هێندراوە تەوە هەرێمی کوردستان تەحەکومی پێوە ئەکات، بۆیە پێویستە ڕەچاوی ئەو ناوچە کوردستانیانە بکەین، بە هەموو ئەو پێکهاتانەی لەو ناوچانە ئەژین، و لە سەر وشەی ئامادە کردنەکەش پێدا چوونەوە بێ گونجاو ترە، بەڵام ئامادە کردنەکەش کێشەی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پرسیارێك ئەکەم، ئایا پرۆژە ئەسڵیەکە یان ڕاپۆرتەکە بۆتە بنەما؟ چونکە ئەوە دەنگی لە سەر نەدرا، خاڵی دووەم، بۆ ناونیشانەکە من ئەو پێشنیارەم هەیە، لە یاسای ژمارە (19)ی ساڵی (2013) دا لە ماددەی دوو ئەوترێ لەو ماوەیەدا کە لە ماددەی یەکەمی ئەو یاسایە دیاری کراوە، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بە سازان هەموار ئەکرێتەوە، بۆیە پێشنیار ئەکەم ناونیشانی پرۆژەکە بەو جۆرە بێت (سازان و هەمواری پرۆژەی دەستووری هەرێم و ئامادە کردنی بۆ ڕاپرسی)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکەم ئەوەیە، پێم خۆشە ڕوون کردنەوەم بدەنێ، پەیامی ئەو پرۆژیە چییە لە بنەماوە؟ ئایا پەیامی گۆڕینە، پێداچوونەوەیە، ئامادە کردنە؟ هەر پەیامێکی تر بێ، چونکە مادام ئێمە یاسا دائەنێین، با

بنەمای یاساییەکەش ڕوون بێ، ئەوە وەکو وتارێك نییە دوایی ڕاڤەی جیاواز هەلگرێ، و ئێستا ئێمە لە قۆناغی پێش ڕاپرسی داین، بۆیە گرنگە ڕوون بکرێتەوە، و ناونیشانەکە بە ناکۆك ئەزانم لەگەلێ ئەو مەها مەی ئەما نەوێ، و ئەو لیژنە بەرێزە ئەیەوێ بیکات کە لە ئاییندە بە دەنگی ئەو پەرلەما نە هەلٌئە بژێردرێ، بۆیە پێم خۆشە ڕوون کرد نەوەم بدەنێ لە سەر ئەوە، بۆ ئەوەی ئێمەش و خەلٌکی کوردستانیش تێ بگات، سبەینێ ئەوەندە موناقەشە هەلٌنەگرێ کە دیسان گیر بخۆین بە دەستیەوە و بلێین ئێمە هاتووین یاسامان بۆچی داناوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم ناونیشانی پرۆژە یاساکە ببێت بە پرۆژە یاسای (سازان و ئامادە کردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ڕاپرسی) یان (پرۆژە یاسای پێداچوونەوە و ئامادە کردنی پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق بۆ ڕاپرسی )، لەبەر ئەوەی لە ماددەی، وەکو کاك سۆران ئاماژەی پێدا لە یاسای ژمارە (19) دا هاتووە پێویستە ئەو ڕەشنووسە دەستوورە سازانی لە سەر بکرێ، بە دەر چوونی ئەو یاسایەش ماددەی (2) کۆتایی پێدێ لە یاسای ناوبراو، و لە (8/19) ماددەی (1) کۆتایی پێ دێ، بۆیە ئەگەر ئەوە بۆ ئەوەیە میکانیزمی دەستکاری کردن و پێداچوونەوە بە دەستوور دیاری بکرێ، یەعنی بەس بۆ ئامادە کردنی دەستوور نییە بۆ ڕاپرسی، ئەگەر بۆ ئامادە کردنی دەستوور بێ بۆ ڕاپرسی ئەوە پێویست ناکات پرۆژە یاسای بۆ پێشکەش بکرێ، و یاسای بۆ پەسند بکرێ، هۆکارەکە ئەوەیە کە هەموو گەل ڕەشنووسەکەی لا پەسند نییە، و زۆرینەی لایەنە سیاسییەکانیش داوای پێدا چوونەوەیان کردووە، بۆیە پێویستە ناونیشانەکە بگۆڕدرێ، و ئەوەی کاك دکتۆر شێرکۆش ئەلٌێ زۆر ڕاستە، ئێمە لەگەلٌ لایەنێکی تر قانون داناڕێژین بۆ ئەوەی کە غامزی تێدابێ، ئێمە هێزی بالاٌ دەست بین بمانەوێ سبەینێ ئەو دەقە ببێتە دەقێك کە تەفسیری جیاواز هەلگرێ، و ئەوەش پرسێکی نیشتیمانی گرنگە، کاریگەری ئەبێ لە سەر قولٌ کرد نەوەی بنەماکانی دیموکراسی، و ناکرێ هیچ کام لە هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش وا مامەلٌەی لەگەلٌ بکەن کە ئەوە کاری فلاٌن هێز بووە، یان فلاٌن سەرکردە بووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە دزانین پرسا دەستووری پرسەکا نیشتیمانی و گرنگە ڕاستی، ژ بەر هەندێ پێتیڤیا من ژ بۆ ناونیشانا ڕەنگدانەڤە ژ بۆ ناوەڕۆکا هەبیتن، چونکی ئەساسێ گفتۆگۆیا ل پەرلەمانێ، ژ بەر هندێ ئەز تێدگەهەم کە

ئاماده كرن بەحسێ سازانێیە، هەموار كردنێ پێداچوونەڤێیە، ژ بەر هەندێ ئەز پێشنیار دكەم هەروەكی برادەرێش بەحس كری یاسا ژمارە (19) ێ ل (2003) بەحسێ سازانێ دێتە كرن، ئەڤ ڕاما نە هەڵبگریتن لە ناڤنیشانێ دا، چونكی راستی ل مادده (3) كە هاتینە سەر مەهامێت ڤێ لیژنێ پیچەكی دی وازیح تر بن و ڕوون تر بن، ژ بەر هەندێ پێشنیار دكەین بناڤنیشان بیت (پرۆژێ پێداچوونەوە و ئامادە كرنێ پرۆژێ ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی كوردستان بۆ ڕاپرسی)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك حاجی كاروان.

**بەڕێز كنعان نجم الدین (حاجی كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (2) پێچەوانەی عینوانی پرۆژە یاساكەیە، چونكە ئەوە باس لە لیژنە یە، لە ماددەی (2) ئەڵێ پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستوور و ئامادە كردنی، بۆیە ئەگەر لەگەڵ عنوانەكە سابیت بكرێ لەوە ئە چێ موشكیلەكە حەل بكرێ، ( پرۆژە یا سای پێدا چوونەوە و ئا مادە كرد نی پرۆژەی دە ستووری هەرێم) ئەو پێداچوونەوەیە پێش بخرێ بۆ ئەوەی یەك بخرێ لەگەڵ ماددەی (2)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆر فرسەت.

**بەڕێز د.فرست صوّفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی لە عینوان داین، ئەگەر دەرفەت هەبێ تێبنیەكی گشتیم هەیە لەسەر كۆی ئەوە، ئەو پرۆژەوی پێشەكەش كرا لەسەرەتا لە تەوقیعی بەرێزتەوە دەست پێ ئەكات، و سەرۆكایەتی و هەموو سەرۆك فراكسیۆنەكان، من پێم وایە ئاساییە ئەگەر تەناقوزات هەبێ لە قانونەكە باسی بكەین، و ئەگەر مولاحەزاتی سیاغی و ئەوانە هەبێ باسی بكەین، بەلأم ئێمە باسی پرۆسەیەك ئەكەین كە پرۆسەی دەستوورە، و تا لەو كۆبوونەوەی ئێستا سەرەتایەكی باش و ڕێز لەو تەوەفقوعاتانەی خۆمان بگرین كە مەسەلەی سازان لێرەوە دەست پێ بكەین، من دڵنیام ئەوە ڕەنگدانەوەی زۆر ئیجابی ئەبێ لە تەشكیلی لیژنە (21) كەسیەكە، و ئەنجامی زۆر باشی دەبێ، بۆیە پێم وایە تا بتوانین لە گفتوگۆمان لەسەر ئەو پرۆژەیە، و لەسەر ڕاپرۆتەكەش پابەند بین بەوەی كە ئیتیفاقمان لەسەری كردووە، ئەوەندەی تر نیەت پاكیمان دەر ئەكەوێ بۆ داهاتوو، لە هەنگاوەكانی دوایی ئەوە بۆ مەسەلەی دەستوور، بۆیە پێم وایە زۆر زۆر گرنگە كە ئێستا لە عینوانین، و كە ئەگەینە ئەسبابی موجەبەش زۆر زۆر ئاساییە ئەگەر تەناقوزات هەیە، موشكیلەی قانونی هەیە، سیاغەی تر هەیە، بەلأم گۆڕانكاری جەوهەری بەو مانایە دێت كە ئێمە لە پرۆسەیەك كە لە سەرتایەكەی داین، كە زۆر پێویستمان پێیە، بۆیە تەمانا ئەكەم ئیحترام و ڕێزی ئەو سازانە بگرین كە فراكسیۆنەكان كردوویانە لەسەر ئەو پرۆژەی لەبەر دەستمانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتوو شوکریە.

**بەڕێز شکریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاشکرایە لە یاسای ژمارە (19) ی (2013) لە ماددەی (2) باس لە سازان ئەکات، بۆیە بە زەرووری ئەزانم وشەی سازان و هەموار و ئامادە کردن عینوانەکە بگۆڕێ، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئاوا نەبێ پێم وایە تەناقوزاتی لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەبێ، دووەم، پرسیارێك ئەکەم، ئەگەر هەرێمی کوردستان بەم شێوازە بێ، ئایا هیچ کێشەیەکمان ئەبێ بۆ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان؟ ئەگەر ئەبێ پێویستە وشەی هەرێمەکە لابرێ، ئەگەر ناشبێ وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بێستون.

**بەڕێز بێستون فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری کردنم بۆ قسەکانی کاك صالح فەقێ و هاوڕێم کاك د.شێرکۆ، پێشنیاری من وایە (پرۆژە یاسای پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستوور و ئامادە کردنی بۆ ڕاپرسی)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا غریب:

**بەڕێز غریب مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو خاتوو شوکریە و کاك سۆران ئاماژەیان پێ کرد لە یاسای ژمارە (19) ی ساڵی (2013) دا هاتووە پێشکەش کردنەوەی پرۆژەی دەستوور ئامادە کردنەکە تێدایە چەسپێنراوە، ئەم ناونیشانەی ئێستا تەفسیر هەڵئەگرێ، چونکە ناو ئەبێ پڕ بە پێستی ناونراوەکە بێت، ئامادە کردن، خۆی ئامادەیە، بەس جارێکی تر ئامادە کردن ڕوون نییە، بۆیە منیش هەمان پێشنیار ئەکەم کە ناونیشانەکە ئاوای لێ بکرێ (پێداچوونەوە و ئامادە کردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عەباس.

**بەڕێز عباس فەتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتشوانی ڕاکانی کاك سۆران و کاك عومەر و کاك غەریب ئەکەم، ئێمە هەدەفی دانیشتنمان و پرۆژەکەمانە، پرۆژەکەمان ئامادەیە بۆ ڕاپرسی، بەلاّم بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵێك قسە و پێداچوونەوەی پێویست بوو،

بۆیه جارێکی تر هاتەوه پەرلەمان بۆ ئەوەی لیژنەی بۆ دابنرێ، کەواته ئەگەر کارەکەمان هەر بۆ پێداچوونەوەی ئەم پرۆژەیه، بۆیه هەمان پێشنیار ئەکەم کە پرۆژەی یاسای پێداچوونەوه و هەموار کردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ ئامادە کردنی بۆ ڕاپرسی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو بەهار.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو زۆرێك لە هاوڕێیانم ئاماژەیان پێدا، ئەم عینوانە پێچەوانەیە لەگەڵ یاسای ژمارە (19)ی ساڵی (2013)، جگە لەوەی ڕەشنووسێکمان هەیە هی دەستوور، لە هەموو حاڵەتێك دا ئەوە بنەمایە، بۆیە ناکرێ بڵێی ئامادە کردن، بۆیە منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوەی پێداچوونەوە و سازان هەبێ کە ئەو دوو وشەیە لەگەڵ ناوەڕۆکی پرۆژەکەش هاوتایە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا نەمویست قسە بکەم، پێشنیارەکەم بە هاوڕێیەکم وت، بەڵام نەیگەیاند پەیامەکەم، وشەی ڕاپرسی زیادە، لەبەر ئەوەی لە ماددەی (120) پرۆژە کۆنەکە هاتووە، ئەوە دەقەکەیەتی (ڕاپرسی مافی هاووڵاتیانی هەرێمە) بە کورتی باس لە ڕاپرسی کراوە، لەبەر ئەوە ناکرێ تۆ وشەی ڕاپرسی داخیل بکەی، داوا ئەکەم وشەی ڕاپرسیەکە هەڵبگیرێ، و ئەگەر ئەشکرێ تەعریفی ئامادە کردن بکرێ، بۆ ئەوەی بزانین ئامادە کردن پێداچوونەوەش ئەگرێتەوە، هەموار کردن ئەگرێتەوە، گۆڕینە، دەستکاری کردنە، وشەی ئامادە کردن تەعریف بکرێ لە ناو تەعریفەکان ئەو کات کێشەکە یەکلایی ئەبێتەوە، داوا ئەکەم ڕاپرسی لابرێ، لەبەر ئەوەی لە ماددەیەك لە ماددەکانی دەستوور وشەی ڕاپرسی هەیە، ناشرینیشە بۆ عینوانەکەی ئێمە، (ئامادە کردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عیراق، و ئەگەر ئەو برادەرانەش باسیان کرد، ئەگەر ڕێگری نییە لە ناوچە دابڕێنراوەکان بۆمان ڕوون بکەنەوە هاوڕێیانی لیژنەی یاسایی، ئایا ناوچە دابڕێنراوەکان ئەگرێتەوە یان نا؟ ئەگەر ڕێگری هەیە پشتگیری کاك صالح ئەکەم، هەرێمەکە لابرێ، بکرێ بە کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیژنەی یاسایی ئەگەر تێبینیەکتان هەیە.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆمەڵێك مولاحەزە داوای ڕەئی ڕوونی لیژنەی یاسایی کرد لەسەر ئەم بڕیارە، بۆیە زەرووڕە ڕوونی بکەینەوە، کە ئێمە بڕیاری پەرلەمانی کوردستانمان هەیە، بڕیاری ژمارە (16) و یاسای ژمارە (9) شمان هەیە کە ئەم پرۆژەی دەستوورەی پەسند کردووە بۆ ڕاپرسی، کەواتە ئێستا ئەو پرۆژەی ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان موناقەشەی ئەکەین، ئەوە نییە ئێمە پەسند بکەین بۆ ڕاپرسی، چونکە ئەسڵەن پرۆژەیەك هەیە لە پەرلەمانی کوردستان کە پەسند کرا، یان یاسایەك هەیە کە بڕیاری داوە ئەم پرۆژەی دەستووورە دەنگی لەسەر دراوە، و ئامادە کراوە بۆ ڕاپرسی، و لە یاساکە ڕۆژیش دەستنیشان کراوە، دواتر ڕۆژەکە بۆ هەر ڕۆژێکی دیاری کراو، ئەوەی ئێستا قسەی لەسەر ئەکەین بڕتییە لە وشەی ئامادە کردن مەهامەکەی ئەوەی خوارەوەیە، تۆ پرۆژەیەك ئامادە ئەکەی، جا ئامادە کردن نووسینەوەیە سەر لە نوێ، هەموار کردنەوەیە، پێداچوونەوەیە، داڕشتنەوەیە، ئەوە جێی نیقاش نییە، گرنگ ئەوەیە سەر لە نوێ پرۆژەیەکی نوێ دێنین، ئەو پرۆژە دەنووسین، نەك دواتر ئەم پرۆژەیە لە پەرلەمانی کوردستان دەنگی لەسەر ئەدرێ، دواتر ڕیفراندۆمی لەسەر ئەکرێ، ئەوە مەهامی خودی لیژنەکەیە کە دەسنیشان کراوە، و ئەمەوێ تەوزیحێکی ئەوە بدەم کە ئەو خیلافەی لێرە لە نێوان بەشێك لە قسەی ئەندام پەرلەمانان دروست بوو هۆکارەکەی چییە؟ ئێمە پرۆژە یاساکەمان هەیە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ڕاپۆرتی لیژنەشمان هەیە، من پشتیوانی قسەکەی دکتۆر فرسەت ئەکەم، بەلآم ئەو قسەی کاك دکتۆر فرسەت بۆ هەموو مەشروعەکە تەواوە، لە مەشروعەکە تەسەسولی عینوان لەگەڵ پێناسەی عینوان، لەگەڵ وەزیفەی لیژنەکە هاوتایە، دەڵێ ئامادە کاری لیژنەی پێداچوونەوە و ئامادە کاری لە پێناسە، دوایی ئەڵێ لیژنەیەك پێکدێ بۆ پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستوور و ئامادە کردنی بۆ ڕاپرسی، ئەوە ئەسڵی ئەو مەشروعەیە کە (61) پەرلەمانتاری بەڕێز واژووی کردووە، لە ڕاپۆرتەکە ئامادەکاری ماوەتەوە، بەلآم پێناسەی لیژنەکە بووە بە سازان، وەزیفەی لیژنەکەشی تێدا نییە، لەوێ ئەو تەناقوزە دروست بووە، ئینجا ئەبێ لەم حاڵەتە کە بە ڕەئی ئەندامان ئەگەر بمانەوێ یان مەشروعە ئەسڵیەکە کە هەرسێکی بە یەکەوە ڕەبتە بکەیە ئەساس، یان کە تۆ عینوانەکەت دەستکاری کرد، یەعنی پێناسەکە و وەزیفەکەت لێ سەندەوە، ئەوکات چەند پێویست ئەکات عینوانەکەش موتابیق بێ لەگەڵ ناوەڕۆکەکە، واتە خیلافی ئەندامان لەسەر ئە بنەمایەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە ڤالآ.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو مولاحەزەی هەبوو لەسەر پەیوەندیدار بوو بەوەی پرۆژەی ئامادە كردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ڕاپرسی، ئەبێ ئاگادار بین ئەگەر بیتو قانونی ژمارە (16) بمێنێ و هەڵنەوەشێتەوە، ئەوە ئەتوانرێ بۆ ڕاپرسی هەڵبگیرێ، بەلاّم كاتێ لە یەكێك لە ماددەكانی كە ماددەی (10) یە ڕاپۆرتەكە و پرۆژەكە ئەڵێ یاسای ژمارە (16) ی ساڵی (2008) هەڵدەوەشێتەوە، كەوابێ لە ڕووی یاسایەوە ناكرێ بۆ ڕاپرسی تێدا نەبێ، بۆیە ئەبێ عینوانەكە یاسای ئامادە كردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستانی عێراقی بێ بۆ ڕاپرسی، ئەبێ ئەو خاڵە ئاگادار بن لە ڕووی یاساییەوە، ئەوەی پەیوەندی بە ئامادە كردنەوە هەیە، زۆربەی ئەو مولاحەزانەی دران لەسەر عینوانەكە هەر هەمووی خۆی لە ئامادە كردن دا ئەبینێتەوە، كە ئەڵێی ئامادەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان ئەكەی بۆ ڕاپرسی، جا ئەو ئامادە كردنە لەوانەیە بە پێداچوونەوە بێ، بە هەموار كردنە، بە ئیزافە كردنی چەند ماددەیەكی نوێیە لەسەر ئەو گۆڕانكاریانەی بەسەر هەرێمی كوردستان دا دێت، و ئەو مولاحەزەیەش كە پەیوەندیدارە بەوەی ئایا بگوترێ كوردستان یان هەرێمی كوردستان وەكو خۆی بمینێتەوە، ئەوەیان تەنیا موستەڵەحی ئامادە كردن خزمەت پێ ئەكات، و موستەڵەحی ئامادە كردن جوابی ئەو پرسیارە ئەداتەوە، چونكە ئەبێ بێگومان ئەو گۆڕانكاریانەی كە ئێستا بە دیفاكتۆ كراون لەو شوێنە جێ ناكۆكەكان، یان ئەو شوێنانەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمن و لەبەر دەستی پێشمەرگەن، تەنیا ڕێكارە یاساییەكەی ماوە، ئەویش ئیستیفتایە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر هەرێمی كوردستان، ئەگەر پرۆژەكە بە ئامادە كردن بڕوات بێگومان دەستكاری ئەو ماددانەش ئەكرێ كە پەیوەندیدارە بەو حدودەی كە ئێستا هەرێمی كوردستان هەیەتی دوای ئەنجامدانی ئەو ڕێكارە یاساییە، بۆیە ئەو پرسیارە لە كاتی نووسینەوە و پێداچوونەوە و ئامادە كردنی پرۆژەی دەستوورەكە باس ئەكرێ لە ڕووی یاساییەوە وەكو وتم یاسای ژمارە (16) هەڵوەشاوەتەوە، نابێ موستەلەحی ڕاپرسی هەڵگرین، و موستەلەحی ئامادە كردنیش هەموو ئەو ڕایانە ئەگریتەوە كە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان باسیان كرد، چ لە پێداچوونەوە، چ هەموار كردنەوە، چ سازان بۆی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆرە بەهار.

**بەڕێز د.بەرهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك سۆران عومەر وتی پرۆژەكە ئەسڵە یان ڕاپۆرتەكە؟ پێمان خۆش بوو ڕوون كردنەوە لەسەر ئەوە بدەین، ئەم ڕاپۆرتە كە ئامادە كراوە لە نەتیجەی چەند ڕۆژێك نەهاتووە و شێوازی ئامادە كردنەكەشی بە جۆرێكە كە بە پرۆژەكە و بە ڕاپۆرتەكە یەكتری تەواو ئەكەن، هەندێ لە ماددەكان كە ئەڵێ هیچ

**تێبینیمان نییە لەسەری ئەوە تەحسیلێ حاسڵە، ئەوەی ئەسڵی پرۆژەکە ئەبێتە ئەساس، ئەوانەی کە تێبینی هەبووە لەسەری، هی ڕاپۆرتەکە ئەبێتە ئەساس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، زیاتر ئەو تێبینیانەی بەڕێزان لیژنەی یاسایی باسیان کرد، ئەندامانی بەڕێز ئەمەوێ هەندێ سەرنج و تێبینی بدەم لەسەر کۆی پرۆسەکە، بۆ ئەوەی ڕوون و وازیح بێ ئێمە چی ئەکەین لە پەرلەمانی کوردستان، و ئەمە تەسبیت ئەبێ لە پرۆتۆکۆلی پەرلەمان، بەڕێزتان ئەگادارن ئەو پرۆژەیە لە کاتێکدا کە ماوەی پەرلەمانی خولی دوو درێژکرابوویەوە، لە لایەن خولی دووەمی پەرلەمان پەسند کرا، لەم پەرلەمانە ئەو پرۆژەیە پەسند کرا، بەڵام لەو کاتەی کە ماوەکەی درێژ کرابوویەوە، لەو کاتەوە تا ئێستا نیقاش هەیە لە نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەوەی کە ئەو پرۆژەیە چەندە تەعبیر لە ڕاو بۆچوونی تێکڕایی خەڵکی کوردستان دەکات و، لێرەوە داوا کاری هەبووە بەردەوام بۆئەوەی ئەم پرۆژەیە پێدا چوونەوەی تێدا بکرێت و، وا بکرێت سازانێکی زیاتری لەسەر بکرێت، چونکە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان پێویست دەکات پرۆژەیەك بێت ڕەنگ دەرەوەی سەرنج و تێبینی و خواست و داخوازیەکانی پێکهاتە سیاسی و ئیتنی و ئاینیەکانی هەرێمی کوردستان بێت و، هەمووان پرۆژەکانی خۆیان تێدا ببیننەوە و هەمووان داخوازیەکانی خۆیان تێدا ببیننەوە و جۆرێك لە سازان بێنێتە کایەوە و وا بێت پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ببێتە هۆی هێنانە کایەی سەقامگیری سیاسی و، ئابووری و ،کۆمەڵایەتی، لە هەرێمی کوردستان نەك پێچەوانەکەی کە ببێتە هۆی هێنانە کایەی ململانێ و گرفتی سیاسی و نا سەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، لەم ڕوانگەیەوە ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و لە فراکسیۆنەکانی پەرلەمان لە ماوەی ڕابردوو کە گفتو گۆمان لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کردووە وای دادە نین کە بەرەو داهاتوو دەڕوانین، هەموو ئەو خیلافانەی کە لە ڕابردوو هەبوون دەیخەینە پشت سەری خۆمان هەموو ئەو بیرو بۆچوونانەی کە لایەنەکان دەریان بڕیوە، فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمان لە خولی (2) لە خولی (3) و ئێستاش لە خولی (4) دەری دەبڕن خستوومانەتە پشت سەری خۆمان بەرەو داهاتوو دەڕوانین، کە هەرێمی کوردستان پێویستی بە پرۆژەیەکی دەستوور هەیە کە ببێتە هۆی هێنانە کایەی ئارامی سیاسی، سەقامگیری سیاسی، سازانی لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئەم پرۆژەیە، لە نێوان فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمان چەند ڕایەکی جیاواز هەبوو لەسەر ئەوەی کە ئێمە چی دەکەین، ئایا پرۆژەیەکی تازە بۆ هەرێمی کوردستان دەنووسینەوە یان پێدا چوونەوە بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ڕابردوو دەکەین؟، بۆ خۆ لادان لەو موناقەشەیە و ئەو ململانێیە کە ڕەنگ بوو دروست ببێت لەسەر ئەم بابەتە و ئەصڵەن مەوزوعێکی شکڵیشە کە مەوزوعێکی جەوهەری نییە، چونکە مەوزوعە ئەساسییەکە ئەوەیە کە پرۆژەیەکی دەستوورمان هەبێت جێی سازانی لایەنە سیاسییەکان بێت، بۆ خۆ لادان لەم پرسە کە ئایا مەهامی لیژنە بریتی دەبێت لە پێدا چوونەوە یان نووسینی دەستووری تازە، هەموار کردن نابێت، چونکە هەموار کردن بۆ بابەتێك دەبێت کە تەواو بۆ بێت کۆتایی**

پێ هاتبێت پڕۆژه یاسایەك كه تەواو بوو بێت و چۆ بێته بواری جێبه جێ كردنەوه، ئینجا دەتوانی هەمواری بكەی، پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان نه چووەته بواری جێبه جێ كردنەوه تا پێویستی به هەموار هەبێت، بەڵام پێدا چوونەوه دەبێت نووسینی دەستوورێكی تازه دەبێت، بۆ ئەوەی روون بێت له لایەن هەمووتان ئەم دەستەواژەیەی لێره كه به ئاماده كردن هاتووه مەبەست لێی ئەوەیه كه ئەو لیژنەیەی پرسی سازان لەسەر دەستووری هەرێمی كوردستانی پێدەسپێردرێت و بیرو بۆچوونی لایەنه سیاسییه جیاوازەكان و فراكسیۆنەكان لێك نزیك دەكاتەوه لەسەر پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان، ئەو له دوا جاردا بڕیار دەدات كه دەستوورێكی تازەی نووسیوه دەیهێنێته بەردەم پەرلەمان یان هەر ئەو پڕۆژەی ڕابردووه پێدا چوونەوەی تێدا دەكات، بۆ خۆ لادان لەم خیلافانەو ئاراسته كردنی خیلافەكه، كه پێموابێت خیلافێكی شكڵیشه بۆ ناو لیژنەكه بەم شێوەیه ناو نیشانەكەی هاتووه پڕۆسەكه بەم شێوەیه كەله پڕۆژه یاساكەدا هاتووه ﴿پەرلەمانی كوردستان لیژنەیەك دروست دەكات ئەم لیژنەیه (21) كەس دەبێت، كەمتر دەبێت یان زیاتر دەبێت كه ئەوه دوایی به دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان یەك لا دەكرێتەوه، ئەم (21) كەسه پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان حازر دەكەنەوه و، ئامادەی دەكەنەوه، سازانی لەسەر دەكەن و، جارێكی تر دەیهێننەوه بەردەم پەرلەمانی كوردستان به پێی ئەم پڕۆژه یاسایه، پەرلەنی كوردستان دەیخوێنێتەوه، پێویستی به دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان هەیه بۆئەوەی پەسەند بكرێت، دوایی ئەوەی له لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوه پەسەند دەكرێت پێویست دەكات به ژمارەیەكی دیاری كراوی كه بگونجێت له گەڵ ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی كوردستان، به زمانەكانی كوردی، عەرەبی، توركمانی، سریانی، بڵاو بكرێتەوه به ناو خەڵكدا و، خەڵكی لێ ئاگادار بكرێتەوه بۆئەوەی بزانن ناوەرۆكی پڕۆژه دەستوورەكه چی تێدایه و، دوایی ئەوه كاتێك بۆ ڕاپرسی له لایەن سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان و سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان دیاری دەكرێت پڕۆژەكه دەخرێته ڕاپرسییەوه﴾، ئالیەتەكه بەم شێوەیەیه ناوەرۆكی پڕۆژەكه بەم شێوەیەیه ڕەنگه هەندێك گرفتی شكڵی بێته كایەوه ئەندامێكی پەرلەمان داوای ئەوه بكات پێدا چوونەوه بێت ئەندامێكی تر داوای ئەوه بكات كه دەستوورێكی تازه بێت نامانەوێت ئەم گرفته شكڵیانه ببێته لەمپەر له بەردەم پڕۆسەكه خۆی كه ناوەرۆكەكەی بەم شێوەیه باسمان كرد، كه هێنانه كایەی سازانه لەسەر پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان و، دواجار ئەوەیه كه هەم (2) لەسەر (3)ی ئەندامانی پەرلەمان پێویست دەكات پێی ڕازی بن، ئەمه زەمانەته بۆ سازان و هەم خەڵكی كوردستانیش پێویست دەكات ڕازی بن لەسەر كۆی پڕۆژەكه، بۆیه هیوادارم مەسەله شكڵیەكان نەبنه ڕێگر لەبەردەم موناقەشەكان و هێنانه كایەی سازان لەسەر پڕۆژەكه، كه ئەمڕۆ خۆی خولی یەكەمان دەست پێ كردووه، هەنگاوی یەكەمه لەم پرۆسەیه، كه خۆزگه ئەم هەنگاوەی یەكەم له مانگی (12) كه پڕۆژه یاساكه خوێندنەوەی بۆ كرا ئەنجام مان بدایه كاتێكی زیاترمان لەبەردەست دا دەبوو بۆئەوەی پڕۆژەكه بگەیەنینه دوا مەنزڵگەی خۆی، لێرەوه ویستم ئەو روون كردنەوەیه بدەم بۆئەوەی لای هەموو ئەندامانی پەرلەمان روون و وازیح بێت، كه له ڕابردوو

ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە گەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکاندا ئەو وتو وێژانەی کە کردوومانە بە چی ئاقارێك و لە پێناوی چیدایە؟، ئێستا لیژنەی یاسایی ئەگەر سەرنج و تێبینیەکی ئەندامان ڕەچاو دەکەن لە عینوان دەی گونجێنن باسی بکەن و ئەگەر نا بۆئەوەی بخەینە دەنگەوە؟، کاك گۆڕان فەرموو.

**بەڕێز گۆڕان ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو تێبینیانەی بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز قسەیان لەسەر ئەوە کرد کە ناوچە کوردستانییەکان هەقی دەنگدانیان هەبێت، ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان کە ماڤی بوونی دەستوورێکمان هەیە بە پێی ماددەی (120)ی دەستووری عێراقی، یەعنی ئەو مافەمان پێدراوە کە تەنزیم کراوە و، هەر بە پێی دەستووری عێراقی ئێمە دەستوورێکمان دەبێت نابێت موتەناقز بێت لە گەڵ دەستووری عێراقیدا، بە پێی ماددەی (120)ی دەستووری عێراقی هەقی داوە بە هەرێمی کوردستان دەستووری هەبێت، هەرێمی کوردستانیش هەر لە دەستووری عێراقیدا موعەرەفە کە بریتیە لەو سێ شارەی کە لە دەست هەرێمی کوردستاندایە پێش (2003/4/9)، واتە پێش ڕووخانی دەسەڵاتی (بەعس) بە دەست بووە، بۆیە کە تۆ ئەو هەقە بدەی بەوان لەم ماددەیە گرفت دەبێت و هەر کاتێکیش ڕاپرسی کرا لە ناوچە کوردستانییەکان کە وەك ئێوە دەیڵێن و بە بڕیارێك گەڕایەوە سەر هەرێمی کوردستان ئۆتۆماتیکیەن ئەوان مافی ئەوەیان هەیە ڕەئی خۆیان لەسەر ئەو دەستوورە بدەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صالح نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ڕابردوودا چەند یاسایەکی ترمان دەرکردووە بە هەمان شێوە و نا دەستووریش بووە و تێپەڕیوە و ڕۆیشتووشە، جگە لەوە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی کە دامەزرا بیر لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کرایەوە؟، نا کرێت هەرێمی کوردستان دەستوورێکی هەبێت کەرکوك و ناوچەکانی تری تێدا نەبێت، بەراستی ئەمە کارێکی خراپە و پەرلەمان شەرعیەت دەدات بۆئەوەی کە ئەو ناوچانە لە ژێر دەسەڵاتی ئێمەدا نین، کەواتە لە ڕابردوودا دەمان گوت بە ئەمری واقیع ماددەی (140) گەڕاوەتەوە و ئێمە تەحەکومی پێوە دەکەین، کەواتە وای دەرناچێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز دکتۆر فرست نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەر لەسەر ئەو بابەتە یاسایی یە ئەوەی کە پێشتر کردوومانە نەصی سەریحی دەستوور لەسەری نەبووە لەبەرئەوە پێموایە نا قانونیمان نەکردووە، بەس ئەوەی ئێستا پشتگیری کاك ( گۆڕان ئازاد) دەکەم، راست دەکات چونکە نەصی سەریح لە ناو دەستووردا هەیە و، ئێمە دەتوانین ئەو ئیشکالیاتەی کە هاوڕێکانم باس لێدەکەن لە ناو پرۆژەی دەستوور عیلاجی بکەین بە دیاری کردنی سنووری هەرێمی کوردستان، کە تێدا باسی سنووری تاریخی و، سنووری ئیداری هەرێمی کوردستان دەکات، هەر کاتێکیش ئەو سنوورە گۆڕانکاری بەسەردا هات ئۆتۆماتیکیەن ئەوانە ئینزیمام دەکەن بۆ هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوە من پێموایە بۆئەوەی تووشی تەعنی مەحکەمەی ئیتیحادی نەبین بەو شێوەی کە هەیە وەکو هەرێمی کوردستان بڕوات، چونکە ئیشکالیەتمان ئێمە ئەوە لە ناو دەستوور، کە (انشاء الله) لە داهاتوو بووینە خاوەن دەستوور مەسەلەی کەرکوك و ناوچە کوردستانییەکان چارەسەر دەکەین.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**باشە، سوپاس، بەڕێز کاك ابو بکر فەرموو.**

**بەڕێز ابو بکر عمر ((ابو بکر هەڵەدنی)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەم ئیشکالەتەی کە لەسەر ئەم عینوانە هەیە، من پێچەوانەی بۆچوونەکەی جەنابت کە وشەی ئامادە کردن بە شتێکی شکڵی ناو دەبەی من پێموایە مەسەلەیەکی جەوهەرییە، لەبەرئەوەی ناکۆکی و جیاوازی کە لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا هەیە لەسەر ئەم پرۆژەی ئێستایە کە لەبەر دەستدایە، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاتی خۆی مولاحەزات و تێبینی و سەرنجی لایەنە سیاسییەکانی وەرگرتووە لەسەر ئەم پرۆژەیە وەریگرتووە، بە پێی یاسای ژمارە (19)ی ساڵی (2013) باس لەم پرۆژەیە دەکات کە بە سازان هەموار بکرێتەوە، لەبەرئەوە ئێمە ئامادە کردن بسپێرین بە داهاتوو من پێموایە بەرەو تۆنێڵێکی تاریك دەڕوات و، ئەوە مەبەست لە ئامادە نە کردنی دەستووری هەرێمە کاتێك کە ئێمە بڵێین مەبەست لە ئامادە کردن هەمواریش بگرێتەوە، پێدا چوونەوەش بگرێتەوە، دەستوورێکی نوێش بگرێتەوە، ئەمە بەر هەمی (15) ساڵە ئەم پرۆژەی ئێستا، پێموایە خیلافی نێوان لایەنەکانیش زۆر مەحدودە، زۆر دیاری کراوە ئەگەر ئەو خیلافانە تەحدید بکەین و مەرجعیەتی ئەو خیلافانە دیاری بکەین دەتوانین ئەوە بکەین، بۆیە ئەگەر ئێمە ئەم پرۆژەی ئێستا بکەینە بنەماو ئەساس بۆ ئەو لیژنەیەش ئەگەر لەوێوە دەست پێ نەکەن پێموایە هیچ ناکرێت ئەگەر (2) ساڵی تریش بەڕێی بکەین دێینەوە سەر خاڵی صفر، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**باشە، سوپاس، من ڕەئیی خۆمم وت جەنابیشت ڕەئی خۆت وت شتێکی ئاساییە، بەڕێز کاك بێستۆن فەرموو.**

**بەڕێز بێستۆن فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەسەر مەسەلەی ناوچە کوردستانییەکان لە دەستووری عێراقیدا ئەو ناوچانە بە ناوچەی جێ ناکۆك ناوی براوە، کە جێ ناکۆکەکەی یەکلا نەکراوەتەوە سەر بە هەرێمی کوردستانە یان سەر بە عێراقە؟، جا لەبەر ئەوە بە ڕای من وا یە حکومەتی عێراقی بۆ هەقی هە یە مومارە سەی سیاسەت لە کەرکووك و ناوچەکانی تر بکات ئێمەش هەقمان هەیە، ئەو چۆن هەقی هەیە ئینتیخاباتی تێدا بکات ئێمە شە هەقمان هەیە، ئەو چۆن هەقی هەیە ڕاپرسی تێدا بکات ئێمەش هەقمان هە یە، لەبەر ئەوە بەهیچ موخالەفە یەکی نابینم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، من ویستم ئەو سەرنجە دەستووریە بڵێم کە کاك (بێستۆن) باسی کرد، ڕاستە سنووری هەرێمی کوردستان بە پێی دەستووری عێراق دیاری کراوە لە ماددەی (53) خاڵی (أ)ی یاسای ئیدارەدانی دەوڵەت کە دوایی هاتۆتە ناو دەستووری عێراق، کە بریتیە لەو ناوچانەی کە تا (3/19) بەدەست هەرێمی کوردستانەوە بوون، بەڵام خودی دەستووری عێراقیش دانی ناوە بەوەی کە ئەو ناو چانەی تر جێ ناکۆکن لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، بۆ یە ناو چەی جێ ناکۆکیش جەنابت باشتر دەزانی کاك دکتۆر (فرست) کاك ( گۆرانیش) دەزانێت، کەوا تە زیاد لە تەرەفێك داوای خاوەندار یەتی دەکەن، بۆ یە هیچ ئیشکالێك لەم ڕووەوە نابینین ئەگەر لیژنەی یاسایی گرفتێکی لەسەر ئەو بابەتە نییە دەتوانن بیگونجێنن لە گەڵ ناو نیشانەکە، کاك ئاری لەسەر ئەم بابەتە نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز ئاری محمد ((ئاری هەرسین)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نا وەڵا بەرووح و بە گیانم پشتیوانی لە قسەکانی کاك (بێستۆن) دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، ئێستا ئەو گۆڕانکاریانەی داوا کراون دەیخەینە دەنگەوە، کێ لە گەڵ ئەوە یە کە ( هەرێم)ی لێ لابدرێت لە ناو نیشانەکە؟، (72) کەس لە گەڵیەتی، کێ دژیەتی؟، (12) کەس دژیەتی، کەواتە پە سەند کرا، کێ لە گەڵ ئەوەیە وشەی (سازان)ی بۆ ناونیشانەکە زیاد بکرێت؟، کاك رابون نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز رابون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئەو بابەتە ئێجگار گرینگە وەکو ئەوەی ناو دەبرێت، ئێمە خەریکی ئا مادە کردنی ئالیەتێکین بۆ نووسینی دەستوور، دەستووریش بنەمای یاساکانە، خاڵی یەکەم: تکا لە سەرۆکایەتی دەکەم هەر بابەتێك، هەر پێشنیارێك دەکەن دەبێت دڵنیایی کامڵتان هەبێت، ئەو پێشنیارانەی یاسایی یە ئینجا بیخەنە دەنگدانەوە،...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هیچ موشكیلەیەكی تێدا نییە.

**بەڕێز رابوون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە هەر حاڵ با بەتی دووەم: را پۆرتی لیژ نەی یا سایی مان لە بەر دە ستمانە، كردوومانە تە بـنەما بۆ و تو وێژەكانمان، پێشنیارەكانی لیژنەی یاسایی دوای ئەوەی لیژنەی یاسایی خۆیان گفتو گۆ دەكەن فورمولە یەك دەخەینە دەنگدانەوە، ئەو فورمولەیە ئەگەر نەی بردەوە ئینجا پێشنیارەكانی تر دەیخەینە دەنگەوە، ئەگەر فورمولەی لیژنەی یا سایش برد یەوە یەكسەر دە چینە سەر بە ندێكی تر، بۆ یە تكا یە با ئەوها دەنگدان بكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی خۆیان داوایان كردووە كە ئەوە بخەینە دەنگەوە، كاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە زیاتر لە (3) ئەندامی پەرلەمان داوامان كرد و شەی پـێدا چوونەوەی بۆ ناو نیـشانی پـڕۆژە كە ز یاد بكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، دەیخەینە دەنگەوە، باشە، سازان داوا كرا، پـێدا چوونەوەش دەخەیـنە دەنگەوە كێـشە نیـیە، لیژ نەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان: ناونیـشانی پـڕۆژە كە وە كو خۆی هاتووە وە كو وتم ئەو مو صتەڵحە هەموو موصتەڵحەكانی تر لە خۆ دەگرێتن، بۆیە من داوا لە سەرۆكی پەرلەمان دەكەم كە ناو نیشانەكە وەكو خۆی بداتە دەنگدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، كاك ئۆمێد فەرموو.

**بەڕێز ئۆمێد عبدالرحمن (( ئۆمێدخۆشناو)):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پیشتیوانی لە قسەكانی كاك (رابون) و دكتۆرە (ڤالا) دەكەین، ناكرێت وشە وشە بخرێتە دەنگدان، دەكر ێت ئەگەر (3) ڕای جیاواز هەیە، ناو نیشانێكی ئەصڵمان هەیە لە راپۆرتەكەدا و، دوو رەئـیی دیـكە هە یە هەر

یەکە و بە شێوازێك بخرێتە دەنگدان نەك هەر وشەیەك ئیزافە بکرێت یان نەکرێتن بخرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، کاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مەسەلەی لا بردنی (هەرێم) بۆ دەرفەت دان بۆ ناو چە کورد ستانییەکان، ئە مە مە سەلەیەکی دەستووری و قانونییە، چونکە لە پڕۆژەی دەستووردا...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، تێپەڕی ئەوە دەنگدانی لەسەر کرا.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، لە پڕۆژەی دەستووردا ئەو ناوچانە بەپێی سنوور بەشێکن لە کوردستان تۆ چۆن هەق دەدەی بەخۆت لەم پەرلەمانە ئەوانە بە بەشێك لە کوردستان بزانی، بەڵام هەقیان نەدەیتێ ڕایان وەربگری، خاڵی دووەم: ئەوەی پەیوەستە بەڕای ئەندامانەوە ز یاد لە (5) تا (6) ئە ندام پەر لەمان داوا یان کردووە ئەو عینوا نە بگۆڕێت و دەستەواژەی پێدا چوونەوە ئیزافە بکرێت بۆ عینوانی پڕۆژەکە، ڕێز لە ڕای ئەندامانی پەرلەمان بگیر ێت و را پۆرتی لیژنە کە نەبووە بە بنەما تا وە کو ئەوە بکرێ تە ئەولەو یەت، بۆ یە ڕای ئە ندامان ئەولەویەتی پێبدرێت و بخرێتە دەنگدانەوە، ئەوەی ئێوە دەیکەن کارێکی باشە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، کاك قارەمان فەرمووو.

**بەڕێز قارەمان قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وشەی ئامادە کردن خۆی تەعریف بکرابایە باشتر بوو، لەبەر ئەوەی ئێمە لە ماددەی (3) توو شی خیلاف دەبین لەسەر ئەو مودەیەی کە دادەنرێت (90) ڕۆژ، ئە گەر هەموار کرد نەوەی پڕۆژە کە بێت ئەوا (90) ڕۆژ ز یاتر پێوی ستە، ئە گەر پ ێدا چوونەوە ب ێت ز یاتر لە (90) ڕۆژ پێوی ست دەب ێت، ئە گەر سازانە لەسەرئەوەی کە ئیختیلاف هەیە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان لەوانەیە (90) ڕۆژ تەحدید بێت یان کەمتر، بۆ یە لەماددەی (3) جەدەلی زۆر، موناقە شەی زۆر هە ڵدەگرێتن، دوا جار ل ێرە دەکرێ تە سەر تەحد ید کرد نی کاتە کە، ئە گەر دە ستوورێکی نوێش دەنووسرێتەوە ئەوە نەك (90) ڕۆژ پێموا یە لە هەرێمی کوردستان (90) مانگیشی دەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

با شە، سوپاس، (90) مانگی ناو ێت ئە گەر ئیرادە هەبێت پڕۆژەی دە ستووری ع ێراق بە (5) مانگ نووسرایەوە، سەرلەبەری بە (5) مانگ نووسرایەوە، خاتوو شكریە فەرموو.

**بەڕێز شكریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگر عینوانەكە وەكو خۆی دەخرێتە دەنگدان ئەوە زەرورە وشەی ئامادە كردن تەعریف بـكرێتن بۆ ئەوەی ئێمە دڵنیابین وخەڵكی هەرێمی كوردستانیش دڵنیابێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز كاك ابو بكر فەرموو.

**بەڕێز ابو بكر عمر ((ابو بكر هەڵەدنی)):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا دوو عینوان هەیە بەڕای من ئەم دووانە بخە دەنگدانەوە، عینوانی یەكەم كە لە پڕۆژە كەدا هاتووە، عینوانی دووەمیش پڕۆژەی پێدا چوونەوە و ئامادەكردنی دەستووری هەرێم بۆ راپرسی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەر لەمان.**

راستی پێم سەیرە ئەز داخوازێ ژ سەرۆكاتیا پەرلەمانی دكەم دەرگەهێ موناقەشا پشتی موناقەشا دوەختێ دەنگدانێدا نەهێتە ڤەكرن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، خۆ ئێمە كێشەی پەیڕەومان هەیە بەرا ستی، لە پەیڕەوی ناوخۆدا د یاری نەكراوە چۆن بابە تەكان بخەینە دەنگەوە و، بەراستیش لیژنەی یاسایی لەسەرەتاوە ئەوەیان نەخستە دەنگەوە داوای ئەوەیان نەكرد كە ئەصڵی پڕۆژەكە بكرێت بە بنەما، بۆیە خیلاف درو ست دەبـێت، ئەو پێ شنیارە وەردە گرین ئێ ستا دوو عینوان هەیە یەكێكیان ئەوەیە كە لە ئە صڵی پڕۆژە كەدا هاتووە و لە راپۆرتەكە شدا نوو سیویانە دوا یی ئە گەر ئەوە پە سەند نەكرا ئەوا عی نوانی بەدیل كە تەرح كراوە ئەوە دەخەی نە دەن گەوە، كاك عبداللە نوقتەی نیزامیت هەبوو؟

**بەڕێز عبداللە محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە داوا دەكەن ئیزافە بكرێت بۆ عینوانەكە لە ماددەی (1) لە لیژنە ئاماژەی پێكراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، کێ لە گەڵ ئەوەیە بەو شێوەیەی کە لە پڕۆژە یا ساکە و ڕاپۆرتە کەدا هاتووە بەم شێوەیە بێت، پڕۆژە یاسای ئامادەکردنی دەستووری کوردستان عێراق بۆ ڕاپرسی؟، کێ لە گەڵیەتی؟، ئە گەر ئە مە دەنگی نەهێنا دوایی عینوانی بەدیل دەخەینە دەنگەوە (51) کەس لە گەڵیەتی، کێ دژ یەتی؟، (35) کەس دژیەتی کەواتە پەسەند کرا، دەچینە سەر ماددەی (1)، کاك خلف فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بە دەنگدان (هەرێم)مان لا برد دیسان ئەوەی کە خرایە دەنگدا نەوە ئێستا دەنگی هێنا هەرێمە کەی تێدایە، کەواتە پێچەوانەی ئەوەیە کە دەنگی هێنا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا هەرێمی تێدا نییە.

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەصڵی پڕۆژەکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خوێندمەوە (هەرێم)مان لێ لا برد، ماددەی (1) بخوێننەوە.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (1):

لە ئەصڵی پڕۆژەکە مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە کە لەو یاسایەدا هاتووە.

هەرێم، هەرێمی کورد ستان - ع ێراق، پەر لەمان، پەر لەمانی کورد ستان - ع ێراق، حکو مەت، حکو مەتی هەرێمی کوردستان - عێراق، پڕۆژە، پڕۆژەی دە ستووری هەرێمی کورد ستان - ع ێراق، لیژ نە، لیژنە یەکی دامەزرێنەرە بۆ ئامادە کردن و پێدا چوونەوەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئە ندامانی پەر لەمان، ماددەی (1) لە ڕاپۆرتە کە بەم شێوەیە دەخوێنرێ تەوە: لە هەر شوێنێك دەستەواژەی (هەرێم) هاتبێت، دەستەواژەی ( هەرێم) هە ڵدەگیرێت، مەبە ست لەم دە ستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە کە لەم یاسایەدا هاتووە: (هەرێم، هەرێمی کوردستان - عێراق، پەر لەمان پەر لەمانی کورد ستان - ع ێراق، پڕۆژە، پڕۆژەی دە ستووری کورد ستان - ع ێراق، ( هەرێم) هە ڵدەگیرێت، لیژ نە،

ليژنەيەكی دەستووری يە كار دەكات بۆ هێنانە كايەی سازان لەسەر پرۆژەی دەستووری كوردستان - عێراق بە پێی حوكمەكانی ئەم ياسايە دادەمەزرێت.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ ناوی خۆی دەنووسێت؟ با ناو بنووسرێت.

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ گفتو گۆ كردن لەسەر ماددەی (1)م، ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە ناويان تۆمار كردووە پێشتر ( صالح فەقێ، سۆران عمر، شێركۆ حەمە امين، سالار محمود، قادر ئۆتمان، گەشە دارا، خلف احمد، گۆران ئازاد، عباس فتاح، تەلار لطيف، فرست صۆفی، ڤەمان فيصل، رابون توفيق، ابو بكر عمر، بەهار عبدالرحمن، ئۆمێد حەمە علی، هەورامان گەچێنەيی، بەهزاد دەروێش، بێستۆن فائق، عمر عينايەت، علی حەمە صالح، سهام عمر، حاجی كاروان، ابو كاروان، عبدالله محمود، سرود سليم، ئاری هەرسين، امنە زكری، بێگەرد خان، پەروا علی، كاك قارەمان قادر).

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەست بە گفتو گۆ دەكەين لەسەر ماددەی (1)م ئەوەی پێشتر ناوی خۆيان نووسيوە، كاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی پێناسەی (هەرێم)ەكە هەر زيادە، جگە لەوەی كە لە هەموو شوێنێك دا ( هەرێم) ناوی هاتبێت نا مێنێ لە پێناسەكەشدا (هەرێم) پێويستمان نابێت، لەسەر ليژنەكە دەتوانرێت بەم شێوەيە بێ، بەڵام پێدا چوونەوەكە بخرێتە پێش ئامادە كردنەوەكە لەبەرئەوەی ئێمە پێدا چوونەوەكە بۆ ڕەشنووسی دەستوورەكە دەكرێت دواتر ئامادە دەكرێت، يان دەتوانرێت ئاماژە بەوە بدرێت كە ئەو ليژنەيەی كە لە ماددەی (2)دا دەست نيشان كرا، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (صالح فەقێ)، كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەر تەعريفی ليژنەكە، بەم جۆرەبێت (ليژنەيەكی دەستووری يە كار دەكات بۆ پێدا چوونەوە و هێنانە كايەی سازان لەسەر پرۆژەی دەستووری كوردستان)، واتە پێدا چوونەوەكەی بۆ زياد بكرێت پێش سازان، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (سۆران عمر)، بەڕێز شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام لە عینوانەکە (هەرێم) لابرا نازانم پێویست دەکات (هەرێم) لە تەعریفەکاندا هەبێت، چونکە لە سەر ئەوە (هەرێم)مان لا برد، ئەوی تریش لیژنەیەکی دەستوری یە، یەعنی ئێمە هێشتا خۆمان دەستوورمان نییە نازانم ئەو لیژنەیەکی دەستووری یە مەبەست لێی چییە؟، من لە گەڵ بابڵێم ئەو تەعریفە شدام کە لە ئەصڵی پڕۆژەکەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د.شێرکۆ حەمە امین)، کاك ئاری هەرسین رۆیشتووە دەرێ، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا تێبینیەك لە سەر لیژنەکە کە لە ئەصڵی پڕۆژەکەدا پرسی پێدا چوونەوە جارێکی تر هاتووە، بەگرینگی دەزانین لە ناو نیشانەکەدا نە چەسپێتن بەڵام لە عینوانی لیژنەکەدا، واتە لە تەعریفی لیژنەکەدا پرسی پێدا چوونەوەی پرۆسەی دەستوور بێتە کایەوە، چونکە لە بنەمادا دەبێت پرسێك پێدا بچیتەوە ئینجا ئامادە دەکرێت ئەگەر بۆ راپرسیە، ئێمە جارێکی تر تەئکید دەکەینەوە ئەمە پرۆسەیەکە بۆ پێدا چوونەوەی ئەو پڕۆژەیەی کە لە رابردوودا ئەو قۆناغانەی بڕیوە کە ئێستا سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی پێکرد، بە دەقیقی بەم جۆرە پێشنیار دەکەم عینوانی لیژنەکە دابڕێژرێتەوە: (لیژنەیەکی دەستووری یە کار دەکات بۆ هێنانە کایەی سازان لەسەر پڕۆژەی دەستووری کوردستان بە مەبەستی پێدا چوونەوە و ئامادە کردنی بۆ راپرسی بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (سالار محمود)، کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پڕۆژە یاساکەدا هاتووە کە لیژنە، لیژنەیەکی دامەزرێنەرە و، لە راپۆرتی لیژنەی یاساییشدا هاتووە کە لیژنە، لیژنەیەکی یاسایی یە، دیارە روونە لیژنەی دامەزرێنەر ئەوە یەکێکە کە هەڵی دە بژێرێ، بەڵام ئێمە دەستوورمان نییە تا ئەو لیژنەیە لیژنەیەکی دەستووری بێت، بۆیە من پێم باشە وای سیاغە بکرێت بوترێت (لیژنەیەکی هەڵبژێردراوە کار دەکات بۆ هێنانە کایەی سازان و پێدا چوونەوە لەسەر پڕۆژەی دەستووری کوردستان - عێراق بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕیز (قادر ئۆتمان)، دەتوانی ئەوەی نووسیوتە بە نووسراویش ببینرێت کە ئێستا باست کرد، خاتوو گەشە فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر پێناسەی لیژنەکە دیارە بەڕێزان لیژنەی یاسایش دەزانن کە پێویستە پێناسە جامع مانع بێت ، یەعنی هیچ تەفسیر و مەدلولێکی تر هەڵنەگرێت، کە دوایی ئەوە تەفسیرێکی جیاوازی بۆ بکرێت ئایا ئەم لیژنە یە کار لە سەر چی دە کات، را پۆرتی لیژنەی یاسایی باس لە هێنانەکایەی سازان دەکات کە موصتەڵحێکی زۆر مەتاتیە، بۆیە پێویستە ئەو زاراوانە پێدا چوونەوە و ئامادە کردن راستەو خۆ بەکار بهێنرێت وەکو وتم بۆئەوەی دوایی تەفسیری جیاواز نەکرێت، مەدلولی جیاوازی نەبێت لە پێناسە زۆر پێویست دەکات دەقیق بین، بۆیە من پێم باشە بوترێت (لیژنەیەکی دەستووری یە بۆ پێدا چوونەوە و هێنانەکایەی سازان و ئامادە کردنی پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ خاتوو (گەشە دارا)، کاك فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پاڵپشتی راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەکەم، لە بەر چی؟، چونکە کە لە ئەصڵی پرۆژەکەدا هاتووە باسی لیژنەیەکی دامەزرێنەر دەکات ئەگەر سەیری هەموو ئەو قانونانەی تر بکەین کە پێشتر دەرچوون لە پەرلەمان تایبەت بە دەستوور بەتایبەتی یاسای ژمارە (16)ی ساڵی (2008) دەڵێت: ( خولی یەکەم بابڵێین دامەزرێنەرە)، بۆیە لە ناو ئەو پرۆژەی کە ئێستاش موناقەشەی لەسەر دەکەین ئەوەش ئەو گومانەی کە هاوڕێکانم باسیان کرد دەرەوێتەوە، ئێمە هەموومان دەڵێین چی؟، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، یەعنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە ئێستا لەبەر دەستمانە و پێشتر ئەوە مەترەحە بۆ ئەو لیژنەیەی پێکدێت کاری لەسەر بکات، چۆن کاری لەسەر دەکات، سازان مەفهومێکی فراوانە دەکرێت هەمواری بکات، دەکرێت پێدا بچێتەوە، دەکرێت ئامادەی بکات، دەکرێت بیدا تە راپرسی، ئەمە ئەم مەفهومەیە کە سازان هەموو هێزە سیاسییەکان بەیەکەوە لەسەری رازی دەبن، بۆیە من پێموایە هەم بۆ تەئکید کردنەوەشم لە موداخەلەی یەکەمیشم کە کردم، چونکە ئەمە ماندو بوونێکی زۆری لەسەر کراوە تا وەکو گەیشتینە ئەم قۆناغە، بۆیە من پێموایە ئەوەندەی تر باری خۆمان قورستر بکەین و چەمکی نوێ و کەلیمەی نوێ بێنینە ئارا لەوانەیە ئەوەندەی تر بەر بەست لە بەردەم ئەو سازانەی کە پێشتر لەسەر ئەمە کردوومانە، بۆیە من پێموایە ئەوە ئەو خاڵەیە کە پێناسەی لیژنە دەکەین زۆر جەوهەرییە و رۆحی

ئەو قانونەشە، من پشتگیری ئەوە دەکەم کە لە راپۆرتی لیژنەدا هاتووە و پێموایە پێشتریش جۆرێك لە ئیتیفاقی لەسەر کرابوو کە لەسەری رێك بکەوین و دەنگی لەسەر بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ کاك (فرست صۆفی)، خاتوو بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموا یە ئیشکالاتێکی یاسایی لەم پێنا سەدا هەیە کە دەڵێ لیژنەیەکی دەستووری یە، ئێمە جارێ دەستوورمان نییە تا ئەو لیژنەیە دەستووری بێت، بۆیە من پێم باشە بۆئەوەی ئەم ئیشکالە حەل بکەین و ئەو ئیشکالەش کە ئامادە کردن مەبەستی چییە؟، ئەم پێناسەیە پێم باشە پێشنیاری دەکەم (لیژنەیەکی ئامادەکاری دەستوورە بۆ هێنانەکایەی سازان بەپێدا چوونەوە و هەموار لەسەر پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەنرێت)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ خاتوو (بەهار عبدالرحمن)، ئەوەی خوێندوتەوە ئێستا ئەگەر بە نووسینیش بیدەیە لیژنە، باشتر دەبێتن، کاك ئۆمێد فەرموو.

**بەڕێز ئۆمێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سازان پێك نایەت ئەگەر ئەو پێدا چوونەوە و گۆڕانکاریانەی هەر هێزێك لە هێزە سیاسییەکان دەیخوازن لە پڕۆژەی دەستووردا دروست ببێت ئەنجام نەدرێت، بۆیە بە بڕوای من وشەی سازانیش ئەگەر ئیشکالی یاسایی لەگەڵ ناو نیشانەکە دروست نەکات بمێنیتەوە وەك خۆی کێشەیەك نییە، بەڵام دەکرێت وشەی ئامادە کراوی بۆ زیاد بکەین (لیژنەیەکی دەستووری یە کار دەکات بۆ ئامادە کردنەوە و هێنانەکایەی سازان لەسەر پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەنرێت)، واتە ناوەرۆکی بابەتەکە ئەوەیە سازان لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا ئەو هێزە سیاسیانەش بەرنامەی سیاسی خۆیان هەیە و لە ڕووی یاساییشەوە دەیانەوێت ئەو بەرنامە سیاسییە تەوزیف بکەن لە دەستوورەکە بۆئەوەی ڕەنگدەرەوەی سەرجەم خواستە سیاسی و پێکهاتە سیاسی و ئیتنیکیەکانی هەرێمی کوردستان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ کاك (ئۆمێد حەمە علی)، کاك سروود فەرموو.

**بەڕێز سرووود سليم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێناسەی لیژنەدا هاتووە لیژنەیەکی (دەستووری یە)، بەڕای من ئەم مو صتەڵحە دەقیق نی یە، پێ شنیار دەکەم ببێتە لیژنەیەکی (پسپۆری یە) و، هەروەها پ شتگیری لە ق سەکانی دکتۆر ( شێرکۆ حە مە ا مین) و بەڕێز (سۆران عمر) دەکەم، دەربارەی زیادکردنی وشەی پێدا چوونەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ کاك (سرووود سليم)، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە بەڕێز سەرۆکی پەر لەمان، لیژ نە من لە سەرەتاوە با سم کرد کە تەعریفی ئیعداد بکر ێت، بەڵام نەکرا، من پێموا یە بەم شێوەیە بنوو سرێت پ شتگیری لە ق سەکانی دکتۆر ( شێرکۆ) دە کەم، لیژنە یەکی (دەستووری یە)، دەستوورمان نییە چۆن دەوتر ێت لیژ نەی دە ستووری یە؟، با شترە بوتر ێت (لیژنە یەکی تایبەتە بە ئامادە کردنی پڕۆژەی دەستووری کوردستان - عێراق).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ کاك (عمر عینایەت)، کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یا ئاشکرایە مەدڤێت کارێ ڤێ لیژنێ دیار ب یت، سازان کو ژلا یێ لا یەنێت سیا سی دهێ تە کرن لـ سەر چی ئەساس؟، چی بنەما دێ سازانێ کەن؟، ژبەر هندێ من پێ باشە بڤی شێوازی بێتە سیاغە کرن (لیژنە یەکی پسپۆری یە کار دەکات بۆ هێنانە کایەی سازان بە پێدا چوونەوە و ئامادە کردنی پڕۆژەی دەستوور)، یەعنی سازان لسەر ئەساسێ پێدا چوونەوە و ئامادە کرنێ بێتە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ کاك (بەهزاد دەروێش)، تۆ دشێی ئەوا تەنفێسی بدەیە لیژنا یاسایی، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە پێنا سەی ئە سلی پرۆژە کە کە لیژنە یەکی دامەزرێ نەرە، کە ئا یا دە ستوورییە یان دامەزرێنەرە بۆ مان شی بکەی نەوە، ئا یا دەکر ێت ب ڵێین دە ستوورییە؟ بۆ ئا مادەکردن و پێدا چوونەوەی پرۆژەی دە ستووری هەرێمی کورد ستان بە پ ێی حوک مەکانی ئەم یا سایە، ﴿61﴾ پەر لەمانتار واژووی کردووە، پێم وایە ئەمە باشە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك خلف فەرموو،

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له راستیدا ئەگەر بابەتێك كه لێره موناقەشەی لەسەر دەکەین و رەئیەکی جیاواز مان دەبێت، ما نای ئەوە نییه كه كاتی خۆی سەرۆکی فرکسیۆنەکان دانیشتوون و ئێمه ئاگامان له تەنسیقی سەرۆك فراكسیۆنەکان نەبێت، بەڵام ناکرێت پەرلەمان ئەوەندە مەجالی بۆ نەهێڵرێت، تەرح بکات و ئەم تەرحا نە كه دەكرێت بەوە حیساب بکرێت كه ئیتر سەرۆکی فراکسیۆنەکانیش دانیشتوون هەموو سازانەکانمان رەت کردبێتەوە، بەڵکو نەخێر، لەگەڵ تەواوی ئەو رێکەوتنا نەی كه سەرۆکی فراكسیۆنەکان دانیشتوون، بەڵام هەندێك مولاحەزە ئەوەیه كه ئەو یاسایه كه دەردەچێت هیچ کەلێن و کەم و کوڕتی تێدا نەبێت، ئەوەی پەیوەندی بە لیژنەی دەستووری هەیە تەئیدی ئەو هاوڕێیانە دەکەم كه دەستورییەکه بکرێت بە لیژنەیەکی هەڵبژێردراو ئەمە دەقیق ترە و ئەوەی پەیوەندی بە ئامادەکارییەکەوە هەیە یەك تەوزیح بە بیر برادەران بێنینەوە، ئێمە کاتی کەممان لە بەردەست ماوە، راستە ئەمە تایبەت نییە بە قەزیەیەکی دیاری کراو و دەمانەوێت دەستوورێکی مەعقول بۆ ئەم وڵاتە بنووسین، بەڵام كه دەڵێین ئامادەکاری، ئەگەر مەبەست ئەوە بێت پرۆژەیەکمان نییە و چ پرۆژەیەك بنووسین نەك بە ﴿9﴾ مانگ، نەك بە ﴿90﴾ رۆژ، زۆر زۆری پێدەچێت كه تەواو بێت، واتە ئێمە ناگەینە ئامانجێك كه ئەو پەرلەمانە چەندێك سەرۆکایەتی فراكسیۆن و سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتاران پێوەی ماندوو بوون، بۆیە زۆر گرنگە ئێمە موستەڵەحی پێداچوونەوە، هیچ تەفسیرێکی تری بۆ نەکرێت، لێرە جێی بکەینەوە و پێشنیار دەکەم بەم جۆرەی لێ بکرێت، لیژنەیەکی هەڵبژێردراوە کار دەکات بۆ پێداچوونەوەو هێنانەکایەی سازان لەسەر پرۆژەی دەستووری کوردستان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دەتوانی بە نووسین بۆ لیژنە رەوانەی بکەی، تەلارخان فەرموو،

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە كه ئەمڕۆ ئێمە بڕیاری لەسەر دەدەین، یاسایەکە جیاواز لە یاساکانی دیکە، بۆیە زۆر زۆر گرنکە وردتر و دووربینتر کار لەسەر ئەم یاسایە بکەین و بە شێوازێك كه خوێندنەوەی جیاواز هەڵنەگرێت بە تایبەتی لەسەر پێناسەی ئەم لیژنەیە بوەستین، پێناسیەیەك بێت كه له داهاتوودا رێگری بۆ کاری لیژنەکە دروست نەکات، ئێمە هەر لەسەرەتا لە ناوی لیژنەکە چەندین خوێندنەوەی بۆ کرا، بۆیە هەر لە سەرەتا لەم هۆڵەدا پێش دەنگدان ﴿3﴾ خوێندنەوەی جیاوازی بۆ کرا، بۆیە ئێمە پێویستە لە لیژنەکەدا زۆر بە وردی کار لەسەر ئەمە بکەین كه لە داهاتوودا گرفت دروست نەبێت و ئەو لیژنەیە بتوانێت كه کارەکانی

به شێوازێك بێت كه دەستوورێك بێت بۆ پاراستنی مافەكانمان له داهاتوودا و بۆ ئێستا و بۆ نەوەكانی داهاتووش، بۆیه پێشنیار دەكەم له ماددەی یەكەم، سەرەڕای لابردنی وشەی هەرێم، لەبەر ئەوەی له ناونیشانەكەدا لابرا بوو بەم شێوازە بێت پێناسەی لیژنەكە، لیژنەیەكی تایبەته بۆ پێداچوونەوە بە پرۆژە دەستووری هەرێمی كوردستان و ئامادەكردنی بۆ راپرسی، بۆ ئەوەی له داهاتوودا وردتر كار لەسەر ئەو لیژنەیه بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، تكایه به نووسین بینێرە بۆ لیژنەكە، كاك ڤەمان فەرموو،

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ل هەموو دونیایێ ﴿2﴾ ئالییەت بۆ دانانی دەستووری و ئامادەكردن یان هەر نا ڤەكێ دی بیت یێت هەین، یان ب رێكا لیژنەیەكێ یه كو خەڵك دەست نیشان دكەت، یان ب رێكا لیژنەیەكێ كو تێتە تەعیین كرنێ چ ب رێكا پەرلەمانی یان حوكمەتی، كەواتە لێرە هیچ ئیشكالییەتەك تێدا نییە كو ناڤێ وێ لیژنا دەستووری بیت و لیژنا دەستووری هیچ ئیلاقە بڤێ چەندێ نینە كو دەستوور هەبیت یان نەبیت، ژ بەر هندێ پشتگیریێ رەئی و راپۆرتا لیژنا یاسایی یان لیژنا مەعنی دكەم و بۆ ڤێ چەندێ ژی كو ئەڤ بابەتە زویتر ب دوماهیك بێت، ژبەر كو ئەو پرۆژەیە حەساسە و گەلەك گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سهام خان فەرموو،

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نیسبەت ماددا ئێكێ، پێناسا لیژنێ، من پێ باشە ڤی رەنگی بهێتە خاندن، لیژنەیەكی پسپۆرییە بۆ سازان لەسەر پێداچوونەوە و ئامادەكردنی پرۆژەی دەستوور بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، امنه خان فەرموو،

**بەڕێز امنه زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم هەمی فراكسیونێن پەرلەمانی كۆكین لسەر ڤێ چەندێ كو دەستوور پرۆژەیەكا نیشتمانییە و ئەم هەمی داكۆكیێ لسەر ڤێ چەندێ دكەین كو پرسا سازانا نیشتمانی لسەر دەستووری پێدڤییەكا ئەساسییە و بەری هەر تشتەی دڤێت سازان لسەر بهێتە كرن، كەواتە گرنگیا سازانێ لسەر پرۆژا دەستووری پێش هەمی تشتەكی كەڤیتن و ئەو سازانە كو دێ دیار كەت پاش پێك ئینانا لیژنێ، لایەنێن سیاسی كو دڤێ لیژنێ دا دێ دەست بكاری كەن، ل سەر چ جۆرە سازانەكێ دێ رێكەڤن؟ لسەر جۆرێ میكانزیما، پرۆژێ دەستووری؟

ئەڤجا بگرە پرۆژە یەکێ نوی بێت، یان هەموارکرن یان هەر جۆرە میکانیز مەکا دیتر، کەوا تە هەمی فراکسیۆنێن پەرلەمانی مادەم کۆکن کو سازان بهێتە کرن و ئەو راپۆرتا هاتییە ئامادەکرن بۆ موناقشە کرنێ ل هولا پەرلەمانی ڤە ژی سازانا هەمی فراکسیونێن پەرلەمانی هاتیە کرن، ئەز پشتگیرییا دەقێ تەعریفا لیژنێ دکەم ئەوا کو ژ لایێ لیژنا یاسایی ڤە هاتیە داڕشتن ژبەرکو ئەڤ سازانە یا بەردەوام بیت بۆ گەنگەشێن بەردەوامتر بۆ دەستووری.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک بێستون فەرموو،

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر لەسەر ئەو قسەیەی کە ﴿کاک عمر﴾ لەسەر پێناسە کردن بۆ ئامادەکردنی لە ناونیشانی پرۆژەکەدا پێدا چوونەوە تە سبیت نەکرا، با شتر ە ئامادەکردنە کە، چونکە ئا مادەکردن چییە؟ ئا مادەکردن تەنها مەتاتییە و زۆر شت دەگرێتەوە و ناگرێتەوە، لەسەر لیژنەکەش، لیژنەیەکی دەستووری کار دەکات بۆ هێنانە کایەی سازان لە خواریش دەڵێت دەبێت پسپۆر بێت، جا سازان پسپۆری بۆ چییە؟ ئێوە خۆتان سەرۆکایەتی پەرلەمان چەند رۆژێکە سەردانی لایەنە سیاسییەکان دەکەن، ئەمەش جۆرێکە لە سازان، جا لەبەر ئەوە ئەگەر هەموو ئیشەکە سازان بێت، رەنگە زۆر بە سیت بێت، پشتگیری هەموو ئەو هاوڕێیانە دەکەم وشەی ئامادەکردنی بۆ زیاد بکرێت لیژنەیەکە کار دەکات، بۆ ئەوەی ئامادەکردن و هێنانەدی سازان، چونکە سازان رەنگە تەنیا کافی نەبێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا هەورامان فەرموو،

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف ﴿گەچێنەیی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، پێم وایە ﴿کاک بێستوون﴾ قسەکەی وەك دەگۆترێت ﴿جامع و مانع﴾ بوو پشتیوانی لێ دەکەم، سواس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک عباس فەرموو،

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆر لە ئەندامانی بەڕێز قسەکانی ئێمەیان کرد و منیش دووبارە دەکەمەوە، پێناسەی هەرێم لابرێت و هەرێم لە پێناسەکانی تریش لابرێت، لەسەر لیژنەیە پرۆژە پێشنیار کراوەکەی زۆرینەی ئەندامانی بەڕێز پێناسەیەکی لە جێی خۆی بوو، بەڵام ئێستا پێناسەیەکی تر کە لیژنەی پێشنیارکراوی دەستوور

وتی، من پێم باشە بەم شێوەیە بێت، لیژنەیەکی شارەزا و یاسایی و دەستووری بێت کە کار دەکات بۆ هێنانەکای سازان، سازان خۆی، پێکهێنانی لیژنەکە خۆی سازانە، لەبەر ئەوەی لایەنەکان بە سازان لیژنەکە دادەنێن، بۆ پێداچوونەوە و ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری کوردستان بۆ راپرسی بێت، ئەگەر لێرە جێی نەکرێتەوە، دەکرێت پێناسەی ئامادەکردن بکرێت بۆ ئامادەکردن کە روونتر بێتەوە و دەتوانێت بەدیلی ئەم خاڵە بێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئاری فەرموو،

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر پێناسەی لیژنەکە مولاحەزەم هەیە، لیژنەیەکی دەستووری کار دەکات و ئەو «کار دەکات»ە زۆر زەعیفە و ئینسان زۆر کار دەکات، بەڵام مەرج نییە سەرکەوتوو بێت لە ئیشەکەیدا، بۆیە بە باشی دەزانم لە جیاتی کار دەکات، لیژنەیەکی دەستووری کە ئەرکی هێنانەدی ئینجا کار.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پەروا خان فەرموو،

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم کە وشەی «هەرێم» لابرێت، لەهەمان کاتدا کە قسە لەسەر لیژنە دەکەین، ئەو لیژنە ئەسلەن لە ئەنجامی سازان دا مەزراوە و رۆڵی ئەو لیژنە یە کارکردنێکی پسپۆری تەواوەتی یە لەسەر مەسەلەی دەستوور، بۆیە بە باشی دەزانم کە بەم شێوەیە بێت، «لیژنەیەکی پسپۆرە کە کار دەکات بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری کوردستان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەنرێت»، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بێگەردخان فەرموو،

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر پێناسەی لیژنەکە لە راستیدا پێم باشە بەم جۆرە بێت، لیژنە لیژنەیەکە لە کەسانی شارەزا پێك دێت، ئەرکی هێنانەدی سازانە بۆ پێداچوونەوە و ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری کوردستان، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە کار دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك گۆڕان فەرموو.

**بەڕێز گۆڕان ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام، کە پێم وانییە لە هەموو کۆبوونەوەکانی سەرۆك فراکسیۆن و لیژنەش، من خیلافێکی جەوهەریم نەدیتییە لە ئەرکی ئەم لیژنەیە لە ئاییندەدا چی دەبێت؟ پێم وایە هەموو فراکسیۆنەکان کە موتتەفیقن لەسەر ئەرکی ئەم لیژنەیە لە ئاینده و بەرچاویان روونە و لێدوانیشیان و هەر وا قسە کراوە، بۆیە ئەوەی ئیستا کە قسەی لەسەر دەکرێت بریتییە لە ئیشکالییات و سیغەی قانونی، کە مادام لە هەدەف و ئامانج هەمووومان یەك بەرنامەمان هەیە، زەرووره کە داڕشتن و ڕێکارە قانونییەکە زۆر ورد بێت، بۆ لە ئەسڵدا لە پرۆژە یا ساکەدا وەزیفەکان هەموو لەدوای یەکدا دەست نیشان کراوە؟ بە راستی سەبەبە ئەساسییەکە ئەوەیە ئێمە دوای چەندین کۆبوونەوە و دانیشتن لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆن و حزبەکان و لایەنەکان توانیومانە لەسەر موستەڵەحەکە ڕێککەوین، ئێمە جارێکی دیکە و شەی سازان دەسپێرییەوە بە قەدەری کۆبوونەوەی لیژنەکە کە دەبێت ﴿3﴾ مانگ کۆببێتەوە، چۆنە و چییە؟ و ئێستا ناما نەوێت، کە بەشێك لە ئەندامان قسەکان دەکەن دەڵێن سازان دەکرێت، کە ئەمە دێت دەکرێت، تەنانەت و ترا دەکرێت ڕاپرسی بێت لەسەر پرۆژەکە، کە ئەمە موستەحیلە، چونکە ئەو مەفهومە ناگەیەنێت، بەڵام قسەم لەسەر تەفسیری لایەنەکەیە، بۆیە ئێمە ئەگەر موتەفقین ببین بە خاوەن دەستوورێك بە زوویی و ئیشکال بۆ لیژنەکە لە ئایندەدا بە جێ نەهێڵین و ئیشکالییەتەکان دوای دانوستاندنەکان کە لێرە کردوومانە، لازمە سازانەکان بە تەنیا کافی نییە، ئەمە رەئی شەخسی خۆمە وەك گۆڕان ئەو قسەیە دەکەم، ئەوە کە ئێستا دەمانەوێت خۆمان لێ بە دوور بگرین، تەئجیلی دەکەین بۆ لیژنەکە، کە لەوێ قسە لەسەر بکرێت، پێم وایە فراکسیۆنەکان و هەموو ئەندامان هەنگاوی باشمان بڕیوە بۆ ستراتیژی لیژنەکە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام وەزیفەی ئەم لیژنەیە دەستنیشان بکرێت، سازانە بۆچی؟ بۆ پێداچونەوە و ئامادەکردنی پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ ڕاپرسی، ئەگەرنا ئەو ئیشکالە لە ئاینده بۆ لیژنەکە دروست دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك رابوون فەرموو،

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆر بە کورتی پشتگیری لە قسەکانی کاك ﴿بێستوون﴾ دەکەم کە وشەی ئامادەکردن زیاد بکرێت بۆ پێناسەی لیژنەکە، چونکە لەگەڵ روحی عینوانەکە هاوکۆك دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله ﴿هەڵەدنی﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێناسەیەكم نووسیوە، هەموو ئەوانەی تێدایە، لیژنەیەكی دەستوورییە بۆ هێنانە كایەی سازان لە سەر پێداچوونەوە و ئامادەكردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان بۆ راپرسی بە پێی حوكمەكانی ئەو یاسایە پێك دەهێنرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دەتوانی ئەوەی ئێستا خوێندتەوە بۆ لیژنەی یاسایی بنێری، كاك قارەمان فەرمو،

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكەی من كاك ﴿ابوبكر هەڵەدنی﴾ كردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك حاجی كاروان فەرموو،

**بەڕێز كنعان نجم الدین ﴿حاجی كاروان﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام لە ماددەی یەكەم پێناسە هەیە، دەكرێت ئێمە لە دەستە بڵێین یاسایی كە باسیان كرد، ئامادەكردن وەكو ﴿ڤالا خان﴾ باسی كرد، پێدا چوونەوە و هەمواریش دەگرێتەوە، بە رای من ئەگەر لێرە جێی دەبێتەوە ئامادەكردن پێناسە بكرێت، بۆ ئەوەی ئەو ئیشكالە چارەسەر بكرێت لای هەمووومان و پشتگیری لە رای ﴿كاك ابوبكر﴾ دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەین وەڵامی تێبینی و سەرنجی بەڕێزتان بدات، د. ڤالا فەرموو،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەووەی كە تێبینی كرا، بەڵێ هەرێم هەڵدەگیرێتن و لە هەر شوێنێك هەرێمی كوردستان هاتبێت هەڵدەگیرێت، بەڵام ئەو پێشنیارانەی كە كرا لیژنەكە لیژنەیەكی دەستوورییە لەبەر ئەوەی هێشتا دەستوور نییە، دەتوانین بڵێین لیژنەیەكی دەستوورییە، لەهەمان كاتیشدا دەتوانین بڵێین لیژنەیەكی تایبەتمەندە، چونكە ئەو لیژنەیە كار دەكات بۆ هێنانە كایەی سازان لەسەر دەستوور، واتە كارەكەی كارێكی دەستوورییە، واتە ئەگەر دەستوورەر هەبێت دەستوور لەناو خۆیدا ئیشارەت ناكات كە لیژنەیەك دروست دەكرێت، دەستوور جارێكی دیكە دەنووسرێت، بۆیە ئەو لیژنەیە كە دەڵێین لیژنەیەكی دەستوورییە، كار دەكات بۆ ئامادەكردن و نووسین و هێنانە كایەی سازان لەسەر پرۆژەی دەستوور و دوای ئەوەی تێبینی زۆر لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كرا، لە لیژنەی یاسایی بەو شێوەیە دایدەڕێژینەوە، لیژنە: لیژنەیەكی

**تایبەتمەندە کار دەکات بۆ ئامادە کردنەوەو هێنانە کا یەی سازان لە سەر پرۆژەی دە ستووری کورد ستان  عێراق بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کۆی ماددەکە دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان،**

**ماددەی یەکەم:**

**بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە کە لەم یاسایەدا هاتووە:**

**پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان  عێراق.**

**پرۆژە: پرۆژەی دەستووری کوردستان  عێراق.**

**لیژ نە: لیژنە یەکی تایبەتمە ندە کار دە کات بۆ ئا مادە کرد نەوەو هێنا نە کا یەی سازان لە سەر پرۆژەی دەستووری کوردستان  عێراق بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاک گۆڕان نوقتەی نیزامی هەیە؟**

**بەڕێز گۆڕان ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەندامانی پەرلەمان ز یاتر لە چەندین را یان خستە روو، لە بەر ئەوە زەرووره سەرۆکایەتی خۆی را کان یەکلایی بکاتەوە، بەشێکی زۆری قسە لەسەر ئامادەکردن کرا، وەك لیژنە پیمان وابوو ئەوە ناکر ێت، بەڵام قسە لەسەر پێداچوونەوە و وشەی ئامادەکردن بە جیا یان و شەی جیاکرد نەوە و ئا مادەکردن کرا، لە بەر ئەوە کەی ئەو چەمکانە بخرێتە دەنگدان و دەنگی هێنا ئیزافە دەکرێت؟ و ئەگەر نەخرا یە دەنگدان، ئەوە دایدەڕێژینەوە،**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**د. ڤاڵا فەرموو،**

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**داوا دەکەین ئەوەی خوێندرایەوە بخرێتە دەنگدان، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئینجا سیاغەی تری بۆ دەکرێت،**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا ئەوەی خوێنرایەوە لە لایەن د. ڤالاْ سەرۆکی لیژنەی یاسایی، ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، کاك گۆڕان فەرموو.**

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یه كەم چۆن خرا یه دەنگدان ئه مەش وا بخرێ تە دەنگدان، چۆن له ماددەی یه كەم، خۆدی ناونیشانەكه نەخرایه دەنگدان، یەكەم جار رەئیەكه و پاشان ناونیشانەكه خرایه دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

د. بەهار فەرموو،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی راكان زۆر زۆرن بە نووسراو و بەدەم، لەبەر ئەوە بە وەرگرتنی حەددێكی تەوافوقی لە نێوان راكان ئەو سیاغەمان كردووە، بۆیە بۆ ئەوەی كار ئاسانی بكەین، ئەگەر ئەوە بخرێتە دەنگدان و دەنگی نەهێنا ئەوانی تر دەخەینە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

پێش ئەوەی ئەو ماددەیە بخرێتە دەنگدان نوقتەی تری نیزامی هەیە گوێ لێ رادەگرین، كاك سالار فەرموو،

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە راستیدا پرسیارێكی جەوهەری دەبێت ئاراستەی لیژنەی یاسایی بكرێت و دەبێت وەلامێكی موقنیعمان بدەنەوە، كاتێك ئێمە لەم دوو ماددەیە ئاماژەمان بەپرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان كرد، بە فیعلی ئێمە پرۆژەیەكی ئامادەكراو مان هەیە یان نا؟ ئێمە پرۆژەیەكی ئامادەكراو مان هەیە، ئێمە قۆناغی ئامادەكردنمان تێپەڕاندووە، ئەم ئامادەكردنە پێویستی بە پێداچونەوە و بە سازان هەیە و ئێمە بە یاسا چەسپاندوومانە كە پرۆژەمان هەیە پێویستی بە پێداچوونەوەیە، بۆیە ناكرێت بە هەندێك دەستەواژەی مەتاتی لە ئایندەدا كۆمەڵێك گرێ و گۆڕ دروست بكەین، ئەو ماوە زەمەنییەی لەبەردەم سەرۆكی پەرلەمان و پەرلەمانی كوردستاندا بوو بە فیڕۆ رۆیشت و بەدی نەهات جارێكی تر عەلاقەیەكی دروست بكەین، لەبەر ئەوە ئەو پرسەی پەیوەندی بە داخوازی ئەندامانی پەرلەمان هەیە ئەولەویەتی پێبدرێت، لە پرسی داخلكردنی دەستەواژەی پێدا چوونەوە، كە ئێمە مەبەستمان پێدا چوونەوەی دەستووری هەرێمی كوردستانە، ئەو پرۆژەیەی كە چەند ساڵێك كاری لەسەر كراوە، ئێستا پێویستی بە گۆڕینی چەند ماددەیەك یان مولاحەزەی بچووك دەبێت، ئەگەر ئەوەندە سەرۆكی لیژنەی یاسایی ئاماژە بەوەی كرد كە ئامادەكردن مەبەستی پێداچوونەوە و سازان و هێنانە كایەی زەمینەیەكە بۆ بەدی هێنانی ئەو مەهامانە، بەڵێ فەرموو ئەگەر ئەوە ناكەن و بگەنە تەعریفە لە چوار چێوەی ئەو ئامادەكردنە ببێتە چوار چێوەی

تەعریفە کە، لە مەش گرنگتر بۆ سەرۆکایەتی پەر لەمانی کورد ستان ئەوە یە ئەولەو یەت بدرێت بە رای ئەندامان لە کاتی دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەرچەندە ئەمە رەئی بوو نوفتەی نیزامی نەبوو، بێگەردخان فەرموو،

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئکید لە قسەکانی ﴿کاك سالار﴾ دەکەم، چونکە لە ماددەی رابردووش ئەوەی پەسەند کرا رێژە یەکی زۆر پێشنیار هات، بەڵام بەهە ند وەر نەگیرا و نەخرا یە دەنگدا نەوە، پێ شنیار دە کەم بەهە ند وەربگیر ێت، چونکە لە را ستیدا ئەوەی لەم پرۆژە یا سایەدا هاتووە زۆر بەی و شەی مەتاتی یە و لێکدا نەوەی ج یاواز هەڵدەگرێت، بۆ یە پێ شنیار دە کەم لیژ نەی قانونی تەنیا رای خۆ یان نە سەپێنن و ر ێز لە رای ئە ندامان بگرن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی سەپاندنە، لە ئارادا نەبووە و نییە، دەبێت گوێ لە یەکتر بگرین و مامەلە یەکی تر وا لە گەڵ یەکتر بکەین کە متمانە زیاتر بکەین، کاك صالح فەرموو،

**بەڕێز صالح فەقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئە گەر مادده کان وەك خۆی بخرێ تە دەن گدان، کەوا تە هیچ مانا یەك بۆ گفتو گۆی ئە ندامانی بەڕێز نامێنێتەوە و بە تایبەتی ئەو وشانەی کە ﴿3﴾ ئەندامی پەرلەمان تەئکیدی دەکاتەوە ئەم و شانە بخرێ تە دەنگانەوە کە بچەسپێ لەو ماددەیەدا یان نەچەسپێ، زۆر سوپاس،

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك ، دوو، خاڵی تری نیزامی وەردەگرین، بۆ ئەوەی خاڵی نیزامی زۆر نەبێت، د. فرست فەرموو،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم، بۆ ئەوەی هاوڕێکانمان لە فراکسیۆنەکان هە ست نە کەن کە را یەکان لە بەر چاو نەگیراوە، ﴿سێ﴾ رەئی یان ﴿چوار﴾ رەئی، هەمووی کۆبکرێنەوە، رەئی راپۆرتەکە ئەوەی کە رەئیە کە ئا مادەکردنی تێدا نییە و رەئیەکی تر کە ئێستا سیاغە کراوە کە ئامادەکردنی تێدایە و رەئیەکی تر کە پێدا چوونەوەی بۆ زیادە بکرێت، هەمووی بە تەسەلسول دابنرێت بە پ ێی ئەو عور فەی کەپ ێشتر دە مان خ ستە دەنـگدان، بەڵام ئێستا ئەوە مانع نییە کە ئەو سیاغەیەی ئامادەکراوە بخەنە دەنگدان و ئەگەر دەنـگی نەهێنا، ئەوەی ئەسڵی ماددەکەیە بیخەینە دەنگدان و ئەگەر دەنـگی نەهێنا پێدا چوونەوەی بۆ ئیزا فە بـکەن، پێم وا یە

هیچ ئیشکالێك نییه، بۆیه ناکرێت جارێکی تر بۆ قەناعەت پێکردنی یەکتر موداخەلە بکەین، دەست بکەن بە دەنگدان و کامە زۆرتری هێنا دەروات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عادل فەرمووو،

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێناسەی لیژنە لە هەردوو هەیە لە ئەسڵەکە و ئەوەی لیژنەی بەڕێز هەمواری کردووه، بەس یەك خیلاف هە یە، لەئە سڵەکە دەڵێت، لیژنە یەکی دامەزرێنەر بۆ ئا مادەکردن و پێدا چوونەوەی دە ستووری هەرێمی کوردستان تەنها وشەی پێداچوونەوەکە بخەرە پێش ئا مادەکردن، وا تە وای لێدێت لیژنە یەکی دامەزرێنەر بۆ پێداچوونەوە و ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کورد ستان، ئەو دوو حاڵە تە بخەرە دەنگدان پێم وایە کێشەکە کۆتایی دێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك رابوون فەرمووو،

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم مولاحەزە یەکی بچووکە لە سەر ئەوی ئەو بابەتا نە هەمووی بە دەنگدانی پەر لەمان یەکلا دەبێتەوە، پێشنیارێك کرا کە زۆرینەی پەرلەمان لەگەڵ نەبێت و پێشنیاری تر دێتە کا یەوە، کەوا تە فەرز نەکراوە، بابەتی دووەم، ئێمە لە یاساکە دەنگدانمان لە سەر کرد کە پێ شنیاری ئامادەکرد نمان لە سەر کرد، ئێ ستا پێ شنیارێك هە یە بۆ ئا مادەکردن بخرێ تە پێنا سەی لیژنە کە، کە لە گەڵ ناونیـ شانەکە و رۆ حی پێناسەکە دەگونجێت کە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کردی بۆ ئا مادەکردن، کە ئەو لیژ نە دە ستوورییە چی دەکات؟ بە درێژی باسی کرد کە دەچێتە پرۆتۆکۆلەوە، بۆیە بۆ یەکلایی کردنەوەی دوو رێگا هە یە یە کەم، لیژنەی یاسایی بەداخەوە پێدەچێت زۆر خیلافیان هەبێت، دووەم، دەتوانن بە زۆرینە یان سەرۆکایەتی بە خۆی بڕیار بدات چۆن دەیخاتە دەنگدان؟ سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەهارخان نوفتەی نیزامی؟

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عینوانی پرۆژەکە ئیشکالی لەسەر هەبوو، ئامادەکردن لەسەرمان تێپەڕی لە روانگەی بەهە ند وەر نەگرتنی زۆربەی ئەو بۆچوونانەی کە خرایە روو و ئەوانەی نەخرا نە دەنگدا نەوە، ئێ ستا دەما نەوێت لە پێنا سەی

لیژنەدا ئەمە چارەسەر بکەین، نازانم بۆ چی بە هەمان شێوە ناتا نەوێت پێدا چوونەوە بکەن؟ لە کاتێکدا ئێمە رەشنووسی دەستوورێکمان هەیە، لە هەموو حاڵەتێکدا پێداچوونەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمەش رەئیە بەهار خان، تەلارخان فەرمو،

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو رەئی نەخراوەتە ناو ئەو پێشنیارانەی بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی کاریان لەسەر کردووە، ئەویش وشەی پێدا چوونەوەیە، زیاد لە ﴿3﴾ ئەندام پەرلەمان ئەو خاڵەی خستە روو و بە نووسین خراوەتە بەردەم لیژنە، پێویستە کاری لەسەر بکرێت و دووەم، پێناسەی ئامادەکارییەکەیە، ئەگەر ئەوان کاری لەسەر ناکەن، پێویستە پێناسەی ئامادەکاری هەبێت کە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ نەبێت و کۆسپ بۆ لیژنە دروست نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک ابوبکر فەرموو،

**بەڕێز ابوبکر عمر عبداللە هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ﴿ا سباب موجب﴾ە کە هاتووە بە راستی، یەعنی ئیشی سازان دوو شتە، بۆ پێدا چوونەوە و بۆ ئامادەکردنی ئەو پرۆژە یە بۆ راپرسی، لە بەر ئەوە ئەو پێناسەیەی کە نووسیومانە، سازان بۆ هێنانەکایەوەی پێداچوونەوە و ئامادەکردنی پرۆژەکە بۆ راپرسی، وازیحە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. رێواز فەرموو خاڵی نیزامی؟

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گوێرەی پێڕەوی ناوخۆ ئەندامانی پەرلەمان موحامی یەکتر نین، موحامی لیژنەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان نین و هیچ کەسێك ئێستا ﴿رێواز﴾ ناتوانێت قسە لەسەر قسەکانی ﴿ کاك خلف﴾ بکات، برای بەڕێزم ﴿کاك رابوون﴾ ئەمە یەکەمجاری نییە کە قسەر لەسەر قسەی ئەندام دەکات، من دەمەوێت خۆشك و برایانە بێت و برای گەورەی هەمووما نە و قسەکردن لەسەر قسەی ئەندامان لە پێڕەوی ناوخۆ رێی پێنادرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لە شوێنی خۆت کاك رابوون قسە مەکە، لەسەرخۆت، ئێستا نۆرەی تۆ نییە، د. عزت فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم راپۆر تەی لیژ نەی یا سایی ئا مادەیکردووە ژمارە یان ﴿11﴾ کە سە، ﴿7﴾ کەس تە حەفوزی لە سەر نووسیوە، یەعنی ﴿4﴾ کەس لەگەڵیدایە، بە ژ مارە نوو سیومە ﴿13﴾ ئە ندام پەر لەمان داوا یان کردووە و شەی پێدا چوونەوە بچە سپێنرێ لە پێنا سەکەدا، بۆ یە پێ شنیار دە کەم ماددەی یە کەم یان وەك خۆی بخرێتە دەنگدانەوە یان وشەی پێداچوونەوەی بۆ زیاد بکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك رابوون فەرموو،

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من هەم بە ڤیدیۆ و هەم لە پرۆتۆ کۆل تە سجیل کراوە، من ناوی هیچ ئە ندام پەر لەمانێکم نەهێناوە، بەڵام ئەو بەڕێزە ناوی مـ نی هێ نا بە پـ ێی پـ ێڕەوی ناوخۆ پەر لەمانتارێك لە سەر ڤ سەی پەر لەمانتارێکی تر رێ پـ ێدراو نی یە، رای دووەم، بۆ ئەوەی رای گ شتیش بزانن، ئێـ مە ﴿20﴾ کەس لە ژوورەوە بووین، فراک سیۆنەکان لە بەر ئەوەی با بەتی گرنـ گە و ﴿20﴾ کەس شاهیدن بە دە ستەی سەرۆکایەتییەوە، ئایا ئێمە ئیتفاقمان لەسەر ئەو قسانە کرد کە من دەیکەم یان بە پێچەوانەوە؟ لـ ێرەدا بە چ میکانیزمێك ئەم بابەتانە بخرێنە دەنگدانەوە؟ من دوو پێشنیارم کرد نەخراوە دەنگدا نەوە، من دە ڵێم یان ئەگەر ئیتفاقیان هە یە لیژ نەی یا سایی یان بۆ زۆریـ نە یان سەرۆکایەتی پەر لەمان بە پـ ێی پـ ێڕەوی ناوخۆ مافی هەیە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوانەی کە قسەیان دەکرد دەبێت قسەکانیان گ شتی بن و ناوی هیچ پەر لەمانتارێك نەهێنن لە قسەکانی خۆیاندا، د. ڤاڵا فەرموو،

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو رایەی کە لە لیژنەی یاسایی سیاغە کراوەتەوە بخرێتە دەنگدان،

**ماددەی یەکەم:**

بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە کە لەم یاسایەدا هاتووە:

پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان  عێراق.

پرۆژە: پرۆژەی دەستووری کوردستان  عێراق.

لیژ نە: لیژنە یەکی تایبەتمە ندە کار دە کات بۆ ئا مادە کرد نەوە و هێنا نە کا یەی سازان لە سەر پرۆژەی دەستووری کوردستان  عێراق بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ ستا ئەوەی خوێنرا یەوە لە لا یەن د. ڤا ڵا دەیخەیـ نە دەنگدا نەوە، ئەوەی لەگەڵیدا یە دە ستی خۆی بەرزبکاتەوە؟ ئەوەی دەنگ نەدات با لە دژی بێت، پەرلەمان بەس بۆ قسەکردن نییە،

تکایە پرۆسەی دەنگدان تێك مەدەن، کاك گۆڕان دەرفەتم نەداوە بە تۆ قسە بکەی، لە خۆ تەوە قسە مە کە، ﴿42﴾ کەس لەگەڵیدا یە، ئەوەی دژە، دە ستی خۆی بەرز بکا تەوە، لە شوێنی خۆت قسە مە کە، تکا یە هێمنی، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین دوای راوێژکردن، ئەو وشەی پێداچوونەوە دیارە پێ شتریش ئا ماژەی پێکرابوو دەخەینە دەنگانەوە، دووبارە ئەو سیاغە بخوێننەوە، ﴿پشێوی لە لایەن فراکسیۆنی سەوز دروست بوو﴾، ئیزافە لەسەر ئەو ماددەیە دەکرێت، کاك فرست نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە جەنابت کاری پێدەکەیت زۆر روون و ئاشکرایە، کە شتێك خرایە دەنگدان هەمان بابەت ناخرێتەوە دەنگدان، خرایە دەنگدان و ﴿42﴾ دەنگی هێ نا و پێم وا یە مو خالیفی پێڕەوە جارێکی تر بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرست تەواو بوو، ئەوەی دەنگی لەسەر دراوە تەواو بوو، رای لیژ نەی یا سایی لە سەر ئەوە یە و هێ شتا یەکلا نەبوویتەوە و دەنگی دژەمان نەژماردووە، روونکردنەوە لە لایەن د. بەهار فەرموو،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی لە پێڕەوی ناوخۆی ئێستادا میکانیزمێکی د یار نەکردووە کا تێك کە چەند را هەبوو چۆن بخرێ تە دەنـگدان؟ را ستە رای پێ شوو خرا یە دەنـگدان و ﴿42﴾ دەنـگی هێ نا و ئێ ستا وە کو رای دووەم دەخەینە دەنگدان و هێشتا دژەکان دەنگیان نەژمێردراوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرست لە شوێنی خۆت قسە مەکە، کەس لە شوێنی خۆی قسە نەکات، کاك ئومێد نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای پشتیوانی کردن لە قسەکانی د. فرست کە حا ڵەتی وا نا بێت دوو بارە ببێ تەوە کە ماددە یەك ﴿2﴾ جار دەنگدانی لەسەر بکرێت، بۆ دەرباز بوون ئەوەیە کە ئێمە باس لە تەوافوق دەکەین، ماددەیەك کە بە دەستکارییەوە دەنگی لەسەر دراوە، فەرموون ئەسلی ماددەکە کە لە پرۆژەکە و لە را پۆرتی لیژ نەی یا سایی

هاتووه، بخرێتە دەنگدان و ئەو كات ئۆتۆماتیكی موافەقە دروست دەبێت كە بەیانی ئێمە فراكسیۆنەكان كۆ دەبینە و ئەو كەسانەی كە دەنگ بۆ ئەو گۆڕانكارییانە دەدەن ئیزافە كراوە، وەكو خۆی بڕوات كێ زۆر تری هێنا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، تكایە لە جێگای خۆتان دانیشن، ئێڤار خان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

گرفتەكە لەوەوە دەستی پێكرد، ئەگەر سەرەتا پێناسەی ئامادكردن كرابا ئەوە ئەو گرفتە دروست نەدەبوو، بۆیە ئەم پرسە پرسێكی گرنگە رەهەندی نیشتیمانی لەسەرە، دیارە زیاتر لە (3) ئەندام داوایان كردووە رەئیان هەیە كە پێداچوونەوەبێتن، با ئەوانیش بدرێتە دەنگدان و ئەوەكەی تریش بدرێتە دەنگدان، كامە دەنگی هێنا با ئەو بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێموابیت لەسەرەتای دانیشتنەكەوە ئەوەم باسكرد، خەریكە هەندێك گرفتی شكلی، قسە لەسەر شكلیات دەبێتە رێگر لەبەردەم كۆی پرۆژەكە، باوەڕتان هەبێت كۆی ئەم پرسانە شكلین، موشكیلە نییە، ئەگەر پێتانوایە كە ئەو شتانەش بخەینە دەنگدانەوە ئەوە دەیخەینە دەنگەوە، بەلاَم لە شكلیات زیاتر هیچ دەرناچێت، ئەسڵی پرۆسەكە چییە؟ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە لە دەستەی سەرۆكایەتی دەمانەوێ ئەم پرۆسەیە بە سازدان بڕوات، هەروەها ئەم سازدانە دەست پێ بكات، چونكە ئەسڵەن كۆی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستانیش پێویستی بە سازدان هەیە، پرۆسەكە بریتییە لەمە، لیژنەیەك دروست دەكرێ، پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان خۆی ئێستا هینێكمان هەیە، لایەنی كەم درافتێكمان هەیە، ئەم درافتە دەیهێنێ كاری لەسەر دەكات، دەستوورێكی تازەی نووسیوە، ئەم درافتەی بە دڵ نەبوو بۆ رێگا دەگرن لەوەی كە ئەو لیژنەیە بڵێ من دەستوورێكی تازە دەنووسمەوە، خۆی ئەو لیژنەیە بە دەنگی ئێوە هەڵدەبژێردرێ، باشە، ئێوە خۆتان بەشێكتان ئەندام دەبن لەو لیژنەیە، هەروەها خەڵكی دەرەوەی فراكسیۆنەكانیش لە حیزبە سیاسییەكان ئەندامن تێیدا، بۆ رێگر دەبن لەبەردەم ئەوەی كە ئەو لیژنەیە بڵێ دەستوورێكی تازە دەنووسینەوە، بۆ نموونە گوتیان ئەم پرۆژەی دەستوورە بە كەڵك نایەت و دەستوورێكی تازە دەنووسینەوە، ئێمە پێویستمان بە دەستوورە، پێویستمان بەم مناقەشەیە نییە، ئایا دەستووری رابردوو پێداچوونەوەی بۆ دەكرێ؟ هەموار دەكرێ؟ یان دەستوورێكی تازە دەنووسرێ؟ ئەسڵی مەوزوعەكە بریتییە لەوەی دەستوورێكی باشمان هەبێت، ئینجا ئەم دەستوورە باشە، ئەوەی رابردوو پێداچوونەوەی بۆ دەكەین، یان دەستوورێكی تازەیە؟ لیژنەكە پێیوایە پێویستە دەستوورێكی تازەبێت لەگەڵ هەل و مەرجی ئێستای هەرێمی كوردستان و ئەوەی كە ئێستا هەیە بگونجێت، یەعنی ئایا ئەمە دەبێتە گرفت، دوای ئەوە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، بە پێی ئەم پرۆژە یاسایە هیچ پرۆژەیەكی

دەستوور لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند ناکرێت ئەگەر (2) لەسەر (3)ی ئەندامانی پەرلەمانی لەگەڵ نەبێت، ئیتر بۆ ئەمە دەکەن بە گرفت، ئەم مەوزوعانە دەکەن بە گرفت، من لەگەڵ ئەوەم رای ئەندامان بخرێتە دەنگدانەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێشەیەك لەمەدا نییە، بەلاّم ئەم مەسەلە شکلیانە لە مانگی (12)ەوە کێشەی بۆ ئێمە دروست کردووە، لە مانکی (12)ەوە هەندێك جار ئەم کێشە شکلیانە دەبێتە کێشەی جەوهەری وەکو ئێستا کە لە ناو هۆڵی پەرلەماندا روویداوە، ئەوە وا دەکات پڕۆسەکە دوا بخات، من هەر لە ئێستاوە نیگەرانیم لەوە دەبێت کە دەترسم بۆ لیژنە دەستوورییەکەش بە هەمان شێوە بڕوات، یەعنی ئێستا لەسەر ئەم پرسە نیگەرانی دروست دەبێت لە ناو پەرلەماندا، رای جیاواز دروست دەبێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە من پێموایە پڕۆژەی دەستوورەکەش زۆر زیاتر دەخایەنێت، کاك سالار نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم دوو، سێ دەقەیەك دەرفەتم پێ بدەی، سەرەتای دەست پێك لەسەر عینوانی پڕۆژەکە من قسەم لەسەر ئەو بابەتە کرد، کە ئەم پرسە پرسێکە نەفەس درێژی دەوێت، بە دڵنیاییەوە پرسێکی نیشتیمانییە و یەکتر قەبوڵکردنی دەوێت، هەروەها ناشبێت ترسمان لە جیاوازی هەبێت لەسەر ئەم پرسە، چونکە ئەمە مەسیری سیستەمی سیاسی کوردستانی لەسەر بەندە، ئێمە لەم حاڵەدا جەنابت لێرە نەبووی گەیشتینە مەحەتەیەك، راپۆرتی لیژنەی یاسایی کە شەش لە ئەندامەکانی تەحەفوزیان لەسەری هەیە، راپۆرتی ئەسڵی پڕۆژە یاساکە هەیە کە (61) ئەندامی پەرلەمان بە بەڕێزت و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمانەوە واژوویان لەسەر کردووە، (10) ئەندامی پەرلەمان داوایان کردووە دەستەواژەی پێداچوونەوە بۆ پڕۆژەی دەستوور بخرێتە ناو تەعریفەی لیژنەکەوە، زیاتر لە (10) ئەندامی پەرلەمان رووی لە لیژنەی قانونی کردووە بڕیاردەری لیژنەی قانونی و جێگری سەرۆکی لیژنەی قانونی موتەفیقن لەگەڵ ئەو بۆچوونە، بەلاّم ئەگەر رای ئێمە ئەسڵی پڕۆژەکە و کە ئیمزای جەنابتانی لەسەرە، ئەو هەموو تەحەفوزەی کە لەسەر ئەسڵی پڕۆژەکەی لیژنەی یاسایی هەیە بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگیرێت سازدان بەچی دێتە کایەوە؟ رێزگرتن لە رای ئەندامان چۆن دێتە دی؟ لە ئەمڕۆ داوا لە جەنابتان دەکەم وەکو چۆن ئەم پرسە پەیوەندی بە هەموو مەسەلەیەکی ترەوە هەیە و لێرەوە ئێمە تووشی دابڕان نەبین، لە ئەساسیشدا بیرمان نەچێت ئێمە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانمان هەیە، نەك ئامادەکاری بۆ پڕۆژەیەکی نوێ، بە قانون پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان هەیە، پەرلەمانی کوردستان لە خولی دووەم، لە خولی سێیەم، کە خۆم تەحەفوزی گەورەم لە خولی سێیەم لەسەر رایکردنی پڕۆژەکە هەبووە و قانونی بۆ دەرکرا و سەرۆکی هەرێم بەر مەبنای درێژکردنەوەی ویلایەتەکەی ئێمە رازی بوون بەوەی کە پڕۆژەی دەستوور هەموار بکرێتەوە، بەلاّم ئێستا جەنابتان وەکو سەرۆکی پەرلەمان قەسەیەك لەسەر ئەوە بکەن پڕۆژەیەکی نوێ ئامادە بکرێ، بە دڵنیاییەوە ئەمە جەدەلێکی تریش دروست دەکات، بۆیە ئێمە وەکو

خۆت گوتت درافتێكمان هەیە ئەم لیژنەیە بۆ پێداچوونەوە و ئامادەكردنی ئەو پڕۆژەیە كار دەكات كە بیخاتە راپرسییەوە، بۆیە ڕێزگرتن لە رای ئەندامان، ئەسڵی پڕۆژەكە كە واژووی جەنابتانی لەسەرە و ئەو تەحەفوزەی ئەندامانی لیژنەی قانونی هەیە بە نەزەری ئیعتیبار و ئەولەیەت وەربگیرێ و بخرێتە دەنگدانەوە، هیواداریین بخرێتە دەنگدانەوە، ئەو كاتەی كە دەنگی نەهێنا، ئێمە رێز لەو بۆچوونانە دەگرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەر لە سەرەتای گفتوگۆكانەوە كاتێك كە پێشنیار دەكرێ لەلایەن پەرلەمانتارەوە زیاتر لە (3) كەس بوو دەبێ لیژنەی یاسایی بە هەندی وەربگرێ، ئەگەر هاتە سەر سیاغەكردنی بۆ ئەوەی كە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەمە زیاتر لە (3) كەس پێشنیاری پێداچوونەوەی كرد، بەلاَم بە داخەوە لیژنەی یاسایی لە كاتی سیاغەكردنەوەدا بە هەندی وەرنەگرتووە ئەمە بەشێكی، هەروەها لە كاتێكیشدا خرایە دەنگدانەوە لە نیوەی پرۆسەكەدا پرۆسەی دەنگدانەكە تەواو نەبوو، لەبەر ئەوەی پشێویەك دروست بوو لەسەر ئەوەی كە نوقتەی نیزامیمان هەبوو، بۆیە پێویست ناكات لە ئێستادا بە بیانووی ئەوەی كە خراوەتە دەنگدانەوە را و سەرەنج و تێبینی یاسا ناسەكان، هەروەها ئەندام پەرلەمانەكان وەرنەگیرێ، چونكە پێكهێنانی ئەم لیژنەیە و پێناسەی ئەم لیژنەیە بەراستی خاڵێكی گرنگە بۆ كاركردنی ئەو لیژنەیە و دروست نەكردنی كۆسپ لە داهاتوودا بۆیان، ئەوەی كە ئێستا ئەمڕۆ دركمان پێكردووە لە قسەكانی بەڕێزتانەوە و لەوانەی تر شێوازی جیاوازی هەیە و خوێندنەوەی جیاواز هەیە بۆ كاركردنی ئەم لیژنەیە، ئێمە كە دەنگ دەدەین بەراستی خاڵێك كە لە داهاتوودا دەكەوێتە سەرشانی ئێمە، ئەمە یاسایە، یاسایەكی گرنگە و جیاوازە لە هەموو یاساكانی تر لە پەرلەمان دەردەچێت، بۆیە ئێمە دەبێ وردتر بڕیار لەسەر پێكهێنانی ئەو لیژنەیە بدەین و پێناسەی لیژنەكە بكەین، بۆ ئەوەی خوێندنەوەی جیاواز هەڵ نەگرێت، تكایە، بە شێوازی تر و بە ئاقاری تر نەڕوات، بۆیە گرنگە رای پەرلەمانتارەكان وەربگیرێت لەوەی كە وشەی پێداچوونەوە، هەروەها ئێمە پاڵپشت بە یاسای ژمارە (19) و بە بڕیاری ژمارە (2) ئێمە كارمان لەسەر ئەوە كردووە، یەعنی داواكاریەكەمان نا یاسایی نییە، بەڵكو یاساییە، بۆیە تكایە بە هەند وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوّفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماوەی رابردوو ئێمە هەمووومان موتەفیق بووین کە ئێمە لە شێوازی خستنە دەنگدانی بابەتەکان لە ناو پەرلەمان ئیشکالمان هەیە، هەر ئەوەش بووە دوو کۆبوونەوەی تەواو لیژنەی کاتیی پەیڕەو لەسەر ئەو بابەتەی کردووە، بەلاّم ئەو عورفە پەرلەمانییەی کە جەنابتان لە ماوەی درێژایی دوو ساڵی رابردوو رەچاوتان کردووە، ئەوەبوو ئەگەر زیاتر لە چەند رایەك هەبوو نازانم چۆن پێش و پاشتان دەخست، بەلاّم دەتان خستە دەنگدان، ئەگەر رای یەکەم زۆرینەی هێنابا ئۆتۆماتیکیەن رایەکانی تر سقوتیان دەکرد، ئەگەر لە ئەمڕۆە بڕیار دەدەن ئەو سیستەمە بگۆڕن و هەموو رایەکان بخەنە دەنگدان ئەمە بەراستی جۆرێك لە ئینتیقائیەت دەبینم وەکو دەڵێی (الکیل و بمکیالین)، لەبەر ئەوەی دەنگدان لێرە بۆ من خراپە دەبێ بەم شێوەیە بێت، دەنگدان لەو حاڵەتەی بۆ من باشە، نەخێر با بەم شێوەبێت، ئەمە عورفێکی پەرلەمانییە، لە ماوەی رابردوو بەو شێوەیە کردوومانە، راستە هەڵەیە، باش نییە، بەلاّم وا رۆیشتووین، ئێستا جەنابت لێرە نەبووی، بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان خستیە دەنگدان و زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان کە (42) کەس لەگەڵی بوو، گوتی کێ لەگەڵی نییە؟ چەند کەسێك دەستی هەڵبڕی، ئەوانەی تر بە نوقتەی نیزامی دەستیان هەڵبڕی، بۆیە من پێموایە، ئەگەر روخسەت بدەن قسەکانم تەواو بکەم، پێموایە پڕۆسەی خستنە دەنگدانەکەی ئەوەبوو یەکەم جار رایەك هەبوو، رای راپۆرت بوو، رایەکی تر ئەوەبوو کە ئامادەکردنی بۆ زیادکرا، رایەکی تری راپۆرتی پڕۆژە ئەسڵیەکە بوو، رایەکی تر پێداچوونەوە بوو، خۆ ئەگەر رای یەکەم کە خرایە دەنگدان ئەمادەکردنی بۆ زیادکرا دەنگی نەهێنا بە تەئکید رایەکی تر دەخرایە دەنگدان، بۆیە من پێموایە ستەم لە هیچ لایەك نەکراوە، تەنها ئەم دەنگە زۆرینەی هێناوە، بۆیە حاڵەتێکی زۆر تەبیعی بووە، خۆ هەموو کاتێکیش ناکرێت دەنگدان لەبەرژەوەندی من بێت، دەبێت ئەوەشم قەبول بێت کە لە دەنگدان ئاساییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك رابوون فەرمووو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی دانیشتن لەسەر بابەتێکی یەکجار گرنگ و نیشتیمانییە کە لەسەر دەستوورە، بۆیە حاڵەتێکی زۆر سروشتییە خیلافاتی واش ببینین، بەلاّم من بۆ خۆم زۆر بەلامەوە گرنگە کە رای گشتیی کە سەیری دوخێکی کرد، وێنەکەی کرد بزانێت باکگراوندەکەی پشتی چییە، رای گشتیی با بزانێت، هەروەها ئێوە بە خۆتان شاهیدن ئێمە نزیکەی زیاتر لە چوار مانگە خەریکی ئەم پڕۆژەیەن کە ئالیەتە بۆ پێشکەشکردنی پڕۆژەیەکی دەستوور بە گەلەکەمان، من بۆ خۆم یەکێکم لەوانەی ئەگەر شاهیدی بدەم و تاریخ بنووسمەوە شاهیدی دەدەم کە بەشێکی زۆری ئەم کاتەمان بە شتی شکلیەوە بەسەر بردووە، هەروەها جەوهەری،

تەئکید دەکەمەوە لە قسەکانی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە پرۆتۆکۆڵ دۆکیۆمێنت کراوە، هەموو رۆژنامەنووسان و رای گشتیی گەلەکەمان دەتوانن بچنەوە سەیری پرۆتۆکۆڵەکان بکەن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە درێژی شەرحی وشەی ئامادەکردنی کرد، ئێمە لەناو فراکسیۆنەکانیش کاتێك گفتوگۆمان دەکرد لەسەر پرەنسیپێك رێککەوتین، پرەنسیپی ئەوەی ئەو وشە و دەستەواژانە پێشکەش بکەین کە کراوەبن بۆ تەفسیری جیاواز، لەبەر ئەوەی ئەو لێکدانانە نەبێتە هۆی شەلەلکردنی هەموو پرۆسەکە، ئێمە پێش ئەوەی بێینە ئەم کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەیەکمان کرد نزیکەی وا بزانم شتێك کەمتر لە (25) کەس بووین، هەموو فراکسیۆنەکان لەگەڵ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان، من ئێوە دەکەم بە شاهید ئێمە رێککەوتین لەسەر ئەوەی ئامادەکردن ئەسڵە، فراکسیۆنەکان دەنگ دەدەن بە ئامادەکردن بە ئیعتیبار و هۆکارەکەمان چی بوو، شەرحی ئاماژە دەکەمەوە بۆ شەرحی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کە ئێستا لە پرۆتۆکۆڵەکان نووسراوەتەوە، دۆکیۆمێنت کراوە، هەمووتان دەتوانن بچنەوە سەری، سەیری بکەن، بەلاَم پەرلەمانتارێکی بەڕێز ئاماژەی پێکرد کە بەشێکی تر لە پەرلەمانتاران رایان وایە کە باکگراوندێکی یاسایی هەیە کە دەبێ جێی بکرێتەوە، بەڵێ ئەو بەڕێزە راست دەکات، ئەو باکگراوندە یاساییە یاسای ژمارە (19)ی (30) حوزەیرانە کە کاتی خۆی ئێمە تێبینییمان لەسەری هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەرویش دەرویش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەختێ گەنگەشە هاتە کرن سەر ناڤ و نیشانە لیژنەیا یاسایی وەختێ بەحسێ ئامادەکرنێ کری، لیژنەیا یاسایی ئەڤ روونکرنەی دابوو ئامادەکرن گوتی مەعنای ئامادەکرن، وشەی ئامادەکرن مەعنای سازدانە، پێداچوونەوەیە بە زارەکی گوت، ئێستاش کە هاتینە ماددەی یەکەم، دوو: بە دوو شێوازی جیاواز داوا هاتە کرن کو زیاتر لە (3) ئەندام، هەر شێوازێکی زیاتر لە (3) ئەندام پەرلەمان بەڕێز داخوازی وان کر یان پێداچوونەوە ئیزافە بکرێت، ئەگەر نا وشەی ئامادەکرن ببیتە پێناسە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان قسەکردن لەسەر دەستوور هەر لە سەرەتاوە پەیوەندی بە بیرکردنەوەی سیاسی و ئەو جیاوازییانەوە هەیە کە لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا هەیە بۆ تەبەنی کردنی سیستەمی جیاوازی حکومڕانی، هەر ئەوەی کە ئێمە لە چەند ساڵی رابردوودا پرۆژەیەکی ئامادەکراومان هەبووە، بەلاَم هێزە سیاسییەکان بە هۆی بیرکردنەوەی جیاوازیانەوە قەبولی ئەو دەستوورەیان نەکردووە، ئەمە مانای ئەوەیە

كە هێنانەوە ئارای ئەم باسە و پێشكەش كردنی پڕۆژە كە ویستی سیاسی ئێمەیە، بۆ نموونە لە فراكسیۆنەكەی ئێمە بۆ پێداچوونەوەیە، بۆ دەستكاری كردنە، بۆ گۆڕانكاریە لەو دەستوورە، دیارە بە سازان و ڕێككەوتن لە نێوان هێزە سیاسییەكان بەو پێیەی كە هەمووومان خواستی ئەوەمان هەیە كە ئەم پڕۆژە گرنگانە ڕێككەوتنی نیشتیمانیی و كۆدەنگی نیشتیمانیی لەسەربێت، خودی ئەو گرفتە كە هاتە پێش لە چەند دەقەی رابردوودا لەسەر ئەو وشەیە كە جێگیركرا، یەعنی بۆ ئەوەی جیاوازیەك بكەین لە نێوان وشەی ئامادەكردن لەگەڵ ئامادەكردنەوە، ئەگەر ئەو ترسە هەیە لەلای هەمووومان كە ئەمە كێشەمان بۆ دروست دەكات، ڕێگریمان لێدەكات لەوەی كە ئێمە پێداچوونەوە بۆ دەستوورەكەی رابردوو بكەین بە بڕوای من ئەم ترسە لە وشەی ئامادەكردنەوەدا نامێنێت، چونكە لە ڕووی زمانەوانییەوەش و ئەو مەعنایەی كە ئەم وشەیە هەیەتی دوو واتای بنەڕەتی هەیە، یەكەم واتای بریتییە لەوەی كە ریگە دەدات و سەر لە نوێ پڕۆژەیەكی تازە ئامادە بكەیتەوە، مانای دووەم كە مانایەكی بنەڕەتی ئەم وشەیە ئەوەیە كە تۆ ئامادەكردنەوە واتە ڕێگەی ئەوەشت پێنادات ئەو دەستوورە كۆنەیە بێنیتەوە و بیخەیتە راپرسی، هەر دەبێ ئامادەی بكەیتەوە، واتە بیركردنەوەی سیاسی خۆت، ئەو شتانەی خۆت تەبەنی دەكەی بۆ گۆڕانكاری و هەمواركردنەوە و پێداچوونەوە لە دەستوورە كۆنەكەدا جێگیری بكەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ابو بكر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابو بكر عمر عبدالله (ابو بكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم پەرلەمانە بە پێی یاسا مەرجەعی خەڵكی كوردستانە، ئەگەر ئێمە بمانەوێ دوای (23) ساڵ ل حكومڕانی ببینە خاوەنی دەستوور ئەم پەرلەمانە ئەمڕۆ لەم پڕۆژە یاسایەدا مەهام و سەلاحیات و جەوهەری ئەم لیژنەیە تەحدید بكات، دەستنیشانی بكات، ئەویش بەوەی كە ئەم پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستانە بكاتە بنەما و ئەساس، پاشان پێداچوونەوەی بۆ بكات، ئینجا ئامادەی بكات بۆ سازان، بۆ راپرسی هەر میكانیزمێكی هەبێت بەمە دەبینە خاوەنی دەستوور، ئەگەر بەڕێزانتان لەم مەجلیسەدا مەعلومە و زانیارییەكتان لایە كە لەم قۆناغەدا ئێمە نابینیە خاوەنی دەستوور، ڕێگریەك هەیە بابزانین سەری خۆمان و خەڵكی كوردستانیش نەئێشێنین، بەلاّم بیسپێرین بە رابردوو و بە داهاتوو هیچمان بۆ ناكرێت، تكایە، لەبەر ئەوە دەبێ تەحدیدی ئەوە بكەین كە ئەو پڕۆژەی ئێستاكە لە ساڵی (2009)دا دەرچووە بیكەینە ئەساس و پێداچوونەوەی بۆ بكەین، ئینجا ئامادەشی بكەین بۆ راپرسی، سازان لەسەر ئەوە دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

من نازانم ئەو بیر و بۆچوونە لە كوێیەوە هاتووە كە ئەگەر ئامادەكردن بێ ئیتر پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان نانووسرێتەوە؟ من نازانم ئەو بیر و بۆچوونەوە ئایا چ بنامەیەكی یاسایی هەیە؟ باشە،

كاك ابو بكر، جەنابت كەسێكى ياسايى ئەم پڕۆژە ياسايەكە دەڵێ لە ماوەيەكى ديارى كراو ئەم ليژنەيە پڕۆژەى دەستوورى هەرێمى كوردستان ئامادە دەكات و دەيهێنێتەوە بەردەم پەرلەمان، ئيتر بۆچى ئەم هينەى بۆچييە، پێموايە پێويستمان بە دەرفەتێك هەيە بۆ ئەوەى فراكسيۆنەكان قسەيەك لەسەر ئەم بابەتە بكەين و شێوەيەك لە گفتوگۆ بێنينە كايەوە، ئەو ناوانەى كە نووسراون با قسەى خۆيان بكەن، كاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ناونيشانى پڕۆژە ياساكە كە دەنگى لەسەر درا، وشەى پڕۆژەى دەستوور خرايە ماددەى يەكەمەوە، ناونيشانى ياساكە چەسپا، كە ئەوە چەسپا، كەواتە ئەوە دانانە بە پڕۆژەى دەستوور، پێويستە ببێتە بنەما بە پێى ئەو ناونيشانەى كە دانراو دەنگى لەسەر درا، دوو: ئێمە دەنگمان لەسەر ئەوە نەدا كە كام راپۆرت بكرێتە بنەماى ئەوەى كە دەنگى لەسەر بدرێ، كەواتە دەنگمان لەسەر ئەوە نەدا بەوەى كە بەڕێزانى ليژنەى ياسايى كرديانە راپۆرتەكە بڵێ راپۆرتى خۆيانە كە (3) كەس تێيدا ئيمزاى كردووە، بەلاَم لە كاتێكدا دادپەروەرانەتر و ئەولەويەت بوو ئەوەبوو كە ئەو راپۆرتەى كە (61) ئەندام پەرلەمانى بەڕێز ئيمزاى لەسەر كرد، هەروەها زياتر لە (10) ئەندام پەرلەمان لێرە پێشنيارى كرد، كەواتە ئەولەويەت دەبێ بۆ ئەوە ببێت، سێيەم: ئەو دەنگدانەى كە بەڕێزان ئاماژەى پێ دەدەن كۆتايى پێ نەهات، هەر لەسەرەتاى دەنگدانەكەوە داواى نوقتەى نيزامى كرا، لە دواى ئەوەش دژەكە وەرنەگيرا بزانێ ئايا پەسەندكراوە يان نا؟ بۆيە پەسەند نەكرا، هيچ دەنگدانێكيش تا دژ وەرنەگيرى پەسەند ناكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ئارى هەرسين فەرموو.

**بەڕێز ئارى محمد عبدالرحيم (ئارى هەرسين):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

هيوادارم بۆ جارێكيش بێت ئەو پەندە كورديە راست دەرنەچێ كە دەڵێ (مانگە شەو سەر لە ئێوارە ديارە)، ئەگەر قەراربێت ئێمە لە ئێستادا پاش ئەو هەموو دانيشتن و كۆبوونەوەيە لە ژوورى داخراودا كراوە دوو بە دوو، سێ بە سێ، لۆبى بۆ كراوە، جەنابى سەرۆكى پەرلەمان و دەستەى سەرۆكايەتى پەرلەمان سەردانى لايەنە سياسييەكانى كردووە، ئێستا ئێمە كە نوێنەرى خەڵكين لەم مەجليسەدا نەتوانين لەسەر يەك، دوو كەليمە كە من تێ دەگەم لەوەى كە كەليمەى نەصى قانونى فەرقى هەيە لەگەڵ كەليمەيەكى سادە كە رۆژانە بەكارى دەهێنى لەبەر ئەوەى جەوهەرى تێدايە، بەلاَم مەعقول نييە ئێمە لە ئێستادا هێشتا ليژنەكە دروست نەكراوە ئەمە هەبێت، بۆيە لێرە بە تەسەورى من ئەركى بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان زۆر قورسە، بۆچى؟ لەبەر ئەوەى نابێت ئێمە ئەم قانونەى كە ئەمڕۆ خەريكى موناقەشە كردنين ئەگەر بە

شێوەیەك دەرچێت تەنها بیر لە زۆرینە و کەمینە و ئەمە بکرێتەوە دوایی تووشی کێشە دەبین لەو (90) رۆژەدا، وەکو برادەرێك فەرمووی نەك (90) رۆژ بە (90) ساڵیش ئەمە جێبەجی ناکرێت، بۆیە من داوا دەکەم لە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وەکو سەرکردایەتی ئەم مەجلیسە، وەکو بەڕێوەبەری ئەم مەجلیسە رێگایەکی وەسەت بدۆزێتەوە بۆ کۆکردنەوەمان، لەبەر ئەوەی هیچ شتێك لە مەسلەحەتی کوردستان موهیمتر نییە، مەسلەحەتی خەڵکی کوردستان لەسەر مەسلەحەتی هەموو حیزبێکی سیاسییەوە، لە پێشدا حیزبەکەی خۆم، بۆیە من داوا لە بەڕێزت دەکەم کە ئەگەر کۆتایی هات ئەو کاتەی کە ئەو قانونە کە فەرمووتان دەنگ دەدەین لەسەر هەموو قانونەکە بە شێوەیەك دەست بەرزبکرێتەوە یان دەست بەرز نەکرێتەوە کە هاوکاری ئەو لیژنە بەڕێزەبین، بە شێوەیەکی رێك و پێك کاری خۆی بکات، دواجار ئەمە مەسەلەی خواردنەوەی جامە ژەهر نییە، ئێمە ماشاءاللە مان لێ بێت لەگەڵ خەڵکی دەرەوەی غەیری کورددا چ ولاَتانی دراوسێ بێت چ کوێی تر بێت زۆر ئاساییە لامان تەنازول بکەین جامە ژەهر بخوینەوە یان هەرچی بکەین، بەس زۆر عەجەبە لەم مەجلیسەدا کە دانیشتووین دەڵێی ئێمە سونە و شێعەین بەرامبەر یەکتری دانیشتووین قسە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر وشەیەك ئێمە دەزانین لە رووی یاسایی و سیاسی کە زاراوەمان هەیە، چەمکمان هەیە، موستەلەح و مەفهوممان هەیە، ئەگەر لە رووی زاراوە بێت فیعلەن ئەوە شکلیاتە کە باس دەکرێت، ئێمە کێشەمان لەسەر مەفهومەکەیە، مەفهومی ئەمە چییە کە ئێمە ئێستا گرفتمان بۆ دروست بووە نازانین ئامادەکردن مانای چییە، ئەگەر شکلیاتە بۆچی پێداچوونەوە؟ یەعنی کە زیاتر لە (10) پەرلەمانتار پێشنیاریان کردووە ئەگەر شکلیاتە ئیشکال چییە؟ بۆچی ناخرێتە دەنگدان و ناخرێتە ناو پێناسەکەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە منیش هیوادارم ئەو پەندە کوردیە راست نەبێت کە ئەو (ماستە بێ موو نییە)، بۆچی ئەوەندە حەساسیەت لەگەڵ وشەی پێداچوونەوەدا هەیە، لە کاتێکدا رەشنووسی دەستوورەکە هەیە و لە کۆی (96) ئەندام پەرلەمان لە ساڵی (2009) (95) ئەندام پەرلەمان دەنگی داوەتێ، ئەمە تۆ ناتوانی ئینکاری لەوە بکەی و کەسیش ناتوانێ ئینکاری لەوە بکات، چونکە یاسایە، هەروەها ئەو پرۆژە یاسایەی کە ئامادەکراوە (59) ئیمزای لەسەرە بە جەنابت و بە جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێر و هەموو یاساییەکانەوە،

یەعنی بۆچی ئێستا نایخەنە دەنگدانەوە؟ یەعنی تەبیعیە دەنگیش نەهێنێت، بۆچی نایخەنە دەنگدانەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە سەر ئەو بابەتە زۆر قسەکرا، من پێموایە کە تاوەکو ئێستا بەرچاو روونی نییە کە گفتوگۆ لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە دەکەین بۆ ئەوەی ببێت بە یاسا، ئایا بۆ ئامادەکردنی دەستوورە بۆ راپرسی؟ یاخود بۆ ئامادەکردنی دەستوورێکی تازەیە؟ یاخود بۆ پێداچوونەوە و سازانە لەسەر ئەو پرۆژە دەستوورییەی کە هەیە؟ ئەوەش بۆتە هۆکاری جەدەل، هەروەها دوای قسەکانی جەنابت رایەکی تریش هاتە ناو جەدەلەکە، بۆیە بەرچاو روونی نییە، ئایا دەستوورێکی تازە ئامادە دکرێ یان نا؟ ئەگەر قەراربێ بە شێوەیەکی زارەکی کە دەگوترێت ئەمە ئامادەکردن بریتییە لە پێداچوونەوە و سازان ئەمە یان لە پێناسەی لیژنەکە وەکو (کاك عادل) گوتی با وشەی پێداچوونەوە ئیزافەبکرێت، ترس چییە لە پێداچووونەوە، هەروەها لە هەمان کاتدا یاخود با پێناسەی ئامادەکردن بکرێت، هەر وەکو ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی پەرلەمان داوایان کرد، بۆیە ئێمە لە دانوستاندا نین لەگەڵ شیعە و سونە و فارس و تورك تا شتەکان بە غامزی بهێڵینەوە، بەراستی ئەمە نەخشە رێگای چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ دەستوور، با بابەتەکە روون بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە قسەی ئەندامانی پێش خۆتان دووبارە مەکەنەوە، خاتوو د.رێواز فەرموو.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە رایەکەی (کاك بەهزاد) دەکەم کە دەڵێ ئامادەکردن پێناسە بکرێ، بۆ؟ لە زهنیەتی هەندێ لە ئەندامانی پەرلەماندا ئامادەکردن یەعنی پێداچوونەوە بەو درافتەی کە ئێستا هەیە و ئامادەکردنی بۆ راپرسی، جەنابت کە تەوزیحتدا ئەوە دووەم جارە دەڵێی ئامادەکردن دەلالەتێکی تریشی هەیە رەنگە مانای ئەوەبێت نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ، کەواتە بۆ ئەوەی ئەندامی پەرلەمان بزانێت بۆچی دەنگ دەدات بە وشەی ئامادەکردن دەبێت تەعریف بکرێت، ئەو تەفسیرەی بەرێزتان کە دەڵێی نووسینەوەش دەگرێتەوە ئەوانەی کە بڕوایان بەوە هەیە دەستوورێکی تازە بنووسرێتەوە دەنگ بەو تەعریفە دەدەن کە باس لەوە دەکات ئەمە مانای نووسینەوەی دەستوورێکی نوێشە، ئەوانەی کە پێمانوایە و قەناعەتمانوایە درافتێك هەیە و ئامادەکردن مانای پێداچوونەوە و ئامادەکردنیەتی بۆ راپرسی، ئەگەر پێناسەی ئامادەکردن ئەو مەدلولەی نەبوو دەنگی پێ نادەین، بۆ؟ چونکە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەمەی تریان دەڵێ، دەڵێ مەبەست لە ئامادەکردن پێداچوونەوەیە، هەموارکردنە، فێنکایی داوە بە دڵی هەندێ لە ئەندامانی

پەرلەمان، جەنابت كە وا دەڵێی فێنكایی دەدەی بە دڵی هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمانی تر، لەبەر ئەوە ئەسڵ ئەوەیە كە وشەیەك زیاتر لە جارێك بەكار هات و زیاتر لە تەفسیرێكی هەڵگرت بەجێ ناهێڵدرێ بۆ نیەتی موشەریع، دێین تەعریفی دەكەین و وازیحی دەكەین ئەمە یەك، دوو: سەبارەت بەوەی ئەو درافتەی كە ئێستا هەیە ناوی چییە؟ بەڕێز جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، عەمەلی تەشریعی بڕیار بێت یان قانون بێت بە نیسبەت هەموو قەوانینی عادییەوە و تەشریعی عادییەوە بە موجەڕەد دەنگدانی پەرلەمانی دەبێ بە قانون، بە نیسبەت دەستووریش بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان، پڕۆژەی دەستوور كە دەنگی لەسەر دەدەن عەمەلێكی تەشریعیە، كەواتە قابیلە بۆ تەعدیل، بەلاَم ئەوەی كە قانونی ئەساسی یان ئەوەی پێی دەگوترێ دەستوور لە تەشریعی عادی جیا دەكاتەوە كاتێك ئەم مانایە وەردەگرێ كە ئیستیفتای بچێتە پاڵ، ئیستیفتای خەڵكی بچێتە پاڵ، لایەنی كەم لە هەرێمی كوردستاندا وایە، بۆیە ئەو درافتەی كە ئێستا هەیە ئیستیفتا لەسەر نەكردنی سیفەتی عەمەلی تەشریعی لێ وەرناگرێتەوە كە وا بكات مەمنوع بێت تەعدیل بكرێت، بۆیە داوا لە جەنابت دەكەم دەوری حەكیمانەی خۆت بگێڕی لەوەی ئاوێك بەم ئاگرەدا بكەی، بەوەی كە ئامادەكردن پێناسە بكات، كێ لەگەڵ بوو دەنگی پێ دەدات، كێ لەگەڵی نەبوو دەنگی پێ نادات و جەدەلەكە دەبڕێتەوە، هەروەها هیوادارم ئیسراری ئەندامانی پەرلەمان لە فراكسیۆنە جیاوازەكان بۆ هیچ شتێك وا لێك نەدرێتەوە كە مەبەستێك هەیە بۆ ئەوەی ئاستەنگ بخرێتە بەردەمی دروستكردنی ئەم لیژنەیە، لایەنی كەم بە نیسبەت فراكسیۆنی سەوزەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

چەند كەسێك ماوە قسە بكەن، با قسەكانی خۆیان تەواو بكەن، نامانەوێ ئەم پرسە تەنها بە دەنگدان یەكلایی بكرێتەوە، چونكە پرسێكی هەستیارە و سەرەتای قۆناغەكەیە و با هەر لە ئێستاوە وا لێك نەدرێتەوە كە بە زۆرینە و كەمینە، ئینجا كەمینە هەر كەسێك بێت لە ناو پەرلەماندا ئەم پرسە یەكلا دەكرێتەوە، با ئەندامانی پەرلەمان كە ناویان نووسیوە قسە بكەن، بەس تكایە قسەی دووبارە مەكەن، ناویان دەخوێنینەوە با قسەی خۆیان بكەن، دوایی فرسەتێك وەردەگرین لەگەڵ سەرۆكی فراكسیۆنەكان دادەنیشین و هەوڵی ئەوە دەدەین كە رێكارێك بهێنینە كایەوە بۆ ئەوەی سازانێكی لەسەر بكەین، تەبعەن پێش ئەوەی كە ئەندامانی تری پەرلەمان قسە بكەن بەخێرهاتنی بەڕێزان لە ناوچەی دۆڵی بالیسان دەكەین كە ئێستا لێرە لە پەرلەمانی كوردستان حزوریان هەیە، ئەوانیش (4/16) یادی كیمیابارانی ناوچەكەی خۆیانیان هەیە، ئەوانیش بەشێكن لەو ناوچانەی تری هەرێمی كوردستان كە زیانمەندبوون لە رژێمی پێشووی عێراق، بەخێرهاتنیان دەكەین، پەرلەمانی كوردستان بە ئەركی خۆی دەزانێ بۆ هەموو كەس و كاری قوربانیانی ئەنفال و شەهیدانی كیمیاباران، هەرچییەكی لە توانادابێ ئەنجامی بدات، بەڕێز كاك ئومێد خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر هیوا خوازران و ئێمەش هیوا دەخوازین دادپەروەری لە قسەكردن هەبێت، بەڕێز ئەندامی پەرلەمان هەیە (10) جار دەرفەتی بۆ رەخساوە قسەی كردووە، نوقتەی نیزامی دەگری و دەرفەتت پێ نادرێت، دەپرسین چ ماددەیەكی پەیڕەو دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان ماددەیەك خراوەتە دەنگدان یاساییە یان نا یاساییە ئەوە كێشەی ئێوەیە؟ كێشەی ئێمە نییە لە ئەندامانی پەرلەمان، خستووتانە دەنگدان، دەپرسین پاش ئەوەی كە ماددەیەك خراوەتە دەنگدان چ ماددەیەكی پەیڕەو رێگای بە ئێوە داوە گفتوگۆ جارێكی تر لەسەر ئەو ماددەیە بكرێتەوە، نەك لەسەر ئەو ماددەیە وتاری سیاسی پێشكەش بكرێتن كە باس لەوە بكرێ نییەتێك هەیە كە دەیەوێ ئەو وڵاتە خاوەنی دەستوور نەبێتن، دەرفەتی زۆرتان دا كە بە چ شێوازێك جگەلەوەی لەسەر ماددەكەی ئەو پڕۆژەیە قسە بكرێ ئەسڵەن وتاری سیاسی پێشكەشكرا، دەرفەتان رەخساند، ئایا ئێوە لە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان جارێكی تر دەپرسین چ ماددەیەك لە پەیڕەوی پەرلەمان رێگای بە ئێوە داوە بەو شێوازەی كە ماددەیەك بخرێتە دەنگدان؟ دوو: ئێمە تەوافوقێكمان هەبووە، چەند جارێك چەند بەڕێزێكی تری ئەندامی پەرلەمان تەئكیدیان لەسەر ئەوە كردەوە بەیانی ئێمە كۆبوونەوەمان هەبووە لە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان، وەكو تەوافوقەكە دەڕۆین، فەرموون مادده بە مادده وەكو خۆی بخرێتە دەنگدان، بەڵام رەئی جیاوازی بێتە ناو ئەوەی لێ دەردەچێت، لە تەوافوق لابدەی بتەوێ نییەتێكت هەیە لە ماددەیەكدا جوملەیەك زیاد بكەی، جوملەیك كەم بكەی ئەوەی لێ دێتە بەرهەم، واتە هەر لادانێك لەو تەوافوقە ئەوە ئەنجامەكەیەتی، ئەگەر نا هاوكاربن وەكو باسكرا دەوری حەكیمانەی خۆتان ببینن و تەوافوقەكە وەكو خۆی بڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

رەنگە ئیشكالێك هەبووبێ لەوەی كە راپۆرتەكە گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە، ئەوەی كە خراوەتە دەنگەوە گۆڕانكاری بەسەردا هێنراوە، ئەگەر نا بە پێی عورفەكەی خۆمان بڕۆین ئەو كاتە راپۆرتی لیژنەی یاساییمان دەخستە دەنگەوە و دوایی ئەگەر ئەوە سەركەوتوو نەبوو راكانی تر بخەینە دەنگەوە، بەڵام دیسانە ئێمە وا دەكەین تەوافوقی لەسەر بێتە كایەوە، ئینجا بیخەینە دەنگدانەوە، مامۆستا مەڕوان گەڵاڵی فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەڕوان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله من سێ تێبینم هەیە، ئەگەر ئیجازە بدەی، یەكەمیان: ئەم پڕۆژەیەی كە لەبەردەست دایە ئەو پرسیارە لە ئێوەی بەڕێز و لە سەرجەم فراكسیۆنەكان دەكەم، ئایا بۆ دەست بەكاربوونی ئەو لیژنە (21) كەسیەیە كە دەنگی پێ بدەین ئەو لیژنەیە بە كاری خۆی هەڵبسێت، ئەوە تێبینی و سەرەنجی یەكەمم، تێبینی دووەمم بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئایا ئەو لیژنەیەی كە دەست بەكار دەبێتن كە نوێنەری هەموو

لایەنە سیاسییەکانی تێدایە دەست کراوە نابێتن بۆ ئەو دەستوورەی کە دەخرێتە بەردەست لە ئەلفەوە تا یای چاوی پێدابخشێنێتەوە و گۆڕانکاری تێدا بکات؟ هیچ مانعێکمان هەیە، هیچ بەربەستێکی یاساییمان هەیە کە ماددەیەك لەو دەستوورەدا هەیە کە ئەو لیژنەیە بۆی هەبێ دەستی بۆی نەباتن، هیچ شتێکمان نییە، کەواتە ئێمە بەراستی ئەو پێکدادانەی کە ئەمڕۆ دەیبینم لە هۆڵی پەرلەمان لە شوێنی خۆیدا نییە، کە لە شوێنی خۆیدا نییە ئێمە ئەو (21) کەسە نوێنەری هەموو لایەنە سیاسییەکانن، ئێمە کە هەر شتێك کە دەمانەوێت تەسبیتی بکەین با ئەو نوێنەرانەمان لەوێندەر شەڕەکە بکەن، با لەوێندەرێ داکۆکی بکەن، خاڵێکی تر کە پێمخۆشە بەراستی ئیشارەتی پێ بکەم بەڕێزان، دەستەی سەرۆکایەتی و سەرۆکی پەرلەمان، ئایا لایەنە سیاسییەکان کە ئەمڕۆکە لە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمانن رەئی ئەو لایەنە سیاسییانە بە هەند وەرناگیرێن لەسەر ئەو دەستوورەی کە چاوەڕوان دەکرێت کە هیوادارین کە بێتە کایەوە و هەموو پێکهاتەکانیش لە هەرێمی کوردستان، هەروەها دوایین قسەشم بۆ سەرجەم فراکسیۆنەکان و بۆ خۆشمان بەراستی ئێمە کاتێك کە دانیشتنێك دەکەین وەکو کاك ئومێد ئیشارەتی پێ کرد، ئێمە وەکو شتێکی ئەخلاقی پێیوە پابەند دەبین، بەڵام کاتێك کە رەئیەکی نوێ دێتن نابێ گلەیی لە یەکتر بکەین و توانج لە یەکتری بدەین، دەبینی من تەسەورێکم هەیە تۆش تەسەورێکی ترت هەیە، بەڵام بۆ دواجار من دەڵێم ئێمە شەڕی لیژنەکە لێرە نەکەین، ئەو ئەرکەی کە ئێستا ئێمە داکۆکی لەسەر دەکەین کاری ئەو لیژنە (21) کەسیەیە، هیوادارم کۆتایی پێ بێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە ئەم ماددەیە خرایە دەنگدانەوە و عورفیش وابووە کە ماددەیەك درا دەنگدانەوە نایەیتەوە سەری، بەڵام من پێشنیارێك دەکەم بۆ ئەوەی لەو جەدەلە دەربچین، رەئی دووەمیش بدرێتە دەنگدان بۆ ئەوەی قەناعەتی فراکسیۆنی سەوزیش بێتن و هیچ ئیشکالێکیشمان نابێ، ئەم پرسە ئەوها چارەسەر بکرێ باشترە لەوەی کە زیاتر گفتوگۆ بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا هەورامان گەچێنەیی فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف(هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر بە کورتی سەرەنجم بۆ ئەو ئیختیلافەی کە ئەمڕۆ دروست بوو ئەوەیە، پێموایە هیچ پاساوێکی نەبوو، هەروەها پێموایە تەقریبەن جورێك لە نا حاڵی بوون هەیە، چونکە کاتێك کە ئێمە باسی ئامادەکردنەوە دەکەین، ئامادەکردن یان ئامادەکردنەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر عەرەبیەکەی واتە (اعداد)،

(اعداد) واتە (تنظیم، متابعة، مراجعة)، لەبەر ئەوە هەرسێکی دەگرێتەوە کە دەڵێی (اعداد) واتە (رێکخستنەوە، بەدواداچوون)، هەروەها (ئامادەکردنەوە و پێداچوونەوە)ش، لەبەر ئەوە حەز ناکەم بەراستی ئەمڕۆ رای گشتیی وا بزانێت ئەمڕۆ لە هۆڵی پەرلەماندا فراکسیۆنێك هەیە کە پێیوایە ئەو دەستوورە، ئەو رەشنووسە خەلەلی تێدایە پێویست دەکات پێداچوونەوەی بۆ بکرێ، بەلأم کۆمەڵە فراکسیۆنێکی تر هەن پێیانوایە کە هیچ موشکیلەیەکی نییە، یان پێیانوایە هەر هەمووی خراپە و دەبێ سەر لە نوێ ئامادە بکرێتەوە، بەو جۆرە نییە بەراستی، ئێمە هەر هەموومان موتەفیقین لەسەر ئەوەی کە رەشنووسێك هەیە، هەموومان موتەفیقین لەسەری، هەمووشمان موتەفیقین لەسەر ئەوەی کە پێویست دەکات پێداچوونەوەی بۆ بکرێ ئەگەر پێویست نەکات پێداچوونەوەی بۆ بکرێ و تەعدیلاتی تێدا بکرێ و موناقەشەی تێدا بکرێ ئەی تاوەکو ئێستا بۆ ئیتیفاقی لەسەر نەکراوە، ئەی بۆ ئەو هەموو هەرایەی لەسەر دروست بوو، کەواتە هەموو موتەفیقین لەسەر ئەوە، پێویست ناکات هیچ لایەکمان بەراستی موزایەدە بکەین بەسەر هیچ لایەکی تر، هەموومان لەسەر ئەم کۆمەڵە چەمکانە موتەفیقین، لەسەر شتێك کە موتەفیقین هەموومان با لە پێناو ئەوەی کە کەسێك یان زاراوەیەك، کەلیمەیەك، وشەیەك، پێشنیار دەکات وشەکەی ناچەسپێنرێ بەراستی کێشەیەك دروست نەکات، وا نەکات ئەو سازانەی کە هەموومان دەمانەوێ بۆی بچین لە پێناوی وشەیەکدا سازانەکە تێك نەچێت، بۆ وشەیەك جەوی کوردستان تێك نەدەین، سازانەکە تێك نەدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو بێگەرد تاڵەبانی فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد (بێگەر تاڵەبانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا من پێمخۆشە روونکردنەوە لەسەر دانیشتنەکانی سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان و پەرلەمان بدەم، چونکە لێرەدا بە وازیحی هەندێك شت گوترا، من ئەمڕۆ بەیانی لە کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەگەڵ جەنابتان بە وازیحی گوتم، گوتم سێ ئەندام پەرلەمانی ئێمە کە لە لیژنەی یاسایین تەحەفوزیان لەسەر یاساکە نووسیوە و قسە دەکەن، بەلأم ئەوە بە مانای ئەوە نایەت فراکسیۆنی سەوز ببێتە بەربەست لەبەردەم پەسەندکردنی پڕۆژە یاساکە، قسەی ئێمە لەسەر شتێك بووە بۆ ئەوەی کە کەس نە بەهەڵە تەفسیری مەوقیفی پەرلەمانتارەکانی ئێمە بکات و بە خۆشمەوە کە سەرۆکی فراکسیۆنەکەم، نە کەس بیەوێ موزایەدە بەسەر ئێمەدا بکات، نە کەسیش مەوقیف بەسەر ئێمەدا بفرۆشێت، ئەوەی کە ئێمە دەمانەویست ئەوەبووە، دوو رەئی هەیە، یەکێکیان ئەو رەئیەیە کە لە لیژنەی یاسایی و بە تەوافوقی نێوان فراکسیۆنەکان، لیژنەی یاسایی هێناویەتە ناو هۆڵی پەرلەمان، هیچ کەسێك لە بەڕێزانی لیژنەی یاسایی نەگۆڕیوە، وەکو بیخوێنێتەوە، رەئی دووەم داوا کراوە لە پاڵ هەمان ئەو بۆچوونەی کە لیژنەی یاسایی یان ئەو پێناسەیەی کە لیژنەی یاسایی نووسیویەتی پێداچوونەوەی بۆ زیاد بکرێ، داواکاریەکە هەر ئەوەبووە،

ترس لەوەی چییە ئەو رەئیەی دووەم نەخرێتە دەنگدانەوە؟ گرفتەکە ئەوەبووە، گرفت ئەوە نییە عەرقەلە بخرێتە بەردەمی پرۆژە یاساکە و یاساکە نەڕوات، بە پێچەوانەوە هەمووومان کۆکین لەسەر ئەوەی ئەم پرۆژە یاسایە دەبێ هەر ئەمڕۆ لە ناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستاندا پەسەند بکرێ، چونکە بەراستی (6) مانگە موماتەڵە بە کات لەسەر دەستەواژە و وشەی مەتاتی دەکرێت، کە ئێمە پێمانوایە ئێمەنین کە ئەو وشە مەتاتیانەمان هێناوەتەوە ناو ئەو هەموو جەدەلەی کە لە نێوان فراکسیۆنەکاندا روویداوە، بەڵام ئێمە بە وازیحی دەمانەوێ لە رووی قانونییەوە کە شتێك دەنووسین هیچ نەبێت بۆ رەئی دەرەوەی پەرلەمانی کوردستان مانایەك بدات بە دەستەوە، ئێمە باس لە سازان دەکەین، سازان لەسەر چ دەکەین؟ دوای ئەوە لە ناو خودی ئەو پێناسەیەی کە بۆ لیژنەکە دانراوە کە بەشێك لە بەڕێزان باس لەوە دەکەن، باسمان لەوە کردووە ئامادەکاری لە ناو دابێت، باسمان لە ئامادەکاری نەکردووە، ئەساسی پێناسەکە بەو شێوەیە بووە لیژنەیەکی دەستووری کار دەکات بۆ هێنانەکایەی سازان لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەنرێت، دووەم ئیقتیراح کە لەلایەن بەشێکی زۆری ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەشکرا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لەسەر ئەوە جەدەل کەوتە بەینمانەوە و موناقەشە دروست بوو گوتمان بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام جەنابت لێرە غیاب بووی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەبێ ئەوەی کە حیساب بۆ رەئی جیاوازی ئێمە بکات یەکسەر ئەو دەقەی کە سەرۆکی لیژنەی یاسایی پێشنیاری کرد خستیە دەنگدانەوە، ئەوەی دووەم، پێناسەی دووەم بەو شێوەیە بووە کە بەشی زۆرمان بەو شێوەیە ئیقتیراحمان کردووە گوتوومانە لیژنەیەکە گوتیان وشەی دەستووری نا قانونیە با بەکارنێت، گوتمان لیژنەیەکە لە کەسانی شارەزا پێك دێت، ئەرکی هێنانەکایەی سازانە بۆ پێداچوونەوە و ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری کوردستان عێراق بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەنرێت، ئەو دوو بۆچوونە بیخەنە دەنگدانەوە کامەی دەنگی هێنا با بڕوات بە زۆرینەیە، بە کەمینەیە، زۆر ئاساییە و کەس عەرقەلەی لەبەردەم ئەم پرۆژەیە دروست ناکات، کەس موزایەدەش بەسەر کەسدا نەکات، چونکە ئێرە شوێنێکە کە هەموومان قسەی خۆمانی تێدا دەکەین، حەقی خۆمانە ناکرێ مافی ئەوەمان نەبێ کە لەسەر پرۆژەیەك ئیختیلافمان هەیە قسەی خۆمان لە هۆڵی پەرلەماندا نەکەین بەراستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێموابێت کێشەیەکی ئەوەتۆ بوونی نییە، راستە لەوە دەچێت جیاوازی بیر و بۆچوون کەوتبێتە نێوان ئەندامانی پەرلەمان و لە خستنە دەنگی ئەو پرسانە، ئێمە ئەگەر بە عورفەکەی خۆمان بڕۆین راپۆرت بخەینە دەنگەوە دەنگی هێنا دەڕوات، دەنگی نەهێنا دەچینە سەر بەدیلەکان، بەدیلەکانیش دەخەینە دەنگەوە یەك لە دوای یەك، پێموابێت ئیتر ئەم هەموو نوقتە نیزامیەش پێویست ناکات، باشە، ئەگەر بە شێوە عورفیەکەی خۆمان بڕۆین پێموایە هیچ ئیشکالێك دروست نابێت، ئاخر دیسانەوە چەند ئەندامێکی پەرلەمانیش ماون لە فراکسیۆنە جیاوازەکانیشن، ئەندامانی فراکسیۆنەکانی ئێوە قسەیان کردووە، (بەڕێز

کاك علی حەمە صالح، كاك سۆران عمر، د.عزت، كاك حاجی كاروان، د.ڤالاً، كاك گۆران)، ئەندامی فراكسیۆنەكانی ئێوە قسەیان كردووە لەسەرەتاوە رای خۆتانتان گوتووە، دواتریش نوقتەی نیزامی گیراوە، باشە، با بڕۆینەوە سەر ئەسڵی شێوازی كاركردنی خۆمان كە بریتییە لەوەی ئەوەی لە راپۆرتدا هاتووە كە پێشتر گفتوگۆی لەسەر كراوە، دەبێ رێز لەوە بگرێن گفتوگۆی لەسەر كراوە، ئەوە دەخەینەوە دەنگدانەوە دەنگی نەهێنا دەچینە سەر رایە بەدیلەكان یەك لە دوای یەك دەیخەینە دەنگدانەوە، باشە، د.ڤالاً نوقتەیەكی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی كە سەرۆكی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە دوای وەرگرتنی راو بۆچوونی هەموو ئەندامانی پەرلەمان بوو، دواجار لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆكی لیژنەی یاسایی و لەگەڵ بەڕێز یاریدەدەر تاوتوێ كراوە و دارێژراوەتەوە ئینجا خوێندراوەتەوە، بۆیە ئەگەر موقەریری لیژنەش رای لەسەر نەبووبێ، بەلاَم لەگەڵ جێگری سەرۆكی لیژنەی یاسایی و سەرۆكی لیژنەی یاسایی تاوتوێیان كردووە و بە هەندیان وەرگرتووە، هەروەها ئەوەی كە پێشنیار كراوە ئیزافە كراوە بۆی ئینجا دراوەتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمانیش قسەیەكی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

واللە من هەر بە كورتی ئەو قسەیە دەڵێم حقیقەت بۆ بەڕێز خاتوو بێگەرد كە رەخنەی لە من گرت كە حیسابم بۆ رەئی بەڕێزیان نەكردووە یان فراكسیۆنی سەوز، من دەڵێم رەخنە هەمیشە لە جێگای خۆیە، هەمیشەش قەبولە، بەلاَم بنەمای رەخنەی تێدابێتن، لەبەر ئەوە من تەسەور دەكەم ئیجتیهادم كرد كە حیساب بۆ رەئی هەموو پەرلەمانتاران دەبێ بیكەم، ئەو میكانیزمەی پەیڕەوم كرد هەر پێشتر پەیڕەو كرابوو لەسەر ئەوە رۆیشتین، ئەگەر موەفەقیش نەبین، یەعنی بەڕێزیك هەبێت بە هەڵە تێگەیشتبێت، من داوای لێبووردن لە هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەكەم كە بە هەڵە لە من گەیشتبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان، تكایە ئیتر كۆتایی پێ بێنن، پێموابێت ئیشكالەكە كۆتایی پێ دەهێنین، ئەوە دەخەینە دەنگەوە كە لە راپۆرتەكەدا هاتووە دەنگی هێنا باشە، دەنگی نەهێنا رایەكانی تر دەخەینە دەنگەوە، ئەوەی كە لە راپۆرتەكە هاتووە ئەمەیە پێناسەی لیژنە كراوە دەڵێ (لیژنە: لیژنەیەكی دەستووریە كار دەكات بۆ هێنانە كایەی سازان لەسەر پرۆژەی دەستووری كوردستان  عێراق بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دادەنرێت)، كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ

ئەو رایە کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە؟ دووبارەی دەکەمەوە وەك خۆی کە لە راپۆرتەکە هاتووە، نوقتەی نیزامی وەرناگرین، تەواو، وشەی ئامادەکردنی تێدانییە، ئامادەکردن لە ئەسڵی ناونیشانی یاساکەدا هاتووە، (لیژنە: لیژنەیەکی دەستووریە کار دەکات بۆ هێنانە کایەی سازان لەسەر پرۆژەی دەستووری کوردستان  عێراق بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەنرێت)، کێ لەگەڵدایە؟ دەنگدان دەکرێ، کێ لەگەڵدایە؟ پرۆسەکە هەڵە نییە، تکایە لە شوێنی خۆت قسە مەکە، خستوومەتە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە؟ دانیشتنەکە بۆ ماوەی (15) خولەك هەڵدەگرین..............

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە ناوی خوای پەخشەندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکەینەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە ئەنجامی ئەو وتوویژەی کە لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان کردمان، لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی، ئەوەی کە کراوە پێشتر لە لیژنەی یاسایی ئەنجامیان داوە، بۆ ئەوەبووە کە رایەك سازانی فراکسیۆنەکانی لەسەر بێت، بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام باشتر وایە رایە جیاوازەکان لەم بابەتە کە پێمانوایە لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانیش قسەمان کرد بۆمان دەرکەوت کە ئیشکالێکی جەوهەری نییە، ئیشکالێکی زۆر سادەیە، بۆیە رایە جیاوازەکان دەخەینە دەنگەوە، کامەی دەنگی هێنا ئەوە ئەوەیان پەسەند دەبێ، سێ را هەیە ئێستا، جارێ دەبێ رای ئەوەی کە لە راپۆرتەکە هاتووە ئەوە بخەینە دەنگەوە، ئەگەر ئەوە سەرکەوتوو بوو ئەوە راکانی تر وەرناگیرێن، ئەوە سەرکەوتوو نەبوو رای دووەم دەخەینە دەنگەوە، رای دووەم سەرکەوتوو نەبوو رای سێیەم دەخەینە دەنگەوە، ئێستا راکان دەخوێنمەوە، تکایە دیقەت بکەن، راکان دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی هەر پەرلەمانتارێك ئازادە کە دەنگ بە کام یەك لەو رایانە دەدات، رای یەکەم کە لە راپۆرتەکە هاتووە کە (لیژنە: لیژنەیەکی دەستووریە کار دەکات بۆ هێنانە کایەی سازان لەسەر پرۆژەی دەستووری کوردستان عێراق بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەنرێت)، رای دووەم ئەوەیە کە پێناسەی لیژنەکە بەم شێوەیە (لیژنە: لیژنەیەکی تایبەتمەندە کار دەکات بۆ ئامادەکردنەوە و هێنانە کایەی سازان لەسەر پرۆژەی دەستووری کوردستان عێراق بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت)، رای سێیەم ئەوەیە کە (لیژنە: لیژنەیەکی تایبەتمەندە کار دەکات بۆ هێنانە کایەی سازان بۆ پێداچوونەوە و ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری کوردستان عێراق بۆ راپرسی بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت)، دەرگای گفتوگۆ ناکەینەوە، چونکە گفتوگۆی زۆری لەسەر کراوە، هەم لە کاتی موناقەشە، هەم لە کاتی ئەوەی کە ئەوە دەنگدانە تێکچوو، بۆیە یەك بە یەك دەیخەینە دەنگەوە، جارێکی تریش دەیخوێنمەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر فراکسیۆنێك و هەر ئەندامێکی پەرلەمان ئازادە لەوەی کە دەنگ بە چ یەکێك لەم سێ رایە دەدات، رای یەکەم پەسەندکرا، دەڕوات، رای یەکەم پەسەند نەکرا دەڕۆینە سەر رای دووەم، رای دووەم پەسەند نەکرا دەچینە سەر رای

سێیەم، دەنگدانی بۆ دەکەین، بۆ ئەوەی ماف هیچ یەکێك لە ئەندامانی پەرلەمان بە زایەع نەچێت لێرەدا، مافیان نەخورێت لە خستنە دەنگدانی راکانیان، رای یەکەم: راپۆرتەکەیە کە دەڵێ (لیژنە: لیژنەیەکی دەستووریە کار دەکات بۆ هێنانە کایەی سازان لەسەر پڕۆژەی دەستووری کوردستان عێراق بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەنرێت)، رای دووەم: (لیژنە: لیژنەیەکی تایبەتمەندە کار دەکات بۆ ئامادەکردنەوە و هێنانە کایەی سازان لەسەر پڕۆژەی دەستووری کوردستان عێراق بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت)، رای سێیەم: (لیژنە: لیژنەیەکی تایبەتمەندە کار دەکات بۆ هێنانە کایەی سازان بۆ پێداچوونەوە و ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستووری کوردستان عێراق بۆ راپرسی بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت)، ئێستا رای یەکەم دەخەینە دەنگەوە کە رای راپۆرتەکەیە بەم شێوەیە (لیژنە: لیژنەیەکی دەستووریە کار دەکات بۆ هێنانە کایەی سازان لەسەر پڕۆژەی دەستووری کوردستان عێراق بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت)، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (2) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کەواتە زۆرینە لەگەڵ دانییە، ئیتر رەنگە پێویست بە ژماردن ناکات، (2) کەس لەگەڵدا نەبووە، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان دەستیان بەرزکرۆتەوە لە دژی، بۆ ئەوەی ئیشکالی نیزامیمان بۆ دروست نەبێت، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (51) کەس لەگەڵ دانییە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، رای دووەم: (لیژنە: لیژنەیەکی تایبەتمەندە کار دەکات بۆ ئامادەکردنەوە و هێنانە کایەی سازان لەسەر پڕۆژەی دەستووری کوردستان عێراق بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت)، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (54) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (29) کەس لەگەڵ دانییە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، باشە، دەچینە سەر ماددەی دووەم، باشە، نوقتەی نیزامیت هەیە کاك د.فرست؟ فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی دەیڵێم نوقتەی نیزامییە، من پێش ئەوەی کە دەنگ بدرێ قسەم نەکرد، لەبەر ئەوەی رێز لەو سازانە دەگرم کە جەنابتان لەگەڵ فراکسیۆنەکان کردتان لەسەر دووبارە کردنەوەی دەنگدان، دەستتان خۆشبێت کە کردتان، بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە نەریتێکت داهێنا بەوەی کە بابەتێك خرایە دەنگدان، پەسەندکرا، خۆ ئەوەی من ویستم و ئەوەی کە من لەگەڵ بووم دەنگی هێنا و بردیەوە، من کێشەم نییە لەگەڵ دەنگدانەکە، بەڵام هێنانەوەی دووبارە شتێك بۆ ناو دەنگدان، من پێموایە وات لێکرد جارێکی تر کە من دەنگدانم بە دڵ نەبێ کێشەیەك دروست بکەم بۆ ئەوەی جارێکی تر دووبارە بخرێتەوە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز (د.فرست) ئەوە نەریت نییە، چونکە ئەوەی کە تۆ باست کرد، راستە، ئەوە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە، بابەتێك کە خرایە دەنگدانەوە نابێت دوایی گفتوگۆی لەسەر بکرێتەوە، بەڵام ئەم بابەتە پرسی

دەستوور، پرسێکی گرنگە، پرسی ئەم پڕۆژە یاسایە پرسێکی گرنگە بۆ ئەوەی کە سازانێکی زیاتری لەسەر بێت، رای جیاوازیش وەربگیرێت، هەروەها بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمانیش بزانن دەنگ بە چی دەدەن، بۆیە رایە جیاوازەکان پێویست دەکات بخوێندرێتەوە و ئەو کاتە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر نا ئەوە نەریت نییە، راستە، پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە کە پێویست دەکات ئەوە ئەنجام نەدرێت، کاك ابو بکر دەرفەتت پێدەدەم، بەڕێزان، هەڵەیەکی پەیڕەویمان کردووە کە راستی دەکەینەوە، بەس با ناوەکان بنووسرێت لەسەر ماددەی دووەم، کۆی ماددەکە نەخراوەتە دەنگدانەوە، من نەمزانی کۆی ماددەی یەکەم نەخراوەتە دەنگەوە، کۆی ماددەی یەکەمیش دوایی دەیخەینە دەنگەوە، تەنها فەقەرەیەك بوو لە ماددەی یەکەم کە خرایە دەنگدانەوە، با ناوەکان تەواوبێت، نوقتەی نیزامیت هەبوو کاك ابو بکر؟ فەرموو.

**بەڕێز ابو بکر عمر عبدالله (ابو بکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە کاك (د.فرست) دەیڵێ پڕۆسەی دەنگدانەکە تەکمیلە نەکرا، بەس تەنها دەنگدرا، دەنگدانی دژ و پێچەوانە نەدرا، بۆ؟ یەعنی تەواو نەبوو ئەو پڕۆسەی دەنگدانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راستە، کێشە لەوەیە کە لە پەیڕەوی ناوخۆدا دەڵێ هەر بابەتێك خرایە دەنگەوە ئەوە ئیتر گفتوگۆی لەسەر ناکرێت، یەعنی لەگەڵ دەنگدان دەستی پێکرد ئیتر گفتوگۆ نامێنێت، بەڕێزان، کۆی ماددەی یەکەم نەخراوەتە دەنگەوە کە پێویست دەکات بابەتەکان ماددە بە ماددە لە پەرلەمان بخرێتە دەنگەوە، پڕۆژە یاساکان بخرێتە دەنگەوە، تکایە کۆی ماددەی یەکەم بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی یەکەم:**

بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە کە لەم یاسایەدا هاتووە:

پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان  عێراق.

پرۆژە: پرۆژەی دەستووری کوردستان  عێراق.

لیژنە: لیژنەیەکی تایبەتمەندە کار دەکات بۆ ئامادە کردنەوە و هێنانە کایەی سازان لەسەر پرۆژەی دەستووری کوردستان  عێراق بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە کە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (69) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (2) کەس

لەگەڵ دانییە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی دوو لە ئەسڵی پرۆژە یاساکە بخوێننەوە، دواتر راپۆرتی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دوو:**

بەو پێیەی لە ئەسڵی پرۆژە یاساکەدا هاتووە:

1-لیژنەیەك بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پێکدێت بۆ پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستوور و ئامادەکردنی بۆ راپرسی.

2- لیژنەکە پێکدێت لە (21) ئەندام کە دەکرێت ئەندامی پەرلەمانبن یان لە دەرەوەی پەرلەمانبن، بە مەرجێك پسپۆڕ و شارەزابن لەم بوارەدا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم:**

لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.

لیژنە لە (21) ئەندام پێکدێت کە بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردێن و دەکرێ ئەندامی پەرلەمانبن، یان لە دەرەوەی پەرلەمان بە مەرجێك پسپۆڕ یان خاوەنی ئەزموونبن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئەو ناوانەی کە ناوی خۆیان نووسیوە بیخوێننەوە.

**بەڕێز فخرالدین عارف قادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ماددەی دوو ئەم بەڕێزانە پێشتر ناوی خۆیان نووسیوە (صالح فەقێ، سۆران عمر، شێرکۆ حەمە امین، ئاری هەرسین)، ئێستاش ئەم بەڕێزانە ناویان تۆمارکراوە (گەشە دارا، قادر ئۆتمان، مامۆستا مەڕوان گەلاڵی، رابوون توفیق، ابو بکر عمر، بێستون فائق، پەری صالح، پەروا علی، محمود عمر، حسن صالح، علی حەمە صالح، ئایدن معروف، ماجد عثمان، منی نبی، سرووود سلیم، پروانت نیسان، کمال یلدا، غریب مصطفی، شوان شێخ احمد، شامۆ شێخۆ، د.سراج احمد، ناظم کبیر، تەلار لطیف، ئومێد حەمە علی، عمر عینایەت، ڤەمان فیصل، د.فرست صۆفی، فرحان جوهر، حەیات مجید، عبدالله محمود، د.شوان قەڵادزەیی، باپیر کامەلا، یعقوب گورگیس، بەهزاد دەروێش، منیرە عثمان، وحیدا یاقۆ، قارەمان قادر).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، تكایە زۆر بە كورتی پەیامەكنتان بگەیەنن، چونكە (41) كەس ناوی خۆی نووسیوە، بەس تەنها لەسەر ماددەی دوو، بەڕێز كاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم: لەسەر ئەوەی كە دەكرێت ئەندامی پەرلەمانبن یان لە دەرەوەی پەرلەمان، ئەو (دەكرێت)ە حەقە لابرێت بۆ ئەندامی پەرلەمانەكە بۆ ئەوە (یان) بەكار بهێنرێ، (پسپۆر) نازانم ئەگەر پسپۆر دكتۆرا و خەڵكی زۆر شارەزا بگرێتەوە، رەنگە هەندێك لە ئەندامانی لیژنەكە بەكالۆریۆس بێت، بۆ نموونە وا پێویست بكات لە فراكسیۆنێك ئەوەی تێدا نەبێت، بۆیە ئەو پسپۆرە ئەگەر تەفسیر هەڵدەگرێت قسەی لەسەر بكرێ كە پسپۆرەكە لابرێت، پسپۆر یان شارەزا بەكار بهێنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دوو من لەگەڵ ئەسڵی پڕۆژەكەم، نەك راپۆرتی لیژنەی یاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە راستیدا چەند سەرەنج و تێبینیەكم هەیە لەسەر ماددەكە، ئەوەی پسپۆر و شارەزا لەم بوارەدا، گونجاوترە بنووسن خاوەن ئەزموونبن، یەعنی وەكو ئەوەی لە راپۆرتەكەدا نووسراوە ئەگەر زیاد بكرێ، واتە (پسپۆر و شارەزا)كە ببێتە خاوەن ئەزموون، دواتر پرسیارەكە ئەوەیە بڕیاردان لەناو ئەم لیژنەیە چۆن دەبێت؟ لەناو ئەم لیژنەیە میكانیزمی یەكلایی كردنەوەی بابەتەكان چۆنە؟ لێرە نەنووسراوە بە چ جورێك رای جیاواز لەناو لیژنەكەدا دروست بوو چۆن یەكلایی دەكەنەوە؟ بە دەنگدان یەكلایی دەكەنەوە لەناو لیژنەكە؟ بە سازان لەناو لیژنەكە یەكلایی دەكەنەوە؟ چۆن یەكلایی دەكەنەوە؟ هەروەها گرنگە خەڵكی سیاسی، خەڵكی لە بواری ئابوری، یەعنی هەموو ئەو جۆرە خەڵكانەی تێدابێت لە كاتی نووسینەوە و ئامادەكردنی پڕۆژەكە بۆ جارێكی تر، هەروەها گرنگیشە بە راستی نوێنەری ناوچە دابڕێنراوەكانی تێدابێت، یەعنی بەلای منەوە گرنگە نوێنەری ناوچە دابڕێنراوەكانی تێدابێت، چونكە لەسەرەتاشدا وامان كرد كە ئەوانە كوردستانین و پێویستە رەئیان هەبێت لەناو پڕۆژەی دەستوورەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئاری هەرسین فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە پێش هەمووو شتێك کە مولاحەزەم هەیە لەسەر ئەو (21) ئەندامە، بە بۆچوونی من دەستوور یەکێ لە کۆڵەکە هەرە گرنگەکانی ناو کۆمەڵگایە، تەعبیر کردنە لە هەموو پێکهاتەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە، بۆیە من بە پێویستی دەزانم کە ئەندامیەتی لەناو ئەو لیژنەیەدا مەرجدار بکرێت بۆ ئەوەی کە نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی ناو پەرلەمانی تێدابێت، ئینجا من بە ناویش دەهێنم (نوێنەری تورکمان، کلد و ئاشووری، ئەرمەن، حیزبی سوشیالیست، ئاراستەی سێیەم، حیزبی شیوعی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامی، نوێنەرێکی کاکەییەکان)، لەگەڵ ئەوەی برای بەڕێزم کاك د.شێرکۆ حەمە امین فەرمووی نوێنەرێکی ناوچە دابڕاوەکان ئەمە یەك، دوو: بە گشتیی من پشتیوانی لە قسەکانی هەردوو برای بەڕێزم (کاك صالح فەقێ، کاك د.شێرکۆ) دەکەم، دێمە سەر مەسەلەی پسپۆری، زۆر لێڵە، دیاری نەکراوە لە چ بوارێکدا ئەمانە پسپۆربن، یەعنی پسپۆری وا هەیە لە بواری عیلمیدا پسپۆرە، بەس شەرت نییە جێگای بێتەوە لێرە، بۆیە منیش لەگەڵ ئەو رایەم کە مەسەلەی ئەزموون لەوانەیە زیاتر بڵێین تەعبیرێکی مەعقول تر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو گەشە دارا فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتیوانی لە قسەکانی (کاك صالح و د.شێرکۆ) دەکەم بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، هەروەها سەبارەت بە لیژنەکە زەمەن دیاری بکرێت، پێویستە کە لە ماوەی مانگێك زیاتر نەخایەنێت پێکهێنانی ئەو لیژنەیە، هەروەها میکانیزمێکیش بەراستی بۆ پێکهاتەی لیژنەکە دابنرێت، یەعنی هەر ئەوها بەجێی بهێڵین، نازانم دوایی لەسەر چ پێوەرێك ئەندامانی لیژنە دادەنرێت کە خەڵکی دەرەوە و ئەندامانی پەرلەمانیش دەگریتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا مەڕوان گەلاڵی فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەڕوان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی (کاك صالح و کاك د.شێرکۆ) دەکەم، ئەو پسپۆرە لابچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئایدن فەرموو.

**بەڕێز ئایدن معروف سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دوو لە بڕگەی دووەمدا ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە ئەندامانی لیژنەکە زیاد بکرێ، هەروەها لە پێناسەی لیژنەکەدا باسی تەوافوق و سازان دەکرێت، بۆیە بە پێویستی دەزانین ژمارەی لیژنەکە زیاد بکرێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی فراوان هەموو پێکهاتە و لایەنەکان بەشداربێت لە ئامادەکاری لە دەستوورەدا، پێشنیاریش دەکەین یەکەم: زیاد کردنی ئەندامانی لیژنەکە لە (21) ئەندامەوە بۆ (25) ئەندام، دووەم: ڕەچاوی نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەییەکان بکرێت لەم لیژنەیەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ڕابوون لێرە نییە، بەڕێز کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەو ڕایەدام کە پێکهاتەکان نوێنەریان هەبێت، بۆیان زیاد بکرێت، هەروەها پشتگیری ئەوەی کاك د.شێرکۆ دەکەم بە نیسبەت ناوچە کوردستانیەکان کە پێویستە نوێنەرێکیان هەبێت، ئەو حیزبانەی کە خاوەن یەك کورسی پەرلەمانین نوێنەریان هەبێت لەگەڵ ئەو حیزبانەی کە لە دەرەوەی پەرلەمانیشن کە کورسییەکیان هەبێت بۆ ئەوەی بەراستی ڕەنگدانەوەیەکی جوانی لەسەر هەموو پێکهاتە و نەتەوە و پێکەوە ژیانەکە هەبێت، بۆیە ئەگەر دەوڵەمەنتر بکرێ بە تەسەوری من زیاتر خەڵکەکە وا تەسەور دەکات کە دەستوورەکەی وا ئامادە دەکرێ بەهی خۆی دەزانێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو من لەگەڵ ئەوەدام هەر (21) ئەندام بێت و زیاتر نەبێت، هەر وەك لە پڕۆژەکەدا هاتووە، بنەماگرتنی پاراستن و پارێزگاری کردن لە مافی پێکهاتەکان، سەرەنجەکەم لەوەدایە بەرای من بەو پێیەی کە لە پڕۆژەکەدا هاتووە دوای تەشکیلکردنی ئەو لیژنەیە بە پێی پڕۆژەکە دەکرێ هەموویان ئەندامی پەرلەمانبن، دەشکرێ هیچیان ئەندامی پەرلەمان نەبن، چونکە دەڵێ یان لە دەرەوەی پەرلەمانبن، هەروەها لە هەمان کاتیشدا بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەڵێ بە مەرجێك پسپۆر یان خاوەن ئەزموونبن، پسپۆر لە چ بوارێکدا؟ هەرچەندە لە ئەسڵی پڕۆژەکەدا هاتووە دەڵێ لەو بوارەدا، کە ئەمە بە رای من ڕاسترە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە دەقەکە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە (لیژنەکە لە (21) ئەندام

پێکدێت کە بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن، لە ژمارەیەك ئەندامی پەرلەمان و کەسانی پسپۆر لە بواری دەستوور و یاسا لە دەرەوەی پەرلەمان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من تەنها دەمەوێ یەك سەرەنج بدەم، بەڕێزان، بۆ ئەوەی بەڵکو بتوانین گفتوگۆکان کۆ بکەینەوە، ڕەنگە ئەوەی پێکهاتەکان جێگای ببێتەوە لێرەدا، لە نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لە پڕۆژەکەدا جێگای بکەینەوە، بەلاَم ئەوەی تر ئێوە بە خۆتان دەنگی پێدەدەن، ئەگەر ئەو لیژنەیە دروست ببێت خۆتان دەنگی پێدەدەن، وابکەن نوێنەری ناوچە جیّ ناکۆکەکانی تێدابێت، وابکەن کە کەسانی پسپۆری جیاوازی تێدابێت لەو بوارانەی کە پەیوەندی بە دەستوورەوە هەیە، بواری ئابورییە، بواری کۆمەلاَیەتییە، بواری سیاسییە، هەروەها بواری دەستووریش، کەواتە با گفتوگۆکان کۆ بکەینەوە و زۆر لە بابەتەکە دەرنەچین، بەڕێز شامۆ شێخۆ فەرموو.

**بەڕێز شامۆ شێخۆ نعمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گاڤا پەرلەمان شەرعیەتا ناڤ مالاَ کوردستانی هەبت، دڤیا هەمی پێکهاتێت ئاینی و نەتەوەیی دڤێ مالێدا جێی خۆ بگریت، گەلەك جارا ئاڤاکرنا گەلەك موئەسەساتێت کوردستانێ ئەم وەکو کوردێت ئێزیدی دئاگرێ نەتەوەیی دێنە شەوتاندن تایبەتمەندیامە ناهێتە رەچاڤ کرن، ئەز فەرد دبینم ژ وان (21) ئەندامان کەسانێکی کوردی ئێزیدی وەکو کەسانێکی شارەزا یان یاساناس ناڤدا هەبت، چونکە هەندەك خالێت دەستووری گرێدای تایبەتمەندیامە و پێکهاتێت دیترێن ئاینی و نەتەوەیینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ابو بکر فەرموو.

**بەڕێز ابو بکر عمر عبدالله (ابو بکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە بڵێین لیژنەکە لە (21) ئەندام زیاتر نەبێت، دووەم: نوێنەرایەتی سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی گەلی کوردستان بکات، سێیەم: پێویستە لیژنەکە لە ماوەی (15) ڕۆژ لە جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە پێك بهێنرێت، واتە زوو دەست بەکاربێت، خاڵێکی تر ئەوەیە بڕیارەکانی لیژنەکە بە پێی ڕێککەوتن بێت، واتە بە پێی تەوافوق بێت، نەك بە زۆرینە و کەمینە، خاڵێکی تر ئەگەر لیژنەکە لەو ماوەیەی کە لە بڕگەی پێشوودا دیاری کراوە نەیتوانی کارەکانی رایی بکات بە هەمان ڕێکاری پێشووتر کە لەم یاسایە دیاری کراوە لە لیژنەیەکی تر دادەمزرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەیان ڕەنگە ماددەی دوای ئەوە بگرێتەوە، بەڕێز مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفيق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی یەکێك لە خاڵە سەرەکیانی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان زامنکردنی مافی نەتەوەکانە، داوا دەکەم کە لەو بڕگەیەدا بە راشکاوی وەکو برادەران ئاماژەیان پێکرد، بە راشکاوی ئاماژە بە نوێنەرانی هەردوو پێکهاتە نەتەوەییەکانی (تورکمان و کلدان و سریان و ئاشوور و ئەرمەن) بکرێت، هەروەها ئاماژەش بەوە بکرێت کە نوێنەرەکانیان لەلایەن خۆیانەوە دیاری بکرێت، ژمارەکە ببێتە (25) ئەندام، وابزانم ئەگەر زیاد بکرێت زەرەری نییە، بەڵام ئەگەر کەم بکرێت لەوانەیە نەتوانین دوو ئەندام لە هەر نەتەوەیەك جێگەی ببێتەوە، هەروەها تکا دەکەین کە وەك شێوەی دامزراندنی کۆمسیۆنی باڵای کۆمسیاران نەبێت بەوەی کە لایەنەکانی تر نوێنەرەکانمان دیاری بکەن، کە ئێستاش چارەسەر نەکراوە، بۆیە تەئکید دەکەم کە پێویستە ئاماژە بە بەشداریکردنمان بکرێت، هەروەها لەگەڵ رەئی برادەرانیشم کە دەڵێن تەحدیدکردنی کاتەکەی بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك بێستون فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەکە لە (21) ئەندام پێکدێت، من پێمباشە ئەگەر بکرێت لەوە کەمتربێت، دووەم: چۆن ئەم (21) ئەندامە دیاری دەکرێت؟ چۆن دابنرێنرێن؟ بەداخەوە ئێمە لە یەك، دوو سەعاتی رابردوودا لەسەر وشەیەك جەلسەیەکی پەرلەمان راگیرا، نەگەیشتینە رێککەوتن، ئیدی پێمانوایە چۆن دەگەینە رێککەوتن فراکسیۆن و پێکهاتەکان لەسەر دیاری کردنی (21) ئەندام بۆ ناو ئەم لیژنەیە؟ من پێموایە دەبێت لێرەدا موعالەجەی چۆنیەتی دیاری کردن و دانانی ئەو ئەندامانە بکرێت، چونکە پێموایە قورسە و کاتێکی زۆریش دەچێ و پێکهاتەکان و فراکسیۆنەکانیش ناگەنە رێککەوتن بە ئاسانی لەسەر دیاری کردنی ئەوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد حەمەدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی تەواوی ئەو برادەرانە دەکەم کە باس لەوە دەکەن کە دەبێ موراعاتی پێکهاتەکانی ئاینی و نەتەوەیی بکرێتن، منیش پاڵپشتیان دەکەم بە تایبەتی مامۆستا ماجد و کاك ئایدن کاك شوان و باقی برادەران، دووەم: بۆ ئەو لیژنەیە دەبێ شێوازی کارکردن و میکانیزمێك هەبێ دەبێ چۆن کار بکاتن، ئایا وەکو لیژنەکانی پەرلەمان کار دەکرێت؟ وەکو لیژنەیەکی موەقەت کار دەکرێت؟ دەبێ شێوازێك هەبێت کە

بتوانین چۆن خۆمان له نوقته خیلافیەکان رزکار بکەین، خاڵی سێیەم: تایبەت بە تەحدیدی پسپۆری، بەرای من تەنها بنووسرێت پسپۆری یاسایی دەستووری بێت، ئەزموون لابدرێ، چونکە ئەگەر پسپۆری هەبوو حەتمەن ئەزمووندارە، بەڵام شەرت نییە هەموو خاوەن ئەزموونێك پسپۆری تایبەتی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.پەری فەرموو.

**بەڕێز د.پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکانم کرا، بەڵام نەختێکی دەڵێمەوە، یەکەمیان پشتیوانی ئەو رایە دەکەم نوێنەری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم هەبێت، بەو شێوەیەش بخوێندرێتەوە (لیژنە لە (21) ئەندام پێکدێت کە بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پێك بێت بۆ ئامادەکردن بۆ راپرسی) ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، هەروەها کاتەکەش زۆر گرنگە کاتی دیاری کردنی لیژنەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو منى فەرموو.

**بەڕێز منى نبی نادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەرەتاوە پشتگیری ئەو بەڕێزانە دەکەم (د.شێرکۆ، شوان شێخ احمد، شێخ شامۆ، کاك قادر ئۆتمان)، ئەو بەڕێزانە پشتگیری پێکهاتەکانیان کردووە، هەروەها داوا دەکەم لیژنەکە لە (21) ئەندام زیاتر نەبێت بۆ ئەوەی بتوانین بە زووترین کات ئەو پڕۆسەیە بە سەرکەوتووانە لەم پەرلەمانەدا پەسەند بکرێت، لە هەمان کاتدا لە کوتاییدا نووسراوە بە مەرجێك پسپۆر، ئەو پسپۆرە لابدرێت، چونکە ئەو پسپۆرە زۆر تەعریف و لەوانەیە تەفسیراتی زۆری پێ بکرێت، لە هەمان کاتدا نوێنەرایەتی هەموو لایەنەکان و پێکهاتەکان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو پەروا فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە لیژنە، من پێمباشە لیژنە لە (21) ئەندام زیاتر نەبێت، ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، هەروەها وردەکاری بۆ ئەرکەکانیان بکرێت لە مەسەلەی پێوەری دانانی ئەو بەڕێزانەی کە دەبنە ئەندامی لیژنە، بۆ نموونە بە پێی کورسی بێت، رەنگە ئەوە لە یەکێك لە پێوەرەکان بێت، لە هەمان کاتدا خاڵێك هەیە کات دیاری بکرێت بۆ دەست بەکاربوونی ئەم لیژنەیە، چونکە ئەوە لە بەرژەوەندی ئێمە نییە، لە دوای

پەسەندکردنەوە بە بڕوای من ئەگەر یەکسەر کاتەکە دیاری بکرێت، چەند ڕۆژێك، دوو حەفتە بێت، یان هەر چۆنێك بێت دابنرێت کە کەمتر بێت نەگاتە مانگێك، لەبەر ئەوەی کۆی پڕۆسەکە دوا دەخات، دوا خاڵم ئەوەیە بەراستی هیوادارم کە دەستوور دەستوورێکی پیاوانە نەبێت، مەسەلەی ڕەگەز یان ژن بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، گرنگە نییە سەر بە چ پێکهاتەیە، گرنگ نییە سەر بە چ گرووپێکە، بەڵام گرنگە دەبێ دەستوورێکی پیاوانە نەبێت، ئەندامەکان تا ڕادەیەك یەکسانی تێدابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ناظم فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، چەند پێشنیارێکم هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە پشتگیری لەو بەڕێزانە دەکەم کە دەربارەی هەبوونی پێکهاتەکان لەناو ئەو (21) ئەندامە، چونکە گومانی تێدا نییە کوردستان بەو پێکهاتە و فرە ئاینییانەوە جوانە، پێشنیاری دووەم: پێشنیار دەکەم کە یەکێك لەو (21) ئەندامە ئەندام بێت لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، پێشنیارێکی تر پشتگیری لە قسەکانی برای بەڕێزم شێخ شامۆ دەکەم، هەبوونی ئەندامێك لە برا کوردە ئێزیدییەکان، پشتگیری لە قسەکانی گەشە خان دەکەم کە سەقفێکی زەمەنی بۆ دروست کردنی ئەم لیژنەیە دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو تەلار فەرموو

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ماددەی دوو لە ئەسڵی پڕۆژەکە دەکەم، نەك لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی (کاك صالح فەقێ و د.شێرکۆ حەمە امین و کاك ابو بکر هەڵەدنی) دەکەم، بەڵام لە ماددەی دوو یەك ئیزافە سەرەڕای بەشداری پێکهاتەکان لەگەڵ نوێنەری ناوچە کوردستانییەکان، بەشداری ژنانیش لەبەر چاو بگیرێت، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەزموونی ترمان هەیە لە هەرێمی کوردستاندا چ لە پێدانی کابینەکاندا، یاخود لەو لیژنانەی کە پەیوەندیدار بە بڕیاردان لە ڕووی سیاسییەوە لە هەرێمی کوردستاندا دائیمەن دەبێت بە یاسا ئەوە بچەسپێنین، بۆیە هیوادارم لەم بڕگەشدا ئەوە بچەسپێ تاوەکو ڕەچاوی ئەوە بکەن، چونکە دەستووریش زۆربەی زۆری ماددەکانی پەیوەندی باشی بە یەکسانی مافەکانی ژنانە، چەسپاندنی مافەکانی ژنانە لە دەستووردا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێمباشە ئەوەی لە راپۆرتی لیژنە هاتووە بەس ئەم بڕگەیەی بۆ زیاد بکرێت (لیژنە لە (21) ئەندام پێکدێت کە بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن و دەکرێت ئەندامی پەرلەمانبن یان لە دەرەوەی پەرلەمان بە مەرجێك پسپۆر یان خاوەن ئەزموونبن لەم بوارەدا، بە مەرجێك نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لەبەر چاو بگیرێت)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز کاك محمود فەرموو.**

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە ماددەی دوو، من پێمباشە لە سیاغەی خاڵی یەکەمی بەم شێوەیە بکرێ (لیژنەیەك بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پێك بێت بۆ سازان و ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ کوردستان)، خاڵی دووەم: (لیژنەکە پێکدێت لە (21) ئەندام) بە رای من ئەو (21) ئەندامە زۆرە و لەسەر ئەساسی چ بنەمایەك؟ پێموابێت ئەوە جۆرێك لە فەوزا و هەر یەکە وەکو پێویست کاری خۆی نازانێت، بۆیە ئەو (21) ئەندامە بە زۆر دەزانم، وا باشترە لە (15) ئەندام زیاتر نەبێت و بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە (لیژنەکە پێك بێت لە (15) ئەندام کە ئەندامی پەرلەمانبن یاخود لە دەرەوەی پەرلەمانیشبن بەو مەرجەی شارەزای بواری دەستووری بن، لە زووترین کاتیشدا کۆبوونەوەی خۆیان بکەن)، هەروەها وا باشترە نوێنەرایەتی پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستان لەخۆ بگرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز کاك سروود فەرموو.**

**بەڕێز سروود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سێ خاڵم هەیە بە کورتی، خاڵی یەکەم: پرسیارم هەیە لە لیژنەی پەیوەندیدار، کێ بەرپرسە لە پێکهێنانی ئەم لیژنەیە؟ ئەگەر پەرلەمان بەرپرسە کەواتە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کە ئەندامی پەرلەمانیان نییە مەحروم دەبن لەو بابەتە، باش دەزانین کە دەستوور دەستووری هەمووانە، دەبێت هەموویان بەشداربن، لەبەر ئەوە ئەم فەقەرە پێویستی بە روونکردنەوەی زیاتر هەیە، خاڵی دووەم: بە پێویستی دەزانم زامنکردنی وجودی نوێنەری پێکهاتەکان لەو لیژنەیە، زیادیش بکرێ لە ماددەی دووەم، خاڵی سێیەم: پرسیارم هەیە پێویستە بزانین شێوازی ئیدارەکردنی ئەم لیژنەیە، بۆ نموونە کێ دەبێتە سەرۆك؟ سیستەمی دەنگدان چۆن دەبێت؟ ئایا پەیڕەوی ناوخۆی دەبێت یان نا؟ زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر سێ، چوار خاڵم هەیە، یەكەم: ئەو لیژنەیە كەی پێكدێت؟ دەكرێ ئەگەر كاتێكی دیاری كراوی بۆ دیاری بكرێت بۆ پێكهێنانی، چونكە پێكهێنانی دوا بكەوێ ئەمەشیان كێشەیەكی گەورە دروست دەكات، بۆیە من بە باشی دەزانم بگوترێت ئەم لیژنەیە دوای دەنگهێنانی پرۆژە یاساكە لە ماوەی (15) رۆژ، (20) رۆژ، یەعنی مودەیەك دیاری بكرێت بۆ ئەوەی كەی دابمەزرێت، نەك ئەویشیان سێ، چوار مانگێك دوا بكەوێت، دووەم: پرسیاری من ئەوەیە ئەو زۆرینەی رەهایە هی سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانە؟ واتە لە كۆی (111) ئەندام پەرلەمانەكە زۆرینەكە كۆی (111) ئەندام پەرلەمانەكەیە یان زۆرینەی ئامادەبووانە؟ چونكە ئەمەش دەكرێ یەكلایی بكرێتەوە، چونكە من پێموایە مادام ئەوە بە سازان دەكرێ، سازانی لەسەرە، سازانی حیزبە سیاسییەكانی لەسەرە زۆرینەی ئامادەبووان بێت باشترە لە زۆرینەی پەرلەمانتارەكان، سێیەم: خاوەن ئەزموون و پسپۆربن لە بواری یاسایی و دەستووریدا ئەوەی بۆ زیاد بكرێ، چوارەم: منیش پێمباشە نوێنەری پێكهاتە و ئاینی و ئاینزاكان و ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێمی لەگەڵدا بێت، پێنجەم: من پێشنیار دەكەم ئەم لیژنە (21) كەسییە لایەنی كەم هەموو ئەوانەی كە دامانناون لە (30٪)ی نیسبەی ژنان بێت، لە (5) ژن كەمتری تێدا نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێمباشە تەخمین كرنا ئەڤی ژمارە (21) كەسی یان هەرچەندەك بیتن، ئەساسەكی زانستی هەبیتن، ژبەر كو مەسەلەیا ئەوان ژی بابەتی دەستووری بابەتێكی گرنگ و رەهەندەكا نیشتیمانی یا هەی، ژبەر هەندێ من گەلەك پێ ئاساییە ژمارە ڤان كەسان بێتە زێدە كرنێ ب شەرەتەكی كو دەمێ دەست بەكار دبن ئەڤ (20) كەسە یان (30) كەسە خۆ دابەش بكەن بەسەر چەند لیژنەیەكی موسەغەر یێت بچیك تردا بۆ هندێ هەر ئێك با بەكێ دەستووری یان فەصلەكێ دا بچت خوارێ بۆ هندێ كو زیتر دەمی ئیستیغلال بكەتن و زیتر كوردستانێ بكەن خودان دەستوور، ژبەر هندێ پشتەڤانێی ل كاك (ئایدن) و (شێخ شامۆ) و هەمی برادەران دكەم ئەوێن كو پشتەڤانی ل پێكهاتەیان كری، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەو پێنج تێبینییەم هەیە، بە تەسەلسول دەیخوێنمەوە، یەکەم: لیژنەکە لە (21) ئەندام زیاتر نەبێت، دووەم: لە چ دەرگایەکەوە ئەو (21) کەسە داخیلی پەرلەمان دەبن؟ یەعنی کێ ئەم (21) کەسە دەهێنێت؟ واتە لیژنەیەك بۆ دروست کردنی لیژنەکە دروست بکرێت، سێیەم: میکانیزمی دیاری کردنی سەرۆك و دەستەی سەرۆکایەتی ئەم لیژنەیە دیاری بکرێت، ئایا بەزۆرینەی دەنگی ئەو (21) کەسە، یاخود چۆن؟، کێش ئەبێت بەسەرۆك؟، ئەو میکانیزمە دیاری بکرێت، چوارەم: ئەم لیژنەیە لە ڕۆژی پەسەند کردنی یاساکەوە لە ماوەیەکدا دەست بەکار بێت، کە لە (20) ڕۆژ زیاتر نەبێت، ئێمەش پشتیوانی ئەوە دەکەین کە نوێنەری سەرجەم لایەن و پێکهاتەکانی کوردستانی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك یروانت نیسان، فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤە دەستوور، دەستووریٚ مە هەمیانە، یەعنی وەك چ بابەتەکێ دی نینە هەمی دونیایێ وەك میسر، یەعنی هەمی لا بەرچاڤ وەرگرتیە، ئەز دبێژم ژمارە بێتە زێدە کرن ژ بیست و ئێکێ (21) بۆ بیست و پێنجێ (25) دا بشێن مرونە تێدا هەبیت نەتەوە و ئایین جهێ وان تێدا بێتە کرن و زەمانا پێکهاتا نەتەوەیی و ئایینی بێتە کرن وەکو برایێت مە یێت ئێزیدی ناحیا ئایینی و کاکەیی ژی، کەس بەحسێ کاکەییان ناکەت وان ژی دەورەکێ هەی کوردستانێدا و هەروەسا نەتەوە ژی ل پەرلەمانێ کوردستانێ سەر ئەساسێ نەتەوە هاتیە دان نە سەر ئەساسەکێ ئایینی یە دانایە بۆ مەسیحیان ئێکە قەومییەت یێ تێدا، قەومییەت ژمارە ناهێتە حیساب کرن، قەومییەت ب ناڤی دهێتە حیساب کرن، یەعنی کلد و سریان و ئاشور، ئەرمەن، تورکمان کا چ یێت دی هەبن، و ئەز تەئییدا خویشکا خۆ کەژاڵ خانێ دکەم و عەلی حەمە صالح دکەم هەیکەلەك هەبیت و سەقف زەمەنییەك بۆ ڤێ لیژنێ هەبیت، و سوپاسیا وە دکەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عومەر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: من سەرەتا ئەمەوێت پشتگیری بوونی ئەندامانی پێکهاتەکان بکەم، هەروەها پێکهاتە ئایینی و نەتەوایەتیەکانیش، هەروەها بوونی نوێنەری لایەنەکان ئەوانەی کە کورسیان لەناو پەرلەمان نییە، یان کەمن لەناو پەرلەماندا، دووەم: من وا هەست دەکەم ئەم یاسایە دوو بڕگەی نووقسانە، لەبەر ئەوەی ڕێکاری کاندید کردن بۆ ناو ئەو لیژنەیە دیاری نەکراوە، ئەگەر ڕێگام بدەن من هەر سێ بڕگەکەی کە

نووسیومە ئەیخوێنمەوە، دوای ئەوەش پێشکەش بە لیژنەی یاسایی دەکەم، بەم شێوەیەیە: یەکەم: لەماوەی (30) ڕۆژدا لەبەرواری پەسەند کردنی ئەم یاسایەوە، پەرلەمان لیژنەیەك پێك دێنێت کە بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن و دەکرێت ئەندامی لیژنە ئەندامی پەرلەمان بێت و یان لەدەرەوەی پەرلەمان بێت، بەمەرجێك پسپۆڕ بن لەو بوارەدا، یەعنی بواری دەستوور، یان خاوەن ئەزموون بن لەو بوارەدا. دووەم: ئەندامانی لیژنە لەلایەن لیژنەی یاسایی پەرلەمانەوە لەماوەی (15) ڕۆژدا لە پەسەند کردنی ئەم یاسایەوە پێشکەش بە پەرلەمان دەکرێت، یەعنی من پرۆسەی هاتنە ناوەوەی ئەو بەڕێزانەی کە ئەوترێت چۆن بێن، ئەکرێت ناوەکانیان کاندید بکرێت و بدرێتە لیژنەی یاسایی و لیژنەی یاسایش ئاراستەی پەرلەمانی بکات. سێیەم: سەرۆك و جێگر و بڕیاردەر لەناو لیژنەدا بەزۆرینەی دەنگی ڕەها هەڵدەبژێردرێن و بەزۆرینەی دەنگی ئەندامان بڕیار لەسەر بەند و بڕگەکان دەدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك فرحان جوهر، فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری کردنی گەلێك لە برادەرانم لە مەسەلەی مافی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان و لایەنی کەسەکان کە لە لیژنەکەدا پێویستە هەبن، منیش پشتیگری ئەو ڕەئیە دەکەم، هەروەها لەگەڵ ئەو ڕەئیەشدام کە دوو برادەر پێشکەشیان کرد، کە لیژنەکە زیاتر بکرێت، لەبەر ئەوەی مەسەلەی دەستوور بابەتێکی گرنگەو زۆر هەڵدەگرێت، تا عەقڵەکانیش زۆرتر بن بێگومان دەوڵەمەند تر دەبێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە لە (21) کەسەوە بکرێت بە (31) کەس، کە بتوانن شتێکی باشتر سیاغە بکەن، هەروەها لە لیژنەکەدا شێواز وکار کردنی لیژنەکە ڕوون نەکراوەتەوە، کە گوایە ئەم لیژنەیە ئەندامەکانی لەسەر چ ئەساسێك دادەنێن، بەپێی ئیستیحقاقی حزبە سیاسیەکانە، بەپێی فراکسیۆنەکانە، بەپێی هەڵبژاردنە، چۆن دەکرێت، هەروەها شێوازی کارکردنیان دیار نییە، سروشت و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامان لیژنە بەتایبەتی سەرۆکی لیژنە لەسەر چ پێوەرێك دەبێت، هەموو ئەمانە وا دەکات دواتر کاری لیژنەکە دوا بکەوێت و ئیشکالیەت دروست بێت، حەق بوو لێرەدا بڕگە بە بڕگە ئەمە ڕوون بکرایەتەوە، بۆ ئەوەی باشتر کاری خۆیان بکەن، بۆیە هەر پێکهێنانی لیژنە ناکاتە ئەوەی کە ئەم لیژنەیە بتوانێت دەست بەکار بێت و کاری خۆی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە من لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەی یاساییم، بەهەندێك گۆڕانکارییەوە بەوەی کە لە (21) کەس زیاتر نەبێت، وە کات بۆ پێکهێنانی لیژنەکەش دیاری بکرێت، خاڵی دووەم، سەبارەت بەو پێشنیارانەی کە هەموو پێکهاتە سیاسی و ئاینییەکان لەناوەوە و دەرەوەی پەرلەمان بەشداری بکەن، من دەمەوێت بەوازحیی ئەوە بڵێم کە ئەوە دەبێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگی لەناو لیژنەکەدا، پێم خۆشە ئەو پرسیارە بخەمە ڕوو، کە ئێمە باس لە بوونی نوێنەر دەکەین، بێگومان لەیەك کەس کەمتر نابێت، خۆ نیو کەسمان نییە بۆ بەشداری کردن، ئایا کەسمان هاتووین هەموو پێکهاتە سیاسی و حزبە سیاسییەکانی کوردستان، پێکهاتە ئاینی وئیتنیکیەکانمان ژماردبێت، کە ئەگەر لە کەسێك کەمتریان نەبێت، بێگومان کە نییە لەکەسێك کەمتر، کە ئەمە چەند نوێنەر دەکات، ئایا (21) ئەکات یان (100) ئەکات، چەند حزبی سیاسیمان هەیە؟، چەند ئاینی جیاوازمان هەیە؟، چەند پێکهاتەی سیاسی جیاوازمان هەیە، چەندی نەتەوەیی جیاوازمان هەیە؟، بۆیە ئەمە زۆر ئیشکالی هەیە، بە بڕوای من پرسیارێکی تر ئەوەیە، ئەم دەستوورە دەبێت بە سازان بێت و دەبێت زەمانەتی مافی هەموو پێکهاتەیەکی سیاسی، ئیتنیکی، ئاینی بکات، کە ئێمە ئەو زەمانەتەمان کرد ڕەنگە پێویست نەکات جەخت لەسەر ئەو بابەتە بکەینەوە کە نوێنەری هەموو پێکهاتەکان کە ئەمە ئەوەندە زۆر ئەکات، ڕەنگە لە ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانیش زیاتر بێت، بابەت و زاراوەکان کە باسی لێوە کرا، با لەم ماددەیە نەهێنرێتە ئاراوە، چونکە لەماددەی پێشووتر ئێمە مەسەلەی ئامادەکردن و پێداچوونەوە ئەوانەمان یەکلا کردەوە، بۆیە پێم وایە وەك خۆی بمێنێتەوە بەو گۆڕانکارییانەی کەباسم کرد، وسوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك کەمال یەڵدا، فەرموو.

**بەڕێز کمال یلدا مرقوز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەکید بە دڵەوە پشتگیری ئەو پەرلەمانتارانە دەکەم کە دەڵێن با ئەندامی پێکهاتەکان بەشدار بن، پشتگیری کاك ئاری و کاك ئایدن و کاك شوان و کاك ماجد ودکتۆر سراج و کاك ناظم و کاك فرسەت وکاك فرحان دەکەم، بەس پرسیارێکم هەیە، کە لیژنەکە پێك دەهێندرێت کێ دای دەنێت؟، کە لیژنەکەش پێکهێنرا، لە ئەندامی پەرلەمان و دەرەوەی ئەندامی پەرلەمان دەبێت، چەند کەس لە پەرلەمان دەبێت و چەندیش لە دەرەوەی پەرلەمان دەبێت، ئەوانەی کە لەدەرەوە دێن، پسپۆڕو شارەزان لە بوارەکان، پسپۆڕیەکەش دەبێت دیاری بکرێت، کە پسپۆڕییەکەی ئایینی، یاسایی بێت، دەبێت ئەوەش دیاری بکرێت، ئەوانەی کە شارەزان لە دانانی دەستوور ئەکید ئەوانە دەبێت لە پێشەوە بێن و ژمارەشیان چەندە؟، لیژنەکەش لە (25) کەس پێك بێت باشە، دەستوورەکە هی هەرێمی کوردستانە بۆ هەموو پێکهاتەکانەو بۆ هەموو ئاینەکانە، وە هەموو

لایەکی لەناو بێت بەشێوەیەکی عادیلانە، پشتگیری ئەوەی دەکەم کە مافی ژنانیش بدرێت لەناو ئەو لیژنەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك غەریب مصطفی، فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

خاڵی یەکەم من پشتیوانی ڕای هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم، کە داوای چەسپاندنی نوێنەرایەتی هەموو نەتەوەو ئایینەکانی کوردستان دەکەن، ئەمەویت زۆر بەخێرایی ئەوەتان بیر بێنمەوە لەکاتی گفتوگۆی یاسای کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی کە کرا بە یاسا، هەندێ لە پێکهاتەکانی ناو پەرلەمان گلەییان کردو کار گەیشتە بایکۆت کردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی وایان هەست دەکرد کە مافیان خوراوە، دووەم: لە ماوەی (20) ڕۆژدا پێك بهێنرێت پشتیوانی ئەو ڕەئیە دەکەم، خاڵی سێیەم: لەناو ئەو هەموو حزب و نەتەوەو ئاینە جۆراوجۆرانەی کوردستاندا حیسەی ئەم (21) کەسە چۆن دابەش دەکرێت؟، ئەوە حاڵی ئەنجومەنای پارێزگاو لیژنەو پۆستەکانی پارێزگاکانە کە تا ئێستا کێشمە کێشی لەسەرە، جا ئەگەر ئێمە بمانەوێت لە (20) ڕۆژدا یان مانگێك ئەمە بکرێت، بەڕاستی ئەوەنە کێشە لەبەردەمیدا دروست دەبێت کە دوایی نابێت، بۆیە بەپێویستی دەزانم کە لێرەدا خاڵ بخرێتە سەری و دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز خاتوو حیات مجید، فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم: منیش پشتگیری ئەو ڕەئیە دەکەم کە دەڵێت بۆ تەشکیل کردنی لیژنەکە سەقفێکی زەمەنی دیاری بکرێت، خاڵی دووەم: لێرەدا باسی ئەوە دەکرێت کە لیژنەکە لە (21)ئەندام پێك دێت، ئەم (21) ئەندامە هەموومان دەزانین ئەمە حەدی ئەعلایە بۆ ئەو لیژنەیە، ئەی حەدی ئەدنا بۆ لیژنەکە چەندە؟، خاڵی سێیەم: ڕەچاوی نیسبەی ئافرەت بکرێت و باڵانسی جێندەر ڕابگیرێت لە لیژنەکەدا، خاڵی چوارەم: پشتگیری ئەو ڕایانە دەکەم بۆ پێکهاتەکان لە لیژنەکەدا کە پشتگوێ نەخرێت، لەگەڵ ئاین و ئاینزاکان، خاڵی پێنجەم: میکانیزمی کارکردنی لەسەر چ ئاستێك دەبێت و پێوەرەکانی دانان لەو لیژنەیەدا چیە؟، ئایا فراکسیۆنەکان دیاری دەکەن، یاخود لیژنەیەکی تر هەیە، بۆ تەشکیل کردنی ئەو لیژنە (21) کەسیە؟، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عبدالله حاجی محمود، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەصڵی پرۆژەکەدام، بەڵام لەپاش پسپۆڕی و شارەزایی( خاوەن ئەزموون)یشی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو منیرە، فەرموو.

**بەڕێز منیره عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم بەم شێوەیەیە، لیژنە لە (21)ئەندام پێك دێت، پێشنیار دەکەم وای لێ بکرێت، لیژنە لە (21) ئەندام زیاتر نەبێت، هەروەها، وشەی پسپۆڕییەکەی لێ لابرێت، کاتی دروست کردنی لیژنەکە کە بەشێکی زۆر لە هاوڕێکانم لەپەرلەمان باسیان کرد، کاتی دروست کردنی لیژنەکە دیاری نەکراوە، وە پشتگیری هەموو ئەو ڕەئیانە دەکەم کە لەدوای تەواو بوونی یاساکەو بڕیاردان لەسەر لیژنەکە، لەماوەی (20)ڕۆژ دەست بەکارەکانیان بکەن، پشتگیری ڕەئی کاك علی حەمە صالح و کاك عمر عینایەت و دکتۆر شێرکۆ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر شوان قەڵادزەیی، فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر(د. شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا ئەوەی کە گرنگە لیژنەکە بەشێوەیەك بێت مایەی ڕەزامەندی هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان ودەرەوەی هەرێمیش بێت، با بەشێوازێك نەبێت پەرچە کرداری لێ بێتەوە، وەکو کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، نوێنەرایەتی ناوچەکان بەتایبەتی کە وشەی هەرێممان لێ لاداوە، گرنگە کە مەسەلەن کەرکووك و شوێنەکانی تر نوێنەرایەتیان بەزەقی هەبێت لە لیژنەکەدا، ئەو کات کاتەکەش دیاری بکرێت، کاتەکە بەزەقی دیاری بکرێت کە لیژنەکە پێویستە لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا کارەکانی تەواو بکات، سوپاسی هەموو ئەو ئەندامانەش دەکەم کە ئاراستەی قسەکانیان بەشێوازێکە کەسیاسەتی زۆرینەو کەمینە بەکار ناهێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز بەهزاد دەروێش، فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادا دویَ، دووەم: من پێم باشە بەم شیوە بێتە دارێژین، لیژنەیەك پێك بێت لە (21) ئەندام ڤان مەرجان، یەعنی چەند مەرجێك ریك کەین، ئێك: پسپۆڕ و شارەزا بن لەم بوارەدا، دوو: لانی کێم حەفت لەوانە ئەندام پەرلەمان بن، واتە سێ، ئێك لەوانە ئەندام پەرلەمان بن، چونکە لە ڕاستی جوان نینە ببیژن ئەندام پەرلەمان نەبن، ئان زورینەش ئەندام پەرلەمان بن، مەرجی سێ: نوێنەرێن هەمی لایەن و پێکهاتا ل خۆ بگریت، ئێ چواریش: لیژنەیەك پێك بت لە ماوەیەکی لە (15) ڕۆژ زیاتر نەبت، مەرجی پێنجیش: بڕیاری لیژنەیە بسازان بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك باپیر، فەرموو.

**بەڕێز باپیر کامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە لەبارەی ژمارەکەوە بۆ ئەوەی دەستمان ئاوەڵا بێت، بڵێین لە (19) ئەندام کەمتر نەبێت و لە (25)یش زیاتر نەبێت، بۆ ئەوەی ئەو پێکهاتانەی کە خواستی زۆربەی ئەندامان بوو زیاد بکرێت، دەربارەی ماوەکەی، من پێم باشە ماوەکەی دوو مانگ بێت، بۆ چی؟، موبەڕیرم بۆ ئەو ڕەئیەی خۆم ئەوەیە، لەکاتێکدا سەرۆکی هەرێم ئەو ڕەئیەی ڕەد کردەوە، دوای (15) ڕۆژ ڕەدی ئەکاتەوە، کە ڕەتی کردەوە ئێمە (15) ڕۆژی ترمان دەوێت بۆ ئەوەی جارێکی تر پێداچوونەوەی بۆ بکەین، ئەگەر ڕەئیەکی لەسەری هەبێت، چونکە تا (20) ڕۆژ ئێمە ناتوانین ئەوە بکەین، بەس دوو مانگ ماوەیەکی باشە، ئەو ئیشکالەش نامێنێت بۆ ماوەکە، دەربارەی ئاین و ئاینزاکان و کەمە نەتەوەییەکانیش ئەوە پشتگیری لێ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك قارەمان قادر، فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی لیژنەکە لە (21) ئەندام پێك بێت ئەوە بکرێت بە قەتعی، لەکۆتایشیدا پسپۆڕ یان خاوەن ئەزموون بن، من پێم وایە لەبەر ئەوەی دەستوور گشتگیرە، بۆیە پێویستی بە پسپۆڕی جیاجیا هەیە، بۆیە بەم شێوازە بنووسرێت، بەومەرجەی پسپۆڕو خاوەن ئەزموون بن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك یعقوب گورگیس، فەرموو.

**بەڕێز یعقوب گورگیس یاقو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری دەکەم بۆ وان بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوان داخاز کرینە، کو نوێنەرێت پێکهاتەکان لەو لیژنەیە بێت، زۆر پێویستە بۆ مە، وەك ئەندامی پەرلەمان و نوێنەری پێکهاتەکان، زەمان هەبت، بۆ مە کە ئەزموونی کۆمیسیۆنی بالآی هەڵبژاردن دووبارە نەبت جارەکا دی، نوێنەری مە بدەنە پارتی و نوێنەرێن تورکمان بدەنە یەکێتی، ئەو بۆ مە زۆر ناخۆشە، ئێ دوو: بێتە دیار کرن بەنووسین لێرە لە ماددە دوو، مسۆگەر کرنی بەشدار بوونی پێکهاتەکان لەو ماددە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز خاتوو ئیڤار، فەرموو.

**بەڕێز ئیڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم: سەبارەت بە نوێنەری پێکهاتەکان بەپێی ڕێژەی کورسی پەرلەمانی بێت، سەبارەت بە لیژنەکە، لە (21) ئەندام کەمتر نەبێت، کاتێك دیاری بکرێت کە لە (15) ڕۆژ کەمتر نەبێت، سەبارەت بە دانانی ژن لەم لیژنەیەدا من تەواوی پشتیوانی خۆم دەردەبڕم، بۆ خاتوو پەروا، تەلار خان، حەیات خان، کاك حسن سالْح، هەروەها کاك بێستوون فائیقیش، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو وحیدە یاقو، فەرموو.

**بەڕێز وحیدە یاقو هرمز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئاخافتنێ من ژ لایە گەلەك ئەندامان هاتە کرن، بۆیە من دووبارە ناکەم، لێرەش دبێژم سوپاس و پشتگیری ل حەمی هەڤالا وان دکەم، کە پشتگیری پێکهاتە هاتە کرن، سوپاسیا وا دکەم، بەس شتەکی ژ ڤێرە دبێژم کە فیعلی بت، نەك بەس ڕاگەیاندن بت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ڕابوون، فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ مولاحەزەم هەیە، یەکەم: لەو کاتەوەی کە گفتوگۆ لەسەر ئەندامانی لیژنەکە دەکەن، هەوڵ دەدەین دەستیان کراوە بکەین، واباشە بڵێین لە (21) ئەندام زیاتر نەبێت، من بۆ خۆم پێشنیاری ئەوە دەکەم و پێم باشە و هیواخوازم ئەو لیژنەیە بە نیسبەتێکی کەم ڕێك بکەون بۆ ئەوەی کاروبارەکانیان بۆ پرۆژەکە بەڕێك و پێکی بڕوات بەڕێوە، کەواتە پێشنیارەکە بەو شێوەیە کە لە (21) ئەندام زیاتر نەبێت، دووەم:

ئەوەیە کە زۆربەی ئەندامان پێشنیاریان کرد، کاتێك دیاری بکرێت، بۆ نموونە ئەوەندە ماوە دوای پەسەند کردنی یاساکە، لیژنەکە دروست بکرێت، هەروەها سەبارەت بە پێکهاتەکان ئەگەر ئەو بابەتە خرایە ناوەوە، تەبعەن ئێمە ڕێز لە پێکهاتەکان و مافی پێکهاتەکان دەگرین، بە دڵنیایشەوە ئەگەر نوێنەریشیان تێدا نەبێت، مافیان پارێزراوە، بەڵام دڵنیام تێیدا دەبێت، چونکە دەستوور بابەتێکی زۆر گرنگ و هەستیارە، بەڵام بەهەمان میکانیزمی ئەندامەکانی تر لە پەرلەمان پەسەند دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی قسەتان چییە لەسەر ڕای ئەندامانی پەرلەمان؟، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامان کۆمەڵێك مولاحەزەی باشیان وت، هەندێکیان ئێمە لە لیژنە دوای گفتوگۆ کردن بەنەزەری ئیعتیباری وەر دەگرین، هەر لەوەی کە لیژنەکە حەدی ئەعلای دابندرێت، کە دەڵێت لە (21) ئەندام زیاتر نەبێت، کەمتر نەبێت ئاساییە، هەر لەوەی کە ماوەیەك دابندرێت بۆ دەست بەکار بوونی ئەو لیژنەیە، کە قسە لەسەر کاتی جیاواز جیاواز کرا لەلایەن ئەندامانەوە، کە ئێمە عەمەلیەن مانگێکمان پێ باشە، بۆ ئەوەی لیژنەکە دەست بەکار بێت، باسی مافی پێکهاتەکان کرا، پێکهاتە نەتەوەییەکانمان هەیەو باسی پێکهاتەی سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکانیش کرا، ئێمە لە لیژنە دوای ڕاوێژکردن گەیشتینە ئەوەی کە پێمان باشە پێکهاتە نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستانی تێدا بێت، بەڵام کە قسە لەسەر پێکهاتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت، قسە لەسەر لیژنەیەکەو لە (21) ئەندامیش زیاتر نەبێت، ئەوە قورسە، خۆی لیژنە چەندە ئەندامی کەم بێت ئەوە عەمەلیيەکەی زیاتر دەبێت، ئەم پرۆژەی دەستوورە جاری پێشووش هەر وابووە، کە دادەڕێژرێتەوە دواتر لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکان دادەنیشێت، ڕەئیان وەر دەگیرێت، ڕاوێژیان پێ دەکرێت، بڵاو دەکرێتەوە، ڕەئی لەسەر دەدەن، یەعنی ئەوە نە بێت تەنها ئەم لیژنەیە بێت، ئەم لیژنەیە کە کار دەکات لە ئایندە، لەگەڵ ژنان دادەنیشێت، لەگەڵ خەڵکی یاسایی دادەنیشێت، لەگەڵ گەنجان دادەنیشێت، ڕەئیان وەردەگرێت، بڵاو دەبێتەوە، یەعنی خودی ئەم لیژنەیە لە ژوورێکی داخراو نییە بەتەنها کارەکانی بکات، بۆ نموونە کاکەییەکان هاتوونەتە پەرلەمان ڕەئی خۆیان هێناوە، لەوانەیە بەیانی ئەم لیژنەیە بە خاص لەگەڵ کاکەییەکان دابنیشێت، لەگەڵ ئێزدی دابنیشێت، دوایش ئەو ئەندامانە وەك ئەندامی پەرلەمان حەزەرمان لەسەر هەندێك شت هەیە، لەکاتێکدا ئەو ئەندامانە ئەم پەرلەمانە دایدەنێت، ئەم پەرلەمانەش دەنگی لەسەر دەدات، وە فراکسیۆنەکانی پەرلەمانیش دیارییان دەکەن، فراکسیۆنی وا هەیە پێی باشە ژن دەهێنێت، کاکەیی دێنێت، ئیزیدی دێنێت، ئەندامی ناوچە کوردستانییەکان دێنێت، لەبەر ئەوە پێم وایە هەموو هێزە سیاسییەکان حەریسن لەسەر پێکهاتەی ئەم لیژنەیە، ئەگەر نوێنەری ناوچە  کوردستانییەکان هەبێت یان نەبێت لەم لیژنەیەدا، ئەگەر نەش بێت هەر حەریسن لە پاراستنی مافیان، لەگەڵ ئەوەشدا دەتواندرێت کە فراکسیۆنەکان دایدەنێن

نوێنەرەکە لەوانەوە بێت، ئەگەر نا تەخصیص کردنی هەموو ئەم لایەنانە کۆنترۆڵ ناکرێت، ئەمەش بە تەواوفوق دەکرێت، دەکرێ لەوێ جێگای بکرێتەوە، موهیمەی ئەم پڕۆژە یاسایە ئەوەیە کە بنووسرێت یان نەنووسرێت، کە ئێمە دوای دیراسەت کردن پێمان باشە بنووسرێت، کە ئەمە ببێت یان نەبێت بەتەوافوق ئیش دەکات، چونکە ئێمە لەماددەی یەکەم نووسیمان ئەمە لیژنەیەکە بۆ هێنانە کایەی سازان، سازان یەعنی بەتەوافوق ئیش دەکات، جگە لەوەی یاسای ژمارە ($19$)ش هەیە، لەسەر سازان، کە بەسازان ئیش بکات حزب و لایەنە سیاسییەکان ڕێزی دەگرن، لە ڕابردوودا وشەی سازان نەبووە لەناو یاساکەدا، بەڵام ئیحترام گیراوە، ئەم پرۆژەیە پەسەند کراوەو جارێکی تر پێداچوونەوەی لەسەر دەکرێت، لەبەر ئەوەی سازانی بەشێك لە لایەنە سیاسییەکانی لەگەڵ نەبووە، بۆیە بەردەوام پێم وایە لە کوردستان ئیحترامی مەبدەئی سازان گیراوە، بۆیە ئەمەش ئیزافەی دەکەین، کە ئەگەر ئیزافەش نەکرێت، هەر ئیحترام گیراوە، کەسازان هەبوو پێویست ناکات تۆ بڵێیت سیستمی دەنگدان چۆنە، سیستمی دەنگدان بۆ پەسەند کردنی کۆی پڕۆژەکە لە یاساکە دیاری کراوە، کە بریتیە لە (دوو لەسەر سێی) ئەندامانی پەرلەمان کە دەکاتە ($76$) دەنگ، ئەگەر پێکهاتەی حزب و لایەن و کورسییەکانی پەرلەمان لێك بدەینەوە ئەوە پێویستی بە سازانە بۆ ئەوەی ($76$) دەنگ بهێنیت ئەگەر نا ناتوانیت لەپەرلەمان ئەو دەنگە زامن بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆرە ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی لیژنەی یاسایی کران، تایبەت بە پسپۆڕ یان خاوەن ئەزموون بن، ئێمە لەڕاپۆرتەکەدا جێگای هەردووکیانمان کردۆتەوە، وتوومانە مەرجە ئەو کەسە پسپۆڕ بێت یان خاوەن ئەزموون بێت، چونکە پێویسیتمان لەدارشتنەوەی دەستوور هەم پێویستیمان بە پسپۆڕە، لەهەندێ لایەنی دیاری کراو پسپۆڕی ئابووری، یاسایی، ئاینی، لەهەمان کاتیشدا پێویسیتمان بە کەسانێکە کە پسپۆڕ نییە، بەڵام خاوەن ئەزموونە لەکارەکەدا، ئەو پرسیارەی کە کرا، سەبارەت بە چۆنیەتی کار کردن لە ناو لیژنەکەدا، بەڕێز کاك گۆران وەڵامی دایەوە، کە لیژنەکە بڕیارەکانی بە سازان دەبێت، واتە کارەکە بە سازان ئەنجام دەدات، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو بەهار، فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیزافەیەکم نییە بۆ ئەوەی کە هاوڕێیانم وتیان، بەس کۆکراوەی ئەو پێشنیارانەی کە کرا، ئێمە صیاغەی دەکەینەوە، پێم خۆشە کۆکراوەی پێشنیارەکان بڵێم، پێشنیارێك هەبوو، کە لەناو ماددەکەدا

نوێنەری لایەنە سیاسی و پێکهاتەکان زیاد بکرێت بۆ ماددەکە، پێشنیارێکی تر هەبوو کە (21) ئەندامەکە بکرێت بە لە (31) ئەندام زیاتر نەبێت، پێشنیارێکی تر هەبوو، کە ژمارەکە بکرێت بە (25) ئەندام، پێشنیارێکی تر هەبوو بۆ ئەوەی ماوەیەك بۆ پێکهێنانی لیژنەکە دیاری بکرێت، کە ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی (30) ڕۆژمان پێ باشە، پێشنیارێکی تر ئەوە بوو کە میکانیزمی بڕیارەکانی لیژنەکە، دیاری بکرێت، کە ئێمە وەکو لیژنە سازانمان پێ باشە، ئەگەر ئەم پێشنیارانە بخرێتە دەنگدان ئێمە دواتر صیاغەی بۆ ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێمە دەبێت میکانیزمێکی تر بگرینە بەر، دوای ئەوەی کە صیاغەتان کردەوە، ئەوەی کە لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە، دەیخەینە دەنگەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەوەی کە صیاغە کراوە دەیخەینە دەنگەوە، بۆ ئەوەی دەنگی هێنا باشە، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەوە زیاتر دەستکاری دەکەینەوە، بەڵێ کاك عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەنووسینیش ناردم، ئەو ئەندامانە چۆن کاندید دەکرێن؟، چۆن دێنە ناو هۆڵی پەرلەمان؟، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیارێکی جوانە، لیژنەی یاسایی کاندیدیان دەکات، پێم وابێت ئەوەش پێشنیارێکی گونجاوە کە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە دیاری بکرێن، باشە دیارە لیژنەی یاسایی نایانەوێت ئەوان ئەندامەکان کاندید بکەن، بۆیە دەتوانرێت بەهەماهەنگی نێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان ناوەکان پێشەکەش بە پەرلەمان بکرێت، تکایە صیاغەی بکەن تا بیخەینە دەنگەوە ئەوەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، کاك ئومێد نوقتەی نیزامیت هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها وەك پرسیارێك کە ئەشێت ئیشکال دروست بکات، مەسەلەی سازان بۆ مامەڵەکردن، یان وەك میکانیزم بۆ ناو خودی لیژنەکە، ئایا سەر ناکێشێت هەندێجار بۆ پەك خستنی پرۆسەی نووسینەوەی دەستوورەکە یان خودی پرۆسەکە؟، ئەی ناکرێت مەسەلەی (دوو لەسەر سێکە) پێشنیار بکەین وەك میکانیزمێك بۆ نووسینەوەی ئەو مەسەلانە لەناو خودی لیژنەکە؟، ئەگەر لایەنێك لەلایەنەکان یان پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکان نەسازان لەسەر شتێکی دیاری کراو، دەتوانێت پەکی تەواوی پرۆسەکە بخات، ئەی ئەمە پرسیارێکی جدی نییە؟، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو دكتۆرە ڤالاْ.

**بەرێز د. ڤالاْ فرید:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرێزان ئە ندامانی پەر لەمان، تكا یە دوای وەرگرتـ نی راو و بۆ چوونی ئە ندامانی پەر لەمان و داوی راو یژ كردن لە لایەن ئەندامانی لیژنەی یاسایی بەو شێوەیە ماددەی دوو دارێژرایەوە، ماددەی دووەم بەو شێوەیە دەخوێندرێتەوە : یەك، لیژنە یەك بە زۆریـ نەی رە های دەنـگی ئە ندامانی پەر لەمان هەڵدە بژێردرێت كە دەكرێ ئەندامی پەرلەمان بن یان لە دەرەوەی پەرلەمان بن بە مەرجێك پسپۆر یان خاوەن ئەزموون بن، نوێنەرایەتی لایەنە سیاسییەكان و پێكهاتە نەتەوییەكانی كوردستان بكەن، دوو، لیژنەكە لە بیـست و یەك (21) ئەندام زیاتر نەبێت، سێ، پێویـستە لیژنە كە لە ماوەیە كدا كە لە سی (30) رۆژ ز یاتر نەبێت لە رێكەوتی جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە پێك بهێندرێت، چوار، بڕیارەكانی لیژنە بە سازان دەبێت.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لە لایەنە سیاسییەكان رەنگە كێشە هەبێت، مە سەلەی سازانەكە كێ شە هەبێت، با شە ئەیخەیـ نە دەنـگەوە، ئەوانە ئەیخەینە دەنگەوە پێش ئەوەی كە بگوجێندرێت لە ناو ماددە كە ئەیخەیـ نە دەنـگەوە، باش نیـ یە؟ لایەنە سیاسییەكان ئەخەینە دەنگەوە، سازان ئەیخەنە دەنگەوە، بۆ ئەوەی بە دەنـگدان یەك لا بكرێـ تەوە، كاك گۆران قسەیەكت هەبوو؟ فەرموو.

**بەرێز گۆران ئازاد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لایەنە سیاسییەكان سەرجەممان لادا، لە بەر ئەوەی بە راستی لە رووی عەمەلی نارێك دەبێت، یەعنی هەندێك جاریش تەرحی وا دەكرد ئێمە دەكەوینە مەوقیفەیـكەوە وە كو لیژ نەی یا سایی تۆز ێك ئیحرا جە وەكو ئەوەی ئێمە دژی تەعەدود و هەندێك شت بین، هەندێن تەرح دەكرێن پێشنیاری عەمەلی، بۆیە ئێـ مە پێكهاتە ئاینەكەمان هێشتەوە و لایەنە سیاسییەكەمان لادا.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لایەنە سیاسییەكانی تێدایە.

**بەرێز گۆران ئازاد:**

لایەنە سیاسییەكانی با بلێین هێشتووتەوە، بەلاْم سەرجەمان لادا، ببوورن.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، كاك رابون نوقتەی نیزامییە؟ فەرموو.

**بەڕێز رابون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە راستی ئێمە بە روحێك دەستمان پێکرد کە بە سازان و بە هەماهەنگییەوە ئەو کارا دەکەین، بەڵام لایەنە سیاسییەکان دەکرێ هەندێ لایەنە سیاسییەکان دەبێ ئیجازە لە حکومەتی هەرێم هەیە بە یاسا بچێت شکایەتی لێ بکا داوای لایەنی خۆی بکات بە قانون، بۆیە بە راستی تکایە ئەو بابەتە لەبەر چاو بگرن ئەو لایەنە سیاسییانە هیچ پێوست نییە لە سەر گۆی زەوی شێوە رووی نەداوە، بۆیە دەری بێنن، بابەتی سازانیش ئێمە لە ژوورەوە موناقەشەمان کرد ئەو کۆبوونەوەی فراکسیۆن و سەرۆکایەتی کە کۆبوونەوەمان کرد موناقەشەمان کرد بەڕێز گۆران ئازاد ناوی سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی قسەیەکی کرد قسەکەی زۆر دەقیق بوو، وتی ئێمە سازان، یەعنی وەکو بڵێین فیلتەری رێگرتن لە زۆرینە و لە کەمینەمان پەرلەمان دیاری کردووە ئەویش بەوە پرۆژەکە بە دوو لە سەر سێ ئەندامان پەسەند دەکرێ، ئەگەر هەر سوورن لە سەر ئەوەی زەمانێکش تێدا بن دەتەوێت دوو لە سەر سێ بگوازرێتەوە بۆ ناو لیژنەکەش، بەڵام سازان یەك ئەندام، یەعنی ببوورن کەوا دەڵێم دەوڵەتێکی ئەقلیمی دەتوانێت رێگە لە ئەندامێکی کە کێشە بۆ هەموو ئەندامێکی سوور دروست بکات ئەوا نامەعقول دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، زۆر سوپاس، کاك شێخ شامۆ قسەت هەیە؟ نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز شامۆ شێخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچی پێکهاتێت ئاینی برادەرێن لیژنێ لادان؟ یەعنی ئەم وەکو پێکهاتەکێ ئاینی کوردێن ئەصیل ئەڤە هەشت (8) هەیڤە جەور و جەفایێ جینۆسایدەکێ دا دژین مە پێویستی ب گرەنتی کرنا پاشەرۆژا خۆ هەیە دڤی دەستوریدا بۆچی؟ لازمە نوێنەرێن مە هەبن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کاك گۆران، بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبێ بە راستی ئەندامانی پەرلەمان ئێمە لە گەڵ جەنابیشتان وا موناقەشەمان کرد، ئەما نە خۆتان دەنگدانی بۆ بکەن پێتان باشە سەرجەم لایەنە سیاسییەکان تێدا بیت یان تێدا نەبیت؟ ئالیەتی ئیش بە تەوافوق بێت یان بە تەوافوق نەبێت؟ بەڵام یەك تێبینی کە وەك تێبینی لێم وەرگرن قسەمان لە سەر ئەوە کرد کە ئەو (دوو لە سەر سێ) کاك رابونیش دەڵێت موناقەشەی ئەوەشمان کرد، بەڵام ئێمە ئێستا رێك نەکەوتووینە لە سەر ئالییەتی تەوزیعی بیست و یەك (21) کەسەکە، ترسی ئەوەمان هەیە دواتر ئەو بیست و یەك (21) کەسەکە دواتر هەر رێك نەکەون لە سەری، هەر کەسێك بیەوێ وای جێگای بکاتەوە

بتوانێت بڕیارەکانی تێدا بڕوێنی، یەعنی عەدەدەکە، بەڵام ئەگەر کە تەوافوق بێت ئەو کاتە زۆر کێشە نییە عەدەدەکان چۆن تەوزیع دەکرێت واتە دەترسێن ئەم (دوو لە سەر سێ) یە لە ئێستا پێشنیار کەین هەر ئەصڵەن ببێتە عەرقەلە بۆ دروست کردنی خودی لیژنەکە، لە بەر ئەوەی موناقەسە بێتن چ لایەنێك بتوانێت (دوو لە سەر سێ) زامن بکات و هەموو لایەنە سیاسییەکانیش حەقی خۆیانە بتوانن ئەمە لەوێنەدەرێ زامن بکەن، بۆیە ئەم تێبینی یەش بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرن لە کاتی تردا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، با زۆر نەچینە لایەنی موناقەشەوە و جارێکی تر دیسانەوە موناقەشەیەك و جەدەلێکی گەورە دروست بێتەوە و یەك و بە یەك ئەو بابەتانەی کە جێی خیلافن ئەیخەینە دەنگەوە و بە دەنگدان یەك لای ئەکەینەوە، حەیات خان فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەك سێ کەس، زیاتر لە پێنج کەس پێشنیاری ئەوەیان کرد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوێنەراتی ژنان، ئێستا ئەیخەینە دەنگەوە، بەڕێزان ئەمە پێشنیارەکانە نوێنەارتی پێکهاتە نەتەوەییەکان ئەیخەینە دەنگەوە، پێکهاتە ئاینی یەکان ئەوەی کە راوێژمان کرد بۆ ئەوەی تێ نەخرا؟ چونکە ئاین و ئاینزای جیاواز هەیە لە هەرێمی کوردستان، ئێزدییەکان رەنگە لە لایەنە سیاسییەکانیشەوە وا بکرێت کە نوێنەری ئێزدیش لە ناوی هەبێت لە رێگەی لایەنە سیاسییەکانەوە یان نوێنەری کاکەییەکان، کە کاکەییەکانیش هاتینە لای ئێمە داوای ئەوە ئەکەین هەم نوێنەرایەتی لە پەرلەمان هەبێت هەم نوێنەراتیان لە هەر بابەتێك هەبێت کە لە کوردستاندا جێ ئەکرێتەوە، بۆیە ئەمە ئیشکالیەت ئامیزە بە راستی، ئەم دەرگایە بکەینەوە رەنگە کێشەیەکی ترمان بۆ دروست بێت، بەڵام سەرەرای ئەوەش ئەیخەینە دەنگەوە، نوێنەراتی پێکهاتەکان ئەیخەینە دەنگەوە، لایەنە سیاسییەکان ئەیخەینە دەنگەوە، سازانیش ئەیخەینە دەنگەوە، کاك ئومێد نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە ئەڵێین نوێنەرایەتی ژنان ئەخەمە دەنگەوە، یەعنی یەك رێکخراوی ژنان هەیە لەم وڵاتە تۆ بتوانی دیاری بکەی کە نوێنەری ژنان دیاری بکات؟ ئایا لە سەر چ ئەساسێك ئەم نوینەرە دیاری ئەکەیت؟ بۆیە ئەمە ئیشکالێکی زۆر، زۆر گەورەیە، ئەشێ هەر نەخرێتە دەنگەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ناو ئەندامانی پەرلەمان ئەتوانرێ ژن بێ، یەعنی نەك نوێنەرایەتی ژنان، یەعنی ژنی تێدا بێت، قسەکە ئەمەیە، ژنی تێدا بێت، باشە، جارێ پێکهاتە نەتەوەییەکان ئەخەینە دەنگەوە، کێ لە گەڵ ئەوەیە پێکهاتە

نەتەوەییەکان تەمسیلی مسۆگەر بکرێت؟ ڕەچاو بکرێت؟ ڕەچاوی پێکهاتە نەتەوەییەکان بکرێت؟ حەفتا (70) کەس لە گەڵێیەتی، کێ دژییەتی؟ یەك کەس دژییەتی، کەواتە پەسەند کرا، پێکهاتە ئاینی یەکان، کێ لە گەڵ ئەوەیە تەمسیلی پێکهاتە ئاینی یەکانی تێدا بێت؟ سی و چوار (34) کەس لە گەڵێیەتی، کێ دژییەتی؟ سی و چوار (34) کەس دژییەتی، کەواتە پەسەند نەکرا، لە بیست و یەك (21) یەك ئەندام زیاتر نەبێت ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان داوامان لێ کرد لە بیست و یەك (21) زیاتر نەبێت، کێ لە گەڵێیەتی؟ شەست و حەوت (67) کەس لە گەڵێیەتی، کێ دژییەتی؟ چواردە (14) کەس دژییەتی، کەواتە پەسەند کرا، ئەڵێین کە لە بیست و یەك (21) کەس زیاتر نەبێت ئەوە پەسەند کرا تەواوە ئیتر، داوای ئەوە کراوە کە ماوەیەك هەبێت بۆ پێك هێنانی لیژنەکە کە سی (30) ڕۆژ بێت، بەڵێ دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە لە مادده یازدە (11) نووسراوە ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت ئەو سی (30) ڕۆژە بەس لە ڕۆژی دەرچوونی یاساکەیە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە دوای دەرچوونیەوە.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

یەعنی لە دوای دەرچوونی یاساکەوە لە پەرلەمان؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ لە پەرلەمان.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

واتە لە ئەمڕۆ تا سی (30) ڕۆژی تر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، لە ڕۆژی دەرچوونییەوە، واتە لە ڕۆژی واژوو کردنی، باشە، دوو شتی تر ئەخەینە دەنگەوە لە سەر نوێنەرایەتی کردن، نوێنەرایەتی کردنی لایەنە سیاسییەکان، کێ لە گەڵێیەتی؟ نۆزدە (19) کەس لە گەڵێیەتی، کێ دژییەتی؟ چل و چوار (44) کەس دژییەتی، کەواتە پەسەند نەکرا، ڕەچاو کردنی نوێنەرایەتی کردنی ژنان، کێ لە گەڵێیەتی؟ بەڵێ، ڕەچاو کردنی ڕێژەی ژن، کێ لە گەڵێیەتی؟ شەست و حەوت (67) کەس لە گەڵێیەتی، کێ دژییەتی؟ چوار (4) کەس دژییەتی، کەواتە پەسەند کرا، ماوەیەك هەبێ بۆ پێك هێنانی لیژنەکە، تکایە بێ دەنگی، دکتۆر شێرکۆ نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر من ویستم تەئكید بكەمەوە ئەگەر ئەكرێ، یەعنی ئەو مانگە یا خود ئەو بیست (20) رۆژە لە رۆژی دەرچوونی یاساكەوە لە پەرلەمان، واتە لەمڕۆوە بیست (20) رۆژە كە حیساب بكرێ نەك لەو كاتەوە كە واژوو بكرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێز دكتۆر شێركۆ، ئەوە ناكرێ، لە رووی یاساییەوە ناكرێ، چونكە رەئگە ئەم یاسایە لە لایەن بەرێز سەرۆكی هەرێمی كوردستانەوە ئە صلەن فیتۆ بكرێت، بۆیە ئەبێ لە دوای دەرچوونییەوە بێ، لە دوای دەرچوونی یاساكەوە بێ، باشە، كێ لە گەڵ ئەوەیە؟ بەڵێ خاتوو پەروا فەرمووو.

**بەڕێز پەروا حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زیاتر لە سێ كەسیش دوامان كرد كە لە ماوەی دوو هەفتە یان لە بیست (20) رۆژ زیاتر نەبێت، ماوەی سی (30) رۆژ زۆرە بەس ئەوەش نەخرایە دەنگەوە.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە ئەڵێین لە ماوەیەك لە سی (30) رۆژ زیاتر نەبێت خوا بكا حیزب و لایەنە سیاسیەكان بە دە (10) رۆژ رێكەون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وایە، راستە، كەواتە دیاری كردنی ماوەیەك كە لە سی (30) رۆژ زیاتر نەبێت كێ لە گەڵێیەتی؟ هەشتا (80) كەس لە گەڵێیەتی، كەس نییە دژی بێ، كەواتە پەسەند كرا، داوای ئەوە كراوە كە سازان رەچاو بكرێت لە بڕیاری لیژنەكە، كێ لە گەڵ سازانە لە بڕیاری لیژنەكە؟ بڕیارەكانی لیژنە بە سازان بێت كێ لە گەڵێیەتی؟ چل و چوار (44) كەس لە گەڵێیەتی، كێ دژییەتی؟ سی و شەش (36) كەس دژییەتی، كەوتە پەسەند كرا، ئێستا كەواتە هەر ئەبێ كۆی ماددەكە، یەعنی سیاغە بكرێتەوە، دابڕژرێتەوە، بەڵێ بەرێز كاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم خۆش بوو لای بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان روون بێ، ئایا نوێنەری پێكهاتەكان هەر پێكهاتەیەك و نوێنەرێكی هەیە یان بە هەموویان نوێنەرێك دیاری بكەن؟ ئەمە زۆر گرنگە بزانین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کە گۆتمان پێکهاتە نەتەوەییەکان، کەواتە هەر پێکهاتە یەکی نە تەوەیی و تەمـسیلێك، کاك را بون نوقـتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەر ئەوەی قسەکانی تۆ دەچێتە پرۆتۆکۆڵەوە ئەوسا لایەنەکان حەقی خۆیانە بچن شکایەت بـکەن ئێمە دەنگمان لە سەر ڕەچاو کردن داوە نەك پێکهاتەی هەموو نەتەوەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك شوان شێخ احمد فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە چەند نوێـنەرە ناو چە کورد ستانییەکان زۆر را هەبوو، بەڵام لـێرە باسی لێ نەکرا کە بێـتە دەنـگدان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم بابە تە مە کەن بە گر فت، فراک سیۆنە جیاوازە کان ئەتوانن نوێنەرا یەتی ئە ندامانی ناو چە کوردستانییەکان بن لە ناو لیژنە کەوە، بەڵام با ئە مە نەبێت بە شێك لە یا ساکە، چونکە رەنـگە گرفـتی یا ساییمان بۆ درو ست بـکات، بەڵێ، تەبـعەن ئەوە دوو پێکها تەی تری نە تەوەییمان هە یە لە هەرێمی کورد ستان کە تەمـسیلیان هەیە لە ناو پەر لەمان، دوو پێکها تەی تر مان هە یە جـگە لە کورد کە ئەوان پێکهاتەی زۆرینەیە، تورکمان و کلد و ئاشووری، بۆ ئەر مەن هەر کـلد و ئا شوور نین؟ بەڵێ، با شە، کـلدان جیایە، ئاشوور جیایە؟ بەڵێ ڕە چاو کرد نی نوێنەرا یەتی پێکها تەکان، بەڵێ بەرێز کاك یعـقوب گورگیس فەرموو.

**بەڕێز یعقوب گورگیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ڕەچاو هاتیە لە ئەو مادده، باسی بەشدار بوونی پێکهاتەکە لەو مادده ئەم دا خاز د کەین بێـتە لادان، ڕەچاو ئینقاسە لە حقوقی ئێمە ئاخر (نظر اعتبار) موستەڵحێکی نەییێ خۆشە، ئێمە قەبوول ناکەین لادەن ئەڤە یەك، دوو، کلد و ئاشووری و سریان یەك نەتەوەن ئێمە سێ نەتەوە نینین یەك نەتەوەیین ئێمە یەك قەومییەتین و داخاز دکەم جارەکا دی ئەو ڕەچاو بێتە لادان، نەییێ دروستە و ئەم قەبوول ناکەین (انتـقاس الحقوق) بۆ ئێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئه مەویٚ تەنها روونكردنەوە یەكتان بدەمیٚ بەرێزان، نوێ نەری پێكها تە جیاوازە كان خۆ تان رێكـ كەون نوێنەری خۆتان دابنێن، بەلاٚم هیوادارم رێكەون.

**بەڕێز رابوون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ب بورە، داوای لێ بوردن ئه كەم كه پێ شنیار دە كەم، بەلاٚم سەرۆكایەتی ناتواذ یت تەداخول بـكات له سەر میكانیزمی دانانەكە، میكانیزمی دانانەكە وەكو هەموو پەرلەمانێكی ئەو دونیا یە بە دەنگدانی ئە ندامانی پەرلەمانی كوردستان ئەبیٚ، ئێمە نەتەوەیەكین پێ مان دە لێن گەلی كورد ستان وەك هەمووی گەلێكی سەر ئەو گۆی زەوی یە، خەلكی جۆراجۆرمان تێدایە، ئێمە ئەو ئەندامانە دێنین پەر لەمانی كورد ستان دەنگ یان دەداتیٚ مەعقول نییە گرۆپ گرۆپ لە پەرلەمانەوە جیا ببنەوە و هەر كەس بلیٚ من چارەكەی خۆم د ێنم، بۆیە ئێمە لیژنەیەك پێك دێنین لە ژمارەیەك پێك د ێنین ئەم پەر لەمانی كورد ستانە بە زۆری نەی رە ها دەنگی دەداتیٚ، نابیٚ ئەوە بچیتە پرۆتۆكۆلەوە كە ئەو گرۆپە بۆ خۆیان نوێنەری خۆیان دیاری دە كەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

من وە كو سەرۆكایەتی پەر لەمان وە كو سەرۆكی پەر لەمان لـ ێرە قـسە ئە كەم، تكا یە، با قـسە بـكەین بە یار مەتیت، ئێ مە رِە چاوی ئەوە ئە كەین رِە چاوی لەو بابە تە كە پێكها تەی نە تەوە جیاوازە كان بگە نە رێكەوتن لە سەر نوێنەری خۆیان، بەلیٚ كاك ئومێد فەرمووو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێرِای پشتیوانی كردن لە قسەكانی كاك یەعقوب ئێمە گەلی كورد ستان یەك نە تەوە نین گەلی كورد ستان چەند نەتەوە یەكین، بۆ یە رِە چاو كردن دە كریٚ نەرِە چاو كردنیش هەبێتن دەر كریٚ، ئیلزا می بێتن لە یاساكەدا پێكهاتەی گرنگی ئەو ولاٚتە نەتەوەی گرنگی ئەو ولاٚتە، ئاینی گرنگی ئەو ولاٚتە، پێكهاتەی ئەصیلی ئەو ولاٚتا نە ئەبیٚ ئیلزا می بیتن لەو لیژنە یەدا كە كات ێك ئەو دە ستوورە دەنوو سرێتەوە بۆ تەواو پێكهاتەكانی كوردستانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، بێگەرد خان فەرمووو.

**بەڕێز بێگەرد دلشاد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە كەمێك پێش ئێستا دەنگمان بە رِەچاو كردنی پێكهاتەكا نداوە لە ناو پرۆژە یا ساكەدا، كەوا تە ئەوە مافی هەموویان دەپارێز ێت ئەوجا بۆ بـچینە، یەعنی هەر كە سە دەلێت مە سەلەن ئێ ستا لە ناو هۆلی

پەرلەمان، بڕیارمانداوە کە ڕەچاوی ڕێژەکە بکرێت، کە ڕە چاوی ڕێژە کە دەکر ێت دوا یی ر ێك دە کەوین و هەموو مافی پارێزراە دەبێت و پێویست بەو جەدەلەیە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، تکایە با بخوێرێتەوە، ماددەکە بخوێنرێتەوە لە لایەن لیژنەی یاساییەوە، کاك ماجد تکایە با بخوێنرێتەوە، ئەم موناقەشەیە کۆتایی پێ بێنن، بەرێز دکتۆرە ڤالآ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم، یەکەم، لیژنەیەك بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردێت کە دەکرێ ئە ندامی پەر لەمان بن یان لە دەرەوەی پەر لەمان بە مەرجێك ب سپۆر یان خاوەن ئەزموون بن و نوێنەرایەتی ژنان و پێکهاتە نەتەوەییەکان لە خۆ بگر ێت، دوو، لیژنە کە لە بیـست و یەك (21) ئە ندام ز یاتر نەبێت، سێ، پێوی ستە لیژنە کە لە ماوەیە کدا کە لە سی (30) رۆژ ز یاتر نەبێت لە ر ێ کەوتی دەرچوونی ئەم یاسایە پێك بهێندرێت، چوار، بڕیارەکانی لیژنە بە سازان دەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کێ لە گەڵێیەتی بەو شێوەیە کە خوێندرایەوە؟

**بەڕێز رابون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەنگدانمان کرد، دەنـگدانمان لە سەر و شەی ڕە چاو کردن کرد ئەوە پێچەوانەی خودی دەنگدانەوە کەی خۆمانەوە کراوەتەوە لە خۆ بگرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، باشە، تکایە دانیشن، فەرموو مامۆستا ماجد.

**بەڕێز ماجد عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ئیهانە کردنی نەتەوەکانە لێرە، ئێمە بۆ خۆ مان قـسە لە خۆ مان دە کەین لـێرە هەموو رای خۆ مان دەدەین، تەسویت کراوە ئەوە لیژنەی یاسایی رێکی خستووە، لەوێندەرێ بەرێزێك لەوێ ندەرێ هەر جار ێك چۆنیەتی هەڵبژاردنی مافی نەتەوەکان تەدەخول دەکات کەئەنەما بۆتە موحامی ئێمە، ئێمە بۆ خۆ مان لە ناو خۆمان ئەتوانین نوێنەری خۆمان دیاری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، هیچ ئیشکالێك نییە لە نوێنەرایەتی کرد نی ئـێوە و ڕە چاو کرد نی ئەوەی کە هـێی خۆ تان بێت، ئەمەوێ ئەوە دووپات کەمەوە بۆ پێکهاتە جیاوازەکان، پێکهاتەی نەتەوە جیاوازە کانی ناو پەر لەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی سەرۆکایەتی پەر لەمان و فراکـسیۆنەکان کە خۆ شتان بە شدار بوون تـێدا، ئەم

مەبدەئە چەسپی یە کە خۆتان نوێنەرایەتی ئەکەن، نوێنەرایەتی خۆتان ئەکەن لە لیژنە کە، لە بەر ئەوە هیچ ترس و گۆمانێکتان لەم بابەتە نەبێت، ئەم بابەتە بە شێوەیەکی یاسایی دائەرێژرێتەوە هیچ ترس و گۆمانێکتان لەم بابەتە نەبێت، ئێوە خۆتان تەمسیلی خۆتان ئەکەن لە لیژنەکەدا، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی جەنابت دەکەم هەر لەو دارشتنەوە ئەوە جێگیر کراوە کە ئیشەکە بە سازان دەڕوات، لە بەر ئەوە بیر لەوە ناکرێتەوە، یەعنی وەك ئەوەی لە کومیسیۆن لە بەر ئەوەی ئالیەتی بڕیاردان رێکخرا بوو بە جۆرێك لە جۆرە کان، ئەگەر یەکێك بێ لە صالحی کام هێزە و لە صالحی کام هێز نییە؟ ئەم توفسیرەش ناکرێ، کەواتە هیچ عەرقەلەیەك نابێ لە ڕەچاو کردن و جێگیر کردنەوەی ئەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، تکایە بیخوێنەوە ئەم جارەش.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو، یەکەم، لیژنەیەك بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت کە دەکرێ ئەندامی پەرلەمان بن یان لە دەرەوەی پەرلەمان بن بە مەرجێك پسپۆر یان خاوەن ئەزموون بن و نوێنەرایەتی ژنان و پێکهاتە نەتەوەییەکان ڕەچاو بکرێت، دوو، لیژنە کە لە بیست و یەك (21) ئەندام زیاتر نەبێت، سێ، پێویستە لیژنە کە لە ماوەیە کدا کە لە سی (30) رۆژ زیاتر نەبێت لە رێکەوتی دەرچوونی ئەم یاسایە پێك بهێندرێت، چوار، بڕیارەکانی لیژنە بە سازان دەبێت.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وجودی ژن لە ناو ئەو لیژنەیە نوێنەرایەتی نییە، ئەکرێ جەنابیشت نوێنەرایەتی ژنان بکەی لەوێ، ئێمە ڕەچاوی رێژەی ژنان و نوێنەرایەتی پێکهاتەکانیانمان دەوێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رێژەی ژنان، باشە، کێ لە گەڵێیەتی بەو شێوەیە کە خوێندرایەوە بە نوێنەرایەتی رێژەی ژنان و پێکهاتەکان ڕەچاو بکرێت، کێ لە گەڵێیەتی؟ من دڵنیاتان ئەکەمەوە کە بەو شێوەیە ئەبێ کە ئێوە دەتانەوێ، تکایە خراوەتەوە دەنگەوە، ئەزانی لە یاساوە ئەوە ناتوانرێت جێ بکریتەوە کە ئێوە خۆتان دابنێن، بەڵام خۆتان دائەنێن.

**بەڕێز رابوون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە فراکسیۆنی گۆران مولتەزمین بە یاسا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، تكایە كاك رابون.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەچاوی پێكهاتەكان بكرێت ئەوە یاسای كومسیۆن نییە گوێیان بگرێت مولا حەزەكان نابێ بە ئەنتەل بگرێتن، ناكرێ جارێكی تر وەكو یاسای كومسیۆن بابەتێك بكرێت هەموومان تێدا بەرپرسیارین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم جارەش قسەی خۆیان بكەن، با قسەی خۆیان بكەن فەرموو كاك محمد.

**بەڕێز محمد سعدالدین:**

**بەڕێو سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەیەك لە بیست و یەك نەفەرە لە سازان كردن سەر دەستوور لە لیژنەیەكی بیست و یەك (21) نەفەری، ئەگەر پێتان ناخۆشە توركمان بە زەمانەت بە یەك ئەندامیش بەشدار بێتن، چۆن لە دەستوور ئەنگۆ مافی ئێمە زەمانەت دەكەن؟ ئەدی كوا دەستوور؟ ئەو كاتەش وا دەكرێتن، دوومین شت، ئەگەر ئێوە لێرە ئەو شەڕەی ناكەن لە بۆ بیست (20) كەس لە بۆ یەك كەس ئەو شەڕەی ناكەن؟ ئەگەر زەمانەت دەكەن ئەندامان لێرە، ئەندامی پێكهاتە نەتەوەییەكان ئەندام بكرێت، بكرێتن، ئەگەر نا، كەواتە لە دەستووریش توركمان و كلد و ئاشوری مافەكەی زامن نابیتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

من ئەمەوێ ئەوەی بڵێیم كە بەو شێوەیە ئەبێ كە ئێوە ئەتانەوێ، ئەندامی توركمانی تێدا بێ، ئەندامی كلد و ئاشوریشی تێدا بێ و نوێنەراتی پێكهاتەكانی تری تێدا بێ، بەڵام ئەمە بەو شێوازە یاساییە لە بەر ئەوە دەنگی لە سەر دراوە و مادام بابەتێك دەنگی لە سەر درا بێ ناتوانرێ بخرێتە دەنگەوە، بۆیە ئەوە زامن ئەكرێ بۆ ئێوە، كاك یعقوب فەرموو.

**بەڕێز یعقوب گورگیس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەوزوع مەبدەئە ئێمە دژی وشەی (ڕەچاو) ین ئەوە ئەم دبینین ئینتیقاسە لە حقوقی ئێمە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بۆچی ئینتیقاسە؟

**بەڕێز يعقوب گورگيس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(بنظر اعتبار) نەبێت كاك دكتۆر، نەزەر ئيعتيبار نەيێ مەقبو لە ئێمە نە تەوەكێ ئە صلينە لەو هەرێمە قەبوول ناكەين مافی ئێمە بێتە دانان بن لافيتەی (بنظر اعتبار) ياسا زەمان دكەت، (ضمان حقوق المكونات القوميه لاقليم) و خلاس، (بنظر اعتبار) وشەيەكێ نەيێ مەقبولە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتەڤانيا دەق ب دەقێ ئاخفتنێت كاك يەعقوبی دكەم، ئەگەر حێجەت ئەو بيت يا چوويە دەنگدانێ بەری سەعاتەكێ ماددەك چوو دەنگدانێ هەمان خە لەلا پەيڕەوی ژی هەبوو بەس جەنابێ تە بۆ هندێ كو سازانەكا گشتی دروست ببيتن ديسان هەوە ئێخستە دەنگدانێدا، داخازێ ژ هەوە د كەم بۆ هندێ كو مافێ پێكهاتان، راستە دێ هێتە بەرچاڤ وەرگرتن بەس بلا وەك حقوق، وەك مەبدەئ ناڤ ڤێ يا سايێدا جهێ خۆ بگريت و بهێتە چەسپاندن وەكی ئەو ديسان بچيتە دەنگدانێدا، ئەو راستڤەكرنا ئێكێ يا خاندنا ليژنا ياسايی بلا ئەو بچيتە دەنگدانێدا نە ڕەچاو كرن بيت.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، پێم وا بێت ئەوەی ليژنەی ياسايی خوێندووتەوە حەلێكی وەسەتە لەم بابەتە كە لە خۆ بگرێت، نوێنەرايەتی ڕێژەی ژنان و نوێنەرايەتی پێكهاتەكان لە خۆی بگرێت ئەمە پێم وابێ حەلێكی وەسەتە لێرەدا و هەم زەمانە و هەم چاوهينيشە پێم وا بێت هيچ ئيشكالێكی تێدا نەبێت.

**بەڕێز رابوون توفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پەرلەمان يەعنی زۆرينە و كەمينە ئێستا ڕەچاو كردن و لە خۆگرتن بخەنە دەنگدانەوە كاميان زۆرينەی هێنا ئێمە ئيلزام دەكەين، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم بابەتە پێويستی بە دەنگدانێكی تر نييە لە خۆگرتن هەر دوو بابەتەكە ئەگرێتەوە هيچ ئيشكالێكی تێدا نييە هەم زەمان ئەگرێتەوە هەم ڕەچاو كردنيش ئەگرێتەوە ئيشكالێكی قانونی تێدا نييە بۆيە ئەوەی ليژنە خوێنديانەوە ئەوە ڕەچاو ئەكەين لەم بابەتەدا، كێ لە گەڵێيەتی بەو شێوەيە كە خوێنرايەوە ڕێژەی ژنان و نوێنەرايەتی پێكهاتەكانی تردا لە خۆ بگرێت؟ بەڵێ، كێ لە گەڵێيەتی؟ تكايە بيخوێننەوە جارێكی تر با تێبگەن و بزانن چييە.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم، یەکەم، لیژنەیەك بە زۆرینەی رەها دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت کە دەکرێ ئەندامی پەرلەمان بن یان لە دەرەوەی پەرلەمان بن بە مەرجێك پسپۆر یان خاوەن ئەزموون بن و نوێنەرایەتی رێژەی ژنان و پێکهاتە نەتەوەییەکان لە خۆ بگرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رێژەی ژنان و نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەییەکان لە خۆ بگرێت.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رێژەی ژنان و نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەییەکان لە خۆ بگرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەکانی تری وەکو ئەوەن کە پێشتر خوێندرایەتەوە، کێ لە گەڵێیەتی؟ حەفتا و چوار (74) کەس لە گەڵێیەتی، کێ دژییەتی؟ کەس نییە دژی بێت، کەواتە پەسەند کرا، کاك کمال قسەیەکت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز کمال یلدا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس سیغەکەی بگۆرێ پێکهاتە نەتەوەییەکان پێش رێژەی ژنان بێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەنگی لە سەر درا، پشوویەك وەرئەگرین بەرێزان بۆ ماوەی سەعاتێك، بۆ ماوەی یەك کاتژمێر پشوویەك وەرئەگرین و دوای ئەگرین بۆ دەست پێکردنەوەی دانیشتنەکە.

**دانیشتنی سێیەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەینەوە، هێشتا لە بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کارین، کە بریتییە لە گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان عیراق، بۆ راپرسی بەپێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە یەکی ساڵی (1992)ی هەموار کراو، ماددەی (3) بخوێننەوە، تکایە لیژنەی یاسایی بۆئەوەی بیخەینە گفتوگۆوە، فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: بەوپێیەی لە ئەسڵی پرۆژە یاساکەدا هاتووە:

پێویستە لیژنەکە لە ماوەی (90) رۆژ لە رێکەوتی پێکهێنانییەوە کارەکانی تەواو بکات.

**بەڕێز د. ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

1-لیژنە لە ماوەیە كە لە (90) رۆژ زیاتر نەبێت لە رێكەوتی پێكهێنانییەوە كارەكانی تەواو دەكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ ناوی خۆی دەنووسێت بۆ قسە كردن؟، فەرموون.

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم بەڕێزانە گفتوگۆ دەكەن لەسەر ماددەی (3) (عباس فتاح- مريم صمد- خلف احمد- كاك دلێر- تەلار خان- ئومێد خۆشناو- مەردان خدر- حيات مجيد- فرست صۆفی- مامۆستا مەڕوان- رابوون تۆفيق- بێستون فائق- ئێڤار ابراهيم- پەری صالح- پەروا علی- حاجی كاروان- ئومێد حەمە علی- غريب مصطفی- ماجد عثمان- عبدالله محمود- مامۆستا ابوبكر- منيره عثمان- عمر عينايەت- قارەمان قادر- امنه زكری- ناظم كبير- فرحان جوهر).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پیشنیاردەكەم ئەو ماددەیە بكرێت بە دوو بەشەوە، بەشی یەكەم لیژنەكە دبێ لە ماوەی (60) رۆژ لە رۆژی پێكهێانی لیژنەكەوە تێپەڕ نەكات، بۆ ئەوەی كە كارەكانیان تەواو بكەن، ماددەی یەكەم بە سازان ئەگەر رێكەوتن، خالێ دووەم ئەگەر لەو ماوەیەدا سازان نەكرا لە ماوەی (6) رۆژەكە، لە ماوەی (30) رۆژی تردا بەزۆرینەی دوو لەسەر سێ ئەوە راپۆرتەی خۆیان بۆ رەش نووسی دەستوورەكە پێشنیار بكەن، ئەگەر ئەمەش پەسەند نەكرا پێشنیار دەكەم یەك ئەو ماوەیە كەم بكرێتەوە، (90) رۆژەكە بۆ (60) رۆژ ئەوەی یەكەم ناخرێتە دەنگەوە، یان پەسەند نەكرا و، میكانیزمێك دابندرێت ئەگەر لیژنەكە نەیتوانی لەو ماوەیە كارەكانی تەواو بكات چی بكرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دیسان دە چمەوە سەر پرۆژە یا ساکە نەك را پۆرتی لیژ نەی یا سایی ماددەی 3، پێویستە لیژ نە لە ماوەیەك کە لە (90) رۆژەوە لە رێکەوتی پێکهێنانیەوە کارەکانی تەواو بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ماوە یە، ئە گەر دەگونجێت کەمی بکە نەوە، ئە گەرنا بنوو سرێت لە 90رۆژی ز یاتر نەبێت، ئەو پرسیارەش ئەگەر نەیتوانی لەو ماوەیە کارەکانی تەواو بکات چارەنووسی لیژنەکە چی لێ دێت، چۆن تازە دەکرێتەوە، چارەنووسی با بڵێین ئەو رەش نووسە کۆنەش چی لێ دێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهۆی ئەوەی لە خولەکانی رابردوو پرۆژەیەکی دەستووری ئامادەکراوە، بەڵام بەو هۆکارانەی کە لە چەند برگە ماددەیەکی بیروڕای جیاواز هەبوو، دیارە ئەمرۆکە پرۆژەیەك پێشکەش بکرێت بۆئەوەی جارێکی تر لیژنەی بۆ دابندرێت و پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، ئامادە بکرێتەوە بۆ راپرسی، بۆئەوەی گەلەکەمان ببێتە خاوەنی دە ستوور، (90) رۆژ دا ندراوە بە رای من وەك خۆم ئەم (90) رۆژە بـ کەین بە (60) رۆژ، لەبەر ئەوەی ئەو ماوە یە زۆرە، چونکە ئێمە دە ستوورێکی ئامادەکراو مان هە یە دە توانین سوودی لێ وەربگرین و کارەکانی پێ بەرێ بکەین، بەڵام لەبەرئەوەی لە یا سایەکەدا هاتووە دەکرێت لە ماوەی (90) رۆژ، دەڵێت کارە کانی لە ماوەی (60) رۆژ تەواو دە کات بە موتـلەقی هاتووە کە تەواوی دە کات، ئە گەر تەواوی نەکرد یەعنی هیچ برگەیەکی ترمان نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەوە، لەدوای ئەوە چی بکەین، بۆ یە بەڕای من پێم باشە برگەیەکی تریش زیاد بکەین، من لەگەڵ ئەوەمە بە (60) رۆژ تەواو بێ و پێشم وا یە ئەگەر هەمووڵایەك هیمەت بکەین تەواوی دەکەین، ئەگەر بە ماوەی (60) رۆژە کە تەواو نەبوو دەکرێت دەرگایەکی تر بهێڵێینەوە، برگەیەکی تر زیاد بکەین ئەگەر هۆکارێك لە هۆکارەکان ها تە پێشەوە بۆ ئەوەی بتوانین ماوەیەکی تری بۆ درێژ بکەینەوە، بەڵام ئەم ماوەیە بەڕای من لە ماوەی (30) رۆژ ز یاتر نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانج لە بوونی یاساکەوە ، بوونی دەستوورە، واتە ئامانج سازانە لەسەر دەستوور، ئێمە ناکرێت خۆ مان وا بەستەی کاتێکی بکەین، کە تێیدا نەگەینە ئا مانج لە ماوەی چەند ساڵی را بردوودا زۆر هەوڵ هەبووە لەوەی کە ببینە خاوەنی دە ستوور، بەڵام لە بەرامبەر ئەوە شدا هەوڵی دیکە هەبووە کە سازانی لە سەر نەبووە، نەبووینە خاوەنی دەستوور، بۆیە باسکردن لەوەی لە ماددەی (3) لە ماوەی (90) رۆژدا پێشنیاری ئەوە دەکەم لیژنە لە ماوەی (6) مانگدا لە ریکەوتی پێکهێنانییەوە کارەکانی تەواو بکات، گریمان لەو (6) مانگەدا نەگەیشتنە سازان، نە گەیشتنە ئەو سیاغەیەی کە ریکەوتنی لە سەر بکرێت، دەبێت دەر فەتی تر هەبێت بەوەی کە سازانەکە بگاتە ئامانج، بۆیە پێشنیاردەکەم لەوێشدا ئەو سەلاحیەتە پەرلەمان ماوەی بۆ درێژبکاتەوە، بۆ ماوەی (3) مانگ یەعنی نیوەی ئەو ماوەیەی کە بە خۆی هەیبووە، ئێمە لە کۆبوو نەوەی فراکسیۆنەکانیش باسمان لەوە کرد، ئە گەر ئامانجمان سازانە، بوونی دە ستوورە نابێ خۆ مان وابە ستەی کارێکی کەم بکەین، کە تێیدا نەگەینە ئامانج لە ماوەی چەند ساڵی را بردوودا، ئەو جەدە لە هەبووە کە سازان لەسەر دەستوور نەبووە، واتە دەمانەوێ دەستوور هەبێ، دەبێ کاتیشمان لە بەر دە ست بێ، خیلا فات کەم نینە لەسەر بوونی دەستووری کە پێمان وابێ لە ماوەیەکی کەم تێدا بگەینە ئامانج و، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا مەڕوان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەڕوان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لای من گرینگ نییە (90) رۆژ بێ یان کەمتر بێ یان زیاتر بێ، بەڵام ئەوەی کە گرینگە فەقەرەی دووە مە، ئەو ماوەیەی کە ئەگەر نەیانتوانی لەو مودە زەمەنییەی کە بۆیان داندراوە ئیشەکەی خۆ یان تەواو بکەن، بۆ یان در ێژ بکر ێت بەگوێرەی پێویست، چونکە ئە گەر کاتێکی ترت دا نا بۆ نموو نە (30 )رۆژی تر نەیانتوانی ئیشەکەی خۆیان بکەن، ئیشەکەمان هەمووی لێ هەڵدەوە شێتەوە، کەوا تە هیچمان نەکردووە، درێژکرد نەوەی فە قەرەی دووەم بەگوێرەی پێویست بێت بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژە یەی کە دە ستیان داوەتێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو (90) رۆژە منیش بە زۆری دەزانم پێشنیار دەکەم بکرێت بە (60) رۆژ، پێویستە ئیرادەیەك هەبێت لەلایەن هەموو لایەکەوە کە لەو (60) رۆژە کارەکانی تەواو بکرێت، چونکە ئێمە جارێکی تر ئەو وەهمەمان لەبەردەم دابێ کە لایەنەکان پێکبێنین لەسەر ئەوەی کە ئەو لیژنە پێکبهێندرێت و لیژنەکە کارەکانی تەواو بکات، دیسان روو بەڕووی دیوارە داخراوەکان دەبینەوە ئەمەش بەڕاستی زۆر ترسناکە، لەبەرئەوە پێویستە میکانیزمێك بدۆزینەوە هەر لێرەشدا بگەینە نەتیجەیەك لەسەری کە ئەگەر لیژنەکە نەگەیشتە ئامانجی خۆی چی؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتی مودەکە، برادەران دواتر فۆرمولەکان دەخەنە دەنگدانەوە، هیوادارم لە دانانی ژمارەکەدا ئەو بابەتە رەچاو بکرێت، ئەو بابەتە بابەتێکی زۆر هەستیارە و قورسە، دۆخێك دروست نەکەین کە بابەتی دەستوور، چونکە جۆرێك ئیستعجالی تێدا بکرێت، کە غەڵەتی گەورە بخەینە مسودەی دەستوورەوە، سەرنجی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بۆئەوە ڕادەکێشم نووسینەوەی دەستوور ئاسانترە لە هەموار کردنەوەی، چونکە هەموارکردنەوەی دەستوور لە داهاتوودا دەبێ، پێش ئەوەی هەموار بکرێتەوە دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان پشتگیری بکەن، واتە ئەگەر هێزێکی سیاسی یان پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی لە کوردستان پێ وا بێ بۆمبێکی خەتەر لە دەستوورەکەدا هەیە، دەیەوێ هەمواری بکاتەوە هەموارکردنەوەکە قورسە، بۆیە با ئێمە کاتێکی ترو موناسبتر لەبەردەم بێ بۆ نووسینەوەی دەستوور، کە ئاسانترە بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان بگەن بە ئیتیفاق لەسەرئەوەی کە دەستوورێکی خراپمان هەبێ و دوایی هەموارکردنەوەکەی بخەینە بەردەممان، بابەتی دووەم ئەوەی ئەو مودە زەمەنییەی کە دایدەنێین، ئەگەر لیژنەکە دەستوورەکەیان پێ دانەنرا، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی موعالەجەکردنی ئەو بابەتەی هەبێ، دەستی پەرلەمان نەبەستین کە نەتوانێت ئەو بابەتە موعالەجە بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەردان فەرموو.

**بەڕێز مەردان خدر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیریا هەموو ئاخافتنە بەڕێز ئومێد خۆشناو دەکەم، تەئکیدم کو ماوێ (90) رۆژ ئەڤ لیژنە نەچێی کارێ خۆ بکات، مە تەجروبە ڤێ یاسایێ بەر دەست بوو کو ڤە زێدەتر (90) رۆژە یان زێدەتر (3) مانگە هەتا شیاوی سازانێ لەسەر پرۆژە یاسایێ دروست بکەین، بەر هەندێ مادام کارێ ڤێ لیژنە بە سازان دێتە کرن، تەئکیدم کو ماوێ (90) رۆژ نەشێ سازدانێ لەسەر پرۆژە دەستوورێ هەرێمە کوردستانێ بکەن، بەر هەندێ ئەزیش دگەل هەندێ دامە کو ماوێ (60) رۆژ بێ، دەسەلاتێ بدەینە پەرلەمانانێ پشتی وا (60) رۆژا هەکا لیژنە کاری خۆی تەمام نەکر، جارەکا دی ماوەی بۆ درێژ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو مریم فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو ڕایەم کە لە ئەسڵی راپۆرتەکەدا هاتووە کە (90) رۆژە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو حیات فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی دەستوور گرینگی و ئەهمیەتی خۆی هەیە، دەستوور بۆ رۆژ و دوو رۆژ و مانگ و دوو مانگ نییە کاتی پێویستە، پشتگیری لە وتەکانی بەڕێز ئومێد خۆشناو مەردان خدر دەکەم، کە (180 )رۆژ مودەکەی بێ، بۆئەوەی ئەو لیژنەیە و ماوەی درێژکردنەوەی (90) رۆژ بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک بێستون فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە (90) ڕۆژەکە کەمە، ئەگەر بکرێت بە (160) ڕۆژ باشتر دەبێ، لەبەرئەوەی ئەوە ماوەیەی داندراوە پێم وایە زەحمەتە بتوانین لەو ماوەیەددا تاوتوێی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو ئێڤار فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهيم حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم (60) ڕۆژ بێت، ئەگەر نەشكرا ئەوە لە (90) ڕۆژ زیاتر نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەمشێوەیە دامرِشتووەتەوە، کردوومەتە دوو برِگە، برِگەی یەکەم لیژنە لە ماوە یەك کە لە (90) ڕۆژ تێپەڕ نەکات لە ڕێکەوتی پێکهێنانییەوە کارەکانی تەواو دە کات، ئەوە لە گەڵ ئەو ڕایە شە کە دەکر ێت لە (60)یش تەواوبێ لە (30) ڕۆژیش بەس لە (90) ڕۆژ ز یاتر نەبێ، ئەوە بر گەی یە کەم، بر گەی دووەم بۆئەوەی تووشی حاڵەتی ئیستحالە نەبێ ئەو پەرلەمانە، ئەگەر خوانەخواستە ئەو لیژنەیە بە هەر هۆیەك نەیتوانی بر گەی دووەم بەمـ شێوەیە دابرِێژرِ نەوە، - ئە گەر لەو ماوە یەدا لیژ نە کارە کانی تەواو نەکرد پەرلەمان بۆی هەیە بەپێی پێویست ماوەیەکی دی بە لیژنەکە دەدات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە گەڵ ئەوەم ئەو ماوە یە هە ندێك لە پەر لەمانتارە بەڕێزەکان تەئک یدیان لێ کردەوە، تەئک یدی لێدەکەمەوە دوو مانگ زیاتر نەبێ، بەڵام ئەگەر لە حاڵەتێك ئەوە نەکرا، پەرلەمان مافی ئەوەی هەبێ بۆ ماوەی لە 3(0) ڕۆژ زیاتر نەبێ و مەجال بداتەوە بە ئەو لیژنەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا بەڕێز د. فرست و بەڕێز مەلا مەڕوان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو پەری فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو پەروا فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم کە لە (90) رۆژ کەمتر نەبێ، یەك بڕگە ئەگەر بکرێت زیاد بکرێت ئەویش ئەوەیە ئەگەر لەماوەی ئەو (90) رۆژە ئەو پرۆژەیە نەنووسرایەوە دەکرێت دەرفەت بدرێتە پەرلەمان، بەڵام بۆ یەکجار ئەو مودەیە درێژ بکاتەوە، کە بتوانێت وەکو مودەیەکی هاوکار بێ لیژنەکەو ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبداللە حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە دەستوور زۆر هەڵدەگرێت، لەبەرئەوە پێشنیاردەکەم خۆمان نەبەستینەوە بە مودەوە، چونکە دڵنیام لەو مودەیە ناتوانن ئەو رەشنووسی دەستوورە ئامادە بکەن، لەبەرئەوە کات دیاری نەکرایە، چونکە ئەگەر کات دیاریکرا و کۆتایی کاتەکە بەسەر چوو، چ موعالەجەیەك هەیە لەلایەن لیژنەی قانونییەوە؟ ئەگەر تەوزیحمان بۆ بدەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من دکتۆر فرست کردی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ناظم فەرموو.

**بەڕێز ناظم كبير محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

به تەسەوری من ئەوە زۆر موفقەیەدە، ئێمە هەمووومان خوازیارین ئەو لیژنە یە بەزووترین كات كارە كانی ئەنجام بدات، بەلاًم ئە گەر نەیتوانی دە بێ مەخرەجێك هەبێ، جا ئەوە پێشنیاردەكەم كە پەر لەمانی كوردستان ئەو دەسەلأتەی هەبێ كە ئەم ماوەیە درێژ بكاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر مصطفى حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من دكتۆر شێركۆ و دكتۆر فر ست كرد یان، بەلاًم پێم با شە لیژ نەی یا سایی حە تمەن ئەوكا تەی داناوە ڕوونكردنەوەیەكمان بداتێ، بزانین كەمترین چۆنەو زیاتریش هۆكارەكانی چییە؟.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كران، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ابوبكر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەكە لە (90) رۆژ زیاتر نەبێت و ئەو ماوە یە بەزۆری نەی رە های دەنگی ئە ندامان و بەپێی پێویست درێژ دەكاتەوە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. شوان فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر (د. شوان قەلأدزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوە داین بەرەو ئەو ئاراستەیە بێ كە ماوە كەی كەم بێ، یەعنی (60) رۆژ بێ، ئە گەر لە (60) رۆژە كە لیژنە كە نەیتوانی كارە كانی تەواو بكات پەر لەمانی كورد ستان لە یە كەم دانیشتنی دوای ئەو مودەیە، بڕ یاری ئەوە بدات كە چەند در ێژی دەكا تەوە، ماوە كەی ئەوان چەندە؟ لە (30) رۆژی ز یاتر نەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو منیرە فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من دکتۆر شێرکۆ حەمە امین کردی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. سراج فەرموو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئێمە چەندین ساڵە هەموو لایەنەکان و هەموو خەڵکی کوردستان عەوداڵی ئەوەین کەوا ببینە خاوەن دەستوورێکی تۆکمەو رێك و پێك، کە خزمەتی خەڵکی کوردستانی تێدا بکرێت، جا بۆ ئەوەی ئەو دەستوورە زۆر رێك و پێك و لەسەر بنەمای عیلمی و زانیستیدا بێ، قەت تەسەور ناکەم لە ماوەیەکی کورت ئەو موهیمە جێبەجێ بکرێ، لەکاتێکدا دەبێت دەستوور بە تەوافوق بێ، سازانی لەسەر بکرێت، یەعنی ئەولاو ئەم لاو بینەو بەردەی لایەنەکانی زۆر دەوێ، جا من داوا دەکەم با پەلە نەکەین بۆ کارێکی وان زۆر گرینگ و چارەنو ساز و کارێکی وا قورس، بۆیە من داوا دەکەم کاتەکەی لە (90) رۆژ کەمتر نەبێ لە (120) تێپەڕ نەکات، ئەگەر هاتو کاتەکانیان لەو مودەیە دیاری نەکراوە ئەوە پەرلەمان حەقی هەیە مودەیەکیان بۆ دیاری بکات، کە ئەوکاتەی ئەوان پێویستیان پێیەو حەسەب حاجەتی لیژنەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەم کە ئەو (90) رۆژە بێ، بەلاّم لە خاڵی دووەم بکرێت بە دوو بەشەوە، بەشی دووەم لەگەڵ ڕایەکەی دکتۆر فرسەتم، بەلاّم بەو شێوازەی ئەوکاتەی کە بۆ پەرلەمان دیاری دەکات، یاخود درێژی دەکاتەوە بۆ لیژنەکە یان جارێکی تر بە کراوەیی بەجێی نەهێڵێت، بەڵکو کاتەکەی دیاری بکرێت، هەتاوەکو ئەو لیژنەکە وابەستەی دووەم بێ بۆ تەواوکردنی کارەکانی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**لەگەڵ (90) رۆژەکەم کە دیارە زیاتر نەبێ، لەگەڵ ئەو پێشنیارەی دکتۆر فرسەتم کە بە بڕ,ای من باشترین پێشنیارە، بەپێێ پێویست بێ، چونکە ئەمە بهێڵێتەوە بۆ ئەوکاتەی گفتوگۆی پەرلەمانتاران کە چەند کات بە پێویست دەزانن، ئەگەر لیژنەکە کاروبارەکانی خۆی لەو (90) رۆژە تەواو نەکات، سوپاس,**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عمر فەرمووو.**

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێز لیژنەی یاسایی، (24) ساڵە تەقریبەن ئێمە چاوەڕێێ دەستوور دەکەین، بەڕای من ئە گەر بۆ ماوەی (4) مانگی تریش چاوەڕێ بکەین، شوکری ئەوێ، سوپاسی خوا دەکەین بتوانین دە ستوورمانی هەبێ، بۆ یە من پێم باشەو کردوومە بە دوو برگەوە مادەی 3 دوو برگە، لیژنە لە ماوەی (120) رۆژ زیاتر نەبێ، لە رێکەوتی پێکهێنانیەوە کارەکانی تەواو دەکات، - ئەگەر لیژنە لە بەر هەر هۆ یەك بەدەر لە ئیرادەی خۆی نەیتوانی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، پەرلەمان بەپێێ پێویست ماوەیەکەی بۆ درێژ دەکاتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك قارەمان فەرموو.**

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ببێ بە دوو برگە، برگەی یەکەم هەر هەمان ئەو برگە بێ کە لە راپۆرتە ئەسڵیەکە هاتیە، پێویستە لیژ نە لە ماوەیەك کە لە (90) رۆژ لە رێکەوتی پێکهێنانیەوە کارە کانی تەواو بکات، ئە گەر لەو ماوە یە تەواوی نەکرد پێشنیاردەکەم بەمشێوەیە بێ برگەی (ب) پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی در ێژ کرد نەوەی دەبێت، بۆ یەکجار و بۆ ماوەی (60 )رۆژ.**

بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:

**کاك ئاری فەرموو.**

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من قسەکانم کرا.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕای ئەندامانی سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی چییە لەسەر ئەو گفتوگۆیەی کە ئەندانجامدرا؟ فەرموو.**

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوای ڕاوێژکردن بەشی زۆری قسەکان لەسەر کاتە، بەشێکی ئە ندامانی پەر لەمان پێ یان وا یە کاتە کە زۆرە، پێویستە کەم بکرێتەوە بۆ دوو مانگ، بەشێکیش پێیان وا یە مودە کە کە مە ز یاد بکر ێت، بۆ یە لای بەڕیزتان ئەوا نە پێویستە بە دەنگدانی ئە ندامانی پەر لەمان یەکلایی بکر ێتەوە، بەلام ئێمەش لە گەڵ ئەوەین کە حەلێك بۆ ئەوە دابندرێت ئەگەر لەو مودەیە کارە کە تەواو نەبوو، سەلاحیەت بە پەر لەمانی کوردستان بدرێ و مودە کە در ێژ بکا تەوە، ئەم درێژکردنەوە یە مودە کەی چەند بێ و بێ چەندجار بێ ئەوەش بەستراوەتەوە بە ڕەئی ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئێستا ڕای زۆرینە لەگەڵ ئەوە بوو بکرێت بە دوو برگە، برگەی یە کەم کاتی لیژنە کە بێت ماوەی ئەوەی کارکردنی لیژنەکە بێت، کە لێرە لە راپۆرتەکە بە (90) رۆژ هاتووە، بەلام ڕای تریش هەبوو داوای ئەوەی دەکرد بکرێت بە (60) رۆژ، ڕای تریش هەبوو بکرێت بە شەش مانگ، بۆیە لە برگەی یەکەم جارێ ئەوەی کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە دەخەینە دەنگەوە، برگەیەکی تریشی بۆ ئیزافە دە کەین دوای ئەوەی کە ئە ندامانی پەر لەمان داوا یان کرد، کە پەر لەمان دە سەلاتی ئەوەی هەبێت ماوەی کاری لیژنە کە در ێژ بکاتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ماوەی کارکردنی لیژنەکە وەکو ئەوەی لە ماددەی (3) لە راپۆرتە کە هاتووە بەمشێوەیە بێ، برگەی یەکەم: لیژنە لە ماوەیەك کە لە (90) رۆژ زیاتر نەبێت لە رێکەوتی پێکهێناند یەوە کارەکانی تەواو دەکات، کێ لەگەڵییەتی؟ دەکرێتە دوو بر گە، بر گەی یە کەم ماوەی کارکردنی لیژنەکە یە، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگەوە کە بزانین (90) رۆژ بێ یان کەمتر بێ یان زیاتر بێ، برگەی دووەمی دەبێتە ئەوەی کە پەرلەمان دەسەلاتی ئەوەی هەبێ ماوەکەی بۆ درێژ بکاتەوە، بەس ئێستا جارێ بر گەی یە کەم دەخەی نە دەنگدا نەوە، کێ لە گەڵ ئەوە یە کە ماوەی کاکردنی لیژنە کە (90) رۆژ بێ؟ (69) کەس لەگەڵییەتی، کێ دژیەتی، کەس نییە دژی بێ، کەوا تە پە سەند کرا، با شە بر گەی دووەم تکا یە سیاغەکەی بخوێننەوە، نوقتەی نیزامیمان هەیە؟، فەرموو خاتوو پەروا.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئە گەر بکر ێت رە چاوی ئەوەش بکر ێت کە و تمان پەر لەمانی کورد ستان دە سەلاتی درێژکرد نەوەی ئەو مودەیەی هەبێ بۆ یەکجار، چەند پێشنیارێك هەبوو یەکجاری بۆی هەبێ پەر لەمان ئەو مودە یەی در ێژ بکاتەوە، کاتەکەی بەپێی پێویست بێ، یان چۆن سیاغەی دەکە نەوە بەرێزانی لیژ نە، بەلام یەکجار بۆ یان هەبێ درێژی بکەنەوە نەك چەندینجار، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەم پرۆژە یا سایە لەلا یەن پەر لەمانی کورد ستانەوە پە سەند دەکر ێ، ئ ێوە دوا یی تەمدیدەکە شی لەلایەن پەرلەمانەوەیە، لەبەرئەوەی ئیشکالی نییە، پەرلەمان هەر کاتێ: بێت دەتواذ ێت تەمد یدی بکا تەوە ماوەکەی بۆ درێژ بکاتەوە، لەبەر ئەوە هیچ ئی شکالێك نی یە، ناتوانین رێ‌گری بۆ درو ست بکەین، دەزا نی خاتوو پەروا لەڕووی عەمەلییەوە ناتوانرێت ڕێگری بۆئەوە درو ست بکر ێت، (10)ئە ندام پەر لەمان داوای ئەوە بکەن، ئەسڵەن ئەو بڕگەیە هەموار بکرێت، دوای ئەوەی کە پەسەند دەکرێت داوای ئەوە دەکەن (10) ئەندام پەرلەمان داوای ئەوە بکات بڵێت ماوەکەی بۆ بکەن بە (دوو) ساڵ، دەب ێت بێ تە ناو پەر لەمان و موناقەشە بکرێـت، لەبەرئەوە مونتیج نییە ئەو موناقەشەیە، کاك بێستون فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، ئەودیویشی هەیە کە هەر لە ئێستاوە دەب ێـە لیژنە یەکی یەعنی ئە گەر مو ستەڵەحەکە وارد بێ دەبێتە لیژنەیەکی تەمبەڵ، پشتی بەوە قایمە کە پەر لەمان سەلاّحیەتی هە یە مودەتی بۆ در ێژ بکا تەوە، کەیفی خۆیان لە مانگی دووەم دەست دەکەن بە ئیش بۆ؟ چونکە لێرە بڕگەیەکی تر هە یە پ شتی قا یمەوە پەرلەمانی لەپشتە ، هەرکاتێك بیەوێ بۆی درێژ دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە ئەو هەیە، بەلاّم تەنانەت ئەگەر نەشی نووسی هەر دیسانەوە پەر لەمان دە توانێ هەمواری بکا تەوە، ماوەکەی بۆ درێژ بکاتەوە، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لە حاڵەتێکیشدا تۆ یەکجار بۆی تازە بکەی تەوە بابڵێین پەر لەمان دە سەلاّتی ئەوەی هەبێ، ئە گەر لەوجارەشدا بۆی نەکرابێت لیژنەکە هەڵدەوەشرێـتەوە لەو حاڵە تەدا، لەبەر ئەوە بە بڕوای من کراوە بێ دەسەلاّتی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوکا تە پەر لەمان سەلاحیەتی ئەوەی دە بێ لیژنە کەش هەڵوە شێنێتەوە، کاك محمود نوق تەی نیزا می؟ فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دە ستووری عیراق لە دۆخێکی زۆر ئاڵۆز و نا هەموار و شەڕاویەدا بە (5) مانگ کۆ تایی هات، بۆ دە بێ ئەگەرحوسنی نییەت هەبێ، ئە گەر ئیرادە هەبێ حەق نی یە هیچ کۆت و بە ندێکی بۆ ز یاد بکر ێت، کە دەبێت ئەو ماوەیەی بۆ درێژبکرێـتەوە، حەق هەیە رەقیب بین لەسەر لیژنەکە بۆئەوەی هەرچی زووە زۆر

بەجدی کارەکانی بکات، بۆئەوەی لە ماوەی (3) مانگدا ئەم کارانە جێبەجێ بکات، ماعدا ئەگەر کارەساتی سروشتی یان شەڕی گەورە یان ڕووداوێکی گەورە لە کوردستان ڕوونەدات، چۆن دەبێ ئێمە ڕێخۆشکەر بین بۆئەوەی ئەگەر نەکراو ئەگەر کرا، (3) مانگ زۆر زۆریش زیادە، ئەگەر ئیرادە هەبێ دوو مانگیش کافیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمود لەگەڵ بۆچوونەکەتم، دەزانم کە ئێوە هەمووتان پەرۆشی ئەوەن بەزووترین کات بتوانرێت ئەو پرۆژەی دەستوورە لەلایەن لیژنەکەوە حازر بکرێت و بێتە بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەند کردن، بەڵام ئەوەی کە پەرلەمان مودەیەك دابنێت و دوایی ئیلتیزام بە ماوەکە نەکرێ ئەوە بۆ پەرلەمان باش نییە، ئەوەی کە (6) مانگ داندرا بۆ یەکگرتنەوەی پێشمەرگە ئێستا ئەوە جێبەجێ نەکراوە، ئەوە کارێکی باش نییە، ماددەی (140) کە ماوەی بۆ داندراوە جێبەجێ نەکراوە ئەوە کارێکی باش نییە، بەڕێز کاك محمود هەموو ئەندامانی تری پەرلەمان ئێمە بە (4) مانگ تا ئەمڕۆ گرفت هەبوو لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە، ماوەی (4) مانگە بەس تەنها ئەمە نەخشە ڕێگایە، نەخشە ڕێگایە بۆ هەموارکردنی دەستوور، لەبەر ئەوە تۆزێك دەبێ پشوومان درێژ بێ لەگەڵ ئەم بابەتە، کاك صالح فەرمووو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیەی کە پەسەند کرا، کە باسی میکانیزمی یەکلاکردنەوەی دەنگەکان نەکرا، کەواتە بە سازان دەکرێت، من پێشنیاری ئەوە دەکەم لە رابردووشدا ئەو پێشنیارەم کرد، ئەگەر بە سازان نەچەسپا ئەم ماددەیە لە بەشی دووەمەوە بەزۆرینەی (دوو لەسەر سێ) پەسەند بکرێت، کەواتە لە ماوەی (90) رۆژەکە بە سازان نەکرا، هیچ پێویست ناکات ئەوەندە کاتی بۆ درێژ بکەی، (15) رۆژ بەسە کە بەزۆرینەی (دوو لەسەر سێ) ئەو پرۆژەیە ڕێك بکەون لەسەری، ئەگەر بەوەندەش نەکرا قابیلی ئەوەیە هەڵبوەشێتەوە، کاتی ئەوەندە ناوێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیشکالەکە لە (دوو لەسەر سێ) و سازانەکە نییە، ئیشکالەکە لەوەدایە کە لیژنەکە نەتوانێت کاتەکانی تەواو بکات، ئیشکالەکە لە دەنگدان نییە، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەسڵێ ئەو ماددەیە بۆ ئەوەیە مەسافە زەمەنییەکە تەحدید بکات، حیکمەت لەو (90) رۆژەش هەر بۆئەوە یە پەرلەمان بەر چاوی ڕوون بێ، لەدوای پەسەندکردنی ئەم یاسایەوە لیژنە کە دەست بەکاربێت، جەنابتان لە سەرەتادا فەرمووتان (5) مانگ زەمەنێکی کافییە بۆ تەنانەت ئامادەکردنی پرۆژەیەکی نوێ، بەڵام ئەم پرۆسەیە تەنها جەنابت ڕووی دەمت لە پەرلەمانتارانە، ئەوە لە ئەستۆی تەنها

پەرلەمانتاران نییە لەڕاستیدا، ئەگەر ئێمە بچینەوە سەر جەدەلی (أ)، سەرۆكایەتی پەر لەمان لە ڕا ستی دا دە بوو هەنگاوە كرداری یەكانی هاو شان لە گەڵ لیژ نە مەعنی یەكان دا دە ست پێ بكردا یە، بۆ یە ئە گەر كەمتەرخەمییەك لەو ڕووەوە هەبێ، هەموومانین، ناشكرێ تۆپە كە بخرێ تە ساحەی پەرلەمانتارا نەوە بە تەنیا، خاڵێكی تریش ئێ مە پێ مان با شە ئەم نە صە وە كو خۆی بمێنێ تەوە، در ێژ نەكرێ تەوە، ئێ مە تەجروبەی تاڵمان لەگەڵ درێژكردنەوە هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، دەرفەت دەدەم، كاك شوان، ئەوەی كە پەیوەندیدارە بە بەرپر سیاریەتی ئێ مە، تكا یە ئاگا تان لێ بێ، ئێمە ویستوومانە ڕای ئەندامانی پەرلەمان لە فراكسیۆنە جیاوازە كان ڕە چاو بكەین، ئە گەر نا لە (3/1) ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی حازر بوو لەسەر ئەوە، داوامان لێ كردن بەرزی نەكەنەوە، لە مانگی (12)ی ساڵی ڕابردوو بەردەوام لەسەر خەت بووین لەگەڵ فراكسیۆنەكان، بۆیە ئەم بابە تە پێویستی بە سازان هەبوو، پ شوو در ێژی پێوی ست بووە، ئێ مەش پێ مان خۆ شە لە ماوە یەكی ئێجگار زوودا بببی نە خاوەنی پرۆژەی دەستوور، ئەم خولە سەربەرزی ئەوەی هەبێ كە پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان پەسند بكات، بەڵام پێویستی بە هەندێك ئالیات هەیە، بەڕێز كاك شوان شێخ أحمد، فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

منیش هەر تەئیدێك بۆ قسەكانی كاك بێستوون فائق، كە یەئ سێك نەدەی نە خەڵكی كورد ستان، بۆ یە من كەلیمەیەك وەكو ئیجباری لێ بێ، بنوو سین لیژنە كە دەبێت لە ماوەی (90) ڕۆژدا سیفەتی ئەوەی پێ بدرێ..........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەزا نی ئەوە هەمووی وتوو ێژە بەڕێزان، ئێ دەن گی مەدەنێ، ئەوە كە لەلا یەن بە شێك لە ئە ندامانی پەرلەمان پێشنیاز كراوە، دەنگی مەدەنێ، ئەوەی كە نایەوێ دەنگی نەداتێ، لەبەر ئەوە تكا یە بیخوێن نەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، د.إبراهیم، فەرموو.

**بەڕێز د.إبراهیم أحمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من نەبێ تەعقیبێ سەر هەڤالا خۆ سالار بدەم، بەس ئەز حەز دكەم پرسیارێ ژ خۆ بكات، كە كی سەبەبی درێژ كردنی بوو؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە دەی، ئێستا با نەچینە ئەم موناقەشە و هینانە، تكایە لیژنەی یاسایی بیخوێننەوە ئەو ماددە یە، ئەو بڕگەیە، بیخوێنەوە ئینجا ڕوونكردنەوە دەدەم لەسەری.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

1-لیژنە لە ماوەیەك كە لە (90) رۆژ زیاتر نەبێت لە رێكەوتی پێكهێنانیەوە كارەكانی تەواو دەكات.

2- ئەگەر لەو ماوەیەدا لیژنە كارەكانی تەواو نەكرد پەرلەمان بۆی هەیە بەپێی پێویست ماوەكەی بۆ درێژ بكاتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆی هە یە تە سبیت کراوە بۆ ئەوەی کە پەر لەمان دە توانێ ماوەکە شی بۆ در ێژ نەکا تەوە، لیژنە کە هەڵوەشێنێتەوە، لیژنەیەکی تازە دروست بکات، باشە؟ کێ لەگەڵیەتی بەو شێوەی کە خوێندرا یەوە؟ (59) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (14) کەی دژیەتی، کەواتە پەسند کرا، ماددەی (4).

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

بەو شێوەیە كە لە ئەصڵی پرۆژەكەدا هاتووە.

پرۆژەی ئامادەكراو بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی پێشكەشی سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكرێت.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (4) لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هیچ تێبینییەکی لەسەر نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ کەس قسەی نی یە؟ کەوا تە دەیخەی نە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی بەو شێوەی کە خوێندرایەوە؟ (74) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژ یەتی؟ کەس نی یە دژی بێ، کەوا تە پە سند کرا، ماددەی (5).

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

لە ئەصڵی پرۆژە یاساكەدا:

1- کۆی پرۆژە کە بە ڕەزامە ندی لا نی کەم دوو لە سەر سێی ژ مارەی ئە ندامانی پەر لەمان پە سند دەکرێت، دەخرێتە ڕاپرسی گشتی یەوە.

2- سەرۆكی هەرێم و سەرۆكایەتی پەرلەمان بە هەما هەنگی لە گەڵ لایە نە پەیوەند یدارەكان ڕۆژ ێك بۆ ڕاپرسی گشتی دیاری دەكەن.

3- ڕاپرسی بە ڕا دەربڕین دەبێ لەسەر ئەم پرسیارەی خوارەوە:

ئایا ڕەزامەندیت لەسەر پرۆژەی دەستوورەكە؟

وەڵام بە بەڵێ یان نەخێر دەبێت.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (5) لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هیچ تێبینییەكی لەسەر نییە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە گفتوگۆی ماددەی پێنجەمی پرۆژە یاساكە دەكەن:

سالار محمود، سعيد مە صيفی، مەردان خدر، فر ست صۆفی، سراج شێخ أ حمد، بەهار ع بدالرحمن، عادل عزيز، محمود عمر، پەروا علی، علی حەمە صالح، عمر عينايەت.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنیا تێبینیم لەسەر بڕگەی دووەمی ماددەی پێنجەم هەیە، كە بەرپرسیاریەتی دەسپێریێ بە سەرۆكی هەرێم لەگەڵ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان بە هەماهەنگی لە گەڵ لایە نە پەیوەند یدارەكان، بەد یدی من باشترە لەجیاتی سەرۆكی هەرێم سەرۆكایەتی هەرێم بێ، چونكە سەرۆكایەتی هەرێم موئەسە سەیە، سەرۆك و جێ گر تەعبیر لە سەرۆكایەتی دە كەن، مادام لە گەڵ سەرۆكایەتی پەرلەما نەوە موئەسە سەی سەرۆكایەتی پەر لەمانیش تەعبیرە لە سەرۆكایەتی و جێ گر و بڕ یاردەر، لە ج یاتی سەرۆكی هەرێم سەرۆكایەتی پەرلەمان ئاماژە پێ بكرێ، تەصەورم وایە باشتر بێ.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێز كاك مەردان خدر، فەرموو.

**بەڕێز مەردان خدر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادده (5) فە قەرە (2) سەرۆكی هەرێم و سەرۆكایەتی پەر لەمان بە هەما هەنگی لە گەڵ لایە نە پەیوەند یدارەكان ڕۆژ ێك بۆ ڕاپر سی گ شتی د یار دە كەن، پێ شنیار دە كەم ئەوەی بۆ ئیزا فە ب كرێ ( بە مەرجێك لە (90) ڕۆژ تێپەڕ نەكات لە بەرواری پەسندكردنی پرۆژەكە لەلایەن پەرلەمان)، واتا بۆ ئەوەی

ئەو پرۆژەیەش هەمان مە صیری پرۆژەی ئێستای نەبێت، ماوەکە تەحدید بکرێ لە ماوەی (90) ڕۆژدا سەرۆکی هەرێم لەگەڵ پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ماوەی (90) ڕۆژدا ڕۆژێك دیاری بکەن بۆ ڕاپرسی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو بەهار عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (5) بڕگەی (2) کە دەڵێ (سەرۆکی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان بە هەما هەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان)، لایەنە پەیوەندیدارەکان مەتاتی و نادیارە، بۆیە من پێشنیار دەکەم (کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی) بێ لە جیاتی (لەگەڵ لایەنەکان)، بەو شێوازە داڕێژرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز د.شێرکۆ حەمە أمین، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەدام ئەوەی بۆ دیاری بکرێ کەی دەخرێتە ڕاپرسییەوە؟ ئەوەی کە دەڵێ کۆی پرۆژەکە بە ڕەزامەندی لایەنی کەمی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان پەسند دەکرێت و دەخرێتە ڕاپرسی گشتییەوە، لە کاتێك تەحدید بکرێ، لەو ڕۆژەوەی کە لە ناو پەرلەمان دا پەسند دەکرێ بە دوو لەسەر سێی لە ماوەی مانگێك دا بۆ نموونە دەخرێتە ڕاپرسییەوە، دووەم/ لەگەڵ ئەوەدام سەرۆکایەتی هەرێم لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان، مادام سەرۆکایەتی پەرلەمان لێرە ناوی هاتووە، هەروەها ئەو وشەی لایەنە پەیوەندیدارەکانیش لە ڕاستی دا تۆزێ لێڵ و ناڕوونە، ئەگەر هەروەکو بۆ ئەوەی بچێتە پرۆتۆکۆڵ و بۆمان ڕوون کەنەوە سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز د.فرست، فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی (2) پاڵپشتی ڕای کاك مەردان خدر دەکەم، پێموا یە فیعلەن زەرووره لەو ڕۆژەی کە پرۆژەکە پەسند دەکرێ لە پەرلەمان بە دوو لەسەر سێ، مودەیەك دیاری بکرێ، جا (60) ڕۆژە، (90) ڕۆژە، یەعنی دیسان تێپەڕ نەکات، بدرێتە ڕاپرسی، لە بڕگەی سێیەمیش فیعلەن (ئا یا ڕەزامەندیت لەسەر پرۆژە دەستوورەکە؟)، ئەوە دەبێ تەواو بکرێ، (ئا یا ڕەزامەندیت لەسەر پرۆژەی هەرێمی کوردستان؟)، چونکە ئەوە نەصی قانونە، ئەوە تەحویل دەبێ بۆ ناو فۆرمی ڕاپرسییەکە، یەعنی پرۆژەی دەستوورەکە، کام

**دەستوور؟ لەبەر ئەوە، ئەوە ببێتە پرسیار داوای لێ بکرێت (ئا یا ڕەزامەندی لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان؟)، وەڵام بە بەڵێ یان نەخێر.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**باشە، سوپاس، بەڕێز کاك صالح فەقێ، فەرموو.**

**بەڕێز صالح فەقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش تێبینیم لەسەر مودەکە و لەسەر ئەوەی سەرۆکی هەرێم بوو کە بکرێتە سەرۆکایەتی هەرێم، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**باشە، سوپاس، بەڕێز کاك سعید مەسیفی، فەرموو.**

**بەڕێز سعید محمد سعید (مەسیفی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سوپاست دەکەم، منیش قسەکانم لەلایەن بەڕێز کاك سالار محمود کرا، پشتیوانی قسەکانی کاك سالار دەکەم.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەڕێز د.سراج، فەرموو.**

**بەڕێز د.سراج شێخ أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پاڵپشتی قسەکانی کاك مەردان و کاك فرسەت دەکەم، بۆ دانانی مودەیەکی موعەیەن، خاڵی دووەم/ دانانی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لەجیاتی لایەنە پەیوەندیدارەکان، لایەنە پەیوەندیدارەکان مەبەستی لایەنە سیاسییەکانە، هەر هەموویان ئەندامیان هەیە لە کۆمسیۆن، ئیشی کۆمسیۆن جوانتر و ڕێك و پێکتر دەکات، لەبەر ئەوەی ئەوە ئیشی کۆمسیۆنە زیاتر، نابێ کۆمسیۆنیش بەکاری خۆی هەستێت؟ داوا دەکەین کۆمسیۆن لەوێ دابنرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**باشە، سوپاس، بەڕێز کاك سۆران عمر، فەرموو.**

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قسەکانی من کرا، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەڕێز کاك عادل عزیز، فەرموو.**

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا منیش قسەکانم زۆری کران، تەئیدی کاك سالار دەکەم لەسەر بڕگەی دووەم، کە سەرۆکی هەرێم ناوی هاتووە لە گەڵ سەرۆکایەتی پەر لەمان، ئەویش موئەسە سەیەکە وە کو سەرۆکایەتی هەرێم ئە گەر ناوی بهاتبایە، بڕگەی یەکەمیش پێموایە وشەی (لانی کەم) لەوێ زیادەیە بەبڕوای من، هەر کۆی پرۆژە کە بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئە ندامانی پەر لەمان پە سند دەکر ێت، دەخرێ تە ڕاپر سی گ شتییەوە، لێرەش دا تەئیدی د.شێرکۆ حەمە أمین دەکەم، کە لە دوای دەنگدان لەسەری، مودە یەکی بۆ د یاری بکرێ، کەی دەخرێتە ڕاپرسی گشتییەوە؟ لایەنە پەیوەندیدارەکانیش، تەئیدی بەهار خان دە کەم کە کۆمـسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دیاری بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك محمود عمر، فەرمووو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (5) لە بڕ گەی (2) مـنیش تەئـیدی ئەو ڕەئـیە دە کەم کە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، لە بڕگەی (3) تەئیدی بەڕێز د.فر سەت دە کەم، ڕەزامەندی بێ لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو پەروا علی، فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـنیش بە هەمان شێوە، سەبارەت بە سەرۆکایەتی هەرێم وەك چۆن سەرۆکایەتی پەر لەمان بێ، ناوی سەرۆکایەتی هەرێم بهێندرێ، هەروەها مودە بۆ ڕاپرسی دیاری بکرێ، من تەئـیدی قـسەکانی کاك سالار و د.شێرکۆ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك علی حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی بۆچوونەکانی کاك د.شێرکۆ و کاك عادل دە کەم، سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەر لەمان، وشەی لایەنی پەیوەندیدار لابرێ بەو پێیەی مەتاتیـیە، هەر کێ هە ستێ بـڵێ من لا یەنی پەیوەند یدارم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاك عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبڕگەی یەكەم دا پەسند دەكرێت و دەخرێتە ڕاپرسی گشتییەوە، كەواتە ئەوە دژی بڕگەی دووەمە، نابێ دەخرێتە ڕاپرسی، پێویستە ئامادە بكرێت بۆ ڕاپرسی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەندێك هەڵەی تیایە لە ڕووی تەسەلسولەوە، ئێستا چاك دەكرێت.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە چاك بكرێت، ڕاپرسی یەعنی نرخی بۆ بڕگەی دووەم نەهێشتووە، لانی كەمەكەش لابرێ هیچ كێشەی نی یە، دووەم/ سەرۆكی هەرێم بـ كرێ بە سەرۆكایەتی مـ نیش لە گەڵ ئەوەم، سەرۆكایەتی هەرێم و سەرۆكایەتی پەر لەمان بە هەما هەنگی لە گەڵ كۆمـ سیۆنی باڵای هەڵبژاردن و وەزارە تە پەیوەند یدارەكان ڕۆژێك بۆ ڕاپرسی گشتی دیاری دەكەن، كە لە (90) ڕۆژ تێپەڕ نەكات، ئەوە كاك شێركۆ پێم دە ڵێ (زۆرە)، ئەگەر سەرنج بدەین كۆمـ سیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژارد نەكان بۆ هەر هەڵبژاردنێك هەمیـ شە داوای (90) ڕۆژی كردووە، سەرنجی هەموو هەڵبژاردنەكان بدەن، دەڵێن لە (90) ڕۆژ كەمتر بێ ئێمە ناتوانین ئامادە بین، لەبەر ئەوە لە (90) كەمتر نەبێت، ئەو ماوەی بۆ دیاری بكرێ، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك قادر، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوای دیاری كردنی مودەیەك دەكەن لەدوای پەسندكردنی، پێشموایە بڕگەی سێیەم زیادە، چونكە ڕاپر سی هەر بە نەخێر و بە بەڵێ وەڵام دەدرێتەوە، هەر لەسەر پرۆژە دەستوورەكەیە، پێویست بەو بڕگەیە نا كات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، لیژنەی یاسایی، بەڕێز د.بەهار، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چەند پێـ شنیارێك كرا، ئەو پێـ شنیارانە دە كرێ بخرێـ نە دەنگدا نەوە بۆ ئەوەی یەكلا بكرێـ تەوە، ئیزا فە كردنی مودەكە كە (90) ڕۆژە، هەروەها ئەو پێشنیارەشمان بەلاوە پەسندە كە پرۆژەی دەستوورەكە بكرێتە

پرۆژەی دەستووری کوردستان، برگەی (دەخرێتە ڕاپرسی گشتییەوە) لابرێت، چونکە ئەوە لێرە پەر لەمان نایخا تە ڕاپر سییەوە، ئەوەش پە سندە دە کرێ بخرێ ـنە دەنگدا نەوە، بەڵام سەبارەت بەلایە نە پەیوەندیدارەکان، ئێمە لایەنە پەیوەندیدارەکان مەبە ستمان تەنها لە کۆمـسیۆن نییە، بەڵکو کۆمـسیۆن و حکومەتیش دەگرێتەوە، چونکە هە ندێ جار ڕاپر سی پەیوە ندی بە حکومەتیـشەوە هە یە، بۆ یە لایە نە پەیوەندیدارەکانمان پێ باشتر بووە و ئەوەمان بەکار هێناوە، هیچ مولاحەزەیەکی ترمان نییە لەسەر ئەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێموابێت من لەگەڵ جەنابتان قسەم کرد، بەڕێزان، پێشنیار دەکەین کە بڕگەی دووەم و سێیەم بڕوا تە ماددەی (7)، چونکە پەوەندیدارە بە ماددەی (7)، لەوێ جێی بکرێتەوە، ببێتە بڕگەی یەکەم و دووەمی ماددەی (7)، ئەوەی کە لە ماددەی (7) دا هاتووە ببێتە بڕگەی سێیەم، ئەوە کۆی پەیوەندیدارە بە ڕاپرسی و چۆنییەتی ئەنجام دانی ڕاپر سییەکە، بۆ یە ئێ ستا ئە گەر ئەوە پە سند بکر ێت لەلا یەن ئە ندامانی پەرلەمانەوە، بەس تەنها بڕگەی یەکەم لە ماددەی (5) دەمێنێ لێرە، بڕگەی دووەم و بڕگەی سێ دەڕوا تە ماددەی (7)، لەوێ دەنگدانی لەسەر دەکەین، ئێستا باسی ئەوە کرا کە (دەخرێتە ڕاپرسی گشتی لابرێ)، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (5) (دەخرێتە ڕاپرسی گشتییەوە) لابرێت؟ بڕگەی یەکەم، لە دوای ئەوەی کە لە پەرلەما نەوە پە سند دەکر ێت، (بخرێ تە ڕاپر سی گ شتییەوە) ئەوە لا ببرێ، کێ لەگەڵێیەتی؟ (61) کەس لەگەڵێیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسند کرا، بەڕێزان بڕگەی دووەم و سێیەم پەیوە ندی بەڕاپر سییەوە هە یە، کە ئەنجا مدانی ڕاپر سی دە بێ دوای ئا گادار بوونی هاووڵاتیان لەسەر پرۆژەکە ڕێك بخرێ کە ماددەی (6) ئاگاداری هاووڵاتیا نە بە هەر چوار ز مانی کوردی، عەرەبی، تورکـمانی، سریانی، بڵاو دەکرێ تەوە دە قی پرۆژە کە، دوا یی لە ماددەی حەوت دا چۆنیەتی ئەنجامدانی ڕاپرسییەکە ڕێك دەخات، کە ئەو کاتە بڕگەی دووەم لە ماددەی (5) دەبێ تە بڕگەی یە کەمی، کە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕۆژ ێك بۆ ڕاپرسی گشتی دیاری دەکەن، ئەگەر دوایی قسەتان لەسەر ئەوە هەبوو ماوەی بۆ دیاری بکەین، ماوە شی بۆ دیاری دەکەین، شێوازی ئەنجامدانی ڕاپرسییەکە دیاری دەکرێ، چی دەخرێ تە دەنـگەوە؟ پرۆژە کەش چۆن پەسند دەکرێ؟ دەخرێ تە دەنـگەوە، ئەوە دەخەیـنە دەنـگەوە، کێ لە گەڵ ئەوە یە بڕگەی دووەم و سێیەم بڕواتە ماددەی (7)؟ (74) کەس لەگەڵێیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسند کرا، ماددەی (5) بخوێننەوە، کەواتە هەر دەبێتە یەك بڕگە، ماددەی (5) بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەیـنە دەنـگەوە، کاك سالار، نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دوو بڕگەیە پەسند کرا و چووە ماددەی (7)؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نا، نا، پەسند نەكراوە هێشتا، بەس ئاڵوگۆڕمان پێ كردووە، دوایی لە ماددەی (7).

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام ئێستا كە موناقەشە كراوە و ڕای ئەندامان وەرگیراوە، پەسند بكرێ و بگوازرێتەوە، ئەو كاتە لەوێ موناقەشەی ناوێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، بەس جارێ با ماددەی (5) پەسند بكەین، ئینجا دوایی ئەو دوو بڕگەیەش كە موناقەشەی كراوە دەیخەینە دەنگەوە وەكو بەشێك لە ماددەی (7)، ماددەی (5).

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (5)

كۆی پرۆژەكە بە ڕەزامەندی لانی كەم دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان پەسند دەكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵیەتی بەو شێوەی كە خوێندرایەوە؟ (78) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ كەس نییە دژی بێ، بڕگەی دووەم و سێیەم ڕای ئەندامانی لەسەر درا، كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئەو بڕگەیە دوو ڕا هەبوو، ڕایەكیان ئەوە بوو كە لە بەر ئەوەی دووەم سەرۆكایەتی پەرلەمانە، ئەوەی یەكەمیش با سەرۆكایەتی هەرێم بێت، ئەوە ڕایەكیان، ڕایەكی تریش ئەوە بوو كە موددەی بۆ دەستنیشان بكرێ لە دوای ئەوەی كە پەسند دەكرێ بۆ ڕاپرسی كردن، كە قسەش لەسەر (90) ڕۆژ كرا، لە ماوەی (90) ڕۆژ لە دوای پەسندكردنی بخرێتە ڕاپرسییەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، كەواتە ئێستا دوو بابەت دەخەینە دەنگەوە پێش ئەوەی بڕگەكە بخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د.فرست صوڤی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا لەگەڵ كۆمسیۆن لەسەر مەواعیدی هەڵبژاردن قسەم كرد، دەتوانن ئێستاش پەیوەندییان لەگەڵ بكەن، من تازە بیرم هاتەوە، ئەوان دەڵێن ئێمە ناتوانین هیچ هەڵبژاردنێك بكەین كەمتر لە پێنج مانگ لەو مەوعیدەی كە ئاگادارمان دەكەنەوە، یەعنی لەو ڕۆژەوەی كە پەسند دەكرێ لە پەرلەمان بەلایەنی كەم پێویستیان بە پێنج مانگ هەیە، دەشتوانن ئێستا پەیوەندییان پێوە بكەن،

کۆمسیۆنی بەغدا شەش مانگی پێویستە لەو ڕۆژەوەی پارەی بۆ ئیداعی بانق دەکەی، بەڵام کۆمسیۆنی خۆمان دەتوانن دەڵێن ئێمە لە پێنج مانگ دەیکەین، لەو ڕۆژەوەی هەموو موستەلزەماتی مادیمان بۆ دەستەبەر دەکرێ، جا ئەگەر لێرەش سێ مانگمان دیاری کرد و کۆمسیۆنیش لە ڕووی تەکنیکییەوە نەیتوانی، ئەوە ئەو تاریخە بوو تازە بیرم هاتەوە، ئەگەر تەئکیدی بکەینەوە باشترە، بەڕای من.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من شتێکی تر تان بیر دەخەمەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بە پێی یاسای ژمارە (16)ی ساڵی (2008) دەبوو لە (2009/7/25) پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بخرێتە ڕاپرسییەوە، بەڵام نەخرایە ڕاپرسییەوە و دوایی هەموار کرایەوە، بۆیە پێموابێ ئەوە حەرەجێك بۆ پەرلەمان دروست دەکات، ئەگەر کۆمسیۆن نەیتوانی لەو ماوەیە بیخاتە ڕاپرسییەوە، یان بە هەر هۆکارێك نەتوانرێ ڕاپرسی لەسەر پرۆژەکە ئەنجام بدرێ، خاتوو بێگەرد، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك من تێگەیشتبم سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان ماوەی (90) ڕۆژ ڕۆژ یێك دیاری دەکەن، مەرج نییە لەو (90) ڕۆژە بێ، لە ماوەی ئەو (90) ڕۆژە ڕۆژ یێك لەگەڵ کۆمسیۆن دیاری دەکەن بۆ ڕاپرسییەکە، یاساکە وا دەڵێ، لە ماوەی (90) ڕۆژدا وادەیەك دیاری دەکەن بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی، یەعنی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ماوەی (90) ڕۆژدا وادەیەك دیاری دەکەن بۆ ڕاپرسی، یەعنی مەبەستەکە لەوەیە لە ماوەی ئەو (90) ڕۆژەدا مەرج نییە لە (90) ڕۆژەکە بێت، واتا دەتوانن بڵێن کۆمسیۆن ئێوە چەند ڕۆژتان پێویستە؟ بە ڕەزامەندی کۆمسیۆن مەسەلەن لە ماوەی شەش مانگدا ئەنجام دەدرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە، کاك علی، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاری کردنی وادەیەك (90) ڕۆژی بۆ چییە؟ یەعنی لە حەفتەیەك دا سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان کۆ دەبنەوە دەڵێن فلان ڕۆژ، یەعنی (90) ڕۆژ زۆر زۆرە بۆ دیاری کردنی وادەی ڕۆژێك، ئەگەر وابێت یەعنی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵلاهی بەو موناقەشەی ئەم سێ، چوار مانگەدا دیارە کە ماوەکەی زۆرە و ئەوانە، جا لەبەر ئەوە پێموابێت ئەوە دروستە، لە ماوەی (90) ڕۆژەکەدا کاتێك دیاری بکەن بۆ ڕاپرسییەکە، باشە، دەیخەینە دەنگەوە، د.فرست، فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگەرد خان ڕەئیەكەی وەجیهە، بەڵام ئەگەر بەو پێوەرەی ئەو بێت، من وا تێنەگەیشتبووم، ئەگەر وا بێت، فیعلەن كاك علی ڕاست دەكات، (90) ڕۆژمان بۆ چییە؟ ئیشی یەك ڕۆژە دیاری كردن، كۆ دەبنەوە و دیاری دەكەن، لەبەر ئەوە ئەگەر مەسەلەكە ئەنجامدانی پرۆسەی ڕاپرسییەكە نییە، من وا تێگەیشتم (90) ڕۆژەكە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ڕاپرسی یە، ئەگەر ئەوەی بێگەرد خان دەڵێت تەنها بۆ ئەوەیە ڕێك بكەون لەو (90) ڕۆژە ڕۆژێك دیاری بكەن، من تەصەور دەكەم ئەو جارە بێین (90) ڕۆژەكە كەم بكەینەوە، بیكەینە مانگێك.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، د.سراج، فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ هەڤالان بكرێتە یەك مانگ، ئەو مانگەش لەبەر ئەوەی دەبینی ئیشێك دەبێ، سەفەرێك دەبێت، لە یەك مانگ ئەگەر ئەوان كۆ ببنەوە، تەحدیدی ئەو ڕۆژە بكەن كەوا هەڵبژاردنی لێ دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باش، كاك رابون، فەرموو.

**بەڕێز رابون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ڕۆژێكمان دیاری كرد بۆ نموونە ئەگەر (90)یش بێ، (60) ڕۆژ بێ، (30) ڕۆژ بێ، دەتوانین بڵێین سەرۆكایەتی هەرێم بە هاوكاری لەگەڵ سەرۆكایەتی پەرلەمان لە ماوەیەك كەمتر لە، زیاتر نەبێ وەكو ئەوەی كردمان پێشتر، لەوەندە ڕۆژە، بۆ نموونە دەڵێین زیاتر نەبێ لە (90) ڕۆژ، ڕۆژێك دیاری دەكەن بۆ ڕاپرسی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، كاك بەهزاد، فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵ دووێ ئەو شكلەی لێ بێت ( سەرۆكایەتی هەرێم و سەرۆكایەتی پەرلەمان بە هەماهەنگی لەگەڵ كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆ و لایەنی پەیوەندیدار)، چونكە لێرە پێویستە زۆر زیاتر لە سێ ڕەئی باسی

کۆمسیۆنی کرد، منیش به پێویستی دەزانم بۆ ئەهمیەت و گرنگیدان به کۆمسیۆن، ناوی بێت و، لایەنی پەیوەندیدار له ماوەی مانگێك ڕۆژێك دیاری بکەن، لەگەڵ ئەوەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەی ئەگەر ئەو کۆمسیۆنەی هەرێمی کوردستان گوتی من ناتوانم ڕاپرسی بکەم جاری؟

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

ئێ ئاخر هەر دەبێ له ڕێی ئەوان بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە یا سای هەڵبژاردنی پەر لەمانی کورد ستان ئەو کێشەیەی هە یە، کە هەموو جارێ پێویست بووە هەمواری بکەن، بەڵام کۆمسیۆنی بەغدا هەڵبژاردن له هەرێمی کوردستان دەکات، کاك عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم با شە صیاغە بکرێ تەوە بە شێوەیەك کە هەر لێرە ئەو ڕۆژەی کە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان کۆ دەبنەوە بەروارەکەی بۆ دیاری بکرێ، مەسەلەن له (10) ڕۆژدا له دوای پە سند کردنی، له هەمان کاتیش دا له دوای ئەو (10) ڕۆژەوە بەرواریك دیاری بکرێت لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵا، یەعنی هەر لێرە دەتوانرێ موعالەجە بکرێ، تەعقیبەن بۆ قسەی هەندێ له هاوڕێیانیش کە دەڵێن نا (90) ڕۆژ کەمە، ئەوە کاتێك بوو کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان سەرتاسەری عیراق بووە، ئێستا ئێمە کۆمسیۆنی خۆمان هەیە، ئێمە پێنج ملیۆن کەسین، بەڕاستی عەینەن کۆمسیۆنیشە، ناکرێ بڵێی شەش مانگ بۆ هەڵبژاردنێك، لەبەر ئەوە بەڕای من ئەگەر واشیان وتبێ دیارە یان بێ ئەزموونی یە، بێ ئەزموونی ئەوانە، ئەگینا (90) ڕۆژ بۆ هەڵبژاردن بەسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە با ئەوەندە موناقەشە نەکەین، سوپاس، جارێ ئەوە دەخەینە دەنگەوە کە داوای ئەوە کرا سەرۆکی هەرێم بکرێ بە سەرۆکایەتی هەرێم، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ (64) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (6) کەس دژیەتی، کەواتە پەسند کرا، باشە، ئەوەش دەخەینە دەنگەوە کە ( له ماوەیەك کە له (30) ڕۆژ زیاتر نەبێ) کاتەکەی دیاری بکەن بۆ ڕاپرسی، دوایی کۆی ماددەکەش دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ماوە کە (30) ڕۆژ زیاتر نەبێ؟ له ماوەیەك کە له (30) ڕۆژ زیاتر نەبێ سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان و لایەنە پەیوەندیدارەکان کاتێك بۆ ڕاپرسی دیاری دەکەن، (65) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (12) کەس دژیەتی، کەواتە پەسند کرا، باشە، بڕگەی سێهەم، تەبعەن کۆی ماددەکە دوایی دەخرێتە دەنگەوە، ئێستا ئیزافاتی بۆ دەکەین، بڕگەی سێهەم ئەوەی کە (ئایا ڕەزامەندی لەسەر پرۆژەی دەستووری کوردستان-عیراق؟)، (کوردستان-عیراق)ی بۆ زیاد بکرێ، کێ لەگەڵیەتی؟ (66) کەس لەگەڵیەتی،

کێ دژ یەتی؟ (2) کەس دژ یەتی، کەوا تە پە سند کرا، کۆی دوو برگە کە لە گەڵ ماددەی (7) دەخەینە دەنگەوە، ئێستا گۆڕانکارییەکانی تیا کرا، دەڕواتە ماددەی (7)، فەرمووو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەدەفی سەرەکیمان ئەوەیە ڕۆژێك دیاری بکرێ بۆ ڕاپرسی، ئێمە ئەو (90) ڕۆژەی کە گفتوگۆمان لەسەر کردووە، مەبەستمان ڕۆژی ڕاپرسی بووە، لەبەر ئەوە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان کە لێرەن داوای ئەوە دەکەن کە ڕۆژی ڕاپرسی دیاری بکرێ، دەکرێ بە برگەیەکی تر ئیزافە بکرێ، دوای ئەو (30) ڕۆژە، دەبێ موعالەجە بکرێ ئەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، بەڵام ئەوە لەبەرچاو بگرن کە لەوە دەچێ کۆمسیۆنەکەی هەرێمی کوردستان نەتوانێ لە ماوەی دیاریکراودا ...

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

باشە، کۆمسیۆن خۆ هیچ نەبێ ناڵێی شەش مانگ، با شەش مانگ بێ، بەڵام خۆ ناکرێ چوار ساڵ بێ، ناکرێ پێنج ساڵ بێ، ناکرێ دوو ساڵ بێ، ئەوە کراوە دەبێ لە بەردەمی دا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە با لە ماددەی (7) موعالەجەی بکەین، ماددەی شەش، تکایە ماددەی شەش بخوێننەوە.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (6)

بە پێی ئەوەی کە لە ئەصڵی پرۆژە یاساکەدا هاتووە:

بە مەبەستی ئا گایی هاووڵاتیان پرۆژەی دەستووری پەسندکراو بە زمانەکانی پەیڕەو کراو ( کوردی، عەرەبی، تورکمانی، سریانی) چاپ و بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (6) لەڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە با ناوی خۆی بنووسێ؟ کاك صالح فەرمووو.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەو شێوەیە پێشنیار دەکەم کە پرۆژەی دەستووری پەسەند کراو بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، تورکمان، کلدانی سریانی و ئاشووری و ئەرمەن، چاپ و بڵاو بکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاکە زمانی ئەوان هەر سریانیە، وانییە؟ د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی پەسەندکردن پرۆسەی دیکەشی بەدوادادێت، بۆیە من پێم باشە لەبەر ئەوەی لێرە دیار بێ، بەمەبەستی ئاگایی هاووڵاتیان پرۆژەی دەستووری پەسەندکراو لەلایەن پەرلەمان بە زمانی ..... هتد، یەعنی تەحدید بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکەی بەڕێز د.فرست دەکەم، بەڵام لە ئەخیری دا بنووسرێ بە پێی پێویست، نەوەك کۆپیەکانی عەرەبی بە قەد کوردی بێ، یەعنی بەقەدەر ئەوەی ژمارەی دانیشتوان یەعنی پێویستیان دەبێ، بۆئەوەی هەدەرێك لە ئەموالی دەولە نەبێ، ئەوە کەوا لە زۆر بواردا دەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك کمال فەرموو.

**بەڕێز کمال یلدا مرقوز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، پەرلەمانتاران، کلدانی، سریانی، ئاشووری، یەك زمانە هیچ فەرقیان نییە، ئەرمەنی فەرق دەکات لەگەڵیان، کلێشەکەش ئەگەر بڵێ کلدو ئاشووری، نەڵێن رجا ئەن کلدانی، سریانی، ئاشووری، هەموومان یەکین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە سوپاس، د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زمانی ئینگلیزیشی لێ زیاد دەکەم، بەشێك لەو چاپانە بەشێکیش با زمانی ئینگلیزی بێ، دەبینی مـیوان دێت لە سایتەکان و شوێنە گـشتیەکان بلاوکرد نەوەی دە کرێ، ئینگلـیزیش زەرورە و خەڵکی بـیانی بزا نێ دەستووری هەرێمی کوردستان چۆنە و لە چ ئاستێك دایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بە پێی دەستووری هەمیشەیی عیراق زمانی فەرمی، زمانی کوردی و عەرەبییە، بەڵام لەبەرئەوەی لە پـرۆژەی دە ستووری هەرێمی کورد ستان دا ئەو زمانا نەی تر بە ز مانی فەرمی هاتوون بە تایـبەتی بۆ مەسەلەی خوێندن و کارگێڕی لەناوچەکانی خۆیاندا، من پێشنیار دەکەم لە جێگەی زمانی سریانی، ز مانی کلدان ـ سریان ـ ئاشووری بەکاربهێندرێ، چونکە کوردی بۆ نەتەوەی کوردو عەرەب بۆ نە تەوەی عەرەب و تورکمان بۆ تورکمان و سریانی و نەتەوەکانی تر قسەی پێ دە کەن بەناوی نە تەوەیی بهێـندرێ، تە سەورم وا یە تەغز یەی داخواز یەکانی ئەوان دە کات و لە ئە سڵدا ئەم بیرۆکە یە بیرۆکە یەکی با شە، بەڵام ز مانی سریانی بگۆڕێ بە زمانی کلدان ـ سریان ـ ئاشووری، باشترە و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە سوپاس، ئەوە ڕای خۆیان وەردەگرین دوایی، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە قسەکەی کاك عمر دەکەم، بە پـێی پێویـست بێ و هەروەها قـسەکەی کاك شێخ سراج ئینگلیزیەکەی بۆ زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك بێستون فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (7) پەسەند کردن بە کارهێنراوە بۆ ئەوەی کە دەنـگدەران دەنـگی پێ دەدەن و پـێی و تراوە پەسەند کراو، لێرەش هەر دیسان پەسەند کراو بەکارهاتووە، یەعنی ئەو دوو پەسەند کردنە لەویا یە وا تە پەسەند کردنەکە لەلایەن پەرلەمانەوە و پە سەند کردنە کە لەلا یەن دەنگدەرانیـشەوە هەر یەك پە سەند کردنی بۆ هەیە، جا من پێـشنیاز دە کەم کە بەم شێوەیەی لێ بکر ێت ماددەی (6) دوای پە سەند کرد نی

لەلا یەن پەرلەما نەوە  بە مەبە ستی ئا گادار کرد نەوەی هاووڵاتیان  پرۆژەی دە ستوورەکە  بەو زمانا نە دەخرێتە چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك یعقوب فەرموو.

**بەڕێز یعقوب گورگیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەفەرمی زمانی سریانیە، هەتا لە یاسای زمانی فەرمی لە  هەرێمی کورد ستان  سریانی  هاتووە، ئێمە هەموو موتەفقین سریانی بێ، سوپا سی  ئەوان  هەڤاڵێن پەر لەمانی دە کەم  کە  ئەوان دە لێن ببێ تە ز مانی سریانی ـ کلدانی ـ ئاشووری، ئێمە هەموو موتەفقین هیچ موشکیلە نییە، هاتیە  بە نا سین ز مانی  سریانی، بەس ئەرمەنی جیاوازە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك یروانت فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دەست خۆشیا ل هەمیا دەکەم و کاك صالحێ دەکەم، زمانێ ئەرمەنی لێ زێدە بیت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

دەتوانن دەستوورەکە تەرجومە بکەن؟ فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان گورگیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم موشکیلە نینە ئەمە بخەنە مە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە ڕای ئەندامانی لیژنەی یاسایی چییە؟ کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێ مە ئە شکالان زۆرە لە سەر  ئەم پە سەند کرد نەی  ئەو  پرۆژە دە ستوورە  بە بڕ یاری ژ مارە (26)  لە (2002/11/7)، (2009/6/24) کە هەموووی پەسەند کراوە، بۆیە زۆر زەرورە ئەم ملیۆ نە نو سخەیەی پرۆژەی دەستوور کەلە ڕابردوو بڵاوکراوەتەوە لەبەردەست و لە هەموو ماڵ و لە هەموو کو چەیەك دا یە و لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارە سپاردنی (777)  لە (2009)ی پ ێدراوە، دە بێ دوای پە سەند کردنی ئەم پرۆژە یاسایەی ئەمڕۆ سەحب بکرێتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی بڵاوکردنەوەی جارێکی تر ئەو وێنە پەسەند کراوە ئەشکالی گەورەمان بۆ دروست نەکات کە خەڵك نەڵێ کام پرۆژەیانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی؟ د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کە کرا پرۆژەی دەستووری پەسەندکراو لەلایەن پەرلەمانەوە، پێی وەرگیرا بە زیادکردنی کوردی ـ عربی ـ تورکمانی ـ سریانی ـ ئەرمەن چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە، ئەوەی ئینکلیزیەکە وەرتان نەگرت ها؟ بەڕێز د.سراج ئەمە مەبەستی ئەوە یە لە ماددە کەدا هاتووە دەڵێ بە مەبەستی ئاگایی هاووڵاتیان، هاووڵاتیانی ئێمە هەموویان ئەم زمانانە تێ دەگەن، بەڵام پەر لەمانی کوردستان دەتوانێ تەرجومەی بکات بۆ زمانی ئینگلیزی بۆ خەڵکی تر، د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەی باشە عەرەبی بۆچییە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڵێ هاووڵاتی عەرەبمان هەیە لە کوردستان، لەوە دە چێ لە ناو چە جێ ناکۆکەکانیش عەرەبی هەبێت، فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە بۆ ڕای گشتیە و بۆ خەڵکی بیانییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

دەتوانین تەرجومەی بکەی، بەس بڵاوی ناکەیتەوە، ئەوەشی بە پێی پێویست ئەوەش وەربگیرێ، ئەوە کاك عمر دەستی بەرز کردووەتەوە، دەزانم مەبەستەکەی ئەوەیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی کە ڕای گشتی پەسەندی کرد ئەو کاتە دەتوانرێ بە زمانی ئینگلیزیش بڵاوبکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڵێ دەتوانرێ، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (6) دوای وەرگرتنی ڕاکان بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی شەشەم:

بە مەبەستی ئاگایی هاوولاٌتیان پرۆژەی دەستووری پەسندکراو لەلایەن پەرلەمانەوە بە زمانەکانی پەیرەو کراو (کوردی، عەرەبی، تورکمانی، سریانی، ئەرمەن) چاپ و بلاٌو دەکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵیەتی بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟ (75) کەس لەگەڵیەتی؟ کێ دژیەتی؟ کەس نییە کەواتە پەسەند کرا، ماددەی (7) د.بەهار یەك بڕگەی موناقەشەی دەکەین و ئەوەی تری دەخوێنینەوە فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (7)

لە ئەسڵی پرۆژە یاسایەکە پرۆژەکە بە دەنگی زۆرینەی دەنگدەران بە پەسند کراو دادەندرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

د.ڤالاٌ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاٌ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای وەرگرتنی ڕاکان و دوای گواستنەوەی دوو بڕگە، ماددەی (7) بەو شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

1- سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەر لەمان بە هەما هەنگی لە گەڵ لایە نە پەیوەند یدارەکان لە ماوەیەکدا کە لە (30) سی رۆژ تێپەڕ نەبێت رۆژێك بۆ راپرسی گشتی دیاری دەکەن.

2- راپرسی بە را دەربڕین دەبێت لەسەر ئەم پرسیارەی خوارەوە:

(ئایا رەزامەندیت لەسەر پرۆە دەستووری کوردستان  عێراق؟)، وەلاٌم بە (بەڵێ) یان (نەخێر) دەبێت.

3- پرۆژەکە بە دەنگی زۆرینەی دەنگدەران بە پەسند کراو دادەنرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ بەس تەنها بڕگەی (3) دەخرێتە وتوێژەوە پرۆژەکە بە دەنگی زۆرینەی دەنگدەران بە پەسەند کراو دادەندرێ، چونکە دوو بڕگەکەی تر گفتوگۆی لەسەر کراوە، کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم ئەو زۆرینەی دەنگدەران بکرێتە دوو لەسەر سێی دەنگدەران.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

د یارە پرۆژە کە لەلا یەن پەرلەما نەوە پە سەند کراوە، بەڵام کارپێکرانی ڕا ستەوخۆ دوای دەنگدەران و دەنگدانی بەکارپێکراو دادەندرێ، دوای (30) ڕۆژ بەسەر ئەنجامدانی ڕاپرسی، بۆیە دەبێ ئەو زەمەنەی کە تەفعیل بوونەشی دیاری بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمەامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی کاک سۆران دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

خاتوو گەشە فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە زۆرینە، زۆرینەی سادەیە یاخود موتڵە قە؟، دوو لە سەر سێیە؟ کە من بە قەنا عەتی خۆم دەستوور یاسایەکی ئاسایی نییە پێویستی بە زۆرینەیەکی زۆرباشە، یەعنی هیچ نەبێ بەلایەنی کەمەوە بە ئەغلەبیەی موتڵەقە بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک سعید فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد مەسیفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی من گەشە خان کردی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک ڕابوون فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە تۆزێك خەلەلی تێدایە، ئەگەر دەنگدەر لێرە مەبەستی بێ لیژنەی یا سایی دە بێ ئێستا ڕوو نی بکاتەوە، دۆکیۆمێنتیش بگرە، ئەگەر دەنگدەر لێرە مەبەستی ئەوەیە ئەوانەی مافی دەنگدانیان هە یە، لەو حاڵەتە بابەتی دە ستوور دەخەینە بەردەم موخا تەرەی ئەوەوە، بۆ نموو نە گر یمان واحـسابی بکەین، بۆ نموونە ئەگەر سێ ملیۆن کەس لە هەرێمی کورد ستانی عیراق مافی دەنگدانیان هەبوو، ئە گەر هەر بۆ

نموونه وای دابنێین كه نیوەی نەچێ بۆ دەنگدان یەعنی خۆ بە خۆ پەسەند ناكرێ و ڕەد دەكرێتەوە، بەڵام له هەموو دنیادا ئەو بابەتانە بە حسابی ئەوانەی دەنگیان داوە حساب دەكرێ، یەعنی كەواتە بۆ نموونە گریمان دەڵێین بە دەنگی زۆرینەی سادەی ئەوانەی دەنگیان داوە پەسەند دەكرێ، دەبێ ئەو بابەتە بە وازیحی لێرە ڕوون بكرێتەوە و جێ بگرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز بێژم ئەڤ ماددە حەفتا برگەها زۆر زەحمەتا بچەسپینن، زۆرینەش نەبیتن، بێژنێ زۆرینا ڕەها، بەو شێوازەی بیت، پرۆژەكا بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای دەنگدەران بە پەسەند كراو دادەندرێ، ئەڤە خاڵەك، خاڵا دوویێ تەكمیلە بكەین بەشەكا دی و كوردستان ـ عیراق دەبێتە خاوەنی دەستوورەكی هەمیشەیی بەناوی دەستووری كوردستان ـ عیراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من مەشغول بووم بەوەی كە بۆ لەناو پەرلەمان بێ، زۆر نەمخوێندەوە، ئەو قسەیەی خۆم سەحب دەكەمەوە، زۆرینەی ئەوەی كە بەشداری دەنگدانەكە دەكات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەك لیژنەی یاسایی بە فیعلی دەستوور بە زەرورەتێك دەزانین، بەڵام بەهۆی ئەم هەموو فلتەر دانانە بە حەیاتی نابین بە خاوەنی دەستوور، ئێمە لیژنەیەكمان داناوەو ئیش دەكات بە سازان، یەك كەس ڕازی نەبێ، یەك پێكهاتە و یەك نەتەوە و یەك حزب ناڕوات، دوایی دێتە ناو پەرلەمانی كوردستان و بە دوو لەسەر سێ پەسەند دەكرێ، جارێكی دیكەش بیخەینەوە بەردەمی دەنگدانی خەڵك لە كاتێك دا خۆ باشە دەستوور زۆر بەی خەڵك پەسەندی بكات، بەڵام هیچ شتێك نییە موتڵەق بێ، چونكە دەستوور خۆی فەلسەفەی سیاسی تێدا جێگیر دەكرێ كە بە شێكی گەورە پێی ناڕازییە، دینی تێدا جێ دەكرێتەوە، مەسدەری تەشریع، یەعنی یەك دنیا خلاف هەیە كە بە بەردەوام جیاوازی لە نێوان چەپ و ڕاست هەیە، عەلمانی و ئیسلامی هەیە، لەبەر ئەوە ئەم نیسبەیە قورسە، لەبەر ئەوەی لە یاسایەكەدا دانراە بۆ كاك

ڕابوون و برادەرانیش وازیحە، ئەو نیسبەیەی کە خەڵك بەشداری تێدا دەکات لە دەنگداندا زۆرینەی ئەوان بە قبوڵ کراوی دادەنێن پەسەند دەکرێت، بۆیە ئێمە لەگەڵ نەسەکە وەك خۆی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە ئێستا ئەو بڕگەیە دەخەینە دەنگەوە، بۆ ئەوەی دوایی کۆی ماددەی (7) بخەینە دەنگەوە، کێ لە گەڵ ئەوە یە کە بڕگەی (3) لە ماددەی (7) بەو شێوەیە بێ و پرۆژەکە بە دەنگی زۆرینەی دەنگدەران بە پەسەند کراو دادەندرێ؟ (69) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (1) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، کۆی ماددەی (7) بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (7)

1- سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەر لەمان بە هەما هەنگی لە گەڵ لایە نە پەیوەند یدارەکان لە ماوەیەکدا کە لە (30) سی رۆژ تێپەڕ نەبێت رۆژێك بۆ راپرسی گشتی دیاری دەکەن.

2- راپرسی بە را دەربڕین دەبێت لەسەر ئەم پرسیارەی خوارەوە:

(ئایا رەزامەندیت لەسەر پرۆە دەستووری کوردستان  عێراق؟)، وەلاّم بە (بەلّێ) یان (نەخێر) دەبێت.

3- پرۆژەکە بە دەنگی زۆرینەی دەنگدەران بە پەسند کراو دادەنرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵیەتی بەو شێوەیەی کە خوێنرا یەوە ماددە کە؟ (67) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژ یەتی؟ (1) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی (8) د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشت بەو پێیەی لە ئەسڵی پرۆژە یاسایەکەدا هاتووە، ئەو مەرجا نەی پێویستن بۆ دەنگدەر لە دەنگدانی گشتی دا پێویستە لەو کەسەدا هەبێ کە بەشداری ڕاپرسی گشتی دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

نوقتەی نیزامیە کاك عمر؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوام کرد لە بەڕێزت کە وادەیەك بۆ ڕاپرسی دیاری بکرێ، لەو شوێنە جێی بکرێتەوە، بەلاّم نەکرا، من داوا دەکەم کە ماددەیەك دیاری بکرێ بەم شێوەیە ( پاش سی ڕۆژ) ئەو ( سی ڕۆژە)ی کە بەڕێزتان ئێستا تەسبیتتان کرد، پاش ( سی ڕۆژ لە پە سەند کرد نی پرۆژە یا سایەکە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆنی بالاّی هەڵبژاردن ڕۆژێك بۆ ڕاپرسی گشتی لەسەر پرۆژە یا سای

دەستوور دیاری دەکەن بەمەرجێك لە (180 ڕۆژ) تێپەڕ نەکات)، لەسەر قسەکەی ئەو بەڕێزانە کەوتیان کۆمسیۆنی باڵا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەوە دەنگی لەسەردرا لە ماددەی (7) باسکرا، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەك ئیزافە بکرێ، جەنابت بە منت وت، وتت جێگای دەکەمەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

باسی ئەوەمان کرد کە لە ماددەی (7) ڕۆیشتینە سەری دەتوانن تەرحی بکەن، کەس تەرحی نەکرد، لەبەرئەوە تازە دەنگی لەسەر درا، ئەم هەموو مەترسیەشی ناوێ ئەگەر لە ماوەی مانگێك دا گەیشتنە ئیتفاق ماوەیەك بۆ ڕاپرسی دیاری بکەن، بە دڵنیاییەوە لەو کاتە دەبێ کە دەتوانرێ ئەنجام بدرێ، لەوە زیاتر دواناخرێ، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەزانم مەبەستی من ئەمەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، شەرت نییە لەو ماددەی (7) بێ، یەعنی وەکو ماددەیەکی ئیزافی ئەمە دیاری بکرێ، هیچ ئەشکالێك دروست ناکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

با بزانین ڕەئی لیژنەی یاسایی چییە لەسەری؟ د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەڕێز کاك عمر تەرحی کرد، هەمووی دووبارەی بڕگەی یەکەمی ماددەی (7 )ـە تەنها ئەو (180) سەد و هەشتا ڕۆژەکەی ئەخیر نەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

تەرحتان نەکرد، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکی تر دەکەمەوە، کەی بەکارپێکراو دائەنرێ پرۆژەی دەستوور؟، ئەوەش زەمەنێکی هەبێ و وازیح بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك سۆران ئەوە لە پرۆژەی دەستوورەکە دیاری دەکرێ کەی کارپێکراو دەبێ، پرۆژەی دەستووری عیرا قیش د یاری کردووە کە لە دوای درو ست بوونی حکو مەتی دا هاتووی عیراق کارپێکراو دە بێ، لەبەر ئەوە لە پرۆژەی دەستوورەکە دیاری دەکرێ کە لە چ کاتێك دا کارپێکراو دە بێ، لەم یا سایە ناتوانی ئەوە تەحد ید بکەی، باشە لەسەر ماددەی (8) کێ قسەی هەبوو؟ د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (8) لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ئەو مەرجانەی پێویستن بۆ دەنگدەر لە دانگدانی گشتی دا بە پ‌ێی یا سای ژ مارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو پێویستە لەو کەسەدا هەبێ کە بەشداری ڕاپرسی گشتی دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە ئاماژەیان پێیداوە بە پێی یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) لە کۆتایی مەرجەکانی دەنگدەر دا بە دەق نووسراوە ئەو مەرجانەی تێدا فەراهەم بێ کە بە دەق لەم یاسایەدا هاتوونە، ئەوەی کە بە دەق لە یاسایەکە هاتووە، یەك/ باسی هەرێمی کوردستان دەکات کە یەك ناو چەی هەڵبژارد نە، دوو/ با سی تۆ ماری دەنگدان دەکات، تۆماری دەنگدانەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، کەواتە ئەمە تەفسیلێ هە ڵدەگرێ بۆ ناوچە کورد ستانیەکانی دەرەوەی ئ‌یدارەی هەرێمی کورد ستان، بۆ یە من پێ‌شنیار دە کەم ئەوەی لیژ نەی یاسایی بەهەند وەرنەگیرێ، ئەمەی لە پرۆژە کەی تردا هاتووە ئەو مەرجا نەی پێوی‌ستن بۆ دەن‌گدەر لە دەنگدانی گشتی دا پێویستە لەو کەسەدا بێ کە بەشداری ڕاپرسی گشتی دەکات، ئەمەیان بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمەامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم وا دابڕێژرێتەوە، ئەو مەرجانەی لە دەنگدانی گشتی دا بۆ دەنگدەر پێویستن دەبێت لەو کەسەدا هەبێ کە بەشداری ڕاپرسی گشتی دەکات، یەعنی لەڕووی زمانەوانییەوە دامرشتۆتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەوە دەکەم کە لە ڕاپۆرتی لیژنە هاتووە، بەڵام بەو تێبینیەوە کە دەڵێ بە شداری ڕاپر سی گ شتی خۆی ئیستفتای عام مەفهومەکی گشتیە، لەبەرئەوە باشترە بنووسرێ کە بەشداری ڕاپرسی لەسەر دە ستوور دەکات، چونکە کە دەڵێ لە دەنگدانی گشتی ئەوە دیارە کە شروتەکانی کە لە یاسای (1991) هاتوون دە بێ (18) ساڵی تەواو کردبێت و ئەوە بێ و ئەوە بێ، بەڵام دوایی دەبێ تەحدیدی بکەین کە ئەو شروتانە بۆ چین؟ بۆ بەشدار کردن لە ڕاپرسی لە سەر دە ستوور، چونکە ئیستفتای عام ئەوە مەفهومێکی گ شتیە بۆ هەموو شتەکان بەکاردێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرمووە.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەداوای لێ بوردنەوە قسە لەسەر ئەو ماددەیە دە کەم کە ئێمە دە سەڵاتمان داوە بە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەر لەمان بە وی ستی خۆ یان بیا نەوێ ڕاپر سیەك بکەن، نەیا نەوێ ڕاپر سی نا کەن، ئە گەر لەم مادده یەدا جێ گەی نەکەی نەوە جارێکی دیکە دەی لێم ئەم دە ستوورە دەکەوێ تە ژ ێر ڕە حمەتی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم، لەگەڵ ڕێزم بۆ سەرۆکی پەرلەمان کە بەڕێزتی و سەرۆکی هەرێم کە بەڕێز مسعود بارزانیە، مەرج نییە ئەوان بن، یەعنی ناکرێ ئەم دەسەڵاتە بدەین بەوان، دەبێ ڕۆژێ دیاری بکەین لە دوای (30) ڕۆژەوە، من جارێکی دیکە تەئکیدی دەکەمەوە، جەخت دەکەمەوە لە سەر ئەومە سەلەیە کە ڕۆژی ڕاپرسی دیاری بکرێ لەو بەروارەی کە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەر لەمان کۆدەبنەوە لە دوای (30) ڕۆژەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك بەهزاد فەرمووە.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیریا د.فرستێ دکەم، بەس پیچەك ئەو گۆت لە سەر دە ستوور، ئەز دبێژم لسەر پرۆژێ دە ستوور، یەعنی ئەوها بێ تە خا ندن، ئەو مەرجا نەی پێوی ستن بۆ دەنگدەر لە دەنگدانی گ شتی دا پێوی ستە لەو کەسەدا هەبێ کە بەشداری ڕاپرسی لەسەر پرۆژەی دەستوور دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عادل فەرمووە.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی تەواوی قسەکانی کاك عمر دەکەم، ئەگەر دەشلێی لە ماددەی (7) دەنگی لە سەردراوە، ئەکرێ بڕگەیەك بۆ ئەو یاسایە زیاد بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من (100٪) سەد لەسەد پشتیوانی قسەکانی کاك عمر دەکەم، لەبەر ئەوەی هیچ گەرەنتیەك نییە، لەو ماوەیەی کە باسمان کرد، یەعنی لەماوەی پێنج مانگدا بڵێین ئەوەی کە کاك د.فرست صۆفی باسی کرد، هیچ گەرەنیەك نییە، جگە لە قسە بەڕێزەکانی جەنات، جەنابت خۆت و بەڕێزی و قسەکانیشت بەڕێزن، بەڵام ئەوە نەسێکی قانونی نییە بۆ ئێمە، بۆیە من پشتیوانی دەکەم لە قسەکانی کاك عمر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی ؟ کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە ئێمە ڕوونکردنەوەکان دەدەین، سەبارەت بە ڕەئیەکەی کاك صالح لە ماددەکەدا باسی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان نەکراوە، تەنها دەڵێ هاووڵاتیانی کوردستان ـ عیراق کەواتە هیچ ئەشکالێك نابێ، ناو چە کوردستانیەکانیش لە گەڵ یاسایەکە دەنگی لە سەر بدرێ، ئەو ڕایەی د.فرست بە پەسەند دەزانین کە پشتیوانی لێ کرا، ڕاپرسی گشتی لادەدەین و دەیکەینە (لەسەر پرۆژەی دەستوور)، باشە نەسەکە (مەرجە دەنگدەر لە هاووڵاتیانی کوردستان ـ عیراق بێ و (18) ساڵی تەمەنی تەواو کردبێت).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێ ئیتر چییە؟ هیچ موشکیلەیەکی تیایە؟، کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك گۆران یان لیژنەی یاسایی ناکرێ دێڕێك یان خاڵێك لە یاسایەکە وەربگرێ و ئەوەی تر فەرامۆش بکات، بەشی پێنجەم/ مەرجەکانی دەنگدەر و پاڵێوراو و ماددەی (19) هەر هاووڵاتیەکی کوردستان ـ عیراق چ نێر، چ مێ، بۆی هەیە ببێتە دەنگدەر یان پاڵێوراو ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدا فەراهەم بێت کە بە دەق لەم یاسایە هاتووە، ئەگەر ئەمان مەرجەکان وەرگرن ئەوا لێرە دەڵێ بە دەق لەم یاسایە هاتووە و ئەوانەی پێشوو دەگرێتەوە، ئەگەر ئەوەی جەنابیشی کە ئاماژەی پێدا وەری بگرێ ناکرێ لە یاسایەك دا بێی تۆ یەك

دێری یەك خاڵی وەربگری و باقی یا سایەکە فەرا هەم بکەی لەبەر ئەوەی تۆ ماری دەنگدان چۆن حسابی لەسەر دەکەی؟، بازنەی ئینتخابی چۆن حسابی لەسەر دەکەی؟، بۆ ئەوەی تەفسیلی زیاتر هەڵدەگرێ و لە یاسایەکەشدا دیارە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە قانونە کەدا تەنها ئێمە مەر جەکانمان لێ وەرگر تووە، مەر جەکانیش لەناو یا سایەکە خوێند مەوە زۆر وازیحە، ئەوانەی کە ئەشکالی تێدایە بۆ مەسەلەی خۆ پاڵاوتنە، دەنا بۆ مەسەلەی دەنگدەر زۆر وازیحە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

مەرجی دەنگدەر ئەمەیە لە یاسایەکە، ماددەی (20) ( هاووڵاتی کورد ستان ـ عیراق) بێ کە ئە مە ناو چە جێ ناکۆکەکانیش دەگرێتەوە و (18) ساڵی تە مەنی تەواو کرد بێ، هەر ئەوەندە یە، ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی مەرجی پاڵێوراوە، ئێمە مەرجی پاڵێوراو مان ناوێ، مەرجی دەنگدەرمان دەوێ، کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشت بەکام تۆمار دەبەسترێ، یان ئەگەر ئەوە وەرگیرێت دەبێ ئەوان ماددەکە دەست نیشان بکەن و ماددەی (20) لە یا سای ژ مارە (1)ی ساڵی (1992) یان دە بێ ماددە کە دە ست نیشان بکرێ، یان ئەوە تەفسیر دەکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

مەسەلەی تۆماری دەنگدەران پەیوەندی بە کۆمسیۆنەوە هەیە، د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە کاك صالح تێ دەگەم لەبەرئەوەی دەمێکە موناقەشە لەسەر ئەو مەوزوعە دەکەین، ئەم ترسی ئەوەی هەیە کە بەس تەنها مەبەست ماددەی (20) نەبێ، ئەڵێ لە ماددەی (19) نوو سراوە هەر چی کە بە دەق لەم یاسایە هاتووە، ترسەکەی ئەوەیە کە بگەڕێنەوە بۆ ماددە کانی کە پەیوە ندی بە تۆ ماری دەنگدەران و ئەوانەوە هەیە، ئەم ترسەی ئەو بەوە ئەڕەوێتەوە کە ئیشارە بەو ماددەیە بدەن کە لە یاسای هەڵبژاردن دا هاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆكی پەرلەمان):**

باشە، ئیشارە بە ماددەی (20) بدەی كە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان هاتووە، سەبارەت بەو پێشنیارەی كە كرا، ئێوە ڕاتان چییە؟ بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی ئەو پێشنیارەی كە كاك عمر و ئەو بەڕێزانە پێشنیاریان كرد، كاك د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بەیانی یاسای پەرلەمانمان تەعدیل كرد ماددە یەك، ئەو ماددە یە بووە (22)، ناكرێ و باش نییە ئاماژەی پێ بدەن، بڵێین بە پێی مەرجی دەنگدەر دیارە، خۆ وازیحە و ئەگەر گۆڕیمان یاسای پەرلەمانمان تەعدیل كرد ماددەیەك گۆڕانكاری لەسەر بكرێ یەكسەر موشكیلەمان لەو یاسایە بۆ دروست دەبێ، بۆیە ئاماژە بە ماددەكە نەدرێ باشە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر كاك عمر لێمان قبوڵ بكات، بەڕاستی ئەم ئیشكالە ئێمە لەو ماددەیە حەلمان كرد، كەوا لەماوەی ئەو (30) ڕۆژدا ڕۆژێك بۆ ڕاپرسی دەست نیشان دەكرێ، ئەگەر قسەش لەسەر ئەوەیە بەڕاستی سەرۆكایەتی پەرلەمان وسەرۆكایەتی هەرێم پابەند بكەین بە سەقفێكی زەمەنی دیاری كراوەوە، من پشتیوانی جارێكی دیكە لە قسەكانی سەرۆكی پەرلەمان دەكەم، سەقفیشمان داناوە، نەك سەقف ڕۆژمان داناوە، كە نەتوانراوە ئینتخابات بكرێ، ناتوانرێ، هەر ئەوەندەیە هیچ مانع نییە، دە كەس دێ پرۆژەیەك پێشكەش دەكات و دەستكاری كردنی مودەكە دەكات، بەڕاستی لە قانونیش ئەوەندە سەقف دانان و ئیلزام كردن زۆر موەفەق نابین، لەبەرئەوە ئێمە وەك لیژنەی یاسایی لەگەڵ ڕەئیەكە نین، بەڵام لە نەتیجە ئەوە ئێمە نین كە قەرار بدەین، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان قەرار بدەن و قبوڵیان كرد دەتوانن ڕەئیەكە داڕێژینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆكی پەرلەمان):**

تەبعەن ئەوەی كە كاك گۆران باسی كرد، تەواو دروستە وەكو باسم كرد جارێكی تر دوو بارەی دەكەمەوە، خولی دووەم (2009/7/25) یان دیاری كرد ڕاپرسی لەسەر پرۆژەی دەستوور بكرێ، یەك هێزی سیاسی كە تازە دروست بوو بوو ئەو كات و لەگەڵ هەندێ لایەنی تر دژی ئەوە بوو ڕاپرسی ئەنجام بدرێ لە كوردستان، ڕاپرسیان ئەنجام نەداوە ناچار بوون تەعدیلی بكەن، بۆچی ئێستا جارێكی تر پەرلەمانی كوردستان تووشی ئەمە دەكەنەوە وبێن تەعدیلی ئەم یاسایە بكەنەوە، هەركاتێك پێویست بوو ڕاپرسی لەسەر ئەنجام دەدرێ، هەر كاتێك توانرا ڕاپرسی لەسەری ئەنجام دەدرێ، بابێینە سەر ماددەی (8) تكایە دوا سیاغەی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی/ 8**

ئەو مەرجانەی بۆ دەنگدەر لە دەنگدانی گشتیدا پێویستن بەپێی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو پێویستە لەو کەسەدا هەبێت کە بەشداری راپرسی لەسەر پرۆژەی دەستوور دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵیەتی بەو شێوەیەی خوێنرایەوە؟ مەرجی دەنگدەری دیاری کردووە لە یاسایەکەدا، (54) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/9

لەسەر لایەنی پەیوەندار پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (9) لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ قسەی هەیە لەسەری؟ کەس نییە کەواتە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟ کێ لەگەڵیەتی؟ (59) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی (10)، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/10

لە ئەسڵی پرۆژە یاسایەکە، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم/** یاسای ژمارە (16)ی ساڵی 2008 هەڵدەوەشێتەوە.

**دووەم/ سێیەم/** کار بە هیچ یاساو بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟.

**بەرێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (10) لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عادل فەرموو.

**بەرێزعادل عزیز شكر:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر برگەی یەكەم یاسای ژمارە (16)ی ساڵی (2008) هەڵدەوەشێتەوە، مەفروزە یا سای ژ مارە (8) یش هەڵبوەشێتەوە، لەبەر ئەوەی پەرلەمان دەنگی بەو رەشنووسە داوە، كە لە یا سای ژ مارە (16)ە دا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

یاسای ژمارە (8)ی كامە؟

**بەرێزعادل عزیز شكر:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بریاری ژمارە (8)ی ساڵی (2008)ی لە پەر لەمانی كورد ستان ئەو كا تە لە كۆی (96) ئە ندام پەر لەمان (95) دەنـگی دراوە بڕ یاری ژ مارە(16)ەی (2009) بـ بوورە بە پـ ێی خاڵی (2) بر گەی یە كەمی ماددە (10)ەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستانی عێراق ژمارە (1)ی سالی (2005) هەموار كراو بـ بوورە بـ چینە سەر بریاری (8)ەكە یەكەم پەسەند كردنی پرۆژە دەستووری هەرێمی كوردستای عێراق بە (95) دەنگ لە كۆی (96) ئەندام من هەر گوتم ئەو كاتە ئامادە بوو ئامادەنەبوو (14) ئەندام.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بڕیاری ژمارە؟

**بەرێزعادل عزیز شكور:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بریاری ژمارە (8)ی (2009) .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سۆران فەرموو.

**بەرێز سۆران عمر سعید:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راستە، كە یاساكە هەڵبوەشێتەوە هەموارەكانیشی هەڵدەوەشێتەوە، بەس یا سای ژ مارە (16)ەی (2008)ی هەمواركراو، چونكە دوو هەمواری هەیە بو بە یاسای (9-10)ی (2009).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، وایە، راستە، کاك د. شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی کاك عادل و کاك سۆران دەکەم، بڕیاری ژمارە (8)ەکەش ئەخوێنمەوە، بڕیاری ژمارە (8)ی ساڵی (2009) ئەوەیە کە ئەڵێ پەسەند کردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراق (95) دە نگ لە کۆی (96) ئە ندامی ئا مادەبوو ئا مادە نەبوونی (14) ئە ندام، کە رۆژی راپرسییەکە شی دیاریکردووە، ئەو وەکو چۆن ناوی یا سای ژ مارە (16)ە هاتووە ناوی بڕ یاری ژ مارە (8)ی ساڵی (2009) بێت، لەگەڵ هەموارەکانی یاسای ژمارە (16)ش ، ئەوەی دوو هەمیش وە کو خۆی بمێنێ تەوە کار بە هیچ یاساو بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەو هیچ ئیشکالی تێدا نی یە، بەس یەك لێرە یا سای ژ مارە(16)ەی (2008)ی هەموارکراو هەڵدەوەشێتەوە، موشکیلەکە حەل دەبی، چونکە هەموو ئەوانەی هاتوون هەموار کردنن بۆ یا سای ژ مارە (16)ە، بەس کەلیمەی هەموارکراو زیاد بکرێ هیچ کێشە دروست نابێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕاتان چییە؟

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (10) دوای وەرگرتنی رای ئەندامانی پەرلەمان بەو شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**ماددەی دەیەم:**

بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم/** یاسای ژمارە (16)ی ساڵی 2008ی هەموار کراو هەڵدەوەشێتەوە.

**دووەم/** بڕیاری ژمارە (8)ی ساڵی 2009 هەڵدەوەشێتەوە.

**سێیەم/** کار بە هیچ یاساو بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ یەتی بەو شێوەیەی خوێنرا یەوە؟ (63) کەس لەگەڵ یەتی، کێ دژ یەتی؟ کەس نی یە دژی بێ، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی یازدە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یازدە لە ئەسڵی پرۆژە یاساکە

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بلاْو دەکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یازدە لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس نییە، کێ لەگەڵیەتی بەو شێوەیەی کە خوێندرا یەوە؟ (71) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسەند کرا، هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە؟

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە لە ئەسڵی پرۆژە یاساکە لە پێناو هێنانە کایەی سازان و دانانی میکانیزمی پێویست بۆ ئامادە کردنەوەی پرۆژەی دەستوورو پەسند کردنی لە راپرسییەکی سەرتاسەریدا ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن؟

**کاک خلف فەرموو:**

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ئەوە بۆ ئامادەکردن بکرێتەوە بۆ ئامادەکردنەوەی، چونکە ئێمە لە ماددەکانی پێشوو ئامادەکردنمان کرد بە ئامادەکردنەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر وەتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم تەنها وشەی سازانی بۆ زیاد بکرێ لە پێناو سازان و دانانی میکانیزم رستەکە دەقەکە تەواو دەبێ .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاری فەرمووو.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سازان ئالیاتە، مبدء نییە، یەعنی وەسیلەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە تیا نەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڤالا فەرمووو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە دوای وەرگرتنی راو پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان لە پێناو هێنانە کا یەی سازان و میـ کانیزمی پێویـ ست بۆ ئا مادەکردنی پرۆژەی دە ستوورو پە سەند کرد نی لە راپر سییەکی سەرتاسەریدا، ئەم یاسایە دادنرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە؟ (75) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژ یەتی؟ کەس نیـ یە دژی بێ، کەواتە پەسەند کرا، کۆی پرۆژە یاساکە ئەخەینە دەنگەوە کێ لەگەڵیەتی؟ (77) کەس لەگەڵیەتی، کێچ دژیەتی؟ کەس نیـ یە دژی بێ، کەوا تە پە سەند کرا، پیرۆز بایی لە خەڵکی کورد ستان دە کەین بە بۆ نەی دەرچوونی ئەم یاسایە بە دڵنیایەوە دەرچوونی ئەم پرۆژە یا سایە لە پەر لەمانی کورد ستان رێگای یە کەم لەبەردەم سازانی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان مەیسەر ئەکا، هـ یوادارین هەنگاوەکانی تریـ شی بە دواوە بێ بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستوور، زۆر سوپاس بەڕێزان ئە ندامانی پەر لەمان بەم شێوەیە دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێهات.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان  عێراق** | **کوردستان  عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9)ی**

**چوار شەممە رێكەوتی 21/4/2015**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9)

## چوارشەممە ڕێكەوتی 2015/4/21

كا تژمێر (11)ی پێش نـ یوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێـكەوتی 2015/4/21 پەر لەمانی كورد ستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یو سف محـمد صادق سەرۆكی پەر لەمان و، بە ئا مادەبوونی بەڕێز جعـفر ا براهیم ئێمینـ كی جێـ گری سەرۆك و، بەڕێز فخرا لدین قادر سكرتێری پەر لەمان, دانیـ شتنی ژ مارە (9)ی خولی چوارەمی, ساڵی (2015) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) له پەیڕەوی ناوخۆی ژ مارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كورد ستان - عـ ێراق, دە ستەی سەرۆكایەتی پەر لەمان بڕ یاری دا دانیـ شتنی ژ مارەی (9)ی خولی گر ێدانی دووە می ساڵی یە كەم لە خولی چوارەمی هەڵـ بژاردن لە كات (11)ی پێش نـ یوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2015/4/21 دا بەم شێوەیە بێت:

1 گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای پاراستنی مافەكانی پێكهاتە نەتەوەیی و ئاین و تیرە ئاینییەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ڕاپرسی بەپێی ماددەكانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو.

2- پێشاوخستن و گفتوگۆ كردنی ناڕازی بوونی بەرێز سەرۆكی هەرێم لەسەر ماددەی پێنجی یا سای ژ مارە (7ی ساڵی (2014) یا سای هەمواری یە كەمی یا سای دە ستپاكی یا سای گ شتی دە ستپاكی لە هەرێمی كوردستانی عێراق ژمارە (3) ی ساڵی (2011).

3- خوێندەوەی یە كەم بۆ ئەو پرۆژە و بڕیارا نەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

یەكەم: پرۆژە یاسای بەركار كردن و هەمواری یا سای هاوردە كردن و فرۆ شتنی بەرهە مە نەوتیـ یەكانی ژمارە (9) ی ساڵی (2006) لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

دووەم: پرۆژە یاسای كۆمپانیای كوردستان بۆ پاڵاوتنی نەوت و بەروبوومەكانی.

سێیەم: پرۆژە یاسای هەمواری یاسای باری كەسی ژمارە (188) ی ساڵی (1959) لە هەرێمی كورد ستانی عێراق.

چوارەم: پرۆژە یاسای قەرەبووكردنەوەی زیان لێكەوتوانی ئۆپەرا سیۆنەكانی زۆرەملـێی دانیـ شتوانی ناو چە كوردستانیەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق.

پێنجەم: پرۆژە یاسای پاراستنی مافەكانی نەخۆش و پزیشك و كارمەندە تەندورستییەكان.

شەشەم: پرۆژە بڕیاری دیاری كردنی ڕۆژی (2014/8/3) وەكو ڕۆژی جینۆساید كردنی شنگال.

حەوتەم: پرۆژە بڕیاری تایبەت بە پەنابەران و دیپۆرت كراوان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەست پێ ئەکەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (9)، ڕۆژی دانیشتن (2015/4/21)، بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی بڕگە یەکی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، ژمارە (1) ی ساڵی ( 1992 ) ی هەموار کراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیار یدا کاتی دانیشتنی ژمارە (9) ی خولی بەهارە لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (11) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (2015/4/21) بەرنامەی کاری دانیشتن بەم شێوەیە بێت:**

**1 گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پاراستنی مافەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاین و تیرە ئاینییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ڕاپرسی بەپێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.**

**2- پێشاوخستن و گفتوگۆ کردنی ناڕازی بوونی بەڕێز سەرۆکی هەرێم لەسەر ماددەی پێنجی یاسای ژمارە (7ی ساڵی (2014) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستپاکی یاسای گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (3) ی ساڵی (2011).**

**3- خوێندەوەی یەکەم بۆ ئەو پرۆژە و بڕیارانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.**

**یەکەم: پرۆژە یاسای بەرکار کردن و هەمواری یاسای هاوردە کردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکانی ژمارە (9) ی ساڵی (2006) لە هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**دووەم: پرۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ پاڵاوتنی نەوت و بەروبوومەکانی.**

**سێیەم: پرۆژە یاسای هەمواری یاسای باری کەسی ژمارە (188) ی ساڵی (1959) لە هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**چوارەم: پرۆژە یاسای قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوانی ئۆپەراسیۆنەکانی زۆرەملێی دانیشتوانی ناوچە کوردستانیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**پێنجەم: پرۆژە یاسای پاراستنی مافەکانی نەخۆش و پزیشك و کارمەندە تەندورستییەکان.**

**شەشەم: پرۆژە بڕیاری دیاری کردنی ڕۆژی (2014/8/3) وەکو ڕۆژی جینۆساید کردنی شنگال.**

**حەوتەم: پرۆژە بڕیاری تایبەت بە پەنابەران و دیپۆرت کراوان.**

**ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەین پوختەیەك لە دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە.**

**بەڕێز فخرالدين قادر-سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، پوخ تەی دانیشتنی ژ مارە (8) ی كۆبوو نەوەی ئا سایی پەر لەمان لە بەرواری (2015/4/13) بەو شێوەیە بوو:

1 دەست پێكردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانەوە.

2- خوێند نەوەی پوخ تەی دانیشتنی پێشوو، و خوێند نەوەی ناوی ئە ندامانی پەر لەمانی ئا مادە نەبوو و ئامادە نەبووی كۆبوونەوەی لیژنەكانی پەرلەمان لەلایەن سكرتێری پەرلەمانەوە.

3- گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای ئامادە كردنی دەستووری هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ڕاپرسی.

4- گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای پاراستنی مافەكانی پێكهاتە نەتەوەیی و ئاین و تیرە ئاینییەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ دواخرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، داوا لە بەڕێزتان ئەكەین ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشووی لیژنەكانی پەرلەمان بخوێنەوە.

**بەڕێز فخرالدين قادر-سكرتێری پەرلەمان:**

ناوی ئا مادە نەبوانی ئە ندامانی پەر لەمان كە لە دانیشتنی ژ مارە (8) ی ئا سایی لە بەرواری (2015/4/13) مۆڵەت دراون بوون یان بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بەم شێوەیەیە:

لە دانیشتنی یەكەم:

1 بەیار طاهر- مۆڵەت

2- بەشار مشیر-مۆڵەت

3- تحسین اسماعیل- مۆڵەت

4- زۆزان صادق-مۆڵەت

5- فرهاد حەمە صالح-مۆڵەت

6- لینا عزریا-مۆڵەت

7- محمد علی-مۆڵەت

8- مدینە ایوب-مۆڵەت

لە دانیشتنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (8) ی ئاسایی لە بەرواری (4/13) بەم شێوەیە بوو:

1 بەیار طاهر- مۆڵەت

2- بەشار مشیر-مۆڵەت

3- تحسین اسماعیل-مۆڵەت

4- جمال عثمان-ئامادە نەبووە

5- جوان اسماعیل-ئامادە نەبووە

6- زۆزان صادق-مۆڵەت

7- سالار محمود-ئامادە نەبوو

8- عباس غزالی-ئامادە نەبوو

9- عبدالرحمن فارس-ئامادە نەبووە

10- فرهاد حەمە صالح-مۆڵەت

11- لینا عزریا- مۆڵەت

12- محمد علی- مۆڵەت

13- مدینە ایوب-مۆڵەت

ڕا پۆرتی بەدوادا چوونی کۆبوو نەوەی هەفتا نەی لیژ نە هەمیشەییەکانی پەر لەمانی کورد ستان لە (2015/4/16) تا (4/21) بەم شێوەیەیە:

دانیشتنی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بەم شێوەیە خوارەوە بوو:

1 لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە (4/20) کۆبوونەوەی کردووە:

1 لینا عزریا

2- هەورامان حەمە شەریف

مۆڵەت بوون.

دووەم: لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان لە (4/20) کۆبوونەوەی کردووە:

1 بەیار طاهر مۆڵەت بووە

سێیەم: لیژنەی دەستپاکی لە (4/20) کۆبوونەوەی کردووە:

1 فرست صۆفی- ئامادە نەبووە

2- خلف احمد مۆڵەت بووە

3- گۆران ئازاد ئامادە نەبووە

چوارەم: لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان لە (24) کۆبوونەوەی کردووە:

1 مدینە ایوب- ئامادە نەبووە

2- شرین حسنی-مۆلەت

3- سۆران عمر- مۆلەت

پێنجەم: لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە (4/20) کۆبوونەوەی کردووە:

1 شێرکۆ حەمە امین- مۆڵەت

2- وحیدە یاقۆ-مۆڵەت

3- شوان قەلادزەیی-مۆڵەت

4- زۆزان صادق- مۆڵەت

شەشەم: لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بەنداوەکان لە (4/20) کۆبوونەوەی کردووە:

1 خلف احمد- ئامادە نەبووە

2- فەرهاد سەنگاوی- مۆڵەت بووە

حەوتەم: لیژنەی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن لە (4/21) کۆبوونەوەی کردووە:

1 تحسین اسماعیل-مۆڵەت بووە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا داوا لە هەردوو لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافەکانی مرۆڤ ئەکەین بێنە سەر مەنەسە بۆ دەست پێکردن بە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان نوقتەی یەکەم، فەرموو، کاک بەیار نوقتەی نیزامییە؟ فەرموو.

**بەڕێز بەیار طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەندین ڕۆشنبیر و کۆمەڵێت ییێت ئێزێدیا داخازا کری کو ئەڤ رنیشتتنا و خاندنا بۆ ڤێ یاسایێ بێتە دەرفەتەکا دی بێتە دان کو بشێن دیراسەکا باش بۆ بکەن ئەڤ یاسایە کو ب شێوەکا کامل بێتە دەرکەفتی نەکو کێما هەبیتن، داخازا ژ بەرێزت دکەین وەکو ئەندامێت پەرلەمانێ کو بەرچاڤ بێخن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك یعقوب.

**بەڕێز یعقوب گورگیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیری ئەوڤ پێشنیارە دکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یروانت فەرموو.

**بەڕێز یراونت نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پشتکیریا ڤێ ئیقتیراحی دەکەین، بێتە تەئخیر کرن بۆ فەترەکا دی تا پتر دانوستان ل سەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر ئیبراهیم.

**بەڕێز ابراهیم سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا پێشنارێت بەرێز کاك بەیار دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتوو ئامینە.

**بەڕێز امنە زكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڤان دوو ڕۆژێت چوویدا وەكی كاك بەیاری ژی ئاماژە پێدا پەیوەندیێن جۆراوجۆر هەم ژ ئالیا مەسیحی و ئێزیدی و شەبەكا دگەل مەیا هاتیە كرن، و دیارە ئەڤ ورکشۆپێن كو دەربارێ ڤێ یاسایێ هاتیە كرن بۆچوونێن پێكهاتە بتایبەتی ئەدیانا ڤێ پرۆژێ یان ژ ڕاپۆرتا لیژنەیێ جهێ خۆ نەكریە، هەلبەت ئەم هەمی ژی دزانین كو سیاسەتا حكومەتا كوردستانێ پرۆژێ دەستووری و هەمی سیاسەتا دەزگایەن حكومەتا هەرێما كوردستانێ ژی ئیتمنانەكی ددەنە كو پێكهاتێ لایەنێ كو دگەل نەتەوا كوردا دژی ل هەرێما، كو مافێن وان نەتەوەیی، مافێت وان دینی پارێزراو بن، بۆ هەندێ كو ئەم ڤێ ئیتمنانێت دایێ، ئەز پشتگیریا ڕایێت هەڤالێ دكەم، مەجا لەكی دی بدەهینێ، بتایبەتی ڕەئیێ وان جێ بگرن، چونكی وان دیارە ئەو پێشنیارێت هەیە ژ ڕاپۆرتێ جێهێ خۆ نەگرتییە، ئەم دێ یاسایەكی دەرئێتخین بۆ پێكهاتو نەتەوە، ڤێتن ئەو پێتڕازی بن، و دیارە هەمی ڕەئێت وان نەهاتیە وەرگرتن، ئەزی باش دبینم كو بێتە پاش ئێخستن، بزانین كا داخازیت وان چنە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەگەر هەمان ئەو بابەتە یە كە ئەتانەوێ دوابخرێ ئیتر پێویست ناكات، پێم وابێ ڕاكان ڕوون كرانەوە، كێ ئیعتڕازی هەیە لەسەر ئەوە؟ مامۆستا ماجید فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە یاسایەی ئەمڕۆ بەنیازین گفتوگۆی لەسەر بكەین، دوای وەرگرتنی سەرنجی ئەندامە بەڕێزەكان، دوای چەندین لێكۆڵینەوە و گفتوگۆ كردن ئامادە كرا بە هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەری پێكهاتە جیاوازەكانی كوردستان كە لەلایەن سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان ڕێكخرا بوو، دواتر هەموو ڕاكان پێكەوە گەلاڵە كران، پاشان بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ دوای چەندین كۆبوونەوە گەیشتینە ئەو پرۆژەیە، هەرچەندە لە كۆتاییدا چەندین ماددەمان لە چەند ماددەیەك ڕێكخست، ڕەچاوی مافی ئێمە وەكو كلدان و توركمان و ئاشوور و هەموو پێكهاتە ئاینی و تیرەكان و نەتەوەكان كراوە، پێم وایە پرۆژە یاسایەكی تێر و تەسەلە، ئەگەر بمانەوێ لەوە زیاتر وردە كاری پێ بدەین پێم وایە پرۆژەكە لاواز ئەبێ، ئاشكرایە لە كوردستان چەندین نەتەوەین، وەكو توركمان و كلد و ئاشوور و جگە لە چەندین پێكهاتەی ئاینی و تیرە ئاینییەكان، ئەگەر زیاتر ورد بین لەو هەموو پێكهاتە ئاین و نەتەوە یاسایەكە بە عەقارێكی تر دەڕوات، پێم وایە ستەم و غەدر لە كەس نەكراوە، بەپێچەوانەوە پرۆژەیەكی گرنگە لەو

خولەی پەرلەمان دێتە ئارا کە حەقیقەتی هەمەرەنگی و پێکەوە ژیان لە کوردستان ئەچەسپێنێ، بۆ یە تکا ئەکەم ئەمڕۆ بتوانین ڕاو سەرنجی ئەندامەکان وەرگرین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، وەحیدە خان ئیعتیڕازت هەیە یان پشتگیری ئەوە ئەکەی دوابخرێ؟ فەرموو.

**بەڕێز وحیدە یاقۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبێژم ئەڤ پرۆژە یەعنی وە د کەت ئەم نە هاوولاتێ یا کورد ستانێنە، ئەز دبێژم وەکی هاوولاتێ یا کوردستانێ مافێت مە بهێتە چەسپاندن ل دەستووریٚ هەرێمی باشترە، ئەز دبێژم ئەڤە تشتەکی زیادە یە، ئەگەر مافێت مە ل دەستووریٚ بهێتە چەسپاندن ئەڤە بۆ مە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەتوانین لە پرۆژەی دەستووریش بیچەسپێنین، فەرموو دکتۆر سرود، فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی مامۆستا ماجید ئەکەم، یەعنی پرۆژەکە پێشکەش کراوە، بەشی زۆری ئەوانەش لە شوێنی تر ڕێکخراون، و بڕوام وایە هەموومان پشتگیری مافی ژیان، پشتگیری وەکو یەکین، دژی هەموو جیاکاریەکین، جیاکاری ئاینی بێ یان نەتەوەیی، هەمووی ڕەت ئەکەینەوە، بەهیچ جۆرێك بڕوامان پێ نییە، لە ڕابردووش کارمان بۆی کردووە، لە ئایندەش بەردەوام ئەبین، سەلماندووشمانە، بۆ نموونە لە سلێمانی لە ئەنجومەنی پارێزگا برا یەکی خۆمان مەسیحی لە ناو قائیمەکە دانابوو بێ ئەوەی قائیمەی سەربەخۆی بۆ دروست بکەین، بەڵام بڕوام وایە ئەگەر لێم قبوڵ بکەی ئەو قسەیە ئەکەم، هەندێ جار جیاوازی لە بەرامبەر ئێمە ئەکرێ لە لایەن ئەو دەستەڵاتەی حاکمە لە هەرێمی کوردسان، و هەزار نموونەشم هەیە لەسەر ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك حاجی کاروان.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو یاسایە لەوە ئەچێ ماندوبوونێکی زۆری لەگەڵ کرابێ، ئێستا گەڵاڵە بووە، پاکنووس کراوە، موشکیلەی نەماوە، ئەوەی مامۆستا ماجید ئیشارەتی پێدا ئەگەر چاوەڕێی دەستوور بکەین ئەو دەستوورە وەردە کاری تێدا نییە بۆ ئەو پێکهاتانە، بۆیە بەراستی تەوفیتێکی زۆر باشە، بۆ ئەو حاڵەتە ڕۆژێکی تر تەئخیر بێ لە مەسلەحەتی پێکهاتەکان نییە، ئەبینین ڕۆژانە بە ناوی مەزهەب و تیرەوە خەڵکێك ئەکوژرێ بێتاوان، بۆیە ئەگەر ئەو یاسایە چەندی زوو دەنگی لەسەر بدرێ لەوە ئەچێ دەرنگ بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئایدن.

**بەڕێز ئایدن معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی قسەکانی کاك ماجید ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك محەمەد تۆش پشتیوانی لە کاك ماجید ئەکەی؟

**بەێز محمد سعد الدین :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکم هەبوو، تا دوێنی زۆر گرنگ بوو ئەو یاسایە، نازانم ئەمڕۆ لە سەعات 11-30 بۆ گرنگ نەبوو؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرێمی کوردستان خاوەنی پەرلەمانە بۆ ڕێکخستنی ماف و ئازادی و پێویستیەکانی خەڵك لە ڕێگەی تەشریع و دەرکردنی یاسا و بڕیار بۆ هەموو هاووڵاتیانی هەرێم، من لەگەڵ ئەوەم پێکهاتەکان تایبەتمەندیان بپارێزرێ بەپێی پێویستییەکانی حکومەت، بنەماش بۆ ئەو پاراستنە دەستوورە، ئەگەر ئەمانەوێ بەحەقیقی ئەوە نەبێتە یاسایەك وەکو یاساکانی تر لە ڕەفەکان بمێنێتەوە، پێداگیری بکەین لە سەر مەسەلەی هەموار کردنەوە و پێدا چوونەوەی دەستوور و زامن کردنی ماف و ئازادیەکانی پێکهاتەکان هاوشێوەی کورد، ئەگەرنا ئەو پرۆژە پرۆژەکی گرنگە، بۆیە هیچ لە ئەندامەکان دژایەتیان لەگەڵ نەبووە، ئەگەرنا لە بواری جێ بەجێ کردنەوە بە دیدی من ئەو یاسایە جێ بەجێ ناکرێ، باشترین وەفا و پیشاداندانی حەقیقەت بۆ پێکهاتەکان و پێکەوە ژیان ئەو دەستوور بکەینە بنەما، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆربەی قسەکان کران، منیش لەگەڵ ئەوەم ئەو پرۆژە یاسایە دوا بخرێ، بۆ ئەوەی زیاتر دیراسە بکرێ، و ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو پرۆژە یاسایە هاتووە پێویستە لە ماددەکانی دەستوور جێی بکرێتەوە، ئەوەش بەو واتایە نییە کە ئێمە مافی پێکهاتەنەتەوەیی و ئاینییەکان تاخیر بکەین، بیبەستینەوە بە

دەستوور، بەڵام لە راستیدا پێویست بە دیراسەکردنی زیاتر هەیە، هەم بۆ پێکهاتە نەتەوەییەکان، هەمیش بۆ پێکهاتەکانی تر لە ڕووی ئاینزانییەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو پرسە بە دەنگدان یەکلایی ئەکەینەوە، بەڵام با من هەندێ ڕوون کردنەوە بدەم، دەرفەتتان ئەدەمێ لیژنە پەیوەندیدارەکانیش ڕوون کردنەوە بدەن، ئەندامانی پەرلەمان، دوو پرۆژە یاسا بۆ ئەو بابەتە پێشکەش کراون، یەکیان لە (2014/5/28)، ئەوەی تر لە (2014/9/7) پێشکەش کراوە، پێم وابێ ئەو پرۆژە یاسایە لە خولی گرێدانی یەکەمی ئێمە کە دەستمان بە کارەکانمان کرد خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، ئەوەی تریش لە خولی گرێدانی دووەم خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، و ئاڕاستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان کراون، لەو کاتەوە تا ئێستا سێ جار سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان ووۆرکشۆپی بۆ ساز کردووە، و لەگەڵ نوێنەری پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکان دانیشتنیان ئەنجام داوە، و خۆیان پرۆژەیەکیان گەڵاڵە کردبوو، و هەر ئەو پرۆژەیە کە بە زمانی عەرەبی نووسرابوو ئاڕاستەی لیژنەی پەیوەندیدارمان کردووە، و ئەوە کراوە بە ڕاپۆرتی هەردوو لیژنەی پەیوەندیدار، و پێم وابێ ئیشکالیان لەسەری نەبووە، و ئەوە کراوە بە بنەما بۆ ڕاپۆرتەکەیان، تەبعەن لەو دانیشتنە نوێنەری هەموو پێکهاتەکانی کوردستان بەشدار بووە، باسی ئەوە ئەکرێ ڕەنگە لە چوار چێوەی دەستوور جێگەی بکرێتەوە، لە چوار چێوەی دەستووریش ئەتوانرێ بە شێك لەو مافانەی پێکهاتەکان کە پێویست ئەکات لە چوارچێوەی دەستوور جێگەی بکرێتەوە، بەڵام بەو شێوە تەفسیلە کە مافەڕۆشنبیری و ئاینی و ئەوەی پەیوەند یدارە بە پەروەردە جێ بکرێتەوە، ناتوانرێ هەموو لە چوارچێوەی دەستوور جێ بکرێتەوە، بۆیە ئەندامان پەرلەمان بە دوو پرۆژە یاسا کە ئێستا لە بەر دەستی ئێوەش هەن ئەوەیان پێشکەش کردووە و نوێنەری پێکهاتەکان خۆشیان وتوو ێژیان لە سەر کردووە، و ڕاپۆرتی خۆیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی کردووە، بۆیە پێم وایە وەکو ڕای شەخسی خۆم کە بەردەوام موتابەعەی ئەو پرسەم کردووە لەگەڵ نوێنەری پێکهاتەکان کە خۆیان باش ئەزانن بە بەردەوامی موتابەعەی ئەوەمان کردووە کە بە زووترین کات ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە بکەین، خۆیان کەسانی تایبەتمەند و پسپۆڕ بێنن لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دانیشتن بکەن بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئەو پرۆژە یاسایە دەربچێ، وا هەست ئەکەین ڕەنگە دواخستنیشی هەر ڕۆڵێکی ئەوتۆ نەبینێ، هەر هەمان ئەو بابەتە بێ، چونکە خۆشمان جار بەجارە لەگەڵ پێکهاتەکان دانیشتووین، لەگەڵ ئێزدی و مەسیحیەکان دانیشتووین، لەگەڵ کلدو ئاشوور و تورکمانەکان دانیشتووین بۆ ئەوە، حەز ئەکەم لیژنە پوەندیدارەکانیش ئەگەر قسەیەکیان هەیە بۆ ئەوە بیکەن، دوایش ئەیخەینە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمانەوە، کاك ئومێد نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاشگەزبوونەوە هەستی پێناکرێ لەوەی کە یاساکە گرنگە، دوێنێ گرنگ بوو، ئەمڕۆش گرنگە، سبەینێ کە جێ بەجێش ئەبێ گرنگە، دەستوور گرنگە، بەڵێ، بەلاّم ئەو تەفسیلەی کە دەر ئەکرێ بۆ مافی تیرە و پێکهاتەکان لە هەرێم ئەوە بە مەعنای ئەوە نییە لە ئەهمیەتی دەستوور کەم بکاتەوە، یان ئەگەر یا سایەك هەبێ کەمتری بکاتەوە، بەڵکو دەوڵەمەنتری ئەکات، بۆ ئەوەی لە دەستوور مافی ئەوان بچەسپێ، بەلاّم بە هەمان شێوە یاسایەکی تایبەت بە ئەوانیش هەبێ دەوڵەمەند تری ئەکات، دوو، ئەوە داواکاری ئەوان بووە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو ئاین و پێکها تە جیاوازە کان پەیوە ندیان کردووە لە گەڵ ئە ندامانی بەڕێز پەرلەمان پێیان وا یە ئەبێ دەوڵەمە ندتر بێ، ئەبێ زێتر لە هەموو ئەو خوا ستانەی ئەوان لەو یا سایە جێگەی بێتەوە، لە ڕووی واقیعەوە هەرێمی کوردستان ئەو شانازییەی بەر کەوتووە، لە ڕا بردوو پێکەوە ژیان بێ یاساش هەبووە، بەلاّم.......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد من پرسیارێك ئەکەم، هیچ یاداشتێکی ڕەسمی ئەو پێکهاتانە لەبەر دەستی بەڕێزتان هەیە داوای دواخستنی ئەو دانیشتنە بکەن؟

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

.....نەخێر هیچ یاداشتێك نییە....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوێنەری ئەوان خۆیان بەشدار بوونە.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

.......ئەگەر ئیزنم بدەی ئەمەوێ وەلاّمەکەم بەو شێوەیە بێت، لە ڕووی واقیعەوە لە هەرێمی کوردستان ئەو شانازیە هەیە، بەیەکەوە ژیان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو یەکێ لە شانازییەکانی هەرێمی کوردستان بووە، ئەمڕۆش لە پەرلەمانی کوردستان ئەگەر ئەو بابەتە بە یاسا ڕێکبخەین ئەوە شانازیەکی دیمان ئیزافە کرد، وەکو باسیش ئەکرێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەرێمی کوردستان یەکەم وڵات ئەبێ بە یاسا مافی پێکهاتەکان دەچەسپێنێ، واتە ئەوە شانازییەکی ترە بۆ کوردستان، ئەوەی ئەمڕۆ قسەی دەر بارەوە ئەکرێ ئەوەیە کە فرسەتی زیاتر هەبێ، کەلەبەری کەمتر لە یاساکە هەبێ، جێگەی هەموو سەرنج و تێبنییەکانی تێیدا ببێتەوە، ئەگەرنا حازرین، فەرموو با گفتوگۆی بکەین، ئەو یاسایە گرنگە، بە هەموو شێوازێك پشتگیری ئەکەین، ئێمەش لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوە بڕیاری ئێمە یە نەزەر ئیعتیباری پێکهاتەکانی پەرلەمان، و ئەو ئیعتیبارە لە بەرچاو ئەگیرێ، ئیزافەیەکمان لەسەر قسەی ئەوان نییە غەیری پشتگیری، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێمە لە لیژنەی یاسایی و لیژنە مەعنییەكان لە كاتی گفتوگۆ كردنی ئەو پرۆژە یاسایە بەلاما نەوە گرنگ بووە وەر گرتنی ڕاو سەرنجی كۆی پێكها تەكانی پەر لەمانی كورد ستان و ئەوا نەی دەرەوەی پەرلەمانیش، خۆیان ووركشۆپیان بۆ ئامادە كرد، خۆیان دوو پرۆژە یا سایان هێنا، خۆ یان لەو دوو پرۆژە یاسایە یەكیان گەلاڵە كرد، تەنانەت ئێمەی ئەندامانی لیژنە كە شاهێدی ئەوەمان بۆ ئەدەن گوتمان تا ئێوە ڕەزامەند نەبن لەسەر كۆی ڕاپۆرتەكە، و ئێوە خۆتان واژووی نەكەن هیچ ئەندامێكی ئێمە كە لە دەرەوەی ئەوانەی حقوقەكانیان باس كرا واژووی لەسەر ناكەین، خۆیان واژوویان لە سەر دا نا ئینجا ئێمە دا مان نا، من تەئكید لەسەر ئەوە ئەكەمەوە كە 100٪ ئەوان چییان پێ با شە چۆن حقوقە كەیان بەدە ست دێنن ئەوە لەبەر چاو ئەگیرێ، بەلاّم ئەو پرسیارە هەیە كە بەو ئالیەتە ئەو موناقەشە كرایە، بەم بەیانیە یە ئەو پر سیارە درو ست بووە، ئە گەر وەلاّمێكی موقنیع هەبێ لەلا یەن پێكهاتەكا نەوە ئا سایییە تەئجیل بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆر فرست.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی ئەمویست بیلێم بەڕێزت و كاك گۆران وتیان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ئومێد حەمە علی.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێ مە بە هەموو شێوەیەك پ شتیوانی ماڤ تەواوی سیا سی و كۆمەلاّ یەتی و ئابووری و فەر هەنگی و كەلتووریەكانی هەموو پێكهاتەكان ئەكەین، و بە بڕوای ئێمە چەسپاندنی ئەو مافا نە لە یا سایەكی ئاو ها هیچ ڕێگریەك نییە كە هەمان ئەو مافا نە لە دەستووری هەرێمی كورد ستان بچەسپێنین، بۆ یە لێرەوە ئەتوانم بڵێم بە ناوی فراكسیۆنەكە شەوە پ شتیوانی تەواوی ئەو مافا نە ئە كەین كە لە دە ستووریش بچەسپێ، هیچ ڕێگریەك نابینین لەوەی ئەو یاسایە تێپەڕێ، چونكە بە بڕوای ئێمە ئەم یا سایە كە وردە كاری زۆری تێدایە بۆ چەسپاندنی مافەكانیان ئەتوانی بڵێی جیاكاریەكی باشە بۆ ما فەكانی ئەوان ئەكرێ، سەبارەت بە ناوەڕكی یاساكەش بۆ هەموو ئەو هاوڕێ و ئەندامانەش كە باس لە ناوڕۆكی ئەكرێ بۆ ئەوەی

کامڵ تر بکرێ، بۆ ئەوەی تەواوی مافەکانیان من شاهێدی ئەدەم یەك بە یەکی ماددەکانی کە لە (11) ماددە پێك هاتووە تەواوی ما فەکانیان، ئەتوانم بڵێم نموو نەیی ترین، و لە ئەتوانم بڵێم لە وڵاتە دیموکراتەکانیش بۆ پاراستنی مافی پێکهاتە کەمە نەتەوەییەکان یا سای ئاو ها هەبێ، بۆیە بە بڕوای ئێمە زۆر گرنگە موناقەشەی یاساکە بکەین، و بەم یاسایە مافەکانیان بچەسپێنین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کەمال.

**بەڕێز کمال یلدا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تا ئێستا هیچ پرۆژە یاسا لە ناو پەرلەمان ڕەت نەکرایە، ئەو کێشەی لەسەر ئەو پرۆژە هاتیە لەبەر چییە؟ تکا ئەوەیە ئەو پرۆژە نەبیتە ئەوە ئەمە ببینە دەرەجەی دووەم لە وڵاتە، ئەمە خەڵکی کوردستانین، ناڵێین ئەسڵین، بەس لە مێژوو ئەمە کەونین، هیوادارین ئەو پرۆژە ببیتە ئەساسەك بۆ دەستوور، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە ڤالە.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئیشارەتی پێدا بە تەئریخی خوێندنەوەی یەکەم بۆ هەردوو پرۆژە یاساکە دواجار ئاراستە کردنی بۆ هەردوو لیژنەی پەیوەندیدار و هەردوو لیژنە چەند کۆبوونەوە یەکی ئەنجام دا بۆ نووسینەوەی ڕاپۆرت، و لە ئەنجام دانی هەر کۆبوونەوە یەکیش پێکهاتەکان کە ئەندامی پەرلەمانن ئامادەی دانیشتنەکان بوون لە نووسینەوەی بڕگە بە بڕگە، بۆیە هیچ تەعارزێك نییە لە نێوان دەستوور و ئەو یاسایە، دەستوور ئەوەی نەسی لەسەر ئەکات بریتییە لە مەبادیئی عامە، بەڵام ئەو قانونەی لە پەرلەمان دەرئەچێ پێی ئەڵێن ( قوانین المکملە للدستوور)، واتە ئەو قانونانەی تەواوکەری دەستوورن و مەبادیئەکانی دەستوور ئەخەنە سیفەتی ئیلزامی، واتە دەستوور کە مەبادی عامەی داڕشتووە ئینجا قانون دەرئەکەین لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی ئەو مەبادیئانە بچەسپێنین و سیفەی ئیلزامی هەبێ، و حکومەتی هەرێم ئیلزام بکات بەوەی کە دابینی مافی پێکهاتەکان بکات، ئەوەی پەیوەندی بە دەستوور و یاساوە هەیە بەو شێوەیە، واتە هیچ مانیعێك نییە کە لە دەستوور مەبادی هەبێ ماف بچەسپێ ، لە دوای دەستووریش پێویستە قانون هەبێ کە قانونی تەواوکەرە بۆ دەستوور بۆ ئەوەی سیفەتی ئیلزامی بدات بە مەبادیئەکان، لەلایەکی تر هەر پێکهاتەیەکی نەتەوەیی یان ئاینی کە پێشنیارێك هەیە ئەو ڕاپۆرتەی ئەوڕۆ گفتوگۆی لەسەر ئەکرێ ئەتوانرێ لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە دەوڵەمەند بکرێ، و پێشنیاری هەر مافێکی تر بکرێ دوای گفتوگۆ کردن لەلایەن ئەندامانی لیژنەی پەیوەندیدار، و جێگەی بکرێتەوە لە یاساکە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە گفتوگۆی پرۆژە یاساکە لەسەر ڕاپۆرتەکە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو دوو پرۆژەی بۆ پاراستنی مافی پێكهاتە ئاینی و نەتەوەییەكان هاتبوو كاری پێویستی لەسەر كراوە، و یەكەمین و وركشۆپ كە لە هۆڵی پەناگیری ئەنجام درا، وەك بەڕێزیشت باست كرد هەر لەوێ لیژنەیەك لە تەواوی پێكهاتەكان لە ناوەوە و دەروەی پەرلەمانیش پێكهات، بۆخۆیان مسوەدەیان هێنایەوە، و جارێكی تر لە لیژنەی یاسایی، و لیژنەی مافەكانی مرۆڤ بەدەر لە ئەندامانی لیژنە هەردوو لیژنە و پێكهاتەكان بەشداری جدییان هەبووە، و تا ڕای ئەوان وەر نەگیرابێ هیچ بۆ چوونێك لە ڕاپۆرتەكە نەچەسپێنراوە، و موراعاتی تەواو كراوە، ئەكرێ هەر تێبینی و پێشنیارێك بۆ هەر پێكهاتەی ئاینی و نەتەوەیەك هەیە لە چوارچێوەی گفتوگۆكان لەسەر پرۆژەكە جێی بكرێتەوە، و پشتیوانی لێ بكرێ، و داكۆكی لێ بكرێ، ئەگەر سەیریش بكەین واژووی هەر دوو پرۆژە بە شێوەیەك كراوە كە زۆر باشە، و تێبینی كە كراوە وەكو بەڕێز كاك ئایدن لە لیژنەی مافەكانی مرۆڤەوە هەیبووە، ئەتوانین لە ئەسنای گفتوگۆكە بەردەوام بین لە گفتوگۆ كردنی پرۆژەكە، و ئەو پێكەوە ژیانەی لە كوردستان لە غیابی دەستوور ئەكرێ ئەمڕۆ ئەتوانین بە یاسا بیچەسپێنین، و بە یاسا مافی ئەو پێكهاتانە بچەسپێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆرە بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە یاسای مافی پێكهاتەكان یەكێكە لەو یاسایانەی كە ئەبێ ئیستیناد بكاتە سەر دەستوور، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە لە غیابی دەستوور داین، ئەوە تەنیا یاسا نییە كە پێویستە مەبادیئە عامەكانی دەستوور هەبێ، ئینجا ئێمە ئەو یاسایەمان دەركردبێ، چەندەها یاسای ترمان دەركردووە، نەبوونی دەستوور بە مانای وەستانی عەمەلیەی تەشریع نایەت، مەبادیئە عامەكان لە دەستوور نییە و ئێستا ئێمە یاسا دەرئەكەین، چونكە یاسای تریشمان دەركردووە كە پێویستە مەبادیئەكانی لە دەستوور هەبێ، جگە لەوەی ئەو یاسایە ئەتوانم بڵێم لە لیژنەی یاسایی یەكێك بووە لەو یاسایانەی كە زۆرترین ئیشی لەسەر كراوە، و سەرنجی پێكهاتەكان بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە، جگە لەوە ئیعتیمادمان كردۆتە سەر كۆمەڵێك وەسائیقی نێودەوڵەتی، بۆ نموونە ئیعلانی ئومەم موتەحیدە تایبەت بە مافی پێكهاتەكان لە ساڵی (92)، و ئیعلانی مافی حقوقی ئینسان، و ئیعلانیەی مەنعی جەریمەی زدی ناس، ئەوە ئیستینادمان لەسەر كردووە بۆ ئەوەی ئەو یاسایە دابڕێژین، بۆیە ئێستا من بە موبەڕیری گونجاوی نازانم پەسند كردنی ئەو یاسایە دوابخرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو فەیرۆز هیچ تێبینیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز فیرۆز طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو یاسایە بۆ پاراستنی مافێن پێكهاتەیا نەتەوەیی و ئاینییە، مە چەندین كۆبوون كرن، واژوویا هەمی ئەندامە ل سەرە، بەلاّم گەلەك پەیوەندی ئەژێم بێژم چار تا پێنج پەیوەندی دگەل منی هاتییە كرن ژ لایت برا ئیزیدی و شەبەك ڤە، بەلێ ئەم دشێن رەئیەت مە ل گفتوگۆیەتدا ئەم دشێن جهێت وان بكەینەڤە د ناڤ یاسایەدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا ئەیخەینە دەنگەوە، بە دەنگدان یەكلایی ئەكەینەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە گفتوگۆ كردن لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە و ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەكان دوا بخەین؟ (20) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟دەستی بەرز بكاتەوە؟ (50) كەس لەگەڵدا نییە، كەواتە پەسند نەكرا، بەردەوام دەبین لە گفتوگۆیەكانمان، ئێستا فەرموون هەردوو لیژنەی پەیوەندیدار دوو پرۆژە یاساكە بخوێننەوەو ڕاپۆرتی هاوبەش بخوێننەوە، بۆ ئەوەی دەست بكەین بە گفتوگۆ كردن لەسەری، فەرموون.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای یەكەم پرۆژە:

**یاسای رێكخستنی مافی پێكهاتەكان لە هەرێمی كوردستان  عێراق**

**ژمارە ( )ی ساڵی 2015**

مادده (1): پێناسەكان

مەبەستی ئەم یاسایە لەم دەستەواژەو زاراوانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە:

یەكەم: هەرێم: هەرێمی كوردستان  عێراق.

دووەم: حكومەت: حكومەتی هەرێمی كوردستان.

سێیەم: پێكهاتەكان: كۆمەڵە نەتەوەییەكان (نەژادی یان ئەتنی) و ئاینیی و تیرەییەكان، یان مەزهەبییەكان، یان زمانەوانییەكان، كەوا تایبەتمەندی  مێژوویی هاوبەشی هەیەو لە بەشێك لە بەشەكانی كوردستان - عێراق دەژین.

مادده (2): چوارچێوەی پیادەكردن

حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر گشت ئەو کەسانە پیادە دەکرێت کە خۆیان بە ئەندام لە هەر کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی، نەژادی، رۆشنبیری، زمانەوانی، ئاینی، مەزهەبی، دەزانن کەوا زۆرینە پێك ناهێنن، هەروەها بەسەر ئەو نەتەوەو تیرانەی پێیەوە پەیوەندن پیادە دەکرێت.

مادده (3): ئامانجەکان

ئامانجی ئەم یاسایە بریتییە لە رێکخستنی پیادەکردنی پێکهاتەکانی گەلی کوردستانی عێراق، سەرباری مافە دەستورییەکانیان، بۆ مافە سیاسی و کارگێڕی و رۆشنبیری و فێرکاری و ئاینییەکان، کە لە جاڕنامەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییە پەیوەندارەکانەوە هاتوون، وەك جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی کەسانی سەر بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئەتنی و ئاینی و زمانەوانییەکانی ژمارە (135/47)ی ساڵی1992و بەڵێننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان و بەڵێننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئاینی و سیاسییەکان و رێککەوتننامەی نەهێشتنی گشت جۆرەکانی جیاکاری رەگەزیی و رێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ و رێککەوتننامەی جیاکاری (لە بواری بەکارخستن و پیشە) و رێککەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری لە فێرکردن و رێککەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆسایدو جاڕنامەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ.

مادده (4):

دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان  عێراق یەکسانی تەواوو کاریگەر بۆ گشت هاوولاتیانی کوردستان  عێراق مسۆگەر دەکەن:

**یەکەم**: کوردستان  عێراق هەمەجۆری نەتەوەیی، ئەتنی، زمانەوانی، ئاینی، رۆشنبیریی وەك سەرچاوەیەکی هێزو دەوڵەمەندی و ئامرازێك لەپێناو چەسپاندن و پەرەپێدانی دیموکراسی لە کۆمەڵگەیەکی بونیاتنراو لەسەر سەروەری یاساو رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ دادەنێت.

**دووەم**: سەرجەم شێوەکانی جیاکاری دژی هەر پێکهاتەیەك لە پێکهاتە نەتەوەیی، یان نەژادیی، یان زمانەوانیی، یان رۆشنبیری، یان ئاینی، یان مەزهەبی گەلی کوردستان و دژ بەهەر تاکێکی کوردستانیی قەدەغە دەکرێت و یاسا سزای لەسەر دەدات.

**سێیەم**: قەدەغەکردنی هەر بانگەشەیەکی ئاینی، یان راگەیاندن، راستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ، بۆ رق و کینە، یان توندوتیژی، یان تۆقاندن، یان دوورخستنەوە، یان پێشخستن، یان پەراوێزخستن، کەوا لەسەر بنەمای نەتەوەیی، یان ئەتنی، یان ئاینی، یان زمانەوەانی بیناکرابێت.

**چوارەم**:

1- قەدەغەکردنی سەرجەم شێوەکانی جیاکاری، تاکی، یان بەکۆمەڵ، دژ بەهەر پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکانی گەلی کوردستان.

2- قەدەغەكردنی چەوساندنەوەی ماددی، یان مەعنەوی، هزری، یان رواڵەتی، بۆ رۆڵەكانی هەر پێكهاتەیەك، بەپێی پێوەند بوونەكانیان.

**پێنجەم**: رێگەگرتن لە هەر رەفتارێك، یان هەر سیاسەتێكی نەرێنی كەوا ببێتە هۆی گۆڕینی بارودۆخی هەنووكەیی ئەو ناوچانەی پێكهاتەیەكی دیاریكراو تیایدا نیشتەجێن و، رێگەگرتن لە هەر بەخاوەنبوونێك كەوا ئامانجی، یان ببێتە هۆی گۆڕانكاری دیموگرافی بۆ مۆركی مێژوویی و شارستانیەتی ناوچەیەكی دیاریكراو، بەهەر هۆیەك بێت و لەژێر هەر پاساوێك بێت.

**شەشەم**: چارەسەركردنی زێدەڕۆیی ئەنجامدراو لە ناوچەكانی هەر پێكهاتەیەك و گەڕاندنەوەی بارەكە بۆ حاڵەتی پێش روودانی زێدەڕۆییەكە، یان قەرەبووكردنەوەیان بە قەرەبووەكی سوودبەخش، یان لابردنی ئاسەوارو پاشماوەی ئەو ئاسەوارانەی بوونەتە یان دەبنە هۆی گۆڕانكاری دیموگرافی.

**حەوتەم**: لەكاتی دیاریكردنی سنووری یەكە كارگێڕییەكان و بازنەكانی هەڵبژاردن و لە كاتی دانانی پلانی گەشەپێدانی ئابووری و پەرەپێدانی كۆمەڵگەكانی نیشتەجێبوون، هەروەها پاراستنی ژینگە، حكومەتی كوردستان - عێراق بارودۆخی خۆجێی، پەیوەندی كۆمەڵایەتی، بەرژەوەندییە ئابوورییەكان و نەریتە چەسپاوەكانی پێكهاتە نەتەوەیی، یان نەژادی، یان رۆشنبیریی، یان زمانەوانی، یان ئاینی، یان مەزهەبی ئەو ناوچەیە، لەبەرچاو دەگرێت.

**هەشتەم**: پێویستە لەسەر پێكهاتەكان و ئەو تاكانەی سەر بەم پێكهاتەن لە كاتی پیادە كردنی ئەو مافانەی لەم یاسایەدا هاتوون رێز لە مافی كەسانی دیكە بگرن.

مادده (5):

**یەكەم**: هەر تاكێك مافی هەیە ناسنامەی نەتەوەیی، یان ئاینی خۆی دیاری بكات و ئەندامبوونی بە پێكهاتەیەكی دیاریكراو ببەستێتەوە، ئەم مافەش تەنها تایبەتە بە تاكە كەس و هیچ لایەنێك مافی نییە لێی بسەنێتەوە، چونكە مافێكی نەشیاوە بۆ رەفتار پێكردن.

**دووەم**: حكومەتی كوردستان - عێراق مافی یەكسانی و هاودەرفەتی لە ژیانی سیاسی، رۆشنبیری، كۆمەڵایەتی و كاركردن بۆ ئەو تاكەی سەر بە پێكهاتەیەكە مسۆگەر دەكات و، پێویستە لەسەر دەسەڵاتەكانی هەرێم ئەم مافە لە رێگەی یاساو سیاسەتی كاراوە پتەو بكەن.

**سێیەم**: هەر پێكهاتەیەك، بە یەكسانی لەگەڵ زۆرینە، بۆی هەیە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەكانی بە ئازادی بیركردنەوە، ئازادی رادەربڕین، دەزگاكانی راگەیاندن، ئازادی كۆبوونەوەو دامەزراندنی كۆمەڵەو رابیتەكان و ئازادی پیادەكردنی بیروباوەڕی ئاینیشەوە، بە ئازادی پیادە بكات و حكومەت پابەند دەبێت بە پاڵپشتیكردن و چاودێری كردنی ئەم پیادەكارییانە بەشێوەیەكی یەكسان لەنێوان گشت پێكهاتەكان بەپێی یاسا بەركارەكان.

**چوارەم:** هەر پێکهاتەیەك مافی گوزارشتکردنی هەیە لە رۆشنبیری و نەریتەکانی خۆی و، پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم بەو پەڕی توانایەوە کار بکات لە پێناو پاراستنی کلتوری رۆشنبیری و ئاینی گشت پێکهاتەکان.

**پێنجەم:** پێویستە لەسەر دەسەلأتەکانی هەرێم، توانا ببەخشنە رۆڵەکانی پێکهاتەکان، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە زمانی دایك بکەن، لە رێگەی راییکردنی رێگەکانی فێرکردن و رۆشنبیرکردن پێیەوەو بەرێوەبردنی کەناڵی راگەیاندنی تایبەت بەخۆیان، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی کەوا فرەیی زمانەکان بەهایەکی مێژوویی و هزرییە بۆ کوردستان □ عێراق.

**شەشەم:** ئەو تاکانەی سەر بە پێکهاتەیەکی دیاریکراون، بۆیان هەیە ناوە مەدەنییەکانیان بەویستی ئازادی خۆیان هەڵبژێرن و، ناوی سیمبول یان کەسایەتییە مێژووییە گرنگەکانیان، یان رووداوی گرنگ کە بەسەریاندا تێپەڕیوە بەکار بهێنن و، ناونانی شەقام و گەڕەك و گۆڕەپان و شوێنی دیکە لەو ناوچانەی تیایدا رێژەیەکی دانیشتوان پێکدەهێنن.

**حەوتەم:** تۆڕەکانی راگەیاندن بەهەموو جۆرەکانی (رادیۆو تەلەفزیۆن) پابەند دەبن بە ئامادە کردنی بەرنامە دەربارەی مێژوو رۆشنبیریی گشت پێکهاتەکانی گەلی کوردستان و زانیارییەکان بەبێ لایەنگیرییەکی تەواو و دوور لە بەدواکەوتن و هاندان دەگوازنەوە.

**مادده** (6):

دەستەو رێکخراوو نوێنەرانی پێکهاتەکان و خانەکانی پەرستن مافی هاوبەندی و گەیاندنی پەیوەندی رۆشنبیری و فێرکاری و کۆمەلأیەتی و پەرەپێدانیان هەیە لەگەڵ ئەوانەی لە تایبەتمەندی ئەتنی، یان ئاینی، یان زمانەوانی، یان رۆشنبیری لە ناوەوەو دەرەوەدا هاوبەشن لەگەڵیاندا، بەو شێوەیەی ئاسایشی کوردستان □ عێراق پێشێل ناکات و، حکومەتی کوردستان بۆی هەیە رێککەوتننامە گرێبدات و پرۆتۆکۆل واژوو بکات بۆ رێکخستنی ئەم پەیوەندییانە لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان لە وڵأتانی دیکەدا، یان لەگەڵ حکومەتە خۆجێیەکانی و، دەکرێت دەسەلأتی گرێدانی بۆ دەستەو رێکخراوی پەیوەندار تەخویل بکرێت.

**مادده** (7):

لایەنە پەیوەندارەکان پابەند دەبن بە چاوپێخشانەوە بەشێوەیەکی زانستی و بابەتیانەو بێ لایەنگیریی، لە پرۆگرامەکانی خوێندن، بەتایبەتیش وانەکانی مێژوو جوگرافیاو ئاین و، بەو شێوەیەی لەگەڵ رۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ و رووداوە مێژووییەکاندا دەگونجێت.

**مادده** (8):

**یەکەم:** فرە زمانی لە هەرێمی کوردستان □ عێراق خۆی لە بەهاکانی گیانیی و هزری و مێژوویی و رۆشنبیریی گەلی کوردستان دەدۆزێتەوە.

**دووەم**: زمانی کوردی زمانی فەرمییە لە کوردستان  عێراق و، هەردوو زمانی سریانی و تورکمانی دوو زمانی فەرمین لەو یەکە کارگێڕییانەی تیایدا هەن.

**سێیەم**: ئەو تاکانەی سەر بە پێکهاتەکانن مافیان هەیە لە بەکارهێنانی زمان و نووسینی تایبەت بەخۆیان بە ئازادی و، لەسەر هەردوو ئاستی گشتی و تایبەتی.

ماددە (9):

**یەکەم**: دەسەڵاتەکانی هەرێم پابەند دەبن بەگرتنەبەری گشت رێکارە پێویستەکان بۆ دەستەبەرکردن و مسۆگەرکردنی بەشداری و یەکسانی لە گشت بوارەکاندا.

**دووەم**: بۆ مسۆگەرکردنی مافی گشت پێکهاتەکان، ئەوا سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان مافی زۆرینەیە (واتە مافی ئەو پێکهاتەیەیە کەوا زۆرینەی دانشیتوان پێکدەهێنێت)، بەڵام دامەزراوە خۆجێی و فەرمانگە فەرمییەکان ئەوا لە لایەن کەسانی پسپۆڕەوە بەڕێوەدەبرێن، بەو مەرجەی لەسەر بنەمای لێهاتوویی و سەربەخۆیی و بەبێ لایەنگیرییەکی تەواو بێت و، بەگوێرەی هەر پێکهاتەیەك.

**سێیەم**: نوێنەرایەتی کردنی رێژەیی بۆ بەشداری کردن لە یەکە کارگێڕییەکان رەچاو دەکرێت.

**چوارەم**: هاووڵاتیانی گشت پێکهاتەکان مافی هاوبەشیان هەیە لە دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادگەری هەرێم، بە پلەی جیاوازو بەپێی یاسا بەرکارەکان.

**پێنجەم**: بۆ مسۆگەرکردنی پیادەکردنی هاووڵاتیانی کوردستان  عێراق، بەپێکهاتە جۆراوجۆرەکانیەوە، بۆ مافە سیاسییەکانیان بەشێوەیەکی باشتر، ئەوا بۆیان هەیە بەشداری جدی و کارا بکەن لە نوێنەرایەتی کردنی دەرەوەو پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم.

**شەشەم**: پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان  عێراق، هاوبەشی رۆڵەکانی پێکهاتەکان لە هێزە چەکدارەکاندا (پێشمەرگە)و دەزگا ئاسایشیەکان (ئاسایش) کە تیایدا چڕی دانیشتوان پێکدەهێنن، مسۆگەر بکات.

ماددە (10):

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

ماددە (11):

ئەنجومەنی وەزیران رێنمایی بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

ماددە (12):

ئەم یاسایە لە رێکەوتی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

هۆیە پێویستکارەکان

لەبەر ئەوەی کوردستان  عێراق دەوڵەمەندە بە هەمەجۆری ئاینی و نەتەوەیی و زمانەوانی و لەپێناو ڕێکخستنی مافی گشت ئەو پێکهاتانەی تیایدا پێکەوە دەژین و مسۆگەر کردنی پیادەکردنیان بۆ ئەو ماف و ئازادییانەی کەوا زۆر بە وردی لە جاڕنامەی نێودەوڵەتی و گشت پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندار بە مافەکانی مرۆڤەوە جەختیان لەسەر کراوەتەوەو، بۆ مسۆگەرکردنی مامەڵەکردن لەگەڵ هاووڵاتی کوردستانیی بەپێی پرەنسیپی هاووڵاتیبوون بەچاوپۆشین لە جیاوازی ئەندامبوونیان و، لەپێناو چەسپاندنی گیانی ڕێزگرتن و لێبووردەیی لەنێوان پێکهاتەکاندا، ئەوا ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای دووەم/ پرۆژە یاسای پاراستنی مافەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و تیرە ئایینییەکان لە هەرێمی کوردستان  عێراق.

سەرەتاییەکی بۆ نووسراوە دەیپەڕێنم، دەچمە سەر ماددەی یەکەم.

ماددەی یەکەم:

مەبەستی ئەم یاسایە لەم زاراوانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم: جاڕنامە**: کۆمەڵێك بیرۆکەو پرەنسیپی گشتییە خاوەنی سیفەتی پابەندی نییەو، بەهایەکی ڕەوشتیی و مەعنەوی هەیەو، قورساییەکی سیاسی و ڕەوشتی هەیەو. جاڕنامە وەك پێوەرێك وایە بۆ پێوانە کردنی پلەی ڕێزگرتن لە ستاندەرە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ. وەك جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ.

**دووەم: ڕێککەوتننامە**: زاراوەیەکە بۆ ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی بەکاردێت و، پلەیەکی پێشکەوتوی جاڕنامەیەو، مەبەست لێی بریتییە لە دانانی ڕێسای یاسایی پابەندکار بۆ دەوڵەتە ئەندامەکان بۆ کارا کردنی بەندە هاتووەکانی نێو ڕێککەوتننامەکە.

**سێیەم: پرۆتۆکۆل**: ڕێکارێکی یاساییە بەپێی ڕێککەوتننامەیەك دروست دەبێت و هێزە یاساییەکەی لەو ڕێککەوتننامەیە وەردەگرێت کە بۆتە پاشکۆی، پرۆتۆکۆل، وردەکاریی وردتر لە کارا کردنی ماددەکانی ڕێککەوتننامە لەخۆ دەگرێت و وەك ئامرازێکی تەواوکاری ڕێککەوتننامە بەکار دێت.

**چوارەم: میساق**: زاراوەیەکە بۆ ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی بەکاردێت و، لە وانەیە میساق دامەزرێنەر بێت بۆ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، یان هەرێمیی، وەك میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان.

پێنجەم: **واژووكردن**: ڕێكارێكە نێردراوە راسپێردراوەكانی دەوڵەتان لە كاتی دەرچواندنی ڕێككەوتننامەیەكی نوێ، یان دەركردنی میساقێك پێی هەڵدەستن بۆ گوزارشت كردن لە ڕەزامەندی دەوڵەت لەسەر دەقەكانی ڕێككەوتننامە. واژووكردن هیچ شێوازێكی پابەند كردن بۆ سەپاندنی بەندەكانی ڕێككەوتننامە دانانێت و، دەوڵەتیش ناخاتە دۆخی لێپرسینەوەی نێودەوڵەتی، بەڵام شێوازێك لە شێوازەكانی پابەندیی ڕەوشتیی و مەعنەوی بەسەر دەوڵەتدا دەسەپێنێت و، بەباش دەزاندرێت كەوا دەوڵەت راوەستێت لە هێنانەكایە، یان ئەنجامدانی پێشێلكاریی پەیوەست بە بابەتی ڕێككەوتننامەكە.

**شەشەم: پەسندكردن**: قۆناغێكە لە دوای قۆناغی واژووكردن دێت، یان دەكرێت دەوڵەت راستەوخۆ ڕێككەوتنامەكە پەسند بكات، پەسند كردن بریتییە لە دانپێنانی دەوڵەت بە پابەند بوون بە جێبەجێكردنی بەندەكانی ڕێككەوتننامەكەو. لە حاڵەتی پەسندكردن دەوڵەت پابەند دەبێت بە پیادەكردنی بەندەكانی ڕێككەوتننامەكەو ئەنجامدانی هەمواری گونجاو لەسەر یاسا ناوخۆییەكان تاكو لەگەڵ ڕێككەوتننامەكە بگونجێت و دابینكردنی بارودۆخی گونجاو بۆ مسۆگەركردنی پیادەكردنی ڕێككەوتننامەكەو، پەسندكردن دەوڵەت دەخاتە باری لێپرسینەوەی نێودەوڵەتی ئەگەر پێویست بكات.

**حەوتەم: بەئەندامبوون**: ڕێكارێكی تایبەتە بەو دەوڵەتانەی لە ڕێككەوتننامەكە لایەن نین و بەهۆیەوە دەوڵەت ویستی خۆی دەخاتەڕوو لەسەر ئەوەی ببێتە لایەنێك لە ڕێككەوتننامەكەو، ڕێكاری بەئەندامبوون بەردەستە لەبەر ئەوەی ماوەی واژووكردن و پەسندكردن كۆتایی هاتووەو، سەرجەم ئەو ڕێكارو پابەندییانەی بەپێی پەسندكردن دەسەپێنرێن ئەوانەن بە بەتەنها بەئەندامبوون دەسەپێنرێن.

**هەشتەم: یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی**: لقێكە لە لقەكانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی و، لە كۆمەڵێك ڕێسای یاسایی پێكدێت لە كاتی ناكۆكییە چەكدارییە نێودەوڵەتی ونا نێودەوڵەتییەكان پیادە دەكرێت، ڕێساكانی ئەم یاسایە ئامانجیان پاراستنی ئەو كەسانەن كە بەشداری شەڕكردن ناكەن وەك كەسانی سڤیل و پزیشك و كارمەندانی فریاكەوتن و كەسانی پەككەوتە وەك دیلی جەنگ و نەخۆشەكان، هەروەها ئامانجێتی ئاسەواری ناكۆكییە چەكدارییەكان بەهۆی مرۆیی سنووردار بكات و. ڕێككەوتاننامەكانی جنێف و پرۆتۆكۆلە دواكەوتەكانی بە بنەچەی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی دادەنرێن.

**نۆیەم: یاسای نێودەوڵەتی مافەكانی مرۆڤ**: لقێكە لە لقەكانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی و، بریتییە لە كۆمەڵێك ڕێككەوتننامەو پەیماننامەو دۆكیومێنت و داتای پەیوەست بە مافەكانی مرۆڤ و ئامانجیان بریتییە لە پتەوكردن و چەسپاندن و كاراكردنی پرنسیپ و بەهاكانی مافی مرۆڤ.

ماددەی دووەم:

1- دانپێنان بە شەرعی بوونی نەتەوەو تیرە ئاینییەكان لە كوردستانی عێراق و، مافیان هەیە لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی و مافی پاراستنی تایبەتمەندییەكانی.

2- دانپێنان بە شەرعی بوونی ئاینەکانی تر شان بە شانی ئایینی ئیسلام کە ئاینی زۆرینەی گەلی کوردستانەو، تیرە ئاینیەکان سەرجەم رێکارو شەعیرەکانی خۆیان بەو پەڕی ئازادی و ئاشکرایی و رێز لێ گرتنەوە پیادە دەکەن.

3- نابێت بەهیچ جۆرێك خراپەکاری بکرێت بە رێکارو شەعیرەو شەریعەو مەراسیمی هەر ئاینێك، یان شوێنکەوتوانی تیرەیەکی ئاینی و، سەرجەم ئەو ئاینانەی لە کوردستان بلاوەن، یان لە کاتی لکاندنی کوردستان بە دەوڵەتی عێراقی بلاوبوون، ئەوا بە ئاینی فەرمی و دانپێنراو دادەنرێن.

4- پەرستگەکان لە کوردستان بەهەموو ناوەکانیەوە خاوەنی پیرۆزیی و رێزگرتنن و، حکومەتی هەرێم دامەزراندن و ئامادە کردنیان بە شێوەیەکی شیاو لە ئەستۆ دەگرێت.

ماددەی سێیەم:

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان داندەنێت بە مافە سیاسی و مەدەنی و رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو کەسانەی سەر بە کەمینە نەتەوەیی و شوێنکەوتوانی سەرجەم ئاینەکانن.

2- ئەو کەسانەی سەر بە کەمینە نەتەوەیی و ئاینین یەکسانی تەواویان هەیە لەگەڵ هاوولاتیانی کوردستان لەبەردەم یاسادا.

ماددەی چوارەم:

جیاکاریکردن لە نێوان هاوولاتیانی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی و رەها لە سەرجەم کاروبارەکانی ژیان قەدەغە دەکرێت و، ئەو جیاکارییەی زیان دەگەینێت بەو کەسانەی سەر بە کەمینەکانن، کەمینەی سیاسی بن، یان کۆمەڵایەتی، یان رۆشنبیریی، یان ئابووری قەدەغە دەکرێت و، پێشخستن و جیاوازیکردن لەسەر هەر بنەمایەك؟، یان هۆیەك بێت وەك نەژاد، یان ئاین، یان رەنگ، یان توخم، یان بنەچەی نەتەوەیی، یان کۆمەڵایەتی، یان هەر پێگەیەکی تر قەدەغە دەکرێت و. هەمووان وەك یەك دەبن لە پیادەکردنی سەرجەم ماف و ئازادییەکان بەبێ هیچ کۆتێك.

ماددەی پێنجەم:

حکومەتی هەرێمی کوردستان کار دەکات لەسەر دابینکردنی بارودۆخی لەبار بۆ تواناداان بەو کەسانەی سەر بە نەژاد، یان کەمینەی ئاینین کەوا گوزارشت بکەن لە تایبەتمەندییەکانیان و پەرەپێدانی رۆشنبیری و زمان و داب و نەریت و کەلتووری میللی خۆیان.

ماددەی شەشەم:

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان کار دەکات لەسەر هاندانی گەڕانەوەی ئەو کەسانەی سەر بە کەمینە نەژادیی و ئایینیەکانن لە دانیشتوانە رەسەنەکانی هەرێم کە ناچاربوون کۆچ بکەن بەهۆی بارودۆخی

ناسروشتی بۆ دەرەوەی هەرێم، یان دەرەوەی عێراق و. سەروەت و سامانە یاساییەکانیان بۆ دەگێڕدرێتەوە بە خانووەکانی نیشتەجێبوون و زەوییە کشتوکاڵییەکانیشەوە، یان قەرەبوو دەکرێنەوە.

2- هیچ کۆتێك نییە لەسەر گەڕانەوەی هەر هاووڵاتییەك لە دانیشتوانی رەسەنی هەرێم بۆ هەر ناوچەیەکی هەرێم و، هۆکارەکانی کۆچکردن، یان ئەو ماوەیەی بەسەرچووە هەر چییەك بێت و. دووبارە لە تۆمارەکانی باری کەسێتی تۆمار دەکرێنەوەو رەگەزنامەی عێراقیان بۆ دەگێڕدرێتەوە ئەگەر لێیان سەندرابێتەوە.

ماددەی حەوتەم:

پێویستە ئەو کەسانەی سەر بە کەمینە نەژادی و ئاینیەکانن لە پەرلەمانی کوردستان و لە ئەنجومەنەکانی شارەوانی و ئەنجومەنەکانی یەکە کارگێڕییەکان و ئەنجومەنەکانی ترو دەستە هەڵبژێردراوەکان بە رێژەیەکی دادپەروەرانەو هاوسەنگ نوێنەرایەتی بکرێن.

ماددەی هەشتەم:

1- کەمینە نەتەوەییەکان لە کوردستاندا مافیان هەیە بە زمانی دایك بخوێنن و، حکومەتی هەرێم دامەزراندنی دامودەزگا پەروەردەییە فەرمی و تایبەتەکانی کەمینەکان بۆ خوێندن و فێربوون بە زمانە رەسەنەکانیان لە ئەستۆ دەگرێت.

2- هیچ کۆتێك، یان قەدەغەکردنێك نییە لەسەر بەکارهێنانی ئەو زمانانەی کەمینەکان پێیان قسە دەکەن، لە رۆژنامەگەریی و میدیاکانی تر، یان لە نامەکاریی تایبەتدا.

3- حکومەتی کوردستان کار دەکات لەسەر بلاوکردنەوەو پەرەپێدان و گەشەپێدانی زمانە خۆماڵییەکان و رۆشنبیریی کەمینەکان و مێژووەکەیان.

4- تیرە ئاینیەکان مافیان هەیە رۆڵەکانیان فێری شەعیرەکانی ئایین بکەن لەو قوتابخانە فەرمییانەی کە تیرەکە تیایدا زۆرینەیەو، لە قوتابخانە تایبەتەکانیشدا.

5- غەیرە موسڵمان پابەند ناکرێت بە خوێندنی بابەتی پەروەردەی ئیسلامیی لە دامەزراوە پەروەردەییەکانی هەرێم.

6- پێویستە فێربوونی زمانی کوردی – زمانی فەرمی هەرێم – لە سەرجەم قوتابخانەو پەیمانگەو زانکۆو دامەزراوە پەروەردەییەکانی تر لە کوردستان ئەنجام بدرێت.

ماددەی نۆیەم:

1- پێویستە سەرجەم دانیشتوانە رەسەنە بەزۆر راگوێزراوەکان بەهۆکاری رەگەز پەرستی، لە پارێزگاکانی کەرکووك و موسڵ و دیالە بۆ ناوچەی نیشتەجێبوونی رەسەنی خۆیان بگەڕێندرێنەوە، هەڵبەتە لە

نێوانیشیاندا هاوولاَتی ئاشووری و کلدان و تورکمان و کوردە ئێزیدیەکان و، دەبێت قەرەبوو بکرێنەوە بەرامبەر ئەو زیانەی لە ئەنجامی راگواستنی زۆرەکی پێیان گەیشتووە.

2- پێویستە ئەوانەی لە لایەن رژێم و حکومەتە عێراقیەکان هێنراون بە مەبەستی نیشتەجێبوون لەو پارێزگایانەی باسکراون بۆ گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی، یان دیمۆگرافی، بۆ ناوچەی نیشتەجێبوونی رەسەنی خۆیان بگەڕێندرێنەوە.

3- حکومەتی هەرێمی کوردستان کار دەکات بۆ پارێزگاری کردن لە کۆمەلگەبوونە دانیشتوانیەکانی کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکان و، گۆڕینی مۆرکی نەتەوەیی یان ئاینی ئەم کۆمەلگەبوونانە قەدەغە دەکات.

ماددەی دەیەم:

کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکانی کوردستان مافیان هەیە بەشداری بکەن لەو بڕیارانەی پەیوەستن پێیانەوەو مافیان هەیە لە بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی گشتی و ژیانی ئابووری و کۆمەلاَیەتی و رۆشنبیری.

ماددەی یازدەم:

ئەو کەسانەی سەر بە کەمینە نەژادیی و ئاینییەکانن مافیان هەیە کۆمەڵەو سەندیکاو یەکێتی و یانەو سەنتەری رۆشنبیریی و کۆمەلاَیەتی تایبەت بە خۆیان بەپێی یاسا دابمەزرێنن و، مافیان هەیە رۆشنبیریی تایبەت بەخۆیان پیادە بکەن و گەشەی پێ بدەن.

ماددەی دوازدەم:

کەمینە نەژادیی و ئاینییەکان مافیان هەیە لە وەرگرتنی پشووی سەرباری تایبەت بە بۆنە نەتەوەیی و ئاینییەکانیان، ئەو بۆنانەش لەو ناوچانەی کەمینە نەتەوەیی، یان ئاینییەکە زۆرینەی دانیشتوان پێکدێنن ئەوا بە فەرمی دادەنرێن.

ماددەی سێزدەم:

1- ئەو کەسانەی سەر بە کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکانن مافیان هەیە لەدایکبووەکانی خۆیان لە نێرینەو مێینە بە ناوی گوزارشتکار لە نەژادی نەتەوەیی، یان ئاینی ناو بنێن بە مەرجێك بۆ سەربەرزی منداڵ، یان بەهای مرۆیی ریسواکار نەبێت.

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان کار دەکات لەسەر پاراستنی ناوی ناوچەو ناودارانی رەسەن بە زمانی کەمینەکان.

3- ئەو پێگەو ناوچە رەسەنانەی ناویان لە لایەن حکومەتە عێراقیە پێشووەکان بە مەبەستی تەعریبکردن بە هەموو شێوازەکانی گۆڕدراون دووبارە ناو دەنرێنەوە.

**ماددەی چواردەم:**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان دان دەنێت بۆ کەمینە نەژادی و ئاینییەکان بە سەرجەم ئەو مافانەی لە جاڕنامەی مافەکانی ئەو کەسانەی سەر بە کەمینەی نەتەوەیی، یان ڕەگەزیی، یان کەمینەی ئاینی، یان زمانەوانیدا هاتوون، کە بە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی (135/74) لە ڕێکەوتی 18/ دیسەمبەر/ 1992 دا بڕیاری لەسەر دراوە.**

**ماددەی پازدەم:**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند بوونی بە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی سەرجەم جۆرەکانی جیاکاری ڕەگەزپەرستی ساڵی 1965و ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو زانست و ڕۆشنبیریی بۆ بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری لە بواری فێرکردندا، ڕادەگەیەنێت.**

**ماددەی شازدەم:**

**پیادە کردنی ئەو مافانەی لەم لائیحەیەدا هاتوون پیادە کردنی سەرجەم هاووڵاتیانی هەرێم و ئەوانەی نیشتەجێنە تیایدا بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییە دانپێنراوەکان، پێشێل ناکات.**

**هۆیە پێویستکارەکان**

**لە ڕوانگەی پراکتیکەوە لە جیهاندا هیچ وڵاتێك نییە کەمینەیەك، چ نەتەوەیی، یان ڕەگەزیی، یان ئاینی، یان زمانەوانی، یان هی تر، یا زیاتری نەبێت و. وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا هیچ بەدەرێکیان نییە. بەڵام سەرەڕای بوونی چەندین کەمینەی جۆراوجۆر لە ناوچەکەداو، ئەوانەی سەر بەم کەمینانەن چ هاووڵاتی بن، یان کۆچبەری ناسەقامگیر بن، ئەوا زۆرینەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا هەژارن لە ڕووی بوونی یاساو سیاسەتی گونجاو لەم بوارەداو. زۆربەی جارانیش ئەم کەمینانە ملکەچی کۆت و پێشێلکاری مافەکانیان دەبن. ئامانجی پرۆژە یاسای پێشنیارکراو بریتیە لە:**

**1- پاراستنی بوونی کەمینەکان، لە نێوانیشیدا پاراستنی سەلامەتی جەستەییان و قەدەغە کردنی جینۆساید (کۆمەڵ کوژی).**

**2- پاراستن و پتەوکردنی ناسنامەی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی، لە نێوانیشیدا مافی تاکە کەسەکان لە هەڵبژاردنی هەر یەك لە کۆمەڵە نەژادی، یان زمانەوانیی، یان ئاینییەکان کە ویستی ئەوان دەیەوێت پێیەوە بناسرێن و، مافی ئەم کۆمەڵانە لە جەخت کردن لە ناسنامەی بەکۆمەڵیان و پاراستنی و ڕەتکردنەوەی لەخۆگرتنی بە زۆرەکی.**

**3- مسۆگەرکردنی کارایی جیاکاری نەکردن و یەکسانی، لە نێوانیشیدا دانانی سنوورێك بۆ جیاکاری بەرنامە بۆ دارێژراو.**

4- مسۆگەرکردنی بەشداری تاکەکانی کەمینەکان بە شێوەیەکی کارا لە ژیانی گشتیدا، بە تایبەتیش لەوەی پەیوەستە بەو بڕیارانەی کاریگەری هەیە لەسەریان. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو دکتۆرە ڤالاّ.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان □ عێراق**

**ب/ ڕاپۆرتی لێژنەکان دەربارەی هەردوو پرۆژە یاسای (پاراستنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاین و تیرە ئایینیەکان لە هەرێمی کوردستان □ عێراق) و (ڕێکخستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان □ عێراق)**

هەردوو لیژنەی (کاروباری یاسایی) و لیژنەی (مافی مرۆڤ) لە ڕێکەوتی دووشەممە 22ی بەفرانباری کوردی بەرامبەر ڕۆژی 2015/1/12ی زایینی کۆبوونەوە بۆ تاوتوێکردنی هەردوو پرۆژە یاسای (پاراستنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و تیرە ئاینییەکان لە هەرێمی کوردستان □ عێراق) کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوەو بۆ لیژنە پەیوەندارەکان ڕەوانەکراوەو لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (دەستپێك) لە ڕێکەوتی 2014/9/3و یاسای (ڕێکخستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان □ عێراق)، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوەو بۆ لیژنە پەیوەندارەکان ڕەوانەکراوەو لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (2) لە ڕێکەوتی 2014/9/23، لە دوای گفتوگۆو تاوتوێکردن هەردوو لێژنەکە گەیشتنە ئەمانەی خوارەوە:

ناونیشانی پرۆژەکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ڕێکخستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان □ عێراق)

بەشی یەکەم

ماددە (1):

مەبەستی ئەم یاسایە لەم دەستەواژەو زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

یەکەم: حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستان.

دووەم: پێکهاتەکان: کۆمەڵە نەتەوەییەکان (تورکمان و کلدانی سریانی ئاشووری و ئەرمەن) و ئایینیەکان (مەسیحی و ئێزیدی و سابیئەو کاکەیی و هی دیکە) کە لە کوردستان □ عێراق دەژین.

**مادده (2):**

**حوكمەكانی ئەم یاسایە بەسەر گشت هاوولاّتیانی كوردستان  عێراق كە خۆیان بە ئەندام لەم پێكهاتانە دەزانن كە زۆرینە پێك ناهێنن پیادە دەكرێت.**

**مادده (3):**

**ئامانجی ئەم یاسایە بریتیە لە رێكخستنی پیادەكردنی پێكهاتەكان لە كوردستانی عێراق سەرباری مافە دەستوورییەكانیان بۆ مافە سیاسی و مەدەنی و كارگێڕی و رۆشنبیری و فێركاری و ئاینی و ئابوورییەكان بەپێی یاسا ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەكانەوە.**

**بەشی دووەم**

**مادده (4):**

**دەسەلاّتەكانی هەرێمی كوردستان  عێراق یەكسانی تەواو و كاریگەر بۆ گشت هاوولاّتیانی كوردستان  عێراق مسۆگەر دەكات.**

**یەكەم: حكومەت مافی یەكسانی و هاودەرفەتی لە ژیانی سیاسی، رۆشنبیری، كۆمەلاّیەتی و ئابووری لە رێگەی یاساو سیاسەتی كاریگەر بۆ ئەو تاكەی سەر بە پێكهاتەیەكە مسۆگەر دەكات، هەروەها مافی بەشداری كردنیان لە وەرگرتنی ئەو بڕیارانەی تایبەتە بەخۆیان مسۆگەر دەكات.**

**دووەم: سەرجەم شێوەكانی جیاكاری دژی هەر پێكهاتەیەك لە پێكهاتە نەتەوەیی، یان نەژادی، یان زمانەوانی، یان رۆشنبیری، یان ئاینی، یان مەزهەبی گەلی كوردستان  عێراق قەدەغە دەكرێت و بەپێچەوانەشی یاسا سزای لەسەر دەدات.**

**سێیەم: قەدەغە كردنی هەر بانگەشەیەكی ئاینی، یان راگەیاندن، راستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ، بۆ رق و قین، یان توندوتیژی، یان تۆقاندن، یان دوورخستنەوەو پەراوێزخستن، كەوا لەسەر بنەمای نەتەوەیی، یان ئەتنی، یان ئاینی، یان زمانەوانی بینا كرا بێت.**

**چوارەم: رێگەگرتن لە هەر رەفتارێك، یان هەر سیاسەتێكی نەرێنی كەوا ببێتە هۆی گۆڕینی بارودۆخی رەسەنی ئەو ناوچانەی پێكهاتەیەكی دیاریكراو تیایدا نیشتەجێن و، رێگەگرتن لە هەر بەخاوەنبوونێك كەوا ئامانجی، یان ببێتە هۆی گۆڕانكاری دیمۆگرافی بۆ مۆركی مێژوویی و شارستانیەتی ناوچەیەكی دیاریكراو، بەهەر هۆیەك بێت و لەژێر هەر پاساوێك بێت.**

**پێنجەم: چارەسەركردنی زێدەڕۆیی ئەنجامدراو لەسەر ناوچەكانی هەر پێكهاتەیەك و گەڕاندنەوەی بارەكە بۆ حاڵەتی پێش روودانی زێدەڕۆییەكە و، نەهێشتنی ئەو ئاسەوارو پاشماوانەی بوونەتە، یان دەبنە هۆی**

گۆڕانکاری دیمۆگرافی، یان قەرەبووکردنەوەیان بە قەرەبووەکی خوازەیی (مجازی) لە حاڵەتی ئەستەمی گەڕاندنەوەی بارەکە بۆ حاڵەتی پێشووی.

**شەشەم**: لەکاتی دیاریکردنی سنووری یەکە کارگێڕییەکان و بازنەکانی هەڵبژاردن و، لە کاتی دانانی پلانی گەشەپێدانی ئابووری و پەرەپێدانی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوونی شارەدێی و لادێی، هەروەها پاراستنی ژینگە، حکومەت بارودۆخی خۆجێی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و نەریتە چەسپاوەکانی پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە، لەبەرچاو دەگرێت.

**حەوتەم**: حکومەت کار دەکات لەسەر هاندانی گەڕانەوەی ئەو کەسانەی سەر بە پێکهاتەکانن و لەوانەی پێشتر دانیشتوانی هەرێم بوون و ناچاری کۆچکردن بوون و لەگەڵ مسۆگەر کردنی مافەکانیان.

**هەشتەم**:

1- حکومەت پابەند دەبێت بەتوانا بەخشین بە رۆڵەکانی پێکهاتەکان بۆ پارێزگاری کردن لە زمانی دایك، لە رێگەی مسۆگەر کردنی رێگەکانی فێربوونیان و رۆشنبیربوون و بەڕێوەبردنی کەناڵی راگەیاندنی تایبەت بەخۆیان.

2- حکومەت کردنەوەی بەشی تایبەت بە زمانە نەتەوەییەکانی پێکهاتەکان لە زانکۆکانی کوردستان و، دامەزراندنی کۆڕی زانستی زمانەوانی تایبەت بەخۆیان بەپێی پێویستی، مسۆگەر دەکات.

مادده (5):

**یەکەم**: هەر تاکێك مافی هەیە ناسنامەی نەتەوەیی، یان ئاینی خۆی دیاری بکات و ئەندامبوونی بە پێکهاتەیەکی دیاریکراو ببەستێتەوە، ئەم مافەش تەنها تایبەتە بە تاکە کەس و هیچ لایەنێك مافی نییە لێی بسەنێتەوە، چونکە مافێکی نەشیاوە بۆ رەفتار پێکردن.

**دووەم**: هەر پێکهاتەیەك و بە یەکسانی لەگەڵ زۆرینە بۆی هەیە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی بە ئازادی بیرکردنەوە، ئازادی رادەربڕین، دەزگاکانی راگەیاندن، ئازادی کۆبوونەوەو دامەزراندنی کۆمەڵەو رابیتەکان و، ئازادی پیادە کردنی بیرو باوەڕی ئاینیشەوە، پیادە بکات، و حکومەت پابەند دەبێت بە پاڵپشتیکردن و چاودێریکردنی ئەم پیادەکارییانە بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان پێکهاتەکان بەپێی یاسا بەرکارەکان.

**سێیەم**: هەر پێکهاتەیەك مافی گوزارشتکردنی هەیە لە رۆشنبیری و نەریتەکانی خۆی و، حکومەت پابەند دەبێت بەپاراستنی کلتووری رۆشنبیری و ئاینی پێکهاتەکان.

**چوارەم**: ئەو تاکانەی سەر بە پێکهاتەیەکی دیاریکراون، بۆیان هەیە ناوەکانیان بەویستی ئازادی خۆیان هەڵبژێرن و، ناوی سیمبول، یان کەسایەتییە مێژووییە گرنگەکانیان، یان رووداوی گرنگ کە بەسەریاندا تێپەڕیوە بەکار بهێنن و، ناونانی شەقام و گەڕەك و گۆڕەپان و شوێنی دیکە لە ناوچەکانیان.

**پێنجەم**: پێکهاتەکان مافیان هەیە لە پشووی تایبەت بەخۆیان بەبۆنە نەتەوەیی و ئاینییەکان و ئەم بۆنانەش بۆ ئەوان فەرمی دەبن.

**شەشەم**: ئەو تاکانەی سەر بە پێکهاتەکانن مافیان هەیە لە بەکارهێنانی زمان و نووسینی تایبەت بەخۆیان و بەشێوەیەکی ئازادانەو، بەپێی یاسا بەرکارەکان.

**حەوتەم**: پێکهاتەکان، مافی هاوبەشیان هەیە لە دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێکردنی هەرێم بەپێی یاسا بەرکارەکان.

ماددە (6):

دەستەو ڕێکخراوو نوێنەرانی پێکهاتەکان و خانەکانی پەرستن مافی هاوبەندی و گەیاندنی پەیوەندی رۆشنبیری و فێرکاری و کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانیان هەیە لەگەڵ ئەوانەی لە تایبەتمەندی ئەتنی، یان ئاینی و نەتەوەیی لە ناوەوەو دەرەوەدا هاوبەشن لەگەڵیانداو، لە حاڵەتی هەڵسانی حکومەت بە بەستنی پرۆتۆکۆلاتی نێودەوڵەتی، یان هەرێمیی دەبێت بەشداری کردنی پێکهاتەکان تیایاندا مسۆگەر بکات.

ماددە (7):

بۆ مسۆگەرکردنی مافی پێکهاتەکان، ئەوا سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان و سەرۆکی ئەنجومەنە خۆجێییەکان لەوانە دەبێت کە نوێنەرایەتی زۆرینەی دانیشتوان دەکات لە یەکە کارگێڕییەکە بەپێی یاسا بەرکارەکان.

## بەشی سێیەم

ماددە (8):

پێویستە لەسەر پێکهاتەکان و ئەو ئەندامانەی سەر بە ئەوانن لە کاتی پیادە کردنی ئەو مافانەی لەم یاسایەدا هاتوون ڕێزی مافی کەسانی دیکە بگرن.

ماددە (9):

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

ماددە (10):

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددە (11):

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بلاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیە پێویستکارەکان

لەبەر ئەوەی کوردستان  عێراق دەوڵەمەندە بە هەمەجۆری نەتەوەیی و ئاینی و زمانەوانی و لەپێناو ڕێکخستنی مافی ئەو پێکهاتانەی تێدا پێکەوە دەژین و مسۆگەر کردنی پیادە کردنیان بۆ ئەو ماف و ئازادییانەی لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندار بە مافەکانی مرۆڤەوە هاتوون و، وەك گەرەنتیەك بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ هاووڵاتی کوردستانیی بەپێی پرەنسیپی هاووڵاتیبوون بەچاوپۆشین لە جیاوازی ئەندامبوونیان و، لەپێناو چەسپاندنی گیانی ڕێزگرتن و لێبووردەیی و یەکتر قەبوڵکردن لەنێوان پێکهاتەکاندا، ئەوا ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، داوا لە بەڕێزتان دەکەم لەبەر بوونی دوو پرۆژە یاساو، لەبەر بوونی تەوصیاتی تایبەت لەلایەن پێکهاتەکان خۆیان و لەبەر بوونی چەند مولاحەزاتێك لەلایەن دەستەی مافەکانی مرۆڤ، ئەوە جگە لە ڕاپۆرتی سەنتەری توێژینەوە، داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش ببێت بە ئەساس بۆ دەنگدان لەسەری، لە هەمان کاتیشدا داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە هەردوو ئەندامی لیژنەی یاسایی بەڕێز مونا خان و بەڕێز لینا خان کە دەورێکی باڵایان هەبووە لە داڕشتنی ماددەکانی ئەو یاسایەدا بفەرموون بۆ سەر مەنصە بۆ تاوتوێ کردنی بابەتەکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، ئەم دوو بەڕێزە خاتوو (مونا) و خاتوو (لینا) بفەرموون بۆ سەر مەنەصە، ئەوە دەخەینە دەنگەوە کە ڕاپۆرتی هاوبەشی هەردوولیژنەی یاسایی و لیژنەی مافەکانی مرۆڤ ببێتە بنەما بۆ گفتوگۆ، کێ لە گەڵیەتی؟، (61) کەس لە گەڵیەتی، کێ دژیەتی؟، کەس نییە دژی بێت، کەوا تە بە سەند کرا، فەرموون لە ناو نیشانەوە بیخوێننەوە بۆئەوەی بیخەینە گفتو گۆیەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناو نیشانی پرۆژەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

ڕێکخستنی مافێ پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ناو نیشان؟، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پێشنیار دکم کو (هەرێم) بێتە لابرن، ڕێکخستنا مافێت پێکهاتەیا ل کوردستان - عێراق، ژ بەر هندێ پرانیا ڤان پێکهاتا بتایبەتی خوشك و برایێت مە کوردێن (ئێزدی) ل (شنگال) و دەورو بەرێت (مۆسڵ)، واتە ئەو دێ ژڤێ یاسایێ بێ بەهر بن، هەروەسا گەلەك ژ خویشك و برایێت تورکمان و مەسیحی ژی ژدەرڤەی سنوورێن هەرێما کوردستانێ نە، ئەز پێشنیار دکم بۆ لیژنا قانونی کو ئەوان گەلەك حەساسیەتا هەی ب عێراقێ و گرێدانا هەرێمێ ب عێراقێ ڤە، هەمی بەلگەنامێت مێژوویی و جوگرافی ڤێ چەندێ دسەلمینن کو

ئەو جهێن ناكۆكى لسەر بەشەكن ژ كورد ستانێ، بەس بۆ هندێ كو خوين نەئێت ڕشتن ئەڤێن هە بشێوازەكێ ديموكراسى ب گفتو گۆ ودانوستاندن بێن چارەسەر كرن ئێدى ئەو ناڤ بۆ هات ديتن ل گۆڕ دەستوورێ عێراقێ، لێ ئەڤرۆكە پشتى كو (1000) هەزار و چەند پێشمەرگەێن قەهرەمان شەهيد بووين و بسەدان خەلك هاتينە دەربەدەر كرن پشتى جينۆسايدا (ئێزد يا) ل (8/30) ئێدى ئەز تشتەكێ گەلەك زێدە دبينم ئەو حەساسييەتا مە زێدە بناڤێ عێراقێ ڤە بت، بێگۆمان ئەڤە ل پڕانيا وەلاتێن فيدرال دێتە پيادەكرن ل بريتانيا، ل كەنەدا، ل وەلاتێن دى، ئەو هەرێما كو سەر بوى وەلاتى ڤە هەتا دپەرلەمانێ خوەدا ئالايێ وى وەلاتى هەلنا كرن بتنێ ژدەرڤە هەلد كر ئەز پێشنيار دكم ژدەستەكا سەرۆكاتيا هەرێمێ ژى نەك ر ێز نەگرتنە رێز گرتن ل عێرا قێ ئەگەر ئەم جودا ژى ببين ديسان برێكێن ديموكرا سى و برا يەتى، لێ پێويست ناكت دگەل هەر ئالأيەكێ ل كوردستانێ دهۆلا پەرلەمانيدا ئالأيەكێ عێراقێ ژى بێتە هەلكرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، كاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

وێڕاى پشتگيريا مە بۆ هەمى مافێن پێكهاتەيا بتايبەتى ئەوێن دڤێ ياسايێ دا هاتين ئەم ژى دگەل ڤى ناڤ و نيشانينە براستى وشا (هەرێم) بێتە لابرن رێكخستنا ماف ێت پێكها تەيا ل كورد ستانێ ژ بەر دوو ئەگەرێن سەرەكى ئێك: ماددا (2) بەحس دكەت (لە حوكمەكانى ئەم يا سايەدا لەسەرگشت هاوولاتيانى كورد ستان)، لێرە دا مادام گۆتيە هاوولاتێن كوردستانێ دەبێت ناو نيشانيش بگونجێت هەتا دماددا (3) ژى دا بەحس ل هندێ دكەتن كو بەحسێ هاولاتێت كوردستانێ  عێراقێ دكەت نەك هەرێما كوردستانێ ئەڤە خالەك، خالا دووێ ئەم ژى د گەل وێ ڕەئ يێ نە برا ستى كو پڕانيا ڤان پێكها تەيا يێت نە تەوەيى و ئاينى ل ناو چێن كوردستانى يێن ژدەرڤەى ئيدارا هەرێما كوردستانێ نە كو لژێر ماددا (140) دا نە هەتا ژى ( كەركووكێ) بگرە و (شنگال) و (باشيك) و (شێخان) و چەندين ناوچێن دى، ژبەر هندێ ئەم دووپات دكەينە ڤە ئەڤ ناڤ و نيشانە بێتە گهۆڕين، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

باش، سوپاس، كاك يعقوب فەرموو.

**بەڕێز يعقوب گورگيس:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

دوو وشە بێنە ئيزافە كرن ل وى ناڤ و نيشانى ببێت (رێكخستنى مافى پێكها تەكانى نە تەوەيى و ئاينى لە كوردستان  عێراق)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، كاك ناظم فەرمووو.

**بەڕێز ناظم كبیر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵا من ژی دوو پێشنیارێت هەین، پشتگیری برادەران دكەم، یەك: رێكخستنی ماڤ پێكهاتە نەتەوەیی و ئاینیەكان و ( هەرێم) ژی لا بدرێت بلێت (پێكها تە نە تەوەیی و ئاینی یەكان لە كورد ستان  عێراق)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشەن سوپاس، كاك رابون فەرمووو.

**بەڕێز رابون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناوەكە دوو پێشنیارم هەیە یەكێكیان ئەوەیە، هەموو یاسایەك كە دەر دەكرێت لە پەرلەمان یان دەزگای تەشریعی بۆ رێكخستنی بابەتێكە، یەعنی یاسا بۆ رێكخستنی بابەتێكە، بۆیە وشەی (رێكخستن) بەزیاد دەزانم یەكسەر ماڤ پێكهاتەكان رێكخستنەكە لاببرێت، سەبارەت بە (كوردستان  عێراق)، ( هەرێم) لاببرێت لەبەرئەوەی لە هەردوو یاساكە لە بنەڕەتەوە لە خۆلی پێشووش دا كە پێشنیار كراوە ئاماژە یەكی گرینگ و ئاراستەیەكی گرینگ بۆ ئەو خوشك و برای پێكهاتە جیاوازەكانە لە ناوچەكانی كە لە ماددەی (140)ی دەستووری عێراقدا ئاماژەی بۆ كراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو نجاة فەرمووو.

**بەڕێز نجاە محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخفتنێت من هاتنە گۆتن ژلایێ بەڕێز (علی هالۆ)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك دكتۆر سراج فەرمووو.

**بەڕێز د.سراج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پاڵپشتی قسەكانی كاك (رابون) دەكەم، بكرێتە (حماية حقوق)، چونكە ئەوەی لەو یاسایەدا هاتووە هەر هەمووی پێدانی مافە، تەنزیم دەبێت ماف و ئەرك بێتن، بەڵام ئەو باسی ئەركی تێدا نییە هەر هەمووی پێدانی مافی ئەو مكەویناتانەیە شتی باشە پێمان باشە، بەڵام عینوانەكەی با بكرێتە (حماية

حقوق المكونات) لەبەرئەوەی ئەگەر تەنزیم بێتن، تەنزیم بەدەستێك ماف دانە و بەدەستێکیش ئەرکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، لیژنە پەیوەندیدارەکان چی تێبینیەکتان هەیە؟، خاتوو دکتۆرە ڤالآ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاتر لە (3) کەس پێشنیاری کرد کە (هەرێم) هەڵبگیرێتن، ئێمەش لە لیژنە پەیوەندیدارەکان موتەفقین لەسەر ئەوەی کە (هەرێم) لە ناو نیشانی یاساکە هەڵبگیرێتن و، (2) کەسیش پێشنیاری کرد کە نەتەوەیی و ئاینیش زیاد بکرێتن بۆ عینوانەکە، ئێمە تەعریفمان کردووە لە ماددەی (1)م هەر بۆ خۆی خسوسیەتی یاساکە تەنیا بۆ پێکهاتەی نەتەوەیی و پێکهاتەی ئاینییە، بۆیە کە تەعریف کراوە لە ماددەی (1)م ئەوە شەرت نییە لە ناو عینوانەکەدا هەبێتن و، باس لە بابەتی رێکخستن کرا لەگەڵ حیمایەت کردن، لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەرئەوە رێککەوتن کە بکەین بە (پاراستنی مافی پێکهاتەکان)، واتە (حماية حقوق المكونات).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، کەواتە بیخوێننەوە بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناو نیشانی پڕۆژەکە دوای پێشنیاری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە (پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستان  عێراق)،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لە گەڵێەتی؟، (55) کەس لە گەڵێەتی، کێ دژیەتی؟، (2) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، فەرموون ماددەی (1)م.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی (1)م ماددەی (1)م مەبەستی ئەم یاسایە لەم دەستەواژە و زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

یەکەم: حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستان.

دووەم: پێکهاتەکان: کۆمەڵە نەتەوەییەکان (تورکمان و کلدانی و سریانی و ئاشوری و ئەرمەن و ئاینیەکان مەسیحی و ئێزدی و صابیئە و کاکەیی و هی دیکە کەلە کوردستان  عێراق دەژین).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ماددەی (1)م با ناوەکانی خۆیان بنووسن.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە گفتو گۆ دەکەن لەسەر ماددەی (1)م (قادر ئۆتمان، خلف احمد، سەرکەوت سەرحەد، سراج شێخ احمد، نجاة محمد، فرحان جوهر، ناظم کبیر، بێستوون فائق، ئایدن معروف، وحیدە یاقۆ، محمد سعدالدین، سروود سلیم، یروانت نیسان).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (1) برگەی (2)م، پێشنیار دەکەم کە ( ئاین و ئاینزاکان بێت) راستە ئاینزاکان یان مەزهەبەکانیش بە شێکن لە ئاینەکان، بەڵام بنووسرێت ئاین و ئاینزاکان و، پێشنیار دەکەم کە ئاینی (زەردەشتیش) تۆمار بکرێت راستە دەوترێت هی دیکە هەموو ئەو ئاینانەش دەگرێتەوە کە ناویان نە هاتووە، بەڵام بە تەئکیدی لە چوار چێوەی کۆمەڵگای کورد ستانی  عێراق زەردە شتیەکانیش هەن ئامارێکمان لەبەر دەستدا نییە کە ڕێژەکانیان چەندە، بەڵام بوونیان هەیە و، من پێموایە کە ئێمە وامان ناو نیشانی قانونەکە چەسپاند کە کوردستانی  عێراق بێت، کە کوردستانی  عێراق سبەی کە گرفتی ئەو ناوچانە نەما لەو ناوچانە عەرەبیش بوونی هەیە، کاتێ عەرەبیش بوونی هەیە راستە عەرەب لە عێراقدا زۆرینەیە کە من حەز ناکەم باس لە کەمینە و زۆرینە بکەم پێکهاتەکان بە کەمینە ناو ببەم، بەلام لە چوار چێوەی کۆمەڵگای کوردستانی  عێراق سبەی ئەوانیش ژمارەکانیان کەم دەبێتەوە، بۆیە ڕێژەیان لەبەرامبەر ڕێژەی کورد کەم دەبێتەوە بۆ ئەوەی یاساکەش جیاکاری و هەڵاواردنی تێدا نەبێت، سبەی وا تەفسیر نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دکتۆر سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە لە سەر برگەی (2)، من داوا دەکەم وای لێ بکرێت (المکونات) تەبیعی نەصی عەرەبیە کە لای منە، ئەگەر لیژنەی قانونی دیقەت بدەن، (المکونات هي مجموعة قومية التي لا تشكل الاكثرية و هم الترکمان و السريان و الاشور و الارمن والديزدية، المسيحية والايزدية و الى اخره)، کەوا تە ماددەی (2)م نەمینێتن، ماددەی (2)م تێکەڵکێش بکرێتن لە گەڵ ماددەی (1)م ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم (وغيرها) تەبیعی لەم یاسایە، لەم برگەیە جێی گونجاو نییە لێرەدا هەبێت، لەبەر ئەوەی دەرگا واڵا دەکات بۆ داهاتوو چەندین گرووپی دیکە، چەندین کەسایەتی دیکە، کە دەڵێ (وغيرها) منیش قەومیە مە،

منیش دینم، منیش کەسایەتیمە وەکو دین دەبێت هەق و مافم پێبدرێتن، جا لێرە ئێمە یاسا دادەڕێژین یاساش دەبێت خاڵ لەسەر حروف دابنرێتن، دیار بکرێت ئەو مکەویناتانە ئاینی و قەومی کێنە؟، لێرە بە یاسا ڕێك بخرێ و دیار بکرێ ئەگەر دیار نەکرێت دەرگا والا کردنە سبەینێ چەندین کەس و لا یەنی دیکە دەڵێن ئێمەش دینین و ئێمەش قەومین، لێرەدا باسی ( بەهائی)ش نەکراوە باسی (زەردەشتی)ش نەکراوە، لێرە من وا تەسەور دەکەم زەردەشتیش لەو ڕۆژانە ئیعلانی خۆیان کردووە لەوانەیە ببێتە گرفتێك بۆمان و، بەهائیش حزوریان هەیە، وجودیان هەیە لە کوردستان، من داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم ئەگەر پێدا چوونەوە بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، کاك بێستوون فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك (قادر ئۆتمان) دەکەم لە مەسەلەی پێکهاتە نەتەوەییەکان، بێگۆمان (انشاء الله) پشت بە خوا کە ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك پێکهاتەی تر لەوێ هەن کە لێرە ناوەکانیان نە هاتووە، بۆ ئەوەی ئەم یاسایە جارێکی تر تەعدیل نەکرێتەوە لە کاتی گەڕانەوەی ئەوانە، من پێشنیار دەکەم وەکو کاك (قادر) وتی لە کۆمەڵەی نەتەوەییەکان تورکمان و کلدانی سریانی ئاشووری و ئەرمەنی و (ئەوانی دیکەشی) بۆ زیاد بکرێت تەبیعیە ناویان نە هێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئایدن فەرموو.

**بەڕێز ئایدن معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (1)م لە برگەی (2)م دا کە تێدا پێناسەی پێکهاتەکان کراوە، دەستەواژەی پێکهاتە بە شێوەی کۆ (المکونات) ئاماژەی پێ کراوە لە ڕووی داڕشتنی یاساییدا باشتر وایە بەشێوەی تاك ئەم دەستەواژەیە ئاماژەی پێ بکرێت و، برگەکە دووبارە بەم شێوەیە تەنزیم بکرێت (پێکهاتە کۆمەڵە نەتەوەییەکان تورکمان و کلدان و سریان و ئاشووری و ئەرمەن و، کۆمەڵە ئاینییەکان مەسیحی و ئێزدی و صابیئە و کاکەیی و ئەوانی دیکە) دواتر تەواوی یاسایەکە بەو شێوەیە چاك بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو نجاة فەرموو.

**بەڕێزنجاە محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی هەمان پێشنیارا هەی، برگا (2) وشا (ئاینزاکان) لێ بێتە زێدەکرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەو ڕایە دەکەم کە کاك (قادر) تەبەنی کرد سەبارەت بە زیاد کردنی ناوی ئاینەکان ئاینی زەردەشتییەکان و، هەروەها مادام (هەرێم) مان لە بابەتە کە کردەوە بوو بە کوردستان  عێراق، بۆ پاراستنی مافی پێکهاتەکان ئەوەی کە کاك (بێستوون) گوتی هی تری بۆ زیاد بکرێت و، لەسەر بابەتی ئاینزاکان ئێمە لەبەرئەوەی کوردانی (فەیلی)مان هەیە، کوردە فەیلیەکان دەزانم ئاینەکەیان ئاینی ئیسلامە، بەڵام ئاینزاکەیان جیاوازە لە ئاینزای سونی کە زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پەیڕەوی ئاینزای سونی دەکەن، بۆیە گرینگە لە ناو ناوەکاندا کە باسی (کاکەیی) و ئەوانە کراوە لە ئاینزاکاندا کوردە فەیلیەکانیشی بۆ ئیزافە بکرێت، چونکە زۆربەی هەرە زۆری مەراسیمە ئاینییەکانیان کە پەیڕەوی دەکەن جیاوازە لە ئاینزای سونی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك فەرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە قسەکانی کاك (قادر) و (شێخ سراج) و کاك (بێستوون) و (نجاة) خان و کاك (خلف) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو وحیدە فەرموو.

**بەڕێز وحیدە یاقۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (2)م دبێژیت کە لە کوردستان  عێراق دەژین، یەعنی ئەم وەکو عەرەب ژی ل عێرا قێ دژین، مەفروزە بێژین هاووڵاتێن کوردستانینە نە لە عێراق دەژین، لە عێراق دەژین غێر مەعنا یە مافێ هاووڵاتی بۆمە نادەتن ل ڤێرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، دکتۆر هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف ((هەورامان گەچێنەیی)):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە گەڵ بەڕێز (رابوون) دا پێشنیازێكمان هەیە، بەم چە شنەیە، پێ شنیازەكەی هەردووكما نە، ماددەی (1)م بڕ گەی (2)م پێكها تەكان بەم جۆرە بـ ێت ( هەموو پێكها تە نەتەوەیـ یەكان جـگە لە كورد، هەموو پێكهاتە ئاینییەكان جگە لە موسڵمانی سونە).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، كاك ناظم فەرموو.

**بەڕێز ناظم كبیر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگری ئەو بەڕیزانە دەكەم دەربارەی ئاینزاكان ز یاد بكر ێت، دوو ئاینی زەردە شت، سێ پێ شنیار دە كەم پێكهاتەی شەبەكیش لەبەر چاو بگیرێت لە ناو ئەمەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، كاك سەركەوت فەرموو.

**بەڕێز سەركەوت سەرحەد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بە نیسبەت ماددەی (2) (پێكهاتەكان كۆمەڵە نەتەوەییەكان توركمان و كلدان و سریانی و ئا شووری و ئەر مەن و ئاینـ یەكانی مە سیحی و ئـ ێزدی و صابیئی و كا كەیی)، كاكەیـ یەكان لە ئایـ نەكان، ئاینە كەیان یار سانییە، یەعنی پێویـ ست دە كات كا كەیی یار سانیش لە پاڵ بنوو سرێت، چونكە ئاینی كاكەیـ یەكان یارسانییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە پێنا سەكان یە كەم حكو مەت، حكو مەتی هەرێمی كورد ستان، پێكها تەكان، پێكها تە نەتەوەیـ یەكان و ئاینییەكان، یەعنی لە جیاتی كۆمەڵە پێكهاتە بكرێت گونجاوتر دەبێتن، چونكە كۆمەڵە وەكو مەجموعە یە، بەڵام لێرە نەتەوە و چەندین ئاین هەیە، بۆیە پێكهاتەكان، پێكهاتە نەتەوەییەكان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك سروود فەرموو.

**بەڕێز سروود سليم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو مولاحەزەم هەیە، مولاحەزەی یەکەم ئەوەیە (صابئە) بکرێت (الصابئة المندائية)، عادە تەن دیانەتە کە وەهایە (الصابئة المندائية)، دەبێت ئیزافە بکرێت قانونییەن جوانتر و ڕێك و پێك تره، مولا حەزەی دووەم پرسیارم هەیە لە لیژنەی یاسایی کە دەڵێت (هی دیکه)، یەعنی مەقسەدتان چیە لە ( هی دیکه)؟، یەعنی ئەگەر پێکهاتەی ئاینی دیکە هەیە ئەو موصتەڵحەی (دیکه) کەم کردنەوەیە لە قیمەتی ئەوان ئە گەر هە یە با بنووسن هەموویان لێره، ئەگەر نییە با (هی دیکه) لا بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك یروانت فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل هەموو جها صابیئە (الصابئة المندائية)، دێتە تەعریف کرن نەك بەس ( صابئە) و، ناڤێ مکەویناتا یێت ئاینی بن یان دینی بن ل کوردستانێ خاسەتەن زەردەشتی بێتە نڤێساندن و، پیشتەڤانیا کاك ( قادر) و کاك (سراج) و دکتۆر (سروود) دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنە پەیوەندیدارەکان ڕای ئێوە چیە لەسەر ڕای ئەندامانی پەرلەمان؟، کاك رابون فەرموو.

**بەڕێز رابون توفيق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من دەستم هەڵبڕیوە بۆ ناو نووسین دیارە لە بیرتان چوو بینووسن ئەگەر فرسەتم بدەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموو ناوەکان خوێنرایەوە فەرموو.

**بەڕێز رابون توفيق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئکید لە جەوهەری قسەکانی کاك (مەلا هەورامان) دەکە مەوە، بەڵام شەرحی شی دە کەم، لە هەموو دونیا مافی ئەوەی کە ئێمە لە کوردستان پ ێی دە ڵێن پێکها تەکان لە ب نەڕەت دا و شەی (ئە قەلیات) بەکار دێت، بەڵام لە کوردستان وشەکە دەنگدانەوەیەکی سلبی هەیە ڕەزامەندیە کە وشەی (پێکهاتە) بەکار دێنین، لە پێکهاتە مەبەستمان چیە؟، لە پێکهاتە مەبەستمان هەموومان ئەقەلیاتێکە لە کەوانەوەیە کدا کە ئێمە ڕێککەوتووین پێکهاتە بەکاربێنین، کە ئەکسەریە نییە ئینجا ئەو پێکهاتەیە نەتەوەیی بێت یان ئاینی ب ێت، لە کوردستان هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکان مەبەستە جگە لە (کورد)، بۆ یە دەر گا لە سەر ئەوە دادە خەین

**مەبەستمان كێیەو هەموو ئەو ناوانە ریز بكەین لە موسڵمانەكان و ئاینیش دا لە كورد ستان و شەی ئاین و ئاینزای بۆ زیاد بكرێت، بەس مەبەستمان چییە لە هەموو ئەوانەی كە هەڵگری ئاین یان ئاینزا یەكن جگە لە موسڵمانی سونە كە لە كوردستان ئەكسەریەن، كەواتە من تەئكید دەكەمەوە، پێشنیار دەكەم بابەتە كە وای لێ بێت، پێنا سەكە وای لێ بێت، پێكها تە كۆمە ڵە نەتەوەیی یەكان لە كەوا نەدا بنوو سرێت ( هەموو پێكها تە نەتەوەیی یەكان جگە لە كورد)، لە ئەوەی تریشدا بنوو سرێت ئاینەكان لە كەوا نەدا بنوو سرێت (هەموو پێكهاتە ئاین و ئاینزاكان جگە لە موسڵمانی سونە)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**باشە، سوپاس، لیژنە پەیوەندیدارەكان، دكتۆرە ڤاڵا فەرموون.**

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**زۆربەی پێشنیارەكان بەنەزەری ئیعتیبار وەرگیرا، بەڵام داوا لە بەڕێزتان دەكەین چەند دەقەیەكمان بدەنێ بۆ داڕشتنەوەی ماددەكە.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**باشە، فەرموون، دكتۆر سراج فەرموو.**

**بەڕێز د.سراج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لیژنەی یاسایی تكا دەكەم كەلیمەی ( شیعە) و ( سونە) نەخەنە ناو یاساكە لەبەر ئەوەی كورد ستان هەم شیعەی تێدایە و هەم سونەی تێدایە، تكا تان لێ دەكەم با تەفریقە دروست نەبێتن، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**با بزانین ڕای لیژنە پەیوەندیدارەكان بە چی دەگات.**

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی (1)م ماددەی (1)م دوای وەرگرتنی ڕاو پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان هەردوو لیژنەكە بەم شێوەیە دایان ڕشتەوە (مەبەستی ئەم یاسایە لەم دەستەواژە و زاراوانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە):**

**1- حكومەت: حكومەتی هەرێمی كوردستان  عێراق.**

**2- پێكهاتەكان: كۆمەڵە نەتەوەییەكان توركمان و كلدانی و سریانی و ئاشووری و ئەرمەن و، كۆمەڵە ئاین و ئاینزاكان مەسیحی و ئێزدی و صابیئەی مەندائی و كاكەیی و شەبەك و فەیلی و زەردەشتی و هی دیكە كە هاووڵاتی كوردستان  عێراقن.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لە گەڵیەتی بەو شێوەیەی کە خوێنرا یەوە؟، (48) کەس لە گەڵیەتی، کێ دژ یەتی؟، کەس نییە دژی بێت؟، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی (2)م.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (2)م حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر گشت هاووڵاتیانی کوردستانی  عێراق کە خۆیان بە ئەندام لەم پێکهاتانە دەزانن کە زۆرینە پێك ناهێنن پیادە دەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ ئەم ئەندام پەرلەمانانە گفتوگۆ دەکەن لەسەر ماددەی دووەم، ﴿ قادر ئۆتمان، سەرکەوت سرحد، خلف احمد، رابوون توفیق، ایوب عبدالله، ئایدن معروف، محمد سعدالدین، یروانت نیسان، وحیدە یاقو، سروود سلیم﴾.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئایدن فەرموو،

**بەڕێز ئایدن معروف سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دووەم دا، لە کۆتایی ماددەدا هاتووە کە خۆیان بە ئەندام لەم پێکهاتانە دەزانن کە زۆرینە پێك ناهێنن، پیادە دەکرێت، لێرەدا پێمان وایە بەکارهێنانی دەستەواژەی زۆرینە لەو ماددەیەدا بە شێوەیەکی شاراوە ئاماژە پێکراوە بۆ کەمینە پێکهاتەکانی تر، ئێمە وەکو نەتەوەی تورکمان پێکهاتەیەکی ئەساسین لە عێراق و هەرێمی کوردستان، دەستەواژەی کەمینە بە شێوەیەکی رەها رەتی دەکەین و قبول ناکەین، شایانی باسە دەستەواژەی ﴿المکونات﴾ لە بڕگەی دووەم، لە ماددەی یەکەم، پرۆژە یاساکە پێناسە کراوە، بۆیە پێویست ناکات دووبارە لە ماددەی دووەم پێناسە بکرێت، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین ماددەی دووەم، بەو شێوەیە دووبارە رێك بخرێت و حوکمی ئەم یاسایە لەسەر گشت هاووڵاتیانی کوردستانی عێراق پیادە دەکرێت کە خۆیان بە ئەندام لە پێکهاتەیەکی گەلی کوردستان دەزانن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك رابوون فەرموو،

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە موناقەشەی بەندەکەی پێشوو کاك ﴿د. سراج﴾ ئاماژەی بۆ کرد، بەس حەزم نەکرد کات زۆرتر بگرم، هەمان رەئیم هەیە و ئەو بەندە پێویست ناکات، یاسا بە خۆی روونیکردووە لەسەر کێ جێ بە جێ دەکرێت؟ بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك قادر فەرموو،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێموایە ئەو یاسایە بۆیە دەقنوس دەکرێت بۆ پێکهاتەکانە، پێویست ناکات ئاماژەی پێ بدرێت، بەڵام پێ شنیار دە کەم لا ببر ێت و ئە گەر وە کو خۆ شی بمێنێ تەوە داوا دە کەم بەو شێوەیە دابڕێژرێ تەوە، حوک مەکانی ئەم یا سایە، بە سەر گ شت هاووڵات یانی کورد ستانی ع ێراق کە سەر بە پێکهاتە یەك لە پێکهاتەکانی کوردستانن پیادە دەکرێت، لەبەرئەوە پێموایە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە وشەی ئەندام بۆ رێکخستنی سیاسییە، خۆ ئەوانە پارتی سیاسی و رێکخراوی سیاسی نین، پێکهاتەی نەتەوەیی یان ئاینین کە جیاوازیان هەیە لە چوارچێوەی پێکهاتەی هەرێمی کوردستانی عێراق، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. سراج فەرموو،

**بەڕێز د. سراج احمد حەمەدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان رای «کاك رابوون»م هەیە، سوپاس،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ایوب فەرموو،

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە ئەندام بوون لە کوردستان وا رەچاو کراوە کە ئارەزوومەندانەیە و بۆ رێکخراوە سیا سی و مەدەنی و پێشەییەکان بەکار هاتووە، بۆ یە پێم با شە کە وا بنوو سرێتەوە کە «حوکمەکانی ئەم یا سایە بەسەر گشت هاووڵاتیانی کوردستانی عێراق کە سەر بەو پێکهاتانەن»، پشتگیری رای «کاك ئایدن» دەکەم، مادام باسی پێکهاتەمان کردووە پێویست ناکات باسی زۆرینە و کەمینە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو،

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی یا ساکە د یارە بۆ پێکها تەکان ئا مادەکراوە و لە ماددەی سێیەم ئامانجەکە شی د یارە، بۆ یە م نیش پشتگیری ئەوبەڕێزانە دەکەم، ماددەی دووەم لا ببرێت، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس،کاک یروانت فەرموو،

**بەرێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ﴿کاك رابون و کاك سراج و کاك محمد﴾ دەکەم، ئەو مادده بهێتە راکرن و ئەگەر نەهاتە راکرن پشتگیری ﴿کاك ئایدن﴾ دەکەم کە ﴿کلمة التی لا تشکل اکثریت﴾ رابیت.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سەرکەوت فەرموو،

**بەرێز سەرکەوت سەرحەد خلیفە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گشتی برادەران باسی ئەوەیان کرد، گشت هاووڵاتیانی کوردستان کە خۆیان بە ئەندام واتە دام و دەزگاکانی حزبی و حکومی بەکار دێت، پێویست دەکات بگۆترێت کە خۆیان بە کەسێك یان بەشێك لەو پێکهاتانە دەزانێت، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، وحیدە خان فەرموو،

**بەرێز وحیدە یاقۆ هرمز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبێژم کە زۆرینەی پێك نائینن، چونکی گەلەك جها زۆرینەنە و لە هەمی جهان زۆرینە پێك ناهێن، پشتگیری ﴿کاك سراج و کاك رابوون﴾ دکەم، چونکی ئەو مادده زێدەیە، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سروود فەرموو،

**بەرێز سروود سلیم متی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانم کرا،

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلف فەرموو،

**بەرێز خلف احمد معروف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من ﴿کاك قادر﴾ کردی، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنە پەیوەندیدارەكان؟

**بەرێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چەند دەقەیەكمان دەوێت بۆ دارِشتنی راو و پێشنیارەكانی ئەندامان.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، نوقتەی نیزامی كاك رابوون؟

**بەرێز رابون توفیق معروف:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەمە بخەنە دەنگدان كە بمێنێت یان نەمێنێت؟ كەواتە ئەگەر نەمێنێت پێویستی بە دارِشتن نییە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

با رەئی لیژنە پەیوەندیدارەكان وەربگرین، دوایی دەیخەینە دەنگدان.

**بەرێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە پێشنیار كرا دەمجكردنی بوو لەگەڵ ماددەی یەكەم نەك هەڵگرتنی، بەڵام لەبەر ئەوەی دەمجمان نەكرد لەگەڵ ماددەی یەكەم، بۆیە پێویستە ماددەی دووەم بمێنێتەوە بە وەرگرتنی پێشنیاری ئەندامان، لیژنە پەیوەندیدارەكان ماددەی دووەم بەم شێوەیە دادەرِێژنەوە، ماددەی دووەم، حوكمەكانی ئەم یاسایە بەسەر گشت هاوڵاتیانی كوردستان  عێراق كە لەو پێكهاتانەنن پیادە دەكرێت.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵێدایە كە بەم شێوەیە خویندرایەوە؟ ﴿43﴾ لەگەڵێدایە، كێ لەگەڵێدا نییە، كەس نییە، كەواتە پەسەند كرا.

**بەرێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم، ئامانج لەم یاسایە بریتییە لە رێكخستنی پیادەكردنی پێكهاتەكان لە كوردستان-عێراق سەرباری مافە دەستوورییەكانیان بۆ مافی سیاسی و مەدەنی و كارگێرِی و رۆشنبیری و فێركاری و ئاینی و ئابوورییەكان بە پێی یاسا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەكان.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە با ناوی خۆی بنووسێت؟

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە گفتوگۆ دەكەن لەسەر ماددەی سێیەم، ﴿سراج احمد، قادر ئۆتمان، بێگەرد تاڵەبانی، صالح فەقێ، نجات محمد، رابوون توفيق، ايوب عبدالله، بەهزاد دەرويش، يعقوب گورگيس، ئايدن معروف، سروود سليم، شكريە اسماعيل﴾.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك يعقوب فەرموو،

**بەڕێز يعقوب گۆرگيس ياقۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم، ئامانجی ئەم ياسايە بريتييە لە پاراستن و رێكخستن، ﴿پاراستن﴾ لێرە زێدە بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك رابوون فەرموو،

**بەڕێز رابوون توفيق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناوەروكی ئەو ماددەيە پێويستە لە ﴿اسباب موجبە﴾ ئاماژە پێبكرێت و رێك بخرێتەوە، بۆيە من پێمواية ئەو ماددەيە زيادە و پێويستە لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك سراج فەرموو،

**بەڕێز د. سراج احمد حەمەدامين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو تێبينيم هەيە، يەكەم، لێرە خەبەری جوملەكە مەحزوفە، ئەگەر بە ديقەت گوێی بدەينێ دەڵێت ﴿يهدف هذا القانون الى تنظيم ممارسة مكونات﴾، ئاخر تەنزيم و ممارسەی چی؟ خاص بهم، باسی مافەكانی نەكردووە، دەبێت لێرە جوملەك مەحفوزە دەبێت ديار بكرێت، دووەم، قسەی ﴿كاك رابوون﴾ تەئيد دەكەم دەبێت بچێتە ﴿اسباب موجبە﴾ لێرە زيادەيە و جێی ناكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك قادر فەرموو،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگيری لە قسەكانی ﴿كاك رابوون﴾ دەكەم، ئەمە زيادەيە، پێويستە لە هۆيە پێويستكارييەكان جێ بكرێتەوە، بەڵام لە حاڵەتی مانەوەی، پێم وايە پێويستە لە بری بريتييە لە رێكخستنی پيادەكردن،

بنووسرێت ﴿ئامانج لەو یاسایە پاراستنی مافی پێکهاتەکان و پیادەکردنێتی﴾ و مافی سیاسی لابرێت، لەبەرئەوەی هەموو هاووڵاتیانی کوردستان و ئەوانەی هەڵگری رەگەزنامەی عێراقین کە تاکو ئێستا بەداخەوە، هەمووومان مافە سیاسییەکانمان وەك یەك دابین کراوە لە خۆپاڵاوتن و موشارکەی سیاسی و دروستکردنی پارتی سیاسی و هەموو ئەمانە، بەڵام بۆ جیاوازی رۆشنبیری و ئاینی و ئابووری بە هۆی جیاوازی پێکهاتەی کۆمەڵگا و جیاوازی لە خەسڵەت و تایبەتمەندی کۆمەڵگا بە رای من واریدە، بەڵام مافی سیاسی لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، نجاة خان فەرمووو،

**بەڕێز نجاة محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم ماددێ سێیێ ب ڤی رەنگی بیت، ﴿ئامانجی ئەم یاسایی بریتییە لە پارێزگاری کردن و دەستەبەر کردن و رێکخستن و پیادەکردنی پێکهاتەکان لە کوردستانی عێرق سەرباری مافە دەستوورییەکان بۆ مافە سیاسی و مەدەنی و کارگێڕی و رۆشنبیری و ئاینی و کۆمەڵایەتی و فێرکاری بهێتە زیاد کرن، ئابوورییەکان بە پێی یاسای نیودەولەتییەکان بەرجەستە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ایوب فەرمووو،

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری رای ﴿کاك رابوون و کاك قادر﴾ دەکەم، مادام باس لە ئامانج دەکات دەکرێت لە هۆکارە پێویستەکان جێگای بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئایدن فەرمووو،

**بەڕێز ئایدن معروف سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی سێیەم، بۆ مافە سیاسی و مەدەنی و کارگێڕی و رۆشنبیری لە پێش مافە سیاسی و مافی نەتەوایەتی زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سروود فەرمووو.

**بەڕێز سروود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم کە وشەی ﴿پاراستن﴾ زیاد بکرێت پێش ڕێکخستن، ببێتە پاراستن و ڕێکخستنی و پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم کە کۆمەڵایەتی زیاد بکرێت و پشتیوانی قسەی ﴿کاك ئایدن﴾ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەهزاد فەرموو،

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانج دیارە تەئکید لە ناوەرۆکێ دکەت، ناونیشان و ﴿اسباب موجبە﴾، ئامانج بمینت هی ئیشکال دروست نابیت ل ڤێ ماددێ دا، من پێ باشە ب ڤی شێوەی بهێتە ڕێکخستن، ﴿ئامانجی ئەم یاسایە بریتییە لە پاراستنی مافە سیاسی و مەدەنی و کارگێڕی و ڕۆشنبیری و فێرکاری و ئاینی و ئابووریێن پێکهاتەکان بە پێی یاسای ناوخۆیی نێودەوڵەتی و قووڵتر کردنی بنەماییێن پێکەوە ژیانێ ل کوردستانێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بێگەردخان فەرموو،

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە رای ﴿کاك رابوون و کاك قادر﴾ دەکەم، پێمەوایە ئەمە بچێتە هۆیەکانی دەرچوواندن، ئەگەر لەشوێنی خۆشی بمێنێت پێشنیار دەکەم، لەبەر ئەوەی لە رووی ڕێزمانییەوە ناتەواوی هەیە، کە دەڵێت ئامانجی ئەم یاسایە بریتییە لە ڕێکخستنی پیادەکردنی پێکهاتەکان، پێموایە دەبێت بکرێتە ئامانجی ئەم یاسایە بریتییە لە پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستانی عێراق تا کۆتایی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو شکریە فەرموو،

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە بچێتە هۆیەکانی دەرچوواندن و ئەگەر دەمێنێتەوە بەم شێوازەی لێ بکرێتەوە، ﴿ئامانجی ئەم یاسایە بریتییە لە ڕێکخستن و دەستەبەرکردنی مافی پێکهاتەکان﴾، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ احمد:**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش پێم وایە هەموو ئەوانەی لەو مادەیە هاتووە یان دووبارەیە یان زیادە، بەشێکی چەسپاندنی پاراستنی مافی پێکهاتەکان هەر پشتگیری لەو رایە دەکەم لە هۆکارەکان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رای لیژنە پەیوەندیدارەکان، فەرموو د. ڤالآ،

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاتر لە ﴿سێ﴾ کەس پێشنیاری کرد کە ئامانجی یاساکە ببێت بە ﴿اسباب موجبە﴾ی یاساکە، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە ئەو پێشنیارە بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ لەگەڵێدایە لە دەمج کردنی ماددەی سێ و هۆیە پێویستەکان، کێ لەگەڵێدایە؟ ﴿47﴾کەس لەگەڵێدایە، کێ لەگەڵێدا نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا، دوایی لە هۆلی پێویستکارەکان سیاغە دەکرێت، ماددەی چوار،

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم دەبێتەسێیەم،

**بەشی دووەم**

**مادده (4) دەبێتە مادده (3):**

دەسەلآتەکانی هەرێمی کوردستان  عێراق یەکسانی تەواو و کاریگەر بۆ پێکهاتەکان مسۆگەر دەکات:

**یەکەم**: حکومەت مافی یەکسانی و هاودەرفەتی لە ژیانی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەلآیەتی و ئابووری لە رێگای یاساو سیاسەتی کاریگەر بۆ ئەو تاکەی سەر بە پێکهاتەکەیە مسۆگەر دەکات، هەروەها مافی بەشداری کردنیان لە وەرگرتنی ئەو بڕیارانەی تایبەتە بە خۆیان مسۆگەر دەکات. **دووەم**: سەرجەم شێوەکانی جیاکاری دژی هەر پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکانی کوردستانی عێراق قەدەغە دەکرێت و سەرپێچیکار سزا دەدرێت بەپێی یاسا بەرکارەکان.

**سێیەم**: قەدەغە کردنی هەر بانگەشەیەکی ئاینی، یان سیاسی، یان راگەیاندن، کۆمەڵی، یان تاکی، راستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ، بۆ رق و کینە، یان توندوتیژی، یان تۆقاندن، یان دوورخستنەوەو پەراوێزخستن، کەوا لەسەر بنەمای نەتەوەیی، یان ئەتنی، یان ئایینی، یان زمانەوەانی بینا کرا بێت.

**چوارەم**: رێگە گرتن لە هەر رەفتارێك، یان هەر سیاسەتێکی نەرێنی کەوا ببێتە هۆی گۆڕینی بارودۆخی رەسەنی ئەو ناوچانەی پێکهاتەیەکی دیاریکراو تێدا نیشتەجێن و، رێگە گرتن لە هەر بەخاوەن بوونێك

کەوا ئامانجی، یان ببێتە هۆی گۆڕانکاری دیمۆگرافی بۆ مۆرکی مێژوویی و شارستانی ناوچەیەکی دیاریکراو، بەهەر هۆیەك بێت، لەژێر هەر پاساوێك بێت.

**پێنجەم**: چارەسەرکردنی زێدەڕۆیی ئەنجامدراو لەسەر ناوچەکانی هەر پێکهاتەیەك و گەڕاندنەوەی بارەکە بۆ حاڵەتی پێش ڕوودانی زێدەڕۆییەکە، نەهێشتنی ئەو ئاسەوارو پاشماوانەی بوونەتە، یان دەبنە هۆی گۆڕانکاری دیمۆگرافی، یان قەرەبوو کردنەوەیان لە حاڵەتی ئاستەمی گەڕانەوەی بارەکە بۆ حاڵەتی پێشووی.

**شەشەم**: لەکاتی دیاریکردنی سنووری یەکە کارگێڕییەکان و بازنەکانی هەڵبژاردن و لە کاتی دانانی پلانی گەشە پێدانی ئابووری و پەرەپێدانی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوونی شارەدێ و لادێیی، هەروەها پاراستنی ژینگە، حکومەت بارودۆخی خۆجێیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی، بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و نەریتە چەسپاوەکانی پێکهاتەکانی ئەو ناوچەیە لەبەر چاو دەگرێت.

**حەوتەم**: حکومەت کار دەکات لەسەر هاندانی گەڕانەوەی ئەو کەسانەی سەر بە پێکهاتەکانن و لەوانەی پێشتر دانیشتووی کوردستانی عێراق بوون و ناچاری کۆچ کردن بوون و مسۆگەر کردنی مافە شایستەکانیان.

**هەشتەم**:

1- حکومەت پابەند دەبێت بە پارێزگاری کردن لە زمانی دایك لە ڕێگای مسۆگەر کردنی ڕێگاکانی فێربوونیان و ڕۆشنبیر بوون و بەڕێوەبردنی کەناڵی ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆیان.

2- حکومەت کردنەوەی بەشی تایبەت بە زمانە نەتەوەییەکانی پێکهاتەکان لە زانکۆکانی کوردستان و دامەزراندنی ئەکادیمیای زانستی و زمانەوانی تایبەت بەخۆیان بەپێی پێویستیان مسۆگەر دەکات.

بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە با ناوی خۆی بنووسێت؟ لە وەرگێرانی دەقە عەرەبییەکە بۆ کوردییەکە هەندێك ئیشکال هەیە لە رووی ڕێنووس و لە رووی داڕشتنەوە، ئەمە قابیلی موناقەشەیە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف /سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمان بەڕێزانە گفتوگۆ دەکەن لەسەر ماددەی چوار، پێشتر ﴿حیات مجید﴾ ناوی خۆی نووسی بوو، ﴿قادر ئۆتمان، صالح فەقێ، امنە زکری، د. سراج احمد، هەورامان گەچێنەیی، ڕابوون توفیق، بەهزاد دەروێش، جوان اسماعیل، شکریە اسماعیل، یعقوب گۆرگیس، ماجد عثمان، محمد سعدالدین، سروود سلیم، یروانت نیسان﴾.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، حیات خان فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جگە لەوەی بەراستی لە رووی داڕشتنەوە تا رادەیەك موعەقەدییەك پێوە دیارە لە تێگەیشتن، ئەگەر موراجعەی ئەمە بکرێت خراپ نییە، لە ماددەی چوار، فەقەرەی یەکەم، کە ئێستا بوویتە ماددەی سێ، بەم شێوەیە بکرێت باشترە، ﴿پێکهاتەکان مافی دەربڕینیان هەیە لە رۆشنبیری و تەقالیدی خۆیان و پێویستە بەرگری لە هەموو پیرۆزییەکان، شوێنە پیرۆز و ئاینەکانیان بکرێت، حکومەتی هەرێم ئەرکی سەرشانێتی هەموو هەوڵێك بدات بۆ پاراستن و پێشخستنی کولتووری رۆشنبیری و ئاینی و جێگە ئاینییکانی هەموو پێکهاتەکان بپارێزێت، و لە فەقەرەی حەوتەم، پێم باشە دێرێکی تری بۆ زیاد بکرێت ئەویش، ﴿دەستەبەر کردنی ژیانێکی باشتر﴾، حکومەت کار دەکات لەسەر هاندان و گەڕانەوەی ئەو کەسانەی سەر بە پێکهاتەکانن و لەوانەی پێشتر دانیشتوانی هەرێم بوون و ناچاری کۆچ کردن بوون و مسۆگەر کردنی مافەکانیان و دەستەبەر کردنی ژیانێکی شایستە تا جارێکی تر بیر لە کۆچ کردن نەکەنەوە، فەقەرەی هەشتەم، شتێکی زۆر باشە کە بەشی تایبەت بە زمان و نەتەوەو پێکهاتەکان لە زانکۆکانی کوردستاندا هەبێت، بەڵام باشتریشە ئەگەر لە مەنهەجی پەروەردەییدا بە تایبەتی لە کتێبی ﴿ماف﴾ وردتر باس لە پێکهاتەکان و مافەکانیان بکات تا رۆڵەکانی ئەم وڵاتە شارەزاییان هەبێت لەسەر پێکهاتەکان و مافەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك یعقوب فەرموو،

**بەڕێز یعقوب نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە نەسی عەرەبی من هەندەك مولاحەزە هەیە سێیەم، ﴿حضر ای دعوت﴾ سیاسییە بێتە ئیزافەکرن، فاریزە ﴿دینیة و الاعلامیة﴾ بعد الاعلامیە ﴿خاصة او عامة﴾، یەعنی تایبەت یان گشتی، ﴿سواء کان مقروءة و او مسموعة او مرئیة﴾، ئەمە لە سێیەم، پێنجەم، ﴿او تعویضهم تعویضا مجازیا﴾، مەجازیەن غەلەتە، ﴿تعویضا مجزیا﴾، مەجازی تشتەکێ دیکەیە و مەعنای تری هەیە، لە شەشەم، ﴿تاخذ الحکومة في الاعتبار الظروف المحلیة﴾، **ئەو**﴿تاخذ﴾ ببیتە ﴿تضمن الحکومة عدم تغیر الظروف المحلیة﴾، یەعنی حکومەت زامن بیت و ئەو زروفە ناهێتە گۆڕین ﴿تضمن الحکومة عدم تغیر الظروف المحلیة، العلاقات الاجتماعیة هەتا نیهایەتی جوملە، هەشتەم، ﴿تلتزم الحکومة بتمکین و دعم ابناء المکونات﴾، ئەویش زۆر پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، امنەخان فەرموو،

**بەڕێز امنه زكرى سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ب ماددا چارێدا كۆمەڵەك بابەت يێن هاتينە بەحس كرن كو پرسيارا من ژ ليژنا ياسايى ئەوە ئەگەر هات و بۆ نموونە ماددێن برگا دوويێدا بەحسێ هندێ دكەت ئەگەر هەر جودا كارييەك دژى پێكهاتێن نەتەوەيى يان ئاينى و مەزهەبى هاتە كرن دێ هێن سزادان يان هەر جۆرە بانگەشەيەكا ئاينى راستەخۆ و نەراستەوخۆ ئەگەر هاتە كرن ئەز جۆرێ سزايا دێ چ بن؟ چونكى هيچ جۆرە ميكانيزمەكا سزادانێ دڤێ ياسايێ دا نينە، ئايا ياسايەكا تايبەت هەيە كو دێ ل گۆر ڤێ ياسايێ كار پێ هێتە كرن؟ ئەگەر نينە پێدڤى يە دڤێ ياسايێ دا ئەم جهێ وێ ڤەكەين كو دێ ئەو سزا دور چ بيت و چ رەنگ بيت، هەر برگا دوويێدا ئەز داخازێ دكەم پشتى پێكهاتا نەتەوەيى و نەژادى پەيڤا رەگەزى ژى بهێتە زێدە كرن، يەعنى هەر پێكهاتەيەك لە پێكهاتەكانى نەتەوەيى يان نەژادى و رەگەزى يان زمانەوانى ئەو ژى زێدە بيت.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك قادر ئۆتمان، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەى يەك، من پێم باشە تا( هەر پێكهاتەيەك مسۆگەر دەكات)، واتە هەروەها ماڤی بەشدارى كردن لە وەرگرتنى ئەو بڕيارانەى كە تايبەت بە خۆيان مسۆگەر دەكات لابرێت، چونكە هەر كاتێك هاو دەرفەتى ويەكسانى هەبوو، جياكارى نەبوو ئەمە پێم وايە مانايەكى بۆ نامێنێتەوە، پێويستە ليژنەى ياسايى لەسەر ئەو بڕيارانەى كە تايبەت بەخۆيانن ڕوونكردنەوە بدەن، سەبارەت بە بڕگەى چوار، ڕێگرتن لە هەر سياسەتێكى نەرێنى كە ببێتە هۆى گۆڕانكارى بارودۆخى ڕەسەنى ئەو ناوچانە، كە دەڵێت بە هەر پاساوێك بێت، بە هەر هۆيەك بێت، بەنموونە بۆ خاوەندارى، يەعنى سبەينێ ئەگەر هاووڵاتى يەكێك لەو پێكهاتانە بيەوێت خانووەكەى بفرۆشێت، دەتوانرێت ڕێگرى بكرێت لە فرۆشتنى ئەو خانووە، ئەمە بەهاو نرخى خانووەكە كەم دەكاتەوە، دەكرێت تەنها لەوەدا كورتى بكەينەوە، بڵێين ئەگەر بۆ مەبەستى گۆڕانكارى يان گۆڕينى ديموگرافى بێت، نەك بە هەر هۆيەك بێت يان هەر پاساوێك بێت، كەسەكە ماڤی ئەوەى نييە كڕين و فرۆشتن بە نموونە: بۆ سامانى گوێزراوەو نەگوێزراوەى بكات، سەبارەت بە بڕگەى پێنجەم، چارەسەركردنى زيادەڕۆيى، هيچمان لەگەڵ زيادەڕۆيى نين، بەڵام ئەگەر زيادەڕۆيى و تەجاوز كرابێت بۆ سەر موڵكى گشتى و سامانى گشتى كراوە، دواجار پێويست ناكات كەسێك كە زيادەڕۆيى كردووە، ماڤی سامانى گشتى پێشێل كردووە، تۆ بێيت لەسەر سامانى گشتى قەرەبووى بكەيتەوە، بۆيە من پێشنيار دەكەم ئەم دەقە بەم شێوەيەى لێ بكرێت، چارەسەركردنى زيادەڕۆيى ئەنجام دراو لەسەر ناوچەكانى هەر پێكهاتەيەك و گەڕانەوەى بارەكە بۆ حاڵەتى پێشووى خۆى، پێش ڕوودانى زيادەڕۆييەكە و نەهێشتنى ئەو ئاسەوار و پاشماوانەى كە دەبنە هۆى گۆڕانكارى ديموگرافى لەحاڵەتى ئەستەمى گەڕاندنەوەى بارەكە بۆ

پێشوو، ڕێکاری یاسایی بگیرێته بەر، بەرامبەر بەو کەسانەی کە زیادەڕۆییان کردووە، پابەند بکرێن بە قەرەبوو کردنەوەیان، چونکە ئەگەر حکومەت کردبێتی وەك هەر هاووڵاتیەکی تر، مەبەستم لە حاڵەتێکە کەشوێنەوارەکە مێژوویی بێت، ئەوە قەرەبووی دەکاتەوە، ئەگەر شەخص کردبێتی، پێویست ناکات لەسەر بودجەی گشتی قەرەبوو بکرێتەوە، سەبارەت بە بڕگەی شەشەم، من پێم باشە کە بازنەکانی هەڵبژاردن لابرێت، چونکە ئەگەر سیستمی هەڵبژاردن یەك بازنەییە، ئەوکاتە کە تۆ بازنەی سەربەخۆیان بۆ دروست بکەیت ئەمە پێشێل کردنی مافی پێکهاتەکانە، ئەگەر سیستمی هەڵبژاردنیش لەسەر ئاستی پارێزگا بێت، مادام کۆتا هەیە، پێم وایە ئەمە پێویست ناکات، سەبارەت بە بڕگەی حەوتەم، من پێشنیار دەکەم لەوانەی پێشتر دانیشتووانی بنەڕەتی کە هەڵگری ڕەگەز نامە بن، یەعنی ئەمەی بۆ زیاد بکرێت، نەك هەر پێکهاتەیەك کە دانیشتووی بنەڕەتی کوردستانی عێراق نەبێت بەو هۆیەوە نەیگرێتەوە، سەبارەت بە بڕگەی هەشتەم، خاڵی دووەمی، تەحدید بکرێت سەبارەت بە زانکۆکانی کوردستان، یەعنی لەویَ بەمەرج بگیرێت ئەگەر ڕێژەیەکی دیاریکراو لە خوێندکارانی پێکهاتەکان بن، چونکە ناکرێت تۆ بیسەپێنیت بەسەر هەموو زانکۆکانی کوردستان، کە لێرەدا هەمان مانا نادات، بەس بەنموونە زانکۆی ڕاپەڕین، هیچ پێکهاتەیەك لەویَ ناژی، تۆ ناکرێت وانەیەك زیاد بکەیت بۆ ئەو مەبەستە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر سراج، فەرموو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی بڕگەی یەکەم باس لە تەشریعاتی فەعال دەکات، کە هەلی ڕەخساندنی بەشداری بوونی ئەو پێکهاتانە لەڕووی یاسایی و سیاسی و سەقافی و کۆمەڵایەتی ئەوانە زیاتر بکرێت، بەڵام بەڕەئی من لەو یاسایەدا فەعال تر بەوان ئەوڕۆ دەستبەر ناکرێت و دیارتریش نییە، جا بۆیە من پێشنیار دەکەم، بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی ئەو یاسایە، یاساکە زیاتر فەعال بکرێت، هەروەکو لە بڕگەکە ناوی هاتووە، ڕێژەی بەشداری ئەو لایەنانە، بۆ نموونە بوترێت، (حسب الاستحقاق الآنتخابي) ئەوەنە بەشداریان پێ بکرێت، لەهەموو ئەو کەیانەی کە لێرە ناوی هاتووە، لەڕووی سەقافی، ئیجتماعی، یان هەر بابەتێکی ترە، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، بڕگەی پێنجەم باس لە چارەسەری تەجاوزات ئەکات، بەڕای من وشەی (معالجه) هەردووڵا ئەگرێتەوە، هەم تەعویز هەم ئیزالە، جا بەڕای من ئەگەر (معالجه) بکرێت بە (ازاله تجاوزات) لەبەر ئەوەی باسی تەعویز ئەکات، وە ئیزالە جیاوازە، تەعویزیشی جیاوازە، کە ئیزالە هەبوو، تەعویز ئەکرێت، جا بۆیە من داوا دەکەم، تەعویز لە ئەخیری لابرێت، لەبەر ئەوەی کە وتت موعالەجە یان وتت تەجاوزات یەعنی ئیزالەو هەروەها تەعویزیش ئەگرێتەوە، چونکە دوو بابەتی لەیەك جیاوازن ناکرێت لێرە هەردووکی ناو ببرێت، بەڕەئی من تەعویز زیادەیە، بڕگەی حەوتەم، بەڕاستی هەندێ شتی دواڕۆژی تێدایە، ئەبێت زیاتر تێڕامانی تێدا بکرێت، بۆیە داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم ئەوە حەل بکەن، لێرە باس

لەوە ئەكرێت( تعمل الحكومة على تشجيع عودة الأشخاص المنتمين الى المكونات من سكان الأقليم سابقاً الذين اضطروا للهجرة وضمان حقوقهم) بەڕاستی من (ضمان حقوقهم) ئەوە وشەیەكی زۆر مەتاتیە، بكرێت بە (ضمان حقوقهم المستحقة) كێ ناڵێت ئەوان بەیانی داوای حقوقی زیاتر لە حەقی كورد و موسوڵمان و پێكهاتە سەرەكیەكان ناكەن؟، بنووسرێت (ضمان حقوقهم المستحقة) بەقەدەر خۆیان دووەمجار موكەوینات ئێستا نەماوە لێرەداو ناویان ناهێنین، هەندێ موكەوینات نەماوە كاتی خۆی لێرە بوون، باشە چۆن بتوانین ڕۆژێك ڕێگری لەوان بكرێت و نەیەنەوە، سبەی حكومەت مولزەم دەكەیت هەموو تەعویزاتیان بداتێ، ئێستاش موڵك و ئەملاكی ئەوان ئێستا هەمووی بووە بە بینایات، بووە بە كۆمەڵگای نیشتەجێبوون، بەتایبەتی داخلی هەولێر، چۆن عیلاجی ئەوانە دەكەیت؟، ئەوە كێشەیەكەو دەبێت زیاتر قەید دابندرێت بۆ ئەو نەصە مەتاتیانە، كە ئەوانە سبەی ڕۆژ ئیلزاممان نەكەن بە شتێكی تر، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك ڕابوون توفیق، لێرە نییە، مامۆستا ماجد عثمان، فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشیم لە لیژنەی یاسایی و مافی مرۆڤ، كە بەڕاستی زۆر بەوردی ئەو بڕگانەیان داڕشتووە، بەڵام لە دێڕی یەكەم، دەسەڵاتەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان  عێراق، یەكسانی تەواو كاریگەر بووە، بۆ گشت هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان دابین دەكات، لەڕێگەی ئەو یەكەم، دووەم، سێیەم، ئەمانە بنووسرێت، لە بەندی یەكەمیش هاتووە، كە دووجار مسۆگەر دەكات، دووبارە بووەتەوە، ئەگەر بكرێت بەیەك باشە، پشتگیری لە ڕای بەڕێز خاتوو حیاة دەكەم، كە ئەگەر بكرێت بڕگەیەكی تر ئیزافە بكرێت، بەو شێوەی كە دایڕشتبوو، یان لە بڕگەكاندا جێگای ببێتەوە، هەروەها پشتگیری لە ڕای كاك قادر ئۆتمانیش دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك محمد سعدالدین، فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی پشتگیری لە قسەكانی بەڕێزان یعقوب گۆرگیس، حیاة مجید، امنە زكری، قادر ئۆتمان دەكەم، جگە لە مەوزوعی زانكۆكان، دەربارەی خاڵی هەشت، بڕگەی دووەم، نووسراوە،(دامەزراندنی كۆڕی زانستی زمانەوانی تایبەت بەخۆیان، بەپێی پێویست)، لێرە ئەگەر تەماشای سیستمی هەرێمی كوردستان بكەین، لەهەرێمی كوردستان پێشتر كۆڕبەندی زانستی كوردستانی هەبوو، پاشان لە پەرلەمانی كوردستان یاسایەكی تر دەرچوو، بەناوی ئەكادیمیای كوردی، ئێمەش ئەوە پێشنیاز دەكەم كە لەجیاتی ئەوەی كۆڕی زانستی زمانەوانی تایبەت بە خۆیان) یەعنی هەر پێكهاتەیەك كۆڕی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێت، بنووسرێت(

دامەزراندنی ئەکادیمیای تورکمانی  سریانی - ئەرمەنی)هەم  حکومەت بارگرانییەکی لەسەر نابێت، کە کۆڕی زانیاری بۆ هەموویان بکات، هەم مافەکانیشیان دابین دەکرێت، کە چۆن ئەکادیمیای کوردی هەیە، لە کوردستان ئەکادیمیای تورکمانی  سریانی  ئەرمەنی) هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک بەهزاد دەرویش، فەرموو.

**بەڕێز بهزاد دەرویش دەرویش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددا چارێ ئێکەم، پێم باشە ئەڤ وشە بێتە ئیزافە کرن، حکومەت مافێ یەکسانی ل سەر بنەمایێ هاوڵاتی بوون، نازانم لیژنا یاسایی ئاگای لێیە یان نا؟ بەلێ، حکومەت مافێ یەکسانی ل سەر بنەمایێ هاوڵاتی بوون، لبەر چ؟ چونکی دا هەست نەکەن کو دوو جۆرە هاووڵاتی هەنە دەرەجە ئێك و دەرەجە دوو، هەروەسا مە دڤێت ئایندەی هەرێما کوردستانێ کە ان شا الله ببینە خودان دەوڵەت سەر بنەمایێ شارستانیەتێ ئاڤا کەین دەوڵەتێ ل هەرێما کوردستانێ سەر ئەساسێ یەکسان بوونا هاووڵاتی بوونێ ئەڤە خالا ئێکێ، خالا دی دووەم، سەرجەم شێوەکانی جیاکاری دژی پێکهاتەکان مادام هاتیە پێناسە کرن پێویست ناکەت دووبارە لێرە تەفصیل بهێتە نڤیسین، سێیەم، قەدەغە کردنی هەر بانگەشەیەکی ئاینی یان راگەیاندن راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بۆ لێك ترازانا پێکڤە ژیانێ پێم باشە ئەڤ وشەیە بێتە ئیزافە کرن، چونکە هندەك جارا مەسەلا پێکڤە ژیانێ دهێت، ئەو وشا (رق و کینە) ئەڤ وشەیە ژی بەدیلەك بۆ بێتە دانان باشە، یا پێنجێ ژی، پێنجەم، چارەسەر کردنی زێدەڕەوی ئەنجامدراو سەر ناوچەکانی هەر پێکهاتەیەك ل دویف یاسایێن بەرکار ل هەرێما کوردستانێ، خالا دویماهیێ ژی پشتگیریا کاك یەعقوب دکەم کە گوتی قەرەبووی خوازەیی، یەعنی مەجازی هاتیە عەرەبی لێرە رامانا وێ موجزیە، کە ئەوان پێ رازی بن، زۆر سوپاس

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك صالح فەقێ، فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار من پێم باشە، وشەی یەکسانییەکە لابرێت، بکرێت بە (دادپەروەری)، لەبەر ئەوەی ماف پێکهاتەکان لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بەپێی زۆری و کەمی دەگۆڕێت، بۆیە دادپەروەرییەکە گونجاوترە، لە یەکسانی بۆ دابەشکارییەکی یەکسان کە ناکرێت بۆمان، هەرێمەکەش نەمێنێت، واتە (دەسەڵاتەکانی کوردستان  عێراق، دادپەروەری تەواوو کاریگەر بۆ گشت هاووڵاتیانی کوردستان  عێراق مسۆگەر دەکات)، لەخاڵی یەکەم دیسان یەکسانی هەیە، سەبارەت بە ماددەی پێنجەم، چارەسەرکردنی زیادەڕۆیی ئەوە یاسایەکی تایبەت بە زیادەڕۆیی پێشکەش کراوە، حەقە لەوێ جێگای بکرێتەوە، نەك لێرەدا باس بکرێت، لەماددەی شەشەم، ئەوەی پەیوەندی بە پاراستنی ژینگەوە هەیە، پاراستنی ژینگە

ئەوانیش بەشێکە لە ژینگەی کوردستان، کە جیا ناکرێتەوە، کە پێم وایە ئەمە زیادە، لەخاڵی چوارەمیش، ئەوەی (یان ببێتە هۆی گۆڕانکاری)ئەوە لابرێت، کە ئامانجی گۆڕانکاری دیموگرافی بێت، سەبارەت بە ماددەی هەشتەم، لە خاڵی دووەم، ئێمە یاسای زمانە فەرمییەکان تا ڕادەیەك حەلی ئەمەی کردووە، لەگەڵ یاسای زانکۆکان ئەمە جێگای بکرێتەوە، بۆیە بەزیادی دەزانم خاڵی دووەم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆرە جوان، فەرموو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی چوارەم، فەقەرەی یەکەم، ئیزافەیەکی لێ بکرێت، (حکومەت مافی یەکسانی هاودەرفەتی لە ژیانی سیاسی، ڕۆشنبیری) (پەروەردەو فێرکردن) ئیزافە بکرێت، لەزمانی عەرەبیەکەش (تضمن الحكومة للفرد الذي ينتمي الى المكون حق المساواة، وتكافؤ الفرص في الحياة السياسية، والتربوية والتعليمية) ئینجا ئەوانی تر، بەنیسبەت فەقەرەی سێیەم، لەهەمان ماددە، هاوڕام لەگەڵ کاك یعقوبی کە ئیزافە بکرێت، (حظر اي دعوة دينية أو إعلامية) ئیزافە بکرێت( الخاصة او العامة مرئية او السمعية)، ماددەی هەشتەم، فەقەرەی دووەم، (تضمن الحكومة فتح اقسام) پێم وایە بکرێت بە (بعض الاقسام في جامعات كوردستان حسب امكانية وحاجة الجامعة لهذه الأقسام)ئەوە ئیزافە بکرێت، یەعنی(تضمن الحكومة فتح بعض الاقسام حسب امكانية وحاجة جامعات كوردستان) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر سروود سلیم، فەرموو.

**بەڕێز سروود سلیم مەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم پشتیگری لە قسەکانی کاك یعقوب دەکەم، بەتایبەتیش لە فەقەرەی پێنجەم دەقی عەرەبی و کوردی هاتووە مەجازییە ئەوە غەڵەتە بکرێت بە مجزی، دووەم شت تەئکید دەکەمەوە لەسەر خاڵی پێنجەم کە زیادە ڕۆیی بمێنێت وەکوخۆی، خاڵی سێیەم، بەشی دووەم، نووسراوە بەپێی پێویستی ئێمە کاتی خۆی کە لە لیژنەی یاسایی دانیشتبووین شەڕێکی باشمان کرد لەسەر ئەو بابەتە، (بەپێی پێویستی) کردمان بە (پێی پێویستیان) یەعنی لە دەقە عەرەبیەکەی هاتووە (حسب حاجاتهم) لە کوردییەکە هاتووە( بەپێی پێویستی) ئەوە مەتاتیەتی زۆری تێدایە، ئیحتماله سبەی دوو سبەی حکومەتی پەیوەندیدار بڵێت کاکە پێویستیمان نییە، قسمی زمانی سریانی بکرێتەوە لە کۆلیژی ئاداب، بۆیە کردمان بە پێی پێیوستیان، ئەوە زۆر گرنگە بۆ ئێمە، تا هیچ مەجالی مەتاتیەتی نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو شکریە اسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز شكريە اسماعيل مصطفى:**

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پێم وایە ئامانج و ناونیشانی یاساكە ڕێكخستنی پێكهاتە نەتەوەییەكانە، نەك سزادان، بۆیە من پێم وایە لەماددەی چوارەم بڕگەی دووەم و سێیەم زیادە، چونكە ئەمانە لەیاسای سزادان و یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو ئەحكامەكانی ماددەكانی ئەم دوو یاسایە ئەمانە هاتووە، بۆچی لێرەدا دووبارە ببێتەوە، بەنیسبەت خاڵی هەشت ماددەی دووەم، پێم وایە ئەمە تۆزێك ئەستەمە، حكومەت پێی جێبەجێ ناكرێت، بۆیە پێم وایە لەخاڵی هەشتەم، بڕگەی دووەم لابرێت، تەنها پاڵپشتی كاك محمد سعدالدين دەكەم، بۆردیان بۆ دابندرێت، سوپاس.**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، كاك یروانت نیسان، فەرموو.**

**بەڕێز یروانت نیسان ماركۆس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**یەكەم پشتگیریا كاك یعقوب دكەم خاسەتەن فەقەرا سێی و پێنج  و خوێشكا خۆ ئامینایێ و كاك محمدی و دكتۆر سرودی بزەبت ئەڤێ فەقەرێ، و من دڤێت ئەز بێژم فەقەرەك دی لێ زێدە بیت (عند استحداث ای وحده إدارية جديدة فى مناطقهم يأخذ رأيهم بأخذ اعتبار) هندەك جارا وەحدێت ئیداری یێت دهێنە ئیستیحداس كرن بێ رەئیا مەنتەقێ ئەو ژی مەشاكیل بۆ مە ژێ چێ دبن، و سوپاس.**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، ئێستا دانیشتنەكەمان كۆتایی پێ دێنین تا سەعات (3)، جاری خواتان لەگەڵ...**

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، ژمارەی دانیشتن(9) ڕۆژی دانیشتن(21/4/ 2015) بەردەوام دەبین لەتەوەری یەکەمی بەرنامەی کار کە بریتیە لە گفوگۆکردنی پرۆژەی مافەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و تیرە ئاینییەکان لەهەرێمی کوردستان  عێراق، بەپێی ماددەکانی (72- 74  75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا لیژنە پەیوەندیدارەکان دەقی ماددەی (3)ی پرۆژە یا ساکەیان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی بیخوێننەوە، تا دوایی بیخەینە دەنگدانەوە، ماددەی چوار کە بووە بە ماددەی سێیەم، فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**ماددە (3): دوای وەرگرتنی پێشنیارەکان و داڕشتنەوەی لەلایەن لیژنە هاوبەشەکانەوە بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**ماددە (4) دەبێتە ماددە (3):**

**دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان  عێراق یەکسانی تەواو و کاریگەر بۆ پێکهاتەکان مسۆگەر دەکات:**

**یەکەم: حکومەت مافی یەکسانی و هاودەرفەتی لە ژیانی سیاسی، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ڕێگای یاساو سیاسەتی کاریگەر بۆ ئەو تاکەی سەر بە پێکهاتەکەیە مسۆگەر دەکات، هەروەها مافی بەشداری کردنیان لە وەرگرتنی ئەو بڕیارانەی تایبەتە بە خۆیان مسۆگەر دەکات.**

**دووەم: سەرجەم شێوەکانی جیاکاری دژی هەر پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکانی کوردستانی عێراق قەدەغە دەکرێت و سەرپێچیکار سزا دەدرێت بەپێی یاسا بەرکارەکان.**

**سێیەم: قەدەغە کردنی هەر بانگەشەیەکی ئاینی، یان سیاسی، یان ڕاگەیاندن، کۆمەڵی، یان تاکی، ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، بۆ ڕق و کینە، یان توندوتیژی، یان تۆقاندن، یان دوورخستنەوەو پەراوێزخستن، کەوا لەسەر بنەمای نەتەوەیی، یان ئەتنی، یان ئاینی، یان زمانەوانی بینا کرا بێت.**

**چوارەم: ڕێگە گرتن لە هەر ڕەفتارێك، یان هەر سیاسەتێکی نەرێنی کەوا ببێتە هۆی گۆڕینی بارودۆخی ڕەسەنی ئەو ناوچانەی پێکهاتەیەکی دیاریکراو تێدا نیشتەجێن و، ڕێگە گرتن لە هەر بەخاوەن بوونێك کەوا ئامانجی، یان ببێتە هۆی گۆڕانکاری دیمۆگرافی بۆ مۆرکی مێژوویی و شارستانی ناوچەیەکی دیاریکراو، بەهەر هۆیەك بێت، لەژێر هەر پاساوێك بێت.**

**پێنجەم: چارەسەرکردنی زێدەڕۆیی ئەنجامدراو لەسەر ناوچەکانی هەر پێکهاتەیەك و گەڕاندنەوەی بارەکە بۆ حاڵەتی پێش رووداني زێدەڕۆییەکە، نەهێشتنی ئەو ئاسەوارو پاشماوانەی بوونەتە، یان دەبنە هۆی گۆڕانکاری دیمۆگرافی، یان قەرەبوو کردنەوەیان لە حاڵەتی ئاستەمی گەڕانەوەی بارەکە بۆ حاڵەتی پێشووی.**

**شەشەم: لەکاتی دیاریکردنی سنووری یەکە کارگێڕییەکان و بازنەکانی هەڵبژاردن و لە کاتی دانانی پلانی گەشە پێدانی ئابووری و پەرەپێدانی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوونی شارەدێ و لادێیی، هەروەها پاراستنی ژینگە، حکومەت بارودۆخی خۆجێیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی، بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و نەریتە چەسپاوەکانی پێکهاتەکانی ئەو ناوچەیە لەبەر چاو دەگرێت.**

**حەوتەم: حکومەت کار دەکات لەسەر هاندانی گەڕانەوەی ئەو کەسانەی سەر بە پێکهاتەکانن و لەوانەی پێشتر دانیشتووی کوردستانی عێراق بوون و ناچاری کۆچ کردن بوون و مسۆگەر کردنی مافە شایستەکانیان.**

**هەشتەم:**

**1- حکومەت پابەند دەبێت بە پارێزگاری کردن لە زمانی دایك لە رێگای مسۆگەر کردنی رێگاکانی فێربوونیان و رۆشنبیر بوون و بەڕێوەبردنی کەناڵی راگەیاندنی تایبەت بە خۆیان.**

**2- حکومەت کردنەوەی بەشی تایبەت بە زمانە نەتەوەییەکانی پێکهاتەکان لە زانکۆکانی کوردستان و دامەزراندنی ئەکادیمیای زانستی و زمانەوانی تایبەت بەخۆیان بەپێی پێویستیان مسۆگەر دەکات.**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، ئەم ماددە یە (67) کەس لەگەڵدا یە، ئێستا کێی لەگەڵدا نییە؟، (کەس نییە) لەگەڵدا نەبێ، کەواتە ماددەکە پەسند کرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.**

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**<u>ماددە (5):</u>**

**یەکەم: هەر تاکێك مافی هەیە ناسنامەی نەتەوەیی یان ئاینی خۆی دیاری بکات و ئەندامبوونی بە پێکهاتەیەکی دیاریکراو ببەستێتەوە، ئەم مافەش تەنها تایبەتە بە تاکەکەس و هیچ لایەنێك مافی نییە لێی بسەنێتەوە چونکە مافێکی نەشیاوە بۆ رەفتار پێکردن.**

**دووەم: هەر پێکهاتەیەك و بەیەکسانی لەگەڵ زۆرینە بۆی هەیە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی بە ئازادی بیرکردنەوە، ئازادی رادەربڕین، دەزگاکانی راگەیاندن، ئازادی کۆبوونەوەو دامەزراندنی کۆمەڵەو رابیتەکان، و ئازادی پیادەکردنی بیروباوەڕی ئاینیشەوە، پیادە بکات، و حکومەت پابەند دەبێت بە پاڵپشتیکردن و چاودێریکردنی ئەم پیادەکارییانە بەشێوەیەکی یەکسان لە نێوان پێکهاتەکان بەپێی یاسا بەرکارەکان.**

سێیەم: هەر پێکهاتەیەك مافی گوزارشتکردنی هەیە لە رۆشنبیری و نەریتەکانی خۆی، وە حکومەت پابەند دەبێت بەپاراستنی کلتوری رۆشنبیری و ئاییینی پێکهاتەکان.

چوارەم: ئەو تاکانەی سەر بە پێکهاتەیەکی دیاریکراون، بۆیان هەیە ناوەکانیان بەویستی ئازادی خۆیان هەڵبژێرن، وە ناوی سمبول یان کەسایەتییە مێژووییە گرنگەکانیان یان ڕووداوی گرنگ کە بەسەریاندا تێپەڕیوە بەکار بهێنن، وە ناونانی شەقام و گەڕەك و گۆڕەپان و شوێنی دیکە لە ناوچەکانیان.

پێنجەم: پێکهاتەکان مافیان هەیە لە پشووی تایبەت بەخۆیان بەبۆنە نەتەوەیی و ئاینیەکان و ئەم بۆنانەش بۆ ئەوان فەرمی دەبن.

شەشەم: ئەو تاکانەی سەر بە پێکهاتەکانن مافیان هەیە لە بەکارهێنانی زمان و نووسینی تایبەت بەخۆیان و بەشێوەیەکی ئازادانە، و بەپێی یاسا بەرکارەکان.

حەوتەم: پێکهاتەکان، مافی هاوبەشیان هەیە لە دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێکردنی هەرێم بەپێی یاسا بەرکارەکان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێی قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، با ناوی بنووسین، فەرموو کاك فخرالدین.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف( سکرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە لەسەر ماددەکە بکەن(حیات مجید، قادر ئۆتمان، ئاواز جەنگی، صالح فەقێ، ئەنەس محمد، سیراج شێخ احمد، نجات محمد، ڕابوون تۆفیق، ابوبکر هەڵەدنی، شکریە اسماعیل، حاجی کاروان، شوان قەڵادزەیی، ئایدن معروف، غریب مصطفی، ماجد عثمان، سرود سلیم، یروانت نیسان، امنە زکری، محمد علی).....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو حیاة فەرموو.

**بەڕێز حیاة مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان لە ماددەی چوارەمدا، ماددەی پێنج کە ئێستا بۆتە ماددەی چوار، لە فەقەرەی یەکەمدا، بەڕێزان، کێشەی ناسنامە یەکێکە لەو کێشانەی کە پێکهاتەکان هەیانە، تاوەکو ئێستاش لە بڕگەی ئایندا لەسەر ناسنامەی کاکەییەکان کە پێویستە بنووسرێت کاکەیی، تاوەکو ئێستا بە موسڵمان تۆمارکراون و ئەوە یەکێکە لە کێشەکانی ناسنامە، هیوادارم لەو فەقەرەیەدا جەخت بکرێتە سەر ئەو بڕگەیە و بە گرنگ وەربگیرێت بۆ ئەوەی پێکهاتەکان، بۆ ئەوەی ئاین و ئاینزاکان ناوی دینەکەی خۆیان بنووسرێت کە

کاکەییەکانن، کە تاوەکو ئێستا بە موسڵمان ناویان تۆمارکراوە، هەروەها پێشنیاری زیادکردنی برگەیەك دەکەم ئەویش پاراستنی ئەمن ئاسایشی پێکهاتەکان مسۆگەر بکرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێشنیاری ماددەیەکی تر دەکەم دوای ماددەی چوار ببێتە ماددەی پێنج، پێشنیاری ئەوە ماددەیە دەکەم بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنێکی راوێژکاری، یاخود نووسینگەیەکی راوێژکاری، یان لیژنەیەك هەر ناوێکی لێ بنرێت کە پێك بێت لە نوێنەری پێکهاتەکان و گرێدراوبێت بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئەم لیژنەیە موشاوەریە رێکبخرێت لە کار و بەرپرسیاریەتیدا، بە پێی پەیڕەوێکی تایبەت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێتە دەرکردن و کاری ئەنجومەن بۆ وەرگرتنی بیر و رای پێکهاتەکان لەسەر تەشریع و پرۆگرام سیاسەتی گشتیی و مافی گەیاندن و پێزانین بۆ لایەنی پەیوەندیدار بە پێی یاسا، جا پێشنیاری زیادکردنی ئەو ماددەیە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو وحیدە فەرموو.

**بەڕێز وحیدە یاقۆ هرمز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ ماددە هەندی ئەز دڤیا ماددەیەکی دی، بڕگەیەکی دی زێدە بت سەر ماددەیا چوار، ئەگەر روخسەت هەبت بە عەرەبی دەخوێنمەوە (تلتزم الجهات المعنية مديرية المناهج في وزارة التربية و التعليم اعادة النظر بشكل علمي و موضوعي و حيادي في المناهج الدراسية، لا سيما مواد التأريخ و الجغرافية و الدين، و بما يتلائم على ثقافة حقوق الانسان و الوقائع التأريخية)، هەروەسا ئەز پشتگیری ل حیاة خان دکەم بۆ زێدە بوونی ڤی بڕگەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەنجێکم هەیە لەسەر خاڵی چوارەم، لێرە ئەوها دەخوێندرێتەوە ئەو تاکانەی سەر بە پێکهاتەیەکی دیاریکراون بۆیان هەیە ناوەکانیان بە ویستی ئازادی خۆیان هەڵبژێرن، ئەو بەشە بە لای منەوە وازیح نییە، یەعنی ئەگەر بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی وای دابڕێژنەوە مەعنای وازیح بێت، هەروەها ئەو بەشەی تریش کە سەبارەت بە ناو و سیمبولی پێکهاتەکانە، ئەوە لێرە من دڵنیام ئەو برا و خوشکانەی کە بەندەکەیان داڕشتووە مەبەستیان ئەوەنییە کە دەیگەیەنێ، بەڵام ئەوە جیاکارییە کە دژ بە پێکهاتەکانە، نەك جێ بەجێ کردنی مافێکی ئەوان، چونکە پێکهاتەکان وەکو زۆرینە کە ئێمە کوردەکانین مافیان هەیە کە ناوی سیبمولەکانی ئەوانیش بۆ شوێنە گشتییەکان بنرێت، بۆ نموونە گریمان گرنگترین یاریگای نێودەوڵەتی لە هەولێر بە ناوی ئەندامی یەکێك لە پێکهاتەکانەوەیە، هیچ رێگریەکیش نییە بۆ دژی ئەوە،

کەواتە پێکهاتەکان و سیمبولەکانیان مافیان هەیە وەکو ئێمە ناوی ئەوان ببرێت بۆ شوێنە گشتییەکان، کەواتە دەبێ وا دابڕێژرێتەوە، نەك لێرە وا هاتووە ناوچەی خۆیان، دەبێ ئەوە بکرێتە شوێنە گشتییەکان، واتە ئەگەر کەسایەتییەکی مەسیحی یان کەسایەتییەکی تورکمانی، یان کەسایەتییەکی شەبەك و ئێزیدی و تاوەکو دوایی، ئەو مافەیان هەیە کە ناو بنرێن بۆ شوێنە گشتییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا انس فەرموو.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیامن سەر خالاً یەکەمە (یحق لکل فرد تحدید هویته القومیة أو الدینیة، و ربط انتمائه بمکون معین)، تەئکید ئەڤێت یاسا دانایین مەبەستا وان ئەڤە نەبوویە، بەلاٚم ئەڤ جوملا گەلەك مەعنایان بخۆڤە دگریتن، یەکیش وان ئەوە کو تەغیرا دینی تێتە تێدا و ئەو دبیتە حەقێ ئینسانی، هەروەسا یا قەومیەتێ، ئەڤە هەر دێبیتە هۆکاری وێ چەندێ ئحیتمالا مەترسیا ل هەندێ موستەقبەلی نوعەکی سیاسەتێ هەبت بۆ گۆڕینا دینەکی یان گۆڕینا قەومیەکی، هەندەك کەس بە زەختەکی سیاسیڤە، یان هەر بوارەکیدا گۆڕینا دینی خۆ بکەت یان قەومیەتا خۆ بکەتن، (یحق لکل فرد تحدید)، کەلیمەی (تحدید) ببێ بە (ابراز هویته القومیة و الدینیة)، ئەڤا دیش هاتبا حەزف کرن (ربط انتمائه بمکون معین)، چونکە دین و قەومیەت ژ وان حقوقێت موکتەسەبە، نە ئینسان ئیختیار دکەت، بەری مرۆڤیا هەی، ئینسان یا ئیکتیساب کری، نەخسەلەت قەومیەتێدا، ئەز دبێژم ئەڤە ئەگەر بێتە داڕشتن بە شکلەکی دی کو دیری ڤێ مەعنایێ بتن، دێ باشتربت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەمی ماددەی پێنجەم، من پێشنیار دەکەم دەقەکە ئەوا دابڕێژرێتەوە (قەدەغەیە هیچ تاکێك ناچاری گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی یان ئاینی بکرێ)، چونکە بەو شێوەیەی کە هاتووە بە رای من دەرگا والاً دەکات بۆ تیجارەت کردن لەگەڵ ڕێزم بە ناسنامەی نەتەوەیی و ئاینی، هەروەها بۆ دەست تێوەردانی وڵاتانی دراوسێی کوردستانی عێراق بۆ مەرامی سیاسی و تایبەتی، بڕگەی دووەم بە رای من دەقێکی رەهایە، رێگە پێدانەکە، دەسەڵات پێدانەکە تایبەت بکرێ بە سوڵتەی موختەس، سەبارەت بە بڕگەی چوارەمیش لە راستیدا مەرجی بۆ دابنرێت، یەعنی راستە پێکهاتەکان مافی خۆیانە ناوی شوێنە گشتییەکان و ئەو شوێنەنانەی کە بۆخۆیان بە باشی دەزانن بە سیمبولەکانیان، یان بە ناوی زمانی خۆیان یان زاراوەی خۆیان ناو بنێنن، بەلاٚم مەرجی ئەوەش دابنرێت کە سیاغە بکرێ، بەبێ ئەوە ئیستیفزازی

نەتەوەی تێدا نەبێت، ئێمە گومانمان نییە لە ئینتیما و دڵسۆزی ئەوان بۆ نەتەوە و بۆ نیشتیمان، بەڵام هەر بۆ نموونە خۆ ناکرێت شەقامێك ناو بنێی بە ناوی (کمال ئەتاتورك)، پێموایە ئەوە ئیستیفزازی نەتەوەیی تێدایە، بۆیە مەرج دابنرێت بۆ ئەم مەبەستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سراج فەموو.

**بەڕێز د.سراح شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە بڕگەی یەك لە ماددەی پێنج ئەوە پێشنیار دەکەم، لەبەر ئەوەی کە خوێندنەوەی ئێمە بۆ ئەو بڕگەیە وەکو مامۆستا انس فەرمووی بۆنی گۆڕینی قەوم و دینی لێدێت، ئینجا بۆیە شتێك باس بکرێ، قەیدێك باس بکرێ تاوەکو لەو شك و گومانە خلاسمان بێت، ئەویش بەو شێوازەبێت (يحق لكل فرد تحديد هويته وفق للتبعية القومية أو الدينية)، یەعنی ئەو تەبەعیەی قەومیە و دینیە زیاد بکرێتن، یەعنی سبەی رۆژێ حەسر دەکات کەوا بە شێوازی جیا تەفسیر لەوە نەکرێت، پاشان لە خاڵی دووەمیشیان پێشنیار دەکەم ئەوە بنووسرێت (لكل مكون و على قدم المساوات مع الاكثرية ان يمارس حقوقه و حريته الاساسية)، بەڵام چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ممارەسەکردنی ئەو حقوقانە بەو شێوازە (بشرط ان لايخل بالنظام العام مع مراعات مشاعر الاكثرية)، یەعنی شێوازی نیزامی عام بپارێزن، موراعاتی مەشاعیری زۆرینە بکەن، نەك وەك سبەی رۆژێ تووشی بەرکەوتن و شتێ وابێتن کەوا رووداوی نەخوازراوی لێ دروست بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ابو بکر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابو بکر عمر عبدالله (ابو بکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینییەکانم لەسەر بڕگەی دووەم و شەشەم و حەوتەمە، بە رای من بڕگەی دووەم هەر پێکهاتەیەك بە یەکسانی لەگەڵ زۆرینە بۆی هەیە ماف و ئازادییەکان، بۆی هەیە نییە، بەڵکو پێویستە ئەو ماف و ئازادیە گشتییانە پارێزراوبێت، نەك بۆی هەیە، ئەوە تۆزێك رەکیکە من ئەوا دامڕشتۆتەوە (ماف و ئازادیە گشتییەکان لە ئازادی رادەربڕین و ئازادی بیرکردنەوە و کۆڕ و کۆبوونەوە و دامەزراندی رێکخراو و کۆمەڵەکان و ئازادی پیادەکردنی بیر و باوەڕی ئاینی دەبێت پارێزراوبێت و حکومەت پاڵپشتی و چاودێری پیادەکردنی ئەم ماف و ئازاییانە بە شێوەیەکی یەکسان بکات)، بە رای من بڕگەی شەشەمیش زیادە، چونکە ئێمە لە بڕگەی پێشووتر باسی زمانمان کرد، هەروەها بڕگەی حەوتەمیش ئەوە پەیوەندی بە ئیستیحقاقاتی هەڵبژاردنەوە هەیە، ئەوە لە شوێنی تر دەتوانرێ جێگای بکرێتەوە، من بڕگەی حەوتەم بە زیاد دەزانم، شەشەم و حەوتەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها تێبنيم لە بڕگەی چوارەم هەيە، رام لەگەڵ رايەكەی (كاك رابوون)ە، ئەو فەقەرەيە لێرە غامزە، ئەو تاكانەی كە سەر بە پێكهاتەيەكی دياريكراون بۆيان هەيە ناوەكان بە ويستی ئازادی خۆيان هەڵبژێرن ئەوە تۆزێك وازيح نييە، هەروەها داوا دەكەم كە ناوی سيمبوڵ يان كەسايەتييە مێژووييە گرنگەكانيان، يان رووداوی گرنگ كە بەسەرياندا تێپەڕبووە بەكاربهێنن لەوێوە جوملەكە بەو شێوەيە سياغە بكرێتەوە ناوی كەسايەتييەكانيان لە ناونانی شەقام و گەڕەكەكان و هەندێ لە دەزگا خزمەتگوزاری و شوێنە گشتييەكان بەكاربهێنن، هەروەها تەنها مولاحەزەيەكی ترم لەسەر وتەكەی (كاك قادر ئۆتمان) هەبوو كە باسی دەسەڵاتدارێكی ولاّتی توركيای كرد، ئەوە هيچ پەيوەندی بە نەتەوەی توركمان نييە......

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا ماجد، وەڵامی ئەندامی پەرلەمان نابێت بدەيتەوە بە پێی پەيڕەوی ناوخۆ، بەڕێز كاك سروود فەرموو.

**بەڕێز سروود سليم متی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتيوانی لە قسەكانی (خاتوو وحيدە، خاتوو حياة) دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو شكريە فەرموو.

**بەڕێز شكريە اسماعيل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموايە خاڵی شەشەم و حەوتەم زيادە، چونكە لە ياساكانی تر هاتووە، خاڵی شەشەم لە ياسای زمانە فەرمييەكان هاتووە ئەمە جێگيركراوە، لە خاڵی حەوتەميش ئەمە لە ياسای تر هاتووە وەكو بە سيستەمی كۆتا ئەمانە مافيان پارێزراوە، بە نيسبەت خاڵی پێنجەميش من پێموايە بەم شێوازەی لێ بكرێت باشە، چونكە بەو شێوازەی كە دانراوە تۆزێك رەكيكە، پێكهاتەكان مافيان هەيە لە پشووی تايبەت بە خۆيان، بە بۆنە بكرێتە لە بۆنە نەتەوەيی و ئاينييەكان، يەعنی (بە)يەكە بكرێتە (لە)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو نجاة فەرموو.

**بەڕێز نجاة محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەیا حەفتەم سەبارەت بە پێکهاتەکان مافێ هاوبەشی هەیە لە دامەزراوەکانی یاسا دانان و جێ بەجێ کردنی هەیە، بە پێی یاسا بەرکارەکان، پێشنیار دکەم کو ئەڤ رستە بێتە زێدەکرن (بەشداری هاوبەشیان هەبێت لە کاروباری گشتیی و خۆجیی دا)، هەروەسا پشتەڤانیا ئاخافتنێت (حیاة خان)ێ دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو ئاواز فەرموو.

**بەڕێز ئاواز جەنگی بورهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی (کاك قادر ئۆتمان) دەکەم لە ماددەی چوار لە بڕگەی یەك، هەروەها ئەو پێشنیارەی (حیاة خان) پشتیوانی لێدەکەم کە کاکەییەکان بتوانن لە ناسنەمەی ئاینی خۆیان هەست بە دڵنیایی بوون بکەن، لە نووسینی ناسنامەی ئاینی خۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، پەرلەمانتاران، دخازم سەرەنجا پەرلەمانتاران بۆ بابەتەکی زۆر هەستیار و جدی رابکێشم بە تایبەتی دەربارەی بڕگەیا ئێکێ، (خاتوو حیاة) بەحسێ کاکەییانی کر، بەراستی کێشەیەکا دی ل هەرێما کوردستانێ مە یا هەی، کو ل خولا رابردووشدا پڕۆژە یاسایەك سەر هاتبوو تەقدیم کرن، ئەو ژی ئەڤەیە دیارکرنا دینی ناڤ ناسنامەیدا نە بتنێ بۆ کاکەییەکان کێشەیە، بۆ نموونە ئەگەر ڤاسرێك دایکا وی یان بابێ وی چ ئێزیدی بی و چ مەسیحی بی، یان هەر دینەکی دیتر بی، ئێك ژ وان دینێ خۆ بگۆڕیت ببیتە موسڵمان، ئۆتۆماتیکیەن جنسیەیا زاڕوکا وی دەبیتە مۆسڵمان، لە خولا رابردوودا مە گەلەك لێکۆڵینەوە سەر کر، بۆ نموونە ئەز دبێژم رەهبانێك هات کێشا خۆ بۆ مە بەحس کر، رەهبانە هەمی باوەڕیا خۆ وێ باوەڕیەت مەسیحیەتێ یا هەی، ئەڤە تۆ نەشێت ناسنامەیدا ناسنامەیەکا هەلگرتی کۆ باوەڕی یا وێ یا دینی نڤیسیە موسڵمان، واقیعی خۆدا رەهبانە، یەعنی بە هەمی تەسەور باوەڕیا خۆ باوەڕی بە مەسیحیەتێ هەی، یان کۆمەڵە کێشەیەکی ئێزیدیان بەر دەستێ مە هەبوون کو ئێزیدیە دایکا وی یان بابێ وی، یەکیش وان بویە موسڵمان بەس ناسنامە واندا ژی بە موسڵمان هاتیە ڤەیدکرن، ئەوە وەکو (کاك انس) بەحس کری، ئەڤە لایەکی بابەتیە، بەس لایەکی دیتر یا راستییدا هەی کو غەدرەك ل وان دێتە کرن گونەها ڤی زارۆکی چییە؟ یان وێ رەهبانێ یان وێ ڤەشە یان وێ ئێزیدی چییە؟ کو ناسنامەیدا تەعدایی ئەوە کو

دایکا وی یان بابێ وی بووینە موسڵمان، ناسنامەی وی دەهێتە دیارکرن موسڵمان، ژبەر هەندێ ئەڤە خاڵەکا ئەساسیە دڤێتن ئەم تێدا ببینین، هەروەسا ئەز دبینم دوماهیکا وێ پشتی دبێژیتن، چونکە مافەکی نەشیاوە رفتار پێکرن، ئەوە زێدەیە، ئەوە دەربچێت، دگەڵ بەڕێز (ابو بکر هەڵەدنی، خاتوو شکریە) هاڤ رەئیمە، خالا شەشێ و حەفتێ یا زێدەیە، چونکە خالا شەشێ هەم ل یاسای زمانی فەرمیدا هاتیە و هەم ماددەی ڤێ یاسایێدا ئاماژەی پێهاتیە دان، خالا حەفتێ ژی یاساییێت هەڵبژاردنا بنەجێیە و جێگەی خۆی گرتی، زۆر سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێکهاتەکان ئەوەی ماددەی دووەم زۆر درێژە، هەر ئەوەندە پێکهاتەکان بە یەکسانی بۆیان هەیە ئازادیە گشتیی و بنەڕەتییەکانیان لە چوارچێوەی یاسادا پێادە بکەن، بە رای من ئەگەر لیژنەی یاسایی لەگەڵ رەئی من دابن ماددەی سێیەمیش لەگەڵ ئەمەدا بە یەك خەت دەتوانین بیلکێنن و کورتیش دەبێتەوە و مافی رۆشنبیری و کەلتوریان پارێزراوبێت بۆ ئەنجامدانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك یروانت فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیا چوارێ، فەقەرەیا ئێکێ (یحق لکل فرد تحدید هویته)، قەومیە بلا رابیت، چونکە قەومیە حەقەکا بەشری ڤە، دینی ب تنی دمینیت، (ربط انتمائه بمکون معین)، بێتە ژی برن، ئەز ب تەمامی دگەل خوشکا خۆ (امنە زکری)مە، ئەو ئاریشەکا نە نووکەیە، ل کەڤندا دگەل مەیە، دەبێت بێتە حەل کرن، چونکە چەند جیلەکی رادبن، موشکیلە چی دەبن، نموونەیەکی بەسیت ژنکێ شی کریە، کچکێ شی کریە ل ئەورووپا تێت هەڤیا خۆ چی دکەت دەردکەڤیت ئیسلامە، مێری وێ جارەکا دی وێ بەردەتەڤە، یەعنی ئەڤ ئاریشە ل گەلەك مەحکەمە چی بووینە، هەروەسا بە تەمامی دگەل خوشکا خۆ (حیاة مجید، وحیدە یاقۆ)دام، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئایدن فەرموو.

**بەڕێز ئایدن معروف سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی چوارەمدا لە بڕگەی دووەم بە شێوەیەكی یەكسان لە نێوان پێكهاتەكاندا، ئەم یەكسانییە بكرێت بە شێوەیەكی عادیلانە لە نێوان پێكهاتەكاندا، لە بڕگەی چوارەمدا، هەروەها لە شوێنی دێكە لە ناوچەكانیاندا، ئیزافە بكرێ لەو شوێنانەی كە چڕی دانیشتووانی پێكهاتەكان تێدا پێكدەهێنرێت، لە ماددەی حەوتەمدا كە تایبەتە ئاماژەی بە مافی بەشداریكردنی پێكهاتەكان لە دەسەڵاتەكانی یاسادانان و جێ بەجی كردن كە بەبێ ئەوەی ئاماژە بە قەبارەی ئەم بەشداریكردنە بكات، بۆیە پێشنیار دەكەین ئەم بڕگەیە بەم شێوەیە رێكبخرێت (هەر پێكهاتەیەك مافی بەشداریكردنی هەیە لە دامەزراوەكانی یاسادانان و جێ بەجی كردن لە هەرێمدا بە رێژەیەكی گونجاو لەگەڵ چڕی ژمارەی و دابەش بوونی جوگرافییان بە پێی یاسا بەركارەكاندا)، هەروەها منیش پشتیوانی لە قسەكانی (حیاة خان) دەكەم كە بڕگەیەك زیاد بكرێ تایبەت بێت بە پێكهێنانی دامەزراندنی ئەنجومەنی رێكخستنی كاروبار بۆ هەر پێكهاتەیەك بە جیا، بە تایبەتیش بۆ پێكهاتەی (توركمان و كلد و ئاشووری)، ئەم ئەنجومەنەش تایبەتمەندبێت بە گەشەپێدان و رێكخستنی كاروباری نوێنەرایەتی پەروەردە و رۆشنبیری كاروباری كۆمەڵایەتی و كەلتووری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك شوان قەلادزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم خاڵی یەكەم كۆتاییەكەی كە دەڵی چونكە مافێكی نەشیاوە بۆ رفتار پێكردن، پێموایە ئەوە زیادە، خاڵی دووەمیش زۆر دوور و درێژە، ئەگەر بەو شێوازە كورت بكرێتەوە پێكهاتەكان وەك زۆرینە مافی ئازادیە بنەڕەتییەكانیان هەیە لە هەموو روویەكەوە، ئەو خاڵەش كە باسی ئاین دەكات دەبێ ئەوەمان لەبیربێت كە پێكهاتەیەك خاوەن ئاینە كە پەیامێكی ئاسمانی بە ئاشكرا بۆ هاتبێت، نەك لەو گۆڕە كەسێك بكرێتە پێكهاتەیەكی ئاینی، جا لەوانە یان تەورات، یان ئەنجیلە، ئەوە قورئانی پیرۆز دیارە، ئەوانی تر سەر بە پێكهاتەیەكن، ئێستا كاكەییەكانە لەگەڵیان قول ببیەوە خۆیان دەشكێننەوە بە لایەكدا، لە كاتی قسەكانیان، لە كاتی سوێند خواردنیان، لە كاتی شتێكی تریان، خۆی ئێمە بەراستی لە كوردستاندا ئینجا گۆڕینی ئاینیش بەو شێوازە، بە ناوی مافی تاكە كەسییەوە زۆرجار دەبێتە مایەی ئاڵۆزكردنی نێوان لایەنە دینییەكان لە كوردستاندا، هەر كاتێك ئاین گۆڕین هەبوو ئەوە دڵنیابە حەرەكەیەكی تەبشیری كە لە دەرەوەی سنوورەكانەوە ئاڕاستە دەكرێن و لە پشتیەوەیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا خاڵی یەکەم بە بۆچوونی منیش ئەوە زیادە، چونکە مافێکی نەشیاوە بۆ رفتار پێکردن، پێویستە لابرێت، هەروەها لە کۆی دارشتنەکەشدا لە رووی زمانەوانییەوە هەموو ئەوەی کە دەڵێ (وە)، کە دەڵی (وە حکومەت)، لە راستیدا ئەوە کوردی نییە، هەر (واو) بنووسن کافیە، ئەوەی پێنجەم ئەگەر ئەوا دایبرێژنەوە پێکهاتەکان پشووی تایبەت بە خۆیان و بۆنەی نەتەوەیی و ئاینییەکان مافیان هەیە و ئەو بۆنانەش بۆ ئەوان فەرمی دەبن، لەوانی تریشدا پشتگیری لە قسەکانی (کاك رابوون، کاك ابو بکر، شکریە خان، کاك حاجی کاروان، کاك قادر ئۆتمان) دەکەم، هەروەها لە راستیدا بۆچوونیشم وایە کە ئەگەر بۆ هەموو ئەوانە ئازادن لە ناسنامەکانیان بنووسرێت، رەنگە بۆ کاکەییەکانیش ئاسایی بێت کە ئەویش لە ناسنامەکەیدا بنووسرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.محمد فەرموو.

**بەڕێز د.محمد علی یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت ئەم یێ یاسایەکی بۆ پێکهاتەیان بەرێڤەدبەین، ئەم عەقلیەتا زۆرینەیە تەعامولی دگەلدا دکەین، هەر تاکێك ماڤ یا هەی ناسنامەی نەتەوەیی یان ئاینی یا خۆ دیار بکەت، هەڵبەت ئەوە مافە، ل جاڕنامەیا جیهانی ماڤ مرۆڤیدا ئەڤە ژی هاتیە، ئەز پشتگیریا (امنە خان) دکەم ل سەر ڤێ برگەیا ئێکێ ماددەیا چوار، بە دیتنا من ئەم وەکو نەزەریەتی موئامەرە بەرێ خۆ نەدەینە ڤێ، هەر کەسەك ئازادە پشتی کۆ ئەهلیەت هەبیت و جێی خۆ یاسایی تەمام کەتن، وێ بڕیارێ بدەت، ئەز پرسیار دکەم ئەگەر کەسەك ژ دینەکی دی بێت ببیتە ئیسلام ئایا ئەو ماف نینە خۆ تۆمار بکات؟ لە سەر برگەیا دووێ ئەز پشتگیریا ل ئاخافتنێت (مامۆستا ابو بکر هەڵەدنی) دکەم، هەروەسا دگەل (شکریە خان)مە بۆ لابردنا برگەیا شەشێ و حەفتێ، هەروەسا پشتگیریەکا تەمام ل (حیاة خان) دکەم بۆ پێکهینانە نووسینگەهەکا راوێژکاری لە گوڕ ڤێ یاسایێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی پێشووشدا تەئکیدم لەوە کردەوە کە لە بری یەکسانی وشەی عادیلانە، یان دادپەروەرانە دابنرێت لە بری یەکسانی، هەر لە رووی یاساییەکەیەوە شێوازێکی تر دەنوێنێ ناکرێ یەکسانی، ئەوە بە پێی سنووری جوگرافیاکەی و بە پێی رێژەی دانیشتوانەکان دەیگۆرێت، بۆیە دادپەروەرانە گونجاوترە لە

بری یەکسانی، سەبارەت بە ماددەکان لە ماددەی یەکەمدا ئیلزامی بکرێت لە بری ئەوەی ماڧ هەیە، ماددەی دووەم پێکهاتەکان هەر لەگەڵ زۆرینەیە، هەرچەند لەگەڵ زۆرینە وشەیەکی تریشی بۆ بدۆزێتەوە، بەدیلی زۆرینە بێت باشترە، لەگەڵ پێکهاتەکان خۆشیان، جگەلەوەی کە لەگەڵ ئەوەی ناو نراوە زۆرینە لە نێو خۆشیاندا ئازادی بیرکردنەوە لە وڵاتێکی دیموکراسیدا ناکرێت، لە وڵاتێکی دیکتاتۆریش ئازادی بیرکردنەوە وەك پێویست ناکرێت، بۆیە ئەو وشەیە زیادە، ئەو ئازادی بیرکردنەوەیە، لە ماددەی چوارەمدا تاکەکانی ناو پێکهاتەیەکی دیاریکراو لە رووی سیاغەکەوە گونجاوترە، ماددەی پێنجەم بە هەمان شێوە لە بری ئەو ماڧ هەیە، حەسر بکرێت وشەی دەبێ دەتوانرێ بەکاربێت، ماددەی شەشەم من پێموایە زمان و نووسین هەم لە یاسای زمانە فەرمییەکاندا رێکخراوە، هەم ماڧێکی سەرەتاییشە، هەروەکو تەئکید لەو برادەرانە دەکەمەوە زیادە، ماددەی حەوتەم ئەوەی دامەزراوەی یاسادانان ئەوەش هەم گشتگیرە، هەم یاسایەکی ماددەی خۆیە، بۆیە ئەو دوو ماددەیە منیش تەئکیدی لێدەکەمەوە کە زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم بڕگەی یەکەم بە بڕوای من دەبێ جیابکرێتەوە، بەم شێوەیە بنووسرێت هەر تاکێك ماڧ هەیە ناسنامەی ئاینی خۆی دیاری بکات و پێویستە ناسنامەی نەتەوەیی بپارێزرێ کە ئەندام بوونی بە پێکهاتەیەکی دیاریکراو ببەستێتەوە، لەبەر ئەوەی ناسنامەی نەتەوەیی مەسەلەیەکە، یان بابەتێکە، یان خەسڵەتێکی بنەڕەتییە کە دەستکاری ناکرێ، بەڵام مەسەلە ئاینییەکان یان ناسنامەی ئاینی کە پەیوەندی بەسەر خانی ئینسانەوە هەیە، پەیوەندی بەو پڕۆژانەی ژیانی ئینسانەوە هەیە کە بونیادی دەنێت، بۆیە دەکرێ لێرە بەم شێوەیە جیابکرێتەوە، هیوادارم ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، هەروەها پشتیوانی لە قسەکانی (امنە خان)یش دەکەم، ئەو کێشانەمان با تووش نەبێ، ئەمە مەسەلەیەکی دیموکراتیشە پێویستە پارێزگاری لێ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، رای لیژنە پەیوەندیدارەکان چییە لەسەر ئەو گفتوگۆیەی کە ئەنجامدرا؟ ببوورن، راستە، مامۆستا غریب ماوە، بەس کاك محمد ناوی جەنابت نەنووسراوە، مامۆستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای پەخشەندەو میهرەبان، خاڵی یەکەم منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی کە گوتیان کۆتاییەکەی لابرێت، چونکە ماڧێکی نەشیاوە، ئەوە لابرێت، خاڵی دووەم: کۆتا دێری دووەم کە دەڵێ (ئازادی پیادەکردنی بیروباوەڕی ئاینیشەوە پیادە دەکات)، وام پێباشە لەبەر ئەوەی (بیروباوەڕی ئاینی)

پیادەکردنەکەی وا نییە، بنووسرێ (ئازادی پیادەکردنی سروتی ئاینیشەوە)، چونکە بیروباوەڕ پیادە ناکرێ، ئەوە سروتە کە لە ناو ئاین پیادە دەکرێ، خاڵی چوارەم ماڤی ناونان ئەوەی کە ئاماژەی پێکراوە باشە، بەلاّم دارشتنەکەی من وا دەبینم وردەکاری زیاتری دەوێت، چونکە جاری وا هەیە شارێك پێکهاتەکەی ئاینێکە، یان نەتەوەیەکە، بەلاّم جاری وا هەیە گەڕەکێك لەناو شاردا پێکهاتەکان تێکەڵن، یان ئاینەکان تێکەڵن، بۆیە وام پێباشە دارشتنەکە بەم جۆرەبێت ئەگەر لیژنەی یاسایی ئەگاداربن، خاڵی چوارەم وای لێ بکرێ ئەو تاکانەی کە سەر بە پێکهاتەیەکی دیاریکراون بۆیان هەیە ناوی منداڵیان بە ویستی خۆیان بنێن و هەر پێکهاتەیەك کە زۆرینەبێ لە شوێنێکدا ماڤ هەیە ناو شەقام و گەڕەك و گۆڕەپان و شوێنی دیکەی ناوچەکەیان بە ویستی خۆیان ناو بنێن، لە خاڵی پێنجەم دارشتنەکەی باش نییە، چونکە ئەو پشووەی کە ئاماژەی پێکراوە، پشوو موتڵەقە، ئێمە خۆشمان، یەعنی موسڵمانەکان و کوردی ئەم وڵاتە و نەتەوەی کورد گرفتمان هەیە لەگەڵ پشووەکاندا، لەبەر ئەوەی رێك نەخراوە وەکو پێویست بە یاسا، پشوو موتڵەقە، وشەیەك زیاد بکرێ بۆی وای لێ بکرێ ماڤ پشوویان هەیە لە بۆنە گرنگە نەتەوەیی و ئاینییەکان، چونکە ئەگەر ئەوە ئیزافە نەکرێ موتڵەق بەراستی، زۆر هەڵدەگرێ، لە خاڵی شەشەمدا هەر لابرێ، چونکە لە یاسای زمانە فەرمییەکان لە کاتی خۆی ئەوە چەسپێندراوە، پێویست ناکات شتێك دووجار لە یاسا دووبارە بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکان هەموو کرا بە تایبەتی لە برگەی چوار پشتگیری لە (کاك رابوون، کاك ماجد، کاك ئایدن) دەکەم، بەلاّم لە برگەی حەوتەم پێکهاتەکان ماڤ هاوبەشیان هەیە لە دامەزراوەکان، یەعنی یاسادانان و حکومەت و پەرلەمان قەسدیەتی، لە یاسای هەڵبژاردنەکان مافەکە نەدراوە، مافەکە تەنزیم کراوە، تاوەکو ئێستا لە یاسای هەڵبژاردن هەیە ئیستینادی لەسەر هیچ یاسایەك نەکردووە، بەلاّم تەنزیمی کردووە کە پێکهاتەی تورکمان (5) کورسیە، کلد و ئاشووری (5) کورسیە، ئەرمەنی (1) کورسیە، دەبێ ئیستیناد لەسەر یاسایەك بکات، یەعنی ئەو تەنزیمە لەبەر ئەوەی من بە گرنگی دەزانم خاڵی حەوتەم بمێنێت، چونکە ئەوە لە هەموو یاساکە، ئەو یاسایە نوێنەرایەتی ئەوە دەکات تەمسیلی موشارەکەی سیاسی دەکات، یەعنی موشارەکەی سیاسی پێکهاتە قەومییەکانە لە حکومەت و پەرلەمان، بۆیە پێویستە ئەوە بمێنێت و ماڤ هاوبەشی بۆ هەموو هاونیشتیمانییەك هەیە، ببێتە مسۆگەر، یەعنێ بەشداریکردنی پێکهاتەکان لە دەزگاکانی یاسا دانان و جێ بەجێ کردن مسۆگەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە پەیوەندیدارەکان، بەڕێز د.ڤالاّ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند پێشنیارێك لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە کراوە، بڕگەی شەشەم و حەوتەم زیاتر لە (3) ئەندام پەرلەمان داوای کردووە هەڵبگیرێت، بڕگەی یەکەم (کە مافێکی نەشیاوە بۆ رفتار پێکردن) زیاتر لە (3) ئەندام پەرلەمان پێشنیاری کرد کە هەڵبگیرێت، سیاغەکردنەوەی بڕگەی چوارەم و بڕگەی پێنجەم لەگەڵ بڕگەی یەکەم بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین، سیاغەی دەکەینەوە، بەلآم ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە بڕگەی یەکەم کە دەڵی هەر تاکێك ماڧ هەیە ناسنامەی نەتەوەیی یان ئاینی خۆی دیاری بکات مەبەستی لیژنە پەیوەندیدارەکان لە کاتی داڕشتنەوەیدا تەنها ئەوەبووە کە هەر تاکێك ماڧ هەیە ناسنامەی نەتەوەیی یان ئاینی خۆی ئاشکرا بکات و ئەندامبوونی بە پێکهاتەیەکی دیاریکراو بۆ ببەستێتەوە، ئەو ماڧەش تەنها تایبەتە بە تاکە کەس و هیچ لایەنێك ماڧ نییە لێی بسەنێتەوە، واتە ئاشکرای بکات، ئیبرازی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی ئێستا بڕگەی شەشەم و حەوتەم بخەینە دەنگەوە بۆ ئەوەی هەردووکیان ببێ بە ماددەیەکی سەربەخۆ؟ ئەو شتانەی کە پێویستی بە دەنگدان هەیە لابردێن، چونکە ماڧێکی نەشیاوە بۆ رەفتار پێ کردن لە بڕگەی یەکەم، کێ لە گەڵ لابردنییەتی؟ لە بڕگەی یەکەم، ماددەی چوار، کێ لە گەڵ ئەوەیە؟ چونکە ماڧێکی نەشیاوە بۆ رەفتار پێ کردن لابرێت، کێ لە گەڵێیەتی؟ پەنجا و چوار (54) کەس لە گەڵێیەتی، کێ دژییەتی؟ کاك قادر؟ کەس نییە دژی بێت، کەواتە پەسەند کرا، بڕگەی شەشەم، ئەو تاکانەی سەر بەر پێکهاتەکانن ماڧیان هەیە لە بە کار هێنانی زمان و نووسینی تایبەت بە خۆیان و بە شێوەیەکی ئازادانە و بە پێی یاسا بەرکارەکان، ئەمە زیاد لە ئەندامێکی پەرلەمان پێشنیاری لابردنی کرد بە پێی ئەمە کە یاسای زمانە فەرمییەکان هەیە، کێ لە گەڵ لابردنی ئەم بڕگەیە؟ بڕگەی شەشەم، چل و حەوت (47) کەس لە گەڵێیەتی، کێ دژییەتی؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا، بڕگەی حەوتەم، پێکهاتەکان ماڧی هاوبەشیان هەیە لە دامەزراوەکانی یاسا دانان و جێبەجێ کردنی هەرێم بە پێی یاسا بەرکارەکان، زیاد لە ئەندامێکی پەرلەمان داوای لابردنی ئەم بڕگەشیان کرد بەو پێیە کە ئەمە یاسای هەڵبژاردەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و یاسای هەڵبژاردەکانی تریش بوونی هەیە، بۆیە ئەمەش ئەخەینە دەنگەوە، کێ لە گەڵ لابردنی بڕگەی حەتەم دایە؟ سی و پێنج (35) کەس لە گەڵێیەتی، کێ دژییەتی؟ هەژدە (18) دژییەتی، کەواتە پەسەند کرا، ئەوەی لە دەستوور هاتووە بچەسپێنرێت، بڕگەکانی دیکە دادەرێژرێتەوە و دوایی دەخرێتە دەنگەوە.

**بەرێز د. ڤالآ فريد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە لایەن پەرلەمانتارێكەوە پێشنیار كرا كە دەزگایەكی تایبەت دابمەزرێتن و پشتگیری كرا لە لا یەن ز یاتر لە سێ ئەندام پەرلەمان، بۆیە داوا لە بەرێزتان دەكەین ئەوەش بدرێتە دەنگدان.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دە قی پێ شنیارەكە چی بوو؟ بیخوێ نەوە، خاتوو حەیات بۆم بنێرە پێ شنیارەكەت، پێم وا بێ ئەوەە یە ماددەیەكی ئیزافی بوو وایە؟ ئێ، ماددەیەكی ئیزافی دوای ئەم ماددەیە، بەڵێ فەرموو.

**بەرێز حیاة مجید:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە ماددە بوو نەك برگە بوو، زیاد كردنی ماددەیەك بوو، ئێستا پێشنیارەكە دەنێرم.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، بۆم بنێرە، بۆ ئەوەی ماددەكە بیخەینە دەنگدانەوە، بەڵێ كاك محمد سعد الدين فەرموو.

**بەرێز محمد سعد الدين:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێ ستا پرۆژە یا سایەكمان هە یە دەما نەوێ یا سایەك لـ ێرە پە سەند بـكەین بۆ مافی پێكها تە نە تەوەیی، ئایینەكان، ئەساسی ترین ماف لە ناو ئەو یا سایەدا ئەو خا ڵەتان لا برد كە پێكها تەكان مافـیان هە یە لە دەزگاكانی یاسا دانان و جێبەجێ كردن یا خود راپەراندن بەشدار ببن و زۆربەی ئەندام پەرلەمانان گوتیان كە ئەو مافە هەیە كە هەتا ئێستا ئێمە دەستوورمان نییە كە مافمان هەبیتن، دەبوایە لـ ێرە بچە سپێندرێت و لە یاسای هەڵبـژاردنەكان بچن بیخوێننەوە، تەنزیمی مافەكان هاتووە، نەنوو سایە، ماددە یەك نـی یە بـ ڵێتن پێك هاتە نەتەوەییەكان پێویستە بەشدارییان لەو دەزگایانە مسۆگەر بكر ێت تەنها ژمارە كە هاتووە پـ ێنج ئەندام بۆ توركمان، بەڵام لە سەر چی ئیسناد دەكرێتن؟ لە بەر ئەوەی ئەمن دەڵێم ئەوە نوقـسان دەكر ێت، یەعنی ئەوە كامل نابیت یاسایەكە، یەعنی ئەساسی ترین نوقتە كە پەیرەوە دەكرێت لە هەرێمی كوردستان خۆی هەیە، یەعنی بە خۆمان شتێك هەیە پەیرەو دەكرێتن لە یاساكە نانووسین، سوپاستان دەكەین.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەرێز خاتوو حەیات ئەو ئەنجومەنەی پێشنیارت كردووە ئەبێت بخرێ تە بە شی ئەخیرەوە، بە شی سێیەم، لە ماددە كانی كۆ تایی، ئەحكا مە كۆتا یـیەكان، لەوێ جـ ێی ئەكرێ تەوە، بەرێز دكـتۆرە ڤالآ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای تاوتوی کردن لە لا یەن هەر دوو لیژ نەوە بەو شێوەیە ماددەی پ ێنج کە دەبێ تە ماددەی چوار دادەڕێژرێتەوە، ماددەی چوار، یەکەم، هەر تاکێك مافی هەیە ناسنامەی ئاینی خۆی ئاشکرا بکات و پێویستە ناسنامەی نەتەوەیی بپارێزێت کە ئەندام بوونی بە پێکهاتەیەکی دیاری کراو دەبە ستێتەوە و ئەو ما فەش تەنها تایبە تە بە تا کە کەس و هیچ لا یەنێك مافی نی یە ل ێی ب سێنێتەوە، دووەم هەر پێکهاتە یەك بە یەکسانی لە گەڵ زۆرینە بۆی هەیە ماف و ئازادییە بنەڕەتیەکانی بە ئازادی بیرکردنەوە، ئازادی رادەربڕین، دەزگاکانی راگەیاندن، ئازادی کۆبوونەوە و دامەزرا ندنی کۆمە ڵە و رابی تەکان و ئازادی پ یادە کرد نی بیرو باوەری ئاینی شەوە پ یادە ب کات و حکو مەت پابە ند ئەبێ بە پاڵپ شتی کردن و چاودێری کرد نی ئەو پیادەکاریانە بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوان پێکهاتەکان بە پێی یاسا بەرکارەکان، سێیەم، هەر پێکهاتە یەك مافی گوزار شت کرد نی هە یە لە رۆ شنبیری و نەرێ تەکانی خۆی و حکو مەت پابە ند ئەبێ بە پارا ستنی کلتوری رۆشنبیری و ئاینی پێکها تەکان، چوارەم، ئەو تاکا نەی سەر بە پێکهاتە یەکی د یاری کراون بۆ یان هەیە ناوەکانیان بە ویستی ئازادی خۆیان هەڵبژێرن و ناوی سۆنبوڵیان کە سایەتی مێژوو یە گرن گەکانییان یان رووداوی گرنگن کە بە سەریان تێپەڕیوە بە کاری بهێنن و ناوی کەسایەتییەکانیان لە ناو نانی شەقام و گەڕەك و گۆرەپان و شوێنەکانی دیکە لە ناو چەکانیان بە کار بهێنن بە پ ێی یا سا بەرکارەکان ، پێن جەم، پێکهاتەکان مافی پشووی تایبەت بە خۆ یان لە بوو نە نە تەوەی و ئاینی یەکان هە یە و ئەو پ شووانەش بۆ ئەوان فەرمی دەبن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لە گەڵ ماددەکەیە بەو شێوەیە کە خوێنرایەوە؟کاك فەرحان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە لە خاڵی یەکەم کە پەیوەست بوون لە ناسنامەی نەتەوەیی فەرز کراوە، موتەناقوزە لە گەڵ ما فەکانی مرۆڤ، چۆن ئینسان حەقی هەیە ناسنامەی دینی بگۆڕێتن؟ لە ناسنامەی نەتەوەییش وایە، لە بەر ئەوە لە ناسیۆنالیزم دا هاتووە هەر کەسێك بڵێیت من کوردم کوردە، بڵێیت من عەرەبم عەرەبە با کوردیش نەبێتن، کەواتە لەمەدا پێشل کردنی حقوقە و موتەناقوزە لە گەڵ مافەکانی مرۆڤ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێویستەکە لابرێت، هەر تاکێك مافی هەیە ناسنامەی ئاینی خۆی ئاشکرا بکات و ناسنامەی نەتەوەی خۆی بپارێزێت، تەواوە.

**بەڕێز د. ڤالا فريد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو شێوەیە دەخوێندرێتەوە، بڕگەی یەکەم لە ماددەی چوارەم، هەر تاکێك مافی هەیە ناسنامەی ئاینی خۆی ئاشکرا بکات و ناسنامەی نەتەوەیی بپارێزێت کە ئەندام بوونی بە پێکهاتەیەکی دیاری کراو دەبەستێتەوە، ئەو مافەش تەنها تایبەتە بە تاکە کەس و هیچ لایەنێك مافی لێسەندنەوەی نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کێ لە گەڵێیەتی بەو شێوەیە کە خوێنرایەوە؟ پەنجا و حەوت (57) لە گەڵێیەتی، کێ دژییەتی؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی شەش کە دەبێتە ماددەی پێنج.

**بەڕێز د. ڤالا فريد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنج، دەستە و رێکخراو و نوێنەرانی پێکهاتەکان و خانەکانی پەرەستن مافی هاوبەندی و گەیاندنی رۆشنبیری و فێرکاری و کۆمەلایەتی و پەرەپێدانیان هەیە لە گەڵ ئەوانەی لە تایبەتمەندی یان ئاینی یان نەتەوەیی لە ناوەوە و دەرەوەدا هاوبەشن لە گەڵیاندا و حاڵەتی هەڵسانی حکومەت بە بەستنی پرۆتۆکۆلاتی نێودەوڵەتی یان هەرێمی دەبێت بەشداری کردنی پێکهاتەکان تێدا مسۆگەر بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسە هەیە لە سەر ئەم ماددەیە؟

**بەڕێز فخرالدين قادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە گفتوگۆی ماددەی پێنجەم ئەکەن، سیراج احمد، ابوبکر عمر، شکریە اسماعیل، قادر ئۆتمان، صالح فەقێ، علی هالۆ، انس محمد، شێرکۆ حەمە امین، بەهزاد دەروێش، ئایدن معروف، هەورامان گەچێنەیی، منی نبی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئایدن معروف فەرموو.

**بەڕێز ئایدن معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە مەبەستی کار ئاسانی و کارا کردنی دەقی ماددەی پێنجەم پێویستە لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا بەشێکی تایبەت بۆ هەر پێکهاتەیەك بێتە کایەوە، بۆ نموونە بەرێوەبەرایەتی پەیوەندییەکانی پێکهاتەی تورکمان، بۆیە پێشنیار دەکەین کە دەقی ماددەی پێنجەم بەم شێوەیە تەعدیل بکرێتن، دەستە و رێکخراو نوێنەرانی پێکهاتەکان و خانەکانی پەرستن مافی هاوبەندی و گەیاندن و پەیوەندی و رۆشنبیری و فێرکاری و کۆمەلایەتی و پەرەپێدانیان هەیە لە گەڵ ئەوانەی کە تایبەتمەندی و

ئەتنیکی یان ئاینی یان نەتەوەیی هاوبەشن لە گەڵیا ندا، لێرەدا بۆ ئەو مەبەستەش بەرێوەبەرا یەتی پەیوەندییەکانی دەرەوە دێتە کایەوە بۆ هەر پێکهاتەیەکی بە جیا لە فەرمانگەی پێکها تەکانی دەرەوە سەر بە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەشداری پێکردنی نوێنەری پێکهاتە لە لا یەن حکو مەتی هەرێ مەوە لە کاتی بە ستنی پرۆتۆ کۆلی نێودەو ڵەتی و هەرێمی کە پەیوەند یدارە بەو پێکها تە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ابوبکر عمر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم ئەو وشەی خانە چۆن هاتووە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەرجومەی دوورە، دوور لە ڕێگادا.

**بەڕێز ابوبکر عمر (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، شوێنەکانی پەرەستن بێت یا خود پەرستگاکان بێت باشترە و من لە گەڵ ئەو ماددەدام، بەڵام تا وە کو ئەو برگە یە لە ناو و دەرەوە بە ڕ ێی یا سابەرکارەکان، چونکە ئەبێ ئەو عەلا قە و پەیوەندییا نە لە چوارچێوی یاسادا ڕێك بخرێ، بۆ ئەوەی لە هەر حاڵەتێکی نەرێنی پارێزراو بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، بەڕێز دکتۆر سراج احمد فەرموو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە باس لە مافەکانی پێکهاتەکان ئەکاتن دەربارەی پەیوەندی و تەواسول لە گەڵ لایەنی دەرەکی و ناوەکی، لە لایەنی ناوەکی کێشەمان نییە تەواسول ئەکرێتن عیلاقەت و پەیوەندی شتێکی چاکە، بەڵام لە رووی دەرەکییەوە ئەبێ لایەنی پەیوەندیدار لە رێی وەزارەت ئەو چالاکیانە ئەنجام بدەن، ئەبێ حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار بزانێ ئەو چالاکیانە لە سەر چ ئاستێکن و لە گەڵ کێشن؟ ناکرێ هەر عیلاقەك و هەر چالاکییەك و هەر پەیوەندی بێت لە گەڵ لایەنی دەرەوە حکومەت ئاگادار نەبی و بێ ئەمری ئەوان ب یت و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك ئەبوبەکر هەڵەدنی دەکەم، دەقەکەی تا ئەو شوێنە بێت کە دەڵێت تا لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، چونکە لە راستی بەستنی پرۆتۆکۆل لە گەڵ وڵا تانی نێودەو ڵەتی یان هەرێمی د یارە بۆ ئەو مەبەستەیە، بەڵام ئەوە ئێشی سوڵتەی موختەسە، یەعنی تا ئەوە بێت یاسا بەرکارەکان بێت لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات ئەوەی کە کاك ئەبوبەکر وتی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، خاتوو شکریە اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـنیش بە هەمان شێواز پێم وا یە هەبوونی نوێ نەری کەمایەتیـ یەکان لە دەرەوەی هەرێم لە کاتی ئەنجامدانی حکومەتی هەرێم بۆ ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی ئەم دەقە یاسایی نییە، چونکە گرێدانی پرۆتۆ کۆل و ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی لە دەسەڵاتی حەصری دەسەڵاتی جێبەجێکردن هیچ پەیوەندییەکی بەم یاساوە نییە و، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك علی هالۆ فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کراون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ حەمە امین فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکە ئەوەیە، مەبەست لە چییە کە لەوەی ئەڵێیت هەڵسانی حکو مەت بە پرۆتۆ کۆلات و ئەوا نە؟ یەعنی مەبەست ئەوەیە کە هەر شتەك کە حکومەتی هەرێم پێویستە بیکات بۆ نموو نە ئەو بەڕێزا نەش ئاگادار بن و ئەمە بۆ ئێمەش لە راستیدا ئەو مافە منیش داوا ئەکەم وەکو هاووڵاتییەکی ئەم وڵا تە مـنیش پێویستە ئاگادار بم لە هەموو ئەو پرۆتۆکۆلا نە و هەموو ئەو شتانەی کە حکو مەت دەیکات، چونکە لە راستیدا کەسمان ئاگادار نین و لە رووی ئەوەشەوە خانەکان منیش پشتگیری کاك ئەبوبەکر هەڵەدنی ئەکەم لە راستیدا لە سەدا سەد و لە رووی دارشتنەوە بەراستی زۆر نارێکە، بۆ یە لە ماددەی شە شەمدا ئەوی لە

دێڕی دووەمدایە لە ناوەوە و لە دەرەوە لە گەڵیا ندا هاوبەشن و شەی لە گەڵیا ندا بێتە دوای لە ناوەوە و دەرەوەدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان گەچێنەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا پشتیوانی لەو بەڕێزا نە دەکەم کە داوای ئەوەیان کرد کە ئەم یا سایە لە را ستیدا ئەم ماددەیە بە تایبەت ناگۆنجێت، چونکە هەر پێکهاتەیەك و هەر نوێنەرێك ئەگەر داوای ئەوە بکات نوێنەری هەبێت لە سەرجەم پرۆتۆکۆلەکاندا، بە راستی ئەوە جێگەی نابێتەوە، زۆر ئە ستەمە، جێ بەجێ کردنە کە ئەستەمە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك صالح فەقێ فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە حاڵەتی هەڵسانی بکرێتە حکومەت لە کاتی بەستنی پرۆتۆکۆلاتی نێودەو ڵەتی یان هەرێمی تایبەت بە پێکهاتەکان ئەو تایبەت بە پێکهاتەکانیشی تێدا زیاد بکرێت، لە بەر ئەوەی ناگشتگیرە لە بڕی ئەوەی نوێنەریان هەبێت تێدا ئەبێ ڕەچاوی مافی پێکهاتەکان بکرێت، واتە لە باتی بەشداری کردنی پێکهاتەکان تێدا مسۆگەر بکات بکرێتە دەبێ ڕەچاوی مافی پێکهاتەکان بکرێت و بۆی گشتگیر نەبێت ئەو تایبەت بە پێکهاتەکانیشی لە دوای هەرێمی تێ بکرێت، و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، باشە، سوپاس، بەڕێز مامۆستا انس محمد فەرموو.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیقەت بابەتێ پەیوەندیان ب دەرڤە بابەتەکی زۆر یێ هەستیارە دڤێتن تەعامولا مواتنی یا هەر تاکە کەسەکێ درێکا ڤەنەواتێت رەسمی یێن حکومیدا بن، نابیت هەر ئێك ژ لایێ خۆڤە پەیوەندیێ بکەت ئە ڤە گەڵەك جارا دێ بیتە ئەگەرێ پەیدا بوونا تشتێت نەباش وەکی تەجەسوسێ و غەیرێ وێ، ژبەر هندێ ئەز داخاز دکەم ئەڤە بێتە تەعدیل کرن (فی الداخل و الخارج بواسطة القنوات الحکومیة الرسمیة) دو یێرێ دا پەیوەندی ڤان هەبیت ب دەرڤە، هەروەسا پشتەڤانیا مامۆستا ئەبو بەکر هە ڵەدنی و دکتۆر سیراجی دکەم سەر گوتنێن وان، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك بەهزاد دەرویش فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەرویش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره ئەڤ ماددا پێنجێ دوو خالێت سەرەکی پێویستی گۆرانکارییێنه، خالا ئێکێ ئەڤ دەسته و رێکخراو ێت نوێنەرا، نوێنەری پێکها تەکان و خا نەکان، خا نەکان و شوێنی پەر ستن (ا ماکن و دور العبادە) شوێنەکه ئیزافه بیت دێ دروست بیت، خالا دوویێ ژی پشتگیری مامۆستا ئەبوبەکر هەلەدنی دکەم ب را ستی بەس دگەلێ ڤێ تەعدیلێ کە بێژین لە حالەت هەڵسانی حکومەت بە بەستنی پرۆتۆکۆلاتی نێودەولەتی یان هەرێمی کە گرێداییینه ب ڤان پێکهاتاڤه و بە پێی یاسای بەرکار ل هەرێما کوردستانێ، ئەڤ هەر دوو خالە ئیزافه بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشه، سوپاس، خاتوو منى نبى فەرموو.

**بەڕێز منى نبى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا من سەبارەت بە مادده پێنج کە ماددەی شەشە ئێستا، ئەمە بە پێویست دەزانم لە حالەتی هەڵسانی حکومەت بە بەستنی پرۆتۆکۆلاتی نێودەولەتی بمینێت بۆ ئەوەی تابلۆی هەرێمی کوردستان ئەگەر ئێمە فیعلەن نەتەوەی دووەمین یا خود نەتەوەی رەسەنی هەرێمی کوردستانین کە پێکهاتەی تورکمان و کلدان و سریان و ئاشوری نەتوانین لە هەموو پرۆتۆکۆلەکان کە ئەوا نەی پەیوەستن بە پێکهاتەکان کە نوێنەریان هەبێتن لێرەدا خۆی لە خۆیدا هیچ مانایەکی نامێنێتن کە ئەم یاسایەمان دەرهێناوە کە بە گرنگترین شت پرۆتۆکولاتە کە نێودەولەتییەکان پەیوەستن بە پێکهاتەکان دەبێت نوێنەریان هەبیتن، من لێرەدا پرسیار دەکەم لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر ئێمە یاسایەکمان هەبێت، کە تاکو ئێستا یاسایەکمان نەبووە لە هیچ خولەکانی رابردوودا کە یاسایەك پەیوەست بیتن بە مافی پێکهاتەکان تاکو ئێستا زۆر بە جوانترین شێوە هەموو ماددەکان پەسەند کران دەستخۆشی لە زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، بەڵام ئەو برگەیە کە هەڵسا، واتە لێرەدا زەمانەتی پێکهاتەکان لە پرۆتۆکۆلاتەکان بە هیچ شێوەیەك چ دەست نیشان دەتوانین بکرێن چ ئێمە دەتوانین داوا بکەین کە نوێنەرمان هەبیتن لەم پرۆتۆکۆلانە، چونکە یاسایەك نەبێت، پشت بەستن بە یاسایەك نەبێتن ئێمەش ناتوانین داواکاری بکەین، بۆیە داوا دەکەم لە پەلەمانتارە بەڕێزەکان ئەو حاڵەتەی هەڵسانی حکومەت بە مەبەستی پرۆتۆکۆلەکان لانەبرێ باشترە بۆ بەرژەوەندی پێکهاتەکان بەڵام دیارە لە کاتی گفتوگۆ کردن و پشت خستن و پشتگیری کردنی بەڕێزان هەر لە خۆیدایە، چونکە پێکهاتەکان و ئەو بەڕێزانە لە ناو

پەرلەمانی کوردستان کەمینەنە لە رووی ژمارەوە، بۆیە بەم هەر حاڵەوە پێم وایە هەر هەڵدەستیت، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەرێزان پێمان وا یە کە ناروونی یەك لە دار شتنەکەدا هە یە و ئە گەر نا پێکها تەکان مافی ئەوەیان هەیە کە لە گەڵ هاونەتەوەیی یەکانی خۆ یان، هاو ئاینی یەکانی خۆ یان لە چوار چێوەی دەز گا رەسمییەکانی هەرێمی کوردستان پەیوەندیان هەبێت هەر وەکو چۆن فەرانسییەکانی کە نەدا مافیان هە یە بە پ یێی دە ستووری کە نەدا لە چوار چێوەی موئەسە ساتی رە سمی ئەم ولا تە پەیوە ندی رۆ شنبیری و کۆمەلایەتی و پەروەردەییەکانی خۆیان لە گەڵ فەرەنسا درێژە پێ بدەن بە هەمان شێوە شتێکی ئاسایی شە کە پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان چ پێکهاتە نە تەوەیی و چ پێکها تە ئایینی یەکان لە گەڵ هاو نەتەوە و هاو ئاین و هاو مەزهەبەکانی خۆیان پەیوەندی بەردەوامیان هەبێت، بەڵام لە چوار چێوەی دام و دەز گا رەسمی یەکانی هەرێمی کورد ستان بە هەمان شێوە ئەوەی کە پەیوەند یدارە بە نوێنەراتی یەکانی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە پێکهاتەکان هاو نەتەوە و هاو ئایینی یان هە یە ئەوە دیسان لەم حاڵەتەشدا کارێکی ئاساییە کە لەوێ تەواجودییان هەبێت، بۆ بەردەوام یدان بەم جۆرە پەیوەندییانە، هەر وەکو چۆن ئێستا بە پێی دەستووری هەمیشەیی عێراق هەرێمی کورد ستان بۆی هە یە لە هەموو سەفارەتەکانی ع ێراق نوێنەرا یەتی هەبێت بۆ نموو نە بۆ چی شتێکی ئا سایی نەبێت کە لە نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە ڤاتیکان کەسێکی کلد و ئا شوری هەبێت بۆ در ێژەدان بە پەیوەندی یە کلتور یە ئاینی یەکانی ن ێوان مە سیحییەکانی هەرێمی کورد ستان و ڤاتیکان؟ یان لە تورکیا نوێ نەرێکی تورکمان هەبێت هەر لە چوار چێوەی نوێنەرایەت یدا بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییا نە ر ێك بخەن، پێم وا یە رەکیکە دارشتنەکەی ماددەکە و ئەگەر نا لە چوارچێوەی موئەسەساتی رە سمی هەرێمی کورد ستان کارێکی ئا ساییە کە پێکها تەکان پەیوە ندییان بە هاو نە تەوە و هاوئای نەکانی خۆیا نەوە هەبێت، کاك را بون قسەکەیەت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەشی زۆری قسەکانم بەرێزتان کردتان، تەنها ئیزافەیەك بۆ قسەکانی سەرۆکی پەر لەمان، مەبە ستەکە لێرە هەر ئەوە بووە لە پرۆتۆکۆلاتی نێودەوڵەتی لە پەیوە ند بەو بابەتا نەوە کە پەیوەند یدارن بە پ ێك هاتەکانەوە مەسەلەن ئەگەر سبەینێ کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی کرایەوە نوێنەری کوردستان بەشداری کرد سەبارەت بە وجودی خوشك و برا مەسیحیەکانمان لە خۆرهەلاتی ناوەراست لە دۆخی ئەوەهادا شێوەی ئەو دۆخە پێویستە نوێنەری پێکهاتەکان لە دۆخێکی وە ها دا دە بێ نوێ نەری مە سیحیەکان لەوێ بن یان بە لایەنی کەمەوە بەشداریکردنیان مسۆگەر بکرێت وەکو بەرێز سەرۆکی پەرلەمانیش ئاماژەی بۆ کرد، بۆ یە

تەنها كێشەكە لە دارشتنەكەدایە هیوادارین دارشتنەكە رێك بخرێتەوە بە جۆرێك كە هەموو پرۆتۆكۆل و عیلاقاتێكی نێودەوڵەتی نەگرێتەوە وەكو ئەوەی بەشێك لە برا پەرلەمانتارەكان تێگەیشتوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنە پەیوەندیدارەكانی قسەیەكتان هەیە؟ با دابڕێژرێتەوە لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەكانەوە، خاتوو شكریە قسەی خۆتت كرد، پێم وابێ ناوت نووسرا بوو، فەرموو.

**بەڕێز شكریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلاهی ئەگەر چەند چركەیەكم بدەیتێ، ئەگەر بەو شێوازە بێ وەكو جەنابت ڕوونت كردەوە ئێمەش پاڵپشتی دەكەین، بەلام ئەگەر بڵێی لە هەموو پرۆتۆكۆلەكان كە لە دەسەڵاتێكی حەسری دەسەڵاتی جێبەجێ كردنە پێكهاتەكان هەبێ، ئێمە دەڵێین ئەمە یاسایی نییە، ئەمە جێگای نییە، بەڵام گەر شتێك تایبەت بەوان بێ ئێمەش پاڵپشتی دەكەین و مافێكی خۆیانەو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوورە ئەگەر ئەوكاتە من داوای ڕوونكردنەوەم كرد، من لە (100٪) پشتیوانی قسەكانی بەڕێزت و كاك رابوون معروف دەكەم، لەڕاستیدا باسی ئەوەم كرد من بڕوام بەوە هەیە ئەوەندە ڕوونی هەبێ لەم وڵاتە هەمووومان ئاگادار بین، هەموو ئاگاداری پرۆتۆكۆل و رێكەوتنەكان بین، ناشكرێت بەڕاستی حكومەت لەپشتەوە موئامەرەیەك لە پێكهاتەیەك بكات و ئەو ئاگای لێ نەبێت، لەبەر ئەوە پێویستە هەموومان ئاگامان لە هەموو پرۆتۆكۆل و هەموو ئەو شتانە بێ كە لەم وڵاتە دەگوزەرێ، من لەو ڕووانگەیەوە وتم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنە پەیوەندیدارەكان ماددەكەیان بەمشێوەیە دارشتەوە، ماددەی (5)

دەستەو رێكخراوو نوێنەرایەتی پێكهاتەكان و شوێنەكانی پەرستن مافی هاوبەندی و گەیاندنی پەیوەندی رۆشنبیری و فێركاری و كۆمەڵایەتی و پەرەپێدانیان هەیە لەگەڵ ئەوانەی لە تایبەتمەندی ئەتنی، یان ئاینی و نەتەوەیی هاوبەشن لەگەڵیان لە ناوەوەو دەرەوەدا بەپێی یاسا بەركارەكان و، لە حاڵەتی هەڵسانی

حكومەت بە بەستنی پرۆتۆكۆلاتی نێودەو ڵەتی، یان هەرێمیی تایبەت بە پێكها تەكان بە شداری كردن یان تیایدا مسۆگەر بكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵیەتی بەو شێوەیەی كە خوێندرا یەوە؟ دایدەڕێژ نەوە لەڕێگای دامەزراوەكانیشی تێ دە كەن، كێ لەگەڵییەتی؟ (63) كەس لەگەڵییەتی، كێ دژیەتی؟ 1 كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (6)

بۆ مسۆگەركردنی مافی پێكهاتەكان ئەوە سەرۆكی یەكە كارگێڕییەكان و سەرۆكی ئەنجومە نە خۆجێ یەكان لەوانە دەبێ كە نوێنەرایەتی زۆرینەی دانیشتووان دەكات لە یەكە كارگێڕییەكە بەپێی یاسا بەركارەكە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ با ناوی خۆی بنووسێت.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمانی كوردستان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ئەندامانە گفتوگۆی ماددەی شەشەمی یاساكە دەكەن، ( منی نبی- قادر وەتمان- علی هالۆ- ڤەمان فیصل- حیات مجید- ابوبكر عمر- رابوون توفیق- ایوب عبداللە- جوان اسماعیل- عبدالرحمن علی- یعقوب گۆرگیس- وەحیدە یاقۆ- سرود سلیم- یروانیت نیسان- ماجد عثمان- محمد سعدالدین- صالح فەقێ- بەهار عبدالرحمن- ئایدن معروف).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك یعقوب فەرموو.

**بەڕێز یعقوب گۆرگیس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڤ ماددە یە بەو شێوەیە باوەڕنا كەم بـێـە تەتبیق كرن لە هەرێمی كورد ستان، چونكە ئێ مە لە هیچ شوێنێكی لە هەرێمی كورد ستان زۆری نە نین، پێ شنیاردەكەم ئەڤ زۆری نە بێ تە (كثا فة سكانیة و تابع تأریخی)، چونكە ئێستا كە سەیر دەكەین لە هەرێمی كوردستان لە هیچ جێگا یەك ئێ مە زۆری نە نین، یان ئەو ماددەیە لابدەین، یان تەعدیل بكەین بەشێوەیەك كە ئێمە ئیستفادەی لێ بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو وحیدە فەرموو.

**بەڕێز وحیدە یاقۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بێژم ئەڤە زۆرینە ژی بێتە چڕی دانیشتووان یەعنی (كثافة السكانية)، نا لە ئەغلەبییە بێ، تشتەك دی ژی وەکو ئەو تشتەکی مێژووی ئەو مەنتیقە لێ بێت، ئەڤ سەرۆکی یەکەی کارگێڕی و سەرۆکی ئەنجومەنی خۆجێی دەکەم، ئەز بێژم هەکا دیار بکەن لەناڤ بەینە دوو قەوسە مەسەلەن ئەنجومەنی پارێزگا، ئەنجومەنی قەزاو ناحیە یەعنی بێتە دیارکرن، پەرلەمان تێدا نینە ئەز بێژم ئەوەش بێتە دیارکرن، یەعنی ئەڤە پتر دیار بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابو بكر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ماددەکەم ئەوها داڕشتووەتەوە بۆ چەسپاندنی مافی پێکهاتەکان پێویستە ئەوها نا، یەك سەرۆکی بەشە، سەرۆکی بەشە کارگێڕیەکان و ئەنجومەنە خۆجێیەکان لەو شوێنانەی کە پێکهاتەکان تیایدا چڕی و ڕەسەنایەتی دانیشتووان پێکدەهێنن لەوان دابندرێ، بەپێی یاسا بەرکارەکان، چڕی و ڕەسەنایەتی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەدیدی من ئەو ماددەیە لەوانەیە نایاسایی بێ، چونکە بەپێی یاسا قایمقام و مودیر ناحیەکانیش دەبێ بە هەڵبژاردن بن، هەروەها پارێزگار واتە ناکرێت ئەوە ئەو ماددەیە دژی یاساکانی ترە، من پێشنیارێك دەکەم ئەو ماددەیەی کە لە یاسای ڕێکخستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستاندا هاتووە ئەمە گونجاوترە لەوانەیە یاسای تریش بێت، هاووڵاتیانی گشت پێکهاتەکان مافی هاوبەشیان هەیە لە دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادگەری هەرێم بە پلەی جیاواز و بەپێی یاسا بەرکارەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە هەڵگیرێت، تا ئێستا یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان جێبەجێ نەکراوە، ئەگەر قەرار بێ بەوکاتەی کە جێبەجێ بکرێت تەنها هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کراوە، جیا لەوەش ئەگەر زۆری نەبێ مەگەر چەند قائیمەیەك بێ، چەند لیستی جیاواز دابەزن دەنا هیچ مەترسی لەسەر

لەدەستدانی یان نەبرد نەوەیان نییە، مەگەر جیاوازی یەعنی بە چەند قائیمە یەك دا بەزن ئەوكا تەش پێویستە خۆ یان هەست بە بەرپر سیاریەتی بكەن بە یەك قائیمە دا بەزن لەڕا ستیدا، بەڵام من پێشنیاردەكەم لابرێت لە سنووری هەندێ ناحیە زۆرینە پێكدەهێنن ئەوە واقیعە، بەڵام چڕی دانیشتوان و زۆرینەی یەعنی ئەمە ئێمە پێویستە وردتر دیراسە بكرێت، یەعنی لە سنووری پارێزگا یەك لە سنووری قەزایەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵام ئێمە یاساكەمان كرد بە تێبینیەكی بچووك، یاساكەمان كرد بە كوردستانی عیراق، بۆیە دەبێ لە ئەوە لەوە ئەوە لەبەر چاو بگرین، كە هەندێك لە قەزاو ناحیەكانی ناو چە جێناكۆ كەكان چڕی دانیشتووانیش كە هی پێكهاتەكان زۆرینەی پێكهاتەیەكیش ڕەنگە زۆرینە بن، خاتوو منى فەرموو.

**بەڕێز منى نبى :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاردەكەم لە ماددەی (7) واتە ماددەی (6) بڕگەیەك زیاد بكرێت پێكهاتەكان مافی هاوبەشیان هەیە لە دەسەڵاتی جێبەجێ كردنی هەرێم بەپێی یاسا بەركارەكان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە سەرجەمی ڤێ یاسا هەمیێ بۆ هەندێ هاتە داهێناندنێ، كو مافێن پێكهاتە بێن مسۆگەركرنێ، ژ بەر هەندێ ئەز ڤی چەندە ناحیە ئینشایی و ئیملایی زێدە دەبینم بۆ مسۆگەركرنا مافی پێكهاتە، كەواتە ئەڤ یاسا نەشیا دەرحەق مسۆگەركرنا ماڤێ پێكهاتە دەركەڤتن لەو ماددەیە، ئەڤ فەقەرە هاتنێ بۆ تەئكید كر، ئەڤەش ناحیە داڕشتنێ منە، دیسان پشتەڤانیێ ئاخافتنی كاك یعقوب و خوشكە وحیدە دەكەم بۆ هەندێك و زۆرینە دەنگ بێتە گۆڕین بۆ دانیشتووان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیاردەكەم پێشنیارەكەی خۆم بۆ لیژنەی یاسایش ناردووە، ئەو بەندە لەبەر ئەو ڕەكیكە ماناكەی وازیح نییە، بەجۆرێك دابرێژرێتەوە كە بەمجۆرە بۆ مسۆگەركردنی مافی پێكهاتەكان لەو شوێنانەی كە زۆرینەی دانیشتووانی پێكهاتەكانن، ببوورە زۆرینە بكرێت بە چڕێ دانیشتووانی وەكو پەرلەمانتاری بەڕێز

كاك ابوبكر هەڵەدنى پێشنيارى كرد، سەرۆكى يەكە كارگێڕييەكان و خۆجێييەكان يەك سەرۆكى بەسە، سەرۆكى كارگێڕييەكان و ئەنجومەنى خۆجێييەكان سەر بە پێكهاتەكان دەبن، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

د. سروود فەرموو.

**بەڕێز سروود سليم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پێشنيار دەكەم ئەو مادده ببێتە (3) فەقەرە، (3) نوقتە ، دەست پێ دەكات بە (لضمان حقوق مكونات) اولا: تتولى الحكومة اتخاذ اجرائات خاصة تضمن تمثيل جميع مكونات الاقليم في البرلمان و مجالس محافظات الاقضية والنواحى)، ئەم بابەتە زۆر گرينگە بۆ مان گرەنتى دەداتە مە كە سبەى، دووسبەى ئەمە لە پەرلەمان مەجاليسى مەحافەزات و ئەقزيەو نواحى وجود مان دەبێ، لەبەر ئەوە ئێمە دەترسێين سبەى، دووسبەى لەبەر تەوازونى سياسى لە قانونى هەڵبژاردن سيستەمى كۆتا ئيلغا بكرێت، ئەو فەقەرەيە زۆر گرنگە گرەنتى دەداتە ئەمە، پێشنياردەكەم ئەو فەقەرەيە ئيزافە بكرێت، هەروەها فەقەرەى دووەم (تضمن الحكومة المكونات حق شراكة في مؤسسات اقليم تشريعى والتنفيذى والقضائية)، حەقى شەراكە زۆر گرينگە، موستەلەحى شەراكە زۆر زۆر گرينگە زياتر ئەو پرۆژەيە جوان دەكاتەوە، ئێمە لە زمانى عەرەبى دوو موستەلەحى عەرەبى هەيە (موشاريك و شەريك)، بەينى هەردووكيان فەرق زۆرە، ئێمە تا ئێستا دەتوانين بڵێين موشاريكين، شەريك نين، ئەگەر نووسيمان حەق شەراكە ئەوە يەعنى نەوعەك ئيتميئنانێك دەداتكە فعلەن ئێمە شەريكين، هەتا ئەگەر نەيەتەوە تەتبيقيش، نوقتەى سێيەم فيعلەن كە دەڵێن ئەغلەبيە سوكانيە، ئێمە لەهيچ شوێنێك ئەغلەبى سوكانيمان نييە، بۆيە ئەو فەقەرە ئەگەر نەمينێ ئەغەلبى سوكانيەى باشترە يان بگۆڕێت ببێتە چڕى دانيشتووان ، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك يروانيت فەرموو.

**بەڕێز يروانيت نيسان ماركوس:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەز بێژم ئەڤ ماددەيە دەبێتە دوو فەقەرە، بيدايەت (لضمان حقوق مكونات)اولا: يكون رؤساء وحدات الادارية ورؤساء مجالس محلية نفسي بلدي) وەكى شەنگالێ يان وەك هەر شتەكى ئەغلەبى بێتن، بەس فەقەرەى دووەم (ضمان حقوق شراكة في الحكومة في المناطق كثافة سكانية)، يەعنى كەسافەى سوكانى هەبێ

.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك ايوب فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێم وایە مسۆگەرکردنی مافی پێکهاتەکان بە دەستوور و یاسا دەبێ، نەك بە دانانی قایمقام و مودیر ناحیەیەك لەوان، بۆیە پێم باشە بەو شێوازە دابڕێژرێتەوە بۆ بەشداری پێکردنی پێکهاتەکان لە یەکە کارگێڕییەکاندا دەبێت سەرۆکی یەکە کارگێڕی و سەرۆکی ئەنجومەنە خۆجێییەکان لەوان بێ، دەبێ لێرەدا مولزەم دەبێ یەعنی کە دەبێ لەوان بێ، لەگەڵ ئەوەشدام کە زۆرینەکە بکرێتە چڕی، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**خاتوو حیاة فەرموو.**

**بەڕێز حیاة مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشێك لە قسەکانم لەلایەن خاتوو وحیدە یاقۆ کرا، بۆ مسۆگەرکردنی مافی پێکهاتەکان پێشنیاردەکەم برگەیەکی تری بۆ زیادبکرێت، کە بەڕوونی باسی پاراستنی ئەمن وە ئاسایشی پێکهاتەکان بکات، کە زۆرجار بەهۆی دینەکەیانەوە ژیانیان کەوتووەتە مەترسییەوە وەك لە رابردوو بینیمان، پێشنیاردەکەم بەکورتی بەم شێوەیە پێشنیارەکەم دەیخە مە ڕوو، پاراستنی ئەمن و ئاسایشی پێکهاتەکان مسۆگەر بکرێت زۆر گرینگە، پاراستنی ئەمن و ئاسایشیان بەڕوونی مسۆگەر بکرێت لە یاساکەدا، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**د. جوان فەرموو.**

**بەڕێز د. جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە مادده (6) وەك جەنابت وتت لە سیاغەوە دانیشتنی برەك کەموکورتی هەیە، لە زمانە کوردیەکەی عەیبی تێدانییە، بەڵام لە زمانی عەرەبی دەڵێت (لضمان حقوق مکونات یکون رؤوسا وحدا الاداریة ورؤوسا مجالس محلیة) دەبێ بوترێت ( من ضمن هذه المکونات) ئەوجا تەواو بکرێت (والذي یمثل الاغلبیة السکانیة)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**مامۆستا ماجد فەرموو.**

**بەڕێز ماجد عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لەو ماددەیەدا هاوڕام لەگەڵ بەڕێزان کاك ابوبکر هەڵەدنی و کاك علی هالۆ، هەروەها هاوڕام لەگەڵ منی خان، بەڵام بەشێوەیەکی تر من پێشنیاردەکەم سیاغە بکرێت ئەو ماددەیە، کە بکرێت بە دوو برگە بنووسرێت ماددەی (6) مسۆگەرکردنی مافی پێکهاتەکان لە یەکەم: سەرۆکایەتی کردنی یەکە ئیداریەکان و**

ئەنجومە نە خۆجێیی یەکان لەو شوێنانەی چڕی دانیشتووانەکانی لەو پێکهاتا نەن، دووەم: دا مەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن لە کوردستان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر پشتگیری ئەو بەڕێزا نە دەکەم کە دەر بارەی یە کەی کارگێڕیی یەکان و سەرۆکی ئەنجومە نە خۆجێییەکان، وشەی زۆرینە بکرێت بە چڕی دانیشتووان، پشتگیری ئەو بەڕێزا نە دەکەم کە زیادکردنی بە شداریکردنی پێکها تەکان لە دەزگا کانی یا سادانان و جێبەجێ کردن لەگەڵ ئەو ماددە یە، جێگای لەو ماددەیە بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من یەك ڕام هەیە، لێرە باسی زۆرینە کراوە لەو شارو شارۆچکانەی کە زۆرینەن، من پێم وایە زۆرینە و کەمینە لێرە بەکارنەهێندرێت، چونکە ئەوە بڕاوەتەوە لە شوێنێکدا زۆرینە بن بە تەئکید قایمقام مودیر ناحیە یاخود سەرۆکی ئەنجومەنی خۆجێی لەوان دەبێ، بەڵام لە ئێستادا خۆ ئەگەر سەیری بکەین وەزیرمان هەیە لەو خوشك و برایانە یە، پەر لەمانتارمان هە یە، لە دامودەزگا کانیش چەندین ڕاوێژکار و فەرمانبەرمان هەیە، بۆیە بە بڕوای من یان لابرێت یان زۆرینەکە یان هەر بڕگەکە لابرێت یان زۆرینە کە لابرێت و وای لێ بێت کە بەپێی بەرکەوتەی خۆیان، بەپێی چڕی دانیشتوان ئەوەی کە خۆ یان دەیا نەوێ، چونکە ئەوەی کە هەیە لێرە تەحسیل حاسڵە و بڕاوەتەوە لەو شوێنانە بە تەئکید حەقی خۆیانە، بۆیە من قەناعەتم وایە مەسەلەی زۆرینەو کەمینە ناکرێت لەم ماددەیە هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەنجومەنە خۆجێیەکان ئەوە یاسای تایبەت بە خۆیانەوە هە یە، بەهیچ شێوەیەك نایا سایییە، پێم وا یە ناکر ێت لێرە با سی ئەنجومە نە خۆجێ یەکان بکر ێت، لەبەر ئەوەی قانونێکی عا مە، ئە گەر بە قانونێکی خاصیش بکرێت یان هەموار بکرێتەوە، پێویستە لەکاتی گفتوگۆکردن لە سەر ئەو یا سایە، بۆ یە ئەم یاسایە ناکرێت هیچ پەیوەندییەکی بە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاو قەزا و ناحیەیەکان یان ئەنجومە نە

خۆجێیەکانەوە هەبێ، بەلاَم دەکرێت وەکو برادەران ئاماژەیان پێدا چڕی دانیشتووان لەبەرچاو بگیر ێت بۆ لێپرسراوی یەکە کارگێڕییەکان لە سنوورەکەی خۆیاندا، پێکهاتەیەکە لەو سنووره چڕی دانیشتووانی خۆی بێ، بۆیە دەکرێت تەنها ئەرکە کارگێڕییەکان باس بکرێت، بەلاَم ناکرێ ئەنجومەنە خۆجێییەکانی تێدا بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک ئایدن فەرموو.

**بەڕێز ئایدن معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی ئەو برادەرە بەڕێزانە دەکەم، کە لەو ماددەدا باسی چڕی دانیشتووانیان کرد، ئێمەش کە لەو ماددەیە رەچاوی چڕی دانیشتووانی ئەو پێکهاتانە بکرێتن، هەروەها پشتیووانی منی خانیش دەکەم، بڕگەیەك ئیزافە بکرێت لەو ماددەیە بۆئەوەی مسۆگەرکردنی مافی پێکهاتەکان لە یاسادانان و جێبەجێ کردن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێ بۆچوونم هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، یەکەم: داڕشتنی ناڕوون و ناڕۆشنە، پێویستی بە چاککردن هەیە، دووەم: ئەمەی کە نووسراوە بۆ مسۆگەرکردنی مافی پێکهاتەکان، سەرجەمی ئەم یاسایە کە باسی لێوە دەکەین بۆ مسۆگەرکردنی ئەوانە نەك تەنها ئەم خاڵە، بۆیە پێویست بەوە ناکات، لە ڕوانگەی چاککردنی ئەم بڕگەیە کە ناڕۆشنی تێدا دیارە، من دوو داڕشتنم داناوە، دەیدەمە لیژنەی یاسایی ئەگەر رەچاو بکرێت، یەکەم: لەو شوێنانەی زۆرینەی دانیشتوانی پێکهاتەیەکی دیاریکراون، سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان و سەرۆکی ئەنجومەنە خۆجێییەکان لەوان دەبن، بەپێی یاسا بەرکارەکان، چونکە ئەنجومەنە خۆجێیەکان یاسای خۆیان هەیە، یاخود بەمشێوازە سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان و سەرۆکی ئەنجومەنە خۆجێیەکان لەو شوێنانەی زۆرینەی دانیشتووانی لە پێکهاتەیەکی دیاریکراو دەبن بەپێی یاسا بەرکارەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەیوەندیدارەکان قسەتان چییە؟ فەرموو د. ڤالاَ.

**بەڕێز د. ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنە پەیوەندیدارەکان داڕشتنەکەیان بەمشێوەیە داڕشتوەتەوە، بەلاَم ئەوەی کە تاوتوێ کراوە لەلایەن هەردوو لیژنەکە بە زمانی عەرەبی راپۆرتەکە تاوتوێ کراوە، بە زمانی عەرەبیش داڕشتراوەتەوە، دواجار ئەوەی کە راپۆرتەکە بە زمانی عەرەبی نوسراوە ئینجا دراوە بە سەرۆکایەتی و سەرۆکایەتی پەرلەمان

ناردوویەتی بۆ تەرجەمە کردن، واتە ئەوەی کە بە زمانی کوردی هاتووەتە ناو هۆڵی پەرلەمان بەهیچ شێوەیەك لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەکانەوە دانەڕێژراوەتەوە و تاوتوێ نەکراوە،

ماددەی (6)

بۆ مسۆگەرکردنی مافی پێکهاتەکان:

1- مافی بەشداری کردنیان هەیە لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێ بەجێ کردنی هەرێم بەپێی یاسا بەرکارەکان.

2- ئەنجومەنە خۆجێیەکان لەو شوێنانەی کە پێکهاتەکان تیایدا چڕی و رەسەنایەتی دانیشتووان پێك دەهێنن لەخۆیان دەبێ بەپێی یاسا بەرکارەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو بەهار دەڵێ نوقتەی نیزامیم هەیە، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

3 پەرلەمانتار کاك ڤەمان، کاك ایوب، من باسمان لەوە کرد بۆ مسۆگەرکردنی مافی پێکهاتەکان، ئێمە سەرجەمی یاساکە بۆ مسۆگەکردنیەتی ئەوە پێویست ناکات، رەچاوتان نەکرد، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لێرە مەبەستت ئەوەیە کە لەڕووی ئیداریەوە چیان بۆ بکرێت. کاك قادر ئۆتمان، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە دەوترێ بە پێی یاسا بەرکارەکان، بۆ ئەنجومەنە خۆجێییەکان پێچەوانەی ئەو یاسایەیە، تەنها بۆ سەرۆکی یەکەی کارگێڕی نەبێ، چونکە لە ماددەی (32)...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ڕاستە، بەڵام بۆ سەرۆکی یەکەی کارگێڕیش نابێ، چونکە یەکەی کارگێڕیش قایمەقامە و..

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

ئاخر مەبەستم ئەوە، دیاری کراوە لە ماددەی (32)، پێچەوانەیە بە پێی ئەو یاسایە، پێم باشە لابرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، وایە، ڕاستە، ڕایەك هەبوو بەو شێوەیە بوو، بۆ ئەوەی بە خۆشتان بزانن، مافی هاوبەشیتان هەبێ لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، لەو شوێنانەشی کە چڕی دانیشتووانتان هەیە، مافی ئەوەتان هەبێ بە شێوەیەکی عادیلانە لە سەرۆکایەتی دام و دەزگا ئیدارییەکان بەشدار بن، ئەو شوێنانەی چڕی دانیشتووانی هەیە، ئەو شوێنانەی کە زۆرینەن، مافی ئەوەتان هەبێ کە سەرۆکی یەکەی کارگێڕی یان ئەنجومەنی خۆجێیی لە ئێوە

بێ، چونکە ئەوە بەو شێوەیە نەبێ تەعاروز دەبێ لەگەڵ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزا و ناحییەکان، بەڵێ کاک صالح، فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕەخنەم لە بەڕێزانی لیژنەی یاسایی هەیە، هەموو کاتێك ئەو پێشنیارانەی ئەندامانی بەڕێز بە هە ند وەرناگرن، من دەگەڕێمەوە بۆ ئەو دوو ماددەی پێشوو، پێویستە لیژنەی یا سایی بزانن جیاوازی لە نێوان یەکسانی و دادپەروەری دا هە یە، ئەوە یەك، دوو/ لەو یا سایە پێشنیارمان کرد ئەوە پێچەوانەی یا سای ئەنجومەنی پارێزگاکانە، ئەگەر ئێمە لێرە پەسندیشی بکەین، بە دڵنیایی یەوە کار بە یا ساکانی ئەنجو مەنی پارێزگاکانەوە دەکرێن، نەك ئەوە بۆیە ناکرێ باسی ئەنجومەنە خۆجێییەکانی تێدا بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وایە، یەکە کارگێڕییەکان، وەحداتی ئیداری لەگەڵ ئەنجومەنە خۆجێییەکان کە مەجالیسی محەلین، ئەوە یاسایەکی تایبەتی هەیە، کە یاسای ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحییەکانن، ئەوانە بە پێی ئەو یا سایانە هەڵدەبژێردرێن، سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان و سەرۆکی ئەنجومەنە خۆجێییەکان، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (6) بەو شێوەیە داڕێژرایەوە:

بۆ مسۆگەرکردنی مافی پێکهاتەکان:

1- مافی بەشداری کردنیان هەیە لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردنی هەرێم بەپێی یاسا بەرکارەکان.

2- لەو ناوچانەی کە چڕی دانیشتووان پێك دەهێنن مافی بەشداری کردنیان هەیە لە بەڕێوەبردنی دامودەزگا حکومی و ئیدارییەکان بەپێی یاسا بەرکارەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی بەو شێوەی کە خوێندرا یەوە؟ (59) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژ یەتی؟ کەس نی یە دژی بێ، کەواتە پەسند کرا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم

ماددەی (7): پێویستە لەسەر پێکها تەکان و ئەو ئەندامانەی سەر بە ئەوانن لە کاتی پیادە کرد نی ئەو مافانەی لەو یاسایەدا هاتوون ڕێزی مافی کەسانی دیکە بگرن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانانە گفتوگۆی ماددەکە دەکەن:

خلف أحمد، فرحان جوهر، رابون توفیق، أبوبکر عمر، بەهار عبدالرحمن، ئایدن معروف، یعقوب گۆرگیس، ماجد عثمان، سرود سلیم، یروانت نیسان، بەهزاد درویش، کمال یلدا، علی هالۆ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئایدن، فەرموو.

**بەڕێز ئایدن معروف سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له ماددەی حەوت دا ئەو ماددەیە زیادە، زۆر زەعیفە، داوا دەکەم ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك رابون، فەرموو.

**بەڕێز رابون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی بەڕێز کاك ئایدن دەکەم، ئەو ماددەیە زیادەیە و داوا دەکەم لاببرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك فرحان، فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری کاك ئایدن و کاك رابون دەکەم ئەو ماددەیە زیادە و هەڵبگیرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك خلف، فەرموو.

**بەڕێز خلف أحمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لادانی ماددەکە دەکەم، لەبەر ئەوە ی له هۆ یەکانی دەر چوون ئیشارەتی پێدراوە، ئەگەر لانەبرا، پێشنیار دەکەم بەم جۆرە بخوێندرێتەوە (پێویستە لەسەر پێکهاتەکان له کاتی پیادە کردنی ئەو مافانەی لەم یاسایەدا هاتووە ڕێزی مافی کەسانی دیکە بگرن).

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز كاك أبوبكر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبكر عمر عبدالله (أبوبكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان تێڕوانینم هەیە، ماددەكە لابرێ.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاك يعقوب، فەرموو.

**بەڕێز يعقوب گۆرگیس یاقۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە پێویست نییە، لابرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا ماجد، فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێموایە لابرێ.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، د.سرود، فەرموو.

**بەڕێز سرود سليم متی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیاری ئەوە دەكەم ئەو مادده لابرێ، زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو بەهار، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان بۆچوونم هەیە، بەڵام موبەریرەكانی دەخەمە ڕوو، یەكەمیان/ لە ڕاستی دا ئەوە شتێكی ئەخلاقی یە، نەوەكو یاسایی، هەر كەس دەبێ ڕێز لە مافی كەسانی تر بگرێ، دووەمیشیان ئێمە ئەم یاسایەمان داڕشتووە لەبەر ئەوەی كە كۆمەڵێ خەڵك هەن كە موستەزعەفن، ئێستا مەترسی هەیە ئەوان ڕێز نەگرن لە مافی كەسانی تر؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز كاك علی هالۆ، فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێشنیاری لابردنی ماددەكە دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك بەهزاد درویش، فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەروەها پشتگیری ڕەئیا وێ دكەم كە ئەو ماددە بێتە لابرن، چونكە ڕاستی تەحصیل حاصلە، مەسەلەی پێكڤە ژیانێ و پاراستنا مافێن دی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك یروانت، فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان ماركۆس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەزیش دبێژم ئەڤ ماددە بێتە لادان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز كاك كمال، فەرموو.

**بەڕێز كمال یلدا مرقۆز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش بۆچوونمان ئەوەیە ماددەكە لابدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەكان؟ خاتوو منی، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاتوو بەهار وشەیەكی بەكار هێنا نەشیاوە، (مستضعف)، داوا لە بەڕێزتان دەكەم لە پرۆتۆكۆل بسڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز د.بەهار، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنە پەیوەندیدارەکان پێمانوایە بوونی ئەم ماددە یە زەروورە لێرەدا، چونکە هە ندێ جار لە پیادە کردنی مافەکانیان دا لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو پێکهاتەکان، نیزامی عام نابێ حدودی مافی خەڵکی تر ببەزێنێن، بۆیە مادام ئەم یاسایە کۆمەڵێ مافی داوە بەوان، لەبەرامبەر دا واجیبێکی هە یە کە ڕێزگرتنی مافی کەسانی ترە، لەو ڕوانگەیەوە ئێمە لە لیژنە هاوبەشەکە ئەم ماددەیەمان دا ناوە، ئێستاش پێمان باشە بمێنێتەوە، هەرچەندە زۆر پشتیوانیان لێ کرد، دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، بەس ئەوە ڕەئی ئێمە یە لە لیژنەکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باش، بەڕێز کاك سۆران، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو یاسایەی ئەمڕۆ کە ئێستا لە کۆتاییەکە یداین، پارێزگاری مافی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەیی یەکان دەکات، هەموو ماددەکانی هەتا ئێرە دابین کردنی ئەو مافانە یە کە موماره سەی دەکەن، لەبەرامبەر ئەوە یەك ئەرك دەخرێتە سەر ئەوان، ئەویش پاراستنی مافی بەرامبەرە لە موماره سەی مافەکەی خۆیان، ئەوە پێموایە حەقێکی ئاسایی بەرامبەرە کە بۆی بچەسپێ، هیچ ئیشکالێکیش نییە بۆ لابردنی، بۆیە ئێمە پشتیوانی مانەوەی دەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگەوە کە دەڵێ لابرێ، دوایی ئەگەر دەنگی نەهێنا ئینجا دایدەڕێژینەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەی (8) کە دەبێتە ماددەی (7) لە یاساکە لابرێ؟ (39) کەس لەگەڵ ئەوەیە لابرێ، کێ دژیەتی؟ (25) کەس دژیەتی، کەواتە پەسند کرا و لابرا، ئەو ماددە یەی کە لەلایەن خاتوو حەیاتەوە پێشنیار کرا، دەبێ لێرەدا جێی بکرێتەوە، جارێ دەیخەینە دەنگەوە کە ئایا ئەو ماددەیە زیاد بکرێ یان نا؟ دوایی دادەڕێژرێتەوە، خاتوو حەیات و بە شێکی ئە ندامانی پەرلەمان پێشنیاری ئەوەیان کرد کە ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری پێك بهێنرێ بۆ پێکهاتەکان، کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت و بەرپرسیار بێت لە هەموو کاروبار و بوارەکانی بەدواداچوون و چاودێری کردن و جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی یاساکە و مافی پێکهاتەکان، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ئەنجومەنە، بەڕێز د.بەهار، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پێمانوایە کە ئەو ئەنجومەنە پێویست نییە، چونکە ئەوە یاسایە دەردەچێ، جیبەجێکردنی چاودێری کردنی دیاری کراوە، کە پەرلەمانە بەدوادا چوونی بۆ دەکات، پێویست بە ئەنجومەن ناکات دروست بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سۆران، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوە نین بار قورسییەکی تر بۆ سەر حکومەت دروست بکرێ، بە پێکهێنانی، بە ئیستیحداسی ئەنجومەنێك، یان دەستەیەکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، دەیخەینە وتووێژەوە، ئەوە دەخەینە وتووێژەوە، کێ قسەی لەسەر دەکات؟ با بزانین د.سرود دەڵێ چی؟ فەرموو.

**بەڕێز سرود سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ( قانون تنظیم حقوق مکونات الشعب العراقي) بەغدا نووسراوە ( یتم إنشاء مجلس مکونات الشعب العراقي)، بەتەصەورم زۆر باشە لە هەرێمی کوردستان عەینی مەجلیسی شمان هەبێ، هەتا تەعقیداتێکیشیان هەبێ لەو یاسایە دەتوانین بنووسین (یتم إنشاء مجلس مکونات شعب کوردستان و ینظم ذلك بقانون)، ئەوە بۆ دوارۆژ، قانونێکی بۆ صیاغە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو ماددەیە زیاد بکرێ؟ ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری دروست بکرێ، (14) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (44) کەس دژیەتی، کەواتە پەسند نەکرا، ماددەی دوای ئەو، کە ماددەی (9) دەبێتە ماددەی (7).

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (7)

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایەدا ناکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس قسەی نییە، بۆیە یەکسەر دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی؟ (66) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسند کرا.**

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (8)**

**پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ قسەی هە یە لە سەر ئەم ماددە یە؟ کەس نی یە، دەیخەی نە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی؟ (67) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسند کرا.**

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (9)**

**ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.**

بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:

**کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس نییە، کەواتە دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی؟ (67) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسند کرا، هۆیە پێویستکارەکان. د.ڤالا فەرموو.**

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆیە پێویستکارەکان**

**لەبەر ئەوەی کوردستان  عێراق دەوڵەمەندە بە هەمەجۆری نەتەوەیی و ئاینی و زمانەوانی و لەپێناو ڕێکخستنی مافی ئەو پێکهاتانەی تیایدا پێکەوە دەژین و مسۆگەرکردنی پیادەکردنیان بۆ ئەو ماف و ئازادییانەی لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندار بە مافەکانی مرۆڤەوە هاتوون و، وەك گەرەنتیەك بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ هاووڵاتی کوردستانیی بەپێی پرونسیپی هاووڵاتیبوون بەچاوپۆشین لە جیاکاری ئەندامبوونیان، وە لەپێناو چەسپاندنی گیانی ڕێزگرتن و لێبووردەیی و یەکترقەبوڵکردن لە نێوان پێکهاتەکاندا، ئەوا ئەم یاسایە دەرچووێندرا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێشنیار کرابوو کە ماددەی (3) لەگەڵ ئەو ماددەیە ببێ بە هۆکاری دەرچوواندن، بۆیە ماوەیەکمان دەوێت بۆ دارشتنەوەی.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، با ناوەكان بنووسین، بێگەر خان فەرموو.

**بەڕێز بێگەر دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی ئاماژەی پێدا كە ماددەی (3) بهێندرێتە ئێرە، چونكە ئەوە پەیوەندارن بە یەك، بەڵام من بەم شێوەیە داڕشتنێكم بۆ كردووە لەناو هۆیەكانی دەرچوواندندا ئەو دەستەواژەیەی یاخود ئەو ڕستەیەی كە باس لەوە دەكات كە گرەنتییەك بۆ مامەڵە كردن لەگەڵ هاووڵاتیانی كوردستانی، من پێموایە لەبەرئەوەی هەموومان لەناو هەرێمی كوردستان یاخود لە كوردستان دا لەچوارچێوەی هەرێمی كوردستان دا مافمان پارێزراوە، من پێموایە ئەو ڕستەیە دەبێ لاچێ، پێشنیار دەكەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، ئامانجی ئەم یاسایە بریتییە لە پاراستنی مافی پێكهاتەكان لە كوردستان ـ عیراق سەرباری مافە دەستووریەكانیان بۆ مافە سیاسی و مەدەنی و كارگێڕی و ڕۆشنبیری و فێركاری و ئابووریەكان بە پێی یاسا ناوخۆی و نێودەوڵەتییەكان، لەبەرئەوەی كوردستان ـ عیراق دەولەمەندە بە هەمەجۆری نەتەوەیی و ئاینی دەستەبەری ئەو ماف و ئازادیانە دەكات كە لە پەیماننامە نێودەوڵەتیەكانی پەیوەندار بە مافەكانی مرۆڤەوە هاتوون، لە پێناوی چەسپاندنی گیانی ڕێز گرتن و لێبووردەیی و یەكتر قبوڵ كردن لە نێوان پێكهاتەكاندا ئەم یاسایە دەرچووێنرا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بینێرە بۆ لیژنە پەیوەندارەكان تكایە، كاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم لە جیاتی پێكهاتەكان، هاووڵاتیان بنووسرێ، واتە بەم شێوەیە ( لە پێناو چەسپاندنی گیانی ڕێز گرتن و لێبووردەیی و یەكتر قەبوڵ كردن لە نێوان هاووڵاتیاندا، 2/ ئەم پرۆژە یاسایە وەكو پرۆژەكانی تر پڕە لە هەڵەی ڕێزمانی، ئەگەر فاریزە هات پێویست بە (و) ناكات، ئەگەر (و) هات پێویست ناكات فاریزە بنووسرێ، ئەمە بۆ هەیبەتی پەرلەمان جوان نییە واتا ناشرین كردنی زمانی كوردیە، 3/ وەكو هەڤاڵانی لیژنەی قانونی ئیشارەیان پێیدا ئەمە بەعەرەبی نووسراوە و تەرجومەی كوردی كراوە، بۆیە لە زۆربەی ماددەكات هەست دەكەین كە بە روحی كوردی نەنووسراوە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ نوسخە

عەرەبیەکە تا بە دروستی لە هەندێ ماددەکان بگەین، ئومێدەوارم لەمەودوا ئەمە ڕەچاو بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاپۆرتەکان بە زمانی کوردی بنووسرێ، هەروەکو چۆن لە یاسای زمانە فەرمییەکان ئەمە تەسبیت کراوە، سوپاس، کاک ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر(هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەم دەقەم نووسیوە (لەپێناو پاراستنی پێکەوە ژیانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان کە بووەتە سیما و تایبەتمەندی کۆمەڵگای کوردستانی و بۆ ڕێکخستنی ماف و ئازادییەکان کە لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤدا هاتوون بە مەبەستی چەسپاندنی پرەنسیپی هاووڵاتی بوون و لێبووردەیی و یەکتر قبوڵ کردن ئەم یاسایە دەرچووێنرا).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، تکایە تۆش بینێرە بۆ لیژنە پەیوەندارەکان، کاک غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە کە هەر کاتێك وشەیەکی کوردیمان هەبێ واباشترە وشەیەکی عەرەبی بە کوردی کراو بەکارنەهێنین، بۆ نموونە یەکتر قبوڵ کردن، وشەی قبوڵ عەرەبیە و دەکرێ پێکەوە ژیان وەکو مامۆستا ابوبکر ئاماژەی پێی کرد ئەو وشەیە بەکاربێ باشترە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس با لیژنە پەیوەندارەکان دایبڕێژنەوە ئەو کات بیخوێننەوە دەیخەینە دەنگەوە، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن

لە پێناو پاراستن و دەستەبەر کردنی مافە سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوورییەکانی پێکهاتەکان بەپێی یاسا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و بۆ چەسپاندنی گیانی ڕێزگرتن و لێبووردەیی و پێکەوە ژیان لەنێوان هاووڵاتیانی کوردستانی عێراق ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟ (71) کەس لەگەڵدایە، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسند کرا.

کۆی یاسایەکە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بەو شێوەیەی کە دەنگ لەسەر ماددەکانی درا؟ (74) کەس لەگەڵدایە، کێ دژیەتی؟ کەس نییە، کەواتە یاساکە پەسند کرا، پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان دەکەین بەبۆنەی دەرچوونی ئەم یاسایە، پیرۆزبایی لە پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان و پێکهاتە ئاینی و پێکهاتە ئیتنی و نەتەوەییەکان دەکەین بە بۆنەی دەرچوونی ئەم یاسایە، بێگومان دەرچوونی ئەم یاسایە هەنگاوێکی گرنگ دەبێ لە قوڵ کردنەوەی گیانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان و لەهەمان کاتیش دا دەرچوونی ئەم یاسایە دڵخۆشکەر دەبێ بۆ سەرنج ڕاکێشانی پێکهاتە جیاوازەکانی ناوچە جێ ناکۆکەکان لەو سۆنگەیەی کە هەرێمی کوردستان نایەوێ هیچ چارەسەرێك بەزۆر بسەپێنێ بەسەر ئەم پێکهاتانە لەم ناوچانە، بەڵکو ئێمە خوازیارین لە هەرێمی کوردستان و لە دامەزراوە شەرعیەکانی هەرێمی کوردستان کە ناوچەکانی جێ ناکۆك، ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، دانیشتووانەکانیان بە ویستی خۆیان داوای ئەوە بکەن کە بێنە سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە لەم سۆنگەیەوە، پێمانوایە کە دەستەبەر کردنی مافەکانیان ڕێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی ئەوانیش پێیان خۆش بێ و حەز بکەن و کار بۆ ئەوە بکەن کە لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان دا بژین، بۆیە ئەم یاسایە هەنگاوێکی گرنگە لەو پێناوە، دەست خۆشی لە لیژنە پەیوەندارەکان و لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە پێکهاتە جیاوازەکان دەکەین، کە ڕۆڵێکی کارایان هەبوو لە دەرکردنی ئەم یاسایە، بەڕێز مامۆستا ماجد قسەیەکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خۆم و برایانم لە پێکهاتەی تورکمان و پێکهاتەی کلدو ئاشوور و ئەرمەن، پڕ بە دڵ دەست خۆشی و سوپاسی خۆمان ئاراستەی یەکە بە یەکەی خوشك و برایانمان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین لە دەرچوواندنی ئەم یاسایە، جێگەی ڕێز و سەربەرزیە بۆ ئێمە و بۆ یەکەم جار لە پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی ئاوا بۆ پاراستنی مافی پێکهاتەکان دەربچووێنرێ، بەو هیوایەی کە بتوانین لە داهاتوویەکی نزیك دا مافەکانمان لە چوارچێوەی دەستووری کوردستان دا زامن بکرێت و بە حەقیقی مافەکانمان مومارەسە بکەین لە ژێر ئاڵای کوردستان، سوپاس بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و سوپاس بۆ هەموو

فراكسیۆنەكان كە بە دڵی ئێمە و باشتر لە داخوازیەكانی ئێمە پشتگیریان لێكردین، دەستتان خۆش، بژی برایەتی كورد و توركمان و كلد و ئاشووری و ئەرمەن، هەر سەركەوتوو بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سوپاس بۆ لیژنە پەیوەندارەكان، داوا لە ئەندامانی لیژنەی مافەكانی مرۆڤ دەكەین كە بچنەوە جێگاكانی خۆیان دەستتان خۆش، پێشنیارێك هەیە كە بڕگەی (3 و 2) پێش و پاش بخەین، كێ لە گەڵ ئەوە یە كە ئاڵوگۆڕی بڕگەی (3) و (2)ی بەرنامەی كار بكەین، كێ لەگەڵ یەتی؟ (43) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ (12) كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا، داوا لە سەرۆكایەتی لیژنەی یاسایی دەكەین كە دەست بكەن بە خوێندنەوەی یەكەمی/ ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەی كە لە بڕگەی (2) بەرنامەی كاری دانیشتنەكەدا هەن، بە پێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ژمارە (1) ی ساڵی (1992)ی هەموار كراو، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕێگای بەڕێزتانەوە داوا لە ئەندامانی لیژنەی یاسایی كاك شوان و مامۆستا ابوبكر دەكەین كە بفەرموون بۆ خوێندنەوەی یەكەمی ئەو پرۆژە یاسایانە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون، كاك ابوبكر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای یەكەم بریتیە لە جێ بەجێ كردن و هەموار كردنی هاوردەكردن و فرۆشتنی بەروبوومە نەوتییەكان ژمارە (9)ی ساڵی (2006) كە پێكهاتووە لە (9) مادده وهۆكارەكانی دەرچوواندن، لەلایەن ئەم پەرلەمانتارە بەڕیزانەی لای خوارەوە واژوو كراوە (1/د.ڕێواز فائق، 2/د.عزت صابر، 3/بێگەرد دلشاد، 4/ سعید محمد سعید، 5/ گۆران ئازاد، 6/ تەلار لطیف، 7/ ئاواز شێخ جەنگی، 8/زانا عبدالرحمن،9/دلێر مصطفی،10/ سەركەوت سەرحەد، 11/خلف احمد، 12/عباس فتاح، 13/قادر وەتمان،14/صالح فەقێ محمدامین،15/گەشە دارا حفید، داواكارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەكان بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی وزە وسەرچاوە سروشتییەكان و لیژنەی كاروباری یاسایی پەرلەمان دەكەین.كاك ابوبكر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

2/ بریتیە لە یاسای كۆمپانیای كوردستان بۆ تەسفیە كردنی نەوت و پێكهاتەكانی كە پێكهاتووە لە (18) مادده بە بێ هۆكاری دەرچوواندن، لەلایەن ئەم بەڕێزانە واژوو كراوە، (فائق مصطفى، رۆزا محمود عثمان، د.پەری صالح، عبدالرحمن علی رضا، شێركۆ حەمە امین، علی حەمە صالح، پەروا علی، برزۆ مجید، منیرە عثمان، محمود حاجی عمر، ایوب عبدالله) داواكارین لە بەڕێزتان ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەكانی بكەن.

بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:

ئاراستەی لیژنەكانی وزە و سەرچاوە سروشتییەكان و لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری و وەبەرهێنان و لیژنەی یاسایی پەرلەمان و گشت ئەندامانی پەرلەمانی دەكەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ابوبكر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەمواركردنەوەی یاسای باری كەسێتی ژمارە (88) ی ساڵی (1959) كە پێكهاتووە لە شەش مادده و هۆیەكانی دەرچوواندن، لەلایەن ئەم پەرلەمانتارە بەڕێزانەی خوارەوە واژوو كراوە، (تەلار لطیف، شیلان جعفر، فیروز طە، گەشە دارا حفید، كەژاڵ هادی، د.پەری صالح، ئاواز شێخ جەنگی، نەجات محمد، سروود سلیم)، داواكارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەكان بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان و لیژنەی كارو باری یا سایی و گشت ئەندامانی پەرلەمانی دەكەین، كاك ابوبكر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای قەرەبووكردنەوەی قوربانیانی ڕاگواستنی بەزۆرە ملێ لەناوچە سنووریەكانی هەرێمی كوردستان كە پێكهاتووە لە (17) مادده و هۆیەكانی دەرچوواندن، كە لەلایەن ئەم پەرلەمانتارانەی خوارەوە واژوو كراوە، (د.عبدالله جاسم ڕێكانی، نەجات محمد عبدالله، فیرۆز طە، ناظم كبیر محمد، هێڤا حاجی، محمد علی یاسین، ڤیان عباس، مەردان خدر، قادر وەتمان، مریم صمد، علی هالۆ، فرحان جوهر،

سعيد مصيفى، هەورامان گەچێنەیی)، داواكارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەكان بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی مافەكانی مرۆڤ و لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری و وە بەرهێنان و لیژنەی یاسایی پەرلەمان و گشت ئەندامانی پەرلەمان دەكرێت، كاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای پێنجەم، پرۆژە یاسای پاراستنی مافی نەخۆش و پزیشك و كارمەندە تەندروستییەكان كە لە (23) مادده پێك هاتووە لەگەڵ هۆیەكانی دەرچوواندن، لەلایەن (14) ئەندام پەرلەمانەوە واژوو كراوە، كە ناوەكانیان بەم شێوەیەیە (بەیار طاهر دۆسكی، د.شرین حسنی، د.سراج احمد محمد، شوان شێخ احمد، زۆزان صادق، وحیدە یاقو، تحسین اسماعیل، شیلان شێخ جعفر، حەیات مجید، هێڤا حاجی میرخان، مەردان خدر، ناظم كبیر، عباس غزالی، ئومێد خۆشناو)، تكایە بە ئاراستە كردنی بۆ لیژنەی پەیوەندار.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنەی كاروباری تەندروستی و ژینگە و لیژ نەی كارو باری یا سایی و گشت ئەندامانی پەرلەمانی دەكەین، كاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە بڕیاری دیاری كردنی ڕۆژی (2014/8/3) وەك ڕۆژی جینۆساید كردنی شنگال، كە لە چوار بڕگە پێكهاتووە بێ هۆیەكانی دەرچوواندن دەرچووە و لەلایەن (38) ئەندامی پەرلەمانەوە واژوو كراوە كە ناوەكانیان بەم شێوەیەیە (شامۆ شێخۆ، ئومێد عبدالرحمن، حەیات مجید، فیروز طه، زیاد حسین، امنە زكری، محمد صادق، د.شرین حسنی، فرحان جوهر، صالح بەشارەتی، ڤەمان فیصل، شوان شێخ احمد، دڵشاد شعبان، تحسین اسماعیل، بەشار مشیر، عەباس غزالی، محمد علی یاسین، بەیار طاهر، د.ڤالا فرید، نەجات محمد عبدالله، قادر وەتمان رسول، سعید محمد سعید، ابوبكر هەڵەدنی، سهراب میكایل، شێركۆ حەمە امین، عبدالرحمن علی رضا، عزت صابر اسماعیل، برزۆ مجید عبدالله، كەمال یەڵدا، د.سروود سلیم، ماجد عثمان، سۆران عمر، د.شوان قەڵادزەیی، ایوب عبدالله، بێستوون فائق، د.پەری، قارەمان قادر، د.سراج شێخ احمد)، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان تكایە بە ئاراستە كردنی بۆ لیژنەی پەیوەندار.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە بڕیارە ئاراستەی لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و جینۆساید و لیژنەی كاروباری یاسایی پەرلەمان و گشت ئەندامانی پەرلەمان دەكەین، كاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داواكارم ئاراستەی لیژنەی ناوچە كوردستانیەكانیشی بكەی؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، ئاراستەی لیژنەی ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیشی دەكەین، كاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە بڕیاری تایبەت بە پەنابەران و دیپۆت كراوان، كە لە (8) بڕگە و هۆیەكانی دەرچوواندن لە لایەن (23) ئەندامی پەرلەمانەوە واژوو كراوە، ناوەكانیش بەم شێوەیەیە (سالار محمود، بێگەرد دڵشاد، دلێر ماوەتی، گۆران ئازاد، تەلار لطیف، گەشە دارا، عباس فتاح، سەركەوت سەرحەد، عزت صابر، صالح فەقێ، قادر ڕەزگەیی، سەعید مەسیفی، ئاواز شێخ جەنگی، شێركۆ حەمە امین، قارەمان قادر، محمد علی یاسین، عمر صالح كۆچەر، فیروز طە، د.شوان قەڵادزەیی، زۆزان صادق، علی هالۆ، بەهار عبدالرحمن، عبدالرحمن فارس، ابوكاروان) بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان تكایە بۆ ڕەوانە كردنی بۆ لیژنە پەیوەندارەكان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە بڕیارە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندییەكان و ڕەوەندی كوردستانی و لیژنەی كاروباری یاسایی پەرلەمان و گشت ئەندامانی پەرلەمانی دەكەین، زۆر سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی، خاتوو حەیات نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز حەیات مجید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژە یاسایە و ئەوەی پێشووتریش پێویستە ئاراستەی لیژنەی مافی مرۆڤ بكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە تایبەتمەندە بە تەخەسوسی یەك لە لیژنە پەیوەندارەكان، بۆیە پێویست ناكات ئاراستەی لیژنەی مافەكانی مرۆڤی بكەین، زۆر سوپاس، مامۆستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم پرۆژە یاسا ئەوەی کە تایبەتە بە باری کەسێتی بە پێویستی دەبینم ئاراستەی لیژنەی ئەوقاف بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پەیوەندیدارە بە موشاهەدە، پەیوەندی بە لیژنەی ئەوقافەوە نییە، ئەو پرۆژە یاسایەی لەبەردەمتانە خوێندووتانەتەوە، ئەوە پەیوەندارە بە چۆنیەتی بینینی منالّ لەلایەن دایك و باوکەوە، لەبەرئەوە پێویستی بە لیژنەی ئەوقاف نییە، کاك سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە یاسایەی ئەمڕۆ پەسەندمان کرد ئەوەش تەحویلی لیژنەی ئەوقاف نەکرا بەداخەوە، بەڵام هەندێك شت هەیە ئینسان دەقیق بێت لەسەر ئەو بوارە ئێمەش کەسانی پسپۆر و شارەزامان تێدایە حەزمان لێیە بابەتەکان دەوڵەمەند تر بکەین، ئەگەر تەحویلی ئێمە کرا چی تێدایە، ئێمەش دوو قسەی لێ دەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ مو شکیلەی تێدا نییە بەس ئەمەش ئیشتان قورس دەکات و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەر پرۆژە یاسایەکە قورس دەکات، سێ لیژنە لەسەری دابنیشێ و ڕاکانی خۆیان گەڵاڵە بکەن، مەسەلەی بینینی منالّ لەلایەن دایك و باوکەوە پێموا نییە مەسەلەیەکی دینی بێ تا ئاراستەی ئێوە بکرێ، مامۆستان انس قسەیەکت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بابەت (حضانة) بێتن حەزانە موتەعەلقە بە بابەتی شەرعی و حەز دەکەین ئاراستەی ئەو بکرێت، ئەگەر بابەت گرێدای وی بێتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێویستە لیژنەی كاروباری ژنانیش لەو یاسایەدا هەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێموانییە پێویستی بە لیژنەی كاروباری ژنان هەبێ، چونكە ئەمە مافی باوك و دایكە، مادام خێزانمان هەیە و مادام لیژنەیەكمان هەیە تایبەتمەندە بە خێزان، لەبەر ئەوە پێویست ناكات ئاراستەی لیژنەی كاروباری ئافرەتان بكرێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوە لە هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ ئەم بابەتە موعالەجە دەكرێ و تەنها ئەو ماددانەی كە پەیوەندارە بە لیژنەیەكی دیاری كراو ئاراستەیان دەكرێ، ناكرێت هەموو پرۆژە یاساكان ئاراستەی ئەم لیژنانە بكرێ بەم زۆریە و ئەوكاتە ئامادەكردنی ڕاپۆرت كارێكی ئەستەم دەبێ، بۆیە مادام لیژنەیەكمان هەیە بەناوی كاروباری كۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان، ئەم بابەتەش پەیوەندی بە خێزانەوە هەیە و پەیوەندی بە دایك و باوكەوە هەیە، بۆیە ئاراستەی لیژنەی مافەكانی ئافرەت و ئاراستەی لیژنەی ئەوقافی ناكەین، بەڕێزان بەم شێوەی هاتینە كۆتایی دانیشتنی ئەمڕۆ، بڕگەی (3) هەڵدەگرین بۆ دانیشتنی داهاتووی پەرلەمان، زۆر سوپاس بۆ ئێوەش.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدين قادر** | **جعفر ابراهيم ئێمينكی** | **د. يوسف محمد صادق** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان  عێراق** | **كوردستان  عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10)ی**

**چوار شەممە ڕێکەوتی 29□4□2015**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (10)

## چوارشەممە رێكەوتی 2015/4/29

كا تژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2015/4/29 پەر لەمانی كورد ستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەر لەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەر لەمان, دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی چوارەمی, ساڵی (2015) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەر لەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (1)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2015/4/29 دا بەم شێوەیە بێت:

1 پێشچاو خستن و گفتوگۆ كردنی ناڕازی بوونی بەرێز سەرۆكی هەرێم لەسەر ماددەی (5) ی یاسای ژمارە (7) ی ساڵی (2014)، یاسای هەمواری یەكەمی یاسای گشتی دەستپاكی لە هەرێمی كوردستانی عێراق ژمارە (3) ی ساڵی (2011).

2- هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری پێكهێنانی لیژنەی كاتی بۆ لێكۆڵینەوە و بەدوادا چوون بۆ بەجینۆسایدناساندنی تاوانەكانی دژ بە پێكهاتەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق ژمارە (22) ی ساڵی (2014)

3- خوێندنەوەی یەكەم بۆ ئەو پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو:

یەكەم: پرۆژە یاسای بەرەنگار بوونەوەی بازرگانی كردن بە مرۆڤ لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

دووەم: پرۆژە یاسای دووركەوتنەوە لە سووكایەتی كردن بە ئاینەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

سێیەم: پرۆژە یاسای ڕاگرتنی كاركردن بە یاسای خانووبەرە ژمارە (9) ی ساڵی (2008) لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كوردستان دەست پێ ئەكەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (10)، ڕۆژی دانیشتن (2015/4/29)، بەرنامەی كار، بەپێی حوكمەكانی برگە یەكی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستانی عێراق، ژمارە (1) ی ساڵی ( 1992 ) ی هەموار كراو، دەستەی سەرۆكایەتی پەر لەمان بڕیاریدا كاتی دانیشتنی ژمارە (10) ی خولی بەهارە لە خولی

هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە، ڕێکەوتی (2015/4/29) بەرنامەی کاری دانیشتن بەم شێوەیە بێت:

1 پێشچاو خستن و گفتوگۆ کردنی ناڕازی بوونی بەرێز سەرۆکی هەرێم لەسەر ماددەی (5)ی یاسای ژمارە (7)ی ساڵی (2014)، یاسای هەمواری یەکەمی یاسای گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (3)ی ساڵی (2011).

2- هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری پێکهێنانی لیژنەی کاتی بۆ لێکۆڵینەوە و بەدوادا چوون بۆ بەجێنۆسايد ناساندنی تاوانەکانی دژ بە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (22)ی ساڵی (2014)

3- خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو:

یەکەم: پرۆژە یاسای بەرەنگار بوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

دووەم: پرۆژە یاسای دوورکەوتنەوە لە سووکایەتی کردن بە ئاینەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

سێیەم: پرۆژە یاسای ڕاگرتنی کارکردن بە یاسای خانوو بەرە ژمارە (9)ی ساڵی (2008) لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئێستا داوا لە بەرێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەین پوختەیەك لە دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە.

**بەڕێز فخرالدين قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

بەناوی خوای گەورە، پوختەی دانیشتنی ژمارە (9)ی کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان لە بەرواری (2015/4/21) بەو شێوەیە بوو:

1 دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

2- خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو، و خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادە نەبوو و ئامادە نەبووی کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

3- پەسند کردن و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پاراستنی مافەکانی پێکهاتە نەتەوەی و تیرە ئاینییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

4- ئاڵوگۆڕکردنی خاڵی دووەمی بەرنامەی کار بۆ خاڵی سێیەم و بە پێچەوانەوە.

5- خوێندنەوەی یەکەم بۆ حەوت پرۆژە یاسا و بڕیار لەلایەن لیژنەی یاساییەوە.

6- پێشچاوخستن و ناڕازی بوونی بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر ماددەی (5)ی یاسای ژمارە (7)ی ساڵی (2014) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (3)ی ساڵی (2011) بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ دواخرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، داوا لە بەرێزتان ئەکەین ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشووی لیژنەکانی پەرلەمان بخوێننەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**ناوی ئا مادە نەبووانی ئە ندامانی پەر لەمان کە لە دانیشتنی ژ مارە (9) ی ئا سایی لە بەرواری (2015/4/21) مۆڵەت دراون بوون یان بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون لە دانیشتنی یەکەم بەم شێوەیەیە:**

1 انور قادر-مۆڵەت

2- ئاری محمد- مۆڵەت

3- باپیر کاملا-مۆڵەت

4- تحسین اسماعیل-مۆڵەت

5- حسین اسماعیل-مۆڵەت

6- دلێر مصطفی-مۆڵەت

7- ڕێواز فائق-ئامادە نەبوو

8- زۆزان صادق-مۆڵەت

9- سهراب میکائیل-مۆڵەت

10- شامۆ شیخۆ-مۆڵەت

11- شرین حسنی-مۆڵەت

12- عمر عینایەت-مۆڵەت

13- عمر مصطفی-مۆڵەت

14- فەرهاد حەمە صالح-مۆڵەت

15- مدینە ایوب-مۆڵەت

**لە دانیشتنی دووەم بەم شێوەیەیە:**

1 ابراهیم احمد-مۆڵەت

2- انور قادر-مۆڵەت

3- ئاری محمد-مۆڵەت

4- باپیر کاملا-مۆڵەت

5- تحسین اسماعیل-مۆڵەت

6- جمال عثمان-ئامادە نەبوو

7- حسن صالح-مۆڵەت

8- حسین اسماعیل-مۆڵەت

9- دڵشاد شعبان-مۆڵەت

10- دلێر مصطفی-مۆڵەت

11- ڕێواز فائق-ئامادە نەبوو

12- زۆزان صادق-مۆڵەت

13- سهراب میکائیل- مۆڵەت

14- شامۆ شێخۆ- مۆڵەت

15- شرین حسنی-مۆڵەت

16- عبدالله محمود- مۆڵەت

17- عمر عینایەت- مۆڵەت

18- فەرهاد حەمە صالح-مۆڵەت

19- مدینە ایوب- مۆڵەت

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان لە (2015/4/22) تا (4/29) بەم شێوەی خوارەوە بووە.

1 لیژ نەی کارو باری پێ شمەرگە و قورباز یانی جینۆ ساید و زی ندانیانی سیا سی لە (4/22) کۆبوو نەوەی کردووە:

1 محمد صادق-مۆڵەت

2- قادر ئۆتمان-مۆڵەت

3- عبدالرحمن فارس-مۆڵەت

4- باپیر کامەلا- مۆڵەت

5- عبداللە حاجی محمود- مۆڵەت

6- یعقوب گورگیس- مۆڵەت

دووەم: لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە (4/22) کۆبوونەوەی کردووە:

1 شامۆ شێخۆ- مۆڵەت

سێیەم: لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان لە (4/27) کۆبوونەوەی کردووە:

1 خلف احمد- مۆڵەت بووە

2- ئاواز جنگی-مۆڵەت

چوارەم: لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر لە (4/27) کۆبوونەوەی کردووە:

1 زانا عبدالرحمن-مۆڵەت

پێنجەم: لیژنەی دەستپاکی لە (4/27) کۆبوونەوەی کردووە:

سەرجەم ئەندامانی ئامادە بوون.

شە شەم: لیژ نەی کارو باری پێ شمەرگە و قورباز یانی جینۆ سیاد و زی ندانیانی سیا سی لە (4/27) کۆبوونەوەی کردووە:

1 ئاری محمد-مۆڵەت

2- محمد صادق- ئامادە نەبووە

3- هەورامان حەمە شەریف-مۆڵەت

حەوتەم: لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت (4/27) کۆبوونەوەی کردووە:

1 حیات مجید- ئامادە نەبووە

2- کەژاڵ هادی- ئامادە نەبووە

3- مریم صمد- ئامادە نەبووە

هەشتەم: لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان لە (4/27) کۆبوونەوەی کردووە:

1 دڵشاد شعبان- ئامادە نەبوو

2- علی هالۆ- ئامادە نەبوو

3- صالح بەشار- ئامادە نەبوو

4- پراونت نیسان- ئامادە نەبوو

5- بەیار طاهر- ئامادە نەبوو

نۆیەم: لیژنەی دارایی و کاروباری دارایی و وەبەرهێنان لە (4/28) کۆبوونەوەی کردووە:

1 ڕۆزا محمود- ئامادە نەبوو

دەیەم: لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە (4/28) کۆبوونەوەی کردووە:

1 سەرجەم ئەندامان ئامادە بوون

یانزە: لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی لە (4/28) کۆبوونەوەی کردووە:

1 محمد علی- مۆڵەت

2- تەلار لطیف- مۆڵەت

دوانزە: لیژنەی کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان لە (4/28) کۆبوونەوەی کردووە:

1 پەری صالح مۆڵەت

2- ئاواز جنگی- مۆڵەت

3- تەلار لطیف مۆڵەت

4- منیرە عثمان- مۆڵەت

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک ئاری نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی یەکەمم ئیزافەیەکە بۆ ئەو خوێندنەوەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان خوێندیەوە، ڕاستە ئێمە (4/22) کۆبوونەوەمان ئەنجام داوە، بەڵام هەر بۆ پرۆتۆکۆڵ و یەکەمجاریش بووە حەز ئەکەین لە

پرۆتۆکۆڵ بنووسرێ کە ئێمە کۆبوونەوەکەمان بردە مۆنۆمێنتی هەڵەبجەی شەهید، دوو، داوا لە بەرێزتان ئەکەم کە برگەی یەك و دوو جێگۆڕکێی پێ بکرێ، داوا لە پەر لەمانتارانیش ئە کەم کە پ شتیوانیم بـکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێم وابێ ئێشکالێکی ئەوتۆ نییە بەرنامەی کار بەشێوەی خۆی بڕوات، بە تایبەتی سەرۆکی دەستەی گ شتی دەستپاکیش لێرە ئامادەیە، بەخێرهاتنی ئەکەین، بەرێز دکـتۆر ئە حمەد سەرۆکی گ شتی دە ستپاکی، بەڵام ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان ڕازی بوون لەسەر ئەوە وا ئەکەین، کاك فایەق نوقتەی نیزامییە؟

**بەرێز فائق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە (4/28) لیژ نەی ئاوەدان کرد نەوە و نیـشتەجێ کردن کۆبوو نەوەی خۆ مان کردووە، بانگهێ شتی سەرۆکی وەبەرهێنانیشمان کرد، لەوێ ئاماژەی پێینەدراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە ڕاپرۆتەکەتان نەگەیشتۆتە دەستیان، کاك ئومێد نوقتەی نیزامییە؟

**بەرێز ئومێد خۆشناو:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ لە مێژووی کورد ئاسایی نییە کە (7) مانگ بەر لە ئێ ستا پەر لەمانی کورد ستان لە سەر پێ شنیاری بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی مـێژوویی و یەکگرتوومان دەر کرد، دوای ئەو (7) مانـگە کە کۆمەڵێك ڕەهەندی هە یە لە چوونی پێ شمەرگە بۆ بە شێکی تری وڵات و شەڕ کردن لە گەڵ گرووپێ کی تیرۆری ستی بە هاو کاری یەپە کە و یە پەژە بە خۆ شحاڵیەوە ئێ ستا وە کو کەر نەڤاڵێك لەلا یەن خەڵکی کوردستان کە چۆن بەچاوی فرمێسکی هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە بەرێکران، ئەمڕۆ بە خۆ شحاڵیەوە پێ شوازیان لێ ئەکرێ، و بۆ یەکەمین جار هێزێکی کوردی نیزامی بەنێو وڵاتێك بڕوات کە وڵاتی تورکیایە، گەلێ جار ئەو وڵاتە ڕێگەی بە زهێزەکان نەدایە هێز بەنێویدا بچێ، بۆیە ئەو تۆمارە پڕ سەروەریانەی کە..............

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد ئەوە نوقتەی نیزامی نییە.........

**بەرێز ئومێد خۆشناو:**

.....داواکاری یە، خۆشەوی ستی یەپە گە و یە پەژە ز یاد بوو، یەکڕیزی بەرپا بوو، ئەوا نە هەمووی کاری پەرلەمانە، داواکارین، ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستانیش وەکو هەڵویستێك بۆ قوربانی دانی ئەو پێ شمەرگانە بۆ ئەو شەهیدانە، و ئەو بریندارا نەی ئەو ڕۆژە مێژووی یە ئە گەر لە چوار چێوەی بەیانامە یەکیش بێ، ئێوەش وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان بەشێك بن لەو خۆشیانە، سوپاس.

بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، به دڵنیاییەوە پەرلەمانی کوردستان هاوشێوەی دامەزراوەکانی تری هەرێمی کوردستان ئەرکی خۆی لەم بوارە جێ بەجێ کردووە، بڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ کە بڕیارێکە ئەم خولەی ئێستای پەرلەمان بە هەموو ئەندامانی پەرلەمان، و بە هەموو فراکسیۆن و دەستەی سەرۆکایەتی شانازی پێوە ئەکەن لە دوای ئەوەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگە و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر هەماهەنگی پێویست کرا بۆ ناردنیان، لێرە لە پەرلەمانی کوردستان دەنگی لەسەر درا، جێگەی خۆشحاڵیە کە دوای جێ بەجێ کردنی ئەرکەکەیان ئەوان بە دڵنیاییەوە چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ بووە هۆی گۆڕانی هاوسەنگی هێز لەوێ، و خۆشبەختانە نەك کۆبانێ، بەڵکو هەموو ئەو شار و شارۆچکانەی لە دەوروبەری کۆبانێن لەلایەن هێزی پێشمەرگە و پیشتیوانانی تر و لەلایەن شەرڤانان و هێزەکانی یەپەگە و یەپەژە جێگەی دڵخۆشیمانە، و جێگەی دڵخۆشیشە دوای کۆتایی هاتنی موهیمەی هێزی پێشمەرگە و ئەو ئەرکەی پێیان سپاردرابوو، لە (10) ڕۆژی ڕابردوو بە ڕەسمی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاگادار کراینەوە کە کاری ئەو هێزە تەواو بووە، و ئەگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان، هێزی پێشمەرگە نەك لە کۆبانێ، بەڵکو لەو سنوورەی کە درێژی (1050) کیلۆمەترە توانیانە هاووڵاتی و پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بپارێزن، ئەوەش جێگەی سەربەرزی ئێمەیە، خوێنی شەهیدانی ئێمە بۆتە هۆی ئەوەی ئەزموونی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان بەو شێوەی ئێستای بەردەوام بێ، بۆیە بەردەوام پەرلەمان ئەو گوتارەی خۆی دووبارە ئەکاتەوە، دوو نوقتەی نیزامی تر هەیە، بەس تکا ئەکەم نوقتەی نیزامی بێ، فەرموو دکتۆر عیزەت.

**بەڕێز د.عزە صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ لیژنەی دارایی و کاروباری وەبەرهێنان کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا، ڕاپۆرتی خۆی ئامادە کرد، بەڵام، ئیشارەتی پێ نەدراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە نەگەیشتۆتە دەستی سکرتێری پەرلەمان، خاتوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوم لە لیژنەی کۆمەڵایەتی بە مۆڵەت خوێندرایەوە، من لەو لیژنە نەماوم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو بەڕێزتان ئەگادارن بەپێی ماددەی (26) ئەندامی پەرلەمان (حەسانە) ی هەیە لە هەر لێدوانێك ئەیدات لە کاتی بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکەی، هاوڕێیەکی ئێمە......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان یادا شتێك ئەدەین، ئەوە پەیوەندی بە بەرنامەی کارەوە نییە، ئێمە لە پەرلەمان تاوتوێی ئەکەین لە پەرلەمان، باشە، ئێستا داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان دەکەین کە بێنە سەر مەنەصە بۆ دەست پێ کردن بە بەرنامەی کار، باشە، ئەو ئیشەمان کوتاییمان پێ هێنا، ئەمە بابەتێکە ئێمە دیراسەی دەکەین پێویست ناکات ئێستا تۆ لێرە قسەی لە سەر بکەی، بەڕێز لیژنە پەیوەندیدارەکان، لیژنەی یاسایی، لیژنەی دەستپاکی بابێنە سەر مەنەصە بۆ دەست پێ کردن بە بەرنامەی کار، کاك (عمر) تکات لێ دەکەم بێدەنگی بپارێزە، کاك سراج نوقتەی نیزامیت هەبوو؟

**بەڕێز د.سراج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە هەمان شێوە لیژنەی ئەوقاف و کارو باری ئاینی لە کاتی دیاری کراوی خۆی کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا، بەڵام ئەمڕۆ لەو کۆبوونەوەیە ئاماژەی پێنەکرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، لیژنەی دەستپاکی، لیژنەی یاسایی بێنە سەر مەنەصە، تکایە بێدەنگی ڕابگرە، ئەگەر ناتوانی لەجەلسەکە بیت دتوانیت بچیتە دەرەوە، کاك رابوون نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز رابوون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو ئیعتیبارەی بەڕێز (عمر عینایەت) ئەندامی فراکسیۆنی ئێمەیە پێمان وایە دەبوایە ڕێگەی پێبدەی قسەکانی تەواو بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ پێویست نەبوو قسەکانی تەواو بکات، چونکە لە بەرنامەی کاردا نییە، بابەتێکە ئێوە یادا شتێکتان بە ناوی فراکسیۆنەکەتانەوە داوە تە دەستەی سەرۆکایەتی و، ئێمە ئێستا لە لێکۆڵینەوەین و لە دوای لێکۆڵینەوەش بە دڵنیاییەوە نامەیەك ئاراستەی ئەنجومەنی دادوەری دەکەین بۆ ئەم بابەتە، لیژنە پەیوەندیدارەکان لیژنەی یاسایی و لیژنەی دەستپاکی، لە پێشدا ئیعتیرازەکە بخوێننەوە ئەو یاسایەی کە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە لە لایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمەوە ئیعتیرازی لە سەرە، ئیعتیرازەکە دەخوێنرێتەوە و دەخرێتە دەنگ و ئەگەر ئیعتیرازەکە پەسەند کرا ئەو کاتە ئەو راپۆرتەی حازر کراوە بۆ هەموار ئەوەش دەخرێتە گفتوگۆوە بۆ پەسەند کردنی، بەڵێ، فەرموون.

**بەڕێز عمر صالح ((عمر كۆچەر)):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕیاری ژمارە (2)ی ساڵی (2015) بە پێی دەسەڵاتمان كە لە ماددەی (10)م بڕگەی (1)م خاڵی (2)ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان  عێراق ژمارە (1)ی ساڵی (2005)ی هەمواركراو دیاری كراوە بڕیارماندا بە ڕەتكردنەوەی یاسای ژمارە (7)ی ساڵی (2014) ئاسایی هەمواری یەكەمی یاسای دەستەی گشتی دەستپاكی لە هەرێمی كوردستان  عێراق ژمارە (3)ی ساڵی (2011) كە پەرلەمانی كوردستان لە دانیشتنی ژمارە (13)ی یاسای خۆی لە (2014/11/26) پەسەندی كردووە و، بە نووسراوی ژمارەی چوار لەسەر سێی (222) لە (2015/1/15) بۆ دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان نێردراوە، ئەم یاسایە دەگەڕێنینەوە بۆ پەرلەمانی كوردستان بۆئەوەی چاو بخشێنێتەوە بە ماددەی (5)م دا لەبەر ئەم هۆیانە، ناكرێت بە گشتی بگوترێت ئەحكامی ئەم یاسایە پیادە دەكرێت بەسەر هەمووكەسێكی ناو هەرێم لە ناویاندا سەرۆكەكانی دەسەڵاتی یاسا دانان و، جێبەجێ كردن و، دادگەری و، ئەندامەكانی و، ئەوانەی تیادا كارمەندن، باو نییە دەستەیەك لە پەرلەمانەوە دامەزرا بێت و سەرەور بێت بەسەر هەرسێ دەسەڵاتەكان و سەرۆكەكانیاندا لە كاتێك دا بە پێی پڕەنسیپی جیاكردنەوەی دەسەڵات و سەربەخۆیی دەسەڵات ئەم دەسەڵاتە گرینگانە لە سنووری دەسەڵاتی خۆیاندا سەروەرن و سەرۆكەكانیان خاوەنی یاسا بەندین، یەعنی حەسانەی یاساییان هەیە، بۆیە ناكرێت وەك كەسێكی ئاسایی هەڵسوكەوتیان لەگەڵدا بكرێت ئەوان بەرجەستەی دەسەڵاتی گەلن، چونكە سەرۆكی پەرلەمان و سەرۆكی باڵای جێبەجێ كردن بە هەڵبژاردن گەیشتوونەتە ئەو پایەیە، زۆربەی دەستووری ئەو وڵاتانەی كە پەیڕەوی ڕێبازی دیموكراتی دەكەن ڕێزیان بۆ ئەو پۆستانە داناوە، یاسا بەندیش یەكێكیانە، ئەم دەسەڵاتانە بە یاسای گەلێ دەستووری دیكەی ئەركەكانیان و پەیوەندی نێوانیان ڕێكخراوە و ڕێو شوێن و كردەوەی تایبەتی داناوە بۆ لێپرسینەوە لە سەرۆكەكان و ئەندامەكانیان، وێڕای ئەمە بە پێی ماددەی (19) و (87) و (88) لە دەستووری عێراقی دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیەو هیچ دەسەڵاتێك لەسەرووی دەسەڵاتی ئەوەوە نییە.

**مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێش ئەوەی ڕاپۆرت بخوێنرێتەوە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە دوای ئەوەی كە ئەم ئیعتیرازە لە لایەن سەرۆكی هەرێمەوە ئاراستەی پەرلەمان كرا، ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدارەكانی پەرلەمانمان كرد و ئەوانیش بە هاوبەشی و لەگەڵ دەستەی گشتی دەستپاكی و لەگەڵ نوێنەری ئەنجومەنی دادوەری كۆبوونەوە، لە دوای ئەوەی كۆبوونەتەوە ئەوان پێیان باشە كە ئیعتیرازەكە وەربگیرێت و ڕاپۆرتێكیان حازر كردووە لەسەر هەموار كردنەكە لەسەرەتاوە ئیعتیرازەكە دەخەینە دەنگەوە بزانین كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ئیعتیرازەكە پەسەند بكرێت، ئەگەر ئیعتیراز پەسەند كرا ئەوكات دوو لیژنە پەیوەندیدارەكە ڕاپۆرتی خۆیان دەخوێننەوە و گفتوگۆی لەسەر دەكرێت، ئێستا ئەمە دەخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە

ئیعتیرازی بەڕێز سەرۆکی هەرێم لەسەر یاسای هەمواری (1)ی یاسای گشتی دەستپاکی پەسەند بکرێت؟ کێ لە گەڵیەتی؟، (50) کەس لە گەڵیەتی، کێ دژیەتی؟، (9) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، ئێستا داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە راپۆرتی هاوبەشی خۆیان بخوێننەوە لەسەر هەمواری یاساکە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەت: راپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە پرۆژە یاسای هەموارکردنی (1)ی یا سای دە ستەی گ شتیی دە ستپاکی ژ مارە (7)ی ساڵی (2014)، لیژ نەی کارو باری یا سایی ولیژ نەی دە ستپاکی رۆژی چوار شەمە (19)ی نەورۆزی کوردی بەرامبەر بە (2015/4/8)ی زاینی کۆبوو نەوەیان ئەنجام دا بۆ تاوتوێ کرد نی پرۆژە یا سای هەمواری (1)ی یا سای دە ستەی گ شتی دە ستپاکی ژ مارە (7)ی ساڵی (2014) کە لە پەر لەمانی کوردستان دەرچووێنرا لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (13) لەرێکەوتی (2014/11/26) و رەتکرد نەوەی لە لایەن سەرۆکی هەرێم بە بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم ژ مارە (2)ی ساڵی (2015) و، دوای گەڕا نەوەی بۆ پەرلەمان بە نوو سراوی سەرۆکایەتی هەرێم ژ مارە (د/70) لە (2015/1/29) دوای گف تو گۆ کردن و تاوتوێ کردن هەردوو لیژنە گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

ماددەی (5)م هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

ماددەی (5)م حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێت بەسەر:

یەکەم: سەرۆکەکانی دە سەڵاتی یا سا دا نان و ،جێبە جێ کردن و، داد گەری و، ئەندا مەکانیان و، ئەوا نەی تیادا کارمەندن بە پێی یاسا بەر کارەکانی تایبەت بەهەر دەسەڵاتێك لە دەسەڵاتە ناوبراوەکان.

دووەم: کەرتی تایبەت بەتایبەتی ئەو کەس و کۆمپانیانەی لە گەڵ قەوارەکانی کەرتی گ شتیدا گرێبە ستیان ئەنجام داوە.

سێیەم: رێکخ ستنە سیا سییەکان رێکخراوە کانی کۆ مەڵگای مەدەنی، رێکخراوە حکومی یە نی شتمانییەکان، یەکێتیەکان، سەندیکا و، ناوەندە ئاینییەکان، کۆمەڵەکان و، یا نەکان، لەو بابەتا نەی پەیوە ستن بە ڕەوا یی سەرچاوەکانی مایە پێدان و جۆری خەرج کردن و بەدوا کەوتنی شۆشتنەوەی مایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست دەکەین بە گفتو گۆ لەسەر راپۆرتەکە کە خۆی هەر لە یەك ماددەش دەبینێتەوە، واتە ئەو ماددە یە لە پرۆژە هەموارەکە هەموار دەکرێت و لە دواتر پەسەند دەکرێت، کێ قسە دەکات؟ کێ گفتو گۆی هە یە؟، کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیێت هەین براستی ئێك لسەر عینوانێ وێ یە پێش ئەوەی بێمە سەر ماددا (5) کو دبێژت (تەواو کردنی پرۆژە یاسای ژمارە (7)ی ساڵی (2014)ی یاسای هەموار کردنی (1)م یاسای دەستەی گ شتی

دەستپاکی ژمارە (3)ی ساڵی (2013) نەك ژمارە (7)ی ساڵی (2014) وەك ئەوەی لە بەرنامەی کاریشدا هاتیە تەعدیل بکریێت ئەوە خالەك، دوو ماددا (5) (1)م سەرۆکەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادگەری و ئەندامەکانیان تا ئێرە دروستە، بەس (ئەوانەی تیادا کارمەندن)، چونکە ئێستا وازیحە مەسەلەن سەرۆکێت ڤان دەسەڵاتا و ئەندام، بەس کارمەند یەعنی ئیحتیماله جودا بیت ژڤان ژبەر هندێ من پێبا شە ئەڤ هەر سێ و شە بێنە لادان (ئەوانەی تیادا کارمەندن)، یەعنی بڤی شێوازی لێ بێت ( سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادگەری و ئەندامەکانیان بە پێی یاسا بەرکارەکانی تایبەت بەهەر دەسەڵاتێك لە دەسەڵاتە ناوبراوەکاندا)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، کاك دکتۆر شێرکۆ لێرە نییە، کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەبەست لەو یاسایەی کە ماددەی (5) و یاساکەش بەگشتی، ئەمە لە ڕاستیدا هەدەفەکەی بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵیەو ڕێگرتنە لە بە هەدەردانی (الاموال العامة) لە لایەن فەرمانبەرانی دەوڵەتەوە، جا چی فەرمانبەری پلە نزم بێت، یا خۆد پلە بەرز بێت، بەتایبەت بۆ هەر سێ سەرۆکایەتیەکە، چونکە ئەو هەر سێ سەرۆکایەتیە بڕیاری گرینگی پەیوەست بە دارایی و کارگێڕی دەر دەکەن، من پێموایە ئەگەر حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئەواندا جێبەجێ نەکرێت لە کاتێکدا کە ئێمە دەستوورمان نییە و یاسا پەیوەندیدارەکانیش، یەعنی بەو سێ سەرۆکایەتیە هیچ حوکمێکی روونی بۆ ئەو مەبەستە تێدا نییە ئەوە موهیمەی دەستەی دەستپاکی یە، لەڕاستیدا، یەعنی ئەرکی خۆی لە دەستەی دەستپاکی لە دەست دەدات، لە بەر ئەوەی کە پێویستە بۆ هەمووان بێت، مادام ڕاستە دەبوا یە لە دەستووردا بێت، بەڵام ئێمە دەستوورمان نییە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە دەقی ئەو ماددەیە کە ماددەی پێنجە وەك خۆی بمێنێتەوە یان ئەگەر قسەکردن بێت لەسەر ئەمە دیسان بە شێوازێکی دیکە، یەعنی حوکمەکانی یاساکە بەسەر هەر ﴿3﴾ سەرۆکایەتییەکەدا جێ بە جێ بکریێت، چونکە ئەمە گوزارشتە لە پابەندبوون بە پرەنسیپی مەشروعییەت لە ڕاستیدا، کە هەمووان ملکەچ بین لە بەردەم یاسادا و هەمووان پابەند بین بە یاسا و پابەندبوون بە یاسا و پایەکانی دەوڵەتی قانون، وەختێك کە سەروەری یاسا دەچەسپێ، دەبێت پابەندبوون بەو پرەنسیپە هەبێت، بۆیە پێشنیار دەکەم ماددەکە وەك خۆی بمێنێتەوە لە فەراغی دەستوور و لە فەراغی نەبوونی هیچ حوکمێك لە یاساکانی پەیوەندیدار بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەندەی من تێبینیم کردبێت و بەراوردم کرد دوای برگەی یەکەم، کە باس دەکرێت هەمیشە ئەوەی موتەبەعە لە قانون بە پێی یاسا بەرکارەکان، ئەمە شتێکی نامۆیە ئەوەی ئێمە لێرە دامانڕشتووە بە پێی یاسای هەر دەسەڵاتێك، بۆیە پێشنیار دەکەم بە پێی یاسا بەرکارەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك انور فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصگفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام ماددەی ﴿5﴾ هەر بەو شێوەیە بێت کە لە یاسای ژمارە ﴿7﴾ ی ساڵی ﴿2014﴾ لە پەرلەمان پەسەند کرا و لەگەڵ ئەوە نیم هیچ کەس لە هەرێمی کوردستان لە ئەحکامەکانی یاسای دەستپاکی بەدەر بێت، من ئەو وەڵامم خوێندووتەوە، وەڵامەکە و پاساوەکە و ڕەتکردنەوەکەشی، پاساوێکی نامەعقول و زۆر بێ بنەمایە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئایدن فەرموو،

**بەڕێز ئایدن معروف سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی ﴿5﴾ لە برگەی دووەم، داڕشتنی ئەم برگەیە گشتی ترە لە داڕشتنی ئێستادا، ناگۆنجێت لەگەڵ سیاسەتی ئابووری ئازاد لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە گرتوویەتییە بەر، دووبارە داڕشتنی ئەم برگەیە بە شێوەی پێشنیار کراو، ئەگەری دەستێوەردان لە کاروباری بازرگانی دروست دەکات بە تایبەتی لە پەیڕەو کردنی ئەم حوکمەدا، ئەم برگەیە وەکو پێشووی خۆی بمێنێت و سنووردار بکرێت بۆ کەرتی تایبەت لە کاتی ئەنجامدانی گرێ بەست لەگەڵ کەرتی گشتی، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەم برگەیە بەم شێوەیە ڕێك بخرێت ﴿کەرتی تایبەت، کەس یان کۆمپانیا کە لەگەڵ کەرتی گشتیدا گرێ بەستی ئەنجام داوە﴾، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئومێد فەرموو،

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو قسەیەی ﴿کاك انور﴾ کە وشەی نامەعقولی بەکار هێنا، ئەو قسەیەی لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە.

ئەو رای خۆی وتووە، ئەو دەتوانێ رەخنە بگرێت لەو ئیعتزازەی کە لە لایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمەوە نێردراوە، رای خۆی وتووە کێشەی تێدا نییە، خاتوو نجاة فەرموو،

**بەڕێز نجاه محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتەڤانیا ئاخفتنێت ﴿د. فرست﴾ دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سەرکەوت فەرموو،

**بەڕێز سەرکەوت سرحەد خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بە نیسبەت ماددەی پێنجەم، یەکەم، دەسەڵاتی سەرۆکایەتی، دەسەڵاتی یاسادانان و جێ بە جێ کردن و دادگەری بەرای من بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، سەرۆکی دەستە هەڵدەستێت بە کۆکردنەوە و وەرگرتنی زانیاری و وردبینی کردنی و لێکۆڵینەوە لە راستی و دروستی زانیاری سەبارەت بە هەر سێ سەرۆکایەتی، پاشان ئاراستەکردنی بۆ داواکاری گشتی، بۆ ئەوەی بە پێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك فرحان فەرموو،

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، هەموو کەسایەتییە گشتییەکان یەعنی لە وڵات هەر کەسایەتییەکی گشتی هەبێت کە کاری گشتی بکات حوکمەکانی ئەم یاسایە بگرێتەوە، لە بڕگەی سێیەم، پێم باشە دەزگاکانی راگەیاندنیشی بۆ زیاد بکرێت، لە بەر ئەوەی ناو یان نەهاتووە، ئەوانیش دەبێت بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا داوا لە لیژنە پەیوەند یدارەکان دەکەین هەر روونکردنەوە یەکتان هەیە لە سەر قسەی ئەندامان و پاشان سەرۆکی دەستە ئەگەر روونکردنەوەی هەیە دەتوانێت پێشکەشی بکات، جەنابت فەرموو مولاحەزاتی خۆت پێشکەش بکە،

**بەڕێز د. احمد انور / سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت مولاحەزە لەسەر ئەمە، من ئەوەی ﴿د. فرست﴾م پێ باشە کە دەڵێت حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بە جێ دەبن لەسەر سەرۆکەکانی یاسادانان و جێ بە جێ کردن و دادوەری و ئەوانەی تێدا ئەندامن و کار دەکەن بە پێی یاسا کار پێکراوەکان، چونکە هەمان زاراوە لە ماددەی پێنجی یاسا تەنافیزە، هاتووە،

لەبەرئەوە جارێکی دیکە تەئکید کردنەوەیە کە دەستەی دەستپاکی حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بە جێ دەکات، بە تەئکید بۆ نموونە شتێکە لە پەرلەمان، قانونی پەرلەمان موراعات دەکات شتێك بێت رەبتی ئەنجومەنی وەزیران بێت و قانونی دەسەڵاتی تەنفیزی جێ بە جێ دەکات، بەڵام ئەوە مەعنای ئەوە نییە کە موباشەرەی سەڵاحییەتەکانی خۆی ناکات، بەڵام لەکاتی سەلاحیاتی ئەوا نە دەبێت رەچاوی بکات و قانونی ئێمە تاکە قانون نییە کە لەو هەرێمە تەنافوزە، قانونی تر لە پەرلەمانی کوردستانی بەڕێز دەرچووە، بۆیە پێم وایە بە پێی یاسا کار پێکراوەکان ئەوەی کە ﴿د. فرست﴾ باسی کرد سیاغەیەکی جوانترە ئەگەر نا هەموو ئەوەیە کە ﴿د. ڤاڵا﴾ خوێندییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنە پەیوەندیدارەکان،

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە دەرگای کراوەیە کە لەناو راپۆرتی لیژنەکەدا هاتووە و لە ناو راپۆرتی لیژنەکە بە روونی ئیشارەت بەوە دراوە کە یەکەم سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێ بە جێ کردن و دادگەری و ئەندامان یان ئەوانەی تێدا کارمەندن بە پێی یاسا بەرکارەکانی تایبەت بە هەر دەسەڵاتێك لە دەسەڵاتە ناوبراوەکان، واتە یاساکە پیادە دەکرێت بەسەر ئەوانەی کە ناومان برد لە راپۆرتەکەدا نەهاتووە کە ئەو کەسانە بەدەر دەکرێن، بەڵکو لە یاساکە پیادە دەکرێت بەسەر سەرۆکی دەسەڵاتەکان و ئەندامەکانیان و ئەو کەسانەی تێدا کارمەندن و پێشنیار هەبوو ئەو کەسانەی تێدا کارمەندن هەڵبگیرێت، بەڵام وتوومانە ئەو کەسانەی تێدا کارمەندن مەبەستمان هەموو ئەو کارمەندانە دەگرێتەوە کە لە هەر دەسەڵاتێك لەو دەسەڵاتانە کار دەکەن، مادام کارمەندە و حکومیە دەبێت خازیع بێت بۆ ویلایەتی دەستەی نەزاهە، ئەوەی کە پەیوەندی بە کەرتی تایبەتەوە هەیە مولاحەزە هەبوو، بەڵام ماددەکە وا داڕێژراوە کە کەرتی تایبەت بە تایبەت ئەو کەس و کۆمپانیانەی کە لەگەڵ قەوارەکانی کەرتی گشتی گرێ بەستیان ئەنجام داوە و چەند مولاحەزەیەکی لوغەوی هەیە ئەوەیان لە لایەن ﴿د.احمد﴾ سەرۆکی دەستەی نەزاهە پێشکەش بە ئێمە کراوە لە کاتی داڕشتن و خوێندنەوەی بۆ دەنگدان بە نەزەری ئیعتیبار وەر یدەگرین و ئەو بنەمایەی کە ئیعتیرازی لەسەر گیراوە بنەمایەکی دەستووری یاساییە، بەوەی کە ویلایەتی عامە لە هەموو وڵاتێك بە پێی دەستوور لەسەر کەسەکان تەنیا بۆ سوڵتەی قەزائییە، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە ئیعتیراز لەسەر ماددە گیراوە و بەو شێوەیەی کە دامانڕشتەوە و خوێندمانەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان، بەم شێوەیە لە لایەن لیژنەکان ئیتفاقی لەسەرکراوە، بە پێی یاسا بەرکارەکان پێشنیار کرا و لە لایەن ﴿3﴾ ئەندامەوە تەئیدی کراوە و لە لایەن سەرۆکی دەستەشەوە، ئەگەر بەڕێزتان بیخەنە دەنگدان، بۆ ئەوەی لە کاتی سیاغە دابڕێژینەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عمر كۆچەی تێبینیت هەیە؟

**بەڕێز عمر صالح عمر ﴿ عمر كۆچەر﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیا سەرۆكێ هەرێمێ بەر مەوزوعێ مولاحەزا دەسەلاتا قەزائی بوویە و دەسەلاتا قەزائی پتر دیبا جا وێ تشتەكێ شكلییە، ڤێ دەستێ ویلایە عامە وەختێ دبێژیت ﴿تصریح كان هذا القانون على كل شخص﴾ یەعنی ئەو دەسەلاتاهە وەرگرتی ل دەست چیت، بەر هندێ ئەنجومەنێ دادوەرا نوینەرێ وان ژی هات و دگەلێ كۆمبوونا مە یا هاوبەش گەهشتینە ڤی سیغەتی كو مە ل راپۆرتێ عەرز كری هەر دێ میذیت و دەسەلاتیش هەر لسەرە بەس ل دویف ئەو یاسایێ كار پێ دهێتە كرن ل وی و لاتێ دا و چ ل سەلاحیاتێت ڤێ دەستێ كێم ناكەت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، بە دڵنیاییەوە ئەمڕۆ كە قسەم لەگەڵ سەرۆكی دەستە و لیژنە پەیوەندیدارەكان كرد ئەوەی كە نووسراوە بە پێی یاسا بەركارەكانی تایبەت بەهەر دەسەڵاتێك لە دەسەڵاتە ناوبراوەكان، لێرە مەبەست ئەوە نییە بە پێی ئەو یاسایانە حەسانەیان هەبێت ئەو بەرپرسانە چ لە پەرلەمانی كوردستان و دەسەڵاتی یاسادانان، چ لە حكومەتی هەرێم و دەسەڵاتی جێ بە جێ كردن بە سەرۆكایەتی هەرێمیشەوە، چ دەسەڵاتی دادوەری، ئەمە بەو مانایە نییە كە حەسانەیان هەبێت، بەڵكو بەو مانایەیە كە ئیجرائاتی تایبەت بە لێپرسینەوە تێدایە تایبەت بە یاسای دەسەڵاتەكەی خۆیان ڕێكدەخرێت، بەڵام ئەو پێشنیارەی كە كرا دیسان پێشنیارێكی یاساییە و دەیخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە یاسا بەركارەكانی تایبەت بە هەر دەسەڵاتێك بكرێت بە یاسا كار پێكراوەكان، كێ لەگڵێدایە؟ ﴿60﴾ كەس لەگڵێدایە، كێ لەگەڵیدا نییە؟ ئاواز خان تۆ لەگەڵیدا نی؟ ﴿1﴾ كەس لەگەڵیدا نییە، كەواتە پەسەند كرا، ئێستا دەقی ماددەكە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی هەمووی بخەینە دەنگەوە،

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم، حوكمەكانی ئەم یاسایە پیادە دەكرێت بەسەر:

یەكەم: سەرۆكەكانی دەسەڵاتی یاسادانان، جێ بە جێ كردن، دادگەری، ئەندامەكانیان، ئەوانەی تێیدا كارمەندن بە پێی یاسا بەركارەكان.

دووەم: كەرتی تایبەت بە تایبەتی ئەو كەس و كۆمپانیانەی لەگەڵ قەوارەكانی كەرتی گشتیدا گرێ بەستیان هەیە، گرێ بەستیان ئەنجام داوە.

**سێیەم : ڕێکخستنە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕێکخراوە نا حکومییە نیشتیمانییەکان، یەکێتییەکان، سەندیکاکان، ناوەندە ئاینییەکان، کۆمەڵەکان و یانەکان لەو بابەتا نەی پەیوەستن بە ڕەوا یی سەرچاوەکانی مایە پێدان و جۆری خەرج کردن و بەدواکەوتنی شووشتنەوەی مایە.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، کێ لەگەڵ ماددەکەیە کە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (60) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (3) کەس لەگەڵ دانییە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، زۆر سوپاس بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان، زۆر سوپاس بۆ سەرۆکی دەستەی گشتیی دەستپاکی، ئێستا دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆتان بۆ ئەوەی بچینە سەر تەوەری دووەمی دانیشتنی ئەمڕۆمان، بەڕێزان، ئێستا دەچینە سەر تەوەری دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ کە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری پێکهێنانی لیژنەی کاتی بۆ لێکۆڵینەوە و بە دواداچوون، بۆ بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی دژ بە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان عێراق ژمارە (22)ی سالی (2014)، بەڕێزان، دوا بە دوای ئەو کۆبوونەوە تایبەی کە لە پەرلەمانی کوردستان بۆ بە دواداچوونی کەیسی ئەو تاوانانەی کە دەرحەق بەپێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی برا و خوشکە کوردە (ئێزیدییەکان و ئاشووریەکان و شەبەك و کاکەییەکان)ی ناوچە جێ ناکۆکەکان روویدابوو، هەروەها تورکمان کە لەناوچە جێ ناکۆکەکان لەلایەن گرووپی تیرۆرستی (داعش) روویدابوو، یەکێك لە ڕاسپاردەکانی ئەو دانیشتنە بریتی بوو لە پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتمەند لە پەرلەمانی کوردستان بۆ بە دواداچوونی بە جینۆساید ناساندنی ئەو تاوانانە، هەروەها لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە داوای ئەوە کرابوو کە لیژنەیەکی لەو شێوەیە پێك بهێنرێت، لێرە لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر کرا، لیژنەکە بڕیار درا دروست بکرێ، تەنانەت ئەندامانی لیژنەکەش خرانە دەنگدانەوە و دەنگی لەسەر درا، بەڵام لەوکاتەوە تاوەکو ئێستاش ئەو لیژنەیە دەست بەکارنەبووە، لە هەمان کاتیشدا داواکاریەکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان وقوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسییمان بەدەست گەیشتووە کە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو لیژنە کاتییە دەکەن، بەو پێیەی کە لیژنەیەکی هەمیشەیی پەرلەمان هەیە کە یەکێك لە ئەرکەکانی بریتییە لە بە دواداچوونی کەیسەکانی جینۆساید، بۆیە ئەم داواکارییە دەخەینە دەنگەوە کە لەلایەن لیژنەی پێشمەرگەوە بۆمان هاتووە، دەیخوێنمەوە و دەیخەینە دەنگەوە، ئەو کات دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان ئەوە ساغ دەکاتەوە کە ئایا لیژنە تایبەتمەندەکە بەردەوام بێ یان لیژنەی پێشمەرگە بەو ئەرکە هەستێت؟ بەڵام با بیخوێنمەوە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بیخوینمەوە چەند ئەندامێکی پەرلەمان بۆیان هەیە رای خۆیان لەسەر ئەم بابەتە بدەن بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمانیش بەرچاو روون بن لەسەر ئەم بابەتە، ئێمە کە ناو و واژوومان لە خوارەوە هاتووە داوا دەکەین کە ئەو لیژنە کاتییەی کە بە بڕیاری (22)ی پەرلەمانی کوردستان لە بەرواری (2014/9/23) لەسەر جینۆساید لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پێکهێنرا، هەڵبوەشێتەوە، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا لیژنەیەکی هەمیشەیی هەیە کە بەو ئەرکە**

هەڵدەستێت و ئەمەش بە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی، کێ قسە دەکات لە سەر ئەم بابەتە؟

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوەکان (قادر ئۆتمان، د.ڕێواز فائق، د.ڤالآ، د.شوان قەلآدزەیی).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڕێواز نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە قەرارێکی تەشریعی ئیلغا دەکەینەوە، بۆچی ئیزنی لیژنەی قانونیت داوە؟ یەعنی بۆ ئەوان لەوێ حزوریان نەبێ؟ چۆن ئێستا قسەکان و تێبینیەکانی هاوڕێکانمان وەردەگیرێ، کێ وەلآمان دەداتەوە؟ بەڕێزت خۆت وەلآم دەدەیتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر، ئەو کاتە لیژنەی پێشمەرگە کە داواکاریەکەیان ئاراستە کردووین، دەتوانین ڕێ بەوان بدەین کە ئەوان وەلآم بدەنەوە، تێبینیەکەت دروستە، با لیژنەی پێشمەرگە بێنە سەر سەکۆی لیژنەکان، تکایە با سەرۆکایەتی لیژنەی یاساییش بینە سەر سەکۆی لیژنەکان، بەرێز کاک گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان، ئەندامانی پەرلەمان، کاتی خۆشی لە کاتی پێکهێنانی ئەم لیژنەیە هەمان تێبینیمان هەبوو، کە لەبەر ئەوەی لیژنەیەکی هەمیشەیی لە پەرلەمانی کوردستان هەیە زەرورە کارەکە بکات، بەلآم من یەك پرسیارم هەیە ئەم پێشنیارەیان کردووە بۆ هەڵوەشاندنەوە، بەلآم لە بەرامبەردا لیژنەیەك هەیە کە لیژنەی پێشمەرگەیە و ئەم کەیسە کەیسێکی گرنگە و بە جدی پێویستی بە موتابەعەی پەرلەمانی کوردستان هەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند وەزیرێکی ڕاسپاردووە، پرسیارەکە لەلای من ئەوەیە ئێمە لە نێوان هەردوو لایەندا هەم لیژنەیەکی هەمیشەیی پەرلەمانمان هەیە، هەم لیژنەیەکی کاتیمان هەیە، ئایا کەیسی موتابەعەکردنی ئەم تاوانە بۆ بە جینۆساید ناساندن، لەبەر ئەوەی دوو لیژنە هەیە چاودێری نەکراوە؟ ئەگەر وابێت کارێکی خراپمان کردووە، ئەگەر نا پرسیارەکە بە دیوێکی دیکەدا بکەم، لیژنەی پێشمەرگە کە کاری لەم لیژنە کاتیە نەکردووە و ئاگامان لێیەتی لە خولی پێشووەوە، بابڵێین وەرزی دانیشتنی پێشووەوە پێشنیاری ئەوەیان کرد بۆ ئەوەی هەڵبوەشێتەوە، ئایا بۆ خۆیان وەك لیژنەی پێشمەرگە کە بە ئەرکی خۆیان دەزانن، موتابەعەی ئەم کەیسەیان کردووە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانەی ئەندامی لیژنەکانن، ئەم دوو لیژنەیە کە ئێستا لەسەر سەکۆی لیژنەکانن ئەوان دوایی دەرفەتی قسەکردنیان پێ دەدرێت، بەڕێز کاک فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ یاداشتەکەی لیژنەی پێشمەرگەمە کە دوای ئەوەی لیژنەیەکی هەمیشەیی هەیە و حکومەتیش لیژنەیەکی پێکهێناوە، پێموایە پێویستە لیژنەی کاتی هەڵبوەشێتەوە و ئەم لیژنەیە نەمێنێتن، بەلآم بە مانای ئەوەنییە لیژنەی پێشمەرگە و قوربانیانی جینۆساید موتابەعەی ئەم کەیسە نەکات یان هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی حوکومەتدا نەبێتن، پێویستە بە دوا داچوونی جدی بۆ ئەم کەیسە بکات، لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا کەم تەرخەم بووە، وەکو دیارە ئیستا کەمتەرخەمیەکی تێدا هەیە و وەکو پێویست نەچۆتە پێشەوە کە زۆر پێویستە بۆ ئەمرۆی گەلی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاک سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن کارکردن لەو پرسی جینۆسایدە تەخەسوسی چەند لیژنەیەکی جیاوازە، لیژنەی مافەکانی مرۆڤ , لیژنەی پێشمەرگە و ئەنفال و جینۆساید ,لیژنەی بەرگری و داکۆکیی لە مافی ئافرەتان, لیژنەی یاسایی، لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی, لیژنەی کۆمەلآیەتی، ئەم موتابەعەیە کە لە تەخەسوسی زۆرینەی لیژنەکاندایە رەنگە فۆکس نەخاتە سەر ئەو پرسە بە تەحدید، بۆیە دروست کردنی لیژنە کاتیەکە لەکاتی خۆی زۆر گرنگ بوو، رەخنەکەی کە هەیە ئەوەیە کە تەفعیل نەکرا لیژنەکە، تەفعیل نەکرا و کارەکانی خۆی نەکرد، ئەمە مانای وانییە کە ئێمە لە پرسی جینۆساید کارمان نەکردووە، نەخێر، هەوڵی جدی دراوە بە سەرۆکایەتی بەرێزت کاتێك شاندی پەرلەمان چووە هۆڵەندا لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ بەرێز شێخ شامۆ, لەگەڵ بەرێز کاك ئایدن, لەگەڵ بەرێز کاك د.سرووود کە نوێنەری هەموو پێکهاتەکان بوون، چووینەتە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و فۆرمی دەعوا تەقدیم کراوە، دوو جار وەلآمی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی هاتۆتەوە، حکومەت لیژنەی کاتی چۆتە دادگای نێودەوڵەتی، ئەمانە هەر هەمووی کارکردنی جدی بووە، بۆیە هیوادارم هەڵوەشاندنەوەی ئەو لیژنەیە کە پێشکەش کراوە نەبێتە ئەوەی کە پەرلەمان نەیتوانی لەم پرسە کار بکات و لیژنەکەی هەڵوەشاندەوە, بۆیە من پێموایە تەفعیل کردنی لیژنەکە کە لە هەموو پێکهاتەکان و تەخەسوسی لیژنەکانە گرنگی زیاتر دەدات بە کەیسەکە و لە حکومەت وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال و جینۆسایدی هەیە، بەلآم لە دوو وەزیر، لە سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، لە خەڵکی تایبەتمەند لیژنەیەکی تری کاتی بە پەلە و گرنگ و ئۆفیسی تایبەت و بەدواداچوونی تایبەتی بۆ دروست

کردووە، ئەمە مانای گرنگی پێدانە، بۆیە ڕەنگە قسە لەسەر ئەوە بێت لیژنەکە تەفعیل بکرێت، نەك هەڵبوەشێنرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك د.شوان قەڵادزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنە كاتیەكە هیچ گرفتێكی نییە لەبەر ئەوەی لیژنەیەكی هەمیشەیی هەیە ئەو لیژنە كاتیە هەڵبوەشێتەوە، چونكە بە پێی پەیڕەو ماددەكانی (47، 48، 49، 50) تەركیز لەسەر پێكهێنانی لیژنەی كاتی یاخود لێكۆڵینەوە دەكەن، لەبەر ئەوەی ئێستا پێویستە ئێمە بپرسین ئەو لیژنە كاتییە چ كارێكیان كردووە؟ یان كارەكانیان گەیاندۆتە كوێ؟ بە كام ڕاپۆرت و بە كام سەردانەكانیان كۆمەڵێك زانیاری تەندروستیان كۆ كردۆتەوە بۆ ئەوەی ببێتە پشتیوانێكی باش بۆ لیژنە هەمیشەییەكە تا ئەو كارەساتەی كە ئێمە شەو و ڕۆژ باسی مەزلۆمیەتی شنگال دەكەین چەند بست هانگاویان ناوە؟ كارەكانیان چی بووە؟ نەك ئێستا هەر بە بڕیارێك بەراستی هەڵبوەشێنیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك بێستوون فائق، فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەكاتی خۆیشی كەلەسەرەتای ئەم خولەدا پەیڕەو تەعدیل كرا، ئێمە تەرحی ئەمەمان كرد كە جینۆ ساید، شەهیدان، ئەنفال، زی ندانیانی سیا سی، بەرا ستی بێ لیژنە یە لە پەر لەمان، ڕا ستە لیژ نەی پێ شمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید هەیە، دەستیشیان خۆش بێت ئە ندامانی لیژنە كە ما ندوون، جەبهە بە جەبهەی كوردستانیان بەسەر كردۆ تەوە، شار بە شار بەدوای كەیسی پێ شمەرگەدان، زۆر بەوردی بەدوای كێشەی پێشمەرگەن، بەڵام پرسی پێشمەرگە، پرسێكی جیاوازە لە پرسی شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، ئەمان لەماوەی ئەمسالەدا تەنها فریای دۆسیەی پێشمەرگە كەوتوون، دۆسیەی پێشمەرگە یەكێكە لە دۆسیە گرنگەكان، ئەمان تەنها فر یای ئەوە كەوتوون بەدا خەوە نەیانتوانیوە وە كو پێوی ست ئاگا یان لە پر سە گرنگەكانی تری مەسەلەی جینۆساید بێت، یەعنی ئەم لیژنەیە كە تێكەڵ كراوە جینۆ ساید و پێ شمەرگە، دووبابەتی زۆر جیاوازن، دوو وەزارەتی زۆر جیاوازی شن، یەعنی پێ شمەرگە با بەتێكی عە سكەری، سیا سی، پەیوە ندی بە جەبهەكا نەوە هە یە، پەیوە ندی بەژیانی پێ شمەرگەوە هە یە، جینۆ ساید و شەهیدانیش بابەتێكی ترە، پەیوەندی بە پرسی جینۆسایدەوە هەیە، ئەوكاتیش ئێمە تەرحمان كرد، كە لیژنە كە ج یا بكرێتەوە، ئێستاش جارێكی تر تەرحی دەكەین لە پەیڕەوە تازە كەدا، ئێ ستا حاڵ یەن پر سی گرنگ هە یە لەسەر جینۆساید، جەنابت دەزانیت لە گەرمیان مە سەلەی موستە شارو ئەنفالچیەكان هە یە، خۆپێ شاندان

دەكرێت، نارەزایی هەیە، لەپەرلەمان ئێمە لیژنەیەكی تایبەتمان نییە لە دۆسیەی جینۆساید و شەهیدان بكۆڵێتەوە، ئەمە بە فەراغێك دەزانم لە لیژنەكانی پەرلەماندا، جارێكی تر تەئكید دەكەمەوە بۆ ئەوەی ئەندامانی لیژنەی پێشمەرگە لەمن زویر نەبن، ئەزانم ئیشی باشتان كردووە، دەستتان خۆش بێت، بەڵام تەنها ئەوەندە فریا كەوتوون كە شەئنی پێشمەرگە باس بكەن، بۆیە فریای جینۆساید نەكەوتوون، بۆیە داوا دەكەم لە پەیڕەوە تازەكەدا جیا بكرێتەوە، لیژنەیەكی تایبەت بۆ جینۆساید و شەهید دروست بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك عباس غزالی، فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەڕاستیدا دەبێت واقیع بینانە بیر بكەینەوە، بزانین ئارەزوو مان چییەو دەتوانین چی بكەین؟، جینۆساید بەتەنها بە لیژنەیەك ناكرێت، ئێمە گەورەترین هەنگاو لەحكومەتی هەرێمی كوردستان ئەوەیە كەوا بكات لە عێراق، مولتەزمی بكات ڕێككەوتننامەی ڕۆما ئیمزا بكات، بۆ ئەوەی دادگای لاهای ئیشی خۆی بكات، چونكە لەوێ دوو وڵات ئەتوانن ئەم كەیسە بجوڵێنن، ئەوەی جێگای خۆشحاڵی بوو، دوێنێ بینیم نوێنەری ئەنجومەنی ئاسایش سەردانی دهۆك و دێرەی كرد، لەڕێگا یەكی تر بۆ جوڵاندنی مەسائیلی جینۆساید بەبێ ئەوەی وڵاتێك بەشدار بێت لەم ڕێگایە، وە ئەم لیژنانە وەكو باسیان كرد لیژنەی كاروباری پێشمەرگە ئیشیان كردووە ڕەنگە نەگەیشتبنە چارەسەر، بەڵام لیژنەكە كاتیەكەش ڕەنگە هیچ نەگۆڕێت، بەڵام چونكە تەخەصوصیان هەیە، ئەگەر لایەنێك بێتە ئێرە قسە لەسەر ماسائیلی جینۆساید بكرێت، یان نەكرێت، ڕەنگە هیچ لەواقیع نەگۆڕێت، بۆیە من پێشنیار دەكەم ڕەنگە ئەو لیژنە كاتیە وەكو خۆی بمێنێتەوە، ئەگەر ئیشیش نەكات، چونكە ئەگەر لایەنێك بێت وەكو تەخەصوصی ئەتوانن یاسای خۆیان بكەن، هەروەكو ڕاپۆرتەكەی دكتۆرە ڤالا كە لێرە پێشكەشی كرد، ئێمە زۆر لێی سوودمەند بووین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك قادر ئۆتمان، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام كە لیژنە كاتییەكە هەڵبوەشێندرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، هەم كۆمەڵێك لیژنەی دیكەی تایبەتمەند هەن، كە ئەمانە لیژنەی هەمیشەین، جگە لەوەش لیژنەی باڵای جینۆسایدیش هەیە، كە لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە دروست كراوە، كە ئێمە وەكو لیژنەی پێشمەرگە دووجار لەسەر ئەم بابەتە، لەگەڵ لیژنەی ناوبراو كۆبووینەتەوە، وەزیری شەهیدان و ئەمرۆ وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتیش دەكرێ بڵێین لەگەڵ لیژنەكە كۆبووینەتەوە،

كه ئەوان له ڕا ستيدا جو ڵەی با شيان كردووه، دە ستيان خۆش بێت، بەڵام هەموو لا يەك ئا گادارين كه ڕووبەڕووی گرفت و لەمپەری ياسايی بوينەتەوه، من پێم وا يه كه ئه مه جو هدی دەو ێت، له سەر ئا ستی دامەزراوه فەرمييەكان وباڵاكانی وولاتيش، لەسەر ئاستی قيادەی سياسی، پێويسته زەمينه لەبار بكر ێت بۆ چالاكيەكانی ئەم ليژنەيه لەو دۆسيەيەدا واته پێويسته پاڵپشتی ئەو ليژنانه بكرێت، كه بۆ ئەو مەبە سته له ئێستادا هەن، ئێمه تەجروبەی خراپمان لەگەڵ ليژنه هەيه، مەبەست زۆر كردنی ژمارەی ليژنه نييه، تۆ چەند ليژنه دروست ئەكەيت، بەڵام گرنگ ئەنجامه، ئێمه ئەو هەموو تراژيديايانه كه لەڕابردوودا به سەر ميللەته كەمان و خاكه كەمان هاتوون، لەڕا ستيدا نەتوانراوه وەك پێوي ست له سەر ئا ستی نێودەو ڵەتی بجولێ ندرێن، يەعنی ئه گەر وە فدی فەرميش ڕۆي شتبێت، يان ليژ نەی تايبەتمه نديش ڕۆي شتبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بەڕاستی پشوو در ێژيان پ ێوه د يار نەبووه، بەنەفە سێكی كورت كار يان له سەر ئەو بابه ته كردووه، بەتايبەتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەو لەمپەرەی ئێ ستا ڕوو بەڕووی ليژ نەی باڵای جينۆ سايد بووه تەوه، لەڕا ستيدا دەبوا يه ئەم لەمپەره نەهێڵرا يه، بەلەبەر چاو گرتنی ئەو هەموو تراژيديايا نەی نموونەی كيمياباران و ئەنفال و جينۆسايدی خەڵكی كوردستان، كه لەدوای ڕا پەڕين ئەبوا يه ئەم لەمپەره نەهێڵدرايه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شامۆ شێخۆ، فەرموو.

**بەڕێز شامۆ شێخۆ نعمۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستيدا وەك كاك سۆران عمر تەئيدا بۆچوونا وی دكەم، پەرلەمانێ كوردستانێ چ له ئاستی سەرۆكايەتيا، چ لەسەر ئاستی پەرلەمانتارا، چ لەسەر ئاستی ليژنەيێت پەيوەنديدار، ئەڤه هەشت مانگه دەريغی نەكر نه شۆپاندنا رەوشا يا خەڵكێ لێ قەوماوی يا كاره ساتا ب سەرێ مه هاتی، بەس مو خابن ئيرۆ پەر لەمان يا كەفتييه دناڤبەينا دوو ديتنێن موختلەفدا بەری ئەم بێن بڕ يارا هەڵوه شاندنا وێ ليژنێ بدەين خەڵكەك هەيه تەسەورەك ل سەر چێبوويه پەر لەمانێ كورد ستانێ ناخواز يت ئەڤێ كاره ساتێ ب جينۆ سايد ناس بكەت، ئەڤێ ديتنا موخ تەلف بارێ پەر لەمانی گران كر يه د ناڤ ڤێ خەڵكێ لێ قەوماوی خەڵكەك هه يه فەهمەكێ هوسا ژڤی خەڵكی چێدكەت پەرلەمانێ كوردستانێ ژ ڤی بابەتی رەد دڤێت، ب ديت نا من ئه گەر مه نيەتا هەڵوەشاندنا ڤێ ليژنەيێ هەبا ژی دڤيا مه خۆ ئێك لا كربا، جارێ مه دوو پرۆژ ێت جينۆ سايدێ خا ندنا ئێكێ دەر باز كر يه، د ێك ژ رۆژا جينۆ سايدا شنگالێ يا (8/3) يا دی ژی نا سكرنا كاره ساتێ وەك جينۆسايد، ئەگەر ئەڤ هەر دوو پرۆژه ب ديتنا من بێنه عەرز كرن و ليژنا مه يا ياسای سەر بـسەكنه ته سەورا من برياره كا مەع نەوی خەڵكێ مه پێوي ستی پێ هەی پەر لەمانێ كورد ستانێ پ شتەڤانيەكا مەعنەوی هەبيت ئەڤ خەڵكه ئەڤ گومانه نەمينيت، ئەڤ رەخنه ل سەر پەر لەمان نەمينيت كه پەر لەمان شەرعيەتا ناڤ ماڵا كوردستانی هەی ئەڤ خەڵكه يێ برينداره پێويستی ب هاريكاريا پەرلەمانی يه نابيت ب

ڤی ڕەنگی، یەعنی هەڵوەشاندن دڤیابا نە نووکە با دڤیا وەختەکێ موناسب با، ڤیا مە خۆ ذێك لا کربا تەبیعیە ئەگەر لیژنا پێشمەرگە ژی ب ڤی کاری رابا نە پروبلیم بوو، بەس ب دیتنا من ئەڤ لیژنە بمینیت دەلیلا ئیهتیماما پەرلەمانی یە ب ڤی کێسی. سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو ئیڤار، فەرموو.

**بەڕێز ئیڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەواوی پشتیوانی خۆم دەخەمە پاڵ قسەکانی کاك بێستوون، لەو قۆناغەدا زۆر زۆر گرنگە کە لیژنەیەکی تایبەتمەند هەبێت بەم پرسە، چونکە پرسێکی گرنگە، بەڵام کاتی خۆی کە ئەم لیژنەیە تەشکیل کرا، ئەوەندەی گوێ لە فراکسیۆنەکان گیرا، ڕەئی لیژنە هەمیشەییەکان وەرنەگیرا، یەعنی زۆر بەی لیژنە هەمیشەییەکان کاریان لەسەر ئەم پرسە کردبوو، بەتایبەتی لەگەڵ دروست بوونی ئەم ڕووداوە، بەشێك لەو ئەندامانە لە لیژنەکان، لەم لیژنەیەدا نەبوون، تا ئێستاش بۆ ماوەی (8)مانگە ئەبوایە دەست بەکار بێت، کاری خۆی بکردایەو ڕاپۆرتی هەبوایە، بەڵام کاری خۆی نەکردووە، من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەم لیژنەیە هەڵبوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك باپیر کامەلا، فەرموو.

**بەڕێز باپیر کامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان وەکو لە پەیڕەوی ناوخۆیدا هاتووە، کاك شوان ئاماژەی پێکرد، بەڵام لەکاتێکدا ئەوەی کاك شوان ئاماژەی پێکرد جێبەجێ دەبێت، کە لیژنەی هەمیشەیی نەبێت، کە لیژنەی هەمیشەیی هەبوو، لیژنەی هەمان پسپۆڕی یان لەهەمان بواردا ناتواندرێت، لیژنەیەکی تایبەت دروست بکرێت، ئەوەی تا ئێستا لەمپەر بووە لەبەردەم لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو زیندانیانی سیاسی و قوربانیانی جینۆساید، ئەوە بووە کە لیژنەیەکی تر هەبووە، نەتوا ندراوە وەکو پێویست ئێمە بچین ئەو کارە بکەین، لە هەمان کاتیشدا لیژنەیەکی تر هەبێت، بەداخەوە وەکو هاوڕێیانیش ئاماژەیان پێکرد، لیژنەکەی تریش نەیتوانیوە لەماوەی ڕابردوودا دەست بەکار بێت و کاری خۆی ئەنجام بدات، لەنێوان هەردوولادا لابەلا ئیش کراوە لیژنەکانی تر ئیشیان کردووە هەریەکە بەپێی پەیوەندیداری بە خۆیەوە، کەواتە تەرکیزی نەکراوەتە سەر، بۆ باشتر تەرکیز کردنە سەری ئێمە لەبەردەم دوو ڕێگادایین یان ئەو لیژنەیە هەڵبوەشێنینەوە، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە هەستێت بە ئیشەکان، یان دەبێت لیژنەیەکی تری هەمیشەیی دروست بکەین و تایبەت بێت بەشەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، ڕێگەی سێیەممان نییە، چونکە ناکرێت لیژنەیەکی تایبەت هەبێت و لیژنەیەکی هەمیشەیش هەبێت، بەڵام دەکرێت یان ئەو لیژنەی ئێمە کە ژمارەکەی (11) یە دەکرێت بە

ئیستیسنا زیاد بكرێت، بۆ ئەوەی زیاتر پێ ڕابگات، یان لیژنە یەكی تری هەمیشەیی دروست بكرێت وەك كاك بێستوون و ئیڤار خانیش ئاماژە یان پێكرد، ئەو لیژنە هەمیشەییە تایبەت بێت بە قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی، ئەگەر لەیەك جیا بكرێنەوە، ئەگەرنا دەبێت ئەو لیژنەیە هەڵبوەشێتەوە، منیش پشتیوانی لەهەڵوەشانەوەی دەكەم، ئەو لیژنە هەمیشەییە بەكاری خۆی هەڵبستێت، یان لیژنە یەكی تری هەمیشەیی تایبەت بەوە دروست بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك شوان احمد، فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم باش بوو، ئەگەر لیژنەكە لەماوەی ئەو (8)مانگەی كە ڕابردووە شتێكیان هە یە پێمان خۆش بوو بە ڕاپۆرتێك پەرلەمان و خەڵكیان لێ ئاگادار بكردایە تەوە، ئەوەی تریش دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی یان هێشتنەوەی، بەڕاستی برینەكان قوڵە، كارەساتەكە زۆر گەورە بووە، لەم قۆناغە شدا من پشتگیری لە شێخ شامۆ دەكەم، كە ئەو لیژنە یە بمێنێتەوە، هەروەها كاك سۆرانیش ئیشارەتی پێكرد، ئەگەر لیژنە كە بشمێنێتەوە تەفعیل بكرێت، ئەگەر ئیزافە شی بۆ بكرێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو لیژنە یە لەماوەی داهاتوودا ئیشێكی زۆر زۆر باش بكات، بۆ ئەوەی هاوكار بێت بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەو قەزیە یە گەورەیە كەبەسەر خەڵكی كوردستان و خوشك و برا ئیزیدیەكانمان هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دكتۆر سرود سەلیم، فەرموو.

**بەڕێز سرود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەتەسەوری من ئەم لیژنەیە، ئەگەر هیچ ئیشێكیش نەكات، وجودی ئەم لیژنەیە لەپەرلەمان تەئكیدە كە پەرلەمان ڕۆڵی هە یەو ئیهتیمامی هە یە بۆ پرۆسەی بەجینۆساید ناساندنی ئەم كارەساتە، هەروەها پشتیوانی لەقسەكانی بەڕێزان كاك سۆران عمر و شێخ شامۆ و هەموو ئەوانەش كەداوایان كرد بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز فرهاد فەرموو.

**بەرێز فەرهاد حەمە صالح:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو لیژنە یە خۆ هێشتا كارەكانی خۆی تەواو نەكردووە تا هەڵبوەشێت، یەعنی نە بە جینۆساید ناساندراوە نە هیچ كراوە لەوێ لیژنەیەكدا، بە ڕاستی ئەوا هەر وەكو شتێكی

مەعنەوی بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆ خەڵکی کوردستان، بۆ ئەو خەڵکەی کە ئەو جینۆسایدەی بە سەر هاتووە شتێکی زۆر گرنگە، لە بەر ئەوە پێویستە ئەو لیژنەیە تەفعیل بکرێت و بە هێزیش بکرێت خۆ ئەگەر برادەرانی لیژنەی پێشمەرگە من پێم وا نییە پێیان ناخۆش بێت، ناخۆش بوونی بۆ چیە؟ لە بەر ئەوە ئەو لیژنەیە زۆر گرنگە من پشتیوانی لەو برادەرانە ئەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سالار محمود فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم لیژنە کاتییە و بە شێوەیەکی گشتی سەبارەت بە کەیسی شنگال من ئەمەوێ ئەوە بە بیر جەنابتان بینمەوە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، کە پەرلەمانەکەمان لەم مەسەلەیەدا بە جۆرێك لە جۆرەکان کەمتر خەم رۆڵی دەرکەوتووە بەو پێیە کە لە دوای رووداوەکانی (8/3) پەرلەمانتارانی کوردستان پرۆژە بڕیاریان پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کردووە بە تەحدید لە (8/17) ی پارساڵ بۆ بڕیاری تاوانی شنگال لەو بڕیارەدا قوربانییەکان بە شەهید هەژمار بکرێن و بە پێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان مامەڵە لە گەڵ شەهیدەکان بکرێت و ئەو رۆژە بکرێتە رۆژی تاوانی شنگال بە بڕیار و من رام وایە ئەو لیژنەیە لە سەر ئەو بنەمایە دروست کرا کە ئەو کاتە جۆرێك لە حەساسیەت هەبوو، بەڵام ئێستا کە ئەو ساتە و وەختەیە کە ئێمە دەبێ لەم پەرلەمانە سەبارەت بە پرسی شنگال بڕیار بدەین و چی دی ئەو پرۆژە بڕیارە کە خوێنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لای لیژنە مەعنیەکاندا تەئخیر نەکرێت، پرسی شنگال پرسێکە پەیوەستە بە هەرێمی کوردستان پەیوەست نییە بە هیچ هێز و لایەنێك لە ناو هەرێمی کوردستان و لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و مەرجیعیەتیش بۆ پەرلەمانی کوردستانە بڕیار لە مەسیری شنگال لە رووی سیاسی، لە رووی ئیداری بە پیرەوە چوون بۆ ناساندنی ئەو جینۆسایدە لە ئاستی نێودەوڵەتی و هەندێك بڕیاری روو کاڵی لە ئاستی ناوخۆشدا بە پێی پەیوەست بوون لە شتێکی تر کە پەیوەندی بە جینۆساید ناساندنەوە بێت لە ئاستی دونیادا کۆمەڵێك ئیجرائات هەیە لە ناوخۆ بۆ مامەڵە کردن لە گەڵ قوربانییەکان لە گەڵ ئەو رۆژە پەرلەمانی کوردستان دەبێ بڕیار بدات، داواکارم لە جەنابتان لیژنە هەمیشەییەکان رابسپێرن بە نووسینی دوا راپۆرت و پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی بکەن کە ئێمە لیژنەی هەمیشەییش هەبوو لە پەرلەمانی کوردستان هیچ ئیجاب بە لیژنەیەکی کاتی ناکات کە لەوانەیە خەڵکی موختەسی کەمتر تێدا بێت و بۆ بەرچاو روونی جەنابتان زۆربەی لیژنە هەمیشەییەکان سەردانی دەڤەرەکەیان کردووە بەرچاو روونیان داوەتەوە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە پێویستییەکانی ئەوەی رووداوە تەداعیەکانی و پێویستیەکانی کار کردن بۆ ئایندەیی ئەو مەنتیقەیە، لە بەر ئەوە جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە لە ئاستی عامدا، لە ئاستی خەڵکی شنگالدا، لە ئاستی جیا جیاکانی تری رێکخراوەکانی تایبەت بە جینۆسایدان پەرلەمانی کوردستان کەوتووتە بەردەم بەرپرسیاریەتی و بە

گلەیی شەوە ئەو پر سیارە روو بەرووی ئێمە ما نان و هەموو پەر لەمانی کورد ستان دەگرێ تەوە، داوا لە جەنابتان ئە کەم بە بەرپر سیاریەتی قانونی ئەو پرۆژە بڕ یارە با مە سەلەی قانونی خۆی وەر گریَ، سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەر لە ئەوەی بێت سەر ئەوەی بە ئەم لیژ نەوە هەڵبوە شێتەوە یان هەڵنەوە شێتەوە لە را ستیدا بۆ خێراتر بچێت ئەم لیژنەیە وەكو لیژنەی پێشمەرگەش لە رابردوودا كارەكانی خێرا تر بكردا یە بە تای بەت ئەو تاوانانەی كە دەرحەق بە كوردانی ئێزدی ئەنجام درا لەو سنووره ورده ورده لە ساڵی را بردوودا ئەو ئاسەوارانەی، ئەو تاوانانەی بەشێكی بەرەو نەمان ئە چێت و ئێمە وە كو لیژ نەی ناو چە كورد ستانییەكان دوو جار سەردانی مەیدانی ئەو سنوورەمان كردووە رەخنەی و گلەیی و گازندەیی ئەوەیان هەبووە كە ئەو لیژنەیەی حكومەت هاوكار نییە بۆ تومار كردنی هەموو ئەو تاوانانە بۆیە بە شێكی پەیوە ندی بە ئەوە یە كە ئەبوو خێراتر ئاسەواری ئەو تاوانانە بە دوكومێ نت بكرا یە و ئێمە بە را پۆرتی خۆ شمان وە كو لیژ نە ناوچە كوردستانیەكان ئاراستەی بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمانمان كردووە و من پێشم وایە ئەم لیژنەیە لە رابردوودا دانراوە ئێمە بەر چاومان روون نییە بۆ راپۆرتێكیان هەبێت بۆ ئەوەی بزانین ئەو لیژنە یە لە ماوەی رابردوودا چی كردووە، بۆیە دەنگدانی ئەندامانی بەڕێزی پەر لەمان لە سەر ئەو بنەما یە بمێنـ ێت یان نەمێنێت لە روانگەی كارەكانیان وایە لە رابردوودا، من وە كو ئە ندامێكی پەر لەمان لە را ستیدا تەنها شتی عام نەبێت ئەو كارانە نازانم چییان ئەنجامداوە ئەو لیژنەیە لە رابردوودا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەندامانی دوو لیژنەی پەیوەندیدار، بەڕێز كاك ئاری هەرسین فەرموو.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر شت و ترا، بەڵام بە عام ئە گەر تە سنیفی بـكەین بە دوو بەش دا بەش ئەبێت، یەكێكیان ئەڵێت بمێنێتەوە، یەعنی بۆچوونێك هەیە كە ئەڵێت با بمێنێتەوە، بۆچوونێكیش دەڵێت با نەمێنێتەوە، من حەز دەكەم لەوە دەست پێ بكەم كە من خۆم قەت هە ستم بەوە نەكردووە كە پەر لەمانی كورد ستان گو مانی هەبێت لەوەدا یا خود نەیەوێت ئەو كەیسە بە جینۆساید بناسێت، بۆیە سەیرم لێ دێت لە هۆڵی پەرلەمانی پەرلەمانی كوردستان باسی ئەوەیان دەكر ێت مە سەلەی بوونی لیژنە یەكی هەمی شەیی و تەئی ید لە گەڵ ئەوە دروست كردنی لیژنەیەكی كاتی ئەوە برای بەڕێزم كاك باپیر كامەلا زۆر جوان ئی شارەی پێ كرد من دوو بارەی ناكە مەوە قـ سەكانی، بەڵام ئەوەی كە زۆر موهی مە، یەعنی بە پێوی ستی ئەزانم هە ندێك

حەقیقەتێکی تاڵیشە بەس با باسی بکەین، ئێمە کە هاتینە سەر ئەم لیژنەی پێشمەرگەیە، ئەم لیژنەیەمان گرتە دەست لە گەڵ هاورێ بەرێزەکانمان دوو، سێ دۆلابی بەتاڵمان بەرکەوت، یەعنی چی؟ یەعنی لە گەڵ ڕێز و خوشەویستیم بۆ هاوکارەکانمان لە خۆلەکانی پێشوو بە هیچ جۆرێك ئەرشیفێکی دەوڵەمەند لە سەر جینۆساید دروست نەکراوە ئیتر ئەمە خەتای پەرلەمان بووە، خەتای حکو مەتی هەرێمی کورد ستانی بەر ئەکەوێت من نازانم، ئەم موزوعی هی جینۆسایدە ئەوانەی کە موتابەعەیان کردووە ئیشێکی رۆژ ێك و دوو رۆژ نییە ئیشێکی بەردەوامە، چونکە هەتا ز یاتر بۆی بچیت عیلیمێن تی تازە، تۆخمی تازە ئەدۆزیتەوە، ئەوەی عیلاقە بە سەر جینۆسایدەوە هەیە کە ئەبێ بە ئەر شیفی بکەیت، بۆ ئێمە ئێ شێکی ئا سان نییە ئەبێ لە پشت لیژنەیەکی کە بڵێین ئەرکی موتابەعە کردنی جینۆسایدی لە سەرە لە کورد ستان ئەبێ لە پشت ئەوەوە یەك تیمی پسپۆری، بەڵام بەراستی پسپۆر نەك موستەشار تەعین کرابێت لە سەر ئەساسی کە کاری باشە، بە راستی تیمێکی پسپور هەبن مەرج نییە لەو موستە شارانەش بن کە لە ناو موئەسە سەی پەرلەماندا دەوام بکەن، لەوانەیە خەڵك هەبێت پسپورێکی زۆر باش بێت، مامۆ ستا بێت لە جامیعە لە لە ندەن، یان لە جامیعەی سلێمانی یا د هۆك، ئەم تیمە وەکو تیمێکی پ شتیوانی بێت بۆ ئەو لیژ نە پەرلەمانییە لیژنەکەی حکومەت نازانم کێ بوو لەو بەرێزا نە وا بزانم کاك قەهار بوو ئیشارەیەکی پێدا ئێمە ئەو رۆژ، جارێکی تر بۆ جاری دووەم بوو لە گەڵیاندا دابنیشین سەر ئەو ئیشانەی کە کردوویا نە بە راستی هەتا ئێستا ئینسان ئەو ئینتیباعەی لای دروست دەبێت کە ئەو لیژنەیەی حکومەت دروستی کردووە و زۆر باش ئیشی کردووە و زۆر چالاکە چ لە لوبی کردن لە بەغدا و لە دەرەوە لە ئەوروپا و چ لە سەردانی مە یدانی و کۆکرد نەوەی زان یاری و بە ئەر شیف کرد نی ئەو دیکومێنتا نەی کە هەن لە سەر ئەو جینۆسایدەکەی کە بەرامبەر بە ئێزدیەکان کراوە، من پشتیوانی قسەکانی برای بەرێزم کاك سۆران ع مر ئەکەم لەوەدا کە ئەمە مەسەلەی جینۆساید ئیشی یەك لیژنەی تایبەت نییە، زۆر لیژ نەی پ ێوە مە شغولە، بۆیە گۆڕینەوەی زانیاری لە نێوان لیژنەکاندا هاوکاری کردن زۆر زۆر گرنگە بە تەئکید من خۆم پ شتیوانی لەوە ئەکەم کە پێویستە بۆ جینۆساید و شەهیدان و ئەنفال ئەوەی کاك بێستوون فەرمووی صەد دەر صەد (100٪) پشتیوانی لێ ئەکەم کە ئەبێ لیژنەیەکی تایبەت هەبێت بەوە، لە بەر ئەرکێکی قۆر سە فەرقێکی گەورەی ئەو لیژنەیەش لە گەڵ هەموو لیژنەکانی تردا ئەوەیە کە ئە مە بو عدێکی نە تەوەیی و ن شتیمانی هەیە، هەتا ئەتوانم بڵێیم ناسنامەی نەتەوایەتی هەیە باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە بەراورد کردن یا خود باس کردنی جینۆسایدی جولەکەکان لە حەربی عالەمی دووە مدا کە بە قوەترین ئەتوانم بڵێیم، یەعنی پشتیوانی بوو بۆ دروست بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل، من نازانم ئایا لە چوار چێوەی ئەم مە شغولیەتەی کە ئێستا ئەم پەرلەمانە هەیەتی مەجال ئەبێت حاڵەتێکی بڵێین ئیستیسنائی ئێمە دابمەزرێنین و ئەم لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان و جینۆساید و ئەمانە بکەین بە دوو کەر تەوە، لیژ نەی پێ شمەرگە جیا بکەی نەوە ئەوانەی تر هەموو بکەونە لایەکی تر، نازانم ئەمە چەند عەمەلییە و چەند سەرەنج هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە پەیوەندی بە پەیڕەوەوە هەیە بەڕێز كاك ئاری ئەو كات لە هەمواری پەیڕەودا ئەتوانین باس لەو پرسەوە بكەین.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، منیش بۆ ئەوە وتم نازانم چۆن؟ هیوادارم لە نوو سینەوەی پەیڕەوی دا هاتوودا ئەو ڕە چاو بكر ێت، مەسەلەی تر دیسان موستەمسەكاتی كاك بێستوون كە وتی فیعلەن گلەیەكە لە شوێنی خۆیەتی، یەعنی كە ئینسان شتێكی راست پیوەیە بۆ پێ ناخۆش بێت ئێمە بە تەئكید وە كو پێویست نەمانتوانیوە موتابەعەی دۆسیە و كەیسی جینۆساید بكەین بۆ؟ لە بەر ئەو هۆیە سادەیە كە خۆی باسی كرد كاك بێستوون كە ئێمە بە درێژایی هەزار و پەنجا ($1050$) كیلومەتر موتابەعەمان لە سەر بووە لە جەبهەكان، وەزعی پێشمەرگە، وەزعی تەسلیحیان و مەسەلە فەنییەكانی تر كە لە ناو وەزارە تی پێ شمەرگەدا هەن هۆ كاری ئەوەش زۆر زۆر سادەیە، چونكە ئێمە ئێستا لە شەڕداین، بۆیە هەموو تەجهیزەكە خراوەتە سەر ئەوە، ئێمە لە لیژ نەی پێشمەرگە موناقەشەیەكمان كردووە یا خود بیرۆكەیەكمان بۆ هاتووە كە جگە لە بوونی لیژنە یەكی هەتا جینۆ ساید هەمی شەیی لە پەر لەمانی كورد ستان پێوی ستە بۆ بەرجە ستە كرد نی مە سەلەی جینۆ ساید بەرام بەر خەڵكی كورد ستان، لیژنە یەكی باڵا هەبێت لە سەر ئا ستی هەموو هەرێمی كورد ستان بە ئەندا مەتی ب ڵێین ئە ندامی پەر لەمانی كورد ستان، نوێ نەری حكو مەتی هەرێمی كورد ستان، كۆ مەڵگای مەدەنی، ناوەندە زانستییەكان، لایەنی قەزائی و سەرۆكایەتی هەرێم ئەمانە هەموو تێدا بە شدار بن هیچ نەبێت ئەمە لایەنی سیمبۆلێكی ئەو زو ڵم و زۆریە یە كە لە میللەتە كەمان كراوە، مە سەلەی ئەوەش كە لیژنەی پێشمەرگە پێی ناخۆش ب ێت كاك فەرهاد واللە بەس پێ مان ناخۆش نی یە، یەعنی ئە گەر ب ێت و بڕیار بێت و ئەم لیژنەیە بمێنێتەوە بەس خۆ دەبێ لیژنە كە بەر هەمی هەبێت، یەعنی ناب ێت بەس ناو بێت، حەلی وەسەتێك هەیە ئەم پەرلەمانە ئەتوانێت ئەو لیژنە موەقەتە كە دروستی كردووە بە شێوەیەك لە شێوەكان دەمجی ناڵێین دەمجی بكات، بەڵام كەناڵ دورست بكات لە بەینی ئەم لیژنە یە و ئەو لیژنە یەی حكومەتی هەرێمی كوردستان كە پێكەوە هاوكاری یەكتری بن، ئەم لیژنەیە تەقریرەكانی خۆی بێنێتەوە بۆ ئەوێ و لیژنەی حكومەتیش ئەو تەقریرا نەی خۆی بەرێ تەوە بۆ ئەنجو مەنی وەز یران، بەڵام بە گ شتی، یەعنی ئە گەر سەیری ب كەین ئەم لیژنە یە با شترین مو قەریر بۆ ئەوەی كە ئەم لیژنە یە پێوی ستە هەڵبوەشێنێتەوە ئەوەیە كە هەتا ئێستا لەو وەختەی درو ست بووە ئەم لیژنە یە بەردێكی نەخ ستووتەوە سەر داری، هیچ بەر هەمێكی نەبووە لە گەڵ ر ێز و خوشەوی ستیمان بۆ ئە ندامانی لیژنە كە، بۆ یە هەڵوەشانەوەی بە پێویست ئەزانین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، زۆر سوپاس، بەڕێز دكتۆرە ڤاڵا فەرید فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی ئەمن تەركيزی لەسەر دەكەم تەنها ئەوەيە كە دامەزرا ندن و دەنگدان لە سەر ئەو ليژنە يە بەهيچ شێوەيەك پێچەوانەی پەيڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان نييە، لەبەرئەوەی هەر ليژنە يەكی كاتی كە درو ست دەكر ێت و لە پەر لەمان دەنگی لە سەر دەدر ێت، حە تمەن بۆ دە عم كردن و ، كاركردن و مومارەسەكردنی بەشێك لە ئيختساساتی ليژنەيەكی هەميشەييە، وا تە هەر ليژنە يەكی كاتی كە درو ست دەكرێـتن مانای ئەوەنييە كارێكی پێ دەسپێرێت كە لە ئيتخساسی پەرلەمان و ئيختسا سی ليژ نەكان نەبێ، ئەو ليژنەيە كە دروستكرا بێگومان لەبەر ئەهميەت دان و گرينگيدان بوو بە تاوا نەكان، بەتايبەتی تاوانی جينۆسايد كە لە $(8/3)$ لە دژی كوردانی يەز يدی ئەنجا مدرا، ئەوە وايكرد كە پەر لەمانی كورد ستان لە نەبوون ياخود بابڵێين مەشغەڵەتی ليژنەی پێشمەرگە كە ناپرژێ تە سەر ئەوكارا نەی كە بەڕێز سەرۆكی ليژنە كە خۆی ئيشارەتی پێكردو ڕوو نی كردەوە، ليژنە يەكی كاتی درو ست بكرێتن، ئەو ليژ نە كاتييە تايبەتمە ند بێ بە مومارە سەكردنی ئەوكارا نەی كە پەيوە ندی بە جينۆ سايدی پێكها تەكان و كوردانی ئێزيديەوە هەيە، بۆيە لەڕووی پەيڕەودا بەهيچ شێوەيەك پێچەوانە نييە، بەلآم من لەبەر ئەوەی ئە ندامم لە ليژنەكە ناتوانم بەرگری لە مانەوەی ليژنە كە بكەم، بۆ ئەوەی نەوترێت لە بەر خۆ يەتی، بەلآم ئە گەر ئەندام نەبووبام من يەكێك دە بووم كە پ ێداگريم دە كرد لە سەر ما نەوەی ليژنە كەو بە زەرووری دەزانم، بەلآم پێشنيارێك بۆ پەرلەمانی كوردستان هيوادارم بە هەند وەربگيرێ، پێم باشە كە هەڵوەشاندنەوەی ئەو ليژنەيە هاوكات بێتن لەگەڵ دەنگدان لە سەر دامەزرا ندنی ليژنە يەكی هەميشەيی و هەتا جياكرد نەوەی ليژنەی پێشمەرگە لە ليژنەی جينۆسايد و ئەنفال و زيندانيانی سياسی، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو د. بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەركارێك لە پەرلەمان يان لە هەر موئەسەسەيەكی تر دەكرێ، ئێمە پێويستە سەيری هەدەفەكەی بكەين، هەدەف لە دروست بوونی ئەم ليژنە يە لە بيدايە تەوە مو سانەدەكردنی ليژ نە هەميشەييەكەی پەر لەمان بوو، لەبەر بەر بلآوی كارە كان بوو، بۆ ئەوەی پەر لەمان بتوانێ لەو كارە ساتەی كە بە سەر خو شك و برا ئێزيديەكانمان هاتووە لەبواری ئيختساسی خۆيدا بە دەوری خۆيدا هەڵدەستێت ئەمە هەدەفەكە بوو، بەلآم ئێ ستا ئێ مە كە سەيری ليژنە كە دە كەين هەدەفە كەی نەهێناوە تە دی، بۆ يە ل ێرەدا گرينگ ئەوەنيە يە هەڵبوەشێـەوە يان هەڵنەوە شێتەوە؟، بەس گرينگە پەر لەمانی كورد ستان لەبواری ئيختسا سەكەی خۆ يدا دەوری هەبێ لەم كارەساتە، بۆيە ئايا ئەوە دەمج دەكرێت لەگەڵ ليژنە كەی تردا يان تەفعيل دەكر ێت بە

جۆرێك له جۆرەكان؟، تا ئێستا بۆ تەفعیل نەبووە؟ ئەوە گرینگە، گرینگە پەر لەمانی کورد ستان کاربکات لەسەر ئەو کەیسە، ئیتر لیژنە هەمیشەییەکەی کە ئەم لیژنەیە تەفعیل دەکرێت گرینگ نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوکاتەی کە پەرلەمان بڕیاری لەسەر پێکهێنانی ئەم لیژنەیە دا لە سەروبەندی تاوا نەکانی شنگال و ئەو حاڵەتانەی کە ڕوویدا، بۆیە لە پەرۆ شی سەرجەم پەرلەمانتارا نەوە بوو بۆ پێکهێ نانی ئەو لیژنە یە، بەڵام دە بێ دان بەوەدا بـ نێین لەوکا تەدا ڕە چاوی ئەوە نەکرا کە لیژنە یەکی هەمی شەیی هە یە بەناوی قوربانیانی جینۆساید، بۆیە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ناکرێت تۆ لیژنەیەکی هەمیشەییت هەبێ، لیژنە یەکی کاتیشی بۆ دروست بکەیت، بۆیە دەبێ ئێمە چارەسەری ئەو حاڵەتە بکەین، ئێمە لیژنەکە، خودی لیژنە کە پێکنەهێنراوە لە ئەندامانی لیژنەکە، یەعنی پێکنەهێندراوە تا هەڵی بوەشێنینەوە، ئێ مە باس لە بڕ یاری پێکهێنانە کەی دە کەین کە هەڵوە شێتەوە، نەك خودی لیژنە کە، چونکە لیژنە کە لە ئەسا سەوە پێکنەهێندراوە، هەر ئەوکاتە کە پێکهێندرا ئەو ناڕەزایەتییە هەبوو لەلا یەن لیژ نەی پێ شمەرگە چەندین پەرلەمانتار کە وتیان ئەوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ناگونجێ، لەبەر ئەوەی لیژنە یەکی هەمی شەیی هە یە، سەبارەت بە پرسی جینۆساید لە ڕاستیدا پرسێکی ئیختسا سییە بۆ یە فیع لەن پێوی ست دە کات لیژنە یەکی تایبەتمەند هەبێ، چونکە هەم جینۆسایدی شنگال و، هەموو ئەو جینۆ سایدانەی تر کە لە ئەنفال و لە کیمیابارانی هەڵەبجەو لە بارزانییەکان و هەموو ئەو تاوانانەی تر کە هەبووە، پێوی ست دە کات کە فیع لەن لیژنەیەك هەبێ، ئەو لیژنەیە ئیختساسی بێ، بۆیە بۆ چارەسەری ئەوە دە بێ لیژنە کە هەبێ، بەڵام ئەوە چۆن لە پەیڕەوی ناوخۆ جێی دەکەینەوە، لە پەیڕەوی ناوخۆدا گرینگە ئێ مە ڕە چاوی بـکەین لە قۆ ناغی داهاتوودا هەتا ئەوکاتەی لیژنەیەکی هەمیشەیی هەبێ ناکرێ لیژنە یەکی کاتی هەبێ، چونکە پێ چەوانە دەردەچێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ، بۆیە دەبێ لە پەیڕەوی ناوخۆ موعالەجەی ئەمە بکرێت بە پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتمەند، بەڵێ ئێمە لە لیژنەی پێشمەرگە بە گرینگی دەزانین، دان بەوەش دادەنێین لیژنەی پێشمەرگە لەبەرئەوەی کە (4) ئیختساس پێشمەرگە، شەهیدان، قوربانیانی جینۆساید، زیندانیانی سیاسی، ڕەنگە وەکو پێویست ئەو پرسە گرینگە کە قوربانیانی جینۆسایدە یەکلایی نەکرابێتەوە هێندەی سەرقاڵی پر سەکانی تری شەهیدان و پێ شمەرگەو زی ندانیانی سیا سی بووین، بۆ یە بەڵێ هەموومان مو تەفقین لەسەرئەوەی کە لیژنەیەك هەبێت، بەڵام دەبێ بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ یە ڕێکارە یا سایییەکان موعالە جەی ئەوە بکەین، جگە لەوەی کە لەڕاستیدا ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان دوو ئەر کە سەرەکییەکەی خۆ مان کە یاسا دەرکردن و بەدواداچوونە، ئێمە ئەرکی بەدواداچوونمان هەیە بۆ ئەو بڕیارا نەی کە دەر کراوە بۆ بەجینۆ ساید نا ساندن، لەوەدا کەمتەر خەمی هەبووە کە دە بێ کاری جدی لە سەر بـ کەین، سەبارەت

بەدواداچوونیش ئێمە چەندین جار لەگەڵ وەکو لایەنی مەعنی لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان کۆبووینەتەوە، بەڵام دوو بەربەستی ئەساسیان بۆ ئێمە ڕوونکردووەتەوە، دەڵێت لەبەرئەوەی عیراق ئەندام نییە لە دادگای تاوانەکان ئەمە گرفتێکی سەرەکییە بۆ ئیشەکانی ئێمە، بۆیە دەبێ جەخت بکەین لەوەی کە هەوڵ بدەین ئێمە لە هەرێمی کوردستانەوە فشارێکیش دروست بکەین، هەوڵ بدەین هەوڵەکانمان بۆ ئەوەبێ کە عیراق بەشداربێ لەو ئیتفاقییەی کە کراوەو بەشێك بێ لە دادگای تاوانەکان، جگە لەوەی کە ئەوان گرفتێکی تریان هەیە کە مەسەلەی بەجینۆسایدنا ساندن پرسێکی نێودەوڵەتییە، ئێمە دەمانەوێ لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بینا سێنین، کاتێك لەناوخۆدا ئێستا یەکێك لەو گرفتانەی کە ڕوو بەڕوومان بووەتەوە لە پرسەکانی پێشتردا، لە ناساندنی جینۆسایدە، ئێمە لە چوار چێوەی عیراقدا بە جینۆساید نا ساندوومانە، بۆیە لە دەرەوە ئاستی نێودەوڵەتی پێمان دەوترێت ئەوە نوو سراوی وەزارەتی شەهیدانە، کە لە وەڵامی ئێمە نووسیویانە، دەڵێت بۆیە کە پێیان دەڵێین دەێوە خۆتان نا ساندووتانە ئیتر بۆ هەوڵ دەدەن ئێمە پشتگیریتان بکەین، بۆیە دەبێ ڕەچاوی هەموو ئەوانە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر مصطفى حسن ماوەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە ئەو گفتوگۆیە دوابخرێت بۆ زیاتر لێك تێگەیشتن لەگەڵ هەموو لیژنەکان، زەمینەیەکی باشتری بۆ برەخسێنین هەم بۆ ئەوەی کە ئەو لیژنە فراوانە بکرێتە چەند لیژنەیەك، بۆ ئەوەی باشتر سەرپەرشتی ئیش و کارەکانی بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(100٪) پشتیوانی لە قسەکانی برای بەڕێزم کاك دلێر دەکەم، بۆ؟ لەبەرئەوەی ئەوە زیاتر هەڵدەگرێت، تەنافوسێکی شە بۆ خۆمان، بۆ ئێمە کە لەگەڵ یەکتر یدا لە مەمەڕەکانی پەر لەمان بێ، لەژووری فراکسیۆنەکان بێ، لە دەرەوەی پەرلەمان بێ بەیەکەوە بیروڕا بگۆڕینەوە، بگەینە حەلێکی جەزری و باشتر بۆ ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سێ نوقتەی نیزامی هەیە، تکایە نیزامی بێ، بۆئەوەی هەندێك ڕوونکردنەوە بدەین، ئێمەش دوایی ئەو بابەتە دەخەینە دەنگەوە، کاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەش بە حاڵی خۆم واژووم لەسەر هەڵوەشانەوەی لیژنەکە کردووە، لەسەر دوو بنەما یەکەم: ئەو لیژنەیەی کە هەبووە تاکو ئێستا هیچ کارێکی نەکرد بوو، بێ ئومێد ببووم لە لیژنەکە، دووەم: قەناعەتم وابوو لیژنەی موختەس کە پێشنیارێکی لەو جۆرەیان کردووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی لیژنەکە ئیمکانیەتی ئەوەیان هەیە، یان ئامادەکار یەکیان کردووە، بۆ ئەوەی هەنگاوی باشتر بنێن یان هەنگاوبنێن بۆ ئەو مەجالە، بەلاّم لە ڕوونکردنەوەی بەڕێزان لە لیژنەی پێشمەرگە گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە ئەم بابەتە وانییە و، ئەوان ئەرکی زۆر قورستریان لەسەرەو ئەوە نابێ، بۆیە ئەگەر ئێمە دەتوانین لەو دانیشتنە لیژنەکەی جەنابیان ئەوەی کە موختەسە وەکو کاك بێستون باسی کرد لێی جیا بکەینەوە، بتوانین لیژنەکە بکەین بە دوو لیژنە، ئەوە سەحبی واژوو کەم دەکەمەوە، ئەگەر ناتوانین ئەوەش بکەین دیسان سەحبی واژووکەم دەکەم، لەبەرئەوەی ئەو لیژنە بمێنێتەوە و بەهێزتری بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. محمد فەرموو.

**بەڕێز د. محمد علی یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێ بناخشم نە نوقتەی نیزامی یە، ئەگەر دەلیقە هەبێ بەس دەقیقە یەك، ئەوکاتەی کە ئەولیژنەیە پێکهێندرا، ئەوکاتە ئێمە نەماندەزانی کە لیژنەیەکی هەمیشەیی هەیە، کە ئەو ئیشە دەکات ئختساسیە، بەرای من بەپێی ئەو خوێندنەوەی کە ئێستا هەیە، بابەتەکە زۆر بە شەخسی وەرگرە، لیژنەی پێشمەرگە بەڕێزان ئێوە بە شەخسی وەرنەگرن پشتگیریەك لە ئیش و کاری ئێوە دەکات، ئەو ئەندامانەی کە ئەندامیش نینە هەوڵ دەدەن، یەعنی بڕیار یان داوە ئەوە هەڵبوەشێنردێت، ئەوانیش بە شەخسی وەرنەگرن با ببنە ئەندام لەو لیژنەیە، موشکیلە نییە، بەلاّم ئێستا لەم کاتەی کە من قسە دەکەم زانیاریمان هەیە کە شەوی ڕابردوو زیاتر لە (500) کەسی ئێزیدی قەتلو عام کراون، ئێ باشە لەکاتێکی ئەوهادا بەڕای گشتی هەڵوەشاندنی لیژنەیەکی ئەوها چی دەخولقێنێت؟، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان ئەوەندەی کە ئیش وە کارەکانمان ڕەنگدانەوە میدیاییان هەیە، ئەوەندە ڕەنگدانەوەی واقیعی نەبووە، لەبەرئەوەی دەبێ لەوە بترسێین ئەوە لەسەر ڕای گشتی چ کارەساتێك ڕوودەدات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی کاتی پەیڕەوی ناوخۆ کە ئینشائەڵلا بەنیازین هەفتەی داهاتوو تەواو ببین، یەکێك لە پێ شنیارەکانمان کە دەستکاری لیژنەکانمان کرد یە، جیاکردنەوەی لیژنەی شەهیدانە لە گەڵ لیژنەی پێشمەرگە، ئەگەر ئەوڕۆ ئەو گفتوگۆیە دوابخەن، ئێمە دڵنیاین لەوە ئەو پەیڕەوە کەمتر لە دوو هەفتە دێتە ناو هۆڵ، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندیان کرد ئەو جیاکردنەوەیە، ئەوکاتی ئەهمیەتیش دانە بەو مەسەلەیەوە، ئەوکاتی هیچ گلەییەك نییە، بۆیە ئەگەر ئێستا بڕیار بدەین و هەفتەی دیکە لیژنەیەکی تر تەشکیل بکەین زۆر ئیجابی دەبێ، با ئەمڕۆ کۆبوونەوەکە هەڵگرین لەسەر ئەو مەوزوعەی قەپات بکرێت، ئێمە بە ڕەزامەندی تەقریبەن هەموو ئەندامانی لیژنە بڕیارمان داوە لیژنەی پێشمەرگە لەگەڵ لیژنەی قوربانیان و جینۆسیاد زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو ئاواز فەرموو.

**بەڕێز ئاواز شێخ جەنگی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەو لیژنەیە پێویست بوو لەکاتی بڕیار دەرکردن بۆ دانانی ئەو لیژنەیە، پێویست بوو کە دۆکیومێنت کۆبکاتەوە لە سەر جینۆسایدیی یەزیدەکان، تۆ لە مەحافیلی نێودەوڵەتی کاتێك کە داوا دەکەیت کەیسەکەت بە جینۆساید بناسێندرێت، پێم وایە هەر بە پێشاندانی وێنەو نەهامەتییەکان کەیسەکی بە جینۆساید ناناسرێنێت، کەواتە ئەگەر ئەو لیژنەیە ئەم کارانەی نەکردووە، پێم وایە ئێستا هەلەکەشمان بەجۆرێك لە جۆرەکان لەدەستداوە، بەڵام ئەوەی کاك محمد علی باسی دەکات ئەگەر ئەوە شەوی ڕابردوو ڕوویدا بێ، من داوا دەکەم ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان داوا لەم لیژنەی مەعنی و لیژنەی پێشمەرگەو جینۆساید بکات، کە زۆر بەزوویی بچنە ئەو شوێنە، هەموو ئەوە ڕووداوە ئەگەر بتوانن لە نزیکەوە نە چنە شوێنی ڕووداوە کە کاك محمد علی، بچنە ئەو جێیە هەوڵ بدەن زۆرترین زانیاری کۆبکەنەوە لەسەر ئەو ڕووداوە، بە دۆکیمێنتی بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین وەکو دەلیل لە ڕۆژی خۆیدا، لە مەحکەمەی لاهای، لە هەر شوێنێك کە پێویستمان پێ بوو بەکاری بهێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، کاك ئاری دەستت دەبینم بەڵام پێش تۆ خاتوو امنە ذكري، قسەیەکت هەبوو؟

**بەڕێز آمنة ذكري سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخفتنێن من بەڕێز فەرسەت کرن، بەس ڕەخنەی ژی من یا لیژنا پێشمەرگە و جینۆسایدە، هێڤیدارم بە روحەکا ریازی وەربگرن، هەلبەت ئەگەر وان زانی کو شیانێت لیژنا وان دا نینن، یەعنی قورسیا باری لیژنا

پێشمەرگە بویە سەبەبا هەندێ کو دیفچوونا کەیسایا جینۆسایدێ نەکەن، پێتڤی نەکر هۆلا پەرلەمانی مژویلی هندێ بکەن بۆ هەندێ کو بڕیارەکی دەربێخن بۆ هەڵوەشاندنا وێ لیژنێ نووکە ژی هەڤدژی لەگەڵ ئاخافتنێت وان بۆ خۆ یێت هەین کو ئەڤ لیژنە بمینێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، کاك ئاری، فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، خۆی تەبعەن ئێمە جوابی کەس نادەینەوە، ئەوە هیچ پێویست ناکات، بەڵام هەر بۆ زانیاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوانەی کە (قتل عام) کراون لە دەرەوەی سنووری پێشمەرگە کراون، کێ حەددی هەیە لە سنووری پێشمەرگەدا ئێزیدی (قتل عام) بکات؟ مەعنای ئەوەیە لە سنووری داعشدایە، بۆیە سەردان کردنیان شتێکی زەحمەتە، ئەوە یەك، دوو/ پێشنیارێك هەیە با ئەوە بخەینە بەردەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە، با هەڵوەشاندنەوەی ئەو لیژنەیە هەڵپەسێرین، هەتا ئەو مولاحەزەیەی کە بەڕێز کاك فرست صۆفی فەرمووی لە کاتی هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆدا ئەو کاتە خۆی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیك ئەو لیژنەیە هەڵدەوەشێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، من دەمەوێت هەندێك ڕوونکردنەوە بدەم لەسەر ئەو بابەتانەی کە باس کران، تەبعەن قسەی زۆر باش کران، کاك باپیر، جەنابت نوقتەی نیزامیت هەیە؟ بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەمووومان لەگەڵ ئەوەداین کە ئەو لیژنەیە دوابخرێ لەو کۆبوونەوەیەدا، بەڵام بەدواخستنی بڕیارێك دەربکەین هەر ئێستا ئەو لیژنەیەی کە هەیە تەفعیل بکرێ، بۆ ئەوەی نەك ماوەی دوو مانگی تر، سێ مانگی تر کارەساتێکی تر دێتە ڕوو، وەکو ئەوەی تر کاتمان لە کیس بچێ، ئەو لیژنەیە کاتی یە با تەفعیل بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باش، ئەو لیژنەیە هیچ پێویستی بە بڕیاری تەفعیل کردن نییە، چونکە لیژنەکە لەلایەن پەرلەمانەوە دروست کراوە، پێویست دەکات ئیش بکات، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی لەلایەن فراکسیۆنەکانەوە ئیتیفاق نەبوو لەسەر سەرۆکایەتییەکەی، لە هەمان کاتیش دا لیژنەیەك لە حکومەتی هەرێم دروست کرابوو بۆ بەدوادا چوونی کەیسەکە و دۆکیومێنت کردنی، بۆیە لە سەرەتاوە تەفعیل نەبوو، بۆیە دەمەوێت بۆ جەنابتانی ڕوون بکەمەوە، ئەم بابەتە گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کراوە، پێشتریش لە لیژنەی پێشمەرگە، لە نێوان لیژنەی پێشمەرگە و سەرۆکایەتی پەرلەمان قەزییەکە هیچ شەخصی نییە، بەڵام وەکو پەیوەندی

بە پەیڕەوی ناوخۆ و پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لیژنەیەکی هەمیشەیی لە ناو پەر لەمانی کورد ستان بەو ناوەوە هەیە، بۆیە ئەوان داوای ئەوەیان دەکرد کە ئەو صەلاحییەتە لەوان وەرنەگیرێتەوە، بەدوادا چوون لەو کەیسە لە لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و قوربانیانی جینۆساید وەرنەگیرێتەوە، سەبارەت بەکاری پەرلەمان لە ڕاستی دا کارمان کردووە، هەندێك کارمان کردووە هەمووومان لە پەر لەمانی کوردستان، لیژنە تایبەتمە ندەکان لە پەر لەمانی کورد ستان، بەڕا ستی کاری زۆر یش ماوە، من مو تەفیقم لەگەڵ ڕای ئێوە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کە کاری زۆر تریش ماوە کە لە پەر لەمانی کورد ستان لەم بوارەدا بیکەین، ئەوەی کە کردوومانە تا ئێستا ئەوەیە کە دانیشتنێکی نائاسایی پەر لەمانمان تەرخان کرد بۆ ئەم کەیسە، بۆ بەدواداچوونی لیژنە پەرلەمانییەکانمان ڕاسپارد، سەردانی مەیدانیمان کرد لەو لیژنا نە، ڕاپۆرتی خۆیان هێنایەوە، لە پەرلەمانی کوردستان خستیانە ڕوو، ڕاسپاردەمان پە سند کرد، بڕیار مان لەم بوارەدا پەسند کرد، لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، نوێنەری پێکهاتەکان لە هۆڵەندا لە لاهای دەعوایان لەسەر ئەم کەیسە پێشکەش کرد بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، دەتوانم بڵێم ئەوە یە کەم دە عوای کورد بوو کە لەو دادگایە پەسند بکرێ، دوای ئەوەش ئەو لیژنە تایبەتمەندییەی کە حکومەتی هەرێمیش درو ستی کرد بوو، بە هەمان شێوە ئەوانیش سەردانی دادگای باڵای تاوانەکانی نێودەوڵەتییان کردبوو، ئەوانیش ڕێ و شوێنی گونجاویان گرتۆتە بەر سەبارەت بەم بابە تە، هەڵبە تە ئەو لیژنە یەی کە حکو مەتیش درو ستی کردووە لیژنەیەکی چالاك و کاران، هەر بۆ زانیاری تان ئەمڕۆ سەردانی پەر لەمانی کورد ستانیان کرد، سەردانی سەرۆکایەتیان کرد، لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگە و لیژنەی مافەکانی مرۆڤیش دانیشتوون، ئەوەی کە ئەوان باسیان کرد کاری باشیان کردووە لە دۆکیومێنت کردن، هەڵبەتە خاتوو ئاواز ئەم بابەتە بابەتێکی تەنفیزی یە، دەسەڵاتی جێبەجێ کردن زیاتر لێی بەرپر سە لەوەی کە ئەو کارا نە بکات، دۆکیومێنتی ڕووداوە کان بکات، دێکۆمێنتی تاوا نەکان بکات، لە هەمان کاتیش دا ڕێکارە کانی تر بگرێ تە بەر، ئەرکی پەر لەمان ئەرکێکی چاودێری کرد نە، هەر چەندە ز یاد لە ئەرکە کەی خۆ مان لە بواری چاودێری کردن هە ندێك هەنگاومان ناوە، کە هەنگاوی تریش پێویست دە کات بەدوای دا بێ، هەر لەم سۆنگەیەوە، لە سۆنگەی بەدوادا چوونی ئەم کەی سە لە داد گای باڵای تاوا نەکانی نێودەو ڵەتی، ئێ مە لە سەرۆکایەتی پەر لەمان نامەیەکمان ئاراستەی بەڕێز سەرکۆماری عیراق کرد، بۆ ئەوەی بەڕێزیان صەلاحییەتەکانی خۆی بەکار بهێنێ، بە پێی دەستووری هەمیشەیی عیراق پرۆژە یا سایەك پێ شکەش بە ئەنجو مەنی نوێ نەرانی عیراق بکات، بۆ ئەوەی عیراق ببێ بە ئە ندامی داد گای باڵای تاوا نەکانی نێودەو ڵەتی، نیزا می ڕۆ ما واژوو بکات، ئەوانیش بەڕێزیان وەڵام یان داینە تەوە کە ڕێ و شوێنەکانی خۆ یان دەگر نە بەر لەمڕۆوە، هەڵبە تە هەندێك تەعقیدات لەم بابەتە هەیە، بەڵام ئێمە لە سەردانی داهاتووشمان بۆ بە غدا هەوڵی ئەوە دەدە ین کە ئەم کەیسە بڕواتە پێشەوە، سەبارەت بەوەی کە ئێ مە لە پەر لەمانی کورد ستان بۆ چی تا ئێ ستا ئەو تاوانانەمان بە جینۆساید نەنا ساندووە؟ ئێوە ئە گەر بیر تان بێ ئەوە لە پەر لەمانی کورد ستان وتوو ێژی لە سەر کرا، باس لەوە کرا کە ئە گەر هەنگاوێکی لەم شێوەیە بگری نە بەر، ئەوە ڕەن گە داد گا

نێودەوڵەتییەکان دواتر بە بەیانووی ئەوەی کە ئەم کەیسە لە ئاستی ناوخۆیی کاری لەسەر کراوە، ئەم کەیسە وەرنەگرن لای خۆیان، کاری پێویستی لەسەر ئەنجام نەدەن، هەر ئەمڕۆ لیژنەکەی حکومەتیش کە سەردانیان کردین ئەوانیش زۆریەنەیان ڕا یان وا بوو کە ئەم بابەتە لە پەرلەمانی کوردستان جارێ باس نەکرێ، جارێ پەسند نەکرێ، ئەگەر نا ئێوە دەزانن ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کە ئەم بابەتە ڕەنگە لە کورترین مەوددا لە پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێ، بەڵام ئێمە پێویست دەکات کارێك بکەین کە خزمەت بە دۆزەکە بکات، نەك زیانی پێ بگەیەنێ، هەڵبەتە کاری تریش ماون بیکەین، من هاوڕام لەگەڵ هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان کە باسیان لەوە کرد کە پێویست دەکات پەلە بکرێ لەو پرۆژە بڕیارەی کە خوێندنەوەی بۆ کراوە سەبارەت بە دیاری کردنی ڕۆژی (8/3) بۆ ڕۆژی جینۆسایدی برا و خوشکە ئێزیدییەکانمان، بڕیاری بە شەهید ناساندنی هەموو قوربانیانی ئەو کارەساتانەی کە ڕوویان داوە، کە ئەوە لای لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانە، هاوڕام لەگەڵ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کە داوای ئەوە دەکەن لیژنە پەیوەندیدارەکان بە زووترین کات ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن، سەبارەت بەم بابەتەی کە ئێستا لە گفتوگۆ یە، ئێستا لە ئەنجامی گفتوگۆ ئەوە دەرکەوت کە ڕەنگە باشتر وا بێ چاوەڕێی ئەوە بکەین کە هاوزەمان لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئەم لیژنەیە لیژنەیەکی تایبەتمەند لە بواری جینۆساید و شەهیدان لە پەرلەمانی کوردستان تەفعیل ببێ، مادام لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش، لەو پرۆژە پەیڕەوەی کە وا ئێستا لە قۆناغەکانی کۆتایی یە، بەو شێوەیەی کە سەرۆکایەتی لیژنەی کاتی پەیڕەو بە ئێمەیان وتووە، ڕەنگە حەفتەی داهاتوو بێتە بەردەم پەرلەمان، مادام لە ئەجیندای کاری لیژنەکە بەو شێوەیەی کە لیژنەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگە و قوربانیانی جینۆساید ببێ بە دوو لیژنەی هەمیشەیی لە پەرلەمانی کوردستان، بۆیە ئێمەش ئەو پێشنیارە بە باش دەزانین کە ئەم گفتوگۆیە دوابخەین، تا ئەو کاتەی ئەو لیژنە هەمیشەیی یە لە پەرلەمانی کوردستان دروست دەبێ، بۆ ئەوەی خەڵەلێك دروست نەبێ لێرەدا، ئەوە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە گفتوگۆ کردن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی لیژنەی کاتی بەدواداچوونی تاوانەکانی دژ بە پێکهاتە نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان ئێزیدی و ئاشوورییەکان دوا بخرێ؟ نوقتەی نیزامی هەیە، ئەوا نە وەردەگرین، دواتر تەصویت دەکەین، کاك سالار، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك مەسەلە هەیە پەیوەستە بەو پرۆژانەی کە دەخرێنە بەرنامەی کار و ئەو پرۆژانەشی کە ناخرێنە بەرنامەی کارەوە، دەبێ کۆمەڵێ مەعاییر و بنەما لای دەستەی سەرۆکایەتی و لیژنە مەعنییەکان هەبێ، ئەم بابەتە من پرسیار دەکەم لە لیژنەی مەعنی و لە سەرۆکایەتی بەڕێزی پەرلەمان، بۆ خرایە بەرنامەی کارەوە؟ مقەویماتەکانی چی بوون؟ لە ئێستادا بۆ دەویسترێ هەڵپەسێنرێ؟ ئەگەر ئێمە لە نەتیجە هەر هەڵیوەشێنینەوە مادام ئەم بابەتە بە بڕیار لە ناو پەرلەمانی کوردستان تەشکیل کراوە، جارێکی تر ئەگەر

پەیڕەوی ناوخۆی پەر لەمانیش هەموار بکرێتەوە و پە سند بکرێ و لیژنە یەکی هەمیشەیی تایبەت بە شەهیدان و جینۆ ساید درو ست بکرێ، دە بێ ئەو فەقەرە یە هەر وە کو ئێستا بێتەوە بەرنا مەی کار و هەڵبوەشێتەوە، مادام لە ئێستەوە تاوەکو ئەو کاتەی پەیڕەویش هەموار دەکرێتەوە و هیچ ئومێدێك بەو لیژنەیە نییە، یەعنی ئەم مەسەلەیە بۆ بەم جۆرە بە پێچەوانەی پرسێکی تر کە پێمان وابێ ڕەئی عام بە جۆرێکی تر خوێندنەوەی بۆ دەکات، بەڵکو دەبێ ئێمە ئاراستەی کۆمەڵگا و ڕەئی عامی بکەین، ئەم بابە تە، دروست کردنی ئەم لیژنەیە لە بنەمادا مەهامی خۆی نەپێکا و کاری خۆی نەکردووە، لە بەر ئەوە ئێستا باشترین ساتە وەختە بچینەوە سەر بنەمایەکی دروست، لیژنە هەمیشەییەکە تەفعیل بکرێ، ئاراستە بکرێ، لیژنە نزیکەکانی تری پشتیوان بن و ئەوە هەڵبوەشێتەوە، پەلە بکرێ لە هێنا نەوەی پەیڕەوی ناوخۆ، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لیژنەی شەهیدان و پێشمەرگە بە دوو کەیسی جیا، دوو لیژنەی هەمیشەیی بن، بۆیە بە دیدی من ئەم بابەتە پرسیاری جیدی هەڵدەگرێ، بەڕێز سەرۆکی پەر لەمان، چونکە هاتنە بەرنا مەی کاری بابەتێك ئەوەندە ئاسان نییە، ئێمە فێربووین لەم پەرلەما نەی کورد ستانە ئەو بابەتا نەی دەخرێنە بەرنامەی کارەوە یان تەئجیلی دەکەین، یان هەڵدەپەسێنرێن، یان پاش و پێشی دەخەین، ئەوانە دەبێ وەکو مەسەلەیەکی کۆنکریتی لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، لیژنە هەمیشەییەکانیش هاوکاری سەرۆکایەتی بن، نەك پێش ئەوەی جەلسە دەست پێ بکات ڕەئی لیژنەکان جۆرێکی تر بێ، لە ناو هۆڵی پەرلەمان ڕەئیەکی تر دروست بێ، ببێتە ڕەئی عامی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك سالار ئەم بابەتە بە یاداشتێك لە (2014/11/11) لەلایەن لیژنەی پێشمەرگەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، چەند جارێکیش نوقتەی نیزامی لە ناو هۆڵی پەر لەمان، لەلا یەن ئەندامانی لیژنەی پێشمەرگەوە لەم بوارە گیراوە، داوای ئەوەیان کردووە کە ئەو لیژنە یە هەڵوە شێتەوە، هەڵبەتە ئێمە لە سەرۆکایەتی پەر لەمانیش زۆر هەوڵمان دا لە چوار چێوەی ئەو تەوافوقاتا نەی کە لە نێوان فراکسیۆنەکان دەکرێ سەرۆکایەتی ئەم لیژ نە کاتیەش تەفعیل ببێ و کارە کانی خۆی ئەنجام بدا، بەدا خەوە ئەوەش ئەنجام نەدرا، ئێ ستا هێنراوە تە ناو بەرنا مەی کار بەر مەبنای داوا کاری لیژ نەی موخ تەص لە پەر لەمانی کورد ستان، ئە ندامانی پەر لەمان داوای ئەوە دە کەن کە دوا بخرێ، لیژ نەی پەیوەنداریش هەر بە هەمان شێوەی ئێستا ڕایان وایە کە ئەم بابەتە دوابخرێ، ڕای پەر لەمانتاران یەکلایی دەکا تەوە کە ئەم بابە تە دوا بخرێ و جەنابیشت دەزا نی مە سەلەیەکی پەیڕەوییە، ئە ندامانی پەر لەمان دەتوانن هەر بابەتێك لە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان دوابخەن، کاك د.شوان فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێمولیە ئەو بابە تە یەعنی هەر وا ئا سان نییە کارە ساتێکی مێژوویییە، لە بەر بەرژەوە ندی بەر چاو تەسکی حزبایەتی لە دوای حەوت مانگ و حەوت ڕۆژ نەتوانرێ سەرۆکایەتی ئەو لیژنە یە درو ست بکرێ،

پێ مان با شه  بەڕێزتان وە کو  سەرۆکایەتی پەر لەمان  کێ بەربە ست  بووە؟،  کێ لە سەر  سەرۆکایەتی ویستوویەتی کارەساتێکی جینۆساید لە پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستان کە بە جینۆساید نەناسێنرێت لەبەر  ئەو بەرژەوەندیە یە  کێ  بەرپرس  بووە  بۆ پەر لەمانتارانی کورد ستان و  بۆ  خەڵکی کورد ستانی ڕوون بکەنەوە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناچینە سەر  ئەو بابە تە،  چونکە پێویست نا کات  ئەم بابە تە  لەناو  هۆڵی پەر لەمان  بورووژێنین، بەڵام پەر لەمانی کورد ستان  سەرەڕای  ئەوەی  کە لیژنە کەش دە ست بەکار نەبووە و  تەفعیل  نەبووە  لە بەدوادا چوونی  خۆی نەوە ستاوە و وە کو با سمان  کرد هە ندێ ڕێو شوێن گیراوە تە  بەر،  کە دە توانین  ئەو ڕێوشوێنانە زیاتر بکەین و تەفعیلی بکەین و ئەو پرۆژە بڕیارانە شی  کە ئێستا لای لیژ نەکانی پەر لەمانی کوردستانە ئەوانەش بێتەوە ناو هۆڵی پەرلەمان و  بڕیاری لەسەر بدرێ، کاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەڵەیەك هەیە بەسەر زمانی هەمووماندا تێ دەپەڕێ، جینۆساید و  ئەنفال و کیمیا باران و ئەما نە نا بێ  بوترێ کارە سات،  چونکە کارە سات دە کرێ سرو شتی  بێ، بومەلەرزە یەکیش کارەساتە، ئەمە تاوانە، تاوانێکی موبەرمەجە و ئەنجام دەدرێ، تێبینی دووەمم ئەوە یە ئێمە پێکها تەکانی خۆمانمان وەکو پێویست ئاگا لێ نییە و نەمان پاراستوون، بۆیە بەشێك لە کاکەییەکان و شەبەکەکان  چوون بۆ لای سیستانی و ئەڵێن ئێمە شیعەین و ئەهلو  بەیتین، لەبەر ئەوە  نابێ ئێمە  ئاوا  سەیری پێکها تەکانی خۆمان بکەین، پێویستە زۆر ئاگامان لێیان بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با شە،  سوپاس، ئێ ستا  ئەوە دەخەی نە دەن گەوە،  کێ لە گەڵ ئەوە یە  کە با بەتی هەڵوە شاندنەوەی لیژ نە کاتییەکە......... کاك شوان نوقتەی نیزامیت هەبوو؟  فەرموو.

**بەڕێزشوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

م نیش  پێم  باش  بوو  کە  ئەو یادا شتە  لە (11/11) ەوە د یوەی  بەڕێزان  لە  سەرۆکایەتی پەر لەمان هەوڵێکتان بدابا یە  کە  ئەو لیژنە یە  تەفعیل بکرێ، ل ێرەش  لەناو  هۆڵی پەر لەمان دوو ڕا درو ست  بووە، چونکە ها تە  ناو بەرنا مەی  کار و دا نرا و  بەڕێز  کاك  سالار با سی  کرد، دەن گدان بمێ نێ  یان  نەمێنێ؟ ئەندامانی پەرلەمان یەکلایی بکەنەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی، وایە، ئەندامانی پەرلەمان یەکلایی دەکەنەوە، باشە کێ لە گەڵ ئەوە یە  کە با بەتی هەڵوە شاندنەوەی لیژ نەی  کاتی  بۆ لێکۆڵی نەوە و بەدوادا چوون  بۆ بەجینۆ ساید نا ساندنی تاوا نەکانی دژ  بە  پێکها تەکانی

هەرێمی کوردستان دوابخرێ؟، کێ لەگەڵ دواخیستنیەتی؟ تکا یە ئەوەی لەگەڵیەتی دە ست بەرز بکا تەوە؟ (40) کەس لەگەڵ یەتی، کێ دژ یەتی؟ (19) کەس دژ یەتی کەوا تە پە سەند کرا، سوپاس بۆ لیژ نە پەیوەندارەکان، دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆتان، لیژنەی یاسایی بمێننەوە بۆ خوێند نەوەی یە کەمی پرۆژە یاسایەکە، کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای دوورکەوتنەوە لە سووکایەتی کردن بە ئایینەکان کە ژ ماری یا سایی ئە ندامانی پەر لەمان لە خوارەوە واژوویان کردووە، کە پێکهاتووە لە (11) مادده و هۆیەکانی دەرچوواندن، ئەم بەڕێزا نە ئیمزا یان کردووە ( سروود سلیم، لینا عزر یا بەهرام، جودت جرجیس، کمال یە لدا، مو نا قهوە چی، وحیدە یاقۆ، یروا نت نیسان، باپیر کا مەلا، ما جد بازر گان، ئا یدن مەعروف، محمد سعدالدین) داوا کارین لە بەڕێزتان ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکانی بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کاروباری ئەوقاف و کاروباری ئاینی و لیژنەی مافەکانی مرۆڤی دەکەین، کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای ڕاگرتنی کارکردن بە یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (9)ی ساڵی (2008) کە پێکهاتووە لە (4) مادده و هۆیەکانی دەرچوواندن لەلایەن ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانەوە ئاراستە کراوە، (د.شێرکۆ حەمە امین، قارەمان قادر، عادل عزیز، پەروا علی، منیرە عثمان، عبدالرحمن علی، بێستون فائق، کەژاڵ هادی، د.پەری صالح، د.جوان اسماعیل، حسن صالح، ڕۆزا محمود، برزۆ مجید، شکریە اسماعیل، ئومێد حەمە علی، ابوبکر عمر عبدالله، گەشە دارا، صالح فەقێ محمد امین، سەرکەوت سەرحەد، مریم صمد، سعید مەسیفی، تەلار لطیف) داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکانی بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان دەکرێ، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ کە لە (14) مادده و هۆ یەکانی دەر چوواندن پێك هاتووە، لەلا یەن (58) ئە ندام پەر لەمانی بەڕێزەوە واژوو کراوە کە ئەم ناوانەی خوارەوەیە (سالار محمود، ئێڤار ابراهیم، بەهار عبدالرحمن، نەجیبە لطیف، ڤیان عباس، حە یاة

مجيد، كەژاڵ هادى، ناظم كبير، كەمال يەڵدا، پەروا على، قادر ڕەزگەيى، عباس فتاح، دلێر ماوەتى، د. پەرى صالح، مريم صمد، د.شێركۆ حه مه ا مين، سەركەوت سەرحەد، تەلار لطيف، ئاواز شێخ جەنگى، شيلان جعفر، فيروز طه، نەجاة محمد، منيره عثمان، عبدالرحمن على، ايوب عبدالله، عمر عينايەت، منى قهوەچى، حاجى كاروان، ڕابوون توفيق، حسين اسماعيل، بێستوون فائق، ا نور قادر، قاره مان قادر، فائق مصطفى، د.عزت صابر، صالح فەقێ، دڵشاد شعبان، د.شرين حسنى، ڕۆژا محمود، محمد سعدالدين، جودة جرجيس، ئاواز حميد، انس محمد، ادريس على، ڤەمان فيصل، شوان شێخ ا حمد، د. شوان قەلآدزەيى، سۆران عمر، ئومێد حەمه على، ابوبكر عمر، سەعيد مه سيفى، زا نا عبدالرحمن، گه شه دارا، د.ا براهيم ا حمد، به شار مشير اغا، مدينه ايوب، زياد حسين، صالح بەشارەتى)، بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان تكايه بۆ ڕەوانه كرد نى بۆ ليژنەى پەيوەندار.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

ئەم پرۆژه يا سايه ئارا ستەى گ شت ئه ندامانى پەر لەمان و ليژ نەى پێ شمەرگه و شەهيدان و قوربانيانى جينۆسايد و ليژنەى كاروبارى ئافرەتان و ليژنەى مافەكانى مرۆڤ و ليژ نەى يا سايى پەر لەمانى كورد ستان دەكرێ، زۆر سوپاس بۆ بەڕێزان له ليژنه ياسايى پەرلەمان، كاك سالار نوقتەى نيزامى؟ فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەم پرۆژه ياسايه لەبەرئەوەى ليژنەى كۆمەڵى مەدەنى لەگەڵ ڕێكخراوەكانى كۆمەڵگەى مەدەنى ئامادە يان كردووە، هەروەها له هەفتەى پێشوو پرۆژه ياسايەكى تر تايبەت به پەنابەران و ديپۆرتكراوان هەر لەلايەن ليژنەى كۆمەڵى مەدەنى خۆيەوە ئامادەكرابوو هيوادرام هەردوو پرۆژه ئارا ستەى ئێمه بكرێ، بۆ ئەوەى دەعمى ليژنەكانى تر بكەين كه پشتيوانى بكرێ بۆ دەوڵەمەند كردنى سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

خۆى پەيوەندار نييه به ليژنەى كۆمەڵى مەدەنى، بۆيه ئاراستەمان نەكردووە، بەڵآم ئەوە هەر له ئێستاوە ليژنه پەيوەندارەكان ڕادەسپێرين كه هەماهەنگى لەگەڵ جەنابتان بكەن بۆ ئا مادەكردنى ڕا پۆرت، د. سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پرۆژه ياساى (3) تايبەت به ڕاگرتنى كاركردن به ياساى بەكرێدانى خانووبەرە، دەبووايه تەحويلى ليژنەى شارەوانى بكرابا، لەبەرئەوەى پەيوەسته به ليژنەى شارەوانى لەناو قانونى وەزارەتى شارەوانى با سى ئيجار و ئەوا نه هه يه، ده كرێ ئێ مەش ز ياتر بابەته كه دەوڵەمه ند بكەين و ده كرێ تەحويلى ئێ مه بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئەمە پەیوەنداره به ڕاگرتنی یاسایەکە نەك ئەوەی هەموارکردنەوەی یان ئەمە بێی گفتوگۆی لە سەر بکەی، ڕاگرتنی یاسایەکە کارکردن به یاسایەکە، بۆیە ئاراستەی هیچ لیژنەیەکی ترمان نەکرد، بەس تەنها ئاراستەی لیژنەی یاساییمان کردووه، ئەمە پێویست دەکات پە لەی تـیا بـکرێ، بەڵام ئە گەر دوا یی زانـیـمان پەیوەندیداره بە ئێوەش ئاراستەی لیژنەکەی ئێوەشی دەکەین، خاتوو پەروا فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕام هەیە، بەڵام هەردوو پرۆژەکە پەیوەندارن بە لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی، چونکە کۆ مەڵێك ڕێکخراوی تایبەت هەن بەم پرسە و ئێمە کارمان تیا کردووه، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، لەبەرچاوی دەگرین تێبینیەکەتان، مامۆستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهره بان، له دانیـشتنی پێـشوو ئەو پرۆژه یا سایانەی کە خوێنرا نەوە، پرۆژه یاسایەك خوێنرایەوە هەمواری یاسای باری کەسی ژماره (88) ی ساڵی (1959) هەر ئەو کاتە من ئا ماژەم بەوە کرد کە پێویـستە ئارا ستەی لیژ نەی ئەوقاف بـکرێ، بەڕێزتان لە وەڵا مدا فەرمووتان تایـبەت بە مەسەلەی حەزانەیە و لیژنەکەی ئێوە ناگرێتەوە، بەڵام دوا تر کە پرۆژه کە گەیـشتە دە ستمان دوو پرۆژه یاسایە یەکیان هەندێ بابەتی زۆر هەستیاری تیایە کە بەڕاستی پێویستە لیژنەی ئەوقاف ڕاستەوخۆ قسەی لەسەر بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا غەریب ئە مە پەیوە ندی بە دانیـشتانی ئەمڕۆمان نیـیە، دە توانی جەنابت بە یادا شتێك ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکەی، سوپاست دەکەین، زۆر سوپاس ئەندامانی بەڕێزی پەر لەمان، بەم شێوەیە دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ هات.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان  عێراق** | **کوردستان  عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (11)ی**

**چوار شەممە ڕێکەوتی 25/5/2015**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (11)

## چوار شەممە ڕێكەوتی 2015/5/25

كا تژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2015/5/25 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (11)ی خولی چوارەمی, ساڵی (2015) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (11)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2015/5/25 دا بەم شێوەیە بێت:

1 هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەی ئامادە كردنی پرۆژەی دەستووری كوردستانی عێراق بۆ ڕاپرسی بەپێی بڕگەی یەكەم لە ماددەی دووەمی یاسای ژماره (4) ی ساڵی (2015) ی یاسای ئامادە كردنی پرۆژەی دەستووری كوردستانی عێراق بۆ ڕاپرسی.

2- گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای هەموار كردنی یاسای باری كەسیەتی ژماره (188) ی ساڵی (1959) بەپێی ماددەكانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژماره (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو.

3- خوێندنەوەی یەكەم بۆ ئەم پرۆژە بڕیار و یاسایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژماره (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو:

1 پرۆژە یاسای پێداچوونەوە و ڕێكخستنەوەی خانەنشینی مەدەنی و سەربازی.

2- پرۆژە یاسای بەركار كردن و هەمواری یاسای گرتنی ماددەی قاچاخ و قەدەغە كراوی ئاڵوگۆڕ كردن لە بازاڕە نێوخۆییەكانی ژماره (18) ی ساڵی (2008) ی هەموار كراوی عێراقی فیدراڵ.

3- پرۆژە یاسای هەموار كردنی جێبەجێ كردنی یاسای جێبەجێ كردنی عێراق ژماره (45) ی ساڵی (1980).

4- پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای ژماره (3) ی ساڵی (1998) یاسای كوژانەوە و ئیفراز كردنی زەوییەكان لە ناو سنووری شارەوانییەكاندا.

5- پرۆژە یاسای یەكەم هەموار كردنی یاسای ژماره (19) ی ساڵی (2007) ی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە.

6- پرۆژە بڕیاری دابین كردنی یەكەی نیشتەجێ بوون بۆ ئەو پێشمەرگانەی كە لە جەنگی دژی تیرۆرستانی داعشدان و خاوەنی هیچ یەكەیەكی نیشتەجی بوون نین.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەست پێ ئەکەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (11)، ڕۆژی دایشتن (2015/5/25)، بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی برگە یەکی ماددەی بیست لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی عێراق ژمارە یەکی ساڵی (1992) ی هەموار کراو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا کاتی دانیشتنی ژمارە (11) ی خولی بەهارە لە خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (11) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (2015/5/20) بەم شێوەیە بێت:**

**1 هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەی ئامادە کردنی پرۆژەی دەستووری کوردستانی عێراق بۆ ڕاپرسی بەپێی برگەی یەکەم لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (4) ی ساڵی (2015) ی یاسای ئامادە کردنی پرۆژەی دەستووری کوردستانی عێراق بۆ ڕاپرسی.**

**2- گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (188) ی ساڵی (1959) بەپێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.**

**3- خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە بڕیار و یاسایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو:**

**1 پرۆژە یاسای پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی خانەنشینی مەدەنی و سەربازی.**

**2- پرۆژە یاسای بەرکار کردن و هەمواری یاسای گرتنی ماددەی قاچاخ و قەدەغە کراوی ئاڵوگۆڕ کردن لە بازاڕە نێوخۆییەکانی ژمارە (18) ی ساڵی (2008) ی هەموار کراوی عێراقی فیدراڵ.**

**3- پرۆژە یاسای هەموار کردنی جێ بەجێ کردنی یاسای جێ بەجێ کردنی عێراق ژمارە (45) ی ساڵی (1980).**

**4- پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای ژمارە (3) ی ساڵی (1998) یاسای کوژانەوە و ئیفراز کردنی زەوییەکان لە ناو سنووری شارەوانییەکاندا.**

**5- پرۆژە یاسای یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە (19) ی ساڵی (2007) ی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە.**

**6- پرۆژە بڕیاری دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لە جەنگی دژی تیرۆرستانی داعشدان و خاوەنی هیچ یەکەیەکی نیشتەجی بوون نین.**

**سەرەتا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەین پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە.**

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پوختەی دانیشتنی ژمارە (010) لە بەرواری (2015/4/29) بەم شێوەی خوارەوە بوو:**

**1 دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.**

**2- خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو و خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادە نەبووی کۆبوونەوە و لیژنەکانی پەرلەمان لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.**

**3- پەسند کردنی پێشچاو خستن و گفتوگۆ کردنی ناڕازی بوونی بەڕێز سەرۆکی هەرێم لەسەر ماددەی پێنجی یاسای ژمارە (7) ی ساڵی (2014) ی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (3) ی ساڵی (2011).**

**4- هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری پێکهێنانی لیژنەی کاتی بۆ لێکۆڵینەوە و بەدوادا چوون بۆ بە جینو ساید ناساندی تاوانەکانی دژ بە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (22) ی ساڵی (2014) دوا خرا بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان.**

**5- خوێندنەوەی یەکەم بۆ سێ پرۆژە یاسا لەلایەن لیژنەی یاساییەوە.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا داوا لە بەڕێزیان ئەکەین ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان و لیژنەکانی پەرلەمان بخوێننەوە.**

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (10) ی ئاسایی لە بەرواری (2015/4/29) ئامادە نەبوون یان مۆڵەت پێدراو بوون ئەمانەن:**

**1 ادریس علی- مۆڵەت**

**2- بێگەرد دلشاد-مۆڵەت**

**3- تحسین اسماعیل- مۆڵەت**

**4- جمال مۆرتکە- مۆڵەت**

**5- جودت جرجیس- مۆڵەت**

**6- زۆزان صادق- مۆڵەت**

**7- زولفا محمود- مۆڵەت**

**8- ڤەمان فیصل- مۆڵەت**

**9- عبدالرحمن فارس- مۆڵەت**

**10- محمد صادق- ئامادە نەبووە**

11- مردان خدر مۆڵەت

12- منیره عثمان- مۆڵەت

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ڕاپۆرتی بەدواداچوونی کۆبوونەوەی هەفتانەی لیژنە هەمیشییەکانی پەر لەمانی کوردستان لە (2015/4/29) تا (2015/5/20) بەم شێوەیە بوو کە (22) لیژنەن:

1 لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان لە (4/29) کۆبوونەوەی کردووە:

1 حسن صالح- ئامادە نەبووە

2- لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گۆزار لە (4/29) کۆبوونەوەی کردووە:

1 سراج احمد- مۆڵەت

2- بێگەرد دڵشاد مۆڵەت

3- بهزاد درویش- مۆڵەت

3- لیژنەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە (5/3) کۆبوونەوەی کردووە

1 صالح فەقی- مۆڵەت

2- زیاد حسین- مۆڵەت

4- لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر لە (5/3) کۆبوونەوەی کردووە

1 عمر کۆچەر- ئامادە نەبووە

5- لیژنەی پەیوەندییەکان کاروباری ڕەوەندی کوردستانی لە (5/3) کۆبوونەوەی کردووە

1 ڕابوون توفیق- مۆڵەت

2- محمد علی- مۆڵەت

3- تحسین اسماعیل- مۆڵەت بووە

4- سەرکەوت سەرحەد- مۆڵەت

6- لیژ نەی کارو باری پێ شمەرگە و شەهیدان و قورباذ یانی جینۆ سیاد و زیـ ندانیانی سیا سی لە (5/3) کۆبوونەوەی یەکەم

1 ئاری محمد-مۆڵەت

2- قادر ئۆتمان مۆڵەت

3- هەورامان حەمە شەریف مۆڵەت

4- عبدالرحمن فارس مۆڵەت

5- یعقوب گورگیس مۆڵەت

هەمان لیژنە هەمان ڕۆژدا کۆبوونەوی دووەمیان کردووە

1 ئاری محمد مۆڵەت

2- هەورامان حەمە شەریف مۆڵەت

3- عبدالرحمن فارس مۆڵەت بووە

4- یعقوب گورگیس مۆڵەت

8- لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە (5/4) کۆبوونەوەی کردووە

1 زۆزان صادق مۆڵەت

9- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە (5/4) کۆبوونەوەی کردووە

گشت ئەندامانی ئامادە بوون

10- لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی لە (5/4) کۆبوونەوەی کردووە

گشت ئەندامانی ئامادە بوون

11- لیژنەی بازرگانی پاراستنی مافەکانی بەکاربەر لە (5/4) کۆبوونەوەی کردووە

1 عبدالله جاسم مۆڵەت

2- زولفا محمود مۆڵەت

3- محمد سعدالدین مۆڵەت

12- لیژنەی دارایی و کاروباری وەبەرهێنان لە (5/4) کۆبوونەوەی کردووە

1 شرین حسنی مۆڵەت بووە

2- صالح فەقی مۆڵەت بووە

3- یراونت نیسان مۆڵەت

13- لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان لە (5/4) کۆبوونەوەی کردووە

1 یعقوب گورگیس مۆڵەت بووە

2- حسن صالح مۆڵەت

3- خلف احمد مۆڵەت

14- لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکان لە (5/4) کۆبوونەوەی کردووە

1 علی هالۆ- مۆڵەت

2- یروانت نیسان مۆلەت بووە

3- بەیار طاهر- مۆڵەت

15- لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە لە (5/5) کۆبوونەوەی کردووە

1 زلفا محمود مۆڵەت بووە

16- لیژنەی کۆمەلاّیەتی و منداڵ و خێزان لە (5/6) کۆبوونەوەی کردووە

1 سرود سلیم ئامادە نەبووە

17- لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە لە (5/6) کۆبووەنەوەی کردووە

1 زولفا محمود مۆڵەت

2- شێرکۆ حەمە امین مۆڵەت

18- لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە (5/6) کۆبوونەوەی کردووە

1 صالح فەقی مۆڵەت

2- زیاد حسین مۆڵەت

3- امنە زکری مۆڵەت

4- ئامۆ شیخۆ مۆڵەت

5- کنعان نجم الدین مۆڵەت

19- لیژنەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە (5/10) کۆبوونەوەی کردووە

1 صالح فەقی مۆڵەت

2- زیاد حسین مۆڵەت

20- لیژنەی کاروباری پەرلەمان لە (5/10) کۆبوونەوەی کردووە

1 فەیرۆز طە مۆڵەت

2- زۆزان صادق مۆڵەت

3- ئایدن معروف مۆلەت

4- سعید محمد ئامادە نەبووە

21- لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە (5/10 ) کۆبوونەوەی کردووە

1 ئاری محمد مۆڵەت

2- یعقوب گورگیس مۆلەت

22- لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری و وەبەرهێنان لە (5/11) کۆبوونەوەی کردووە

1 شرین حسنی مۆڵەت

2- مدینە ایوب مۆڵەت

3- سۆران عمر ئامادە نەبووە

23- لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکان لە (5/11) کۆبوونەوەی کردووە

1 صالح بەشار مۆڵەت بووە

24- لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری و بەنداوەکان لە (5/11) کۆبوونەوەی کردووە

1 یعقوب گورگیس مۆڵەت بووە

25- لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر لە (5/11) کۆبوونەوەی کردووە

1 ڤیان عباس مۆڵەت بووە

2- حيات مجيد مۆڵەت

3- عمر كۆچەر مۆڵەت

26- لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی لە (5/11) کۆبوونەوەی کردووە

1 محمد علی یاسین ئامادە نەبووە

2- ئێڤار ابراهیم مۆڵەت بووە

3- كمال یلدا مۆڵەت

27- لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە لە (5/11) کۆبوونەوەی کردووە

1 مریم صمد مۆڵەت بووە

28- لیژنەی کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان لە (5/11) کۆبوونەوەی کردووە

1 کەژاڵ هادی مۆڵەت

2- فیرۆز طه مۆڵەت بووە

29- لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە (5/11) کۆبوونەوەی کردووە

1سەرجەم ئەندامان ئامادە بوون

30- لیژنەی دەستپاکی لە (5/12) کۆبوونەوەی کردووە

فرست صۆفی مۆڵەت بووە

2- گۆران ئازاد ئامادە نەبووە

31- لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافی بەکاربەر لە (5/12) کۆبوونەوەی کردووە

1 عبدالرحمن علی مۆلەت بووە

2- عبدالله جاسم مۆڵەت بووە

3- زولفا محمود مۆڵەت بووە

32- لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری و وبەرهێنان لە (5/12) کۆبوونەوەی کردووە

1 مدینه ایوب مۆڵەت بووە

2- ڕۆزا محمود ئامادە نەبووە

3- دڵشاد شعبان ئامادە نەبووە

33- لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان لە (5/14) کۆبوونەوەی کردووە

1 عبدالله حاجی محمود مۆڵەت بووە

2- ابو بکر عمر مۆڵەت بووە

3- برزۆ مجید مۆڵەت بووە

4- حسین اسماعیل مۆڵەت بووە

5- محمد سعدالدین مۆڵەت بووە

34- لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە لە (5/17 کۆبوونەوەی کردووە
1 شێرکۆ حمە امین مۆڵەت بووە
35- لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی لە (5/18) کۆبوونەوەی کردووە
1 سالار محمود مۆڵەت
2- ئیڤار ابراهیم مۆڵەت
36- لیژنەی کاروباری کۆمەلآیەتی و منداڵ و خێ.ان لە (5/18) کۆبوونەوەی کردووە
سەرجەم ئەندامان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون
37- لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە (5/18) کۆبوونەوەی کردووە
1 قادر ئۆتمان مۆڵەت
2- هەورامان حەمە شەریف مۆڵەت
3- عبدالرحمن فارسی مۆڵەت
4- باپیر کاملا مۆڵەت
5- عبدالله حاجی محمود مۆڵەت
6- یعقوب گورگیس مۆڵەت
38- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە (5/18) کۆبوونەوەی کردووە
1 هەورامان حەمە شەریف مۆڵەت
2- لینا عزریا مۆڵەت
39- لیژنەی پویەندیەکان و کاروباری ڕەوەندی کوردستانی (5/18) کۆبوونەوەی کردووە
1 ڕابوون توفیق ئامادە نەبووە
2- وحیدە یاقو مۆڵەت
3- قادر ئۆتمان ئامادە نەبووە
40- لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر لە (5/18) کۆبوونەوەی کردووە
1 عمر کۆچەر مۆڵەت بووە
41- لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان لە (5/18) کۆبوونەوەی کردووە
1 فرهاد سەنگاوی مۆڵەت
2- یعقوب گورگیس مۆڵەت
42- لیژنەی پیشەسازی وزە و سەرچاوە سروشتیەکان لە (5/18) کۆبوونەوەی کردووە
1 شێرکۆ جودت مۆڵەت بووە
2- صالح بەشار مۆڵەت بووە

43- لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە (5/18) کۆبوونەوەی کردووە

1 وحیدە یاقۆ مۆڵەت بووە

2- شوان قەلاّدزەیی مۆڵەت

3- مردان خدار مۆڵەت

4- زۆزان صادق- مۆڵەت

44- لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری و وەبەرهێنان لە (5/19) کۆبوونەوەی کردووە

1 شێرکۆ جودت مۆڵەت

45- لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گۆزار لە (5/19) کۆبوونەوەی کردووە

1 کمال یلدا مۆڵەت

2- صالح بەشار مۆڵەت

3 سراج احمد مۆڵەت

4- علی هالۆ مۆڵەت

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لیژنەی کاروباری یاسایی هەفتانە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیان بە ئەنجام گەیاندووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا ئەچینە سەر بڕگەی یەکەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆ کە بریتییە لە (هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەی ئامادە کردنی پرۆژەی دەستووری کوردستانی عێراق بۆ ڕاپرسی بەپێی بڕگەی یەکەم لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (4) ی ساڵی (2015) ی یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری کوردستانی عێراق بۆ ڕاپرسی)، دوو نەفەرمان تێدا نییە، بەڵام تکایە نوێنەرمان نییە بن، فەرموو مامۆستا عومەر.

**بەڕێز عمر کۆچەر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز داخازێ دکەم ئەڤ خشتا لیژنا جارەکا دی ڤەگەڕێت ڤە، چنکی ئەڤ تەعاروزا چێت بیتن گەلەک جارا، مەسەلەن لیژنا ل ڕۆژا دووشەمبی سکرتێر...........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئامادەمان کردووە، لەگەڵ خشتەی تازە دەست بەکار ئەبن، فەرموو دکتۆر سیراج.

**بەڕێز سراج شێخ احمد :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوا ئەكەم تا تەواو ئەبم سینگت فراوان بێ، داوای ڕوون كردنەوەت لێ ئەكەم سەبارەت بە پرۆژە یاسای هەمواری باری كەسەی ژمارە (188) ی ساڵی (1959)........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، پەیوەندی بە بەرنامەی كارەوە نییە.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

پەیوەندی بە بەرنامەی كاری داهاتووەوە هەیە، ڕوون كردنەوەیە......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر پەیوەندی بە ئێستاوە نییە، سوپاس بۆ بەڕێزت، فەرموو كاك نازم، دكتۆر سراج هاتی لە دەستەی سەرۆكایەتی ڕوون كردنەوەمان پێدای.

**بەڕێز ناظم كبیر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە یاداشتەكەی هەر چوار فراكسیۆنەكە ئەكەین، دەربارەی هەڵبژاردنی ئەندامانی........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، ئەگەر قسەت هەیە دوایی ئەتوانی قسەكانی خۆت بكەی لە چوار چێوەی بەرنامەی كار، فەرموو خاتوو حەیات.

**بەڕێز حیات مجید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسە كردنی من نوقتەی نیزامییە، بە تایبەت لەسەر بڕگەی یەكەم كە لە قانونەكە هاتووە ئەڵێ كە لە یاسای ئامادە كردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان هاتووە لە ماددەی دوو لە فەقەرەی یەك ئەڵێ لیژنەكە بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان هەڵئەبژێرێ كە ئەكرێ ئەندامی پەرلەمان بن یان لە دەرەوەی پەرلەمان بن بە مەرجێ پسپۆڕ یان خاوەن ئەزموون بن، و ڕێژەی ژنان و نوێنەرایەتی پێكهاتەكان لەخۆ بگرێ، بە مەرجێ پسپۆڕ یان خاوەن ئەزموون بن، ئێمە وەكو ئەندام تا ئێستا سیڤی هیچ یەك لەو بەڕێزانەمان بەدەست نەگەیشتووە، لە بۆكسی كەسمان نییە تا بزانین ئەو كەسانە پسپۆڕن یان خاوەن ئەزموونن، بۆ مەسەلەی ئافرەتانیش ئەوە ئافرەتی تێدایە بە خۆشحاڵیەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سەبارەت بە مەسەلەی سیڤی ڕاستە باشتر وابوو سیڤی لەگەڵ ناوەكان بهاتبایە، بەڵام داوا نەكراوە لەلا یەن یا ساكە، بەدا خەوە فراكسیۆنەكان زۆر دوا كەوتن لە هێنانی ناوی كاندیدەكانیان، هەندێ لە فراكسیۆنەكان دوێنێ ناوەكانیان ڕادەستی دەستەی سەرۆكایەتی كردووە، بەڵام ئەوە عەرقەلە دروست ناكات

بۆ ئیشەکە، پێم وا بێ ئەوا نەی کاند ید کراون ئە ندامی پەر لەمانی تێدا یە، و هە ندێ لە ڕاو ێژکارەکانی پەرلەمانی تێدایە، ئەوەی ئێمەش سەرنجمان داوە ئەو مەرجانەی لە یا ساکە داوا کراوە تێ یان دا یە، بەرێز عەبدالرەحمان عەلی.

**بەڕێز عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مولاحەزەیەکم لەسەر کۆبوونەوەی لیژنەکان هەیە، و ناوخوێنەوەی ئێوە کە مۆڵەتە یان غائیبە، با سی کۆبوونەوەی لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافی بەکاربەر کراوە، وادیارە لە (12) مانگ لە کۆبوونەوە بووە، من لە (11) مانگ لە گەڵ کاك ماجید بە سەعات بەیە کەوە بووین، با سی ئەوە نەکراوە (12) مانگ کۆبوونەوە بێ، ئێمە (12) مانگ لە لیژنەکەی لە لیژنەی بەنداوەکان و ئاودێری بە فەرمی لە مەنتیقەی سەنگاو بووین کەچی بە مۆڵەت نووسراوە، ئەوە بۆ پرۆتۆکۆل..........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ئەتوانی ئەوەی باست کرد بە یادا شتێك بیدەی بە بەرێز سکرتێری پەر لەمان و بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، و کە خشتەی دانیشتنی لیژنەکان ڕێکخرا ئەوکات ئەو کێشانەش کۆتایی دێت.

**بەڕێز عبدالرحمن:**

من لەحزەیەك غیاب نەبووم، مۆڵەتیشم وەرنەگرتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی نەکرد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی من لەلایەن سکرتێرەوە خوێندرایەوە کە لە دانیشتنی ژمارە (10) ئامادە نەبووم، بەڵام بە ئیمزاو و بە خەتی خۆم ئەو ڕۆژە ئامادە بووم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەتوانی بەرێزیشت یاداشتێك بدەی بە سەرۆکایەتی بۆ ئەو بابەتە، فەرموو مامۆستا ماجید.

**بەڕێز ماجد عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە کاندیدی تورکمان..........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش، با بڕۆینە سەر بەرنامەی کار.

**بەڕێز ماجد عثمان :**

پێنج دەقە مەجالم بدێ، ئەچینە دەرەوە گفتوگۆیەك ئەکەین و دێینەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە فەرموو، فەرموو کاك بەهزاد.

**بەڕێز بەهزاد دروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بڕیاردەری لیژنە ئەبێ ئاگاداری ئەندامان بکات بۆ ئامادە بوون، لە (4/29) ناوێ من هاتە خاندن کە مۆڵەت بووم، تەبعەن مۆڵەت نەبووم، بەس ئگادار نەبووم، بە..........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزیشت ئەتوانی بە یادا شتێك ئەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی بکەی، تکایە با بەرنامەی کار دەست پێ بکەین کە بریتییە لە (هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەی ئامادە کردنی پرۆژەی دەستووری کوردستانی عێراق بۆ ڕاپرسی بەپێی بڕگەی یەکەم لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (4) ی ساڵی (2015) ی یاسای ئامادە کردنی پرۆژەی دەستووری کوردستانی عێراق بۆ ڕاپرسی.)، سەرەتا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەم ناوەکان بخوێنێتەوە، هەندێ ڕوون کردنەوە ئەدەم، دوایی هەر کەس قسەی خۆی هەیە بیکات، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بە حوکمی بڕگەی یەکەم لە ماددەی دووی یاسای ئامادە کردنی پرۆژەی دەستووری کوردستانی عێراق بۆ ڕاپرسی ئەو بەڕێزانە لەلایەن فراکسیۆنەکانی پەرلەمانەوە کاندید کراون بۆ لیژنەی دەستووری:

1- نەمر کەچۆ هسام
2- فرست صۆفی
3- ڤالا فرید
4- سیروان عدنان میرزا
5- عثمان علي
6- عبدالفتاح عبدالرزاق محمود

7- عبدالحكيم خسرؤ
8- شؤرش مصطفى رسول
9- بەهار محمود فتاح
10- كويَستان محمود
11- عدنان عثمان محمد
12- گۆران ئازاد محمد
13- خامۆش عمر عبدالله
14- چێنەر علی احمد
15- اركان قادر علی
16- خليل ابراهيم محمد
17- ابو بكر عمر عبدالله
18- دانا دارا حسين
19- منى يوحنا يعقوب

**بەرێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ناوەكان ئەنووسرێ بۆ قسە كردن، بەرێزان لە ماوەی ڕابردوو چەند كۆبوونەوەيەك لە دەستەی سەرۆكايەتی لەگەڵ فراكسيۆنەكانی پەرلەمان ئەنجام درا، بۆ ڕێكەوتن لەسەر ناوی ئەندامانی ليژنەی دەستووری بەو شێوەی لە ياساكە هاتووە، لە ئەنجامی سێ كۆبوونەوە دەرئەنجامەی بەو شێوەيە بوو كە لەبەر دەستانە ئێستا، تەنيا ئيشكالێك ماوەتەوە، ئەوەبوو كە بەپێی ئەو ليكتێگەيشتنانەی لە كۆبوونەوەكان ئەنجام درا نوێنەرێك بۆ چوار حيزبی ناو پەرلەمان دياری كرا كە ئێستا وابزانم نوێنەرەكەيان ئامادە نييە، و پێم وابێ قسەی خۆيان هەيە لەسەر ئەو بابەتە كە قسەكانی خۆيان ئەكەن، و ناويان نووسيووە بۆ ئەوەی قسە بكەن، نوێنەری پێكهاتەی توركمانيش كە بە پێی ياساكە پێويست ئەكات لە ليژنەكە هەبێن جياوازيەك هەبوو لە نێوان ئەندام پەرلەمانانی بەرێزی نوێنەری پێكهاتەی توركمانەكان لەسەر ناوەكان، زۆرينەيان پشتگيری لە كەسێك ئەكەن، و كانديدێكی تريش هەيە كە يەكێ لە ئەندامانی پەرلەمان پشتگيری لێ ئەكات، بۆ ئەوەی ئەو خيلافە نەيەتە ناو پەرلەمان ئێمە لە دەستەی سەرۆكايەتی پێمان باش بوو كە هەفتەيەك مۆڵەتيان پێ بدەين بۆ ئەوەی ئەو بابەتە لە نێوان خۆيان ساغ بكەنەوە، واتە نوێنەرێكی تەوافوقی پێكهاتەی توركمان بێتە ناو هۆڵی پەرلەمان و دەنگی لەسەر بدرێ، بەلأم ئەگەر لەماوەی ئەو هەفتەيەش نەتوانن ئيتيفاقی لەسەر بكەن ئەوە بەپێی ئاليەتێك وائەكەين كە كانديدی زۆرينەی خۆيان بە شێوەيەك لە شێوەكان بهێننە ناو هۆڵی پەرلەمان بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێ، بەلأم هێشتان پێمان باش بوو دەرگايەك بێڵينەوە بۆ ڕێككەوتنی خۆيان لەسەر ئەو نوێنەرەی كە پێويستە ئەكات لە ليژنەكە هەبێ، چونكە لەوێ لەياساكە باس لەوە كراوە كە نوێنەری پێكهاتەی توركمان

و کلد و ئاشووری و سریان، نوێنەری نەتەوە جیاوازەکانی تری هەرێمی کوردستان بەشدار بن لە لیژنە دەستووریەکە، ئێستا ئەو بەرێزانەی ئەیانەوێ ناوی خۆیان تۆمار بکەن بۆ قسە کردن لەسەر ئەو بابەتە، دوایی لە دوای تەواو بوونی قسە کردن دەنگدان لەسەر ئەندامانی لیژنەکە ئەنجام ئەدەین، فەرموو کاك ئەبو کاروان، فەرموو کاك ئاری.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تەئکید بە حوکمی ئەوەی کە ئێمە هێشتان نەبووین بە دەوڵەت مۆدێلی دیموکراسی لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەساسی سازان و تەوافوق لەگەڵ یەکتر تێگەیشتن و گوێ گرتن لە یەکتری و قبوڵ کردنی یەکتری وەکو سەرەتایەکی فێربوون لە دیموکراسیەت هەموومان ئەو مۆدێلەمان قبوڵ کردووە، ئەو مولاحەزاتانەی هەمە لەسەر ئەو هەڵبژاردنەی ئەمڕۆ بە کورتی عەرزی بەرێزتان ئەکەم، یەکەم، لە ماددەی دوو بڕگەی چوار بڕیارەکانی لیژنە بە سازان ئەبێ، تەئکید ئەکەمەوە لەسەر وشەی سازان، لە هۆیەکانی دەرچوواندن ئەڵێ لە پێناو هینانەکایەی سازان، سازان لە مەعنی کێ؟ لە هیچ شوێنێکی ئەو قانونە نەنووسراوە ئەو سازانە لە نێوان کۆمەڵێك ئەحزاب و لایەنی سیاسی لە کوردستان ئەکرێ، کەواتە ئەوە شتێکی زۆر گشتگیرە، زۆر بەداخەوە ئەو چوار حیزبە سیاسییەی کە لە کۆبوونەوەی پێشووش ناوم بردن، حیزبی سۆشیالیست، حیزبی شیوعی، بزووتنەوەی ئیسلامی، و ئاڕاستەی سێەم، نوێنەریان نابێ بەپێی ئەو تەوافوقەی لەو لیستە خوێندرایەوە لەو لیژنەیە، زۆر سەیرە تۆ قبوڵی بکەی خەڵکێك کە بەشداری هەڵبژاردنی نەکردووە، تاکە کەسی مەعنەوییە لەم وڵاتە بەس لەبەر ئەوەی پسپۆڕە قبوڵت بێ لە لیژنەکە حازر بێ، بەڵام نوێنەری حیزبێکی زل کە بە هەزاران خەڵك دەنگی پێداوە، ڕابردوویەکی پڕ شۆڕش گێری هەیە، خزمەتی کردوون گیان فیدایی کردووە، نوێنەری نەبێ لەو لیژنە، بۆیە من جگە لەوەی ڕەخنەی خۆم ئاراستەی هەموو لایەنە سیاسیەکان ئەکەم بە حیزبەکەی خۆشمەوە، ئەوە خواردنی حەقی ئەو لایەنە سیاسیانەیە، بەهیچ جۆرێك قبوڵم نییە، بۆیە ئەو پێشنیارە ئەکەم، لە ماددەی دوو لە بڕگەی دوو هاتووە ئەڵێ لیژنەکە لە (21) ئەندام زیاتر نەبێ، مەعنای ئەوەیە هیچ موشکیلە نییە کەمتر بێ، ئالیاتی دانانی ئەو (21) کەسە و کەمتر نەبێ لێرە دانەنراوە، کەواتە ئیجتیهادی لایەنە سیاسیەکان لەم پەرلەمانە دەورێکی گەورەی ئەبێ، بۆیە پێشنیار ئەکەم، ئەوە هیچ کە هەر یەك لە کەمینەکان یەکی یەك ئەندامی هەبێ........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە پەلە بکە، چونکە کاتت نەماوە.

**بەڕێز ئاری هەرسن:**

زۆر پەلە ئەکەم، ئەوە سێ، حیزبی سوشیالیست، حیزبی شیوعی، و بزووتنەوەی ئیسلامی و ئاراستەی سێیەم یەکی ئەندامێك، ئەو پێنج حیزبەش یەکی ئەندامێك، هەر یەك لە پێنج حیزبەکەش بۆی هەبێ یەك کەس لە دەرەوە بێنێ، هیوادارم خوای گەورە یارمەتیمان بدات، یەکڕیزی خۆمان بپارێزین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئەبو کاروان.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەر لە سەرتاوە کە بە فشار کراین بە گرووپێك، ڕەتی ئەو هەڵوێستەمان کردووە، تەئکدیمان کردووە ئەو میکانیزمەی دانرەوە بۆ هەڵبژاردنی لیژنە (21) کەسیەکە، دوورە لە ناوەڕۆکی یاساکە و سازانی نیشتیمانی، بۆیە ئەو یاداشتەی ئێستا ئەیخوێنینەوە، و دەست خۆشی لە (39) پەرلەمانتار دەکەین کە پشتگیری یاداشتەکەی ئێمەیان کردووە کە هەموو فراکسیۆنەکانیشی تێدایە تەنیا فراکسیۆنی (کۆمەڵی ئیسلامی) نەبێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان: بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بە پێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2015)ی پەرلەمانی کوردستان یاسای ئامادە کردنی پرۆژەی دەستووری کوردستان  عێراق بۆ ڕاپرسی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەکە بە شێوەیەك مامەڵە لە گەڵ پێکهێنانی دا کرا دوورە لە ناوەڕووکی یاساکە و سازانی نیشتمانی، کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەرێم لەسەری کۆکن، بەو پێیەی دەستوور بۆ هەموو خەڵکی کوردستانەو، ئێمەش دەمانویست بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستوورەکەمان لە لایەن چەند حیزبێکەوە پاوەن نەکرێن، بەڵکۆ بۆ سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستان و نەوەکانی داهاتووی ئەم نیشتمانەمان بێت بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و کۆمەڵایەتیەکانییەوە، لە دواجاریشدا دەستوور ببێتە ڕاستە ڕێگای بەدیهێنانی ئامانجی نیشتمانی و نەتەوەیمان بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی سەرجەم دامەزراوەکان و گەل بەرەو گەیشتن بە قەوارەیەکی سەربەخۆ ، بەڕێزان لە سۆنگەی بەرپرسیاریەتی مێژوویمانەوە لە پرسێکی ئاوا گرینگ دا بڕیارماندا بە ڕەتکردنەوەی ئەو میکانیزمەی بۆ لیژنە (21) کەسیەکە ڕێکخراوە بە شێوەی قۆرخ کاری و بەش بەشێنەی حیزبی بەرتەسك و ڕەچاونەکردنی توانا و پسپۆڕییەکانی پێکهاتە فرەییەکەی گەلەکەمان کە لە ئاست بایەخ و گرینگی ئەم پرسە چارەنووس سازەدا نییە، ناوی پەرلەمانتارەکان (عبدالرحمن فارس (ابو کاروان) (ئازادی)، باپیر کاملا (ئاڕاستەی سێیەم)، عبدالله حاجی محمود (سۆشیالیست)، وەحیدە یاقو (کلدانی سریانی ئاشووری)، سالار محمود (فراکسیۆنی سەوز)، سەعید مەسیفی (فراکسیۆنی سەوز) ، ناظم کبیر (فراکسیۆنی زەرد)، شوان شێخ احمد (فراکسیۆنی زەرد)، ڤیان عباس (فراکسیۆنی زەرد)، زیاد حسین (فراکسیۆنی زەرد)، بشار مشیر (فراکسیۆنی زەرد)، ئاواز حمید حسین (فراکسیۆنی زەرد)، شامۆ شێخۆ (فراکسیۆنی زەرد)، حیات مجید (فراکسیۆنی زەرد)، فیروز طه (فراکسیۆنی زەرد)، تحسین اسماعیل (فراکسیۆنی زەرد)، مەردان خدر

**مصطفى (فراكسيۆنی زەرد)، نجاة محمد عبالله (فراكسيۆنی زەرد)، عباس غزالی (فراكسيۆنی زەرد)، شيلان جعفر (فراكسيۆنی زەرد)، ڤەمان فيصل (فراكسيۆنی زەرد)، ئاری محمد هەرسين (فراكسيۆنی زەرد)، عمر عينايەت (فراكسيۆنی گۆڕان)، ئێڤار ابراهيم حسين (فراكسيۆنی گۆڕان)، د.شوان قەڵادزەیی (فراكسيۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی)، يعقوب گۆرگيس (فراكسيۆنی الرافدين)، لينا عزريا (فراكسيۆنی الرافدين)، ئايدن معروف (فراكسيۆنی توركمان)، محمد سعدالدين (فراكسيۆنی توركمان)، ماجد عثمان (فراكسيۆنی توركمان)، سرود سليم (ابناء النهرين)، كمال يلدا (فراكسيۆنی مجلس الشعب الكلداني السرياني الاشوري)، جودت جرجيس (فراكسيۆنی توركمان)، مدينه أيوب (فراكسيۆنی زەرد)، كاك فەرهاد سەنگاوی بە تەحەفزەوە واژوی كردووە، مريم صمد (فراكسيۆنی سەوز)، د.محمد علی ياسين (فراكسيۆنی زەرد)، منی نبی قەهوەجی (فراكسيۆنی پێشكەوتووی توركمان)، غريب مصطفى (فراكسيۆنی يەكگرتووی ئيسلامی)، زۆر سوپاسيان دەكەين و دەستيشيان خۆش بێت و، دەستی ئەو لايەنانەو ئەو پەرلەمانتارانەش خۆش بێت، كە هەڵوێستيان بە بەردەوامی پشتگيری بوو، پشتگيريان لە سازانی نيشتمانی كردو، زۆر سوپاسيان دەكەين.**

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**باشە، سوپاس، كاك سۆران نوقتەی نيزاميت هەيە؟ فەرموو.**

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەو ڕەنگ و ناوانەی خوێندیەوە ڕەنگی پورتەڤاڵی كەم بوو، بۆيە منيش لە فراكسيۆنی (كۆمەڵی ئيسلامی) پورتەڤاڵی، بووی واژو دەكەم، بۆئەوەی نەڵێت ئێمە تێدا نەبووين.**

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**باشە، كاك ناظم فەرموو.**

**بەڕێز ناظم كبير:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پشتگيری تەواوی قسەكانی برای بەڕێزم كاك (ئاری) دەكەم و، پشتگيری لە و ياداشتەی كە (ابو كاروان) خوێندیەوە دەكەم، هيواداريين پێداچوونەوەيەك هەبێت بۆ ئەوەی كە سازان جێگای خۆی بگرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز كاك رابوون فەرموو.**

**بەڕێز رابوون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە نوێنەرایەتی پێکهاتەی تورکمان لە لیژنە دەستووریەکەدا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان زمنییەن ئاماژەی پێ کرد ئەگەر ئەو لایەنانە نەگەنە ئیتیفاق زمنییەن سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی پێ کرد کە ڕەنگە کاندیدی زۆرینەی ناو کۆتلەی تورکمانی بخرێتە دەنگدانەوە و پەسەند بکرێت، من سەرنجی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوە ڕادەکێشم، کە لە ڕووی یاساییەوە ئالیەتێکی لەو چەشنە نییە کە کاندیدی زۆرینەی برا تورکمانەکانمان بخرێتە دەنگدانەوەو پەسەند بکرێت یان بە مانایەك لە ماناکان بە داوای لێ بووردنەوە بسەپێنێت، لە ڕووی یاساییەوە برا تورکمانەکانمان مافیان هەیە زیاتر لە کاندیدێك پێشکەش بکەن، واتە ئەگەر بۆ نموونە براتورکمانەکان خۆیان (2) کاندیدیان هەبوو و نەگەیشتنە ئیتیفاق هەردوو کاندیدەکە مافی ئەوەیان هەیە بێنە بەردەم پەرلەمان و بخرێنە دەنگدانەوە ئەوەی زۆرینە بەدەست دەهێنێت لە پەرلەمان لە ڕووی یاساییەوە دەبێتە کاندیدی برا تورکمانەکانمان،...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جا ئەگەر تۆزێك دەرفەتم بدەیتێ بۆ ئەوەی شتێکت پێ بلێم، هەواڵێکت پێ بلێم، ئێستا نوێنەری پێکهاتەی تورکمان داوایان کرد کە بڕۆنە دەرەوە بۆئەوەی ڕێك بکەون لەسەر کاندیدێك و، ئێستا یاداشتێکیان داوە بە من، من چاوەڕێی کاك (ئایدن)ش دەکەم بێتەوە ناو هۆڵی پەرلەمان، پێموابێت ڕێککەوتوون لەسەر کاندیدێك هەر (5) یان.

**بەڕێز رابوون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بگەنە ئیتیفاق، چونکە هەڵوێستی ئێمە پشتگیری کردنی ئەوانە و تەبعەن پشتگیری ئەوانیش دەکەین کە بگەنە ئیتیفاق هەر لە ئێستاوە پیرۆزباییان لێدەکەم ئەگەر بگەن بە ئیتیفاق، بەڵێ سەبارەت بە مەسیرەیەکی کورتی پێکهاتنی ئەو لیژنە دەستووریە، تەبعەن بە گوێرەی سیستەمی (سانتلیگۆ) کە دواجار پەنای بۆ برا لەبەرئەوەی دیار بوو فراکسیۆنەکان نەگەیشتنە ئەنجامێك کە هەموویان لەسەری کۆك بن، بەم جۆرە دابەش دەکرا لە گەورەوە بۆ بچووك دەبوو بە (7)، (5)، (4)، (2)، (1)، یەك بۆ برا تورکمانەکان و یەك بۆ برا پێکهاتەی کلدو ئاشووری و ئەرمەنەکان، هەڵبەتە ئێستا ئەگەر ئەوانەی کە دەیانەوێت موتابەعەی ئەو لیژنە دەستووریەو پێکهاتەی لیژنە دەستووریەکە بکەن دەبینن کە فراکسیۆنی ئێمە فراکسیۆنی (گۆڕان) نەرمییەکی زۆری نواندووە و، هەڵوێستمان پشتگیری کردن بوو بۆئەوەی بگەینە ئەنجامێك و ئیتیفاقێك و پێشتریش پێشمان وابوو و ئێستاش پێمان وایە کە دەبوو ئاراستەی (چەپ) لەو لیژنە دەستووریەدا حزوری هەبێت، ئێمە نەرمی تەواومان نواند، ئێستاش پێمان وایە دەبوایە ئەو بابەتە حیسابی بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبێژم یا گرینگە ئەم بگەهینە حەلەکێ براستی ئەڤە هێشتا نە بییە هەیڤەك مە ئەڤ یاسایە یا دەرێ خستی ڤێ گاڤێ داخواز دێتە کرن، یەعنی گەلەك جارا مە دگوت ئەڤە (23) ساڵە ئەم نەبینە خودان دەستوور ئەگەر دخیلالێ هەیڤەکێ دا جارەکادی ئەم بێن ڤان گەنگەشا بکەینەڤە یان ڤانوون بێتە تەعدیل کرن ئیزەن لێرە مەجالێ هندێ نینە، ژبەر هندێ ئەم دبێژین یەعنی براستی یان دڤێت سازان پێشوەخت هاتبا کرن پێش ڤێ جەلسێ یان ژی دڤێت بەردوام بین و پەسەند بکەین ئەڤ ناڤێت هاتینە ڤێرێ دا بگەهینە ئەنجامان براستی یان ژی ئەو ناڤێت کو زۆر، تەبعەن یەعنی ئیحتیمالە ئەگەر مەسەلێت یاسای نە ئەگەر ئەم هەمی پشتگیریا هەمی پێکهاتا دەین، هەمی ڕۆشنبیرا دکەین، هەمی کەسا دکەین کو بەشداربن دنڤێسینا دەستووری دا براستی، بەس دڤێرێ دا ئەگەر مەجال نەبیت یان دڤێت ئەو لایەنێت کو زۆر کورسی هەین کورسییێت خۆ بدەنە ئەڤێت ماین دا بگەهینە حەلەکێ یان ژی وەکو گۆتی بەردەوام لدیڤ یاسایێ کو ئەڤ یاسایە بەحسا هندێ دکەتن کو چەند شەرتەکێت ئەساسی تێدا هەنە کو (خودان ئەزموون بیت و، ڕێژا ژنان و، نوینەرێت پێکهاتا) وا بزانم ئەڤە ژی یا هاتیە ڕەچاو کرن، خاڵا دووماهیێ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی، من پێباشە وەختێ ناڤ بێنە خواندن پسپۆریەکە بەرامبەر پسپۆری بێتە خواندن مەسەلەن دەرچوویێ یاسایێ یە بۆ دڵنیایی ئەگەر سیڤیش نەبیت ئەقەلەهوو، چونکە زۆر نینە (20) ناڤن وەختێ ناڤ دێتە خواندن بەرامبەر وێ ژی کا دەرچوویێ یاسایێ یە داکو دڵنیاییەك دروست بیت بۆ ئەندامێت پەرلەمانی دابشێن دەنگدانێ لسەر ڤی ئەساسی بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کامەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی کە دەر دەکەوێت تا ئێستا ئەوەی کاك (رابوون) باسی کرد و ئەوەی برادەرانیش باسیان کرد بەڕێککەوتن نەگەیشتوونەتە ئەوەی کە ئەو لیژنەیە پێك بێنن، بەڵکۆ ڕێکارێکی ترمان گرتووتەبەر ئەویش سیستەمی (سانتلیگۆ) بووە، ئێستاش دەرەنجام دەرکەوتووە کە ئەو سیستەمە سەرکەوتوو نابێت، هەموویان تێدا بەشدار ناکەین و، ڕەخنەو گلەیی زۆریش هەیە لە زۆربەی زۆریان، تورکمانەکانیش نە گەیشتوونەتە یەك، ئەگەر برا تورکمانەکانیش بگەنە یەك باشتریشە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەگەر بکرێت و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پشتگیری لێ بکەن ئەو کۆبوونەوەیە دوابخەین بۆ هەفتەی داهاتوو بەڵکو بگەینە دەرەنجامێکی باشتر، ئەمە تەنیا پێشنیارە و بەشێکی قسەکانیشم پێشتر کرا لە لایەن

زۆربەی بەتایبەتی کاك (ئاری هەرسین) و، کاك (رابوون) ئاماژەی پێ کرد و، کاك (ابو کاروان)ش ئەو یاداشتەی خوێندەوە و زۆربەی برادەرانیش رەخنەو سەرنجەکانیان لە گەڵ بیرو بۆچوونی ئێمە تێك دەکاتەوە (41) ئەندام پەرلەمانیش واژویان کردووە، ئێستا بۆتە (41) ئەندام کە پێشتر (39) بوو، ئەگەر بکرێت هەموو لایەك ڕەزامەندی لەسەر بدات بە باشتری دەزانم بۆ کاملٚ تر بوونی ئەو لیژنەیە و بە گەیشتن بە سازانی نیشتمانی ئەو کۆبوونەوەیە دوا بخرێت، ئەو برگەیە بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە چارەسەرێك، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر شوان فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفی ((د.شوان قەلأدزەیی)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو یاسایەی کە پەسەند کرا هەمووی باسی سازان دەکات لەبەرئەوە ئێستا حەزف کردن و پەراوێز خستن و فەرامۆش کردن و پێشێل کردنی مافی ئەو ئەندامانە، کە لە ڕابردوودا وەکو لایەنێك لایەنە ئیسلامییەکان کە شتێك فەزڵی پێوە بکەن ئەو خەباتەی ئێمەیە کە لە شاخ هەمان بووە و ئێستاش بە هەمان ناو نیشان ماوینەتەوە، بەڵام جەنابتان بە یاسایەکی ڕۆژئاوایی (سانتلیگۆ) کە ئەمە نە نەصی (قورئانە) نە هیچە مادام دەبێتە مایەی پێشێل کردنی مافی خەڵك دەبوو پەیڕەو نەکرابایە، لەبەرئەوە کاتێك کەوا هەمووشمان چووینە ناو حکومەتەوە ئێمە دەنگێکین، بەڵام بە ئاراستەی خۆمان و بە سیاسەتی خۆمان و بە نەخشەی خۆمان موعارەزەین، دوور لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە ئۆپۆزیسیۆنی پێشوو دەبوو ئەو کورسییەی ئێمە هەر پێش کورسیەکانی تر دیاری کرابایە وەکو نرخێك، ئیحتیرامێك بۆ ئۆپۆزیسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا بەو شێوازەی کە هەیە، بەڵام بەداخەوە ئەو سیاسەتەی کە پەیڕەو کرا بۆ پلیشاندنەوەی ئێمە، سیاسەتێکە ئەمڕۆ لە تاریخا پێی دەڵێن سیاسەتی (ڕەش)، کۆمەڵێك سیڤیش پێشکەش کراون هی ئەو لایەنانە هەمووی ئەندامی حیزبین هەمووی نە سیڤیان لەگەڵدایە ئێستا بە ئێمە تەوافوق کراوە دەستی بۆ بەرز بکەنەوە، ئەمە بەراستی ئەو خولە یەکێکە لەو سیمایانەی کە ئەم خولی (4)م پەرلەمانی کوردستان یەعنی حیساباتی لەسەر دەکرێت، لەبەرئەوە بەهەر شێوازێك بوایە دەبوو بەراستی بە پێی سازان بوایە شوێنی ئەو خەڵکە کرابایە لە ناویدا، بەڵام ئێستا تۆ دێی باسی (چەپ) دەکات، ئایا لە هەرێمی کوردستان هەموو ئەوانەی کە لە (80) کان باسی شۆڕشی پرۆتۆتالییان دەکرد ئێستا بەس یەك لایەن ماوە (چەپ) بێت؟، دیارە لایەنەکانی تر هەموویان لێ پاشگەز بوونەوە، ئەو کورسیەتان بۆیە دیاری کرد بۆئەوەی کەوا بزۆتنەوەی (ئیسلامی) لەگەڵ ئەو (3) لایەنە کێشەو مەشاکلی بۆ دروست بێت، چونکە خۆتان دەزانن بە ئێمە یەك لایی نا کرێتەوە، نە من نوێنەری ئەوانم نە ئەوان نوێنەری ئێمەن، بەس بۆ نەبوونی ئێمە لە ناو ئەو (21) ئەندامانەدا جگە لە ستەم جگە لە سیاسەتێکی زۆرینە بۆ کوژانەوە و خامۆش کردنی لایەنەکانی تر شتێکی تر نییە، ئەوە پیرۆزیشتان بێت، بەڵام هەموو ئەو دروشمانەی کە

باس دەکران لە چاکسازی لە چی و لە چی کوا لە کوێ دەبینینەوە؟، بەس ئەوە دەمێنێتەوە کەوا کەمینە بە سیاسەتێکی دروست کراو پشتگوێ بخرێت، ئیهمال بکرێت، حیسابی بۆ نەکرێت، و لە وانەیە زۆریش باس لەوە دەکەن ئێمە زۆر داکۆکی لەوە دەکەین کەوا ئەو دەستووره مەسەلەی ئاینی پیرۆزی (ئیسلام) تیادا سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان بێت لەوانەیە یەکێك لەو هۆیانەی کەوا ئێمەی لێ دوور خرابێتەوە ئەو بابەتە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانی هەر لە ئێستاوە پێویست بە تەئویل و ئەو شتانە ناکات لەبەر خاتری ئەوە دوور خرابێتەوە، ئەو بڕگەیە لە دەستووردا هەموار بکرێت نازانم ئەم شتانە پێویست دەکات هەر لە ئێستاوە گۆمان و تەفسیری موئامەرەو ئەم شتانە ئیش پێنەکرێت، جەنابت هەقی خۆتە قسەکانی خۆت بکەی، بەڵام ئەمەی کە جەنابت لە ئاخیرەوە باست کرد تۆمەت بار کردنێکی بێ بنەمایە، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەی زۆربەی بەڕێزان دەکەم کە قسەکانیان کرد، ئێمە کە باس لە سازان دەکەین پێم باشە بەڕێزتان ئەگەر مودەیەك بدەن مەسەلەن ناڵێم هەفتەیەك لەوانەیە لەبەرەئەوەی کە زەرورەتە لە ماوەی مانگێك دا تەواو بکرێت، بەڵام چەند سەعاتێك لەگەڵ فراکسیۆنەکان کۆبوونەوەیەك بکرێت بۆئەوەی تەهمیشی ئەو حیزبانەش نەکرێت یا خۆد ئەوان هەست پێنەکەن کە تەهمیش کراون لەو پرۆسە چارەنووسسازە بۆئەوەی ئەوانیش بێن بەشداری بکرێن، دەکرێت ئێمە بەراستی ئەوانەی کە کورسیە زۆرەکانیشمان هەیە دەکرێت چاو پۆشییەك، مرورەتێکمان هەبێتن تا بتوانین دڵی ئەو (4) حیزبەش رازی بکەین کە بێن لەگەڵ ئێمەدا بەشدار بن بۆئەوەی لە ناو ئەو پەرلەمانە، ئێمەش پێویستمان بەوانە تەنیا ئەوان پێویستیان بە ئێمە نییە، ئێمەش پێویستیمان بەوان دەبێت لە داهاتووش بۆئەوەی ئەو پرۆسەیە بە باشترین شێوە بەرەو پێشەوە ببەین، من داوا دەکەم بەڕێزتان کۆبۆنەوەکە چەند سەعاتێك ڕابگرن بۆئەوەی کۆبوونەوەیەکی سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان بکرێت تا ئەوکاتە بگەینە نەتیجەیەك کە بە دڵی هەموو ئەندامانی پەرلەمان و خەڵکی کوردستان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، مامۆستا جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان ((جمال مۆرتکە)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڤاڵانی پەرلەمان باسی ئەو بابەتەیان زۆر کرد، پشتگیری بۆچوونەکانیان دەکەم، من یەك بابەت باس دەکەم، بە حوکمی خەبات و مێژووی ڕابردوومان ئەو (4) لایەنە ئەگەر لە مەوقعی پەرلەمانیشیان تاکە کورسییەکیان هەبێت، تەبعەن ئەگەر ئاوڕیەك بدەیتە مێژووی خەباتی دوور و درێژی نەتەوەیی و

نیشتمانیمان جێگەی پەنجەیان دیارە، لە ناو کۆمەڵگای کوردەواری ئەمڕۆ، ئەوانە هەموو سەرکردەکانیان جێگەی بایەخن، جێگەی شانازین و مێژووش شاهیدە، بۆیە من لەڕوانگەی خۆمەوە بەراستی بەنەقسی دەزانم هەموو ئەو (4) لایەنە بەشدار نەبن لە دەستوور، چونکە ئێمە پێکهاتەی ئەمڕۆ بە تایبەتی زروفی ئێستای کوردستان پێویستی بە تەبایی هەیە، پێویستی بە یەك ڕێزی هەیە، پێویستی بەوەیە نێو ماڵی کورد پتەو بکەین بۆ ئایندەیەکی گەش ڕەچاومان دەکات، ئێستا کوردستان لەژێر تەوژمێکی زۆر مەترسیدار دایە، بۆیە من ئەو هەنگاوەی ئێستا دەبینم لەو کاتەدا فەرامۆش کردنی بەو شێوازەی بەراستی مەوزوعی من سیاسیش نییە، مەوزوعم لە ڕوانگەی دەروونی خۆمەوە دەڵێم پێویستە حیزبی (شیوعی) بەشدار بێت، پێویستە (بزۆتنەوەی ئیسلامی) بەشدار بێت، پێویستە (سۆشیالیست) بەشدار بێت، پێویستە (ئاراستەی سێیەم) بەشدار بێت، پێویستە هەموو ئەو لایەنانەکان بەشدار بن کە تا دوێنێ ئەم پەرلەمانەیان بە خوێنی کادرو پێشمەرگەکانیان دروست کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دکتۆر محمد فەرموو.

**بەڕێز د.محمد علی یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری تەواوی، تەواویش نە، بەس پشتگیریەکی (تام) لە نێوان تەواو (تام) دا هی کاك (ابو کاروان) و کاك (ئاری هەرسین) دەکەم، هەروەها ئەو یاداشتەی کە لە لایەن کاك (ابو کاروان) خرایە ڕوو، بەڕێزان دەستوور موئەسەسەیە، دامەزراوەیە، دامەزراوە بە بێ بەش کردن دانامەزرێت، هەندێك لە لایەنەکان بێبەش کراون کە لە خەباتی رزگاریخوازی باشووری کوردستاندا دەستێکی باڵایان هەبووە ئێستاش دەبێت لە خەباتی موئەسەساتی کردن و دامەزراوەیی بەشداریان پێ بکەین، دەبێ بەشداربن، وەکو ئەندامێکی پەرلەمان نیگەرانم لە بەشداری پێنەکردنی، ئەوان لەبەرئەوە لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئەندامانی ئەو لیژنەیە، بەڵام ئامادە نیم دەنگ بەو لیستەیە بدەم هەر چەندە کەسانی خاوەن توانا لە ناویاندا هەن و برادەرانی خۆم تیادا هەن، بەڵام ئامادە نیم دەنگی بدەمێ، بڕوا ناکەم پشتکیری (41) پەرلەمانتار و ئیمزا کردنیان بۆ ئەو بابەتەی ئەم (4) فراکسیۆنە یەك کورسییانە پشتگیریان شتێکی هەر وابێت، دەبێت بەرچاو وەربگرێ و پشتگیری ئەو ڕایە دەکەم کە هەر هیچ نەبێت بۆ ماوەیەك کۆبوونەوەکە دوا بخرێت و هەندێ گفتو گۆی دیکە بکەین لەسەر ئەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ (5/19) یادی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بوو، (23) ساڵە ئێمە نەبووینەتە خاوەن دەستوور، دەستووریش واتە بنەمای بە دامەزراوی کردن لە ئاستی دروشمدا هەموومان قسەی ڕەونەقدار لەسەر پرسی بەدەستووری کردن دەکەین، بەڵام ئێمە دوا وادە بۆ پرسی دەستوور (8/19)ی ئەم ساڵە، پەرلەمانی کوردستان لە بەردەم بەرپرسیاریەتیەکی گەورەو تاقی کردنەوەیەکی یەکلا کەرەوەدایە، ئایا ئێمە لەم پرسەدا موەفەق دەبین یان جارێکی تر دێینەوە ئەزمەکان بە ئەزمەی ترو دەستووریش دەکەینە کارتی یەکلا کردنەوەی ململانێیە سیاسییەکان، بۆیە ڕام وایە پشتیوانی کردنی ئەو بەڕێزانەی کە هاوکارمانن لێرە ناکاتە ئەوەی ئەمە ئەصڵی مەسەلەکە بێت، ئەمە هەنگاوە بۆ مەسەلەی بە دەستووری کردن، واتە پرسی دەستوور لەبەشداری کردن و بەشەداری نەکردنی ئەوان گرینگتر و گەورەترە و هەمووشیان ڕای ئێمەمایان دەزانن لەسەر بەشداری کردنی ئەوان کە پێویست بۆ بەشدار ببن، بەڵام لە پێناو گەیشتن بەوەی کە هەنگاوە قانوونییەکان پەك نەخرێت و چەندین مانگ لە ڕابردوو دا ئێمە تەحەمولمان کرد بۆئەوەی بتوانین بگەینە سازانێك لەسەر ئەم پرسە،  ئێستاش هیواداریین ئەو هێزە سیاسییانەی کە قوربانی بەخشی گەورە بوون لە مێژووی رزگاری کوردستاندا و لە دامەزراندنی ئەم پەرلەمانەش دا ئەمەش بە سنگ فراوانییەوە وەربگرن و، ئەو واژۆیانەش وەکو کارتێك بەکار نەهێنرێت بۆ پەك خستنی ئەم پرۆسەیە ئەوان با قوربانی بدەن لە پێناو ئەوەی ئێمە ببین بە خاوەن دەستوور و ئەم پەرلەمانە ئەوانە بیخەنە بەردەم تاقی کردنەوە، ئایا لەم ماوەی (3) مانگەدا ئێمە دەتوانین هەنگاوە عەمەلییەکان بنێین یان هەر لیژنە بە لیژنە دەسپێرین، لەبەرئەوە ڕام وایە ئەم بابەتە بابەتێکی سونائییە، ڕاستە جورێك لە ئیجحافی تێدایە، بەڵام پرسی دەستوورەکە گەورەو گرینگترە و ئەوان لە (4) ئەندامی بەڕێز (3) کورسیشیان بۆ ئامادە کرابوو، بەڵام دیارە تەوافوقەکە لە نێوان ئەوان و بەرامبەرەکانیشیانەوە دروست نەبوو دەبوو هەمووشیان بەشداربن، ئێستا ئێمە لە قۆناغێك داین لە چوار چێوەی بەرنامەی کاردا بۆئەوەی دەنگ بدرێ بە ئەندامانی لیژنەی دەستووری، من داواکارم لە هەموو ئەندامانی پەرلەمان کە ئێستا  هەموومان لەسەر بنەمای عاتیفی قسە دەکەین پێش ئەوەی ئەم پێکهاتنە بێت لەسەرئەوە لە ناو فراکسیۆنەکانی خۆمان جەختمان بکردایەتەوە لەبەرئەوە ناکرێت لەسەر ئەم بیانوانە ئەمرۆ ئەو بەرنامەی کارە بە ئاراستەیەکی تردا ببرێت و پێویستە دەنگدان لەسەر ئەندامانی لیژنە دەستووریەکە بکرێت کە کاری خۆیان بکەن و پەرلەمانی کوردستان بەتایبەتی و بەتایبەتی تریش سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەبێت زۆر لە نزیکەوە ئەو کاتەی لەبەر دەستدا ماوە بیقۆزێتەوە بۆئەوەی ئێمە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دوای پێداچوونەوەی بیخەینە بەردەم خەڵکی کوردستان و لەسەر بنەمای دەستووری چارەسەری هەر بۆشاییەکی یاسایی بکرێت بۆئەوەی ئۆباڵی تاریخی جارێکی تر نەکەوێتە ئەستۆمان، کە لە لای خەڵکی کوردستان تووشی ئیحراجییەکی گەورە ببین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، کاك ئاری نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد ((ئاری هەرسین)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، هیوادارم ڕێگە نەدەی کە باسی عاتیفە و لاڕێبردن و ئەم قسانە، هەر کەس بۆی هەیە دەلیلی خۆی بێنێتەوە، بەڵام نەك قسەی مەبدەئی خەڵکی تر بە عاتیفە لێك بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا سەرنجتان بۆ یەك بابەت ڕادەکێشم کە لە قانوونەکە وشەی سازان هاتووە لە هیچ قانوونێکی دونیا سازان نییە، کەواتە ئەم (21) کەسە کە دەبنە ئەندامی ئەم لیژنەیە کەسێکیان نارازی بێت لە هەر یەکێ لە تێپەڕاندنی هەریەکە لەو بەندانەی ناو دەستوورەکە تێناپەڕێت ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم: سەقفی زەمەنی دانەنرا بۆ ئەو وادەیەی دوای (90) ڕۆژەکە، خاڵی سێیەم: وادەی ڕاپرسیەکە دیاری نەکرا ئەمە وەکو سەرنجێکی گشتی لەسەر یاساکە، من خۆم پشتگیری لە قسەکانی (حیات) خان دەکەم، ئەم (19) کەسەی کە ئێستا ناوەکانیان لەبەردەستی ئێمەدایە لەوانەیە هەموویان خەڵکی شایستە و بەڕێز بن، بەڵام بەداخەوە من زۆربەی زۆریان نا ناسم، ئەمە یەعنی زەحمەتە بۆ من دەنگ بدەم بە کەسێك کە نەی ناسم کە سیڤیەکەی نە بینم نەزانم ڕابردووی چییە توانای چییە لەبەرئەوە پشتگیری تەواوی قسەکانی کاك (ئاری هەرسین) و (حیات) خانیش دەکەم، لە هەمان کاتدا من پێشنیاری ئەوە دەکەم وەکو ئەو برادەرانە باسیان کرد ئەو (4) لایەنانەی کە نوێنەریان نییە ڕابردوویەکیان هەیە لە خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد دا و، هەروەها ئێستا پێگەیەکی جەماوەریان هەیە، هەروەها ئێستا لە بەرەکانی جەنگ دا بە فیعلی شەهید دەدەن بەرگری لەم هۆڵە دەکەن کە ئێمە لێرە لیژنەکە تێدا دروست دەکەین، ناکرێت ئەوانە بێبەش بکرێن و، ئەگەر بکرێت ئەمە پێشنیارێکە دەیکەم (1) کەس کە دیاری کراوە من نازانم ئەوان خۆیان ڕازی دەبن یان نا بۆیان بکرێت بە (2) ئەندام بۆئەوەی تەوەجوهە عیلمانییەکە جیا بکرێتەوە لە تەوەجوهە ئاینییەکە، چونکە ئەوان ئێستا حالیەن (2) تەیارن (3) تەیاریان وەکو من لێ بزانم علمانین و یەکێکیان ئاینییە، مەزهەبییە، لەبەرئەوە ئەگەر بکرێت بە (2) ئەندامیش بۆیان من وەکو پێشنیارم کرد نازانم خۆیان چەند قایل دەبن یان قایل نابن؟، پشتگیری تەواوی قسەکان و ڕاپۆرتەکەی (ابو کاروان) دەکەم و، پشتگیری تەواوی قسەکانی (حیات) خان و کاك (ئاری هەرسین) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو فیروز فەرمووو.

**بەڕێز فیروز طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا قسەکانی کاك (ئاری) و (ابو کاروان)ی و (حیات) خانێ دکەم، من وەکو جێگرا بەرپرسێ لیژنا مافێ مرۆڤی پاڵپشتی تەواوی خۆم بۆ ئەو حیزبە سیاسیانەی دەردەبڕم کە لە پەرلەمانی کوردستان خاوەنی (1) کورسین، پێمان وایە ئەو هێزانە هێزی خەباتکاری نیشتمانین و پێویستە لە لیژنەی دەستووری بەشیان هەبێتن، چونکە پێگەی ئەوان بە ژمارەی کورسی نینە بەڵکو ئەوان دەبێت بەشداربن، چونکە ئێمە کە باسی سازان دەکەین دەبێت بە کردار سازان هەبێت نە بە کۆتا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئۆمێد فەرمووو:

**بەڕێز ئۆمێد عبدالرحمن ((ئۆمێد خۆشناو)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاساکەمان دەرکرد بابەتەکە سازان بوو، ڕۆحی یاساکە بریتییە لە سازان و لە ئەنجامیشدا کاتێك دەبینە خاوەنی دەستوور دیسانەوە دەبێت سازانمان هەبێت لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو سازان و تێگەیشتنی هاوبەش نەبووە لەبەرئەوە تا ئێستا ئێمە خاوەنی دەستوور نین و، لایەنێکیش بە تەنیا بەرپرسیار نییە هەموومان بەرپرسیارین کە جێی سەرنج و تێبینیەکانمان لە دەستوور نەبووەتەوە، بۆیە سازان نەبووە و دەستوورمان نییەن خێرە لیژنەیەك دروست دەبێت بۆ دروست بوونی دەستوور هێنانە ئارای دەستوور و سازانی دەستوور ئەو لیژنەیە بە سازان نەبێتن، بۆیە ئێمە ئەوە ڕادەگەیەنیین بۆ مێژوو هەڵوێستی ڕەسمی فراکسیۆنی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لەو سێ کۆبۆنەوەی کە کراوە رامانگەیاندووە، ئێمە لەگەڵ ئەوەدا بووینە بە سازان ئەو لیژنەیە دروست بکرێت و هیچ لایەنێك تێدا فەرامۆش نەکرێت، ئەوەی بووە ڕێکەوتن نەبووە لە نێوان فراکسیۆنەکان، پەنامان بۆ شێوازێك بردووە کاتێك نەگەیشتووینە ڕێکەوتن، بۆیە بەو شێوازە دابەش کراوە، پێوەری کورسی پەرلەمانی لەبەر چاو گیراوە، پشتگیری یاداشتەکە دەکەین، ناکرێ هیچ لایەنێك لەم وڵاتەدا لە نووسینەوە و ئامادەکردنی دەستوور فەرامۆش بکرێت لە پرۆسەیەکی نیشتمانی داینە و ئەو یاداشتەی ﴿41﴾ ئەندامانی پەرلەمان واژوویان کردووە دەبێت بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرێت، ئەمە بە نیسبەت ئێمە مەبدەئە و عاتیفە نییە، لە یەکەم ڕۆژەوە تا ئێستا یەك فاریزە و نوقتە لە قسەکانمان نەکشاینەتەوە و ناکرێت هیچ لایەنێك فەرامۆش بکرێت، تەوافوقیش لەم وڵاتەدا بریتی نییە لە تەوافوقی نێوان پێنج لایەن، تەوافوقی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتەیە، بە نیسبەت مافی پێکهاتەکانیش ئەوەی لای ئێمە مەبدەئە، مافیان زامن بێت، ئەوان لە داخلی خۆیان بڕیار لەسەر چی دەدەن حەقی ئێمە نییە کاندیدی ئەوان دیاری بکەین، هەرچەند بە خۆشحاڵییەوە هەردوو لایەن لە

خۆشك و برایانی مەسیحی و تورکمان لەم بابەتە یەکلایی بووینەتەوە و دووبارە داوا دەکەین لە پرۆسەیەکی نیشتمانیداین و لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئەم پرۆسە نیشتمانییەدا دەبێت سازان هەبێت و داواکاری ئەوان بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت و ئەو کات دەتوانین هەنگاوەکانی ئایندە بە متمانەی زیاتر بهاوێژین، ئەگەر نا پێم وایە لە دەستپێکی خراپ داینە و متمانە کاڵتر دەبێت و ئەنجامێکی باشمان لەم پرۆسە نیشتمانییە نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك گۆڕان،

**بەڕێز گۆڕان ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە روانگەی باوەڕ بوونم بە دیمۆکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات باوەڕم بە تەعەددودیەتی فرە حزبی حەقیقی و راستەقینە هەیە، نەك وێنەیی و لەو روانگەیەوە ئەو پەڕی رێز و حورمەتم هەیە بۆ خەبات و قوربانیدان و هەڵوێست و ماندووبوونی هەر چوار حزبەکە، کە من نەیدەویست قسە بکەم، بەڵام یەك پرسیارم لا دروست بووە، ئەگەر ئێمە هەوومان بەو شێوەیە قسە دەکەین من تێناگەم کێ بڕیاری دا نوێنەرەکان بەو شێوەیە دەستنیشان بکرێت؟ ئەمە لای من بوویتە مەتەڵ، من دەبینم یاداشت ﴿40﴾ کەس ئیمزای کردووە بەشێکی زۆری سەرۆکی فراکسیۆنەکان بە شێوەیەکی تر قسە دەکەن، ئەگەر وایە بۆ ئەو ناوانە دیاری کرا؟ ئەگەر وایە بۆ گەیشتن بەو ئیتفاقە کە ئەگەر دژی پرۆسەی سازان بێت، پرۆسەی نیشتمانی تێك دەدات؟ ئومێدەوارم لە دەستەی سەرۆکایەتی وەڵامەکەم دەست کەوێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شێرکۆ،

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە راستیدا کاتی خۆشی کە موناقەشەی ئەم پرۆژەیە کرا ئەو پرسیارەم کرد و وەڵامەکەشم دەست نەکەوت، بۆ ﴿21﴾ کەس نەبوو؟ بۆ ﴿19﴾ نەبوو؟ بۆ ﴿17 و 23﴾ نەبوو؟ ئەو بنەمایە چی بوو کە لەبەر چاو گیرابوو بۆ دانانی ئەم ﴿21﴾ کەسە؟ بە دڵنیای ئێستاش وەڵامی ئەو پرسیارەم دەست ناکەوێت، خاڵێکی تر، هەروەکو ئەو بەڕێزانە وتیان، من رێزی زۆرم هەیە بۆ خەباتی تاك بە تاکی خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆ قوربانیدانی حزب بە حزبی هەرێمی کوردستان و بۆ هەموو ئەو دڵۆپە خوێنانەی کە لە پێناوی چ ئەم رۆژە چ سەرورەربوونی یاسا و چ دەنگی ئازاد و چ میدیای ئازاد و چ دەستەبەرکردنی سیستەمێکی حوکمڕانی مرۆڤ دۆست لە هەرێمی کوردستان رژاون، سەری رێزیان بۆ دادەنوێنم و تەقدیرم هەیە بۆ یەکەم پێشمەرگە هەر لە کۆماری کوردستانەوە تا دەگاتە ئێرە و پێشتریش لە شۆڕشی ﴿شێخ عبیدالای نەهری﴾یەوە و هەموو شۆڕشەکانی کورد بە بێ جیاوازی، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی لە ژێر

چەتری وشەی سازان هەر وەکو هاوڕێم ﴿کاك سالار و کاك گۆران﴾ وتیان، لە ژێر چەتری سازان جارێکی تر لە ماوەی ﴿23﴾ ساڵی حوکمڕانی کوردی نەیتوانیوە خاوەنی دەستوور بێت، دیسان ئەمجارە پەك بخرێتەوە و ئۆباڵەکەی بخرێتە ئەستۆی پەرلەمانی کوردستان، بۆیە من دەپرسم لە راستیدا هەموو ئەو بەڕێزانەی کە ئێستا بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەم قسانە دەکەن پێشتر لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنەکان بوون و دەیانتوانی ئەو کاتە باشتر و جدی تر و لێبڕاوانەتر بەرگرییان لە بەشداری هەموو لایەك بکردایە، لەگەڵ ئەوەی من لە ﴿100٪﴾ لە روانگەی بڕوا بوونم بە دیموکراسی، بە مافی بەشداریکردنی تاك بە تاکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەدام هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان بە جۆرێك لە جۆرەکان لە نووسینەوە و ئامادەکردنی داڕشتنی دەستوور جێ پەنجەیان هەبێت، نەك ئەو بەڕێزانەی کە نوێنەریان هەیە لە پەرلەمان، بۆیە لە راستیدا هیوادارم هەموومان پێکەوە هەم سازان و هەم سازشێکی بەکۆمەڵ بکەین، بۆ ئەوەی کە ئێستای هەرێمی کوردستان لەمە زیاتر لە پرسی بێ دەستووری نەمێنێتەوە، ئەوەی کە هەر جارە و بە بیانوویەك هەوڵ بدرێت فۆرمێکی یاسایی دابنرێت، بۆ داتاشرێت بۆ دەربازبوون لەم قۆناغە، بۆیە من وێرای پشتگیریکردنم لە بەشداری کردنی هەموو پێکهاتەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان و هەموو حزب و ئەکادیمسیت، پشتگیری قسەکانی ﴿کاك سالار و کاك عمر و کاك گۆڕان﴾ دەکەم و هیوادارم کە بڕوابوون بە بەشداری کردن بڕوابوونێکی تەواو بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاتت تەواو بوو، فەرموو کاك عەلی،

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لای ئێمە نموونەی باڵایە و چاوی لێدەکەین دیموکراسیەتە، لەم پرسە بە خۆشحاڵییەوە پەنا بۆ سیستەمی سانتلیگۆ براوە کە لە رۆحی دیموکراسی لە دایك بووە، واتە ئەمەیە دەبێت دیموکراسیەت وەك نموونەیەکی باڵا وەربگری کە هەموومان رۆژانە بەستەزمانانە پێداگری لێدەکەین یان عەدالەت وەك نموونەیەکی باڵا وەرگرین، من هەرگیز لە جوهد و ماندووبوونی ئەو حزبانە کەم ناکەمەوە کە خوێنی زۆریان رێشتووە و خەباتی گەورەیان کردووە و بەشێکیان زیاتر لە نیو سەدە خەباتیان هەیە، بەڵام ئەم پرسە پرسێکی دیموکراسییە بە تەواوەتی، یەعنی ئەگەر ئەوان ﴿5 و 6﴾ کورسیان هەبا ئێمە بە هەمان شێوە مامەڵەمان لەگەڵیان دەکرد، واتە ئەمە مامەڵەی حزب نییە وەك فۆرمی حزبەکە، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ بنەمایە، لە کوێ عەدالەت هەبووە ﴿6 و 1﴾ یەکسان بێت بە یەك و لە کوێ دیموکراسیەت هەبووە؟ سیستەمی سانتلیگۆش لەسەر ئەم بنەمایە دانراوە، بۆیە بە رەئی من شتێکی زۆر دەقیقە پەنای بۆ ببەین و حاڵەتێکی تر من نامەوێت ئەم شتە بە لاڕێدا ببرێت، بۆ ئەوەی کاریگەری نەرێنی نەبێت بۆ سەر ئەو لیژنەیەی کە دروست دەبێت، بکرێت بە ئەوە بەرەی دین و بەرەی دژەدینە، لای ئێمە ئەمە

براوەتەوە و بنەمایەکی سابتە کە پێویستە ئاینی پیرۆزی ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی دەستوور بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاک بێستون،

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

﴿کاك علی﴾ قسەکانی منی کرد، ئەگەر من پێشتر بوومایە رەنگە ئەو ئەم قسانەی وتی بایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئومێد،

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بڕوای من دەستوور بنەمایی ترین پرسە کە لە مێژوی هاوچەرخی باشووری کوردستان هاتووتە ئارا و هێزە سیاسییەکان و دام و دەزگا فەرمییە پەیوەندیدارەکان گەڵاڵەیان کردووە و لە ئێستادا بڕیار لە چارەنوسسازترین لە پرسی دەوڵەتسازی کردن دەدەین لە رێگەی ئەو لیژنە پەرلەمانییەوە، سەرباری پشتیوانیمان بۆ ئەوەی هەموو پێکهاتە سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و ئێتنیکییەکان بەشدار بن، بەڵام باوەڕم وایە گرنگی پرسەکە گەورەیە و وادەکات دامەزراندن و سەر لە نوێ رێکخستنی پرۆسەی نووسینەوەی دەستوور بە تەواوی ئەمڕۆ بکەوێتە رێ، مادام یاساکە سازانی بە بنەما گرتووە لە رێگەی ئەو نوێنەرانەی کە لە لیژنەکەدا هەن و ئەو نوێنەرانەی کە هێزە سیاسییەکان دیاریان کردووە یان ئەو نوێنەرەی بۆ چوار هێزە سیاسییەکە دیاری کراوە دەتوانێت تەواوی روئیای سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی ئەوان بباتە ناو لیژنەکەوە، مادام سازان بنەمایە، هەموو هێزی سیاسی ئەگەر یەك نوێنەریشی هەبێت دەتوانێت بە تەواوی بەرگری لە راوبۆچوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی بکات، جگە لەمە هەموو ئەو ئەندامانەی پشتیوانیان لەم یاداشتە کردووە دەتوانن لە لیژنە دەستوورییەکەدا لە رێگەی نوێنەری فراکسیۆنی خۆیانەوە لەناو لیژنەکەدا بە شێوەیەك کار بکەن کە پشتیوانی بێت لە خستنە ئارا و جێگیر کردنی رۆئیای سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایدۆلۆژی ئەو هێزە سیاسیانەی بە پێی ئەو سیستەمەی وەك میکانیزم سەرخرا بۆ دیاری کردنی لیژنەکە دەتوانن هەڵگری ئەو پەیامە بن لەناو لیژنەکە کە ئەو چوار هێزە سیاسییە هەیەتی، بۆیە من پشتیوانی لە پەیامەکەی ﴿کاك سالار﴾ دەکەم بۆ هەر چوار هێزە سیاسییەکە، پرسی دەستوور بنەڕەتی ترین و چارەنووسسازترین پرسە لە مێژووی تازەی هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویست نییە لەمە زیاتر دوا بخرێت و زۆر گرنگ و بەرپرسیارانەیە کە هەمووومان و ئەو ئیشەش بە هەمووومان دەکرێت پرسێکی نیشتمانی گەورەیە و هەمووومان بە رۆحیەتی گەورەی نیشتمانییەوە و دڵنیام کە هەمووومان ئەو رۆحییەتەمان هەیە و هەڵگری ئەو رۆحییەتەین کە ئەم

**پرسە سەر بخەین، بۆ ئەوەی انشاءالله لە ئایندەی نێزیکدا کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، فەرموو کاك خلف،**

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەڵبەت هەندێك لە برادەرەکان قسەکانیان کرد و نامەوێت دووبارەی بکەمەوە، بەڵام حاڵەتێك هەیە ئێمە لە سەرەتا کە چووینە گفتوگۆ بۆ ڕێکەوتن لەسەر لیژنەکە و بە پێی یاسا سازانمان کرد لەسەر مەبدەء بۆ گفتوگۆکان، لە لای من وەك ئەندامی پەرلەمان سەیرە و لەسەرەتاوە ناومان تەقدیم کردووە بۆ ڕێکەوتن و چووین ڕێکەوتنێکمان ئیمزا کردووە و ئێستا بە جۆرێکی تر باس لە مافی چوار حزبەکە و پێکهاتەکان بکەین، من وەك مەبدەء بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دیمۆکراسی بە شێوەیەکی زۆر باش لەسەر بابەتی گرنگ و گەورە وەك پرۆژەی دەستوور و ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوور زۆر لەگەڵ ئەوەم چوار حزبەکە و هەموو ئەو لایەنانەی خۆیان بە مەغدور دەزانن بەشدار بوونایە، بەڵام کەی؟ ئەو کاتەی لەسەر چەسپاندن یان دروستکردنی یاسا قسەمان لەسەر بکردبا، ئەوکات بە شێوازێك بمانتوانیتایە یاساکە دابڕێژین کە لە ناو مەبدەئی سازان جێگای ئەندامانی ئەوانیشمان بکردایەتەوە، بەڵام کە من بێم شەڕ لەسەر چەسپاندن یان ناردنی زیاتری ئەندامانی خۆم یان حزبەکەم بکەم و لە بڕی سێ، چوارم هەبێت، پێنجم هەبێت، عەدەدێکی بەرزترم هەبێت، دوای ئەوەی کە ڕێکەوتنم کرد شەڕی ئەوە بکەم لە ڕاستیدا جگە لەوەی دەبێتە هۆکارێك یان موبەڕڕەرێك کە زیاتر لە ﴿20﴾ ساڵی ڕابردوو نەمانتوانیبێت ئەساسێك بۆ دانانی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە ئەمە عەیبێکی سیاسی گەورەیە لەسەر ئەزموونی سیاسی هەرێمی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکان و حزبەکانی کوردستان، جگە لەوەی دەمانەوێت درێژە بەو عەیبە سیاسییە گەورەیە بدەین، هیچ شتێکی تری لێ ناخوێنمەوە، بۆیە هیوادارم ئاراستەی کار و ئیشەکانی پەرلەمان بە ئاراستەیەك بڕوات کە بتوانین پرۆژەی دەستوور بە باشی ئامادە بکەین و بچێت بۆ ڕاپرسی و دیسان ئەو عەیبە نەکەوێتە ئەستۆی ئێمە لەو خولەی ئێستای پەرلەمانی کوردستان، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، فەرموو کاك انور،**

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە دەستوور بۆ هەموو خەڵکی کوردستانە، من لەگەڵ ئەوەدام هەموو حزبەکان و نوێنەری هەموو خەڵکی کوردستان لەم دەستورەدا بەشدار بێت لە نووسینەوەی دەستوور، بەڵام ئەوەی کە دەبینم ئەو چوار حزبە و بە شێوەیەك لە نووسینەوەی دەستوور بەشدار بن کە عەدالەتی تێدا بێت، بەڵام من ئەو ڕاپۆرتەم**

بینی كه ﴿ابو كاروان﴾ خوێندییەوە بەشی هەرە زۆری ئەوانەی ئیمزایان كردبوون لە فراكسیۆنی زەرد بوون، مەبەستم ئەوەیە ئەوان یەك لەسەر سێی ئەو كورسییەیان هەیە ئەگەر مەلسەلە موزایەدە نییە و لە خەمی ئەوەدان، دەتوانن بە تەوافوق چارەسەری ئەمە بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیار بۆ كەس مەكە فراكسیۆنەكەی تۆش دەتوانێت هەمان شت بكات، فەرموو كاك ئومێد نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر باسی ئەوە دەكرێت، من وتم ڕێكەوتن نەكرایە، من دەڵێم فراكسیۆنی پارتی ئەوەی كە هەیە و داوامان كردووە لەوە كەمتر بێت، لایەنەكانی دیكە جێگەیان ببێتەوە، بەڵام وا باس دەكرێت هیچ ڕێكەوتنێك لە ناو فراكسیۆنەكان نەكراوە ئەو قسانەی كە ئێستا كردوومانە لە یەكەمین كۆبوونەوە كردوومانە بە شاهیدی ئەو بەڕێزانەی لە كۆبوونەوەكان بوون، حازر بووینە لەوە كەمترمان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك عبدالرحمن،

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی زۆری كرا، تەنیا یەك شت دەڵێم، تكایە ئەوی من گوێم لە قسەكانە لەم هۆڵی پەرلەمانە دەبینم بە دوو ئاراستە قسە دەكرێت، ئاراستەیەكیان بەرەیەك هەیە پشتیوانی ئەو چوار حزبە دەكات و بەرەیەكیش دژایەتی دەكات، لە راستیدا هیچ بنەمایەكی نییە، سیستەمێك پەیڕەو كراوە كە سیستەمی سانتلیگۆیە و میكانیزمەكە وا گیراوەتە بەر بەو شێوازە بووە، من تێناگەم ناو تەسلیم كراوە، هەموو شتێك تەواو بووە، ئێستا بۆ ئەو موناقەشە گەرم و گوڕە دروست بووە لێرە؟ لەبەر ئەوە تكایە با هەموو قسەكانمان بكەینە ئەوەی كە دەستوورێكی باشمان هەبێت بۆ هەرێمی كوردستان، سازان كراوە لە مەسەلەكە، بۆیە ناكرێت ئەگەر حزبێك تێدا نەبوو هیچ رەئی و پێشنیار نەبێت، رەئی و پێشنیاری خۆیان بە نووسراو ئاراستەی ئەو ﴿21﴾ كەسە بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە كۆتایی ئەو قسانەی كە ئێوە كردتان، تكایە ئیتر با كۆتایی پێ بێنین، چونكە زۆربەی قسەكان كرا، ﴿امنە خان و بێگەردخان﴾ ئەگەر قسەیەكی تر پێویست ناكات با كۆتایی پێ بێنین، ئەم بابەتە بابەتی كۆبوونەوەی سەرۆكایەتی پەرلەمان و سەرۆكی فراكسیۆنەكان بوو، لە سێ كۆبونەوەی یەك لە دوای یەك كە ئەم كۆبوونەوانە هەندێك جار چوار سەعاتی خایاندووە بۆ زانیاری جەنابتان ئەو كۆبوونەوانە پێش واژوو كردنی یاساكە لە لایەن بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەست

پێکرا بوو، بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئێمە بتوانین ئیستیحقاقی پەرلەمانی کوردستان کە پێویستە لەسەری ئەنجام بدات بە ئەنجامی بگەیەنین و ئەندامانی لیژنە دەستوورییەکە بەو شێوەیەی کە هەموو لایەك رێك بکەون لەسەری ئامادە بکرێن و تەنانەت بەرنامەمان وابوو کە هەر لە حەفتەی یەکەم و دووەمی ئەو ماوەیەی کە خۆمان بۆ خۆمان داناوە و پەرلەمان بۆ خۆی داناوە کە پێویست دەکات لە ماوەی یەك مانگ ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدات وامان دانابوو لە حەفتەی یەکەم و دووەم ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدرێت، دەمەوێت بە بەڕێزتان رابگەیەنێم کە هەر لە کۆبوونەوەی یەکەم پرسی نوێنەری پێکهاتەکان نوێنەری ﴿کلدان و ئاشوور و سریان و ئەرمەن﴾ لەگەڵ پرسی پێکهاتەی ﴿تورکمان﴾ یەکلاکرایەوە و کە نوێنەرایەتیان چۆن بێت لە لیژنە و پرسی ئەوان یەکلا کرایەوە، ئەوەی کە لە سێ کۆبوونەوەی یەك لە دوای یەکەکان بەردەوام قسەی لەسەر کرا بریتی بوو لە نوێنەرایەتی کردنی ئەو چوار حزبە بەڕێزە لە لیژنە دەستوورییەکە، زۆر هێنرا و براو ئەو باسە وەکو باسم کرد بە درێژایی چەند سەعاتێك لەو سێ کۆبوونەوە باس و خواسی لێکرا، بەڵام رێکەوتنی لەسەر نەکرا بەو شێوەیەی کە هەمووان لەسەری رازی بن، هەڵبەت ئەوەی کە هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد راستە تەنانەت تا ئاستی ئەوەی لە هەندێك لە کۆبوونەوەکان باس لەوە کرا کە سێ لەو بەرێزانە نوێنەرایەتیان هەبێت لە لیژنەکە و دیسان رێکەوتنی لەسەر نەکرا، بۆیە هەرچی زیاتر گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکرێت پێم وابێت رەنگە سوودێکی ئەوتۆی نەبێت، چونکە گفتوگۆی زۆری لەسەر کراوە، ئێستا ئێمە پابەندین بە ماوەیەك کە پەرلەمان بۆ خۆی دیاری کردووە کە لە ماوەی مانگێك لیژنە دەستورییەکە دروست بکرێت، بۆ زانیاری بەڕێزتان لە ﴿2015/4/23﴾ پرۆژە یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ راپرسی چووتە بواری جێ بە جێ کردنەوە، چونکە بە پێی یاساکە بە پێی برگەی ماددەی کۆتایی یاساکە لە دوای دەرچوونی یاساکە ئەڕواتە بواری جێ بە جێ کردنەوە، لە ﴿2015/4/23﴾ لە لایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمەوە یاساکە ئیمزا کراوە و لەو کاتەوە یاساکە چووەتە بواری جێ بە جێ کردنەوە ئێستا ئێمە ﴿2﴾ رۆژمان لەبەردەم ماوە بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم پرسە، من دڵنیایی تان دەدەمێ ئەگەر بمانزانیبا بە گفتوگۆ دەتوانین ئەنجامێکی باش بەدەست بێنین بۆ گەیشتن بە رێکەوتن لە نێوان ئەم چوار حزبە و فراکسیۆنەکانی تری پەرلەمان ئەوا بە دڵنیاییەوە درێژەمان دەدا بە گفتوگۆکان، بەڵام گەیشتە بن بەست، ئێستاش پێم وابێت گفتوگۆی زیاتر پێویست نییە ئەوەی کە پێویستە ئێستا ئێمە ئیستیحقاقی خۆمان بەو شێوەیەی کە لە یاساکەدا هاتووە جێ بە جێ بکەین و ئەو ئەندامانەش کە واژوویان کردووە دەتوانن لە فراکسیۆنەکانی پەرلەمان دوایی دیدی تر بێننە کایەوە، بۆ ئەوەی کە هەندێك لە ئەندامانی لیژنە دەستورییەکە کە ئەمڕۆ دەنگیان پێدەدرێت وازنامە پێشکەش بکەن و لە بری ئەوان ئەندامانی ئەم چوار لایەنە بێنە ناو لیژنە دەستوورییەکەوە و نوێنەری ئەوانیش کە دیاری کراوە بە پێی رێچکەی سیستەمی سانتلیگۆ کە سیستەمێکی دیمۆکراسییە لە وڵاتانی تریش پشتی پێ دەبەسترێت بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم جۆرە ململانێیانە و ئەو کورسییەش بۆ ئەوان پارێزراو دەبێت و هەر کورسییەکی تریش کە لە لایەن

فراكسیۆنەكانی ترەوە ئیستیقالەی لێدەكەن، بۆ ئەوەی بدرێت بە نوێنەری پێكهاتەكانی تر، ئەمە رێگە ناگرێت، هەر چارەسەرێكی تریش رێ بكەون ئێمە بە دڵنیاییەوە دەیهێنینە ناو هۆڵی پەرلەمان و دیگرینە بەر، بەڵام هەموو ئەمانە رێگە لەوە ناگرن كە لیژنە دەستوورییەكە رای ئەوانیش وەربگرێت، تەنانەت ئەندامیشیان نییە لە لیژنە دەستوورییەكە و دتوانرێت رایان وەربگرێت لە هەموو پرسەكان و نەك هەر ئەوان، بەڵكو ئێمە رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی مان هەیە كە زۆر زیندوون و هەر لە ئێستاوە دەستیان كردووە بە گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژە دەستووری هەرێمی كوردستان، زانكۆكانمان هەیە كە ئێستا ئێمە دانیشتووین لە پەرلەمان بۆ ئەم پرسە ئێستا كۆنفرانسی زانستی لە زانكۆی سەلاحەددین هەیە لەسەر ئەم پرسە كە خەڵكانی ئەكادیمی و مامۆستایانی زانكۆ و دادوەرە بەرێزەكان بەشدارییان كردووە، دەبێت ئالییەتێك بگرینە بەر كە ئێمە لە دەستەی سەرۆكایەتی بە دڵنیاییەوە موسڕین لەسەر ئەوەی نوێنەرایەتی زۆرترین خەڵك بەشداری لەو وتووێژە دەستوورییە بكات، بۆیە تەنانەت ئەگەر ئەمڕۆ ئەو لیژنەیە لە پەرلەمانی كوردستان پەسەند بكرێت و ئەمە دەرگا داناخات لەبەردەم هەر تەوافوقێكی تر ئەگەر ئەنجام بدرێت، بەڵام ئێستا لەبەر ئەوەی ئیستیحقاقێكمان هەیە پێویستە لە ماوەی یەك مانگ دا ئەو لیژنە یەكلا بكرێتەوە، ئەمڕۆ رەنگە دوا كۆبوونەوە بێت بتوانین ئەو پرسە یەكلا بكەینەوە و رەنگە هەر بەیانیمان ماوە و پشووی كۆتایی حەفتە دەست پێدەكات، بۆیە دەنگدان لەسەر پرۆسەكە ئەنجام دەدەین و لیژنەكە ناوەكان دەخوێندرێتەوە دەنگدانی لەسەر دەكرێت، هەر رێكەوتنێكی تر دوایی كرا دەتوانرێت قسەی لەسەر بكرێت، پێم وابێت كۆتایی پێهات و هەر قسەیەك بكرێت دووبارە دەبێت، باشە، نوقتەی نیزامی امنەخان؟

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ هندێ كو ل پرۆتۆكۆلێ دا خەلەتی نەهێتە نڤیسین جەنابێ تە ئاماژە بڤێ چەندێ دا كو یاسا ﴿2015/4/23﴾ هاتیە ئیمزا كرن، ئەوا كو مە ل راگەهاندنێ دا دیتی ل﴿2015/4/30﴾.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:.**

﴿2015/4/23﴾ یاساكە ئیمزا كراوە، خاتوو بێگەرد فەرمووو،

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنیا روونكردنەوەیەكی بچووك دەدەم بۆ هاڤاڵەكانم لە ناو پەرلەمان و بۆ خەڵكی كوردستانیش، باس لەوە دەكرێت كە ئێمە رێكنەكەوتووین جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە رێككەوتووین لەسەر سیستەمی سانتلیگۆ و هەموومان بە پێی ئەو سیستەمە ئەوانەی كە ناوەكانمان پێشكەشی جەنابت كردووە رێككەوتووین لەسەر ئەو سیستەمە، لەبەر ئەوە با باسی ئەوە نەكرێت بەشێكمان ریكنەكەوتوین و بەشێكمان لە یەكلایی كردنەوەی ناوەكان رەزامەند نەبووین ئەمە یەكەم، دووەم، ئەو دانیشتنەی ئەمڕۆ دەبوایە لە راستیدا پێم باشە رەخنەیەك ئاراستەی جەنابتان بكەین، چونكە ئێمە رێككەوتووین دەبوایە

ناوەکان بخرابایە دەنگدانەوە، بەڵام ئێوە دەرگای موناقەشەتان کردەوە، ئەمە حاڵەتێکی ئاساییە هەموو هاڤاڵان رای خۆیان وت، بەڵام ئێستا حاڵەتێك هاتووتە پێشەوە ئایا ئێمە مەبدەئیەن دەمانەوێت ئەو لیژنەیە تەشکیل بێت، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستوور یان دەمانەوێت موماتەڵە بە کات بکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەبارەت بە رەخنەکەت هەموو بابەتێك کە دێتە ناو هۆڵی پەرلەمان، ئەندامان مافی ئەوەیان هەیە گفتوگۆی لەسەر بکەن و وەکو باسم کرد ئێمە لەبەردەم ئیستیحقاقێکین کە ناکرێت پێشێلی بکەین، کاك ئاری فەرموو،

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم ﴿ ئاری هەرسین﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو عورف و ئسولێکی پەرلەمانی من روخسەت دەخوازم هۆڵەکە بەجێ دێڵم ، چونکە ئەم هەڵبژاردنە بە هەڵبژاردنێکی نادیمۆکراسی و بە زوڵم دەبینم لەو چوار لایەنە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابت ئازادی لە دەربڕینی هەر هەستێك، خاتوو ڤیان فەرموو،

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان ئەز دێ بەحسێ شێوازێ وێ لیستێ کەم کو نووکە بەردەستێ مەیە، ژ نڤیسینگەها بەڕێز سکرتێرێ سەرۆکێ پەرلەمانی هاتییە، نە ژمارە و نە مێژوو ل سەرە و نە تەسدیق بویە و نە ئیمزا ل سەرە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە تەنیا بۆ ئاگاداری ئێوە بووە لەسەر ئەم بابەتە، بەڕێزان ئێستا جارێکی تر ناوەکان دەخوێندرێتەوە لە لایەن سکرتێری پەرلەمان، کاك ابو کاروان نوقتەی نیزامی هەیە؟

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن ﴿ابو کاروان﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە وەڵامم دەوێت، ئایا سیستەمی سانتلیگۆ یاسایەکە لە عێراق کاری پێکراوە؟ ئایا ئەو سیستەمە لە کوردستان کاری پێکراوە؟ یاسایەك هەیە ناوی سیستەمی سانتلیگۆ بێت لە کوردستان؟ ئەمە یەك، دووەم، ئێمە ﴿41﴾ کەس لە هەموو فراکسیۆنەکان واژوویان کردووە، ﴿18﴾ هی فراکسیۆنی پارتییە کە سوپاسیان دەکەین سوپاسی هەمو ئەوانی تریش دەکەین کە تەنانەت پشتگیریان نەکردووین، بەڵام ﴿23﴾ بە ﴿18﴾، نەك نیوە زیاتر پارتییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو امنە فەرموو،

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەست ژ سیستەمێ سانتلیگۆ ئەوە نییە كو رێكەوتن لسەر نەهاتییە كرن، ئەوە كو نوختە خیلافا مە گەل فراكسیۆنێن دیتر ئەڤە بوو هەر چوار حزبێن ئێك كورسی بەدەر بن ژ سیستەمێ سانتلیگۆ، ئەو ﴿15﴾ كورسیكێن دمینن لسەر هەر پێنج حزبێن ناڤ پەرلەمانێ بێنە دابەشكرن و ئەڤە هەم عەدالەت بوو و هەم ژی بەشداری كرنا لایەنێن دی یێن سیاسی بوو ل لیژنا دەستووری.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، وەكو باسمان كرد ئەم باس و خواسە سێ كۆبوونەوەی سێ ، چوار سەعاتی بەردەوامی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، ئێستا ئەوەی رێكەوتنی لەسەر كراوە ئەو ناوانەی دراوەتە دەستەی سەرۆكایەتی بخرێتە دەنگدانەوە، سیستەمی سانتلیگۆ لە هەرێمی كوردستان ئیشی پێدەكرێت، ئەمە ئالییەتە، لە كاتی نەگەیشتن بە ئەنجامێك یان حسابكردنی كورسی بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەكانی عێرق كە ئەنجام درا سیستەمی سانتلیگۆ بەكار هێنرا، لە كوردستانیش ئەو هەڵبژاردنانە پەیرەو كرا، داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكەین كە ناوەكان بخوێنتەوە:

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ناوانە لەلایەن فراكسیۆنەكانی پەرلەمانی كوردستان كاندید كراون بۆ لیژنەی دەستووری:

1- نمر كەچۆ هسام
2- فرست صۆفی علی
3- ڤالاْ فرید ابراهیم
4- سیروان عدنان میرزا
5- عثمان علی ویسی
6- عبدالفتاح عبدالرزاق محمود
7- عبدالحكیم خسرو
8- شۆڕش مصطفی رسول
9- بەهار محمود فتاح
10- كوێستان محمد عبدالله
11- عدنان عثمان محمد
12- گۆران ئازاد محمد

13- خامۆش عمر عبدالله

14- چێنەر علی احمد

15- ارکان قادر ولی

16- خلیل ابراهیم محمد

17- ابوبکر عمر عبدالله

18- دانا دارا حسین

19- منی یوحنا یاقو

هەروەها پێکهاتەی تورکمان ڕێککەوتن لەسەر ناوی (کامران نشأت بکر).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، ( 71) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (1) کەس لەگەڵ دانییە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ئێستا دەچینە سەر بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کار کە بریتیە لە گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای باری کەسی ژمارە (188)ی ساڵی (1959)، بە پێی ماددەکانی (70، 72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە یەکی ساڵی (1992)ی هەموارکراو، بۆیە داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین (لیژنەی یاسایی، لیژنەی ئەوقاف، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و خێزان و منداڵ) بێنە سەر سەکۆ بۆ گفتوگۆکردنی ئەو پڕۆژە یاسایە، کاك عباس نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەنگە نوقتەیەکی نیزامی نەبێ، بەڵام پەیوەست بێ بە دەستووری هەرێم، جەنابت فەرمووت کە ئێستا زانکۆی سەلاحەدین دیدارێکی زانستییانەی هەیە کە ئەمەش پسپۆڕی تایبەتە بە بواری یاساوە، پێشنیار دەکەم کە جەلسەکەمان هەڵبگرین هەمووومان بچین سوود لەو زانستە پسپۆڕیانە وەربگرین بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پێویست دەکات ئەندامانی لیژنەکە بڕۆن بۆ ئەو دیدارە، فەرموون بەڕێزان لە سەرۆکایەتی سێ لیژنە پەیوەندیدارەکە ڕاپۆرتی خۆتان بخوێننەوە، دواتر دەقی پڕۆژە یاسا ئەسڵیەکەش بخوێننەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەن.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك موتەبەع یەکەم جار پڕۆژەکە دەخوێنینەوە، دواتر راپۆرتەکە، پڕۆژەی هەمواری یاسای باری کەسی ژمارە (188)ی ساڵی (1959).

**ماددەی یەکەم:** کارکردن بە بڕگەی چوار لە ماددەی (57) لە یاساکە رادەگیرێت و لە هەرێمدا ئەم دەقە دەچێتە شوێنی:

أ- هەریەك لە دایك و باوك مافی بینینی منداڵەکانیان هەیە کە لە ژیاندا بوون, لە کاتی نەمانی ئەوانیشدا یان یەکێك لەوان یان لە پاش نەمانی پەیوەندی هاوسەری لە نێوانیاندا ئەو مافە بۆ باپیر و نەنك و مام و پور و خاڵ دەبێت.

ب- تەنها دایەنی منداڵ ( باوك یان دایك) مافی سەرپەرشتیکردن و بڕیاردانی بوارەکانی ژیانی پەروەردە و فێرکردن و کۆمەڵایەتی منداڵەکەی هەیە تا تەمەنی (18) ساڵ.

ج- دایەن کراو دەتوانێ بە پێی بڕیاری دادگا هەر کاتێك ویستی هەر یەکە لە دایك و باوکی ببێنێ و لەگەڵیدا بڕوات و لەلاشی بمێنێتەوە بە پێی یاسا.

د- دیتن لە پاش ماوەی شیرەخۆری مانگێ جارێك دەبێت و لە (24) کاتژمێر کەمتر نابێت و لە ماڵی داینکراودا نابێت، بە پێی داخوازی ئەویش دەبێت، پاش کۆتایی هاتنی دیتنەکە لەسەریەتی دایەنکراوەکە بداتەوە دەستی داینەکەی بە پێچەوانەوەشەوە تا مانگێك مافی دیتنی نامێنێت.

هـ- لەگەڵ رەچاوکردنی بڕگەکانی پێشوودا بینینی دایەنکراو و بوونی لەگەڵ دایك و باوکیدا یان بنەچەکانیان، یان لە کاتی لە دەستدانی دایەنەکەدا و بە پێی حوکمی دەرچوو لە دادگای باری کەسی و لە کاتی بوونی ناکۆکی لە نێوانیاندا ئەوە دایەنکراو لە یەکێك لە نزیکترین ماڵەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

و- قەدەغەکردنی سەفەرکردن لە دایەنکراو بۆ دەرەوەی وڵات تەنها بە رەزامەندی دایك و باوکی نەبێت لە کاتی نەمانی هەردووکیاندا بە رەزامەندی بنەچەکانیان دەبێت.

ز- لە حاڵەتی نەهێشتنی دایەن بۆ جێبەجی کردنی حوکمی دیتن و لەگەڵدابوون بە بێ پاساوێکی رەوا لەلایەن دادوەری تایبەتمەندەوە ئاگادار دەکرێتەوە، ئەگەر دووبارەشی کردەوە ئەوە دادوەر بۆی هەیە دایەنکردنەکە بە شێوەی کاتی بگوێزێتەوە بۆ ئەو کەسەی لە دوای ئەو خاوەن مافە بۆ ماوەیەك کە دەیخەملێنێت بە مەرجێك لە (6) مانگ زیاتر نەبێت.

ح- ئەندامی داواکاری گشتیی لە دادگای باری کەسیدا چاودێری بە چاکی جێبەجی کردنی بڕگەکانی سەرەوە دەکات و لە کاتی بوونی سەرپێچیشدا ئیجرائاتی دروست وەردەگرێت.

**ماددەی دووەم:** وەزیری داد بۆی هەیە رێنمایی دەربکات بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە.

**ماددەی سێیەم:** راگرتنی کار بە بڕیاری ژمارە (18)ی ساڵ (2001).

**ماددەی چوارەم:** کار بە هیچ دەق و بڕیاریکی دژی بە حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێت.

**ماددەی پێنجەم:** دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:** ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وقائیعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچوون**

لەبەر ئەوەی یاسای باری کەسی ژمارە (188)ی ساڵی (1959) بە شێوەیەکی روون حوکمەکانی رێك نەخستووە و ئامانجەکانی دەرچوونی یاساکەی نەپێکابوو، لە پێناویدا دەرکرابوو، هەروەها بڕگەی چوارەم لە یاساکە کە رێکرا و رۆڵی باوکی لە پەروەردەکردنی منداڵەکانی کەم دەکاتەوە، ئەگەر چی لای کۆمەڵگەی کوردەواری وا باوە کە منداڵ بە ئەندازەی کە پێویستی بە دەروونی پاك و شاوی سارد هەیە، پێویستی بە باوکیشی هەیە و چاوگ و بەدگومان بەرامبەر بە باوك بە پێچەوانەی رێساکانی گەردوون و بنەماکانی ژیان و حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامە کە سەرچاوەی یەکەم و تاکە سەرچاوەیە بۆ یاسای باری کەسی، هەروەها جاڕنامە و پەیماننامەی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤ و مافی منداڵەوە لە پێناوی چارەسەرکردنی کەم و کوڕی ئەم بڕگەیە ئەم یاسایە دەرکرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤالاّ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای باری کەسی ژمارە (188)ی ساڵی (1959)، لیژنەی کاروباری یاسایی و ئەوقاف و کاروباری ئاینی و کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان، رۆژی یەکشەممە 27/ گولانی 2715ی کوردی، بەرامبەر بە (2015/5/17)ی زاینی کۆبوونەوەیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای باری کەسی ژمارە (188)ی ساڵی (1959) کە لەلایەن ژمارەیەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە (9)ی ئاسایی لە رۆژی سێشەممە، بەرواری (2015/4/21) رەوانەی لیژنەکان کراوە، دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامەنەی خوارەوە، ناونیشانی یاساکە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

## هەمواری دووەمی جێ بەجێ کردنی یاسای باری کەسی ژمارە (188)ی ساڵی 1959ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان  عێراق

**ماددەی یەکەم:** برگەی (4) لە ماددەی 57 لە یاسای ژمارە (188)ی ساڵی 1959 لە هەرێمی کوردستان لە کار دەخرێت و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

أ- هەریەك لە دایك و باوك مافی بینینی منداڵەكانیان هەیە لە پاش دابڕان و نەمانی پەیوەندی هاوسەرگیری لە نێوانیاندا لە كاتی نەمانی ئەوانیش یان یەكێك لەوان ئەو مافە باپیر و نەنكیش دەگرێتەوە.

ب- تەنها دایەنی منداڵ ( باوك یان دایك) لە دوای نەمانی ئەوانیش بەپێی یاسا بەرکارەکان ئەو کەسەی مافی دایەنی هەیە سەرپەرشتی پەروەردەو فێرکردن و بواری کۆمەڵایەتی منداڵ دەکات تا تەمەنی (18) ساڵ.

ج- کات و شوێنی دیتن لە ماوەی شیرە خۆریدا بە پێی بڕیاری دادگا دەبێ و بە پێی بەرژەوەندی دایەنکراو.

د- پاش شیرەخۆری  ماوەی دیتنی حەفتانە (12) کاتژمێر زیاتر نەبێت و لە شوێنێك کە کەسی داواکاری بینین (غیر حاضن) دیاری دەکات پاش کۆتایی هاتنی بینینەکە دەبێ دایەنکراو بداتەوە دەستی دایەن بە پێچەوانەوە تا مانگێك مافی بینینی نابێت.

ه- ئەگەر دایەن ڕێگەی لە بینینی  دایەنکراو گرت بەبێ پاساوی ڕەوا لە لایەن جێ بەجێ کاری داد (منفذ العدل) ئاگادار دەکرێتەوە، ئەگەر دووبارەی کردەوە بەپێی بڕیاری دادگای تایبەتمەند بۆ ماوەی مانگێك دایەنی دەگوازرێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە بەپێی یاسای بەرکار ڕێکخراوە.

ح- سەفەرکردنی داینکراو بۆ دەرەوەی وڵات تەنها بە ڕەزامەندی دایك و باوکی دەبێت، لە کاتی نەمانیاندا کەسی دایەن بەپێی یاسا مافی ئەو بڕیارەی دەبێت، هەر لایەکیان سەفریان پێ کرد دەبێت بەڵێن نامەییەك بدات کە پابەند بێت بە گەڕانەوەی بۆ وڵات.

ت- ئەندامی داواکاری گشتی لە دادگای باری کەسیدا چاودێری بە چاکی جێ بەجێ کردنی بڕگەکانی سەرەوە دەکات و لە کاتی بوونی سەرپێچیشدا (ڕێکاری یاسایی) دروست وەردەگرێت.

**ماددەی دووەم**: وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ڕێنمایی پێویست دەردەکەن بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە.

**ماددەی سێیەم**: ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (8)ی ساڵی (2001).

**ماددەی چوارەم**: کار بە هیچ یاسا و بڕیارێکی دژ بە حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێت.

**ماددەی پێنجەم**: پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجی بکەن.

**ماددەی شەشەم**: ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دانانی ئەم یاسایە**

بە مەبەستی پێدانی دەرفەتی یەکسان بە باوك و دایك بۆ پەروەردەی منداڵەکانیان و جێ بەجێ کردنی بنەماکانی شەریعەت و جاڕنامەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و مافی منداڵان و چارەسەرکردن و کەم کردنەوەی دەرهاوێشتە نەرێنییەکانی جیابوونەوە لەسەر منداڵان، ئەم یاسا دەرچوێندرا.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لیژنە هاوبەشەکان داوا دەکەن کە بەڕێزتان ئەوە بخەنە دەنگدانەوە کە راپۆرتەکە ببێت بە ئەسڵ و دەنگدان لەسەر ئەو ماددانە بێ کە لە راپۆرتەکەدا دەق نووسکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە سەرۆکی فراکسیۆنەکان، ئەندامانی فراکسیۆنەکان ئاگادار بکەنەوە بێنەوە ناو هۆڵی پەرلەمان، چونکە ئێستا نیساب بۆ دەنگدان نییە، تەنها دەمەوێ پێش ئەوە لێرە روونکردنەوەیەك بە بەڕێزتان بدەم ئەو بابەتەی بەڕێز (د.سراج) باسی کرد پەیوەندی بەم پڕۆژە یاسایەوە هەیە کە ئێستا لەبەر دەستی ئێوەدایە، بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، لە کاتی خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پڕۆژە یاسایە بە هەڵە لەلایەن بەشی کاروباری لیژنەکانی پەرلەمانەوە پڕۆژە یاسایەکی تر بۆ هەمواری یاسای باری کەسێتی هاوپێچ کراوە لەگەڵ ئەم پڕۆژە یاسایە، نێردراوە بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان، نێردراوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان، ئەو پڕۆژە یاسایەی کە هاوپێچ کراوە بە هەڵە هاوپێچ کراوە، هیچ ئەرزشێکی یاسایی نییە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان، چونکە هێشتا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکراوە، ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە تەنها ئەم پڕۆژە یاسایەیە، ئێمە لە رێگەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە ئاگاداری کاروباری لیژنەکانمان کردووە و هەڵەیەی کە بە سەریاندا تێپەڕیووە و کێشاویانەتەوە، پێم باشە گفتوگۆ بکەین لەسەر ماددەی یەکەم، دوایی دەتوانی ئەوەش کە دەقی راپۆرتەکە کە دەکرێتە بنەما بیخەینە دەنگدانەوە، ئەو کاتەی کە نیساب تەواو دەبێت، لە راپۆرتەکە و دەقی پڕۆژە یاساکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی دەنگدانی لەسەر بکەین، بەڵێ، فەرموو د.ڤالاً.

**بەڕێز د.ڤالاً فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناونیشانی پڕۆژەکە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

هەمواری دووەمی جێ بەجێ کردنێ یاسای باری کەسی ژمارە (188)ی ساڵی 1959ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان  عێراق.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە دەقی پڕۆژە یاساکەش هەر وایە؟ بیخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لە پڕۆژە یاساكەدا عینوانەكە بەو شێوەیە هاتووە:**

**پڕۆژە هەمواری یاسای باری كەسی ژمارە (188)ی ساڵی (1959)، بەلاّم ئەمە لەبەر ئەوەی لە یاسایەكی فیدراڵیە ئێمە تەعدیلی تەتبیقەكە دەكەین، بۆیە بەو شێوەیەمان لێكردووە.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە پێی دەستووری عێراق پێویست دەكات یاسا ئیتیحادییەكان كە لە هەرێمی كوردستان هەموار دەكرێن هەمواری جێ بەجێ كردن بكرێن، كێ قسەی هەیە لەسەر ناونیشان؟ كاك عباس فەرموو.**

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بە پێی یاسا هەرێمی كوردستان تەنها سێ پارێزگا دەگرێتەوە، ناوچەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستانیش كاتێ كە دەگەڕێنەوە، بۆ ئەوەی تووشی ئیشكالیەت نەبین، هەرێم هەڵگیرێتن (كوردستان عێراق) بێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ بەڕێزت، بەلاّم بەڕێز (كاك عباس) ئەمە لە عێراقدا جێ بەجێ دەبێت، یەعنی بۆ نموونە لە پارێزگای كەركووك ئێستا ئەوە جێ بەجێ بووە، ئەوە هەمواركراوە لە عێراق، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبێتم، بەڕێزان لە لیژنەی كۆمەلاّیەتی ئەگەر هەڵەنەبین، بەڕێز خاتوو گەشە فەرموو.**

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**نەخێر لە عێراق نەكراوە ئەم تەعدیلە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**نیساب هەیە، باشە، لیژنە پەیوەندیدارەكان سەبارەت بەم راپۆرتە داوا دەكەن كە راپۆرتی هاوبەشی كە ئامادەیان كردووە بكرێتە بنەما بۆ گفتوگۆكردن، بەڕێزان، ئێستا ئەمە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (54) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانییە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، كەس نییە لەگەڵدا نەبێت، كەواتە پەسەندكرا، زۆر سوپاس، لەسەر ناونیشان (كاك عباس) پێشنیارێكی هەبوو كە هەرێم لاببرێت و ناونیشانی پڕۆژە یاساكە وای لێبێت كە هەمواری دووەمی جێ بەجێ كردنی یاسای باری كەسی ژمارە (188)ی ساڵی (1959)ی هەمواركراو لە كوردستان عێراق، لیژنە پەیوەندیدارەكان راتان چییە لەسەر ئەم بابەتە؟ فەرموو بەڕێز د.بەهار.**

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەم یاسایە یاسایەکە پەیوەندی بە جێ بەجێ کردنەوە هەیە لە مەحاکم، ئێمە هەمووومان لەگەڵ ئەوەین کە ئەو یاسایانەی لێرەوە دەردەکرێ ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیش بگرێتەوە، ئەوە لە رووی دەستووریشەوە ناوچەی جێ ناکۆکن، بەلأم من لە رووی عەمەلییەوە روونکردنەوەکەم دەدەم، لە رووی عەمەلییەوە ئێمە ئەگەر هەرێمیشمان لابرد محاکمەکانی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئایا جێ بەجێی یاسایەك دەکەن کە لە هەرێمی کوردستان، کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە تەعدیلی لەسەر کراوە؟ من پێموایە لە رووی عەمەلییەوە جێ بەجێی ناکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سراج فەرموو.

**بەڕێز سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی (د.بەهار) دەڵێ، راستە، وایە، بەلأم ئێمە یاسا بۆ ئەمڕۆ دانانێین، بۆ داهاتوو دایدەنێین، لەوانەیە لە داهاتوودا ئەم ناوچانە بگەڕێنەوە ژێر رکێفی خۆمان، چی تێدایە ئەگەر ئەوەی کە (کاك عباس) پێشنیاری کرد وەکو ئەو باس دەکاتن، پێشتریش بوویتە عورفێك لە پەرلەمانی کوردستان، ناوی هەرێم لە زۆربەی پڕۆژەکان لاچووە بۆ ئەوەی کارەکان وەکو خۆی بڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ناوتان نەنووسی بوو، کاك بێستون و کاك حاجی کاروان، باشە، کاك بێستون فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، مادام قسەی بەدوا داهات من پێشنیار دەکەم لیژنەی یاسایی کە سەرپەرشتی کۆبوونەوەی دارشتنی راپۆرتەکان دەکەن رۆژانە یان حەفتانە لەگەڵ لیژنە مەعنییەکان، یەعنی وردە وردە خۆتان رابێنن لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان لابەن، ئیتر بۆ ئەوەی هەم خەڵکی کوردستانیش وردە، وردە رابێنین لەسەر ئەوەی هەرێمەکەی لاببەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، بەڕێزان دەیخەینە دەنگدانەوە، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە محاکم لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەشێك لە دادوەر و ئیدیعای عام سەر بە هەرێمی کوردستانن، نموونەش بۆ ئەوە مەخمور و خانەقین، بۆیە یاساکانی هەرێمی کوردستان دەتوانرێ لەسەر ئاستی محاکمیش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم کاری پێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، تکایە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، کاك فرست نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوّفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە یاسای باری کەسیەتیمان هەیە کە یەکەم هەموارکردنی کراوە و بەشێکیشی ئیشکالی لەسەرە لێرە، بەس بە تایبەتی سەبارەت بە ژنی دووەم، لێرە لەگەڵ ئەو ناوچانەی کوردستانی، ئایا ئێمە دەتوانین ئەو بڕگەیەی کە دەڵێین کوردستان عێراق ئەگەر دەیخەیتە دەنگدان مەشمولە بۆ کۆی یاساکە یاسای باری کەسی یان تەنها بۆ ئەو بڕگەیە؟ ئەگەر وابێت چۆن دێیت و یاسا تەجزیئەکەی، خۆ ئێمە نایەین یاسایەکی نوێ دانێین، ئێمە بڕگەیەك لە یاسای باری کەسیەتی هەموار دەکەین، یەعنی تۆ چۆن دەکرێ بێی ئەو بڕگەیە بڵێی والله ئەوە کوردستان عێراق، بەس یاسای باری کەسیەتی ئەوەی تر پەیوەندی بە زواج و تەلاق و ژنی دووەم و مەسائیلی دیکەی نەفەقەیە بێی بڵێی والله تەنها بۆ هەرێمی کوردستانە، ئەمە کێشەمان بۆ دروست دەکات، ئەگەر بڕیارە بیکەن فەرموو بۆ هەمووی بکەن، بۆ ئەوەی ئەو موشکیلەیەش نەمێنێ، خەڵك بچێ ژنی دووەم لە مەخمور و ئەوانە مارە بکات، ئەگەر نا چۆن دەکرێ لە شوێنێك وابێت لە ئەوەی تر بە جۆرێکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەوە دوو را هەیە لەسەر ئەم بابەتە، ئەوەی کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە دەیخەینە دەنگەوە، دەنگی نەهێنا ئەوەی تر دەخەینە دەنگەوە، پێموابێت ئەو بۆچوونە یاساییانەش کە باس کرا سەبارەت بەم پڕۆژە یاسایە بۆچوونی دروستن، سەبارەت بە ئیختیساسی مەکانی محاکم لە کۆی یاسای باری کەسیەتی و جوزئێك لە یاسای باری کەسیەتی کە ئەم هەموارەیە پێویست دەکات ئەمە لەبەر چاو بگرین ، بۆیە تکایە بیخوێننەوە بەڕێز دکتۆرە ڤالاٚ ، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاٚ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمواری دووەمی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسی ژمارە (188)ساڵی (1959)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان عێراق.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدایەتی؟ (35) كەس لەگەڵدایەتی ، كێ دژ یەتی؟ (3) كەس دژ یەتی كەوا تە پە سەندكرا ، ماددەی یەكەم ، نوقتەی نیزامی كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆركی پەرلەمان.**

من لە یاساییەكان دەپرسم ئێمە بۆمان هەیە یا سایەك ساڵی (1959) دەر چووە هەمواری بكەین؟ یا سای ئێمەش نەبووە ، هەرێمی كوردستانیش نەبووە لەو كاتەدا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی وەڵام ئەدەنەوە ، بەڵێ ، فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ مافی هەمواركردنی یاسا هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ، ماددەی یەكەم.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**ماددەی (1):** برگەی (4) لە ماددەی (57) لە یاسای ژمارە (188)ی ساڵی (1959) لە هەرێمی كوردستان لە كار دەخرێت و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

أ-هەریەك لە دایك و باوك مافی بینینی منداڵەكانیان هەیە لە پاش دابڕان و نەمانی پەیوەندی هاوسەری لە نێوانیاندا, لە كاتی نەمانی ئەوانیش یان یەكێك لەوان .ئەو مافە باپیر و نەنكیشی دەگرێتەوە.

ب-تەنها دایەنی منداڵ ( باوك یان دایك) لە دوای نەمانی ئەوانیش بەپێی یاسا بەركارەكانن ئەو كەسەی مافی دایەنی هەیە سەرپەرشتی پەروەردە و فێركردن و بواری كۆمەڵایەتی منداڵ دەكات تا تەمەنی (18) ساڵ.

ج- كات و شوێنی دیتن لە ماوەی شیرەخۆریدا, بە پێی بڕیاری دادگا دەبێت , بەپێی بەرژەوەندی دایەنكراو.

د- پاش شیرەخۆری ماوەی دیتنی هەفتانە (12) كاتژمێر زیاتر نەبێت و لە شوێنێك كە كەسی داواكاری بینین (غیر حاضن) دیاری دەكات , پاش كۆتایی هاتنی بینینەكە دەبێ دایەنكراو بداتەوە دەستی دایەن بە پێچەوانەوە تا مانگێك مافی بینینی نابێت.

ه- ئەگەر دایەن رێگەی لە بینینی دایەنكراو گرت بەبێ پاساوی رەوا لە لایەن جێ بەجێ كاری داد ئاگادار دەكرێتەوە, ئەگەر دووبارەی كردەوە بەپێی بڕیاری دادگای تایبەتمەند بۆ ماوەی مانگێك دایەنی دەگوازرێتەوە بۆ ئەو كەسەی كە بە پێی یاسای بەركار رێكخراوە.

ح- سەفەرکردنی داینکراو بۆ دەرەوەی وڵات تەنها بە رەزامەندی دایك و باوکی دەبێت, لە کاتی نەمانیاندا کەسی دایەن بە پێی یاسا مافی ئەو بڕیارەی دەبێت, هەر لایەکیان سەفریان پێ کرد دەبێت بەڵێن نامەییەك بدات کە پابەند بێت بە گەڕانەوەی بۆ وڵات.

گ- ئەندامی داواکاری گشتی لە دادگای باری کەسی دا چاودێری بە چاکی جێ بە جێ کردنی بڕگەکانی سەرەوە دەکات و لە کاتی بوونی سەرپێچیشدا (ڕێکاری یاسایی) دروست وەردەگرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دەقی پڕۆژە ئەسڵییەکەش بیخوێننەوە ، بوو بە ئەساس ، باشە ، باشە ، باناوەکان بنووسرێن ، بەڕێز دکتۆرە بەهار نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە ئەو بڕگەی (4) لە ماددەی (57) کە لە ئەسڵی یاسای ئەحوالی شەخسیدا هاتووە بیخوێنینەوە بۆ ئەوەی زیاتر بەرچاوی ئەندامانی بەڕێز ڕوون بێت ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر زۆر باشە ، بەس با ناوەکان بنووسرێ ، تەواو بوون ، شتێکی باشە بیخوێننەوە دەقی ئەسڵی یاساکە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە گفتوگۆی ماددەی یەکەم ئەکەن ، پێشتر ( سهام عمر ، حاجی کاروان ناوی خۆیان نووسیوە ، تەلار لطیف ، فەرهاد سەنگاوی ، ئاواز جەنگی ، حەیات مجید ، مەدینە ایوب ، فرسەت صۆفی ، ڤیان عباس ، عباس غزالی ، شوان شێخ احمد ، نجیبە لطیف ، پەروا علی ، جوان اسماعیل ، حسن صالح ، شێرکۆ حەمە امین ، غەریب مصطفی ، مریم صمد ، امنە زکری ، منیرە عثمان ، محمود حاجی عمر ، عمر عینایەت ، شکریە اسماعیل ).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو کەژاڵ نەفتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوێنێ بەیەك تەلەفۆن لەگەڵ حاجی کاروان هەردووکمان ناوی خۆمان لای سکرتێری پەرلەمان نووسی ، بەڵام مافی کاك حاجی کاروانی داو مافەکەشی بە من نەدا ، سوپاسی دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لە بیری چووە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ، بەڕێز دکتۆر سراج تکایە دەقی ماددەکە بخوێنەوە ، جەنابت دەیخوێنیتەوە؟ بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەی (4) لە ماددەی (57) لە یاسای ژمارە (188)ی ساڵی (59) بەو شێوەیە هاتییە کە ئێستا داوای لابردنی کراوە (للأب النظر في شؤن حضون و تربیته و تعلیمه حتی یتم العاشرة من العمر ، و للمحكمة ان تأذنة بتمدید حضانة الصغیر حتی اكماله الخامسة عشرة ، اذا ثبت لها بعد الرجوع الی الجان المختصة الطبیة منها و ال ان مصلحة الصغیر تقتضي بذلك علی ان لایبیت الی عند حاضنته) ، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس ، ئێستا ئەندامانی پەرلەمان قسە ئەکەن ، بەڵام ئاگاداربن کە پابەندین بە کاتی قسەکردن کە بریتییە لە (3)خولەك ، خاتوو سهام عمر فەرموو.**

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تێبینیا من لسەر بڕگا (10)یە ماددا (1) سەبارەت بڕگا (10) پێشنیار دکەم یان ئیزافەك بهێتە سەر کرن یان ئەڤ پێشنیارا ئەز پێشکەش دکەم ببیتە بڕگەکا دی کو هەریا هاڤ ڕایە دگەل ڕامانە ئەڤێ بڕگەها هەنێ ، بۆ نموونە د ڤێرێدا هاتیە کو حەفتانە نابیتن کو (12)کاتژمێرا زیاتر نەبیتن ماوەی بینینی منداڵ ، ئەز پێشنیار دکەم ئەگەر ئیزافە بیتن یان ژی جودا بڕگەك بهێتە دان ڤی شێوازی بهێتە کرن بە ڕەزامەندی دایەن ماوەی دیتنی هەفتانە لەلایەن داواکاری بینین دەکرێت درێژبکرێت بۆ (24)کاتژمێر بە ئاگاداری بەڕێوبەرایەتی جێبەجێکردن کە سەر بە وەزارەتی دادە ، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**باشە ، سوپاس ، خاتوو کەژاڵ هادی فەرموو.**

**بەڕێز کەژاڵ هادی فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من سەرنجێکم هەیە ، دەتوانم بڵێم گلەیەکیشم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان هەیە ئەگەر لێمی قەبوڵ بکەن ، دواتریش لەسەر بڕگەی (د) پێشنیارێکم هەیە ، پرسە کۆمەڵایەتییەکان لەم دۆخەی هەرێمی کوردستاندا بەڕاستی کەوا پرسی کۆمەڵایەتی چارەنووس سازن زیاتر فەرامۆش کراون ، زیاتر گرنگی بە پرسە سیاسی و داراییەکان دەدرێن ئەمان هەم سیاسی چارەنووسسازن ، ئەمانیش کۆمەڵایەتی چارەنووسسازن ، دوو جار ئێمە لە پرسی کۆمەڵایەتی جارێکیان پەیوەندی بە پرسی ژنانەوە هەبووە ، ئەمجارەش پەیوەندی بەم پرسە کۆمەڵایەتییەوە هەیە کەوا داواکارییەکی زۆر زۆری تاکەکانی کۆمەڵگای لەسەرە لەگەڵ دوو بابەتی گرنگی سیاسی ڕەبت دەکرێتن تەنانەت کەنا ڵەکانی ڕاگەیاندنیش بە پێی پێویست ئاماژە بەم برگەی دانیشتنی کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان ناکات ، بڕگەی (د) پێشنیارەکەمان ئەوەیە ئێمە وەکو لیژنەی کارو باری کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوەدابووین کە (24) سەعات بێ حەفتانە دیتنە کە زیادبکەین ،**

چونکە ئەوە مافی هەموو منداڵێکە بێ سۆزی ببینێ لای دایك و باوکی ، بەڵام لێرە کراوەتە (12)سەعات و زیاتر نەبێت یەعنی دەرگای لێقەپات کرا یە ، ئێمە پێشنیارێکی دیکەمان هە یە وەکو ئە ندامانی لیژ نەی کاروباری کۆمەڵایەتی دڵنیاشم کە زۆر بەی ئە ندامانی ئەو لیژنە یە و زۆر بەی پەر لەمانتارانیش تەئ یدی ئەمە دەکەن ، ئەم دیتنی منداڵە برگەی (د) پاش شیرە خۆرەیی ماوەی دیتـنی هەفتا نە ببێ تە (15) رۆژ جارێك واتە دوو هەفتە جارێك بکرێت بە (24)کاتژمێر ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، سەبارەت بە ڕەخنەکەت تازە ڕا پۆرتی لیژنە کەتان حازربووە ئەوە ندە گرینگیمان پێداوە کە هەر حازربووە خستوومانەتە بەرنامەی کارەوە ، بەڕێز کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کەنعان نجم الدین احمد (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی (أ) باسی ئەوە ئەکات لەکاتی نەمانی دایك و باوك ئەوجا نەنك و باپیرە ئەتوانن ببیـنن ، لە هەمان کاتدا کوردەواری خۆمان قسەیەکی هەیە ئەڵێ (جەرگی جەرگمە) یەعنی ئەو باپیرە و ئەو نەنکە ئەگەر لە ژیاندا بمێنن یەعنی ئەوان ناتوانن ببینن؟، بۆیە من ئەڵێم ئەگەر لیژنەی یا سایی ئەو برگە یە زیادبکەن یەعنی ئەوانیش مافی بینینیان هەبێ نەك کە دایك و باوك بمرن ئەوجا ئەوان ببیـنن ، لە برگەی (ج) وەلەو من نازانم ئەگەر پرۆژە یاساکە لە یاسای عیراقییە ئەگەر هەموارکرابێتەوە ئەڵێ لەو شوێنە ئەبینرێ کە پێی ئەوترێ (اتحاد المرأة العراقیة) لەیاسای قەدیم ، ئەوەبۆ تە تەرجو مەکراوی لە هەردوو ڕێکخراوی ئافرە تان و ژ نان ئەبینرێن زۆر جار گلەیی زۆر ئەکرا لەلا یەن پیاوا نەوە قسەیان پێ ئەوترا لە بەعزە شوێنەوە ئەوە بۆ ئەوەی ئەو شوێنە دیاری نەکرێ ، یەعنی هەر ڕێکخراو ێك بێ نەبێت بە ڕە ئی من ، ئەگەر شوێنێکی دیاری کراو هەبێ بەڕەئی من وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بێ ئە گەر لێرە دیاری بکرێ ، ئەگەر دیاریش نەکرێ ئەوە شوێنەکە دیارە باوك لای خۆیەتی و دایك لای خۆیەتی ، بەڵام ئە گەر لە حاڵەتیکدا شوێنەکە نەبوو کوێ ببێ باشە؟ جا لێرە شوێنەکە دیاری نەکراوە کات و شوێنی دیتن کە یە؟ کاتە کە دیاری کرا بەڵام شوێنەکە دیاری نەکرا ، بۆ یە بەڕەئی من ئەبێ موئەسە سەیەك بێ سەر بە حکومەت بێ نەك سەر بە ڕێکخراوێك بێ ، لایەنێك بێ ، خاڵێکی تر من پشتگیری خو شکە سوهام ئە کەم کە (12) لای کەم بکرێتەوە (24) سەعات لای باوك بمێنێتەوە یان لە گەڵ دایك بمێنێتەوە ، حەفتا نەش بێت ئەوە زۆر باش ئەبێ ، سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، خاتوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطيف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرنج و تێبینیم هەیە لەسەر خاڵی (ج)م کە پێویستە بەپێی بەرژەوەندی مناڵەکە و ئەو کەسەبێ کە مناڵەکەی لەلا یە ، چونکە زۆر جار هە یە مەرحە لەی شیرەخۆری ماوە کەی د یاری کراوە ، بەلاٚم بە پ‌ێی تەمەنەکە پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگیرێ ، شوێنەکەش لەبەر چاو بگیرێ ، چونکە ئەو تەمە نە زۆر جار ئەبێتە هۆکارێ بۆ ئەوەی بە پێی جیاوازی شوێنەکانیان لەوانەیە ئەو شوێنە لە بەینی هەولێر و سلێمانیا بێ ، لەوانەیە لە بەینی سلێمانی و قەلاٚدزێ بێ ئەو کێشانەمان هەیە بۆ ئەوەی زەرەر لە مناڵە کە نەدرێ زۆر گرنگە مناڵەکەش و ئەو کەسەی کە مناڵەکەشی لە لایە لەبەر چاو بگیرێت ، لەسەر خاڵی (د) من وە کو پێشتریش هەر لە لیژنە ئەوەمان تەرح کرد کە پێویستە دوو حەفتە جارێك بێ (24) سەعاتەکە ، م‌نیش هاوڕام لەگەڵ بەڕێز خاتوو کەژاڵ کە دوو حەفتە جار ێك بێ (24) سەعات لە لای ب‌ێت ، لە بەر ئەوەی ، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی زۆرجار ئەگەر حەفتانە بێ ئەو (24) سەعاتە یاخود ئەو (12)کا تژمێرە بە پ‌ێی عورفێك وای لێهاتووە دادگا هەمیشە جومعان دا ئەنێ بۆ ئەو چاو پێکەوتنانە ، کە جومعانیشی دا نا ڕا ستە ڕۆژەکانی دیکە لەلای دایکەکەیە یان لای باوکەکەیە یا لای ئەو کەسەیە مناڵەکەی لەلا یە ، بەلاٚم ئە مە وای لێدێت زۆرجار هەیە ئەو کاتەی بەخۆشی ئەیباتە سەر مناڵەکە لەلای باوکەکەیە یان لەلای دایکەکە یە کە ئە مە وای ل‌ێدەکات زۆر جار سەرنجی مناڵە کە ز یاتر ڕا ئەکێ‌شێ بەلای ئەو کە سەی کە مناڵکەی لەلا یە لەماوەی (24) سەعاتەکە یاخود لەماوە (12)کاتژمێرە کە ، کە ئەویش جومعا نە زۆر بەی کاتیش لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی عورفی وای لێهاتووە جومعان زیاتر خەڵك ئەچێتە دەرەوە ، زیاتر سەرف ئەکا ، زیاتر ئەوەی کات بەسەر ئەبا لەگەڵ خێزانەکەی ، بۆیە ئەمە وای لێدەکات کە دایکەکە بەوەی کە بە پێی ئەو ئامارەی کە لە لامە بۆنموونە لەم ساڵە لەماوە ئەو (5)مانگەدا (315) خ‌ێزان کە جیابوونە تەوە مناڵەکانیان دەب‌ینن لە یەك ڕێ‌خراویش ڕێکخراوی یەکێتی ژ نانی کورد ستانە لە سلێمانی کە (226)ی مناڵەکان لای دایکەکەیە ، یەعنی دایکەکە مناڵە کە ئەهێنێ بۆ ئەوەی کە باو کە کە ببی‌نێ ، (89)ی لای باوکەکە یە کەوا تە ئەوەی کە ل‌ێرە زەرەرمە ند دە بێ لە بینی‌نی منا ڵەکانی لە جوم‌عەدا بۆ ئەوەی کە مناڵەکەی بەرێتە دەرەوە ، یاخود ئەوکاتەی لە گەڵ بەرێ‌تە سەر ئەوە دایکەکە یە کە زۆر جار تەئ‌سیرێکی سلبی بەجێ ئەهێڵێ لەوەی کە ئەو مناڵە بەو شێوازە بینی‌نەی لای باوکە کەی تەئ‌سیرێك بێ‌تە سەر لەوی تەئسیر دەکاتە سەر حەزانەکەی ، چەندین نموونەمان لە لایە کە مناڵ ئەو فەترە یەی لای باوکە کەی بووە جومعان بووە هەموو جومعەیەك بینویەتی دواتر وای لێهاتووە مناڵەکە وازی لە دایکی هێناوە چۆتەوە لای باوکەکە کە ئەمە لە ڕووی مەعنەویشەوە تەئسیرێکی سلبی بەجێ ئەهێڵێ بۆ سەر دایکە کە ، بۆ یە گرن‌گە دوو حەفتە جارێك بێ وە (24)سەعات لەو کاتەشا مافی کەسیشیان پێشێل نابێ ، لە خاڵی (ه)دا پێ‌شنیار ئەکەم وەکو چۆن ئەو کەسەی کە ڕێگری ئەکا لە بینینەکە عقوبەی هەیە ، لە کاتێکیشدا بەهۆی نەبوونی پەروەردەیەکی دروستەوە لەناو خێزانەکانا لە هەرێمی کوردستان زۆرجار هەیە ئەو منا ڵە بەخراپ بەکار

ئەهێنیٚ لەبەر ئەوە زۆربەی زۆری جیابوونەوەکانیش لەسەر ئەسا سی تەفاهوم نیـیە ، هەمووی لە ڕێگای دادگاکانەوەیە زۆرجار کێشە دروست ئەبیٚ لەنێوان خێزانەکاندا ئەمە وای لیٚ ئەکا ئەو منا ڵە دائیمەن بە خراپ بەکاری بهێنیٚ لە بەینی ئەو دایك و باوکەیا ، بۆیە گرنگە ئەگەر هاتو ئەو دایکە یاخود ئەو باو کە کە منالّە کە ئەبینیٚ بەخراپ منالّە کەی فێر کرد بە شێوازێك دژی ئەو کە سەی منالّە کەی لە لا یە ، نموو نەشمان لا هە یە ، باوکە کە خۆی لە ڕێگای حادیـسەی سەیارەوە مردووە کەس و کارە کەی یەعنی نەنکە کەی یان باپیرە کەی یان مام و پوورە کانی کە بینویانە تەوە هاذ یان داوە وتوویا نە ئەوە دایـکت کوشتوویەتی ، ئەم بوختانانە ئەبێتە هۆکارێك تەئسیری سلبی بەجیٚ ئەهێڵیٚ ، منیش لە گەلٚ ڕە ئی حاجی کاروانم ، پێویستە زۆرجار هەیە دایك و باوك بەتایـبەتی ژ نان منا ڵەکانیان ئەبینن ، بەهۆی ئەو کێـشەی کۆمەلأیەتیانەی کە هەیە ناتوانن لە مالّی خۆ یان منا ڵەکانن ببـینن ، وا تە لە مالّی باوکیا نە ، بۆ یە زۆر گرنگە لە یاساکە ئاماژە بە شوێنێك بکریٚ بۆ بینینی ئەو منالأنە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، خاتوو حیات فەرموو.

**بەڕێز حیاە مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت بڕگەی (أ)ەوە پشتگیری لە قسەکانی حاجی کاروان دە کەم ، لە بڕ گەی (ج)دا پـشتگیری خاتوو تەلار ئەکەم ، بەڕێزان بەلأم بە نیسبەت بڕگەی (د)ەوە کە (12)سەعات دیاریکراوە بە ڕای من ئەو وەخـتە بگەڕێندرێتەوە بۆ دایك و باوك ئیتیفاق بکەن لەسەر ئەو کاتە ، دایك و باوکەکە ئیتیفاق بـکەن لە سەری و ماوەکە زیاتر بیٚ یان کەمتربیٚ ، یەعنی ئەو ئازادیـیە بگەڕێـتەوە بۆ دا یك و باوك ، لەوانە یە مە سەلەن دایکەکە یان باوکەکە حەز بکا ئەو وەختە کەمتربێت یان یاخود زیاتر بێت ، بەلأم بە پـێی یا ساکە ڕێـگەی پێـنەدراوە لە سەری ئە کەویٚ ئە گەر بە کراوە یی بمێنێـتەوە وەختە کە بگەڕێـتەوە بۆ دا یك و باوك ئەوا شتێکی زۆر باشتر دەبێت هەم بۆ دایکەکە و هەم بۆ باوکەکەش کە ئیتیفاق لەسەر ئەو وەختە بکەن خۆیان ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، خاتوو پەروا علی فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پێش ئەوەی کە تێبینـیەکانم بدەم ، بەلّیٚ مـنیش لە گەلٚ ئەوتێبینـیەم کە بە دا خەوە پر سە کۆمەلأیەتیـیەکان بە هە ند وەرناگیر ێت بۆ قـسەکردن لە سەری تەنا نەت لەلا یەن زۆر ێك لە ئە نداما نی بەڕێزی پەرلەمانەوە کە ئەبینین زۆربەی هۆڵەکە بەجێماوە ، لەبەر ئەوەی کە قسە لەسەر بابەتێك ئەکریٚ ڕەنگە ئەوەندە گرنگ نەبیٚ بەلایانەوە ، بەلأم لە پرسە سیاسی و داراییەکا ندا هەمیـشە لە گەلٚ ڕێز ما ئیتر

به هەر مەبەستێك بێت تەواجودەكە زۆرترە ، بەلأم بۆ ئەمانە بەداخەوە كە هەمووومان ئەگرێتەوە ئەوە یەكێك كە لە تێبینییەكانە كە ئەبینین هۆڵەكە چۆڵە ، سەبارەت بە تێبینی ترم لەسەر ماددەی یەكەم بەگشتی بەداخەوە ئێمە پرۆسەی هاوسەرگیری لە كۆمەڵگەی ئێمەو زۆرێك لە كۆمەڵگاكانی تریش زۆر بەی خۆنەویستانەیە بەبێ بوونی بنەمای خۆشەویستی و ڕێز لەبەر ئەوە هەمیشە لە كاتی جیابوو نەوەدا رق یەكێكە لە هۆكارەكان ئەو تۆزە خۆشەویستییەی كە درو ستیش بووە ئەوەش دوو بارە جارێكی تر ئەگۆڕێتەوە بۆ رق ، یەكێك لە هۆكارەكانی كە چەكی دەستی ئەو ڕقەیە بریتییە لە منا ڵەكان ، ئێمە هەمیشە لە هەموو پرۆسەكە ئەیەن لە ڕێگای منالەكانەوە ، ئەوەی بەهەند وەر ئەگیرێت ئەوەیە كە ئایا ئەو منالە ببینێ یان نەیبینێ بەس خۆی گرنگیەكە ئەوەیە بە چ مەبەستێ ئەیبینێ؟، بۆچی ئەیبینێ؟ ، ئێمە كار لەسەر زۆرێك لە شتەكان ئەكەین بەوەی كە زۆر گرنگە گرنگی بە هاوبەشیكردنی پەروەردەی منالّ بدرێت لە نێوان ژن و پیاودا ، كاركردنی ئێمە بۆ ئەو مەبەستە زۆر گرنگترە لەوەی كە كامیان ئەیبینن ، لە كۆمەڵگای ئێمەدا بە پلەی یەكەم بەپێی ئەو ئامارانەش كە هەبووە و ئیشارەتی پێدرا زیاتر دایكەكە منالەكان وەرئەگرێت لەبەر ئەوە ئەركی پەروەردەكردن ئەخرێتە سەر دایك ، باوك لەو ئەركە بەڕاستی یەعنی دائەبڕدرێت ، لەبەر ئەوە زۆر ئاساییە بۆی كە ئەمە ڕەنگە هۆكارێك بێت بۆ ئەوەی كە خۆ ئەو ئەركی پەروەردەكردنی لە ئەستۆ نییە لەبەر ئەوە ئاساییە ئەگەر لە حەفتەیەكا (2) سەعات ببینێ یان (24)سەعات ، بۆیە هیوادارم كار لەسەر ئەوە بكرێت كە هۆشیارییەكە هەبێ بۆی ئەوە دروست نەبێ منالّ نەبێت؟ یەعنی نەبێتە چەك ، سەبارەت بە بڕگەی (د) من لەو باوەڕەدام كە بۆ نموونە لە (24)كاتژمێر ، ئەو (12)سەعاتە بكرێت بە (24)كاتژمێر زیاتر نەبێت ، لەگەڵیدا ئارەزوومەندانە بێت ، (2)هەفتە جارێك بێت یا هەفتەی جارێكیش بێت ئاساییە كە من خۆم لەگەڵ دوو هەفتە جارێكام بە حكومی ئەوەی كە ڕەنگە زۆر جار گۆڕینی شێوازی پەروەردە لەنێوان خێزانی دایكەكە لەگەڵ خێزانی باوكەكە و بەتایبەت ئەگەر بەداخەوە لە توێژێك بنكە ، پاش خانە ڕۆشنبیرییەكەیان بە شێوازێك نەبێت كە باوكەكە بكات بە دوژمن یا دایكەكە بكات بە دوژمن ، هەمێشە ئەو مندالە لە رقا گەورەبێت ، لەبەرئەوە دەكرێت ئەوە بۆ (24)سەعات دانرێت ، بەلأم ئەكرێت مەرجی تەمەنی تێدا تەحدید بكرێ ، لەبەرئەوە مندالی شیرە خۆرە تۆناتوانی (24) سەعات لای باوكی دایبنێیت ئەوانەی كە هین بێت ئەوە گرنگی پێبدرێت ، بەڵێ مەبەست ئەوەیە ئەو (24) سەعاتە بەو شێوەیە بێت قسەی لەسەر بكرێت ، هیوادارم شوێنێ دیاری بكرێت بۆ كاتی بینینیان لەهەمان كاتیشدا ئەو (24) سەعاتە هەوڵی ئەوە بدرێت كە هەم باوكەكە ، هەم دایكەكە بەتەواوەتی كاتەكە كراوەبێت بۆ مانەوەیان ، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز دكتۆرە جوان اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش نەفسی ڕەئی پەروا خانم هەیە ، بەڕاستی ئەندامانی پەرلەمان موفەسرن لەو جەلسەیەی کە بەتاڵ بوو قاعە کە دانیشتینە ، وا بزانم لا یەنی کۆمەلا یەتی زۆر گرنگە لە کۆ مەڵگای هەرێمی کورد ستان کو ئەهمیەتی دەدەینە لایەنی سیاسی ، لایەنی دارایی ، لایەنی ئابووری ، لایەنی کۆمەڵایەتیش زۆر زۆر گرنگە ئەکبەر میسالیش بدەم ئەگەر لە واقیعی کوردستان بڕۆینە مەحکەمەی دەبینین چەندین کێشە هە یە لە مابەینی باوك و دایك ، زەحیەکەش منداڵە ، ئەوە زۆر زۆر گرنگە لایەنی کۆمەڵایەتی باس بکرێ ، گرنگی پێبدەین ، بەس فەقەرەی (أ) نازانم کاك حاجی کاروان و تەلارخان من لەگەڵیانم ، نازانم ، بەلاّم لە لیژنەی یا سایی دەپر سم مەزمموونی ئەو فەقەرە یەی وا پێ شاندەدا کە دا پیر و باپیر بـ تانن مندا ڵەکان بب ینن؟ فەقەرەی (د) لەگەڵ ئەوەمە کو ئەمە مافی ئافرەت دە پارێزین دە ڵێین شەش ڕۆژ (حەفـتە) ، شەش ڕۆژ و (12) سەعات لەکن دایکە کەیبی ، بەلاّم لە کن مان زۆرە ئە گەر (12) سەعات لەکن باوکە کەی بی ، من پێشنیار دەکەم ئەو (12)سەعاتە ببیتە (24)سەعات کو حیسابی لۆ ئافرەتەکەی دەکەین ئەوهاش حیساب لۆ باوکەکەی بکەین ، ڕەئییەکیش هەیە دەڵێ گۆڕینی شوێنی منداڵ ڕەنگە حاڵەتی نەفسی ، تەئسیر لە سەر حاڵەتی نەفسی منداڵەکەی بکا ، من بە عەکسەوە دەڕۆنمە ئەو مەوزوعەی کە (24) سەعات لە کن باوکی بی مەعنا حاڵەتی دەروونی ئەو منداڵەی تەوازنەك دروست دەکا هەم باوکی دەبینی ، هەم دایکی دەبینی ، لەبەر ئەوە پێشنیاردەکەم ئەوە بکرێتە (24) سەعات وا بزانم زۆر یش نییە لە حەفتە یەك (24) سەعات لەکن باوکەکەی بی ، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، خاتوو مدینە ایوب فەرمووو.

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دڤێت بزانم ڤێ یاسا ژمارە (188) سالاً (1958) بۆچی دێتە هەموارکرن؟ چونکی ئەسلێ ڤێ یا سایێ گەلەك باشتر و وازحترە بەحسێ لێوە هاتییە کرنێ ، ئەڤ پرۆژە یا سایێ بەحس لێ هاتییە کر نێ گە لەك کێماسیا تێداین ، ئەگەر بابێ وی زارۆ کی مر دایکا وی زارۆ کی ئەڤ بچیکە ما یەوە ، دایکا زارۆ کی شووی بەکەسەکێ دی کر چ شروت هە نە کو ئەڤ زەلا مێ وێ ژنکێ وی زارۆ کی خۆدان بکەت دێ چی شەرت و شروت دگەل ڤێ چەندێ هەبت، دڤێت ئەڤی کەسی شیان هەبت و چاڤدێریا زارۆکی بکەت و ژلایێ مادی ڤە ژی حالێ وی یێ باش بت، دوو: دڤێت بۆ دادگەهێ باوەری چێبت هیچ زیانەکی ژلایێ ڤی کەسی ڤە ناگەهتە ڤی زارۆکی، دیسان دڤێت دایکا ڤی زارۆکی مەرج هەبن دیسا بۆ خودان کرنا ڤی زارۆ کی دە مێ شووی بـ ڤی کە سێ دی د کەتن ئە گەر ئەو زەلاّ مێ ئەڤ ژنـکا شووی پێد کەتن ئەڤ زەلاّ مە تە عەهودەکێ بەرام بەری مەحکەمێ چێبکەتن کو دێ چاڤدێریا ڤی زارۆکی کەت بشێوەیەکێ دروست ئەگەر بەرام بەری ڤێ چەندێ

خیلاف کر بەرامبەر یاسایێ سزایێ خوە بدەت کۆژمەکێ پارا بێتە تەحدید کرن، دیسا سەبارەت برگا (د) بەحسا هەیڤێ (1) دکەتن، ئەز دبێژم بلا هەیڤێ (2) جار بن ئەوژی گەلەك جاران دمینت لدیف تەوەفوعا دایك و بابا، سەبارەت ئەڤ برگە بێتە زێدەکرن دەکا دایك و باب ژێکڤە دبن ئەڤ زارۆکە دێ بت موشکیلە کا کی دێ ڤی زارۆکی بتە دەڤ بابێڤە یان دایکێ ڤە، ئەز دبێژم ژلایێ مەحکەمێ ڤە هندەك کەس بێنە دەست نیشان کرن کو ڤی زاروکی دەما دبنە دەڤ دایکێ ڤە یان بابێ ڤە دێ پتر شول بە یاسایێ هێتە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك فەرهاد سەنگاوی فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەم پێشتر برادەران بەشێکیان کرد ، بەڵام من ئەمەوێ ڕوونکردنەوەیەکی بچووك بدەم ، لە کۆمەڵگا داخراوەکان خەڵك خێزان دروست ناکا بۆ خێزان ، خەڵك خێزان دروست دەکا بۆ جنس لە کۆمەڵگە دارخراوەکان دوایی منداڵ ئەبێ ، دوایی کێشە دروست ئەبێ منداڵە کە زەرەر ئەکا ، دایك و باوکە کەش زەمی یەکتر ئەکەن منداڵەکە بەکارئەهێنن وەکو درعێك ، شتێکی تر هەیە ئەمەوێ بیڵێم کە ئەو پڕۆژەی سۆشیالەی کە کراوە هیوادارم ببێ بە پڕۆژەی هەموو فراکسیۆنەکان بۆ ئەوەی سەر بگرێ ، چونکە لە هەرچی کەیس و لە هەرچی پڕۆژە هەیە بەشێك لە پڕۆژەی سۆشیال ئەبینیتەوە کە زەرورییە و حەلە کە لەناو پڕۆژەی سۆشیالدایە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پشوویەك وەرئەگرین بۆ ماوەی یەك کاتژمێر ، کاتژمێر 2:30 ئەگەڕێنەوە بۆ هۆڵ بۆ دەستپێکردنەوەی دانیشتن.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە ناوی خوای بەخشیندە و میهرەبان، دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە ﴿11﴾، ڕۆژی دانیشتن ﴿2015/5/20﴾، کۆبوونەوەی دووەم، بەردەوامین لە گفتوگۆ کردن لە سەر بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتییە لە گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای باری کەسی ژمارە﴿188﴾ ساڵی ﴿1959﴾ بە پێی ماددەکانی ﴿72 و 74 و 75﴾ لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ﴿1﴾ی ساڵی ﴿1992﴾ ی هەموار کراو، بەردەوام دەبین لە گفتوگۆ بە پێی ئەو ناوانەی لەبەردەستمان دایە، خاتوو ڤیان فەرموو،

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نسبەت خالا «د» بۆ دەست نیشان کرنا «12» دەمژمێران کو دبیتە دانەك ل رۆژێ، ئەگەر وەك یاسا ب عاتیفە سەرەردەریێ نەکەین بۆ یاسایەکێ گرێ دایی بەرژەوەندیا زارۆکا ئەگەر عاتیفە بیر بکەین دیسان دبیت ب یاسا رێك بێخین و پێشنیار دکەم کو ل ماوێ شیرخۆری حەفتیانە «6» دەمژمێرا بیت و پشتی شیر خۆری ببیتە« 24» دەمژمێر حەفتیانە و بێ دیار کرنا جهی، ژ بەر کو دبیت ئەگەر زارۆك لای دایکێ بیت باب ببەتە گەریانەکێ یان کافیتریا یەکێ یان سینەمایێ بێ تەحدید کرنا جهێ دیتنێ، دیسان ژ یێ زارۆکێ چەند مەھ بیت ژێ دەمێ «24» دەمژمێر حەفتییێ دیسان زارۆك لایێ دایکێ بیتن بزڤریتەوە لایێ بابێ و پشتەڤانیا پێشنیارا «سهام خان»ێ دەکەم و ل خالا «ج» پشتەڤانیا « تەلار خان»ێ دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك حسن فەرموو،

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە لە حەفتەیەکدا «12» کاتژمێر زۆر کەمە ئەگەر نەکرێتە «48» وەك زۆر بەی وڵاتانی ئەوروپا، «24» کاتژمێر زۆر باشە چ دایك یان باوك مافی ئەوەیان هەیە ئەوەندە کاتەیان لەگەڵ بە شێك لە جەرگی خۆیان پێ بدرێت بەهەر قەدەرێك بۆ بێت لەیەك جیا بوونەتەوە لە چوار چێوەی ماڵێك یان خێزانێکدا، هەرچەندە رەنگە موبەڕیری بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی ئەوە بێت کە «24» سەعات لەوانەیە کاریگەری هەر دوولای لە سەری بێت چ ماڵی باوکی یان دایکی، دوو بۆچوونی جیاواز و کاریگەری جیاواز و دوو ژیانی جیاواز بێت، بەڵام هێشتا نابێت لای دایکی بمێنێت و لای باوکی بمێنێت بە «24» سەعات، من پێم وایە ئەمە زاڵترە و مرۆڤایەتی ترە لەوەی کە ئەم موبەڕیرە لەبەر چاو بگیرێت، بۆیە من پێم وایە «24»کاتژمێر زۆر کەمە و تێنوو یەتی دایك و باوك و منداڵ ناشکێنێت، کە ئەمە بۆ خۆی رەنگە کێشەیەکی تر دروست بکات لە بەینی منداڵەکە و هەر کەسێك لەم خێزانە، لە بەینی منداڵ و باوکی یان منداڵ و دایکی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك شێرکۆ فەرموو،

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر لە راپۆرتەکەی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و خێزان کە تا قۆناغی شیرەخۆری «8» سەعات و دواتر «24»کاتژمێر، من حەز دەکەم وەڵامێك وەربگرم کە ئەو سەعاتانە لەسەر چ بنەمایەك وەرگیراون؟

پشتگیری له رای ﴿24﴾ کاتژمێر دەکەم و پشتگیری لەو رایەی راپۆرتی لیژنەکە دەکەم کە هەم بۆ قۆناغی شیرەخۆری و هەم بۆ قۆناغی دوای شیرەخۆری دیاری کردووە کە ﴿24﴾کاتژمێرە و بەگشتی قسەکانی ﴿حاجی کاروان و تەلار خان و پەروا خان﴾ و هەموو بەرێزەکان کە پشتگیریان لە ﴿24﴾ کاتژمێر کرد لەگەڵ شوێنەکە کە باس کرا، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێز کاك عباس فەرمووە،

**بەرێز عباس غزالی میرخان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له خاڵی ﴿أ﴾ هاوڕام لە گەڵ ﴿ حاجی کاروان﴾ دەبێت موراعاتی باپیر و داپیریش وەکو دایك و باوك بکرێت، چونکە بەشێکن لە عاتیفە و سۆزی منداڵ، بە نیسبەت خاڵی ﴿د﴾ لە عیلمی نەفسی منداڵدا هەر قۆناغێك تەرسیمێکی هەیە ﴿12﴾ سەعات یان رۆژە یان شەڤە، کەواتە رۆژ و شەو ناتوانێت وەك یەك بێت، هەر بۆیە پێویستە رۆژ و شەو منداڵ لای ئەو دایك و باوکە بێت، بۆ ئەوەی سۆز و عاتیفەکەی بۆ لای خۆی رابکێشێت، لەبەر ئەوە پیشنیار دەکەم کە ﴿24﴾ کاتژمێر لە شەو و رۆژێك نە بێت، لە هەمان کاتدا ئێمە لە کۆمەڵگایەکداین کە کوردەوارییە و عورف و عاداتی کۆمەڵایەتی ئێمە زاڵە و ئێمە ژن هێنان و مارە کردنی زەواج بە قەراردانێك دەزانین و لێك جیابوو نەوە بە قەراردان نازانین و بە عوقدێك و کینەیەك دادەنێین لە کاتی هێنان و بردنی ئەو منداڵە بۆ گواستنەوە و دیتنی دەبێت رەچاوی ئەمە بکرێت کە کێشەی کۆمەڵایەتی کوشتن و لێدان سەر هەڵنەداتەوە، لەگەڵ رێزماندا.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێز ئاواز خان فەرمووە،

**بەرێز ئاواز جەنگی برهان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا من پشتیوانی ﴿ خاتوو تەلار﴾ دەکەم لە برگەی ﴿د﴾ کە دیاری کردنی کاتەکە بۆ ﴿12﴾ سەعات، پێشتر پێم وابوو ﴿24﴾ سەعات لە بەرژەوەندی منداڵ دایە، بەڵام لە کاتی روونکردنەوەی بابەتەکە دەرکەوت کە منداڵ بە بەردەوامی لە کاتی پشووەکان کە لایەك لە لایەکان کە دایکە یان باوکە دەیبینێت رەنگە ئەمە کاتە خۆشەکە بێت و ئەو کاتەی کە قوتابخانەی هەیە و ئەرکی لەسەرە لە لای دایکە یان باوکە بە کاتی ناخۆشی دابنێت، بۆیە ﴿12﴾ سەعات زۆر گونجاوە، لە برگەی ﴿هـ﴾ لە بارەی سەفەر کردنی بۆ دەرەوەی وڵات پێم باشە زیاتر بە روونی باس لەوە بکرێت، کاتێك ئەو منداڵە سەفەر دەکات لەگەڵ دابینکراودا ئایا زەمانەتیان لێ وەردەگیرێت بۆ گەڕانەوەی منداڵەکە و زەمانەتەکە چییە؟ رەهن کردنی موڵك و ماڵە؟ دانانی برە پارەیە؟ لە لایەن ئەوانەی کە زەمانی ئەوە دەکەن منداڵەکە دەگەڕێننەوە بۆ وڵات، پشتیوانی ﴿د. جوان﴾ دەکەم کە گرنگە شوێنی بینینی منداڵەکە دەبێت زۆر گونجاو بێت،

چونكه منداڵ دەبێت هەست بە دڵنیایی بكات لەو شوێنە و ئەو گۆرانكارییانەی رۆژانە بە سەر ژ یانی د ێت رەنگە كاریگەری لەسەر دەروونی منداڵ بكات، بۆیە پێم باشە هەموو ئەو كەسانەی لە سەر هەموار كرد نی ئەو ماددەیە قسە دەكەن، بیرمان نەچێت ئێمە لێرە لە بەرژەوەندی منداڵ كە نەوەی دوا رۆژی ئەم وڵاتەیە قسە بكەین و بە داخەوە ئەو گۆڕانكارییانەی وەكو هەموو كۆمەڵگاكانی تر بەسەر كۆ مەڵگای ئێ مە هاتووە وای كردووە كە شیرازەی پەیوەندی یە كۆمەڵایەتی یەكان لاواز بووە و لێكترازا نی خ ێزان زۆر بووە، بۆ یە هیوادارم پێش رەچاو كردنی بەرژەوەندی هەر كەسێك بەرژەوەندی منداڵ رەچاو بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاك غریب فەرموو،

**بەڕێز غریب مصطفى حمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی رای خۆم لەسەر یەك، دوو فەقەرەی بابەتەكە دەربڕم، بابەتەكە بابەتی مندا ڵە كە زۆر جار دەكەوێ تە ژ ێر پ ێی دا یك و باوكی خۆی و ئەی شێڵن و د ڵە نازكە كەی بە ئاژاوەی ئەوان ئەژاكێ ، ئە مە یەكێكە لە ئەنجامە نەرێنییەكانی تەڵاق، كە رێژەكەی زیادی كردووە و ئامێرەكانی پەیوەندی و میدیا رۆڵی خراپیان بینیوە لەم پشێویە، من پشتگیری رای ﴿تەلار خان و كەژاڵ خان و د. جوان﴾دە كەم كە ماوەی دیتن حەفتانە و ﴿12﴾ كاتژمێر نەبێت و ﴿15﴾ رۆژ جارێك ب ێت و ﴿24﴾ كا تژمێر ب ێت لە بەر ئەم هۆیا نە، یە كەم: تا ئەو مندا ڵە بتواد ێت شەو بمێنێ تەوە لای لایەنە كەی تر، كە وە كو باڵندە یەكی هێلانەشێواوە لە هێلانە تێكدراوەكەیدا ستار بگر ێت و بتواد ێت چاوەكانی لەو ما ڵە بنێ تە خەو، چونكە ئەگەر نەتوانێت شەو لەوێ بمێنێت ناتوانێت ئیستراحەتی پێوی ست بكات، جگە لەوە كە بوو بە ﴿24﴾ كاتژمێر مافی نەنك و باپیریش لەوێ رەچاو دەكرێت، خاڵی سێیەم: حەفتانە ئەو باوك و دایكە بە ئا سانی ناتوانن ئەو منالە ئالۆگۆڕ بكەن و ئەو بداتە دەستی ئەو و ب چێت وەریبگر ێت، كە بوو بە ﴿2﴾ حەف تە جارێك رەنگە ئاسانتر بێت بۆ ئەوان و ﴿24﴾ كاتژمێرەكە باشترە، تێبینیەكی تریشم هەیە ئەو لیژنە یەی كە ئەو راپۆرتەی دارِ شتووە، مادام راپۆرتە كە بە ز مانی كوردی دار ێژراوە، خۆز گە خاڵبەندییەكە شی بە پیتی كوردی بوایە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز منیرە خان فەرموو،

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە كۆتایی شوكر سرەم هات، ئەمە یەكێكە لەو یاسایانەی كە زۆر گرنگە، چونكە پەیوەندی راستەوخۆی بە مندا ڵەوە هە یە كە نەوەی دوارۆژی میللەتە كەمانن، ماددەی یە كەم، بڕ گەی ﴿أ﴾ پ شتگیری ﴿ حاجی كاروان﴾ دە كەم بۆ بینی نی نەنك و م نداڵ لە لا یەن منداڵە كەوە، لە بەر ئەوەی لە یا ساكەدا كە ئێ ستا

نووسراوه له كاتى نەمانى دايك و باوكەكە، نەنك وباپيرەكە بۆيان هەيە بيبينن، بەڵام پر سيارەكە ئەوە يە كاتێك منداڵێك نەنك و باپيرى ناناسێت و نەيبينيوە چۆن لە دواى مردنى دايك و باوكى ئەو منداڵە نەنك و باپيرى دەناسێت و حەنانى هەيە بۆيان، خاڵى ﴿د﴾ دەمەوێ سەرنجى سەرجەم پەر لەمانتاران بۆ ئەوە رابكێشم كە بەشێكى زۆرمان دايك و باوكين و كێ مان هەيە دان بەوە دانەنێين كە لە دوورى مندا ڵەكانمان بيريان لێ نە كەين؟ يان ﴿2﴾ حەفتە مندا ڵەكانمان نەبينين تەنا نەت ئە گەر لە سەفەردا بين نەك كە قەتعى لێمان برِا بێت منداڵەكەمان نەبينين و جيابوونەوە روويداوە، بۆيە برِواى تەواوم هەيە ئەگەر ئێمە هۆيەكانى دەرچواندنى ئەم ياسايە بۆ ئەوەيە يەكسانى بپارێزين لە پەروەردەكردنى منداڵ لە نێوان دايك و باوكەكەدا، يەكسانى كاتێك دەپارێزى كە ئەو منداڵە ماوەى ﴿24﴾ سەعات لە حەفتە يەك بمێنێ تەوە كە ئە گەر لاى دا يك بـ ێت، بـ چێت بۆ لاى باوك و بە پێچەوانە شەوە، بۆ يە داوا دە كەم ﴿24﴾ سەعات لە حەفتەيەك ببێ تە قەتعى ، تكا يە ئە گەر پەروەردەى مـ نداڵ و سۆزى دا يك و باوكـ مان هەبێت بۆ مـ نداڵ دەبێت ﴿24﴾ سەعات كەمتر نەيبينێت، ئەگەر ماف بدەين بە مـ نداڵێك لاى دايكى يان ماف بدەين بە منداڵيك لەحەفتە يەك ﴿6﴾ رۆژ بيبيـ نێت دەبـ ێت ماف بدەين بە باوكـ ێك كە لە حەفتەيە كدا ﴿24﴾ كاتژمێر بيبينێت، بە پێچەوانەكەشى راستە، ئەگەر باوك مافى هەبێت ﴿6﴾ رۆژ منداڵەكەى ببينێت ئەوا مافى دايكيشە ﴿24﴾ كاتژمێر منداڵەكەى ببيـ نێت، ئە گەر بما نەوێت يا سا دەربـ كەين كە عەدا لەتى تـ ێدا فەراهەم بێت، دەبێت وا بێت ، هەروەها لە ماوەى ﴿12﴾ ساڵ كار كردنم لەم بوارەدا دەتوانم بڵێم ياساكەى پێش كەم و كورتى تـ ێدا بوو و يەكێك بوو لەو گرفتا نەى كە رۆژا نە لە ئە سناى كاركردنى ئێ مەدا رووبەرووى ئێمە بووە، كاتى بينينى مندڵ بۆ ئەو ماوە كورتە يە بووە كە بە بەردەوامى دا يك و باوكى مـ نداڵ كێ شەيان هەبووە، ئومـ ێدم وا يە ئەمرۆ لە پەر لەمانى كورد ستان يا سايەك دەر بـ كەين كە لە بەرژەوەندى منداڵ بـ ێت پێش دا يك و باوكە كە و دە توانين عەدا لەت لە نـ ێوان دا يك و باوك بـ پارێزين، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاك شوان فەرموو،

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

قسەكانى من كراوە پشتگيرى لە ﴿حاجى كاروان﴾ لە خاڵى ﴿أ﴾ ماددەى دە يەم دە كەم، لە بەر ئەوەى لە كۆمەڵگاى ئێمە زۆر جار داپير و باپير نەوەكانيان لە كچ و كوڕەكانى خۆيان خۆشتر دەوێت، بۆ يە پـ شتگيرى ئەوە دەكەم چارەسەر بكرێت، بەهەمان شێوە پشتگيرى قسەكانى ﴿منيرەخان﴾ دەكەم كە حەفتا نە بـ ێت و ﴿24﴾ سەعات بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز مريم خان فەرموو،

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا گلەییەك لە دەستەی سەرۆکایەتی دەکەم، لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژەیە دەبوایە ئاراستەی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەتان بکرایە، چونکە پەیوەندی زۆری بە لیژنەکەی ئێمە هەیە و دەیان موعانات و کێشە رووبەڕووی لیژنەکەی ئێمە دەبێتەوە کە تایبەتە بەم کەیسەوە، دیارە من لە ماددەی یەکەم لە بڕگەی ﴿ج﴾ پشتگیری لە خاتوو ﴿تەلار﴾ دەکەم و لە بڕگەی ﴿د﴾ لە ﴿12﴾ سەعات کەمتر نەبێت و لە ﴿24﴾ سەعات زیاتر نەبێت، ئەگەر بکرێت لەم حەفتەیە دوو جار دایك یان باوکەکە ببینێت و ئەگەر بکرێت دابەش بکرێت ئەو سەعاتە، بۆ ئەوەی زیاتر هۆگر یان وابەستەی دایك یان باوکەکە نەکرێت، دەبێت لە حەفتەدا ﴿2﴾ جار بێت و دابەش بکرێت بەسەر ئەم حەفتەیەدا و ئەو ﴿24﴾ سەعاتە، پێشنیار دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت کە عقوبەی هەبێت بۆ هەر لایەنێك ببێتە هۆی ئازاردانی منداڵەکە، چونکە زۆربەمان حاڵەتەکەمان بینیوە و زۆرجار لە لایەن دایك یان باوکی لەوانەیە ئازار بدرێت و کاریگەری دەروونی زۆر لەسەر دروست دەبێت، بۆیە ئەگەر ئەو بڕگەیە زیاد بکەن عقوبەیەك هەبێت بۆ ئەو لایەنەی کە دایك یان باوك ببێتە هۆی ئازاردانی ئەو منداڵە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز امنە خان فەرموو،

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمێ ئەم بەحسێ مافی دکەین پێتڤییە داد پەروەرییا جڤاکی بەر چاڤ بگرین، نە ئەم ژن ب چاڤێ ژنی سەحکەینە بابەتی و نە زەلام ژی ب چاڤێ زەلامی ب تنێ سەحکەنە ڤی بابەتی، بەلکو پرسەکا ئینسانییە و گرێ دایە ب دایك و باب و زارۆکی ڤە، یا گرێ دایە ب بابەتێ مومارسەکرنا دایك و بابێ ڤێ، لەوما پێتڤییە بەرفرەهتر ڤی بابەتی بەرچاڤ وەربگرین، هەروەسا بەحسێ ڤێ چەندێ کو حەزاری و شارستانی و مەدەنی کرنا ڤێ یاسایێ و گۆنجاندن گەل سەردەمێ نوکە، لەوما پێشنیار دکەم ماددەك بێتە زیاد کرن و هەم ئالیێ کلتووری و رۆشنبیری جڤاکێ خۆ بەرچاڤ بگرین و هەم ئالیێ جڤاکەکێ عەشایەری مە یێ هەی لەوانەیە هندەك ماڵبات هەبن رێگریێ بکەن ئەگەر تو بێژی سەعاتەك هەبێت بۆ دەستنیشان کرنێ کو بچیك دایك یان بابی ببینێت، سەعاتێ هەڵبگری و بماوەکێ کێم دایك یان بابی ببینیت یان دبیت ل موجتەمەعێ مەدا خێزان یان دایك و باب رێکەفتنێ بکەن نەك ل ﴿24﴾ سەعات، بەلکو دوو، سێ، یان حەفتییەکێ مادام رێکەفتن ل بەینا دایك و بابان تێتە کرن بۆ دێ رێگریێ ل وان ماڵباتا کەی؟ ژ بەر هندێ داخاز دکەم ماددەك بێتە زێدە کرن و بێژین پاش تەمەنێ ﴿3﴾ساڵ دیتنی حەفتانە نابێت، نابیت لە ﴿24﴾ کا تژمێر کەمتر بێت و دەکرێت بە رێکەوتن کاتی بینین زیاد بکرێت، پاش کۆتایی هاتننی بینینە کە دەبێت دابین کراو بداتەوە دەستی دایەن بە پێچەوانەوە تا مانگێك مافی بینینیان نابێت،

سەبارەت بڕگەی ﴿أ﴾ پشتەوانیا ﴿حاجی کاروان و عباس غزالی﴾ دکەم و ل برگا ﴿ج﴾ پشتەوانیا ﴿ تەلار خان و ڤیان خانی﴾ دکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك محمود فەرموو،

**بەڕێز محمود حاجی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی من لەسەر بڕگەی ﴿ج و د﴾، بڕگەی ﴿ج﴾ باس لە بینین دەکات کە ئە مەش دوو جۆرە، یە کەمیان سەردانە کە بۆ ماوەی کورت و ذ یو سەعاتی وە کو لە کۆ مەڵگای پێ شکەوتوو دا هە یە و ئەوەی تریش مانەوەیە کە ﴿12 یان 24﴾ سەعاتە لە لایەن دایان دەمێنێتەوە، لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان من شارەزایم لە وڵاتی سوید هەیە بە سێ مەرحەلە دابەش کراوە کە م ندا ڵ لە شیرەخۆرە تا تە مەنی چوار ساڵان لە شوێنێك لە خەستەخانەی منداڵان شوێنێك دیاری کراوە پێی دەڵێن ﴿بارموشکە﴾، لەو نەخۆشخانە م نداڵ دەمێنێتەوە دایك یان باوك دەتوانێت بۆ ماوەیەکی کەم ئەو منداڵە ببینێت، لە چوار ساڵ بۆ شەش ساڵ شوێنێك هە یە پێ دە ڵێن ﴿داگ یز﴾ وا تە ڕەوزە باوك یان دا یك دەتواذ ێت لەوێ منداڵە کە ببیذ ێت و مەرحەلەی سێیەم کە لە شەش بۆ هەژدە ساڵە و پێی دەڵێن ﴿ سۆنیۆر﴾ کە لە تەک مەنی گە شەکردندایە، لێرە بینینەکە ئەو ماوە کەمە و مانەوەش لە حەفتەیەکدا شەممە و یەکشەممە باوك دەتوانێت ببینێت کە دوو شەو و دو ڕۆژە، بۆ دەبێت سەعات دیاری بکر ێت؟ و ل ێرەدا حەقی خۆ یەتی کە دا یك یان باوك ئەو منداڵە ببینێت، لێرە ئەرکی مانەوەی منداڵ دەکەوێتە ئەستۆی دایك چ لای ئێمە یان لە دەرەوە، بەڵام لەم وڵاتەی ئێمە یاسا بە پێی واقع دادەنرێت و لێرە تا ڕادەیەك جیاوازی هەیە لە وڵاتانی تر ئەمە وە کو بڕ گە ﴿ج﴾ و بڕگەی﴿د﴾ کە مانەوەیە وەکو باسم کرد ئەو ﴿12﴾ سەعاتە کەمە ئەگەر بکرێت لە حەفتەیەك دوو ڕۆژ باشترە بۆ دایك و باوك بۆ بینینی منداڵەکە بە تایبەت باوك، بەڵام خاڵێکی تر ماددەی ﴿4﴾ یان بەم شێوەیە هەموار بکرێت یان دابڕێژرێت یان زیاد بکرێت، منداڵ تاکو گەورە بوونی تا تەمەنی رو شد تا فام کردنی، زۆرینەی کات لای دایك دەمێنێتەوە و پاشان بە خۆی سەرپشك دەکرێت کامەیان هەڵبژێرێت و بە پلەی یەکەم لە ڕووی هاوکاری ماددییەوە باوك خەرجی لە ئەستۆ دەگرێت لە کاتێکدا کە خەرجی ژ یانی نەبێت وەکو نەفەقە، بە خۆتان دەزانن منداڵ لە ئەورووپا یار مەتی خۆی هە یە هەر کە لە دا یك دەب ێت، بەڵام لە وڵاتی ئێمە ئەمە ناکرێت، بۆیە مافی پارێزراو نییە، ئەگەر سیستەمی سۆشیاڵ کە ﴿کاك فەرهاد﴾ ئاماژەی پێدا لە و ڵاتی ئێ مە جێ بە جێ بب ێت، پێم وا یە جێ گەی مافی م نداڵ و ژ نی ت ێدا دە ستەبەر دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی ﴿ب﴾ وشەی دایەن هاتووە کە لە کوردەواری بە دایك و باوك ناوترێت بەو ژنە دەوترێت کە منداڵ بەخێو دەکات بۆ دایك ، کەواتە دایەن وشەیەکی هەڵەیە، بۆیە تکا یە پێدا چوونەوەی بۆ بکەن، من پشتگیری قسەکانی ﴿منیرەخان و کاك محمود﴾ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شکریە خان فەرمووە،

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گلەییەکم هەیە، لە ڕاستیدا ئێمە فراکسیۆنی کۆمەڵ هەموو جارێ دەکەوینە دوا، نازانم بە چ شێوازێك پیادە دەکرێت تەمەننا دەکەم جارێك ئەندامێکی فراکسیۆنی کۆمەڵ بکەوێتە پێشەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەڵێت بە پێی نیزامی سانتلیگۆ ئێوە دەکەونە دواوە.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سکرتێر ئەمەی بکردایە دوو جار گلەییمان لێدەکرد، بەڵام بەڕێزتان ناوەکان هەڵدەبژێرن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر، ئەوە ناوەکان نووسراوە بە پێی فراکسیۆنەکان، ئێمە جیاوازی ناکەین، بەس نجیبەخان لە بیرم چووە و داوای لێبۆردنی لێدەکەم، تەئشیرم کردووە، فەرمووە،

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند خاڵێکم هەیە لە یاسا بنچینەییەکەدا لە بڕگەی ﴿5﴾ منداڵی بەخێوکراو ئەگەر تەمەنی گەیشتە ﴿15﴾ ساڵ ئەوە مافی هەڵبژاردنی دایك و باوکی هەیە، ئەو مافە لە هەموارکردنەکەدا لە منداڵ سەندراوەتەوە، دیارە ئەمە مافێکە و پێویستە ڕەچاوی کەسایەتی منداڵ بکرێت، پاڵپشتی ﴿ڤیان خان﴾ دەکەم کە ئەو خاڵە بکرێت بە دوو بەش، منداڵی شیرەخۆر لەگەڵ ئەوەی تر جیا بکرێت، چونکە منداڵی شیرەخۆر ﴿6﴾ کاتژمێر ئەگەر زۆر نەبێت کەم نییە، بەڵام منداڵی تر لە ﴿24﴾ کاتژمێر کەمتر نەبێت لەو خاڵەدا پاڵپشتی ﴿منیرەخان﴾ دەکەم، نموونە دێنم ڕۆژێك برایەك تەلەفۆنی کرد، تکای کرد کە ئەو یاسایە هەموار بکرێت، وتی من تووشی بارودۆخی ناهەموار بوومە و بیر لە خۆکوشتن دەکەم، یەك تاقە منداڵم هەیە کە جیابوومەتەوە لە خێزانەکەم، ئەو لای خۆی دایناوە و ماوەی بینینەکەمان زۆر کەم و دوور و درێژە، بۆیە مەحروم بوومە لەمنداڵەکەم و حەز دەکەم خۆم بکوژم، من زۆر دڵم داوە و بەڵێنم

داوە شتێکی وا بکەین کە چارەسەری کێشەی ئەویش بکات، هەروەها پاڵپشتی ﴿ حاجی کاروان﴾ دەکەم سەبارەت بە داپیرە وباپیرە، بە راستی مافی ئەوان لە بینین هەبێت زۆر پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز نجیبە خان فەرموو،

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کراوە، تەنیا لە بڕگەی ﴿ج﴾ پشتگیری لەو بەڕێزانە دەکەم کە وەك لە راپۆرتی هاوبەشدا باسی بینینی منداڵی بەستووتەوە بە بڕیاری دادگا، بەڵام ئەگەر شوێنی تایبەت هەبێت بۆ ئەو بینینە، پێشنیار دەکەم بەشێکی تایبەت بکرێتەوە لە سەرجەم پارێزگاکان بۆ بینینی منداڵ لەو شوێنە ئەبیت، نەك لە بارەگای رێکخراوێك یان شوێنێکی تر بێت کە تایبەت نەبێت بۆ ئەو بینینە و، هەروەها لە مەسەلەی دوای جیابوونەوە وەك بە پێی یاسا بە خێو کردنی منداڵ بۆ یەکێك لە دایك و باوك تەسبیت ئەبێت و بینینیش بۆ بەرامبەرەکەی، بەڵام ئەگەر لەم حاڵەتە پرۆسەی پەروەردە، پەروەردەی ئەو منداڵە رەچاو بکرێت شتێکی باش ئەبێت، چونکە کارێك بکرێت بە پێی رەزامەندی هەر دوو لا بێت ئەو پەروەردەیە یەعنی بە جۆرێك بینینەکە رێك بخرێت تەئسیری لە سەر پەروەردە کردنی منداڵەکە نەبێت، چونکە پەروەردە کردنەکەش راستە ئەمە لە رووی عاتفییەوە حەق ئەدەین بە دایك و باوك کە بینینی منداڵ زەرورە بۆ ئەوان، بەڵام ئەبێ گرنگی بە لایەنی پەروەردەیەکە زیاتر بدەین و بە جۆرێك جێگەی بکرێتەوە لە یاساکە کە کارێگەری خراپی لە سەر پەروەردەی منداڵەکە نەبێت ئەو بینینە، و خاڵێکی تر پشتگیری لە قسەکانی منیرە خان ئەکەم کە ئەو رێژە یان بڵێین ئەو ژمارەیە بەو شێوە کە دوانزدە (12) سەعات بێت بە راستی کەمە، ئەگەر بکرێتە بیست و چوار (24) سەعات ئەمە زەرورە بۆ بینینی منداڵ و حەفتانەش بێت، و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز کاك ئومێد حەمە عەلی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە کورتی سێ سەرنجم هەبوو، ئەگەر لە حاڵەتێکدا منداڵەکە نەیویست یەکێك لەو دوویانە ببینێ، چونکە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە رەنگە هەموومان نموونەی لەو شێوەیەمان لا بێت، بۆیە نابێت ئەم یاسایە ببێتە هۆی هێنانە ئارای پاساوێك بۆ دروست کردنی کێشە یان زۆرکاری لە ئەنجامدانی ئەم بینینە، چونکە بە بڕوای من ئەمە دەبێتە سەر چاوەی دروست بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی و بە تایبەتی لەم حاڵەتەدا ئەوەی کە قوربانیە منداڵەکەیە دەبێ شوێن دیاری بکرێ ئەمە زۆر زۆر گرنگە پشتیوانی لەو رایانە ئەکەم کە باسی شوێنیان کرد سەنتەرێکی ئەمە حکومەتی لە پشتەوە بێت واتە سەنتەرێکی حکومی

بێت بۆ بینین و له پاڵیدا بۆ گەرەنتی کردنی گێڕانەوەی ئەو منداڵە بۆ یەکێك لەو دووانە و بە تایبەتی جەخت لە گێڕانەوەی منداڵ دەکەم بۆ دایك، چونکە لادانەکان، پێشلکارییەکان بە داخەوە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە زیاتر لە لای پیاوەوە ئەنجام دەدرێت، بۆیە پێویستە زیاتر گەرەنتی ئەوە بکرێت، چونکە رەنگە فڕاندن، رەنگە نەگێڕانەوە، کۆمەڵێك رووداوی تری بێتە ئاراوە کە ئەمانە هەموو کێشەن و پێویستە لە بەر چاو بگرێت، پێویستە بە پێی کۆمەڵگەی خۆمان و واقعی جیابوونەوە تەماشەی ئەم بابەتە بکەین ئەوەی ناوی جیابوونەوەیە لە لای ئێمە دابڕانی تەواوەتییە، لە ئەساسدا جەنگە، بەڵام جیابوونەوە لە دەرەوە دابڕان نییە تەنها بڕیارێکە بۆ پێکەوە نەژیان و هیچی تر، بۆیە ئەو بینینە ئەبێ ئەو رێ و شوێن و کاتە دیاریکراوە توندەی هەبێت کە ئەو کێشانە دروست نەبێت و بە تایبەتی ژیانی منداڵ، دۆخی منداڵ لە بەر چاو بگیرێ ئەمە زۆر زۆر گرنگە و، لە کۆمەڵگای ئێمەشدا دەیان دیاردەی لەو شێوەیە هەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو بووی؟ سوپاس، ئێستا تەنها ئەندامانی لیژنە پەیوەندیدارەکان ماون لە گەڵ ئەوەش کە قسەی خۆتان ئەکەن، تکایە ئەگەر سەرەنجێکتان هەیە لە سەر قسەی ئەندامانی پەرلەمان باسی بکەن، وەکو ئەندامێکی ئاسایی ئەتوانن قسە بکەن و ئەگەر وەڵامیشتان هەیە بۆ ئەندامانی پەرلەمان ئەتوانن باسی بکەن، ببورە دکتۆر سراج دوو کەسی تر قسە بکەن خاتوو نجات و کاك ناظم فەرموون ناوتان نەنووسراوە بەڵام.

**بەڕێز نجات محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نزانم من دەستێ خۆ بلند کر بی ڤێجا ئەگەر نەنڤیسی بیتن، بێ گومان کو ئارمانج هەموار کرنا ڤێ یاسایێ یە و هەم زارۆك ژ ڤیان و حەنانا دایك و بابا بێ بەهرە نەبیت و پێچەوانە هەم دایك و باب ژی ژ حەنان و ڤیانا زارۆکی بێ بەهرە نەبیت، ژبەر هندێ تێبینیا من سەر برگا (ج) و (د)، یا (ج) کاتی شوێنی دیتنی منداڵ لە ماوەی شیرخۆریدا بە پێی رێکەوتنی هەر دوو لا بیت، لە دەمەکێدا ئەگەر هەر دوو لا رێك نەکەوتن ل ڤی دەمیدا بە پێی بڕیاری دادگا بیت و بە پێی بەرژەوەندی منداڵ بیت، و برگا (د) ژی پشتەڤانیا رەئیا وان هەمی بەرێزان دکەم ئەوێن کو پێشنیار کری حەفتانە بیست و چوار (24) کاتژمێر کێمتر نەبیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك ناظم فەرمووو.

**بەڕێز ناظم کبیر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی حاجی کاروان دەکەم بەنیسبەت برگەی (ئەلیف) و کاك عەباس کە بە راستی منداڵ لای باپیرە و داپیرە زۆر خۆشەویستە ئەگەر ئەم مافەیان پێ بدات لە برگەی (د) یش پشتگیری لەو

بەرێزانە دەكەم كە ماوەی دیتنە كە لە حەفتەیە كدا بیست چوار (24) سەعات كەمتر نەبێت و خاڵێكی تریش ئە گەر بكر ێت جێگای بكرێ تەوە ئارەزوومەندا نە لە نێوان دا یك و باو كدا هەبێتن ئە مە جێگای بكرێتەوە لێرەدا، لە خاڵێكی تریش پشتگیری لە قسەكەی بەرێز عمر عینایەت دەكەم بە نیسبەت دایك من نازانم دایك لێرە بەخێوكەر دێتن، یەعنی ئایا ئەوە ئە گەر دا یك و باوك بگرێ تەوە لێرە بەخێو كەر د ێت ئەگەر ئەو وشەیەش پێداچوونەوەی بۆ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو گەشە فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئە ندامانی پەر لەمان، د یارە زۆر پر سیار كرا سەبارەت بە هەموار كرد نەوەی ئەم یا سایە كە پێ شتر پرۆژەیەكمان لە سەر پێشكەش كردووە بە راستی ئێمە وەكو لیژنەی كۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان زۆر بە گرنگ مان زان یوە ئەوە بیر لە مافی دا یك و باوك بگرێ تەوە لەم مە سەلەیەدا ز یاتر لە روان گەی مافی منداڵەوە، بە راستی ئێمە سەیری ئەم مەوزوعەمان كردووە، بە گرنگمان زانیوە، واقعی ئێ ستای كۆمەڵگەی ئێمە لە لای ئەو منداڵا نە كە ئێستا چۆن ئەیان ب ینن و قەراری مەحاكم كە حەفتا نە دوو سەعات لە حەفتەیەكدا لە رێكخراو ێك لە قاعەیە كدا سی، چل كەس كۆبوو تەوە، سی، چل دا یك و باوك و م ندالْ كۆبووتەوە كە نەشوێن و كەش و هەوای خێزانی تێدا دروست ئەبێ نە ئەتوانێ سۆزی دایك و باوكێتی بدا بەو منداڵە و كاتەكەشی زۆر زۆر كەمە، بۆیە ئێمە بە پێویستمان زا نی، یەعنی وە كو زەرورەت ێك كە ئەم یاسایە هەموار بگرێتەوە لە روانگەی پەیمان نامە نێودەوڵەتییەكان تایبەت بە مافەكانی منداڵ و پێوی ستی و داوا كاری خەڵكیش كە رۆژا نە ئێ مە وە كو لیژ نەی موخ تەس ئە ندامانی بەرێزی لیژ نە بەردەوام پەیوەندیان پێوە ئەكرێت كە باوك هەیە یان دا یك هە یە ئەگری بە سەرمان ئەڵێیت تكا یە ئەم ما فەمان بدەنێ كە ئێمەش ئەو رۆڵانەی خۆمان بكەینە باوەشمان، ب توانین لێ یان ت ێر بین، پێ شتر د یارە ئە مە رای حاكمە بەرێزەكان، رێكخراوە كان كە تای بەتن بەو مەوزو عە مو شاهەدەیان ت ێدا ئەكرێت و خەڵكانی موخ تەس و دا یك و باو كان پرس و را یان پێ كراوە، یەعنی ئە مە هەروا لە خۆڕا نەهاتووە، بەڵكو ئەو راپۆرتە بە ئەنجامی راوێژی ئەوانەش نووسراوە و بە گشتی ئێمە لە گەڵ ئەوەداین كە مەبیتی ت ێدا بێ، واتە مانەوەی منداڵ بۆ ئەوەی كات هەبێت و شوێنێك ز یاتر بەو ئارا ستەیەش بڕۆین، یەعنی هە ندێك بەرێز رەنگە باسی ئەوەیان كرد كە بیبەینە سەنتەرێك یان موئەسەسەیەكی ح كومی یان چی، ز یاتر بەو ئاراستەیە بڕۆین كە منداڵ بەرینەوە ناو خێزان، یەعنی لە ناو خێزاندا هەست بەو خوشەوی ستی و سۆزە زیاتر ئەكات و كاتێكی گۆنجاویشی بدەینێ تا هەست بەو سۆزەی دایك یان باوك بكات كە لای نەبووە، و لە یاساكەی پێشوودا ئەوترێ بۆ هەموار ئەكرێتەوە؟ نەهاوسەنگیەك هەیە بە راستی لە پەروەردە كرد ندا كە ئەڵێ ( للاب الن ظر فی شوؤن ترب یة الط فل)، یەعنی بە تەنیا مافی داوە بە باوك كە لە رووی

پەروەردەی یەوە سەرپەر شتی مندالّ بکات، کە ئێمە پێمان وایە دایك و باوك پێویستە سەرپەر شتی پەروەردەیی و باری کۆمەڵایەتی منداڵەکە بکات، بۆیە وەکو لیژنە ئێمە لە سەر دوانزدە (12) سەعات رازی نەبووین، بەڵکو پێمان وایە کە بیست و چوار (24) سەعات لە حەفتەیەکدا و ئەگەر وا نەبێ بیست و چوار (24) دوو حەفتە جارێکیش مەنتقێکی تێدایە، لەو رووەوە کە حەفتانە زیاتر حاکم بڕیار دا بە رۆژی پشووەکان رۆژە رۆتینەکان کە زیاتر ئەرك و ناخۆشی و بەرپرسیاریەتییە منداڵەکە لای دایکەکە یە لای باوکەکەیە بەس رۆژی پشوو کاتی زیاترە بۆ تەرفیە، بۆ خۆشی لێرەدا ئەو تەرفیهە ئەو منداڵە بە جۆرێکی تر رائەکێشێ کە دەوری حازن نەمێنێ، چونکە رای منداڵ لە یانزدە (11) ساڵییەوە وەر ئەگیرێ ئا یا لای حازن ئەمێنێتەوە یا خود نامێنێتەوە؟ بۆیە رەنگە ئەو تەرفیهە، ئەو خۆشیە کە هەموو حەفتەیەك لە پشووکەدا لای کەسی غەیر حازن بێت بەرەو ئەوەی بەرێت بڕواتە لاکەی تر، بۆیە ئێمە لەو روانگەیەوە لاریمان نییە ئەگەر ئەوە دەنگی نەهێنا بەستمانەوە بمینێتەوە بە هەموو شێوەیەك، واتە حەفتەی جارێك بە لایەنی کەمەوە یا خود دوو حەفتە جارێك رەزامەندین لە سەری.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوای گفتوگۆ و موناقشەیەکی زۆر گەیشتینە ئەوەی کە ئەو راپۆرتە نووسراوە ئێستا لە بەر دەستی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە و پێمان باش بوو کە حاڵەتی شیرخۆرە جیا بکەینەوە لە حاڵەتی دوای شیرە خۆری، بۆیە پێم باشە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان کە لە حاڵەتی (ج) دا کە باسی لە شیرەخۆری دەکات بگوترێتن کە دیتن لە ماوەی شیرەخۆریدا دوو جار دەبێت لە مانگێکدا و لە ماڵی دایەن دەبێتن، چونکە لە بەرژەوەندی شیرەخۆردایە کە لە ماڵی دایەن دیتنەکە بکرێتن و ئەو هاتوو و چووە و ئەو مەشقەتەی پێ نەکرێت، وەکو تەلار خان ئیشارەتی پێدا کە نامەوێ ئەوەیان دووبارە بکەمەوە، بۆیە ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە گەڵمان بن حاڵەتی شیرەخۆرە لە مانگێکدا دوو جار بێ و لە ماڵی دایەن بێتن ئینجا حاڵەتی پاش شیرەخۆرە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوە کاتەکە من قسەی تێدا ناکەم کە سێ پێشنیار کراوە یەکێکیان دوانزدە (12) سەعات بێت و حەفتانە ئەوە هەیە پێشنیارێکی دیکە هەیە کە ببێت بە بیست و چار (24) سەعات و حەفتانە پێشنیارێکی دیکەش هەیە کە ببێت بە بیست و چوار (24) سەعات و دوو حەفتا، جارێك ئەوە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە دەنگدان یەك لای دەکەنەوە، بەڵام ئەوەی کە من پێشنیاری دەکەم ئەوەیە پێش تەحدید کردنی کات و شوێنەکە دوای شیرەخۆری ئێمە رێگا بدەین بە رێکەوتن هەر وەکو امنە خان ئیشارەتی پێدا، واتە یەکەم جار بگوترێتن پاش شیرەخۆری ماوەی دیتنیان یان کات و شوێنی دیتن بە پێی رێکەوتن دەبێت لە لایەن دایك و باوکەکە ئینجا ئەگەر رێکەوتن نەبوو، کاتەکە دیاری بکەین و شوێنەکە دیاری بکەین، چونکە هەر وەکو بەڕێزان ئەندامانی

پەر لەمان ئیشارەتیان دا لە کاتی جیابوو نەوە زۆر جار رێکەوتن هە یە لە نێوان ئەو دوو کەسەی کە جیابوونەوە، بۆیە ئەولەویەت بدەین بە رێکەوتنەکە ئەگەر رێکەوتن نەبوو ئینجا کات و شوێنەکە دیاری بکەین، بەڵام لە هەر دوو حاڵەتدا کاتێك کات و شوێنەکە دیاری بکەین مەرجیش دابنێن بڵێین بە مەرجێك ڕەچاوی بەرژەوەندی دایەن کراو بکرێتن و هەروەها ڕەچاوی نیزیکی ئەو شوێنە بکرێتن لە ماڵەی دایەن کراو، شیرەخۆرە کە گوتمان لە مانگی دوو جار بێت و زیاتر نەبێت، ئەگەر کاتەکە دیاری نەکرێ باشترە بۆ بڕیاری دادگا و بۆ رێکەوتنی هەر دوو لا بە جێ بێڵین، بەڵام ئەگەر کات دیاری بکرێت من پێم باشە لە دوو سەعات زیاتر نەبێتن، لە بەر ئەوەی دەزانن بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان بە تایبەتی ئەوانەی دایکن منداڵ لە شیرەخۆریدا کە شەش سەعات و هەشت سەعات باسی لێوە کرا رەنگە سێ جار بنوێ و بحەسێتەوە رەنگە چوار، پێنج جار شیر بخوا، ئەوە تەئسیر دەکاتە سەری لە رووی سحییەوە، بۆیە کاتەکە ئەگەر دیاری کرا لە دوو سەعات زیاتر نەبێت، بەڵام من پێم باشترە دیاری نەکرێت کاتەکە ئەوە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان، وەکو وەڵامدانەوەش بۆ زۆر لەو ئەو پێشنیارانەی کە کران ئیشارەتماندا کە سێ حاڵەتمان هەیە پێویستە بخرێتە دەنگدان و دەنگی لە سەر بدرێت و یەك لا یی بکرێتەوە، بەرێز مریم صمد باسی لەوە کرد کە زۆر جار ئەو دیتنە توند و تیژی لێ دەکەوێتەوە و عقوبە یەك دیاری بکرێت، سزایەك، من لە گەڵیدام بۆچوونەکەی زۆر وەجیهە، بەڵام ئەو یاسایە جێگای نییە، بۆیە ئەگەر هەمواری یاسای توند و تیژی خێزانی هەیە ئەگەر لەوێ جێ نەکراوەتەوە ئەوە دەتوانین لە کاتی هەموار کردنەوە لە وێندەر باس لەو خاڵە بکرێتن، بەرێز عمر عینایەت دەڵێت دایەن هەڵەیە پێم وایە دایەن دایکیش کە دایەنە کاتێك منداڵەکە بە خێو دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەرێز کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەرێز عمر عینایەت:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دایەن بۆ نموونە حلیمە السعدیە دایکی پێغەمبەر (صلی الله علیه و اله وسلم) نەبووە، بەڵام بەخێوکەری بووە، دایەن بە خێوکەر، دایك دایکە، یەعنی ناکرێ ناوێکی تری بۆ دابنێی، دایەن ئەو کەسە نییە کە منداڵەکەی لێ بووە.

**بەرێز د. ڤالا فرید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە یاسا مەحزون و حازنی بە کار هێناوە لێرانە ئەو موستەلحەش بەو شێوەیە تەرجومە کراوە لە بۆ زمانی کوردی، بۆیە لە عەرەبیەکە وەرگیراوە بە مانای دایەن دێ بە پێی ئەوەی کە تەرجومە کراوە، بەڵێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر سراج فەرموو.

**بەڕێز د. سراج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، تەبعەن من دەمەوێ لە خاڵی یەکەمەوە باس کەم کە باسی ئەو هەموارە وا باس کرا یە کە ئەنەما بینینی منداڵە، بەڵام من داوا دەکەم بینین نەمینێتن باسی مانەوە بکرێت، لە بەر ئەوە بینین پێنج دەقیقەش بینینە، دە دەقیقەش بینینە، سەعاتیش بینینە ئێستا وای لێ دێت تەسەور ئەکەم بیست و چوار (24) سەعات کە بوو بە بیست و چوار سەعات پێ دەگوترێ بە عەرەبی (مبیت) و ماناوە کە مەبید بوو فەرقە ما بەینی (مبیت) و موشاهەدە، کەواتە من داوا دەکەم وەکو ئەندامێکی پەرلەمان تەبیعی بڵێین هەر یەکە لە دایك و باوك مافی بینینی منداڵەکەیان هەیە لای خۆیان بمیننەوە ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم ئەوەی کە حاجی کاروان باسی کرد شتێکی زۆر چاکی باس کرد ئەوجا من پێشنیار دەکەم تەنها لە خاڵی ئەلیف لە کاتی نەمانی ئەوانیشیان یان یەکێك لەوان نەمێنێتن بە خۆی عیلاجی کێشەکەی ئەکاتن و پاشان ئەوەش پێشنیار ئەکەم تەبعەن لە دوای نەمانی باپیر و داپیرە بۆ کێ ئەگەڕێتەوە، دەبێ ئەوەی نەسی قانونی قسەی لە سەری بکرێ، لە دوای نەمانی داپیرە و باپیرەش ئەو مافە بدرێتە ئەو کەسانەی کە نێزیکترین کەسی خۆیەتی، ئەوجا مامە، برایە، خوشکە هەر کەسێکی تر بتوانیتن ئەو سۆز و عەتفە لە کن منداڵەکان دیار بکرێتن و خاڵی دووەم کە دەمەوێ باسی بکەم تەبعەن ئەندامانیش باسی کران من پاڵپشتی ئەکەم دەبێ شوێنی بینینی ما نەوەی منداڵەکەش دیاری بکرێت لە بەر ئەوەی ئەگەر شوێنەکە دیاری نەکرێتن بە راستی ئەوەش کێشە دروست دەبێت، چونکە لێرە تەنها حەقی مەحکەمەی دایە شوێنەکە دیاری بکاتن جاری وا هەیە بە خۆیان موتەفیقن بە شوێنێك موتەفیق بوون ئیجاب ناکات مەحکەمە تەدەخول بکاتن، لە بەر ئەوەی مەحکەمە شوێنی حەسمی خیلافە، ئەگەر بە خۆیان خیلافیان نەبوو ئیجاب ناکاتن مەحکەمە بێتن لە بۆیان یەك لای بکاتەوە و پاشان ئەوەی کاك عمر باسی کرد حەقیقەتەن ئەمن زۆر تەئییدی ئەکەم لە بەر ئەوەی لە رووی زمانەوانیشەوە فیعلەن ئەوە دایکیەتی و لەو بووە، یەعنی بۆ دایك لەو دایکایەتی بسێنرێتەوە، بکرێتە حازینە یان دایەن، یەعنی دایەن فەرقی هەیە دایەن ئەو کەسەیە کە ئەو منداڵەی بەخێو کردبێتن جا بۆیە من داوا ئەکەم کە ئەو شتە بە راستی چارەسەر بکرێت و دەستان خۆش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو شیلان فەرموو.

**بەڕێز شیلان جعفر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بە حەقیقەت ئێمە وەکو لیژنەی مەعنی وەکو لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی هەموار کردنەوەی ئەم یاسایەمان بە زەرورەتێك زانی، چونکە ئەو کێشە و گرفتە و ئاریشانەی کە هەمیشە دێتە بەردەمی لیژنەکەی ئێمە، ئێمە بە پێویستمان زانی کە هەمواری بکەینەوە مەبەستی سەرەکی ئێمە لە هەموار کردنەوەی ئەم یاسایە بۆ دوو مەبەستی سەرەکی بوو، یەکەمیان : مەبەستمان پتەو کردنی پەیوەندی خێزان بوو بۆ منداڵ، چونکە ئەوە مافێکی سەرەکی منداڵە کە لە کاتی جیابوونەوەی دایك و باوکی بچێتەوە ناو خێزانەکەی خۆی و کەس و کارەکانی خۆی بناسێت و خاڵی دووەمیشمان بەرجەستە کردنی یەکسانی و عەدالەتی پەروەردە کردنی منداڵ بوو لە نێوان دایك و باوکەکەدا، بۆیە ئەو تێبینیانەی من کە هەمە لە سەر راپۆرتەکە بە تایبەتی (ج) و (د) ئێمە دەکرێ ئەو دوو خاڵەیە، واتە هەر دوو خاڵەکە لێك بدەین کات و شوێنی دیتن لە ماوەی شیرەخۆریدا منیش لە گەڵدام، چونکی بە حیقیقەت گرنگە ئەو ماوەیە هەم بۆ دایکەکە هەم بۆ باوکەکەشی، یەعنی منداڵ خۆمان دەزانین ئەگەر ئەوەی دایك و باوکە کە لەو کاتە لە تەمەنە چەند خۆشە، بۆیە بە پێویستی دەزانین مانگی دوو جار منداڵی شیرەخۆرەکە لە لایەن دایك و باوکە کەوە ببینرێت لە ماڵی دایەن کراو، واتە لای دایکەکەی، خاڵی دووەم یان لە پاش شیرەخۆرەکەیەتی، واتە دوانزدە (12) کاتژمێر کە رەئی ئێمە وەکو لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی بیست و چوار (24) کاتژمێرە، واتە حەفتەی یەك جار بیست و چوار (24) کاتژمێر لە لای دایکەکە و باوکەکە بێ زۆر لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان باسی ئەوەیان کرد کە کاتەکانی خۆشیەکەی منداڵەکان لەوانەیە بۆ تەفریھ کە جومعە دەبێت لای دایکەکە یان باوکەکە ئەمە منداڵەکە ببێتە هۆی ئەوەی کە زیاتر بە لای ئەو لایەنە ئەبێت یان ئەو دایك و ئەو باوکەی کە دەیباتە گەڕان و سەفەر، بەڵام رۆژاکانی تر هەمووی دایکەکە یان باوکەکە لە ئەرك و واجبدایە، بەڵام من ئەمە بە پێچەوانەوە ئەبینم بە حەقیقەت لەوانەیە زۆر لە ئێوە ئێستا رەئیە کەی من بڵێین ئێستا دیفاع لە پیاو ئەکات، بەڵام نەخێر من سەرەتا وتم بەرجەستە کردنی یەکسانیە لە نێوان دایك و باوکدا، ئەگەر ئێمە بێت و سەیری کۆمەڵگای خۆمان بکەین دەبینین دایك زۆرترین کاتەکانی خۆی لە ماڵەوەیە بە هۆی ئەوەی کە ئاستی نەخوێندەواری لە لای کۆمەڵگای ئێمە هی ئافرەت کەمترە و ئەو کاتانەی کە پیاو زۆر تر ئەڕواتە دەرەوە، ئەگەر تەنانەت کرێکاریش بێت هەموو رۆژەکانی لە دەرەوەیە تەنها رۆژانی جومعەی هەیە، بۆیە ئەگەر ئێوە سەرنجی ئامارەکەی تەلار خانتان دابێت دەڵێیت سێ سەد و پانزدە (315) جیا بوونەتەوە کە دوو سەد و بیست و شەش (226) منداڵ لە لایەن دایکەکانیانە، واتە حاڵەتێکن کە منداڵ لای باوکدا ئەبێت هەشتا و نۆیە، کەواتە لێرە باوك زیاتر مەحروم ئەکات باوکیش حەقی خۆیەتی، مافی ئەوەی هەیە کە منداڵەکەی ببینێت کە لە پەروەردە کردنی منداڵەکەی بەشدار ببێت بۆیە بە پێویستی ئەزانین وەکو ئەوەی کە ئێمە دەڵێین بیست و چوار (24) کاتژمێر واتە لە حەفتەیەکدا یەك جار بۆی هەبێت، بۆیە تکا لە ئێوە ئەکەین

ئەوەی کە ئێمە باسی ئەکەین لە سەر راپۆرتەکە گۆی بگرن بو لیژنەی مەعنی بۆ ئەوەی بتوانین ان شا الله بە هەموو لایەك یاسایەکی باش توکمە دەربچێت و سەبارەت بە خاڵی (ت)، یەعنی لێرە داوا کاری گشتی ئەڵێ ئەندامی داواکاری گشتی لە دادگا باری کە سی دا یە چاودێری بە چاکی جێ بەجێ کرد نی بڕ گەکانی سەرەوە دەکات و لە کاتی بوونی سەرپێچیش ڕێکاری یاسایی دروست وەردە گرێن لێرەدا ئێمە ئە گەر بێین ئەندامی داواکاری گشتی ئیلزام بکەین، واتە بلێین پێویستە ئەندامی داواکاری گشتی لە دادگای باری کە سی دا چاودێری چاکی جێبەجێ کردنی برگەکانی سەرەوە بکات و، لە کاتی بوونی سەرپێچیشدا ڕێکاری یاسایی درو ست وەربگر ێت، بۆ یە ئەوەش لێرە ئێ مە پێوی ستە ڕە چاوی بکەین، سوپاس هەر ئەوە ندە بوو تێبینیەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاك حاجی کاروان کە چەند کەسێکیش پشتیوانیان لێ کرد بە بڕ گەی ( ئەلیف) ئێمە وەکو لیژنە هاوبەشەکە کە راپۆرتەکەمان دارشتووتەوە بە دڵنیاییەوە مەبە ستمان ئەوە بوو کە ئەو مافە باپیر و نەنکیش بگرێتەوە، بەڵام لە تەعبیرەکە فیعلەن خەلەلی تێدایە ئێستا دایئەرێژ نەوە سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاك عمر عینایەت کە پیێ وایە دایەن لە شوێنی خۆیدا نییە منیش پێم وا یە قسەکەی زۆر لە شوێنی خۆیدایە، بۆیە لە یاسای ژمارە هەشت کە ئێمە ئێستا کار کردن پێمان بە پێی ماددەی سێ هەڵوەشاندەوە تەعبیرەکی بە کار هێناوە بۆ حەزانە ئە گەر کاك عمر لە گەڵم بێت تەعبیری، یەعنی موستەلەحی پەروەشتکاری بە کار هێناوە پەروەشتکار لە جیاتی حازین پەروەشتکاری بە کاری هێناوە یان پەروەرشتیار، ئەگەر ئەوەی لە شوێنی خۆی دا بێت دەتوانین ئەوە بە کاری بێنین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەلار خان تکات لێ ئەکەم لە سەر بابەتی حازین و دایەن و دایك ئە گەر سەرنج و تێبینیەك هە یە باسی بکەی بە تایبەتی کە ئێستا رایەك هە یە لە دوای هەڵوە شاندنەوەی خێزان دایك سیفەتی دایکی نەبێت، بەڵکو سیفەتی حازین وەرئەگرن واتە دایەن.

**بەڕێز تەلار لطیف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بە پێی یاسا شەرت نییە هەموو کات دایکیش هەر بڵێین ئەو حازینە بێت ئەو و شەیە بۆ دایك و باوکیش بە کار دەهێنرێت ئەگەر منداڵەکەی لە لای بێت، بەڵام ئە گەر لای دایکە کە بێت بۆ یە کەلیمەی دایەنەکە بە کار دێنن لە بەر ئەوەی زیاتر حەتا بە پێی یاسا پارە دائەنرێت بە پێی یاسا ئەبێ ئەو باو کە کە منداڵەکەی لە لایەن لیژنەکەیە ئەبێ بڕێك پارە دابنێت غەیری نەفە قەی منداڵە کە پێ ئەڵێن (ا جرة

الحضانة)، يەعنی ئەوە شیان هە یە، بۆ یە بە پ یّی یاسا شەوە ئە چێتە چوار چێوەی ئەوەوە بەو شێوازە مامەڵەی لە گەڵ ئەکرێ، بۆیە پێویست ئەکات وشەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە بەو شێوازە مامە ڵەی لە گەڵ کرا، بەڵام ئەتوانین لە ناو قەوسەکە وشەکە بە عەرەبیش بهێنرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەو کەسەی کە حەزانە وەرئەگرێ لە یەکێك لەم فەرزیانەی کە لەم قانو نە داماذ ناوە دوو سیفەتی هەبێ ئەو کاتە جگە لەوەی خۆی دایکە، بەڵام سیفەتی حازنیش وەرئەگرێ، یەعنی هەر دوو سیفەتەکەی هە یە، بۆیە ئێمە ئەبێ بە سیفەتی دووەمیان ناوی بەرێن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی جاری وا هەیە ئەکرێ حازین دایك نەبێ باوك بێت وایە؟ ئەکرێ غەیری دایك و باوکیش بێ، خاتوو گەشە دارا، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە سەلەی (حا ضن) ئەوە یە ڕا ستە هەر دای کە خۆی، دوای جیابوو نەوەش هەر دای کە، بەس ئەوە بۆ جیاکردنەوەی ئەو وەزعە قانونییەی کە دوای جیابوونەوە ڕوو دەدا، یەعنی دایك لە ناو خ ێزان دا، یان لە دەرەوەی خێزان دوای جیابوونەوە هەر دایکە، بەڵام بۆ جیاکردنەوەی کە مەحکەمە ماڧ دەداتێ بە دایەنی، یان بەوەی کە حەزانەی لابێ، بۆ جیاکردنەوەی ئەو وەزعە قانونییەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، دەرفەتت دەدەمێ کاك عمر، بزانم د. سراج دەڵێ چی؟ فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕووی زمانەوانییەوە دایك جیاوازە، دایەن جیاوازە، وە کو با سیان کرد (حا ضن) ج یاوازە، (أم) ج یاوازە، یەعنی ئێستا دەمەوێ فەرق بکەین، ئێمە یاسا دادەڕێژین، دەبێ شتەکان وەکو خۆی باس بکەین، (حا ضن) جاری وا هەیە دایکە، جاری وا هەیە باوکە، جاری وا هەیە هیچیان نییە، جاری وا هەیە خزمێکیان دەبێ تە دایەن، جاری وا هەیە خزمێکیان دەبێتە بەخێوکەری، کەواتە لێرە با وەکو خۆی، ناوە کە وە کو دا یك باس بکەین، ئەوجا لە ناو قەوس ناوی لێ دە نێن (حا ضن)، ناوی لێ دە نێن (دا یەن)، کێ شە نی یە، بەڵام وە کو دایك، لەبەر ئەوەی دایکی ڕەسەنی خۆیەتی، دایکی ڕاستەقینەی خۆیەتی، ناکرێ بە تەڵا قدان و بە لە یەك جیاوازبوونەوە حەقی دایکایەتی لەو منداڵە بسەندرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، كاك عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەكرێ لەبری وشەی دایەن (بەخێوكەر) بەكار بهێنرێت، (بەخێوكەر)، (دایك)، (باوك) یان هەر شتێك.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك أبوبكر هەڵەدنی، بزانین ئەو ڕەئی چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز أبوبكر عمر عبدالله (أبوبكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە قسە لەسەر حاڵەتێك دەكەین كە دایك و باوكە كە جیابوونەتەوە، یەعنی بەو جیابوونەوە سیفەتی دایك و باوكی لە دەست نادەن، بەڵام ئەم منداڵە كە لای یەكێكیانە پێیان دەوترێ (حاضن) و (غیر حاضن)، لەبەر ئەوە موستەڵەحەكە لە ڕووی قانونییەوە لە شوێنی خۆیەتی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێموابێ دەستكاری موستەڵەحەكە نەكەین، یەعنی لە ڕووی قانونییەوە دەستكاری موستەڵەحەكە نەكەین، وەكو خۆی بمێنێتەوە، چونكە ئەوە تەفسیراتی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێ، هەندێك مەسئولیەت و بەدواكەوتنی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێ، بۆیە لەم بابەتە یاساییانە مەجالی ئیجتیهادی تیا نییە، مەجالی ئیجتیهادی شەخصی تیا نییە، ئەوەندە موناقەشەی لەسەر نەكەین، مامۆستا هەورامان، فەرموو.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر سەبارەت بە (حاضن)، خۆی (حاضن) كەلیمەیەكی عەرەبییە، یەعنی ئەو كەسەی كە باوەش دەكاتەوە بۆ كەسێكی تر، ئەو كەسەی كە منالەكە لە باوەش دەگرێ، لە ئەصڵی زماندا بە مانای باوەش كردنە، یەعنی (كأنما) بەخێوی دەكات و باوەشی ماڵەكەی بۆ دەكاتەوە، ئیتر ئەوە دایك بێ، باوك بێ، یان كەسێكی تر بێ پێی دەوترێ (حاضن)، هیچ موشكیلەیەكی نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كەواتە ئێستا موستەڵەحەكە (حاضن)ە، لە كوردیدا چی بۆ بەكار هات ئەوەی بۆ دادەنێین لە داڕشتنەوەدا، ئێستا با نەبێ بە موناقەشە، سێ ڕا هەیە لەسەر بڕگەی (د)، ڕایەكیان ئەوەیە كە (12) كاتژمێر حەفتانە بێت، ئەوە هەر ڕای لیژنە پەیوەندیدارەكان بەو شێوەیەیە كە (12) كاتژمێر حەفتانە، ڕای دووەم ئەوەیە كە (24) كاتژمێر حەفتانە بێ، ڕای سێیەم ئەوەیە كە (24) كاتژمێر دوو حەفتە جارێك بێت، دەرفەت بە سێ ئەندام پەرلەمان دەدەین، كە لەسەر هەر یەكێك لەسەر ئەم سێ ڕایە یەك جاری تر قسە بكات، بۆ ئەوەی بەرچاوی ئەندامانی پەرلەمان ڕۆشن بێ لە كاتی دەنگدان دا، تەنها بۆ هەر

دانە یەکیان، بۆ هەر (option)ێکیان یەك ئەندامی پەرلەمان قسە بکات، بۆ ئەوەی دوایی بیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا بۆ ئەوەی کە تەبعەن (12) کاتژمێر جارێك لە حەفتەیەك دا، ئەوە ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکانە، دوایی ڕایان وەردەگرین، بەڵام لە (24) کاتژمێر بۆ حەفتەیەك کێ لەسەر ئەوە قسە دەکات؟ بەڵێ، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز امنە ژکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جیا کرن تێدا هەبوو، دەمێ بچویك یێ شیرخارە بیتن مەزوعەکە بەس مە گوتێ بلا پۆلین کرنەك هەبیت مابەینا بچویکێ شیرخاری و مابەینا زارۆکێ کو سێ ساڵ، یەعنی سێ ساڵ وێڤە، ئەگەر وەسا بیت ئەڤ تەمەنە دێ ژێك هێنە ژێك جودا کرن وێ گاڤێ مە موشکیلا دوانزدە (12) سەعات و بیست و چوار (24) سەعاتان نابیتن خیلالێ ئەگەر سێ ساڵ پێهەل تە بیست و چورا (24) سەعات داینە دایك و بابا ڤێ گاڤێ تە ئۆپشینەکا دیتر ژی یا هەی مەگوتێ ئاماژە ب هندێ ددەت، ئەگەر پشتی سێ ساڵان بیتن بیست و چوار (24) دەمژمێران کێمتر نەبیت بۆ هندێ تو هەم ڕێکێ ئەڤ کۆمەڵگەهێ زاڵ نەدهێلا دایك یان باب دوو سەعاتان پتر بچویکێ خۆ ببینیتن و ئۆپشێنەکا دیتر ژی بۆ هندێ بوو کو موجتەمەعەکێ حەزاری دایك و باب، بەڵکو ڕێکەفتنێ بکەن، بەڵکو دوو ڕۆژ بچویك نك دایك و بابێ خۆ بیتن، ژبەر هندێ پۆلین کرن هەبوو، ئەگەر بۆ بچویکی کو شیری دخۆتن دوانزە (12) سەعات ئەڤێ بێخینە دەنگدان ئا یا دگەڵ هندێ نە؟ و پشتی هنگی (option) دی تر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باش، لیژنە پەیوەندیدارەکان وەڵامی ئەو پێشنیارانەتان نەدایەوە کە باسیان لە پۆلین کردن کرد، پۆلین کراوە؟ باش، کاك زانا نوقتەی نیزامیت هەیە؟ بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاری کردنی کات بە سەعات پێموایە هەڵەیە لە ناو ئەو ڕاپۆرتە، چونکە دەکرێ خوێندنەوەی تری بۆ بکرێ، لە حەفتەکە ئەو (24) سەعاتە دایکەکە یان دایەنکراوەکە دابەشی بکات، ڕۆژانە (2) سەعات دابنێ، بۆیە دەڵێین (بینین)، چونکە دەتوانی خوێندنەوەی تری بۆ بکات، کاتەکە تەوزیع بکات لە حەفتەکە، هەموو ڕۆژێك دوو سەعاتی بۆ دابنێ، کە ئەوە خراپە، دەبێ بڵێی (24) سەعات یان شەو و ڕۆژێك، یەعنی بە شەو و ڕۆژ دیاری بکەین، بۆ ئەوەی دەرفەتی مانەوەی تیا بێ، یەعنی باسی مانەوە بکەین، من پێموایە ئەگەر بە کاتژمێر بێ زۆر خراپە، بابەتێکی تر هەیە کە هەر دەمەوێ باسی بکەم، کاتی بینینەکە چۆن دیاری دەکرێ، زۆرجار دایەنکراوەکە ڕۆژی جومعە دیاری دەکات، باوکەکە جومعان ئیشی هەیە، ناتوانێ بیبینێ، حەقی دەفەوتێ، لەبەر ئەوە دەبێ دیاری کردنەکەش، ئەو کاتە کە دیاری دەکرێ صیغەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە، یەکشەممە دیاری دەکات باوکەکە ناتوانێ بیبینێ بە هۆی کارەوە، یان باوکەکە شەممە دیاری

دەكات، دايكەكە ناتوانێ ببينێ، دەبێ ئەوانە بە ڕوونى حەسم بكرێ لە ناو ئەم ڕاپۆرتە، بۆ ئەوەی دوا يی خوێندنەوەی تری بۆ نەكرێ و گرفت درو ست نەكات، مە سەلەی شیرە خۆرە، (12) سەعات زۆر زۆرە بۆ منالێكى شیرە خۆرە ببیەی بۆ شوێنێك ببینێ، یەعنی ئەوەی كە باس كرا، زۆر جار ژنەكە شوو دەكا تەوە، پیاوەكە ناتوانێ بچێ بۆ ماڵی ژنە كۆنەكەی منالە شیرە خۆرە كەی ببینێ، یان عورفی كۆمەڵا یەتی ڕێگەی نادا، دەبێ شوێنێك دیاری بكرێ، من پێموایە لە سەعاتێك كەمتر نەبێ، لە (2) سەعات زیاتر نەبێ، چونكە منالی شیرە خۆرە ناتوانێ (12) سەعات بمێنێتەوە و بیبینی، زۆر جار گرفتی نەخۆ شی و ئەوا نە درو ست دەكرێ، بۆ ئەوەی منالەكە نەبینی، من پێموایە دەبێ ئەوەش بە ڕوو نی حە سم بكرێ لە ناو ڕاپۆرتە كە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، كاك محمود، فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح :**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من سەرەتا باسی ئەوەم كرد فيعلەن من تەئیدی قسەی كاك زا نا دە كەم، بەڵام بەديويێكى تر، قۆنا غەكانى تەمەنى منالێ فەرق دەكات، منالێكى شيرە خۆرە ئەوەی كە با سى لێ دە كرێ تا تە مەنى دەبێتە (2)، (3) سالێ لەلای پیاوێك چی بكات؟ یەعنی ئەوە ناكرێ، بەڵام منالێك كە تەمەنی (15) ساڵە دە توانێ بە مانگ لەلای باوكی بێ، لەلای دایەن بێ، یان لەلای شوێنێكی تر، من باسم كرد لە ئەوروپا مەسەلەن سەعات دیاری نەكراوە، شەممە و یەكشەممە دیاری كراوە بە حەفتە، ئەم حەفتە یە شەممە و یەكشەممە لەلای ئەویان دەبێ، ئیتیفاق دەكەن شەممە و یەكشەممەی تر لەلای ئەویان دەبێ، سێشەممە و چوار شەممە لەلای بێت، یەعنی بە پێی كاتە كە خۆ یان بە ئیتیفاقی خۆ یان كاتە كە دیاری دە كەن، بۆ ئەوەی وە قت لە كە سیان نەگرێ، ناكرێ تۆ دیاری بكەی بڵێی بیزە بت ئەوە ندە، ئەوە ندە سەعات، ئەوە ندە ڕۆژ، ڕۆژی ئەوە ندە ئەوە ندە، خۆت دەزا نی لە ڕووی سیستەمیشەوە قەت ئێمە لەوان پێشكەوتووتر نین، بۆ یە ئەو چاو لێكەرییە كارێكی باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕاستی حەق بوو ئەو موناقەشەیە لە لیژنە یەكلایی بكرابایە، چونكە لە ناو هۆڵی پەر لەمان دا جیاوازی بیر و ڕا زۆر دروست دەبێ لەسەری، خاتوو حەیات مجید، فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

زیاتر لە سێ ئەندامی پەرلەمان داوای ئەوەمان كرد كە بە ئیتیفاق بكرێ، یەعنی جێگەی بكرێتەوە لەو یاسایە، بە ئیتیفاقی دایك و باوكەكە وەقتەكە تەحدید بكرێ، ئەگەر بخرێتە دەنگەوە شتێكی خراپ نابێ، چونكە زیاتر لە چەند كەسێك داوای ئەوەمان كرد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باش، ئێستا ئەو بابەتانەی تر لە داڕشتنەوەدا لەبەر چاو دەگیرێ، بەڵام ئێستا جیاوازییە سەرەكییەكە لەوەدا بوو كە بۆ ماوەی چەند لە حەفتەیەكدا یان لە دوو حەفتە جارێك دا؟ ئەوی تریشی پێموابێت ڕەچاوی دەكەن پێشنیارەكانی ترتان، خاتوو منیرە، فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئێستا باسی ئەوە دەكەم، ئەو پێشنیارەی كە لە (24) كاتژمێر لە حەفتەیەك دا بمێنێتەوە لای ئەو كەسەی كە دەیەوێ منداڵەكەی ببینێ، لای دایكە یان باوكە، من دەمەوێ ئەوە ڕوون بكەمەوە بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ئەگەر ماوەكە (24) كاتژمێر نەبێ، واتا مانەوەی تیا نەبێ، پێموایە ئەو كاتی بینینەوە هەتا ئەو حەنان و عاتیفەی لە نێوان منداڵەكە و باوكەكە، یاخود منداڵەكە و دایكەكەدا دروست نابێت، چونكە مانەوەكە دەبێتە هۆی پتەو كردنی پەیوەندی نێوان ئەو دایكە و منداڵەكە، باوكەكە و منداڵەكە، لەبەر ئەوە (24) كاتژمێر پێموایە كاتێكی زۆر زۆر گونجاوە بۆ ئەوەی لە حەفتەیەك دا ببیینێ، یەعنی من جارێكی تر ئەوە لە سەرەتای قسەكانیشم دا، با ئێمە خۆمان بخەینە جێگەی ئەو باوك و دایكانە، یەعنی ناكرێ بە (2) حەفتە جارێك منداڵێك دایك و باوك نەیبینێ، یاخود (12) سەعات ببینێ، كە لە كاتێك دا دایكێك بە ئاواتەوەیە منداڵەكەی شەوێك لە باوەش بگرێ، باوكێك بە ئاواتی ئەوەیە شەوێك منداڵەكەی لە باوەش بگرێ، ئەوە پەیوەندی بە عەتفەوە نییە، پەیوەندی بە شتێك هەیە كە پەیوەندی كاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە بەسەر دەروونی ئەو منداڵەوە، كە چۆن لە حەنان و عاتیفە و سۆزی دایك و باوكەكەی خۆی تێ بگات؟ لەبەر ئەوە من پێموایە (24) كاتژمێرەكە زۆر زۆر گونجاوە، بەڵام دەكرێ لیژنەی یاسایی بەو خاڵەدا بچنەوە، (24) كاتژمێرەكە بە شەو و ڕۆژ دەستنیشان بكەن، وەك ئەوەی كاك زانا باسی كرد، كە مو بەڕیزی ئەوە نەدرێ بە دەستەوە كە (24) كاتژمێرەكە تەوزیع بكرێ بەسەر ڕۆژانی حەفتەدا، دەكرێ بكرێ بە شەو و ڕۆژێك، بۆ ئەوەی یەعنی مومكین نییە كاتی مانەوەی تیا نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە دەكرێ بكرێ بە شەو و ڕۆژێك، پێموابێت ئەو قسانەی كاك زانا وەجیه بوو، بەڕێز مامۆستا عمر كۆچەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر (عمر كۆچەر) :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ڕەخنەك هەی ڕاستی ل شێواز و پرۆسا پرۆژە یاسا و ڕێفەچوونا وانا لە پەرلەمانی دا، قەناعەتا من یەعنی ئەم بەس وەرەقا كوم بكەین سندووقا دا و شەپرزە ژی بینین، یەعنی هەكە ئەڤ ئەسڵی یاسا و پرۆژە یاسا و هەر لیژنەكا پەیوەند یدار ڕاپۆر تا وێ دێك وە خت دا بیتە دوو سەیەك و بیتە مە لەف لەبەردەستێت مە بە قەناعەتا من عەددەدێكی زۆر ژ پەرلەمانتاری ژی مە سەلەن زاراوەی سۆرانی باش

شارەزا نابن، بەرێ خو بدێ حەتا فەرقی دناڤبەینا موستەلەحات دا، ژ بەر هەندێ یان بادینی بۆ مە ئەڤ تشتە بێتە چارەسەر کرن، یان ژی ئەم بادینی عەرەبی شارەزاینە نوسخەك عەرەبیشی هەر ل ڕاپۆرتا لگەل بیتن، چونکە ئەڤە تشتێت حەساسن، یاسا و تەشریع دانان ئەڤە خالەك، خالەکا دی جیهەتێت پەیوەندیدار مەسەلەن ئەم دچینە سەنتەرێت توندوتیژی گەلەك تێبینی و مولاحەزاتی پراکتیکی و عەمەلیێت هەین، یان ژی دەسەلاتا دادوەران، ئەوان ڕۆژانە تووشی ڤان موشکیلا دەبن، ئەز دبین ئەڤ ناقصن دڤان رویندشتنێن دپەرلەمانی دا ئەگەر ئەو بێن گەلەك ژڤان خالا چارەسەر کەن، وەك دی ژی ئەندام پەرلەمانەك بە کاملی لەبەر دەستی بیتن، نە هەر جارەکی برەکا وەرەقە بەرز دەبن د ناڤ ئێکدا بەرزە دبن، ئەندام پەرلەمان دروست حەقی یاسایی نادەنێ، ڤێجا ب قەناعەتا من ئەڤە گەلەك گەلەك گرنگن، دویف تێبینیا من سەرا ئەڤی بابەتی مەوزووعی ئیسلامی پیچەکی یێ دایێ (سن التمیز)، وەختی (سن التمیز) بیت (11)، (12) سالی ماڤ دەداتە عەیالی، یەعنی عەیال دوو ییێن دهاتینە دەڤ پێغەمبەری (علیه الصلاة و السلام) زەلام و ژن، وەختی زەلامی خۆ نارازی کری پێغەمبەر (علیه الصلاة و السلام) گۆتیە زارۆکی کیشکێ ئیختیار دەکەی؟ ئەڤی ددایك یا ئێختیار کری و دایکی یا بری ئەڤ (سن التمیز) (11)، (12) سالی یەعنی حەقی بدەنە زارۆکی، گەلە جارا ناڤێ بچینە لایێ دی رەغبەت نینە، (سن التمیز) ئەڤ حەقە بدەنە زارۆکی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پەیوەندی بە باسەکەی ئێستامانەوە نییە، مامۆستا عمر کۆچەر دەبوایە ناوی خۆت بنووسیبایە، بۆ ئەوەی قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەی.

**بەڕێز عمر صالح عمر (عمر کۆچەر):**

ئەوە وەك نوقتەی نیزامییە دکتۆر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ئەوە نوقتەی نیزامیش نییە، ئەوەی کە لە پێشووتر باست کرد.

**بەڕێز عمر صالح عمر (عمر کۆچەر):**

ئاخر ئەڤ کێشە درێژبوونە هەمی ژبەر ڤێ یە، چونکە باش ئەو نینە....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر ئەوە ڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندیدار ئامادە کراوە، خراوەتە سندووقی ئەنداما نەوە، جەنابت دەتوانی لە ماڵەوە دیراسەی بکەی، بەراوردی بکەی بە هەر بابەتێك کە خۆت دەتەوێ، پرۆژە یا ساکان، یان یاساکانی کە لە ڕابردوو پەسند کراون، یاسای وڵاتانی تر، ئیشی ئەندامی پەرلەمان ئەوەیە بەڕاستی کە بێت موقارەنە بکات، بەڵام ئێستا ئەوە هاتۆتە هۆڵی پەرلەمان و موناقەشە دەکرێ، بابەتێکیشت نووسیبوو، ئەوە لیژنە پەیوەندیدارەکان خۆیان دەتوانن لە کاتی موناقەشە کردنی پرۆژە یاساکان دا، ئەو کەسانەی تایبەتمەندن بەو بوارە بانگیان بکەن، ئێمە ئەو بابەتانەی کە پەویەندیدارە بە حکومەت لەو دانیشتنانەی کە پرۆژە یاسای تایبەت بە حکومەت موناقەشە دەکرێ، حکومەت بانگ دەکەین، بەڵام دادوەرێك ناتوانێ

بێ لە ناو هۆڵی پەرلەمان دا قسە بکات، دەبێ لە لیژنە پەوەندیدارەکان قسە بکەن، کەواتە ئێستا ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە شەو و ڕۆژێك لە هەفتەیەك دا قسە و باسی لەسەر کرا، ئەندامێکی پەرلەمان بەرگری لێ کرد، ڕای خۆی خستە ڕوو، ئێستا ئەوانەی کە لەگەڵ ئەوەن کە شەو و ڕۆژێك بێت لە دوو هەفتەدا، منالی شیرە خۆرە جیا کراوەتەوە، یەعنی یەکێك لە ئەندامانی پەرلەمان کە پێشنیاری ئەوەیان کردووە، شەو و ڕۆژێك بێت لە دوو هەفتەدا، ئەوە ڕای بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمانە، ڕایەکی تر هەبوو کە دەلێ دوو هەفتە جارێك شەو و ڕۆژێك، خاتوو تەلار جەنابت بوویت؟ بەڵێ، فەرموو تەلار خان.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ڕاستە بینینی منالّ لەلایەن دایك و باوکەوە و پەروەردەکردنی بە دوو حەفتە، هەتا ئەگەر ڕۆژانەش ببینێ ئەوە کافی نابێ، بەڵام ئێمە باسی شتێکی واقیعی و عەمەلی دەکەین، باسی پەروەردەی ئەم ولاتە دەکەین، باسی ئەوە دەکەین کە لە کاتی جیابوونەوە ئەو ژن و مێردە وەکو دوو کەس دائیمەن وەکو دوژمن مامەڵە لەگەڵ یەکتردا دەکەن، ئەو منالەش وەکو ئەداتێك بەکار دەهێنن بۆ تۆڵە سەندنەوە لە یەکتری، ئێمە باسی ئەو حاڵەتە دەکەین، ئەگینا خۆیان ئیتیفاقیان هەبێ پێویست بە یاسا ناکات، چەندین حاڵەتمان هەیە ئیتیفاقیان کردووە لە دەرەوەی دادگا و هیچ کێشەیەکیان نییە، بەڵام ئێمە ئەگەر هاتو هەموو حەفتەیەك بیست و چوار سەعات لەلای کەسێکیان بێ، ئایا ژنەکە بێ یان پیاوەکە، ئەوە گەورەترین کێشە بۆ تەرەفەکەی تر دروست دەکات، بۆیە من ئەو ئامارەشم خستەڕوو، لەبەر ئەوەی زۆر بەی زۆری ئەو جیابوونەوانەش ژنەکان منالەکان لای خۆیان دەبێ بە پێی یاسا، بە پێی لایەنە کۆمەڵایەتیەکەش خۆیان وەری دەگرنەوە، ئێمە ئەگەر هاتو دوو حەفتە جارێك نەبێ، ئەو کاتە ئەو ژنە مەحروم دەبێ لەوەی کە لەگەڵ منالەکەیدا بمێنێتەوە لە کاتی ئەو جەمعانە، چونکە زۆربەی کات بە پێی ئەوەی کە ئەگەر هاتو فەرمانبەر بێ یان فەرمانبەر نەبێ، دائیمەن دادگا دەیخاتە کاتی پشووەکانەوە، پێنجشەممە و جومعان مامەڵە لەگەڵ ئەو حاڵەتانە دەکرێ، ئێمەش بە شێوەیەکی عەمەلی ئەوانەمان بینیوە، لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر فەرمانبەر بوو ئەوە تەنها کاتی پشووەکەی هەیە، ئەو کاتە دەتوانێ ئەو منالە بەرێ پیاوەکە ببینێ، دواتریش بۆی بگەڕێتەوە، ئەگەر فەرمانبەریش نەبوو، حیسابی ئەوە دەکرێ ئەو منالە لەوانەیە خوێندکار بێ، لەوانەیە دەوراتی تری هەبێ، ئەوانە کۆمەڵێ حاڵەتن کە دادگا لەبەر چاوی دەگرێ لە کاتێك دا کە ژن و پیاوەکە ئیتیفاق نەکەن، بۆیە ئەم دوو حەفتە جارە کاتێکی باش دەبێ، بەڵام شەو و ڕۆژەکە لەلای تەرەفەکەی تر بێ، یەعنی بمێنێتەوە لەلای، مەبیتەکە لای هەبێ، بۆچی؟ چونکە ئەو کاتە لە ڕووی پەروەردەییشەوە دەتوانێ موعامەلەی لەگەڵ بکات، لە ڕووی عەتف و حەنانیشەوە، بەڵام بە شێوازێك بێ هەموو هەفتەکە بێ لەلای تەئسیری سلبی بەجێ دەهێڵێ، چونکە زۆر جار لەبەر خراپی باری ئابووری، یاخود جیاوازی باری ئابووری، جیاوازی باری کۆمەڵایەتی، ئەوانە تەئسیرێکی سلبی دەکاتە سەر منالەکە، بە شێوازێك کە مامەڵەی لەگەڵ دا دەکرێ ئەگەر بێتەوە بۆ لای ژنەکە، ئەوانە دەبێ هەمووی لەبەر چاو

بگیرێ، چونکە ئێمە لە کۆتاییدا دەمانەوێ ئەو یاسایە دەربچێ لە سوودی هەردوو تەرەف بێ، لە کۆتاییدا زەرەر نەگەیەنێ بە پەروەردەی منالەکە، ئێمە ئامارێکی تریشمان لا بوو من حەزم نەکرد ئێستا ئەوەش بخەینە ڕوو کە زۆربەی زۆری ئەو منالانەی تووشی لادان دەبن، زۆر بەی زۆری ئەو منالانەن کە دایك و باوکیان لە یەك جیابوونەتەوە، زۆربەی ئەو منالانەن کە لە دادگای نەو جەوانان تووشی کێشەکان دەبن، ئەوانە هەمووی تەئسیری سلبی لە ڕووی دەروونی و پەروەردەییشەوە بەجێدەهێڵێ، بۆیە گرنگترین حاڵەت ئەوەیە کە ئێمە ئەو دوو حەفتە جارە بێ، بۆ ئەوەی بتوانین پەروەردەیەکی دروست و خێزانێکی دروستیش لە دوای جیابوونەوەیان هەر بەردەوام بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چەند ئەندامێکی پەرلەمان دەستیان بەرز کردۆتەوە، خاتوو پەروا علی، فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بڕوای من سەبارەت بە هەردوو ئەو ڕێگەیەی کە هەیە، یان هەردوو ئەو پێشنیازەی کە هەیە، هەم ئەوەی کە هەفتانە بێت (24) سەعات، هەم ئەوەی کە دوو هەفتە جارێك بێت (24) سەعات، دەکرێ ئێمە ئەگەر وشەی ئارەزوومەندانە یان مەرج نەبێ، چونکە کە تۆ کردت بە مەرج، ئەو کاتە تەحدیدی دەکەی کە دەبێ ئیللا لە حەفتەکەدا (24) بیست و چوار سەعاتەکە بیبینێ، بەڵام ئەگەر بڵێین هەفتانە (24) بیست و چوار سەعات بۆیان هەیە بیبینن، لە بەینی قەوس دا یان چۆن چۆن بدۆزرێتەوە، ئارەزوومەندانە بێ، یەعنی مەرج نەبێت، بۆ ئەوەی تووشی ئەو حاڵەتە نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو کەژاڵ، فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کاتێك کە پێشنیاری (15) ڕۆژ جارێکمان کردبوو، (24) کاتژمێر بێت، لە (100٪) تەئیدی ڕاکەی تەلار خان دەکەین، ئێمە بە ڕاوێژکردن بە کەسانی ئەزمووندار، لەم بوارە کاریان کردووە، بە تایبەتی پارێزەران، دادوەران، پرسمان پێیان کردووە، زۆر جاری وا هەیە کاتێك کە ئەو منداڵە (24) بیست و چوار سەعات دەڕواتە لای ماڵی باوکی، بۆ نموونە منداڵەکە لای دایکیەتی، حەفتانە (24) بیست و چوار سەعات دەڕواتە لای ماڵی باوکی، جاری وا هەیە ئازاری جەستەیی بەو منداڵە دەگات، خۆ (24) بیست و چوار سەعات ئەو باوکە لەگەڵ ئەو منداڵە دانانیشی، دەڕواتە سەر ئیش و کاری خۆی، منداڵەکە لەلای زڕ دایکەکە جێ دەمێنێت، یەعنی لە ڕووی دەروونییەوە، لە ڕووی پەروەردەییەوە ئێمە بۆیە بە باشمان زانی پێشنیاری ڕای (15) ڕۆژ جارێکمان کرد، لە ڕووی پەروەردەیی و لە ڕووی دەروونییەوە بۆ بەرژەوەندی منداڵەکە باشە، دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو امنە زیکری، فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یا ژمنڤە دڤێتن ئەم وەك پەرلەمانتار هەر دەمێ سەبەبەکێ دئینین دڤێتن ئەم بەحسێ عەدالەتا جڤاکی، بەحسێ دادپەروەریێ، بەحسێ یەکسانیێ، ئەز وەك ژن وەختێ دا خازا یەکسانیێ دکەم دڤێتن وێ دا خازا یەکسانیێ بۆ زەلامی ژی بکەم کو حەقێ مومارسە کرنا بادیێ یا هەی وی دەمیدا ئەو چ مەنتق و لۆژیکە رێکێ ل هندێ دگریتن، قەبیل دکەتن شەش رۆژا زارۆك نك دایکا خۆ بیتن رۆژەکێدا ترسا ژنێ سەر هندێ هەبیتن کو دێ تەئسیر سەر پەروەردە کرنا زارۆکی کەت یان چونکی دێ ڤێ رۆژێدا بابێ وی زارۆکی دێ گەلەك بۆ خۆش کەت ناچێ بیتن حەفتیێ رۆژەکێدا بیت، یەعنی ب دیتنا من نە دچار چوڤێ مافێ ئینسانیە نە چارچوڤێ یەکسانیە و ئەڤە نە عەدالەتیە، چەوا ئەز دخازم زارۆکێ من نك بیت دڤێت وەسا وێ داخازێ ژی بکەم د ئێحساس و حەژێکرن و پێدڤیاتیا بابینیێ ژی دویر نەکەڤیتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باش، کاك زانا عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

زۆرجار بەڕاستی ناڕوونی لە یاساکان وای کردووە کە دایك و باوکەکان دوای جیابوونەوە نەگونجێن، کێشە و گرفتی زۆر گەورەیان بۆ دروست بێ، کە من پێموایە بەشێکی ناڕوونییە لە یاساکان و لە خوێندنەوەی خراپ بۆ ئەو ماددە و بڕگانەی کە لە ڕابردوو لە ناو یاساکان تێپەڕیوە، بۆیە من دەڵێم ناکرێ لەبەر ئەوەی دایك و باوکێك کە منداڵەکەی چۆتەوە لای، یان دایکێك کە منداڵەکەی چۆتەوە لای خراپ بێ، تەعمیم بکرێ بەسەر هەموو دایك و باوکەکان، ئێمە حەقیان نەدەینێ و بڵێین دوو حەفتە جارێك، دوو حەفتە جارێك بۆ بینینی باوکێك، یان دایکێك بۆ منداڵەکەی کاتێکی یەکجار کەمە، کاتێ کە من پێموایە هیچ سوکناییەك بۆ باوکەکە یان دایکەکە بەجێ ناهێڵێ، بۆیە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی تەوازونی پەروەردەیی دروست بێ حەفتەی جارێك شەو و ڕۆژێك بمێنێتەوە، ئێمە هەر لە ناو ئەو ڕاپۆرتە دیاری کراوە، ئەگەر لایەنێك کەم و کورتی هەبوو بەرامبەر بە بەخێوکردنی منداڵەکە، سزای بۆ دیاری بکرێ، بۆیە من پێمولیە حەفتەی جارێك شەو و ڕۆژێك بمێنێتەوە زۆر تەواوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو منیرە، فەرموو.

**بەڕێز منیرە عپمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك جار هەیە، جارێ من لە خاڵێکەوە، لە نوقتەیەکەوە دەست پێ دەکەم کە ئەویش قسەی کاك زانایە، یەعنی ناکرێ ئێمە ڕەفتاری دایکێك یان باوکێك تەعمیم بکەین بەسەر کۆی هەموو ئەو کەسانەی کە لە کۆمەڵگادا تووشی جیابوونەوە و ئەو حاڵەتە دەبن، لەبەر ئەوە تکایە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەعنی من جارێکی تر ئەوە دووپات دەکەمەوە، ئەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی مناڵێکەوە هەیە، بۆ وەرگرتنی حەنان و عەتف و سۆزی دایك و باوك، تکایە با ئێمە ئەوە بە شێوەیەکی زۆر هێمنەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گەیشت، بەڕێز د. ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەو سێ پێشنیارەی کە هەیە بدرێتە دەنگدان، بۆ ئەوەی دایبڕێژینەوە بێ ئەوەی کە زۆربەی ئەو پێشنیارانەی کە کرا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، لە داڕشتنەوەی نوێی هەر سێ لیژنە پەیوەندیدارەکە جێگای بۆتەوە، بۆیە سێ پێشنیارەکە بدەنە دەنگدان، تکایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، د.بەهار جەنابیشت هەر پێشنیاری ئەوەت دەکرد؟ باشە، سێ پێشنیارمان هەیە، ویستمان ڕای ئەندامانی پەرلەمان وەربگرین لەسەر هەر سێ پێشنیارە جیاوازەکە، کە پێشنیارێکیان بریتییە لەوەی لە حەفتەیەك دا شەو و ڕۆژێك بێت، پێشنیاری دووەمیان ئەوەیە دوو هەفتە جارێك شەو و ڕۆژێك بێت، پێشنیاری سێیەمیش ئەوەی ڕاپۆرتەکە خۆیەتی کە لە هەفتەیەکدا دوازدە کاتژمێر بێ، ئەگەر دوایی هاتینە سەر ئەوە دەتوانین قسەی لەسەر بکەین، شەوێك بێت یان ڕۆژێك، بۆ ئەوەی ئەوەش دیسان ئەوە تەحدید بکرێ، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە شەو و ڕۆژێك لە حەفتەیەکدا؟ حەفتانە شەو و ڕۆژێك؟ (48) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (7) کەس دژیەتی، کەواتە پەسند کرا. تکایە ئیعادەی صیاغەی بکەن، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (1): برگەی (4) لە ماددەی 57 لە یاسای ژمارە (188)ی ساڵی 1959 لە هەرێمی کوردستان لە کار دەخرێت و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:

أ- هەریەك لە دایك و باوك مافی بینین و مانەوەی منداڵەکانیان هەیە لە پاش دابڕان و نەمانی پەیوەندی هاوسەرگیری و نەمانی یەکێکیان ئەو مافە بنەچەکانیش دەگرێتەوە.

ب- تەنها دایەنی منداڵ ( باوك یان دایك) له دوای نەمانی ئەویش ئەو كه سەی مافی دا یەنی هه یه بەپێی یاسا بەرکارەکان سەرپەر شتی پەروەردەو فێر کردن و بواری كۆمەلا یەتی مـنداڵ ده كات تا ته مەنی (18) ساڵ.

ت- دیتن له ماوەی شیره خۆریدا دوو جار دەبێت له مانگێكدا له ماڵی دایەن.

ج- له پاش شیره خۆری کات و شوێنی مانەوه بەپێی رێکەوتنی هەردوولا دەبێت، له حاڵەتی رێك نه كەوتن مانەوه حەفتانه (24) بیست و چوار كاتژمێر بەسەر یەكەوه دەبێت له شوێنێك كه كەسی داواكاری بـینین (غیر حاضن) دیاری دەكات بەپێی بەرژەوەندی دا یەنكراو، پاش كۆ تایی هاتنی بینینه كه دەبـێت داینـكراو بداتەوه دەستی دایەن بەپێچەوانەوه تا مانگێك مافی بینینی نابێت.

د- ئەگەر دایەن رێگەی له بینینی دایەنكراو گرت بەبێ پاساوی رەوا له لایەن جێ بەجێ كاری داد ئا گادار دەكرێ تەوه، ئه گەر دوو بارەی كردەوه بەپێی برِ یاری داد گای تایبەتمه ند بۆ ماوەی مانگ ێك دا یەنی دەگوازرێتەوه بۆ ئەو كەسەی كه بەپێی یاسای بەرکار رێكخراوه.

چ- سەفەركردنی داینكراو بۆ دەرەوەی ولاٌت تەنها به رەزامەندی دایك و باوكی دەبێت، له كاتی نەمانیا نـدا كه سی دا یەن بەپێی یا سا مافی ئەو برِ یارەی دەبـێت، هەر لا یەكیان سەفەریان پیَ كرد دەبـێت بەڵێن نامەییەك بدات كه پابەند بێت به گەرِانەوەی بۆ ولاٌت.

ح- ئه ندامی داوا كاری گـشتی له داد گای باری كه سیدا چاودێری به چاكی جیَ بەجیَ كرد نی برِ گەكانی سەرەوه دەكات و له كاتی بوونی سەرپێچیشدا (رێكاری یاسایی) دروست وەردەگرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیمان هەیه، خاتوو ئامینه زكری فەرمو.

**بەڕێز امنه زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی بچكی شیر خۆر دوو سەعاتان مالا ئەو كەسەی كو خودان دكاتن بهێـته د یتن، بەرا ستی دیتـنا من كێشەی تێدا هەبێتن، ئیحتیماله كێشا كۆمەلاٌیەتی هەبیتن، ئەو باب، یان دایك، یەعنی باب نه شێت بـچێته مالا ژنا خۆ و بچكا خۆ ببینێتن، یەعنی دڤێتن دشتەكی تر ژی ما بەینیدا هەبیت، ئه گەر هاتو ئەو كێـشه كۆمەلاٌیەتیه هەبیت بۆچی هەبیت بچكی ببینیت؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشه، دوایی لیژنه پەیوەندیدارەكان وەلاٌمیان دەبێت، خاتوو زولفا تۆش قسەت هەبوو؟

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان بۆچوونم هەبوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، لیژنەی پەیوەندیدار وەڵامتان هەیە؟

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی (ت) بەو شێوەیە داڕێژرایەوە:

(دیتن لە ماوەی شیرە خۆریدا دوو جار دەبێت لە مانگێكدا لە شوێنێك كە لەسەری رێك دەكەون لە حاڵەتی رێك نەكەوتن، لە شوێنێك دەبێت كە دادگا بڕیاری لەسەر دەدات).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە لەگەڵ كۆی ماددەكە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (60) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (1) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، كەواتە ماددەكە پەسند كرا، تكایە ماددەكانی تر.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (2): وەزارەتە پەیوەندیدارەكان رێنمایی پێویست دەردەكەن بۆ ئاسان جێ بەجێ كردنی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ كەس قسەی نییە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە، تكایە شوكریە خان دانیشە چەن ماددەیەكمان ماوە، بەڵێ دكتۆرە ڤالاً فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای راوێژ لەگەڵ جیهاتی مەعنی بۆمان روون بۆوە، كە لایەنی پەیوەندیدار بۆ دەركردنی تەعلیمات لەو بابەتە، كە پەیوندیدارە بە محاكم موباشەرەتەن بریتییە لە ئەنجومەنی دادوەری، واتا پێویستە بگوترێت ئەنجومەنی دادوەری رێنمایی پێویست دەردەكات بۆ ئاسان جێ بەجێ كردنی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەزانی رەنگە ئەوان نەتوانن تەعلیمات دەربكەن، بۆیە بۆ نەڵێین وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەكانی تر، یان لایەنە پەیوەندیدارەكان، خاتوو گەشە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی کە راوێژمان کرد د یارە قەراراتی حەزا نەو مو شاهدەو ئەوا نە هەمووی لای محاکمە، بۆ یە یەعنی ئەوان مەعنین بە مەوزوعەکە، پێویستە ئەنجومەنی دادوەری، مونەفیزی عەدل جێ بەجێکارە، پەیوە ندی بە وەزارەتی عەدلەوەیە، کە گوتت لا یەنی پەیوەند یدار ز یاتر رەنگە بڕوات بۆ وەزارە تی داد، کێشەکەش مەعنیە بە قەزا زیاتر وەك لەوەی کە وەزارەتی داد بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەنزیمەو تەعلیمات تە شریعی فەرعی یە، تە شریعی فەرعیش لە ئیختیصا صی سوڵتەی تەنفیزی یە دەری بکات، بۆیە ئەگەر ئێمە هەر بـ شمانەوێت سوڵتەی قەزائی دەری بـکات بـ ڵێین لا یەنی پەیوەند یدار با شترە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، خاتوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی دکـتۆرە بەهار دە کەم و، دوای ئەوە مو نەفیز عەدل سەر بە وەزارە تی عەد لە، لە بەر ئەوەی ئەوان لا یەنی جێ بەجێ کرد نی ئەو بڕ یارەی داد گان، دوا تر ئەوانیش بڕ یار لە سەر ئەو خا ڵە ناکۆکانە دەدەن کە لەنێوان هەردوو تەرەفدایە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەوان کار بکەن لەسەر دەرچوونی ئەو تەعلیماتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، بۆیە دایڕژنەوە تاکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڤالاْ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جیهەتی مەعنی لە رووی یاساییەوە بۆ ئەو بابەتە تەنها مەجلیـسی قەزا یە، ئەوان بۆ یان هە یە ئیـصداری تەعلیمات بـ کەن لە سەر محاکمی شە تەتبیقی بـ کات، لە بەر ئەوەی ئێ ستا محاکم سەر بە ئەنجو مەنی دادوەرییە، سەر بە وەزارەتی عەدل نییە، بەڵام وەکو خۆی دەیخوێنمەوە بەڕێزتان کا مەی دەدە نە دەنگدان و دەنگ دەهێنێت ئەوەیان بابەتێکە، بەس لە رووی یاساییەوە ئەوەیە دوای راوێژ پـ ێی گەیـشتووین و دوای دیراسەت کردنی چەند یاسایەك و دوای ئەوەش کە راپۆرتی لیژنەی یا سایی لە خولی پێـشوو لە سەر ئەو بابەتە نووسراوە هەر خۆیان نووسیوویانە کە مەجلیسی قەزا تەعلیمات دەردەکات و راوێژمان بە ئەوانیش کردووە، ئەوانیش گوتوویانە ئەو بابەتە پەیوەندیدارە بە مەحاکم، مەحاکم سەر بە وەزارەتی عەدل نی یە،

بۆ یه ئه گەر بگوتر یّت لایه نه پەیوەند یدارەکان، وا تا وەزارەتە کە هەڵبگیرێت، بگوتر یّت لایه نه پەیوەندیدارەکان، بۆ ئەوەی لە رووی یاساییەوە بچەسپێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە وابزانم حەلی کێشەکە دەکات، جا ئەگەر ئەنجومەنی دادوەری بێت، وەزارەتی عەدل بـێت، مو نەفیزی عەدل بێت، باشە کەواتە بیخوێنەرەوە بەو شێوەیەی بەڕێز دکتۆرە ڤالاّ گوتی.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (2): لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێنمایی پێویست دەردەکەن بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (58) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگە ڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (کەس نییە) لەگەڵدا نەبێت، کەواتە ماددەکە پەسند کرا، ماددەی سێیەم.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (3): ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (8)ی ساڵی 2001.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

روون کردنەوەیەك دەدەن بە ئەندامانی پەرلەمان، کە ئەم بڕیارە چییە بێ زەحمەت؟

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بڕیاری ژمارە (8)ی ساڵی 2001

ماددەی یەکەم: بڕیاری ژمارە (211)ی ساڵی 1984ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کار دەخرێت.

ماددەی دووەم: دیدەنی منداڵ لەلایەن باوکی، یان دایکییەوە بەپێی ئەو حوکمەی کە لە دادگای ئەحوالی شەخصییەوە دەردەچێت لەو جێگەیەدا دەکرێت، کە هەردووکیان لەسەری پێك دێن، جا ئەگەر هاتو ئەو پێکهاتنە نەلواو، ئەوە لەو بارەدا هەڵسوڕێنەری داد (منفذ العدل) لەو شارەدا کە منداڵەکە لە کەنەفی پەروەرشتکارەکەیدا دەژی بە بڕیارێك جێگەی دیدەنیەکەی دیاری دەکات.

ماددەی سێیەم: هەر دەقێك پێچەوانەی حوکمەکانی ئەو بڕیارە بێت ناخرێتە بەرکار.

ماددەی چوارەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخەنە بەر کار.

ماددەی پێنجەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بلاّو کردنەوەی لە وەقائیعی کوردستاندا دەخرێتە بەرکار.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئەویش هەر پەیوەندی بە موشاهەدەوە هەیە، مادام ئێستا ئەم پرۆژە یاسایە پەسند دەکرێت، ئیتر ئەو بڕیارە پێویست نابێت، بۆیە کەس قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاک عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لە بڕگەی دوای ئەوە هاتووە کار بە هیچ یاساو بڕیارێکی دژ بە حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێت، ئیتر کەواتە ڕاگرتنی کار کردن بە بڕیاری ژمارە (8)ی ساڵی 2001 زیادە دەبێت لەم کاتەدا، یەعنی پێویست بەوە ناکات، خۆی دەبێتە تەحصیل حاصل، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، مامۆستا غەریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ئیزافەی ئەوەی کاک عومەر باسی کرد، ئەگەر ماددەی چوار بمێنێتەوە داڕشتنەکەی تەواو نییە بە ڕەئی من، چونکە ئەوە بەشی نیهادە، گوزارەکەی دیار نییە، وا باشترە بگوترێت کار کردن بە بڕیاری ژمارە (8)ی ساڵی 2001 ڕادەگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێزان ئەو تێبینییەی لەلایەن ئەو دوو ئەندامە بەڕێزەی پەرلەمانەوە خرایە ڕوو تا ڕادەیەك وەجیهە، لەبەر ئەوەی ئەو بڕیارەی ئاماژەی پێدراوە بڕیارێکی مەجلیسی قیادەی سەورە شی هەڵوەشاندۆتەوە، ئەگەر ئێستا ئەمە ڕابگرین، لەوە دەچێت ئەو بڕیارە بەرکار ببێتەوە، کە نازانین ئەو بڕیارەی مەجلیسی قیادەی سەورەش چییە دەبێتەوە بەرکار، بۆیە ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە کە ئەو ماددەیە لابرێت، ئەگەر ئەوە دەنگی نەهێنا، ئەو کاتە دێینە سەر ماددەکە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە ئەو ماددەیە لابرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (51) کەس لەگەڵ لابردنیەتی، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (کەس نییە) لەگەڵدا نەبێت، کەواتە ماددەکە لابردرا، ماددەکەی تر.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (4) دەبێتە ماددەی (3): کار بە هیچ یاساو بڕیارێکی دژ بە حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس نییە قسەی هەبێت، کەواتە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (54) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دە ستی بەرز بکا تەوە؟ ( کەس نییە) لەگەڵدا نەبێت، کەواتە ماددەکە پەسند کرا، ماددەی دوای ئەو.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (5) دەبێ تە ماددەی (4): پێویی ستە لە سەر ئەنجو مەنی وەز یران و لایە نە پەیوەند یدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس نییە قسەی هەبێت، کەواتە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (54) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دە ستی بەرز بکا تەوە؟ ( کەس نییە) لەگەڵدا نەبێت، کەواتە ماددەکە پەسند کرا، ماددەی دوای ئەو.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (6) دەبێ تە ماددەی (5): ئەم یا سایە لە رۆژی بلاَوکرد نەوەی لە رۆژنا مەی فەرمی (وە قایعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس نییە قسەی هەبێت، کەواتە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (52) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دە ستی بەرز بکا تەوە؟ ( کەس نییە) لەگەڵدا نەبێت، کەواتە ماددەکە پەسند کرا، هۆیەکانی دەرچوواندنی.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دانانی ئەم یاساییە

بە مەبەستی پێدانی دەرفەتی یەکسان بە باوك و دایك بۆ پەروەردەی مندا ڵەکانیان و جێ بەجێ کرد نی بنەماکانی شەریعەت و جاڕنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرڤ و مافی منداڵان و چارە سەرکردن و کەم کرد نەوەی دەرهاوێ شتە نەرێنیـ یەکانی جیابوو نەوە لە سەر م ندالاَن ئەم یا سا دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕاستی من تێبینیەکم هەیە وە کو ئە ندامێکی پەر لەمان، پێم با شە لە هۆ یەکانی دەر چوواندن جەخت بکرێتەوە لەسەر مافی منداڵ پێش مافی دایك و باوك لە پەروەردەی منداڵ، یەعنی ئەمە پێویست دە کات لە هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە زیاتر جەخت لەسەر مافی منداڵ بکرێت وەك لە دەر فەتی یەکسان بە

دایك و باوك، بۆیە من پێشنیار دەكەم كە ئەوە پێش بخرێت، چونكە هۆیەكانی دەرچوواندن یەكێك دەبێت لە بنەماكانی تەفسیر كردن، لێرەدا پێویست دەكات مافی منداڵ پێش دایك و باوك رەچاو بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێ شنیارەكەی بەڕێز سەرۆكی پەر لەمان وە كو ئە ندامێكی پەر لەمان زۆر وەج یھ بوو، بۆ یە لیژ نە پەیوەندیدارەكان بە هەندیان وەرگرت و بەم شێوەیە ئەسبابی موجیبەیان داڕشتەوە:

هۆیەكانی دانانی ئەم یاساییە

لە پێ ناو پارا ستن و فەرا هەم كرد نی ما فەكانی مـ نداڵ و پـ ێدانی دەر فەتی یەكـ سان بە باوك و دا یك بۆ پەروەردەی منداڵەكانیان و جێ بەجێ كردنی بنەماكانی شەریعەت و جاڕنامەو پەیماننامە نێودەوڵەتیەكان تایبەت بە مافەكانی مرڤـ و مافی منداڵاّن و چارە سەر كردن و كەم كرد نەوەی دەرهاوێ شتە نەرێنیـ یەكانی جیابوونەوە لەسەر منداڵاّن ئەم یاسا دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك سالار قسەیەكت هەبوو؟

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا سەبارەت بە عینوانی هۆیەكانی دانانی یاسایەكە ئێمە ئەم یا سایەمان دا نەناوە، ئێ مە هەمواری جێ بەجێ كرد نی ئەم یا سایەمان كردووە، بۆ یە تە سەورم وا یە لەڕووی لەفز یەوە دە بێ بـ گۆڕێ ئەو دەستەواژەی دانانە دەبێ لابدرێ، چونكە یا سای ئەحوالی شەخـ سی یا سایەكە هی ساڵی (1959) كە (94) ماددەیە ئێمە دامان نەناوە، ئێمە هەمواری جێ بەجێ كرد نی دەكەیـ نەوە، بۆ یە دیـ قەت لە مەیا زەرورە و سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێ موابێ ئە شكالێكی ئەوتۆی تێدانیـ یە كاك سالار، ئە مە هۆ یەكانی دەر چوواندنی ئەم یا سایەیە، كە عینوانەكەی وازیحە وعینوانەكەی ئەوەیە كە جەنابت باسی دەكەی، بەڵام ئە مە یا سایە، ئـ ێوە قـ سەیەكتان هەیە لیژنەی یاسایی بە تایبەت؟ د.ڤالاً فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە دادەندرێتەوە واتە هەموار دەكرێتەوە، بۆ یە لە هەمواركردنی هەموو یا سایەكانیش دا ئێ مە هۆیەكانی دەرچواندنمان هەر بەو شێوەیە هێناوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.شێرکۆ تێبینیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله لەڕا ستی دا  لە ڕووی زمانەواذ یەوە  هەم  ئەو و شەی نەرێذ یەکانی زۆر د یارە  کە و شەیەکی هەڵە یە لەڕووی ڕێنووسەکەیەوە، وشەی جێ بەجێ کردن و زۆر وشەی تریش ویستم تەنها ئەو سەرنجە بڵێم ئێمە خۆمان لەم پەرلەمانە یاسای زمانە فەرمییەکانمان دەرچوواندووە،  یەعنی لۆجیك  یەك ناگرێتەوە لە گەڵ ئەوەی کە خۆمان پەسەندی نەکەین لەڕاستی دا، بۆیە من تکام وایە  لەناو یا سای زما نە فەرمی یەکانیش دا هە یە دە ڵێ پ سپۆر  لەناو لیژ نەی یا سایی و  کۆی یا ساکان و ئەوا نە، بۆ یە تکام وا یە  با خۆ مان پێ شێلی یاسایەکەی خۆمان نەکەین کە هەمووومان دەرمان کردووە و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس لە دوای ڕێکخستنەوەی کۆتایی یاسایەکە بە دڵنیاییەوە پیشانی زمانەوانیشی دەدەین بۆ ئەوەی پێیدا بچنەوە، ئەو سەرنج و تێبینیانەش لەبەرچاو دەگیرێ، کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا  ئەو مولاحەزە یەمان هە یە لە سەر هۆ یەکانی دەر چوواندن،  ئەی  ئەو مناڵا نەی  کە  شیر دە خۆن چ مراعاتی مافی ئەوانیان کردووە کە دایك و باوکی خۆیان بب ینن  یان  نەی ب ینن؟،  یەعنی  ئەوان چ ماف یان لەوەدا هەیە؟  ئەو مناڵا نەی کە شیری دە خۆن،  ناڵێن  ئەو یا سایە  لە پێ ناو مورا عات کرد نی  مافی م ناڵان دانراوە، ئەی موراعاتی چی دەکات؟ کەواتە  موراعاتی دایك و باب دەکات لە پێناو بینینی مناڵەکانی خۆیان و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ منداڵی شیرە خۆر هەر منداڵ نییە؟  هەر منداڵە، باشە کێ لەگەڵ هۆیەکانی دەرچواندنە بەو  شێوەیەی کە خوێنرایەوە،  (52) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (3) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند  کرا،  کێ لە گەڵ کۆی یاسایەکەیە بەو شێوەیەی کە ماددەکانی پە سەند  کران، (56)  کەس لەگەڵیەتی،  کێ دژ یەتی؟  کەس نی یە دژی  بێ، کەوا تە  کۆی یا سایەکە پە سەند  کرا پیرۆز بایی  لە  خەڵکی کورد ستان دە کەین  بە بۆ نەی دەرچوونی ئەم یاسایە، سوپاس بۆ لیژنە پەیوە ندارەکان،  بۆ ئا مادەکردنی  ئەم  پرۆژە یا سایە  و  بۆ  وتو ێژ کردنی ئەمڕۆ، داوا لە لیژنەکان دەکەین بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، تەنها لیژنەی یا سایی بمێذ نەوە  کە بڕگەی سێیەمی دانیشتنەکەمان دەست پێ بکەین، کاك فەرهاد نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، نزیکەی (4) مانگ زیاترە ئێمە پرۆژە یاسای زمانی ئینگلیزیمان داوە بە پەرلەمان، بە سەد واژوو لە تەئریخی ئەم پەرلەمانە سەد واژوو کۆنەکراوەتەوە، لەبەر ئەوە دوای دە ڕۆژی تر پێویستە ڕاپۆرتی لەسەر بنووسرێ، ئینجا نازانین بوو بەچی؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو یادا شتەی کە نووسی بووت داو مە بە سکرتێری پەرلەمان، ان شاءالله لە دەرفەتێك دا ئەوەش خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکەین، سوپاس، بەڕێزان ئێستا دەچینە سەر بڕگەی سێیەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتیە لە خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە بڕیار و یاسایانەی خوارەوە بە پێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ساڵی (1992)ی هەموار کراو:

1/ پرۆژە یاسای پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی خانەنیشینی مەدەنی و سەربازی.

2/پرۆژە یاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاخ و قەدەغەکراوی ئاڵوگۆڕ کردن لە بازاڕە نێو خۆییەکانی ژمارە (18) ی ساڵی (2008)ی هەموار کراوی عیراقی فیدراڵ.

3/ پرۆژە یاسای هەمواری جێ بەجێ کردنی یاسای جێ بەجێ کردنی عیراق ژمارە (45) ی ساڵی (1980).

4/ پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای ژمارە (3) ی ساڵی (1998) ی یاسای کوژانەوە و ئیفراز کردنی زەویەکان لەناو سنووری شارەوانییەکاندا.

5/ پرۆژە یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (19) ی ساڵی (2007) یاسای وەزارەتی پێشمەرگە.

6/ پرۆژە بڕیاری دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لە جەنگی دژی تیرۆرستانی داعش دان و خاوەنی هیچ یەکەیەکی نیشتەجێ بوون نین.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین کە یەك بە یەك ئەو پرۆژە یاسایانە بخوێننەوە بۆ ئەوەی ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمانی کوردستانی بکەین، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕێگەی بەڕێزتانەوە داوا لە دوو ئەندامی لیژنەی یاسایی دەکەم هاوکارمان بن لە خوێندنەوەی پرۆژە یاسایەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ئەندامانی تری لیژنەی یاسایی بێنە سەر مەنەسە بۆ ئەوەی خوێندنەوەی پرۆژە یاسایەکان ئەنجام بدەین.

**بەڕێز ابوبکر عمر (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای پێداچوونەوە و ڕێكخستنەوەی خانەنشینی مەدەنی و سەربازی كە پێكهاتووە لە (9) مادده و هۆیەكانی دەرچوواندن لەلایەن ئەم پەرلەمانتارانەوە واژوو كراوە (سۆران عمر، شكریە اسماعیل، نەجیبە لطیف، برزۆ مجید، د.شێركۆ حەمە امین، علی حە مە صالح، هەورامان گە چێنەیی، فخرالدین قادر، ئاری محمد هەرسین، حسین اسماعیل حسین، عمر عینایەت حە مە سعید، شێركۆ جەودەت، عمر صالح، منیرە عثمان، علی حسن صالح، محمود حاجی، د.پەری صالح، پەروا علی) داواكارین لە بەڕێزتان ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەكانی بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنەی كارو باری یاسایی و لیژنەی دارایی و كارو باری ئابووری و وە بەرهێنان و لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێیەكان و لیژنەی كارو باری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی و گشت ئەندامانی پەرلەمان دەكرێت، فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای بەركاركردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاغ و قەدەغەكراو و ئاڵوگۆڕكردن لە بازاڕە ناوخۆییەكانی ژمارە (18) ی ساڵی (2008) هەموار كراو، كە پێك هاتووە لە (11) مادده و هۆكاری جێ بەجێ كردن، ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنەی پەیوەندار بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنەی كارو باری یاسایی و لیژنەی كشتوكاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەكان و لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری و وەبەرهێنان و لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەكان و لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافی بەكاربەر و گشت ئەندامانی پەرلەمان دەكرێت، فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژە یاسایە ئەم (16) پەرلەمانتارە بەڕێزانە واژوویان كردووە، (د.ڕێواز فائق، د.عزت صابر، سعید محمد، گۆران ئازاد، مریم صمد، بێگەرد دڵشاد، تەلار لطیف، ئاواز شێخ جەنگی، زانا عبدالرحمن، عبدالله دلێر، مستەفا حسن، صالح فەقێ، قادر وەتمان، سەركەوت سەرحەد، خلف احمد، عباس فتاح صالح، گەشە دارا).

پرۆژە یاسای سێیەم/ پرۆژەی هەمواركردنی جێ بەجێ كردنی یاسای جێ بەجێ كردنی عیراق ژمارە (45) ی ساڵی (1980) كە پێكهاتووە لە (11) مادده لە گەڵ هۆكاری دەر چوواندن، ئەم پەر لەمانتارە بەڕێزانە واژوویان كردووە، (بەهزاد دەروێش، بەهار عبدالرحمن، سهراب میكائیل، شێركۆ جودت، عمر صالح، كەژاڵ هادی، سهام عمر، غریب مستەفا، حاجی كاروان، ابوبكر عمر، شكریە اسماعیل، نەجیبە لطیف، هەورامان

گەچێنەیی، سۆران عمر، ئایدن مـعروف، د. پەری صالح، د. جوان اسماعـیل، ما جد عثـمان) داوا دە کەین لە بەرێزتان ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکان بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنەی کاروباری یا سایی و گـشت ئەندا مە بەڕێزەکانی پەر لەمان دەکر ێت، تەلار خان فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یا سای پێ شنیازی هەمواری دووە می یا سای کوژا نەوە و ئی ـفراز کرد نی زەو یەکان لەناو سنووری شارەوانییەکان دا ژمارە (3) ی ساڵی (1998) کە پێکهاتووە لە (5) ماددە و هۆ کاری دەر چوون، لەلا یەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتارانەوە واژوو کراوە، کە پێکهاتوون لە (ا بوبکر عـمر، یعـقوب گورگیس، د. شوان قەڵادەزەیی، هێڤا حاجی، سۆران عمر، عبدالرحمن علی، عباس فـتاح، غر یب مـستەفا، ئومـێد حە مە عـلی، نجیبە لطیف، ئومێد عبدالرحمن) داواکارین لە بەڕێزتان ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکانی بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەم پرۆژە یا سایە ئارا ستەی لیژ نەی کارو باری یا سایی و لیژ نەی ئا سەوار و خزمەتگوزار یەکانی شارەوانی و گوا ستنەوە و گەیا ندن و گە شتوگوزار و لیژ نەی دارا یی و کارو باری ئابووری و وە بەرهێنان و لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بە نداوەکان و گـشت ئە ندامانی پەر لەمان دەکر ێت. تەلار خان فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای هەمواری ژمارە (19)ی وەزارەتی پێ شمەرگە کە لە (5) ماددە و هۆکارە کانی دەر چوون پێکهاتووە، لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتارانەوە پێشکەش کراوە، پێکهاتوون لە بەڕێزان (گۆران ئازاد، سعید محـمد سعید، گەشە دارا، تەلار لطیف، دلێر ماوەتی، ڕێواز فائق، عباس فتاح، صالح فەقێ، خلف احمد، مریم صمد) داواکارین لە بەرێزتان ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکانی بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژەی یا سایە ئارا ستەی لیژ نەی کارو باری یا سایی و لیژ نەی کارو باری پێ شمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی و گشت ئەندامانی پەرلەمانی دەکەین، تەلار خان فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە بڕیاری دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لە جەنگی دژی تیرۆرستانی داعش دان و خاوەنی هیچ یەکە یەکی نیشتەجێ بوون نین کە لە چوار بڕگە و هۆکارەکانی دەر چوون پێکهاتووە، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە پێکهاتوون لە ( بەهار عبدالرحمن، بەهزاد دەروێش، ابوبکر عمر، شێرکۆ حەمە امین، د. بەهار محمود، بێستوون فائق، عمر عینایەت، پەروا علی، نجیبە لطیف، سالار محمود، سەرکەوت سەرحەد، ئێڤار ابراهیم، محمد علی، شێرکۆ جودت، د. شوان قەلادزەیی، قادر وەتمان، عبدالله حاجی، دلێر ماوەتی، باپیر کامەلا، محمد صادق، عبدالرحمن فارس، کەژاڵ هادی، سهام عمر، عمر صالح، ایدن معروف، ماجد بازرگان، محمد سعدالدین، منی قهوەچی، د.جوان اسماعیل، د.پەری صالح، پەروا علی، برزۆ مجید، سۆران عمر، محمود حاجی، منیرە عثمان، حسن صالح، ڕۆزا محمود، قارەمان قادر، فائق مصطفی)داوا کارین لە بەڕێزتان ئارا ستەی لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمانی بەڕێزی بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یا سایە ئارا ستەی لیژنەی کارو باری یا سایی و لیژنەی کارو باری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زنیدانیانی سیاسی و لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار و گشت ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، زۆر سوپاس بۆ لیژنەی یا سایی، فەرموون دە توانن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆتان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەماوەی را بردوو دا پەرلەمانی کوردستان داوەت کراوە بۆ کۆنفرانیسی ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ کە لە شاری ئامەد ساز کرا، وەفدێکی پەرلەمانی کوردستان کە لە فراکسیۆن و پێکهاتە جیاوازەکانی پەرلەمان پێک هاتبوون نوێنەرایەتی پەرلەمانیان کرد لەو کۆنفرانسە داوایان کردووە بیرۆکەیەك، کورتەیەك لەسەر کارو چالاکییەکانی خۆیان بخەنەڕوو کە هیوادارم لە ماوەی $(5)$ دەقیقە زیاتر نەبێ با، بەڕێز کاك علی هالۆ بفەرموێ بۆ پێشکەش کردنی وتەکەی.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، من تەنیا پێنج دەقە وەختتان دەگرم، ئێمە لە $(2$ و $3)$ی مانگی $(5)$ بەشدار بووین لە کۆنفرانسی سەر لەنوێ ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ، لەژێر درو شمی دەست بدەن کۆبانێ، کۆنفرانسەکە لە سەر داوای کانتۆنی کۆبانێ و بە ئامادەکاری و پشتیوانی شارەوانی مەزنی ئامەد بەڕێوەچوو، $(370)$ ئەندام بەشداربوون لە کۆنفرانسەکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان و کوردانی دەرەوە، کۆنفرانسەکە کۆنفرانسێکی کوردستانی بوو، ئیتر بڕیار دراوە کۆنفرانسێکی نێو نەتەوەیی ئەویش لە کۆتایی مانگی شەش لە ئەوروپا ببەسترێ، لە پەناڵی یەکەمی کۆنفرانسەکە چەندین وتاری سیاسی خوێنران لەوانەش وتاری پەرلەمانی کوردستان، وتاری کانتۆنی کۆبانێ، شارەوانی مەزنی ئامەد، لە هەموو

وتارەکاندا تەئکید لەسەر یەك ڕیزی ناوماڵی کورد و یەکگرتنەوەی کورد و بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کرا، باس لە خۆڕاگری کۆبانێ و هەروەها قارەمانێتی و ئەو پشتیوانیە گەورەیەی کە لە چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ کرا، ئیتر چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ بێجگە لەوەی یەکگرتنێکی گەورەی کوردە لەم سەدەیە، لەمێژوودا شتی وا نەبووە، بە بڕیارێکی فەرمی پەرلەمانی کوردستان و هێزی پێشمەرگە سنوورە دەستکردەکانی سێ پارچەی کوردستان ببەزێنن و بچن بەهانای خوشك و براکانیان لە ڕۆژئاوای کوردستان، دوایی لە پەناڵی یەکەم فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری پێشکەش کرا، کە زۆر بە حەماسەت بوو، ئەوە نمایش کرا کە چۆن لە کۆبانێ خۆڕاگری کرا، کۆبانێ چۆن تێك و پێك درا لەم سەدەیە کە ئێمە وامان دەزانی دوای هەڵەبجە و دوایی ئەنفال ئیتر ئەمە کۆتایی کارەساتی کوردە، بەڵام بەداخەوە لە شنگال و ئیتر دوایی لە کۆبانێ بینیمان هەروەها ئەوە نمایشکرا کە چۆن خەڵکی کۆبانێ بە حەماسەتەوە دەگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان، لەبەشێکی تر ئەنجامەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی باسکران کە ئەنجامی سیاسی بەرخودانی کۆبانێ دەلیڤە و فرسەتێکی نوێی لە کوردی کردووەتەوە، ئیتر ئەگەر کورد یەکگرتوو بێ، دەتوانین سوود لەو فرسەتانە وەربگرین و ئەگەر یەکگرتووش نەبین دیسانەوە تەحەدیات و ئاستەنگ زۆرە، کۆسپ زۆرە لە بەردەم کورد، ئومێدەوارم زیاتر بە یەکگرتنەوەی کورد کۆتایی بە مەزلوومییەت و بندەستی و جینۆسایدی کورد بهێندرێت و ئێمەش وەکو گەلانی تر بە سەربەخۆیی خۆمان شاد بین، بەس ئەوەی کە زۆر گرنگە دوو خاڵ کە جێی تەقدیر و دەست خۆشییە، لە ڕۆژی دووەمی کۆنفرانسەکە لە پانەڵی یەکەم لەلایەن ئەندازیاران و بیناسازان و پلانسازانی ئامەد بەهاوکاری و تەنسیق لەگەڵ کانتۆنی کۆبانێ لەماوەی (90) ڕۆژ دوای ڕزگارکردنی کۆبانێ نەخشە و پلانێکی زۆر زانستی و باشیان ئامادەکردووە تەسبیتی هەرچی زەرەروزیانی کۆبانێیان کردووە، کۆبانێ لە چەند گەڕەك پێکهاتووە؟، هەر گەڕەکێك چەند خانووی تیایە؟، زەرەرو زیانەکان چەند بوون؟ هەروەها تۆڕی ئاو و کارەبا و جادە و زراعە، بۆ نموونە لە ڕاپۆرتەکە هەیە ئەگەر دوایی تەماشای بکەن باس لەوە کراوە یەعنی زەرەرو زیانی کشتوکاڵ لە مریشکەوە تا مەڕو چێڵ و شتی تر، لە گێسنەوە تا تەراکتۆر و دەرِاسە هەمووی ئەمانە تەسبیت کراوە، دوای ئەوەش بە چوار پلان کە چوونە کۆبانێ ئاوەدانی بکەنەوە، چوار پلانی زۆر ڕێك و پێك و زانستی بۆ تۆڕی ئاوو کارەبا بۆ کەناڵی زانسیۆن واتە مەجاری و هەروەها بۆ کشتوکاڵ، ئیتر داواکراوە کە خەڵکی کوردستان هاوکار بن، خاڵێکی تریش کە زۆر گرنگ بوو ئیتر ئێمەی کورد خۆمان برینەکانمان سارێژ بکەین، ئەوەی لە باشووری کوردستانیش ڕووی دا دوای (1991) سوپاس بۆ ئەو ڕێکخراو و دەوڵەتانەی کە هاوکار بوون لەگەڵ باشووری کوردستان، بەڵام زیاتر ئیتر بەتوانای خۆمانەوە بۆ خۆمان برینەکانی خۆمان سارێژ بکەین، جا لەوێش ئەوە جێی تەقدیرە دووبارە کە نوێنەری کانتۆنی جزیرە باسی ئەو هاوکارییەی کرد کە پێشکەش بە کانتۆنی کۆبانێ کراوە، لە بودجەی (2015) ( 8.5٪) هەشت و نیو لە سەدی بودجە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ تەرخان کراوە، لەگەڵ (450) هەزار دۆلار، (2000) پارچە چەکی ئاسایی بۆ ئاسایشی کۆبانێ، هەروەها لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەی شارەوانی کۆبانێ و دروست کردنی گۆڕستانی شەهیدان،

ئومێدەوارین ئێمەش لە باشووری کورد ستان هەم بۆ کۆ بانێ و هەم بۆ ناو چە ڕزگارکراوە کانی با شووری کورد ستان کارێکی واب کەین، هەم بە شێوازێکی زان ستی دە ست نی شان کرد نی زەرەروز یان و هەروەها لەناوخۆشماندا پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی کوردستان هەموو جیهەتە پەیوەندارەکان هاوکار بن، ئیتر ئە گەر خۆ مان هاو کاری یەکتر نە کەین وا بزانم زۆر زەحمە تە داوا لە خەڵکی تر ب کەین، بڕیارە کانی کۆنفرانیس و ئەنجام نا مەی کۆنفرانسیش وەر مان گێڕاوە تە سەر سۆرانی ئیتر لەبەردە ستتان دا یە، من وەختتان ناگرم، دیارە پێنج دەقە دەرباز بوو، ئەگەر مەجال هەبێ پێشنیارەکان پێشکەش بە پەر لەمانتارە بەڕێزەکان دەکەم، ئێمە چەندین پێشنیارمان هەیە ئومێدەوارم کە بەشێوەی بڕیار یان ڕا سپاردە ئارا ستەی حکومەتی کوردستان بکرێ.

$1$/بە ستنی کۆنفران سێك لە با شووری کورد ستان بۆ ئاوەدانکرد نەوەی کۆ بانێ و دە ڤەرە ڕزگارکراوە کانی باشووری کوردستان بەسەرپەرشتی پەرلەمانی کوردستان.

$2$/ڕاگەیاندنی کەمپینێك لەسەرتاسەری کوردستان بە مەبەستی پشتیوانی لە کۆبانێ.

$3$/ بە شداری بەڕێز سەرۆکی پەر لەمان لە دا نانی بەردی بنا غەی فوتابخا نەی پەر لەمانی کورد ستان لە کۆبانێ و هەروەها هاوکاری ماددی و مەعنەوی لە هەموو بوارەکان دا بە بەردەوامی.

$4$/ پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بە چەندین پرۆژە بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ دا بکەن.

$5$/پەرلەمان و حکومەتی کوردستان پەیوەند یە دبلۆما سییەکان لە گەڵ کونس سوڵخانە و نوێ نەرانی وڵا تان و (UN) لە هەولێر بەکاربێنن بۆ هاوکاری کردنی کۆبانێ.

$6$/ حکو مەتی با شوور داوا لە تورک یا ب کات بۆ کرد نەوەی سنووری پڕ سۆز ـ کۆ بانێ وە کو دەروازە یەکی ئینسانی.

$7$/یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان پێکبهێندرێت لە پەرلەمانتارانی کوردی هەرچوار پار چەی کورد ستان و کوردانی دەرەوە.

$8$/هاوشێوەی کۆنفران سی ئاوەدانکرد نەوەی کۆ بانێ هەر لە ئێستاوە کاربکر ێت بۆ دە ست نی شان کرد نی زیانەکان و دانانی پلان و نەخشە بۆ ئاوەدانکردنەوەی دەڤەرە ڕزگارکراوەکانی باشووری کوردستان.

$9$/ کار بۆ ئەوە بکرێت کە داستانی خۆڕاگری کۆبانێ و ڕۆ ڵی قارەمانا نەی پێ شمەرگە و شەڕڤانان بخرێ تە ناو بەرنا مەی خوێ ندنی قوتابخا نەکان و هەروەها بە م ێژوویی کرد نی تراژ یدیای جینۆ سایدی کوردانی ئێزیدی لە شنگال.

$10$/ دروست کردنی مۆنۆمێنتێك بۆ خۆڕاگری کۆبانێ کە تەعبیر لە یەکڕیزی و بەرخودانی کۆبانێ بکات.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك علی هالۆ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بۆ کۆنفرانسی ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ، پێشنیارەکانیشتان پێشنیاری زۆر گونجاون کە ئەکرێ لە ڕێگای لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەما نەوە موتابەعەی باشتریان بکەین و ئەگەر پێویست بێ پرۆژە بڕیار یان ڕاسپاردە ئامادە بکەین لە پەرلەمان ئەوەی کە جێی ئاماژە و گرنگی پێدانە مەسەلەی ئەوەیە کە لە دوای ڕزگارکردنی شنگال ئێمەش لە هەرێمی کوردستان پێویستمان بە خۆ ئامادە کردن هەیە بۆ کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی کە تووشی زەرەرو زیان بوون لە ئەنجامی شەڕی داعش جا چ لە کۆبانێ، چ لە شنگال، چ لە جەلەولا و چ لە ناوچەکانی کەرکووك، بەڕاستی ئەوەی کە سەرنجی ڕاکێشاین لەو ڕاپۆرتەی کە بەڕێزیان و ئەندامانی تری وەفدەکە ئامادەیان کردووە و بۆیان باسکردین ئەو پلانە وردەیە کە ئامادە کراوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ لەوەی بەدرو ستی خ شت بە خ شت، دی نار بە دی نار، دە توانین بڵێین خەسارەتەکانیان بژارد و ژماردوویانە و پلانیان داناوە بۆ چۆنیەتی ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ، کە بەداخەوە ئێمە لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا نەمانتوانیوە ئەو شارانەی کە لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو و هەروەها ئەو (4500) گوندەی لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو خاپور کران، تا ئێستا نەمانتوانیوە پلان دابڕێژین بۆ ئاوەدانکردنەوەیان، هەندێك لەو شارو گوندانە تا بە ئێستاش ئاسەواری ئەو وێرانکاریانەی کە ڕژێمی پێشووی عیراق بەسەری دا هێناونی تا بە ئێستا پێیانەوە دیارە، زۆر سوپاس بۆ ئێوە، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بەم شێوەیە دانیشتنی ئەمڕۆ کۆتایی پێ هات، دانیشتنی داهاتوومان هەفتەی داهاتوو دەبێ، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فخرالدین قادر | جعفر ابراهیم ئێمینکی | د. یوسف محمد صادق |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان  عێراق | کوردستان  عێراق | کوردستان - عێراق |